# واتە

26

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

کانوونی یەکەم ٢٠١٢

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: عەوف عەبدوڕەحمان "مەلا شاخەوان"
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم

هەواڵنامەی کتێب

# ئاخۆ کوردان بە مرازی خۆیان دەگەن؟

ئۆفرا بێنگیۆ

هاتنی سەتەی ٢١ ماوەیەکی دیاریکراوی یەکلاکەرەوە لە بەئاگاهاتنی کورد تۆمار دەکا. هاوکات شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەشێوەی جیا لە چوار کۆمەڵگەکەدا (کوردستانی سووریا، تورکیا، ئێران و عێراق) ڕوو دەدەن، بەڵام لە ڕێگەی چالاکییەکانی ئەودیو سنوورەوە، هۆشیاریی سیاسیی کۆمەڵەکان بەشێوەیەکی ڕوو لە زیاد بەیەک دەگەن. ئەوە ئەو شۆڕشەیە کە شیمانەی زۆری هەیە ستوونە جیۆ–ستراتیجییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە بناخەوە بلەرزێنێ.

لە چەند ڕووییێکەوە سەرهەڵدانی شەپۆلی کوردی تا ڕادەیەک لە شەپۆلەکانی تەواریق لە باکوری ئەفریقیا و بیابانی ڕۆئاوا دەچێ. ڕابوونی تەواریق لە ڕابردوودا تەناهیی هەرێمی و سیستەمی سیاسیی وڵاتێکی وەک (مالی)ی تێک دا و هەڕەشەی لە چەندانی تریش کرد. سەرهەڵدانی کوردیش ڕێی تێ دەچێ هەمان کار بکا. هێماکانیش زۆر زەحمەت نین نەخوێندرێنەوە. لە هەمووشی زیاتر، کوردە پاشکۆخراوەکانی سووریا وزەی نوێیان دۆزییەوە لە مەنجەڵە گەورەکەی سەرهەڵدانی وڵاتەکە و ئێستە داوای سیستەمێکی فیدراڵی دەکەن کە ئۆتۆنۆمییەکی گەورەیان لە دوای سەردەمی ئەسەد لە سووریا پێ دەدا. هەروەها کوردە نەسرەوتووەکانی تورکیاش پاڵەپەستۆیان خستووەتە سەر وڵاتەکە بۆ گەیشتن بەوەی پێی دەڵێن ئۆتۆنۆمییەکی دیموکراتی. کوردی ئێرانیش کە کەم لە میدیادا باس دەکرێن، لەژێر پەتۆی نادیارەوە جموجووڵ دەکەن. بەڵام لە هەموو ئەوانە گرینگتر کوردی عێراقە.

عێراق چەقی بازدانی گەورە و پێشکەوتووی کورد بوو لە سەرەتاکانی ١٩٩٠دا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) لەو کاتەدا هاتە دامەزراندن کە ئاماژەیەکیشە بۆ دەوڵەتێکی ڕاستەقینەی کوردی. ئەوە ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە کوردانی ئێران، سوریا و تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو بەدوای وانە و ڕێنوێنییەکانیان و ڕاستیش دەکەن لەم بارەیەوە.

---

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

چیرۆکە خۆشەکەی سەرهەڵدانی کورد لە عێراق لە ١٩٩٠دا لە چەند ڕوویێکەوە لە چیرۆکەکەی ١٩٤٠ی جوولەکەکان دەچێ. چوار ساڵ دوای شەڕە کۆمەڵکوژەکەی دژ بە کورد لەلایەن حزبی بەعسی سەدام حوسێن سەرۆکی لێکخراوی عێراق لە نێوان ١٩٨٨-١٩٨٩دا، کوردەکان کە ٢٠ لە سەتی دانیشتووانی عێراق پێک دێنن، توانییان پرۆژەیەک لە ئاوات بۆ نەتەوەی کورد و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەست پێ بکەن کە ئێستە بەوپەڕی باشییەوە کێبەرکێ لەگەڵ عێراقدا دەکا.

لە بەراوردکردنێکی تایبەت و نائاسا لە نێوان ئیسرائیل و کوردستان، هۆکاری جیای ناوەخۆیی، هەرێمی و ناودەوڵەتی بوونە هۆی سەرهەڵدان و بەرگرییەکەی دەوڵەتی ئیسرائیل تەنیا دوای سێ چوار ساڵ دوای هۆلۆکۆست، هەروەها سەرکەوتنی کوردی عێراقیش بەهۆی ژمارەیەک هۆکاری بەیەکەوەبووی تەواو پاڵپشتی کرا و دروست بوو. هاوشێوەی جوولەکە، پێکەوەنووسان و یەکگرتنی ڕێژەیی ناوەخۆی کۆمەڵێک ڕەگەزی کوردی کە خۆی وەک نەتەوەیەک پێشان دەدا، سەرەڕای دابەشکردنی هەرێمی، دووبەرەکیی سیاسی و جیاوازیی پلە-دووی کولتووری، برێتییە لە کلیلی تێگەیشتن کە لە ڕابردوودا چی ڕوویداوە لە هەرێمەکەدا. هاتووەتە گوتن ژمارەیەک هۆکاری بەدەر لە دەستڕۆیی کورد زۆر گرینگ بوون بۆ دروستبوونی ئەم دۆخە. ڕووخانی دەوڵەتی عێراق وەک مۆدیلێک و گۆڕانی بایەخەکان لە کێبەرکێی نێوان عەرەب و کوردە نەتەوەییەکان لە سەتەی ٢٠دا بۆ کێشەی نێوان سوننە و شیعە لە سەرەتای سەتەی ٢١دا، گرینگترینیان بوون. هێزی کورد زیاد بوو لە بەرامبەر زیادبوونی لاوازیی عەرەب و دابەشبوونی تایفایەتی لە عێراقدا. ئەو دۆخە هەرێمی کوردستانی لە شەڕی ناوەخۆ پاراست کە بەشەکانی تری وڵاتەکەی (عێراق) وێران کرد و هەروەها یارمەتیدەر بوو بۆ هێمنکردنەوەی ڕکابەریی ناوەوەی کوردستان لە نێوان دوو گرووپەکەی سەرۆک مەسعوود بارزانی و سەرۆک جەلال تاڵەبانی.

هەروەها ئەو دۆخە کارتێکردنی یەکجار گەورەی لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت بە کورد بەخشی لە دوای سەردەمی بەعس و تەنانەت کورد توانیی دامەزراوەی ناوەخۆی تایبەت لە هەرێمەکە دابمەزرێنێ. ئەوەش توانی (گوڕ و تین) بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا ببێتە نموونەی جێگیری و سەرکەوتن بۆ گشت پارچەکانی تری عێراق کە یەکێکە لە نائاساییترین ڕووداوەکان لە پێودانگی مێژووی تازەی عێراقدا. جێگیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەستڕۆییە گەورەکەی لە ناوەوەی هەرێمەکە، هەرچەندە هێشتا لە دۆخێکی ناسکدایە، شێوەی دەوڵەتی عێراقی کردە مۆدەیەک بۆ کورد لە سێ وڵاتە دراوسێیەکەی تر. ئەو ڕاستییە ئەندازەی سیاسی و دەروونیی هەرێمەکەی گۆڕی، وای لە ڕێژیمەکانی تورکیا، سووریا و ئێران کرد حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێوەندییەکەی لەگەڵ بەغدا لەژێر ڕووناکییەکی نوێ، گرینگتر و ڕژدتر، ئاڵۆزتر و بەگشتی گوماناویتر ببینن.

بەگەڕانەوە بۆ بنەوا سەرەکییەکان، سەرکردایەتیی ئەنکەرە، دیمەشق و تاران، تاڕاددەیەک بۆ ماوەیەکی درێژ، حکوومەتی هەرێم وەک هۆکارێک دەبینن کە ڕکابەریی هەرێمییان لە بەغدا لاواز

دەکا. بەڵام ئەو هۆکارە شیمانە هەیە، ئەگەر بڕیاری سیاسیی بەدواوە نەبێ، هانی دروستبوونی کێشەی ترسناک و گەورە لە ناوەوەی ئەو وڵاتانەدا دەدا. ئەو داینامیکە هەریەک لە خەسڵەتی دوژمنی بێلایەن و دەستڕۆیی بە پێشڕەوانی حکوومەتی هەرێم دەبەخشێ لە دژی ئەوان لە کێبەرکێیەکی هەمە-ڕەهەندا لە ناوەوەی عێراق و دەوروبەرەکەیدا. ئەوە دۆخێکی دیاریکراوە بۆ کوردانی عێراق بۆ بڕیاردان، جا تێپەڕبوون بێ بە ڕێگەیەکی نەگەڕاوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆییی تەواو بێ یاخۆ نا. ئەگەر کورد لەو ڕێگەیە پەڕینەوە، ئەوە دۆخەکە بە ئاستێکی نوێ لە بەیەکداچوون و ڕێی تێ دەچێ مناوەرەی سیاسیی چڕ لەخۆ بگرێ لە ناوەوەی عێراقدا، لە ناوەوەی ڕەگەز و پێکهاتەکانی کوردی و ئەو نیشتمانە ئۆپۆزیسناوییە هاوسەنگەی کە لە چەند ساڵێکی یەکجار زۆردا لە نێوان کورد، فارس، عەرەب و تورک لە ناوەوەی ئێران، سووریا و تورکیا هاتووەتە دروستبوون.

### ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو کارە هەڵدەستێ؟

با دەست بە وەڵامدانەوەکە بکەین بە هەڵسەنگاندنی ئاخۆ ئێستە کورد لە چ شوێنێکدا دەوەستن.

لە ناوەخۆدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی قەوارەیەکی نیشتمانیی کوردی دروست بکا کە کارەکانی بەسەربەخۆیی دوور لە عێراق ئەنجام دەدا و ئەوەش بەلایەنی کەم لە یەک بەشی وڵاتەکەدا. لەگەڵ پێشخستنی دەزگە و فەرمانگەکانی، حکوومەتی هەرێم نێزیکتر بووەوە لە سەربەخۆیییەکی ڕەسمی. ئەوەش لە کاتێکدا کە دەستووری عێراق لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا هاتە پەسندکردن کە پێناسەیە بۆ ڕێککەوتنی فیدراڵی لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری وڵاتەکە، بەڵام لە ڕاستیدا هەیکەلی دەوڵەتێکی نیوچە سەربەخۆ هاتە دروستبوون بۆ کورد نەک وڵاتێکی فیدراڵیی سنووردار.

هەموو ئارەزوو ماڵپەڕی دیکتار

ماف و سەرپشکیی حکوومەتەکە بوارێکی فرەوانی زۆر دەگرێتەوە. بۆ نموونە هەرێمەکە هەڵبژاردنی پەرلەمانی سەربەخۆی هەیە دوور لە حکوومەتی ناوەند (بەغدا). (حکوومەتی ناوەند وەک حکوومەتێکی فیدراڵ لە ٢٠٠٥ەوە هاتە ناساندن). حکوومەتی هەرێم پڕۆژەیاسای دەستووری تایبەت بەخۆی هەیە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ٢٠٠٩ەوە پەسند کراوە، (بەڵام هێشتا ڕێفراندۆمی لەسەر نەکراوە)، هەروەها سەرۆکیشی هەیە. مەسعوود بارزانی یەکەم سەرکردەی کوردە تا ئێستە بۆ ئەو پۆستە بێتە هەڵبژاردن. هەروەها کورد هێمای نەتەوەیی و ناسنامەی هەیە وەک سروود، ڕۆژی نیشتمانی (نەورۆز) و ئاڵا. لە ڕووی سیاسییەوە حکوومەتی هەرێم شانازی دەکا بەوەی بووەتە نموونە و مۆدێلێکی دیموکراتی بۆ عێراق و دنیای عەرەب. سەرەڕای ئەوەی حکوومەتەکە دەناڵێنێ بەدەست واستەکاری، گەندەڵی و نەبوونی دیودەرییەوە، بەڵام پرۆسەی دیموکراتیی هەرێمەکە کەمتر ناسکتر دەردەکەوێ لەوەی لە بەغدا هەیە.

هەروەها کورد هەنگاوی باشی ناوە بەرەو سەربەخۆییی ئابووری. ئەوەش لە کاتێکدا کە نۆژەنکردنەوەی ئابووری و ژێرخان لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا هێواشە، بەڵام گەشەی هەرێمە

کوردییەکە بەخێراییی دەستی پێ کردەوە. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کورد ئێستە دوو باڵەفڕگەی هەیە، یەک لە هەولێر و ئەوەی تر لە سلێمانی. ئەو خزمەتگوزارییە یارمەتیی کورد دەدا، بەلایەنی کەم، بەسەر پشتبەستنیان بە بەغدادا زاڵ بن کە ئەوەش ئەنجامێکە بەهۆی دوورییان لە زەریاوە. باڵەفڕگەکان گورِ و تینیان بە کورد دا پێوەندیی دەرەوەیان فرەوان بکەن بەشێوەیەک کە پێشتر نەبووە. هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی ئارامە، هانی پرۆژە دەسمایەگێڕییەکان دەدا، بەڵام زۆربەی پرۆژەکان دەکەونە بواری بەدواداگەڕان و دەرهێنانی نەوت. (نەوتی یەدەگی هەرێمەکە بە ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت هاتووەتە خەمڵاندن). لە ٢٠١٢دا حکوومەتی هەرێم ٤٠ گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا ناودەوڵەتییە نەوتییەکاندا ئەنجام دا سەرەڕای ناڕەزاییی بەغدا، لە نێوانیاندا، گرێبەستە گرینگەکەی هەرێم بوو لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئێکسۆن مۆبیل.

نرخی نەوتی حکوومەتی هەرێم بۆ کۆمەککردنی سەربەخۆییی کورد لە رووی داراییەوە، تینی بە کۆششە کۆڵنەدەرەکەی کورد دا تا کار بکرێ بۆ هێنانی کەرکووک، پارێزگە دەوڵەمەندەکەی نەوت، بۆ ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەواییی کوردی. بەڵام کەرکووک کە بەردەوام جومگەی سەرەکیی ناکۆکیی رژێمە جیاوازەکانی عێراق و کورد بووە، هێشتا لە دەرەوەی گەیشتنە پێی. کەرکووک شیمانە هەیە ببێتە هۆی کرژیی نوێ لە نێوان حکوومەتی هەرێم و بەغدا. لە راستیدا دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بەبێ کەرکووک پێشنیازێکی ترسناکە، بەڵام تاک دەتوانێ سیناریۆکان پێشبینی بکا بەوەی کە شیمانە هەیە راگەیاندنی سەربەخۆیی و هەوڵدان بۆ دەسگرتن بەسەر پارێزگەکە بەیەکەوە رووبدەن.

دانیشتووانی کورد لە هەرێمی کوردستان هەست بەوە دەکەن کە بۆشاییی گەورەتر دروست بووە لە نێوان ناوچەکانی هەرێم و پارچەکانی تری عێراقدا لەوەی کۆت و مەترسییەکان دەیکەن. لە ریفراندۆمە کوردییە کتوپڕەکەی شەوی هەڵبژاردن کە لە ٢٠٠٥دا هاتە ئەنجامدان، زۆربەی هاوڵاتییان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتیی کورد بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرد. حکوومەتەکە دەردەکەوێ زیاتر نێوانرۆ بێ و قایل بێ بە کەمتر لە مافی خۆی لەوەی هاووڵاتییان داوای دەکەن، چونکە هەست بەو زیانە دەکا کە راگەیاندنی شەڕانگێزی و داوای زۆر دروستی دەکەن لە کاتێکدا کە لە هەوڵی کۆکردنەوە و دروستکردنی هێزن بۆ پارێزگاریکردن لەو سەربەخۆییەی لە رێگەدایە لە دوارۆژ. لە هەمان کاتدا، سەرۆک بارزانی بەردەوام ئەو بیرۆکەیەی بەرز کردووەتەوە کە بابەتی سەربەخۆیی بداتە ریفراندۆمی رەسمی و هاووڵاتییانی کورد ئەگەر هەر کاتێک پێوەندیی لەگەڵ بەغدا بەرەو کرژبوون بچێ. هاوشێوە، چ بەهۆی پاڵەپەستۆی ناوخۆ یاخۆ بەهۆی ئەوەی کە دان بە گرینگیی مێژووییی ئەو پەنجەرەیەی هەلە بنێن، سەرکردایەتیی کورد هەنگاوی گرینگی ناوە بەرەو دروستبوونی دەوڵەتی کوردی. یەکێک لەو پەنجەرەی هەل و هەوڵدانە پێوەندیی بە رۆشنبیریی سیاسییەوە هەیە.

رێگەیەکی تر بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی ئۆتۆنۆمیی کوردی برێتییە لە رێگەی زوان و

خوێندەواری کە دووانەی یارمەتیدەرن لە هەموو کولتوورێکدا. دەستووری نوێی عێراق هێمایە بۆ دەسکەوتێکی گرینگ بۆ کورد، چونکە دانی بە زوانی کوردیدا ناوە بە ڕەسمی لە پاڵ عەرەبیدا. بەو پێیە، زوانی کوردی بووە زوانی خوێندن لە هەموو ئاستەکانی خوێندن، پەیمانگە و زانکۆدا، بەڕادەیەک کە نەوەی نوێی کورد گەورە دەبێ کەمێک زوانی عەرەبی دەزانێ. هاوشێوە، میدیای کوردی بە گەشەیەکی بێ وێنە و نوێدا تێ پەڕیوە. ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و کۆوار (لە مارسی ٢٠١٢دا ژمارەیان ٤٧٠ بووە)، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و سەتەلایت دەرکەوتن. هەموو ئەو دەزگە میدیاییانە زوانی کوردی بەشێوە قسەپێکراوەکەی و نووسراوەکەی فرەوان و پتەو دەکەن. ئەگەر ڕاست بێ کە زوان یەکێک لە ستوونەکانی ناسیۆنالیزمی نوێ بێ، ئەوە دەکرێ بگوترێ کە کوردی عێراق ئەو ستوونەیان بەگورج و گۆڵی دروست کردووە.

نیشانەیەکی گرینگی تری بەدەوڵەتبوون برێتییە لە سنووری ڕاستەقینە کە کورد دروستی کردووە لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری عێراق. زۆریی خاڵی پشکنین لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ شوێنە عەرەبییەکانی عێراق، لە ڕاستیدا مانای سەربەخۆیی دەدا. لە هەمان کاتدا، بۆ مەبەستی وەستاندنی هەوڵەکانی بەغدا بۆ زیادەڕۆییکردن لە خاکی کوردستان دێتە بەکارهاتن، هەروەها بۆ پووچەڵکردنەوەی هێرشی تیرۆریستانیش. ئەو خەڵکە ئاساییەی لە بەشە عەرەبییەکانی وڵاتەکەوە کە دەیانەوێ بچنە ناو سنووری هەرێمی کوردستان، پێویستە دەستەبەریان هەبێ و دەتوانن ١٠ ڕۆژ بمێننەوە. ئەوەی دەیەوێ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە پێویستە کارتی "زانیاری" کە بۆ هەموو مەبەستێک بەکار دێ، مۆڵەتی نیشتەجێبوون یاخۆ پاسەپۆرت هەڵبگرێ. ئەو کەسانە بۆیان نییە زەوی و خانوو بکڕن.

گرینگترین هێما بۆ ئەو سەروەرییە کوردییە نوێیە برێتییە لە ئامانجی ستراتیجی بۆ گۆڕینی هێزی پێشمەرگە بۆ هێزێکی ئاسایی. ئەو پرۆسەیەی کە لە دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ دەستی پێ کرد، گوڕ و تینی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا پێ گەیشتووە. هێزی کورد ئێستە بەپێی قسەکانی شێخ جەعفەر شێخ مستەفا وەزیری پێشمەرگە (بەرگری) لە ١٩٠ هەزار سەرباز، تانک و تۆپ پێک هاتووە. جگە لەمەش، ئەو سوپا نوێیە خاوەن پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی، باجی پلە و جل و بەرگێکی پێوانەییە. هەروەها سەربازەکان (پێشمەرگە) مووچەیان هەیە و هیچی تر خۆبەخشانە کار ناکەن کە هەموو کاتێک وا بوون لە ڕابردوودا. لە ئاستێکی تری سەروەریدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندیی دەرەوەی سەربەخۆیانەی بەبێ بەغدا بەهێز کردووە کە ئاشکرایە کلیلی ڕوونکردنەوەی ئەو گەورەبوون و گەشەیە لە زەوینە ناودەوڵەتییەکەیەتی. قبووڵکردنی پایەی بەرزتری سیاسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، زۆر گرینگ و یەکلاکەرەوە بووە بۆ بەهێزکردنی فایلی سیاسی و ستراتیجی کوردی. ئەوەش ڕێککەوتنە لەگەڵ ئەو پایەیەی بۆ هەرێمەکە دروست بووە بەهۆی زیادبوونی چالاکیی کۆمپانیا ناودەوڵەتییەکان کە لە خاکی هەرێمدان و، ئەو ڕێککەوتنە ئەو زەوینەیە بەهێزتر دەکا.

سەرکردایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوودی وەرگرتووە لە هەناردنی نوێنەری بازرگانی و چەندانی تر بۆ پایەتەختە جیاوازەکانی دنیا. لە هەمان کاتدا، ٢٥ وڵات کونسوڵگەیان لە هەولێر کردووەتەوە کە هەست بە ئازادی و سەلامەتیی زیاتر دەکەن لەوەی لە بەغدا بن.

خەڵکی ڕێز لەو خەیاڵە دەگرن کە هەولێر وەک شارێکی عێراقی بێتە هەژمارکردن (واتە لە ڕاستیدا وا نییە و زیاتر کوردییە) و هەر بەو پێیە بە بنکە دیپلۆماسییەکان دەبێژن کونسوڵگە نەک باڵوێزگە، بەڵام ئەمە جیاوازییەکی بێ گۆڕینکارییە.

سەرکردایەتیی کوردیش، لە هەموویان گرینگتر سەرۆک بارزانی، ئێستە بەشێوەیەکی سەرەکی بوو بە کەسێکی ویستراو و قبوولکراوی نەتەوەی کورد (persona grata) لە چاوانی زۆر وڵاتدا لەوانە ئەمەریکا، ڕووسیا، زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و عەرەب و هەتا تورکیاش.

دوای مسۆگەرکردنی ئەو هەموو دەسکەوتانە، کورد ئێستە خۆیان لە کاتێکی ڕێباز-گۆڕین و تازەدا دەبیننەوە. ئایا سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن یاخۆ تا کاتێکی زۆر گونجاو چاوەڕێ دەکەن کە ماوەیەکی یەکجار درێژە لە چاوەڕوانیدان؟

دوای ئەنجامدانی کارێکی یەکجار باش لە ناوەوە بە دروستکردنی یەکگرتن لە ناوەخۆیاندا لە هەردوو بواری دەزگەیی و بەدەستهێنانی پاڵپشتیی خەڵک، ئێستە گرینگیدانی سەرەکیی سەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان برێتییە لە کارە دەرەکییەکان. ئەوان بە وردی تەماشای ڕکابەرییە پڕ-ڕەهەندە زەبەلاحەکەی ماو دەکەن کە خەسڵەتی هەرێمەکەیە. ئەو ڕکابەرییە ئاڵۆزە کەس ناتوانێ بە متمانەوە پێشبینی بکا کە شتەکان چۆن دەبن و ئاخۆ کورد پلێتەکە دادەگیرسێنن؟

ڕێگەیەک بۆ بیرکردنەوە لەبارەی ژێگەی جیۆستراتیجیی دەوروبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان برێتییە لە کێشانی دوو بازنەی هاوچەق کە یەکێکیان لە هەوڵی پاڵدانی هەرێمەکەیە بەرەو سەربەخۆیی و ئەویتریان بەلایەکەی تر. یەکەم بازنە بە کوردستانی گەورە هاتووەتە پێناسەکردن لەلایەن کوردەوە. لە شەڕی کەنداوی ٢٠٠٣وە و تاڕاددەیەکی زۆریش لە ڕاپەڕین و پشێوییەکانی دنیای عەرەب لە ٢٠١١وە، کورد لە هەموو شوێنێکەوە بە ئاشکراییەوە زۆر پشت ئەستوور و متمانەبەخۆ بووە لە هەموو کاتێک زیاتر. بیرۆکە و زاراوەی یەکەتیی هەموو کورد (pan-Kurdism)، هەروەها یەکگرتن و هاوکاریی زیاتر لە نێوان کوردەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەسێنێ. لە کاتێکدا سەرەڕای ئەو ڕکابەرییە شاراوەیەی کە لە نێوان پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا هەیە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی خۆی بکات بە چەقی هەموو کورد بەوانەشەوە کە لە دنیادا بڵاو بوونەتەوە. بە کورتی، بازنەی ناوەوەی کورد ستراتیجییەتێکی قووڵ دابین دەکا ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی بچێ. بەپێچەوانەوە ئەو بازنەیەی لەلایەن وڵاتانی دەوروبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێ یاخۆ دەکێشرێ کە دینامیک و سیاسەتی ئەوان زۆر ئاسانتر دەبینرێ تێیدا لە خوێندنەوەیەکی سەرپێیی، کار لە دژی سەربەخۆیی دەکەن. تورکیا، سووریا و ئێران هەموویان ترسیان هەیە لە پەڕینەوەی

سەربەخۆیی و شیمانەی ئاواتی زیاتر و داوای یەکەتیی کورد لەلایەن حکوومەتی هەرێم. ئەو ترسانە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی زۆر زیادی کرد دێتە گوتن گوایە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) هەردوو گرووپ بنکەیان لە خاکی هەرێمی کوردستان دروست کردووە.

بەگەڕانەوە بۆ ۱۹۹۰ەکان و لە سەرەتای ساڵانی ۲۰۰۰یشدا، دەوڵەتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان هەوڵیان داوە هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ ڕێگەگرتن لە کورستان بۆ ئەوەی بەرەو سەربەخۆیی نەچێ. بەڵام ئێستە ئەو هاوکاریکردنەی یەکتر کۆتای پێ هاتووە. پێ دەچێ تورکیا و ئێران ئێستە لە ڕێگەیەکی دژبەیەک بن: هاوڕێیەتییە کورت–تەمەنەکەی تورکیا و سووریا ئێستە لە بینایی هیچ کەسێکدا نییە، بەلایەنی کەمەوە ڕێژیمە بێ ئارامەکەی ئێران لە چاوەڕوانیی ئەنجامی شەڕی ناوەخۆی سووریادایە. ئاشکرایە توانی ئەو سێ وڵاتە بۆ سەرکوتینی کوردی وڵاتەکەیان بەشێوەیەکی گەورە لاواز بووە، ئەوەش لە کاتێکدا کە بەلایەنی کەم سێ لەو چوار وڵاتە خۆیان بەرەو لاوازی ڕۆیشتوون. لای خۆیەوە، بەغدا هێشتا لە شەڕ ڕزگاری نەبووە، بۆ نموونە شەڕی ناوەخۆی یەکەم و گۆڕینی ڕێژیم، بە ڕادەیەک حکوومەتی عێراق وازی لە بیرۆکەی یەکەتیی دەوڵەتی عێراق هێناوە و بەناچاری قبووڵی فیدراڵزیمی کردووە. تاران لاواز کرا بەو کاردانەوە ناودەڵەتییەی دژی بەرنامە ناوکەییەکەی دێتە ئەنجامدان. زۆر بەگرینگییەوە لە هەوڵی زیادکردنی دەستڕۆییەکەیەتی لەناو شیعەکانی عێراقدا، بەڵام تاران بە چاوێکی کوێر تەماشای چالاکییە سەربەخۆییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکا.

لەوەش زیاتر، وا دەردەکەوێ تاران و ئەنکەرە گەیشتبنە تێگەیشتنێکی شاراوە و نەگوتراو سەرەڕای ئەو دابەشکردنەی مەودای دەسەڵاتی نێوانیان لە پارچە عەرەبی و کوردییەکانی عێراق بەدوای یەکدا. ئێرانییەکان ورد بوونەتەوە لە بەغدا، تورکەکانیش لە هەولێر. سووریاش چیتر دەسەڵاتی بەسەر کوردی وڵاتەکەیدا نییە، لەبری ئەوەدا دەست لە کاروباری کوردی عێراق وەردەدا.

قووڵترین گۆڕین لە ڕێچکە و سیاسەت، هەڵوێستی تورکیایە. ئەگەر یەک وڵات هەبێ یارمەتیدەربێ لە دروستکردنی قەوارەیەکی بەهێزی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، ئەوە تورکیایە. ئەوەش وادەردەکەوێ پێچەوانە بێ لەگەڵ ڕوانگەی دژایەتیی کۆنی ئەنکەرە بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی کورد لە عێراق و ئەو پاڵەپەستۆیە زانراوانەی تورکیا بەکاری دێنێ لەسەر هاوپەیمانەکانی، بەتایبەت لەسەر ئەمەریکا، بۆ پاڵپشتینەکردنی ئامانجەکانی کوردی عێراق بۆ ئەوەی بیرۆکەی ئازادی و سەرکەوتن نەپەڕێتەوە لای کوردانی نەسرەوتووی تورکیا.

## چۆن ڕەفتاری تورکیا ڕوون دەکەینەوە؟

لە شەڕی کەنداوی ۲۰۰۳ەوە و تاڕاددەیەکی زۆر دوای شەڕی کەنداوی ۲۰۰۳، تورکیا بە هێواشی و بەدڵنیاییەوە، شیمانە هەیە لە دژی بڕیارێکی باشتری خۆی، خۆی خستووەتە خوێنبەری ژیانی کوردانی عێراق. بەو پێیە و لەو کاتەوە تورکیا دەروازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە بۆ

ڕۆئاوا. گۆڕانی هێواشی سیاسەتی ئەنکەرە بەرامبەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێ وەک تووشار بە شیزۆفرینیا (جووت سروشت) بێتە پێناسەکردن. لەلایەکەوە تورکیا ترسی بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی سەربەخۆیی هەیە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کوردی وڵاتەکەی، لەلایەکەی ترەوە بەهەموو توانی خۆی هەوڵ دەدا بەرهەمی ئابووریی پێوەندییەکەی لەگەڵ قەوارە دروستبووەکە (هەرێمی کوردستان) زیاتر لێ بکاتەوە. هەرێمی کوردستان پێشوازی لە زۆر کۆمپانیای تورکی کردووە کە ژمارەیان یەک هەزار و بیست بووە لە ٢٠١٢دا، هەروەها پڕۆژەی کارسازی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی گەورەی تورکی لەخۆ گرتووە، ئەوەش وای کردووە زۆر لە تورکان بەرژەوەندی لە هەرێمەکە دروست بکەن و هەربۆیە پێوەندیی نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێم بەهێزتر بووە.

گێرگۆڕینی تورکیا بە هەرحاڵ بۆ پارە نییە بەشێوە سادەکەی. زیاتر وەک جۆرێک لە کارکردن، ئەوە بیرۆکەی هێزی فشەڵ بەرجەستە دەکا. بیرۆکەی سەرەکی پێ دەچێ بریتی بێ لە: ڕێگەدان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان شتێکی گرینگ لەدەست بدا، لەبری ئەوە سەرانی تورک دەتوانن هێمن ببنەوە و ڕەفتاریان نێوانرۆ بێ. لە نموونە جوانەکانی سیاسەتە دژەکانی ئەنکەرە بریتییە لە گرێبەستە سەرسامکەرەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا بەبێ ڕەزامەندیی پێشوەختەی بەغدا لە ٢٠ی ئایار/مایۆی ٢٠١٢دا. ئەو ڕێککەوتنە پێک هاتووە لە دوو لوولە (بۆڕی)، یەک بۆ نەوت و ئەوەی تر بۆ غاز کە لە خاکی هەرێمەوە بەرەو تورکیا دەچێ. ئەو لوولانە وەڵامێکن بۆ پێداویستییەکانی تورکیا بۆ نەوت و غاز، بەڵام شیمانە هەیە پەرەی زیاتر بە ئاواتەکانی کورد بدا بۆ سەربەخۆیی. لە هەمان کاتدا، شیمانە هەیە عێراق لاوازتر بکا. ئەوە بۆچوونێکی تەواو بێ بایەخ نییە لە بیرکردنەوەی درێژخایەنی تورکیا، هەروەها شتێکی ئاشکراش نییە، چونکە شیمانە هەیە بووژانەوەی دەسەڵاتی عێراق بۆ هاوسەنگیی ئەوەی ئێران ئێستە هەیەتی، ببێتە زۆر گرینگتر بۆ تورکیا لە دوارۆژدا. ئەو ڕێککەوتنە پێویستە لەسەرووی بەرەنگاربوونەوە ئازایەکانی کورد بەرامبەر بەغدا ئاماژەی پێ بکرێ. حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەناردنی نەوتی بۆ ناوچە عەرەبییەکانی عێراق لە سەرەتای نیسان/ئەپریلی ٢٠١٢دا وەستاند وەک نارەزایییەک لە دژی پارەنەدانی بەغدا بەو کۆمپانیا بیانییانەی لە هەرێمەکەدا کار دەکەن. لە سەرەتای یۆلیۆدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بەناردنی نەوتی خاو بۆ تورکیا لە ڕێگەی تانکەرەوە، حکوومەتەکەی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە پەیامەکە تێ نەگەیشت. دواتر حکوومەتی هەرێم دەستی بەهەناردنی نەوت بۆ بەغدا کردەوە لە ئاب/ئۆگستسدا. حکوومەتی شیعەی عێراق ئاشکرایە هیچ هاوەڵێکی لەناو لایەنگرانی ئیسلامیی سوننەدا نییە کە ئێستە فەرمانڕەواییی تورکیا دەکەن- ئەوان ئەو کەسانەن کە دژی شەڕی ناوەخۆی سووریان. پاڵدەرێکی گرینگی تری تورکیا بۆ بەشداری پێکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بریتی بووە لەو بیرۆکەیەی کە ئەگەر وا بکا، ئەوە کێشە ترسناکە ناوەخۆکەی تایبەت بە کوردەکانی بۆ دێتە چارەسەرکردن. وادەردەکەوێ ئەنکەرە هیوای خواستبێ کە دروستکردنی

پێوەندییەکی گەرم و بەسوود لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا، ئەوە شیمانە هەیە ئەو حکوومەتە وا لێ بکا وەڵامی داواکانی تورکیا بداتەوە تا شەڕ لەگەڵ پارتی کرێکاران بکا یاخۆ چالاکییەکانیان لە ناو خاکەکەی سنووردار بکا. ئەو ڕێگە ڕووخۆش و نەرمەی تورکیا سەرکەوتوو نەبوو، هەرچۆنێک بێ لە کاتی ئێستە هیچ ئەنجامێکی نەبووە. بەڵام ئەو سەرنەکەوتنە سووربوونی ئەنکەرە بەپاش نادا تا کۆنترین یاسای کتێبەکە بەکار بێنێ: واتە "دوژمنی دوژمنم هاوڕێمە". ئاشکرایە سەرکردایەتیی تورک بڕوایان وایە کە ئەو دەسەڵاتە کوردییەی لە هەرێمی کوردستاندایە زیانی زیاتر بە ئێران، سووریا و عێراقی لاوازکراو دێنێ لەوەی بەسەر تورکیای ئارام لە ڕووی سیاسی و چالاک لە ڕووی ئابووری. ئەو ئەنجامە دوای چەندان گۆڕینکاریی جیۆستراتیجی دێ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە هەموویان سیاسەتی دەسمایەگێڕیی دەرەوەی تورکیا نائارام دەکەن. پشێوی و شۆڕشەکانی عەرەب ڕمانی هاوپەیمانیی تورکی–ئێرانی–سووریاییی خێراتر کرد. شۆڕشەکەی سووریا تەنیا ئەنکەرە و دیمەشقی نەکردە دوژمن جارێکی تر، تارماییی هەڵقوڵانی پەنابەرانی سووریایشی هێنا پێشەوە. لەوەش خراپتر، سیپەی پەندۆرەی کوردانی سووریا (واتە سیپەیەک بکەیتەوە کە کێشەکانی کۆنترۆڵ نەکرێ) و هاوکاریی شیمانەکراوی نێوان کوردی سووریا و برایانیان لە تورکیا کردەوە، ئەمە و بەبێ ئاماژەکردن بۆ کارتی پەکەکە کە دیمەشق جارێکی تر دەستی کردووە بە بەکارهێنانی لە دژی ئەنکەرە.

لە کۆتادا، پێوەندییەکی تێکچوو هەیە لە نێوان ئەنکەرە و بەغدا بەهۆی ڕکابەرییەکانی سوننە–شیعە لە هەرێمەکەدا، مالیکی ئێستە خۆی بەلای ئێراندا داوە و بەشێوەیەکی نهێنی پاڵپشتیی بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا دەکا، هەروەها ڕقێکی کەسیی زۆر لە نێوان ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا و مالیکیدا هەیە. هەموو ئەوانە ئەرکی ئەنکەرەیان بۆ یەکەتیی عێراق لاواز کرد و پاڵیان بە تورکیاوە نا پێوەندیی دوولایەنەی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان فرەوانتر بکا. کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە نۆڤێمبەری ٢٠١١ و ئەو بۆشاییەی جێی هێشت بێزارکەرێکی ترە بۆ تورکیا. لە کاتێکدا تورکیا هێزەکانی ئەمەریکای لە عێراق نەویست بۆ یەکەم جار، دوای ئەوەی هاتنە ئەوێ، کشانەوە کتوپڕەکەیان بوو بەهۆی کێشەی تر.

زەحمەتە پێشبینیی قەبارە و کرانەوەی دڕندایەتیی ڕێژیمی ئەسەد بکەی، بۆ نموونە لەگەڵ بوونی سوپایەکی گەورەی ئەمەریکایی لە نێزیک سنووردا، ئەو دڕندایەتییە کێشەی زۆری بۆ تورکیا دروست کردووە. شتێکی تەواو دژگەیی تر، کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق کاریگەرییەکی پێچەوانەی لەسەر کوردا هەبوو. حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لاواز نەکرد وەک ئەوەی کوردەکان ترسیان هەبوو ڕوو بدا، بگرە لە ڕاستیدا گرینگییە ستراتیجییەکەی پتەوتر کرد. ئەو کێبەرکێیە توندەی لە نێوان ئێران و تورکیا گەشەی کردووە، گرینگیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە چاوی ئەمەریکا و تورکیا زیاتر کرد. هاوشێوە، خراپبوونی پێوەندیی نێوان ئەنکەرەی سوننە و بەغدای شیعە کە لە ئەنجامی کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق خێراتر بوو، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردە برای شەڕی تورکیا لە هەرێمێکی جیاواز و لە تایفایەتیدا

پێکهاتوو. لە کاتێکدا کشانەوەی ئەمەریکا جارێکی تر دابەشکردنەکانی نێوان سوننە و شیعەی تیژ کردەوە و هەروەها ناجێگیری لە پارچە عەرەبییەکانی عێراق زیاتر کرد، بەڵام هیچ کاریگەریی لەسەر هەرێمە کوردییەکە نەبوو. بۆیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک "ناوچەیەکی ئارام"، زۆر یان کەم، لە بەرژەوەندیی ئەمەریکادایە: وەک وەستاندنی ئێران و سووریا و هەروەها چاودێریکردنی دواین گۆڕینکاری لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق.

بەڕێکەوت نەبێ، نێزیکەی دەیەیەکە، تەنانەت یەک سەربازی ئەمەریکایی لە هەرێمە کوردییەکە نەکوژراوە بە بەراورد بۆ زیاتر لە ٤ هەزار و ٤ سەت سەرباز لە بەشە عەرەبییەکە. لە هەمان کاتدا هاوپەیمانییەکی کرداریی سێقۆڵی هاتە پێکهاتن کە واشنتۆن، ئەنکەرە و هەولێر لەخۆ دەگرێ. چەند ساڵێک لەمەوبەر لەگەڵ زیادبوونی ناجێگیری لە ناوچەکە و کەمبوونەوەی دەسمایەگێڕیی سیاسیی تورک و هێزی ئەمەریکا لە ناوچەکە، هەرێمە کوردییە ئابووری–برسییەکە وەک مێرگێکی سیاسی هاتە دەرکەوتن. سەلماندنی پاکییەکەی بۆ ئەمەریکا و ڕۆئاوا بەگشتی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی کاریگەرییەوە بووەتە ئەو هاوبەشەی کە کەمترین بێمتمانەییی بەردەکەوێ لە چاوانی هەردوو ئەمەریکا و تورکیا.

سەرۆک بارزانی سەردانێکی دوولایەنەی بۆ واشنتۆن و ئەنکەرە لە بەهاری ٢٠١٢دا کرد، بارزانی لە ڕاستیدا پێشوازییەکی شایستە بە سەرۆکی دەوڵەتی لێ کرا، ئەوە ئاماژەیەکە بۆ دۆخی ئێستەی چیرۆکەکە. بەشێوەیەکی سادەتر، شتەکان بۆ کوردستانی عێراق زۆر باشن. هەموو ئاڕاستەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گرینگترین شت بریتییە لەو ڕاستییەی کە دووبارە گرتنەخۆی هەرێمە کوردییەکە لە ناوەوەی عێراقدا ئێستە پێ دەچێ تاڕاددەیەک مەحاڵ بێ. پرسیارێک هەیە بێتە کردن، ئاخۆ ئێستە ئەو کاتەیە کوردەکان دەسکەوتەکانی بیست ساڵی ڕابردوو بوەستێنن پێش ئەوەی شتێکی تر پشێوی دروست بکا بۆیان (واتە داوای دەوڵەتی کوردی بکەن)؟

ئەگەر کوردەکان وا بکەن، ئەوە کۆتا بە برینە گەورە و خۆکردەکە دێنن؟

ڕکابەریکردنی سنوورە کۆنەکانی داگیرکەر خۆی دەبینێتەوە لە دەرکەوتنی باشووری سوودان و ئازاواد لە یۆلیۆی ٢٠١١ و ئەپریلی ٢٠١٢، شیمانە هەیە پاڵدەرێک بێ بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو هەلە وەربگرێ. لە ڕاستیدا بەرهەم ساڵح سەرۆک وەزیرانی پێشووی حکوومەتی هەرێم لەم بارەیەوە گوتی: "فاکتەرێکی سروشبەخشی زۆر لە باشووری سوودان دەست دەکەوێ".

بەڵام ڕێی تێ ناچێ لەم زووانە بێ، هەتا چەندی حکوومەتی هەرێم سوود لە هەردوو لای چوونە ناو دنیای دەرەوە ببینێ. یەکەم دەروازە تورکیایە. مەگەر تورکیا ڕووبەڕووی کێشەیەکی خێرا لە سێ لای سنوورییەوە بەهۆی کوردەکان ببێتەوە، ئەوە شیمانە هەیە هەر لەسەر ئەو سیاسەتە دیودەرەی ئەم دواییەی بمێنێتەوە کە بریتییە لە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەباوەش بگرێ بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی کوردەکانی خۆی و سووریا بکا. ئەم ڕۆژانە، پێناسەی کێشەی کورد کە دەتوانێ بۆچوونی تورکیا بگۆڕێ، لە فرەوانبووندایە. ئەگەر دەوڵەتی سووریا تێک بچێ و حکوومەتی هەرێمیش داوایەکی هاوبەش لەگەڵ برایە کوردەکانیان لە سووریا بەرز بکاتەوە بۆ دروستکردنی

ڕێڕەوێک بۆ گەیشتن بە زەریای ناوەڕاست، شیمانە هەیە تورکیا ئاوازی خۆی بگۆڕێ. دووەم ڕێچکە بریتییە لە ڕێگەی ئەمەریکا. ڕووداني ئەمە هێشتا دوورە، ئەو بابەتە کتوپڕ بیری لێ کرایەوە لە کاتێکدا چەند ساڵێکی کەمی پێش ئێستە وا نەبووە. هەر لە کۆنەوە ئەمەریکا بە تەواوی دژی بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی بووە بۆ سێ هۆی سەرەکی: نەیویستووە دوژمنایەتیی هاوپەیمانەکەی بکا کە تورکیایە، سنوورەکانی دوای شەڕی یەکەمی دنیا وەک پیرۆز دەهاتە بەرچاو و هەروەها پێویستی بەوەبوو عێراق وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو بهێڵێتەوە نەوەک ئەو هەموو هەرێمە نائارامانەی ڕۆهەڵاتی ناوین و ئەوانی تر زۆر بە توندی و خێرایی ئازاد بن. بەڵام شتەکان ئێستە گۆڕاون. تورکیا هەمان هاوپەیمانی ئەمەریکای کاتی شەڕی سارد نییە و هەروەها دنیاش ئێستە گۆڕاوە. هەندێک لە سنوورەکانی دوای شەڕی یەکەمی دنیا گۆڕاوە، هەر هیچ نەبێ لە بەڵقان، ناوەڕاستی ئەورپا و ئەوەی پێی دەگوترا "ڕووسیای گەورە".

لە هەموو ئەو دۆخانەدا، هەرگیز ئاسمان بەرنابێتەوە. سەروەریی خاکی عێراق کە لە ساڵی ١٩٢٥ نەخشەی بۆ کێشراوە، لە ماوەی ڕابردوودا بۆ هەموو ئامانجێک هاتووەتە پێشێلکردن. بۆیە ڕێی تێ دەچێ واشنتۆن ڕۆژێک بیرکردنەوەی خۆی بگۆڕێ، بەڵام سەرەڕای ئەمانە بزوێنەری ئەم کارە ئاشکرا نییە. ئەگەر ئەمەریکا هزری خۆی بگۆڕێ، ئەوە شیمانە هەیە ڕەزامەندیی تورکیاش لەگەڵ خۆیدا بێنێ. هەروەها بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی کوردی داوای یەکگرتنی هەموو پارچەکانی نەکردووە، دەکرێ ببێتە ناوچەیەکی بەربەست بۆ تورکیا لە دژی ناوەڕاستی عێراق و ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە واشنتۆن و تورکیا بەردەوام بن لە دژایەتیکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، شیمانەی ئەوە هەیە سەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم دۆخە باشەی ئێستەیان بە داوڕۆژێکی نادیار نەگۆڕنەوە. ئەگەر واش ڕوو بدا، ئەوە سەرۆک بارزانی بەردەوام دەبێ لە بردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی سەربەخۆییدا، لە هەمان کاتدا بەبێگومان داوڕۆژی کەرکووکیش پشتگوێ ناخا کە پایەتەختی کۆنی ئاشوورییەکانی نەینەوا بووە. بارزانی لەسەر ئەو هەوڵەی بەردەوام دەبێ تا تورکیا و ئەمەریکا پاشگەز دەبنەوە یاخۆ ئەو کاتە دێ ناچار دەبن قبووڵی ئەو ڕاستییەی حکوومەتی هەرێم بکەن.

لە کاتی ئێستە هەروەک موتەنەبی شاعیری عەرەب دەبێژێ "با بەپێچەوانەی حەزی بەلەموانەکان هەڵ دەکەن"، بەڵام ئەوەی زانراوە ئێستە، بایەکان ئاڕاستەکانیان گۆڕیوە.

سەرچاوەکانی وتار

Andrew Arato, Constitution Making under Occupation: The Politics of Imposed Revolution in Iraq (Columbia University Press, 2009).

Army War Col- 2See Dennis P. Chapman, Security Forces of the Kurdistan Regional Government (U.S. lege, 2009), pp.96_7.

3Quoted in "Kurdish nationalism rises with Arab unrest, Sudan split", Kurdnet, July 20, 2011

# توركیا..
# پەكەكە و چارەسەری كورد

بەشی یەكەم

## سەرەتا

كێشەی كوردی توركیا خوێناویتر بووە، زیاتر لە ٧٠٠ كەس لە چواردە مانگدا گیانیان لەدەست داوە كە گەورەترین ژمارەی قوربانییانە لە سێزدە ساڵدا. بەیەكدادانی درێژخایەن لەگەڵ چەكدارانددا لە باشووری ڕۆهەڵاتی وڵاتەكەدا، ڕفاندن و هێرشكردنە سەر هاووڵاتییان، ئاماژە دەكەن بەگەیشتنی توندڕۆكان بە باڵادەستی لە كردەوەگەلی پارتی كرێكارانی كوردستان (پەكەكە). حكوومەت و میدیای سەرەكیی وڵات پێویستە بەرهەڵستیی تەواوی پاڵدەری داوای شەڕی دژە-تیرۆر بكەن و لەبری ئەوە پێویستە لەگەڵ كوردا لە چارەسەری تەواوی دووبەرەكی وردببنەوە. وڵاتەكە پێویستی بە چاككردنی ئەو یاسا سەركوتكەرانە هەیە كە سیاسەتوانی یاسایی كوردی پێ دێتە گرتن و هەروەها پێویستە وڵاتەكە زۆریی هێزەكانی تەناهیی وڵات كەم بكاتەوە. بزاوی كورد، بە سەرانی پەكەكەوە، دەبێ دەست لە هێرشی توندتیژ هەڵبگرن و بەئاشكرا بە ئامانجێكی سیاسیی ڕاستەقینە پێوەست بن. لەسەرووی هەمووی، سیاسەتوانانی هەموو لایەنەكان پێویستە زۆربەی ئەو مافانەی كوردی توركیا داوایان دەكەن، یاسایی بكەن بە خوێندنی زوانی دایكەوە. پێویستە كۆتا بە یاسای جیاكاری بهێنرێ و دەست بكرێ بە نوێنەرایەتیی دادپەروەرانەی سیاسی و زیاتر كەمكردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند. كوردی توركیا ئەوكاتە یەكسانی و مافی تەواویان دەبێ، پاڵپشتییان بۆ پەكەكە دادەبەزێ و حكوومەتیش لە دۆخێكی باشتر دەبێ بۆ گفتوگۆكردن لەبارەی چەكدارانی توندڕۆكان و بڵاوەپێكردنیان.

حكوومەت پێچ و پەنای كردووە لەو بەڵێنەی بە كوردی داوە. پارتی داد و گەشەپێدانی فەرمانڕەوا (AKP) دەسپێشخەریی كرد بە "گفتوگۆی كراوە" لە ٢٠٠٥دا، بەڵام ئەو هەوڵە لە

.............................................................

وەرگێڕان لە ئینگلزییەوە: هێمن هادی

۲۰۰۹دا هەرەسی هێنا. هەندێک کات سەرانی پارتی داد نیشانەی ئەرێنی پێشان دەدەن، لەوانە دانانی وانەی کوردیی ئارەزوومەندانە لە قوتابخانەکاندا و ڕەزامەندی دەربڕین لەگەڵ پارتەکانی تر لە پەرلەماندا لەسەر ئەنجامدانی چاکسازیی زیاتر. لە کاتەکانی تردا، وا دەردەکەوێ کە سووربێ لەسەر لەناوبردنی پەکەکە لە ڕێگەی سەربازییەوە و لەسەر کەمکردنەوەی قەبارەی ڕاستەقینەی شەڕ، هاوسۆزی قوربانییانی هاوولاتیی کورد نەبێ، بە ئاشکرا بێمتمانە زۆرەکەی خۆیان بەرامبەر بزاوی کورد پێشان دەدەن، هیچ ناکەن بۆ ڕاگرتنی گرتنی هەزاران چالاکی ئاشتیخواز و هەروەها بە گشتی پارتەکە ئەوەندەی هاوبەشە ناودەوڵەتییەکانیان لە کاتی پشێوییەکانی ڕۆهەڵاتی ناویندا دەمی ڕەخنەیان دابخەن بە قایلی ماوەتەوە.

نیشانەی پێچەوانەش لە بزاڤی کوردی دەردەچێ، بە سەرانی فراکسیۆنە یاساییەکان و پەکەکەشەوە کە لەلایەن تورکیا و زۆربەی وڵاتانی تر بە ڕێکخراوی تیرۆریست دێتە هەژمارکردن. چەند جارێک وتاری ئاشتبوونەوەیان دەرکردووە، هەوڵیان داوە ڕێگەی یاسایی کۆمەڵەکان بگرنەبەر و نارەزایی لە پارچەکانی ئەوروپا دەربڕن و بە بەردەوامیش داوای ئاگربەستی دوولایەنیان کردووە. لە هەمان کاتدا کەمێکیان حاشایان کردووە (خۆیان لێ تەکاندووەتەوە) لە تەقینەوەی خۆکوژی و ئۆتۆمۆبێل، هێرشەکانی سەر هاوولاتییان و ڕفاندن کە ڕێژەکەی لە ۲۰۱۲دا زیادی کردووە.

توندڕۆکان پەرە بە خەباتی چەکدار دەدەن، گەنجانی توندڕۆش بەربەرەکانێی سەرانی زۆر میانڕۆ دەکەن و هەروەها سەتان گەنج و ئافرەتیش خۆبەخشن بۆ پێوەندیکردن بەیاخیبوون. بەرپرسانی دژە-تیرۆری ئەوروپا و ئەمەریکا هێشتا پەکەکە بە لێسەندنی پارە بەزۆر و بازرگانیکردن بە هۆشبەر تۆمەتبار دەکەن. پەیامی هەمەجۆر وای لە ڕای سەرەکیی گشتیی وڵات کردووە کە کوردی تورکیا داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن، لە ڕاستیدا زۆربەی هاوولاتییان تەنیا داوای مافی تەواوی خۆیان دەکەن لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا. بزاڤی کورد پێویستی بەقسەکردنە بەیەک دەنگ و ڕێز لە سپاردەکانی سەرانی بگرێ، ئەگەر ئەو شتە بەڕژدی لە ئەنکەرە بێتە وەرگرتن و هەروەها ئازار و سکاڵاکانی بەسۆزەوە گوێیان بۆ بگیرێ لەلایەن پارچەکانی تری وڵاتەوە.

دۆزینەوەی ڕێگە بۆ چارەسەری، کارێکی زەحمەتە لە کاتێکدا کە هێرشە تیرۆریستییەکان لە بەردەوامیدان و هێرشەکانی پەکەکەش ڕوویان لە زیادی کردووە. پشێوییەکان لە وڵاتی دراوسێ وەک سووریا کە کۆمەڵەیەکی نێزیکە لە پەکەکە دەستی گرتووە بەسەر بەلایەنی کەم یەک ناوچەی کوردی نێزیک لە سنووری تورکیادا و، ئەنکەرەی دووچاری دڵەڕاوکە کردووە و شیمانەش هەیە هەستکردن بە دەسەڵات لەلایەن یاخییەکان زیاتر بکا.

هەندێک لە هەردوولادا دووبارە قسە لەسەر سەرکەوتنی سەربازی دەکەن و واش دەردەکەوێ وەک تێچوو قبوولی مردنی سەتان بکەن ساڵانە، سەرەڕای ئەوەی کە نێزیکەی سێ دەیەیە لە

شەڕی یەکلانەکەرەوەدان. ڕای گشتی لە نێوان تورک و کوردا هاوشێوە بە ڕوو لەزیادییەوە دان بەوەدا دەنێن کە کردەوەگەلی سەربازی بەتەنیا چارەسەری کێشە هاوبەشەکەیان ناکا. ئەوەی نییە برێتییە لە ستراتیجییەتێکی چارەسەری دووبەرەکیی ڕوون و بێتە جێبەجێکردن بەتەریبی لەگەڵ هەوڵە پێوراوە تەناهییەکان بۆ شەڕکردن لەگەڵ چەکداران، ئەوەش بۆ قایلکردنی کوردی تورکیا کە مافەکانیان لە پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی تورکیادا بە قۆناخ و شێوازی قایلکەرانە زیاد دەبێ.

ئێستە کاتێکی باشە بۆ ئەوەی ئەم شتە بگۆڕدرێ. هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی وڵات پێشبینی ناکرێ لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا. دەستوورێکی نوێ نووسراوەتەوە. ئاکەپە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی مسۆگەر کردووە. ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا پێویستە ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ بوون بە پاڵەوانی چاکسازیی دیموکراتی کە وەڵامی زۆر لەو داواکارییانەی زۆر لە کوردی تورکیا بداتەوە. ئەوەش پێوستی بەگفتوگۆکردن لەگەڵ پەکەکە نییە، بگرە سەرۆک وەزیران پێویستە لەگەڵ بزاڤی یاسایی کورد خۆی بەگفتوگۆ خەریک بکا، گرینگی بە ئازارەکانیان بدا و وای لێ بکا هەست بە خاوەندارێتیی چاکسازییەکە بکا.

گەورەترین ناتێگەیشتن بوونی هەیە لە پرسیاری ئاخۆ بزاوی کورد چییە و چیی دەوێ. ئەو کردارانەی پێشنیاز کراون لە خوارەوە، کێشەکە لە چارەسەری نێزیکتر دەکەنەوە بە بەراورد لەگەڵ کردەوەگەلی سەربازی بە تەنیا.

**پێشنیازەکان**

بۆ ئەوەی ژێگەیەک بۆ پێشکەوتن بێتە دروستکردن، پێویستە حکوومەتی تورکیا و ڕابەرانی بزاوی کورد:

١- کار بۆ ئاگربەست بکەن، پاڵەپەستۆ بخەنە سەر یاخییان بۆ وەستاندنی هێرشەکانیان، خۆیان بەدووربگرن لە کردەوەگەلی سەربازیی زەبەلاح بە لێدانی ئاسمانییەوە و هەروەها بەڕووی بەهێزترین کردەوگەلی سەربازی بوەستن.

٢- بەتوندی داوا لە پەکەکە بکەن جڵەوی ئەو دەستەیە بگرێ و بیانوەستێنێ کە هێرش دەکەنە سەر هاووڵاتییان و دەیانڕفێنن، بۆمب دەچێنن و ماڵەکان وێران دەکەن و بوتڵی گڕگرتوو لە خۆپێشاندانەکان فڕێ دەدەن. هەروەها وای لێ بکەن بەڵێن بدا کە ئاگربەست بۆ خۆپڕچەککردن، خۆکۆمەککردن و جێگۆڕین بەکارنەهێنێ. هێزەکانی تەناهی پێویستە ڕێگە شەڕاوییەکانی کۆنترۆڵکردنی گردبوونەوە سنووردار بکەن تا کەمترین ئاست، بە غازی فرمێسکرێژ و بیبەرەوە (غازێکە بەدەموچاودا دەرشێندرێ).

٣- تەنانەت بەبێ بوونی ئاگربەستیش، پێویستە هەردوولا وەڵامی داوا یاسایی و زۆرەکەی کۆمەڵی

کوردی بدەنەوە بۆ خوێندنیان بە زوانی دایک، کەمکردنەوەی ڕێژەی یاسایی لە بەدەستهێنانی کورسی لە هەڵبژاردن، زیادکردنی دەسەڵاتی حکوومەتە ناوەخۆییەکان و لابردنی جیاکاریی ڕەگەزی لە دەستوور و یاسادا.

٤- گۆڕینی یاسای دژە-تیرۆر، سزاکان و یاساکانی تر بۆ کۆتا هێنان بەگرتنی بێ کۆتا و بێ چوونە دادگە و لەدادگەدانی هەزاران چالاکی بزاوی کوردی بە تیرۆریست و هەروەها دەستەبەری ئەوە بکا کە گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی کوردی بەبێ توندتیژی، هیچ سزایەکی یاسایی نایگرێتەوە.

٥- هەردوولا پارمەتیدەربن بۆ تێگەیاندنی ڕای گشتی لەبارەی ڕەوابوونی ناودەوڵەتیی لەسەر فرە-زوانی لە خوێندن، فرە-ڕەگەزی و بەخشینی دەسەڵاتی زیاتر بە حکوومەتی ناوەخۆ.

٦- پەرلەمان بەکاربێنن، بەتایبەت کۆمسیۆنی چاکسازیی دەستووری بۆ ئاسانکردنی گفتوگۆ لە نێوان پارتەکان لەبارەی چاکسازییەوە و هەروەها دووپاتکردنەوە لەسەر پێکهاتنی فرەوان.

٧- ئاشکراکردنی گەڵاڵەنامەیەک بۆ یەکگرتن و دووبارە ڕاهێنانی یاخیبووانی کوردی هەر کاتێک گەیشتە ئەوەی پێک بێن لەسەر بڵاوەپێکردنی سەربازیی یەکجارەکی.

پێویستە سەرانی بزاوی کورد:

٨- ڕوونی بکەنەوە چ چاکسازییەک کوردەکان دەیانەوێ لە زوان، خوێندن و ژیانی گشتی و هەروەها پێویستە بیرۆکەکان ڕێک بخەن بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی حکوومەتە ناوەخۆکان و بەخشینی دەسەڵات. بەوردی دیاری بکەن چ ماددەیەکی یاسایی و دەستووری پێویستی بە گۆڕین هەیە، پێوەست بێ بەو ڕیفۆرمانە، داوایان بکا لە پەرلەمان و هەوڵی یەکلاکەرەوە بدا بۆ ڕوونکردنەوەیان بۆ ڕای سەرەکی و گشتیی تورکیا.

٩- داوای پێکهێنانی میلیشیای بەرگری بوەستێنن لەو ناوچانەی بە کوردی قسە دەکەن، کۆتا بە هەموو جۆرە ڕێکخراوێکی نایاسایی سیاسی لە تورکیا بێنن کە دەکرێ شی بکرێتەوە وەک دەوڵەتێکی تەریب و بەردەوام بن لەسەر کارکردن بۆ کۆتاهێنان بە شەڕ و شیکردنەوەی یەکەکانی توندڕۆکان.

لەسەر هاوپەیمانان و هەڤاڵانی تورکیا، بەتایبەت ئەمەریکا، کەنەدا، بەریتانیا، ئێرلەندا و ئیسپانیا:

١٠- لەگەڵ حکوومەتی تورکیا و سەرانی خاوەن-ڕا بە گفتوگۆ خەریک بن بۆ هاوبەشیکردنی شارەزاییان بۆ وەستاندنی کرژیی نەتەوەیی، زوانی و هەرێمی، هەروەها سوودوەرگرتن لە پرۆگرامی گەشت بۆ بەرپرسی سیاسی و دروستکەری ڕا لە هەموو پارت و لایەنە پێوەندارەکان لە تورکیا.

هەواڵنامەی کنێر

١١- بەردەوام بێ لە هاندانی تورکیا بۆ پابەندبوون بە ئەرکە ناودەوڵەتییەکەی بە پاراستن لە مافی کەمینە، ئازادی دەربڕین و هەروەها گەیشتن بە لەدادگەدانی ئازاد بەبێ درێژکردنەوەی ماوەی گرتنی پێش لەدادگەدان.

ئیستانبوڵ/برۆکسل، ١١ ئەیلوول/سێپتێمبەر ٢٠١٢

تورکیا: پەکەکە و چارەسەری کورد

## پێشەکی

لەوەتەی شەڕی فرەوان لەگەڵ پەکەکە لە هاوینی ٢٠١١دا دەستی پێ کردووە، تورکیا دووچاری خراپترین شەڕ بووەتەوە لەو کاتەی عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکەی لە ساڵی ١٩٩٩دا گرتووە و لە گرتیگەی کردووە. بەپێی تۆماری ئامارێکی ڕەسمیی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ١٢ی حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠١١وە دەست کراوە بەکۆکردنەوەی، ٧١١ کەس تا ناوەڕاستی ئاب/ ئۆگستی ٢٠١٢ کوژراون کە پێکهاتوون لە ٢٢٢ سەرباز، پۆلیس و پاسەوانانی گوندەکان، ٤٠٥ شەڕوانانی پەکەکە و ٨٤ هاووڵاتی. ئەوەش چوار جار زیاترە بە بەراورد لەگەڵ ٢٠٠٩ و زۆر زیاتریشە لە ژمارەی ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٤، ئەوکاتەی پەکەکە ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاند.

هیواکان لەناوبران بۆ کۆتاهێنان بەو دووبەرەکییەی کە تا ئێستە زیانی ٣٠٠-٤٥٠ ملیار دۆلاری ئەمەریکاییی لە ئابووریی وڵاتەکە داوە و ٣٠-٤٠ هەزار کەسیش بەو هۆیەوە لە ساڵی ١٩٨٤وە کوژراون. گرژیی مەترسیدار ڕووی لە باشووری ڕۆژهەڵات کردووەتەوە، بەپێچەوانەی ئاراستەی دەیەیەک لە ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی. لە تەمووز/ یۆلیۆدا، بۆ نموونە، زانکۆ چوار ساڵە دامەزراوەکەی هەکاری وانەی شەوانی وەستاند، چونکە ئەو قوتابییانەی لە ناوچە لادێییەکانەوە دەهاتن زۆر دەترسان لە وانەکاندا ئامادە بن.

پەکەکە ماوەیەکی درێژە ڕێگە تۆقێنەرەکان بەکاردێنێ وەک بەشێک لە شێوزای شەڕ و تەقەمەنی وەک هەوڵێک بۆ ئەوەی وا لە حکوومەت بکا بە ڕژدی وەری بگرێ و ببێتە ڕەگەزی سەرەکی لە بزاوی کوردی. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا پەکەکە بەلایەنی کەم ٥٠ کەسی ڕفاندووە، زۆربەیان دواتر ئازادکراون کە پێکهاتبوون لە پەرلەمانتار، کارساز، کارمەندی تەندروستی، مامۆستا، پاسەوانی گوند، بەرپرسانی ئاکەپە و کرێکاری بیناسازی.

لە ئاب/ ئۆگستی ٢٠١١دا بۆمبێکی چێنراو لە کەنارێکی گەشتیاری لە کەمەر نێزیک لە ئەنتاڵیا ١٠ کەسی بریندار کرد کە زۆربەیان بیانی بوون. پەکەکە بەرپرسیارەتیی تەقینەوەکەی هەڵنەگرت، بەڵام یەکێک لە لقەکانی لە ڕابردوودا گەشتیارانی کردووەتەوە ئامانج. هێرشێکی

ئۆتۆمۆبێلێکی خۆکوژ بۆ سەر بنکەیەکی پۆلیس لە پارێزگەی قەیسەری لە ئایار/ مایۆی ٢٠١٢دا لەلایەن پەکەکە دانی پێدا نرا دوور لە هەموو شەڕێک، پۆلیسێک و ٢ هێرشبەری تێدا کوژران و ١٧ی تری بریندار کرد. بەلایەنی کەم لە ١١ هێرشی تیرۆریستی تردا، ٢٦ هاوولاتی گیانیان لەدەست دا. خوێناویترینیان لە ٢٠ی ئاب/ ئۆگستسی ٢٠١٢ بوو، ئەوکاتەی بۆمبێکی چێنراو لە دوورەوە بە کۆنترۆڵ تەقێنرایەوە لە نێزیک بنکەی پۆلیس لە پارێزگەی غازی عەنتاب لەسەر سنووری سووریا. بۆمبەکە پۆلیسێک و ٨ هاوولاتیی کوشت کە لە نێوانیاندا ٤ منداڵ هەبوون و هەروەها ٦٠ی تریشی بریندار کرد. پەکەکە بەرپرسیارەتیی ئەو تەقینەوەیەی بەپاش دا، بەڵام پۆلیس، میدیا و حکوومەت بڕوایان پێی نەهات. هەروەها پێشبینی دەکرێ پەکەکە بەردەوام بێ لە هێرشکردنە سەر پاسەوانگەی جەندرمەی سەرسنوور کە دێنە پاسەوانیکردن لەلایەن گەنجان و سەربازی کەم–مەشق و هەروەها کوشتنی ئەو سەربازانەی لە خزمەتی سەربازیدا نین و لەسەر شەقامدان. لە نموونەیەکدا، تەقەیان لە پۆلیسێکی یاریگەیەکی تۆپی پێ کرد لە پێش چاوی خێزانەکەی، پۆلیسەکە و هاوسەرەکەی گیانیان لەدەست دا.

بەڵام توندتیژییەکانی هاوینی ڕابردوو لە سنووری باشووری ڕۆهەڵات تێپەڕی کرد و زیاتریشی خایاند بە بەراورد لەگەڵ پێشوو. لە ٩ی ئاب/ ئۆگستسدا بۆمبێک بە ئۆتۆمۆبێلێکی سەربازیدا لە فۆچە شارۆکەی سەرکەناری ڕۆئاوا تەقییەوە و ٢ سەرباز بەو هۆیەوە گیانیان لەدەست دا. لە ناوچەی شەمدینلی لە پارێزگەی هەکاری لە سنووری نێوان ئێران و عێراق لە ٢٣ی حوزەیران/ یۆنیۆ و ١٢ی ئاب/ ئۆگستسدا، گوایە پەکەکە چواردەوری شارۆکەکەی داوە و بە چەکی قورس بەرپەرچی ئەو ٢ هەزار سەربازەی داوەتەوە کە بۆ شوێنەکە نێردراون.

پەکەکە ڕای گەیاند ئەوان تاکتیکی نوێ بۆ گرتنی قەوارەیەک بۆ خۆیان لە ناوەوەی وڵاتەکە، بەڵام شەڕەکە پەرەی سەند بۆ درێژترین و خوێناوترین بەیەکدادان لەناو خاکی تورکیا لە ساڵی ١٩٨٤ەوە. حکوومەتی تورکیا بەردەوام کاردانەوەی خێرای هەبووە، بەلایەنی کەم لە ١٦٠ بەیەکدادانی سەربازی و ڕووداوی تەناهیدا لە حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠١١ەوە کە قوربانی زۆری لێ کەوتنەوە.

ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوانە بڕوا وایە زۆر بەرزتر بێ، بەڵام زۆربەیان بەکەموکوڕییەوە لە ڕۆژنامەکان هاتوونەتە بڵاوکردنەوە، بەتایبەت لە میدیای حکوومەتیدا. تەنیا لە ئاب/ ئۆگستسی ٢٠١٢دا، پەکەکە/کەجەکە (کۆما جڤاکێن کوردستان) ٤٠٠ ڕووداوی بۆمبارانکردن، هێرشی ئاسمانی، بەیەکدادان و کردەوەگەلی سەربازیی تۆمار کردووە. هەروەها دەیان دۆخی گیانلەدەستدانی هاوولاتییان لە کردەوەگەلی سەربازیی تورکیا ڕوویان داوە، هەرچەندە دۆخەکان ناودەوڵەتی نین، بەڵام لەلایەن زۆربەی کوردانی تورکیا وەک بەڵگەیەکی نیازخراپیی دەوڵەت و دەربازبوون لە سزا دێنە هەژمارکردن. خوێناویترین ڕووداو لە دیسێمبەری ٢٠١١ هاتە ئەنجامدان ئەوکاتەی هێزی ئاسمانی لە بۆردمانێکدا ٣٤ کوردی لادێنشینی نێزیک لە شارۆکەی ئولودەرە

کوشت کە بەرهەمی نەوتییان لە ڕێگەی هێستر و ئەسپەوە لە سنووری عێراقدا بەڕێگەی قاچاغ دەگواستەوە.

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیران دڵناخۆشیی خۆی دەربڕی و بەڵێنی قەرەبووکردنەوەی دا، بەڵام داوای لێبوردنی تەواوی نەکرد و گوتی "ئەگەر هەستتان بەوە کردبێ، هیچ کامێک لەو قاچاخچییانە هەرگیز پێیان ناکەوێتە کێڵگەی مینی پەکەکەوە کە دەستەکانیان لە نەخشەکاندان".

وەزیری ناوەخۆ تێی پەڕاند و پێشنیازی کرد کە ئەو کەسانە لەو لادێیانەدا هاتبوون کە هاوپەیمانن لەگەڵ هێزی چەکداری پاسەوانی لادێکان کە سەر بە حکوومەتی تورکیان، هاوکات لەگەڵ پەکەکەشدا هاوپەیمان بوون.

بەگوێرەی بێژەر سەدات ئەرگین "لە ڕاستیدا ڕووداوەکە هەستی کوردانی هەرێمەکەی زامدار کرد و هەروەها هەستکردنیان بە بوون بەقوربانی، زیاتر کرد... پێشەنگیی سەرەکی دەبێ بدرێتە بەهێزکردنی خواست و ویستی تورک و کورد بۆ ژیان بەیەکەوە. چارەسەرییەکەی حکوومەت بۆ ئەم دۆسیەیە، کێشەکەی بۆ تیراوە گۆڕی".

هەروەها حەوت کوردی عێراق لە ١٧ی ئاب/ ئۆگستسی ٢٠١١دا بەهۆی هێرشێکی ئاسمانیی ئاشکرا گیانیان لەدەست دا. دوای یازدە ڕۆژ، بۆمبی فرمێسکڕێژ ئەندامی شارەوانیی شارۆکەی وانی کوشت لە کاتی خۆپێشاندان لە پارێزگەی هەکاری. لە ئەپریلی ٢٠٠٩وە، شەپۆلی گرتن لەسەر چەند هەزارێک چالاک لە پارتی سەرەکی و یاسایی بزاوی کورد (ئاشتی و دیموکراتی) بەبەردەوامی هاتووەتە ئەنجامدان.

ئەو گرتنە پەرلەمانتاران، پارێزگار، سەرۆکی شارەوانی (لە شار، شارۆکە و شارەدێکان)، ئەندامی شارەوانیی پارێزگەکان، بەرپرسانی پارتی و چالاکانی ئاساییی گرتەوە. زۆربەیان تۆمەتبار کران بە ئەندامێتی لە ڕێکخراوی تیرۆریستی، بەڵام هیچ کامێکیان تۆمەتی ئەنجامدانی کردەوەی توندتیژییان پێوە نەنرا. بنەوای تۆمەتەکان هەموو کات برێتی بوو لە چەند لێدوانێک کە ئاماژە بەپاڵپشتیی یەک یاخۆ زۆرتر لە ئامانجەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان، ڕێکخراوی چەتردار و لقە تورکییەکانی دەستەکان.

لە ٢٦ی نۆڤێمبەری ٢٠١١دا، پۆلیس خۆیان خستە نووسگە و ماڵی پارێزەران لە ١٦ پارێزگە کە بەرگرییان لە ئۆجەلان دەکرد. تورکیا ٤٤ کەسی گرت، ٣٦یان ئێستە لە گرتیگەن چاوەڕێی لەدادگەدانن بە تۆمەتی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی و گواستنەوەی پەیام لە ئۆجەلان بۆ ئەندامانی تری پەکەکە. ئەوانەی گیران پێک هاتبوون لە هەموو ئەو پارێزەرانەی لە نووسگەی سەرەکیی ئیستانبوڵ کار دەکەن بۆ بەرگریکردن لە ئۆجەلان و پێنج لەو گیراوانەی تر کە لە گرتیگەدان لە دوورگەدا. دوای ئەوەی حکوومەت سەردانی حەوتانەی پارێزەرانی کرد لە تەمووز/ یۆلیۆی ٢٠١٢دا، ئۆجەلان بینینی ئەندامانی خێزانی بەپاش دا. هەزاران چالاکی بزاوی کورد لە

گرتیگەدان بەبێ ئەوەی لەدادگە بدرێن، بەڵام ژمارەی تەواو جێگەی گفتوگۆیە. کاردانەوەی ناودەوڵەتی کپ کرا، بەشێکی بەهۆی تورکیا بەهانە بۆ ئەو کردارانەی دێنێتەوە کە بەشێکن لە هەڵمەتەکانی دژە-تیرۆر. سەرانی ئاکەپە هیچ داوای لێبوردنیان نەکرد، گوتیان پەکەکە کەجەکە بەکار دێنێ بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی تەریب دروست بکا و هەروەها ئەرکی حکوومەت بریتییە لە پارێزگاریکردن لەدەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت بۆ دادوەری و بەکارهێنانی هێز. هەموو ئەوانە بەگەڕانەوەیەکی ترسناک بۆ دواوە دێنە هەژمارکردن و لەو هەوڵە بەرهەمهێنەرانە کەم دەکاتەوە کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە سەربازییە ٢٨ ساڵە خراوەتەگەڕ.

دێتە گوتن ئاکەپە زیاتر کاری کردووە بە بەراورد لەگەڵ حکوومەتەکانی پێش خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئازارە درێژخایەنە سەرکوتکراوەکەی نەتەوەی کورد کە ڕێژەی ١٥-٢٠٪ی ئەو ٧٥ ملیۆن کەسەی لە تورکیا دەژین، پێک دێنێ. ئەو مافانە تەلەڤزیۆنی حکوومەتی بە زوانی کوردی، پشکی دادپەروەرانەی زیاتر لە دەسمایەگێڕی لە پرۆژەکانی شەقام و ژێرخانی ئابووری لە پارێزگە زوان کوردەکانی باشووری ڕۆهەڵات، ئازادیی زیاتر لە بەکارهێنانی زوانی کوردی لەناو کۆمەڵ و هەروەها کەمکردنەوەی بەرچاوی دارکاریکردن لە گرتیگەکان دەگرێتەوە.

حکوومەت لە دوای ٢٠٠٥دا دەستی بەگفتوگۆکردن کرد لەگەڵ پەکەکە بۆ کۆتاهێنانی توندتیژی، هەندێک کەس وەک لایەنی سێیەم لە ئەوروپا هاتنە نێوانیان کە بە پرۆسەی ئۆسلۆ هاتە ناساندن. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩دا، هەردوولا ڕێککەوتن وەک سەرەتا لەسەر ناردنەوەی ٣٤ شەڕوانی پەکەکە و پەنابەر بە دەروازەی خابوور لە سنووری عێراقدا.

بەڵام هیچ لایەک بە تەواوی خۆی بۆ ئەم کارە ئامادە نەکرد. بزاوە کوردییەکە گردبوونەوەیەکی جەماوەریی گەورەی ئەنجام دا گوایە جۆرێک لە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و هەروەها حکوومەت بەپەلە بەتووڕەیییەوە کاردانەوەی کرد. ئەوانەی گەڕانەوە وڵات، لە دادگە سزادران و بۆ عێراق دووبارە ڕایان کرد. گەڕانەوەی ئەوانەی لە هەندەران لە ئەوروپا بڵاوبوونەتەوە، دواخرا و گفتوگۆی دیموکراتیش دەستی کرد بە هەڵوەشانەوە. سەرەڕای ئەمە گفتوگۆکان بۆ نێزیکەی ١٢ دانیشتن بەردەوام بوون. تەیپ و تۆمارکەری دزەکراو ئاماژە بەوە دەکەن کە هەردوولا توانیان بە دڵێکی خۆش و بە نیازپاکییەوە گفتوگۆ بکەن و هەروەها هەردوولا گوتیان بە هیچ شێوەیەک گەڕانەوە بۆ چارەسەری سەربازی نییە. گفتوگۆکان لەناکاو وەستان لە تەمووز/ یۆلیۆی ٢٠١١دا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێ گفتوگۆی تازە کارێکە هەر دەبێ ببێ لەلایەن هەندێک بەرپرسانی حکوومەتییەوە. کۆتای گفتوگۆکان هات لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠١١ کە ئاکەپە ٥٠٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

هەندێک لە بەرپرسان لۆمەی گۆڕینەوەی تەقەیان لە سیلڤان لە پەکەکە کرد کە بووە هۆی کوشتنی ١٣ سەرباز دوای مانگێک لە هەڵبژاردن. بەیەکدادانەکەی ١٤ی تەمووز/ یۆلیۆی ٢٠١١ کە ٧ ئەندامی پەکەکە گیانیان لەدەست دا، بوو بە بابەتێکی مقۆمقۆی گەرم لە سەرەتاوە. هەردوولا

گوتیان ئەوە نیازخراپیی لایەنی بەرامبەر دەخاتە ڕوو. سەرانی پەکەکە ڕایان گەیاند کە سەربازی گەڕۆک ڕووبەڕووی گرووپێکی پەکەکە وەستاوە، وای لە گرووپەکە کردووە بەرگری لەخۆیان بکەن و هەموو سەربازەکان لەو شەڕەدا کوژران کە دروست بوو. لایەنی تورکی گوتیان هەنگاوەکەی پەکەکە بۆ "بەرگریکردن" لە شوبات/ فێبرایەری ٢٠١١دا، ئاگربەستی شکاند و، هێرشەکە پێشتر پلانی بۆ دارێژرا بوو. خوێ خرایە برینی تورکەکان ئەوکاتەی دوای چەند سەعاتێک ئەندامانی پارتە کوردییەکە گردبوونەوە لە نێزیک دیاربەکر، قوربانییەکانیان پشتگوێ خست و ئامانجی "ئۆتۆنۆمییەکی دیموکراتییان" ڕاگەیاند.

بزاوە کوردییەکە لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ ئەگەر ئەردۆگان بەڕاستی ئاشتی دەخوازێ، هەرگیز نەیدەهێشت بەیەکدادانەکە ماندووبوونەکەی لەپێناو ئاشتی بەهەدەر ببا. هەندێکی تر گوتیان ئەوە داوای پەکەکە بوو کە ببێتە هێزێکی بەرگریکار لە باشووری ڕۆهەڵاتی وڵات لە دوای ڕێککەوتنەکە کە پێکهاتنە شیمانەکراوەکەی لەباربرد. پارتە کوردییەکە دەڵێ ئۆجەلان ئەوکاتەی پێشنیازی ئیمزاکردنی دوولایەنەی دۆکیومێنتەکەی (٣ پرۆتۆکۆڵ) کرد، تیمی گفتوگۆکردنی حکوومەت دۆکیومێنتەکەی پێ شیاو بوو، بەڵام لەلایەن ئەردۆگان بایەخی پێ نەدرا. بۆچوونێکی تر ئەوەیە کە ئەردۆگان ڕێگریی کردووە لە بیرۆکەی دانی مافی گەلی کورد.

سەرکردەیەکی ئاوارەی پارتە کوردییەکە گوتی، هەوڵیان دا چەند بیرۆکەیەک لەسەر ئۆجەلان تاقی بکەنەوە، بەم شێوەیە بیریان دەکردەوە "ئێمە ئۆجەلان قایل دەکەین، دەتوانین ئەوە بکەین و ئەوەش لەگەڵ پارتەکە دەکەین". نەیانتوانی ڕازیی بکەن. ئەوەش هۆی شەڕی تازەیە. ئەوە وا لە خەڵک و پارتەکە دەکا زۆر تووڕە بن... هیچ وەڵامێک بۆ ئەو داوایەی لە ئۆجەلان هاتە کردن نەبوو، هەروەک وابێ هیچ قسەیەکی نەکردبێ. ئەوان بژارەی سەربازی پێڕەو دەکەن بۆ ئەوەی خواست و سووربوونمان بشکێنن، سەرەڕای ئەوەی ئەوان دەزانن ئەو شتە کاری خۆی ناکا.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هیوایەکی ڕێککەوتن و سازشکردن بەتەواوەتی لەدەست نەدراوە. هەروەها پارتی ئاشتی و دیموکراتی سەرکەوتوو بوو لە هەڵبژاردنەکان، پاڵپشتیی لەو پاڵاوکە سەربەخۆیانە کرد کە ٣٦ کورسییان لە پەرلەمان بردەوە.

دوای جێهێشتنی تەلاری پەرلەمان بۆ زیاتر لە ٣ مانگ وەک ناڕەزایی دەربڕین لەو شێوەیەی ئەندام پەرلەمانێک کورسییەکەی لێ دوورخرایەوە بەهۆی ئەوەی لە دوا کاتدا سزای "پرۆپاگەندەکردن بۆ تیرۆر"ی بەسەردا هاتە سەپاندن. پێنج پەرلەمانتاری تریش ڕێگەیان پێ نەدرا بەهۆی گرتنیان بەبێ لەدادگەدان، هەرچەندە ئەندام پەرلەمانەکان لە ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١دا سوێندیان خوارد و کورسییەکانیان وەرگرت.

پەرلەمان پێویستە وابێ کە گفتوگۆی ڕاستەقینەی لەسەر چاکسازی بۆ فرەوانکردنی مافی کوردی تێدا ڕووبدا. ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا گوتی کە ئەو پاڵپشتی لە پرۆسەی

پەرلەمان دەکا. باشترین گفتوگۆی بەرایی برێتی بوو لە پێکهێنانی لێژنەیەک لە هەموو پارتەکانی پەرلەمان لە ئۆکتۆبەری ٢٠١١ بۆ ئامادەکردنی یەکەم ڕەشنووس بۆ دانانی دەستوورێکی نوێ. هەندێک وای بۆ دەچن کە ئەو کارە ئاسان بێ، سەرەڕای ئەو چوار پارتە دەستیان بەدیاریکردنی هێڵی سوور کرد کە پرۆسەی سازشکردنی کەمێک لە مافەکانی لەبارەی بابەتە هەستیارەکانی پێوەندار بە کورد دواخست. بەڵام هیچ پارتێک نەیویست مێزی گفتوگۆ جێ بهێڵێ، چونکە پرۆسەی گفتوگۆکە یەکسەر دەوەستێ ئەگەر یەکێک لەلایەنەکان وا بکا.

لە ئایار/ مایۆی ٢٠١٢، پارتی گەلی کۆماری کە پارتێکی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنە، پێشنیازی پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانیی هەشت کەسیی لە هەموو پارتە بەشدارەکان کرد بۆ گفتوگۆکردنی کێشەی کورد کە لێژنەی پیاوماقووڵی دوازدە کەسییەکەش پێوەندییان پێوە بکەن. ئەوەش هەڵگەڕانەوە بوو لە هەڵوێست بۆ پارتی گەل، چونکە لە ٢٠١٠دا ئەوکاتەی فەرمانڕەواییی وڵاتی دەکرد، گفتوگۆی کراوەی لەگەڵ ئاکەپە بەهەموو شێوەیەک ڕەت کردەوە. لە ٦ی حوزەیران/ یۆنیۆدا سەرانی ئاکەپە (AKP) و جەهەپە (CHP) بیرۆکەکەیان تاوتوێ کرد کە لەلایەن بەدەپە (BDP) پێشوازیی لێ هاتە کردن، و هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر بەشداریکردنی مەهەپە لە پرۆسەکە کە هەرچەندە بچووکیشە، بەڵام پارتێکی کاریگەریی نەتەوەییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارتە ڕەتی کردەوە دانیشتن بکا لەسەر ئەو بابەتەی پێی دەڵێن کێشەی کورد لە وڵاتەکەدا. مەهەپە جەهەپەی تاوانبار کرد بەوەی بووەتە "گۆتیاری ئۆجەلان"، بەڵام ئاکەپە پێشنیازی کرد کە بەردەوام دەبێ بەشێوەیەکی نارەسمیی زیاتر لەگەڵ جەهەپە بەتەنیا.

پێشکەوتنەکانی تر ڕوون دیارن. حکوومەت لەم دواییەدا کوشتنی زیاتری چالاکانی پەکەکەی دوور لە دادگە لە دوای ١٩٩٠ەوە ئاشکرا کرد هەرچەندە ئەو سەرکۆنانە زۆر درەنگ دێن. بۆ نموونە لە ئایار/ مایۆی ٢٠١٢، ١٧ سەرباز هاتنە گرتن و سزادران بە تۆمەتی پێوەندییان لە کوشتنی ٢ چەکداری پەکەکە و هاووڵاتییەک لە ٢٠٠٩دا. بەڵام هەموو ستراتیجییەتی حکوومەت و کێ بەرپرسە لە دانانی و لە جێبەجێکردنی، ڕوون نییە. زۆر لە بێژەر و دیپلۆماتەکانی ئەنکەرە پێیان وایە کە پێشەنگیی ئەردۆگان برێتییە لەوەی کە وەک سەرۆک لە ٢٠١٤ بێتە هەڵبژاردن، بۆیە ئەو لە هەوڵی زیادکردنی پشکی دەنگە نەتەوەییەکانی تورکیایە لە ڕێگەی خۆبەدوورگرتن لە هەنگاوی نەخوازراو لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردا.

بەڵام ئاکەپە ئارەزووی ئەوەی هەیە خۆی بدات بە دەم مەترسییەوە. لە یۆنیۆی ٢٠١٢دا، ئارینچ جێگری سەرۆک وەزیران گوتی، گواستنەوەی ئۆجەلان بۆ خانووی دەسبەسەری دەکرێ بێتە گفتوگۆکردن ئەوکاتەی پەکەکە چەکی دانا و ئاشتی بەرقەرار بوو. هەروەها پاڵپشتیی بیرۆکەی هەمووارکردنی ئەو یاسایەی کرد کە پرۆپاگەندە وەک تیرۆریزم هاوتا دەکا. لە یۆلیۆی ٢٠١٢دا، ژمارەیەک یاسا گرتنی گومانلێکراوانی زیاتر زەحمەت کرد، هەروەها ژمارەیەکی کەمیش لە چالاکانی پارتە کوردییەکە وەک سەرەتایەک هاتنە ئازادکردن.

نیشانەپێکردنی حەزکردن بەچاوپێکەوتن بۆ دەستپێکێکی نوێ، لەیلا زانا یەکێک لە سەرکردەکانی بزاوی کورد سیاسەتی خۆی لە وتاری دژە-ئاکەپەی بەدەپە و پەکەکە دوور خستەوە. ئەوەش دوای ئەوەی گوتی کە ئەردۆگان ئەو کەسە بوو کە دەیتوانی کێشەی کورد چارەسەر بکا. زانا لە ٣٠ی حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠١٢ چاوی بە ئەردۆگان کەوت تا داوای زیندووکردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە، داوای لێبوردنێکی شیاو بۆ کوشتنی ٣٤ کوردە قاچاخچییەکە و پێداچوونەوە بە بابەتی خانووی دەستبەسەری بۆ ئۆجەلانی لێ بکا.

هەرچەندە زانا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەی لێ هاتە گرتن لەلایەن سەرانی بەدەپە و یاخییانی پەکەکە، ئەو لەلایەن چەند گرووپێکی بڕیاردەری کوردی پاڵپشتیی لێ کرا.

هەروەها حکوومەتی تورکیا ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆی بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ پەکەکە لە ڕێگەی مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێشتەوە. غالب ئەنساری ئۆغلو پەرلەمانتاری ئاکەپە لەم بارەیەوە گوتی "پارتە کوردییەکە بە تەواوەتی بێهیوا نەبووە لە پرۆسەکە... هێشتا کۆتای پێ نەهاتووە". بەڵام هێشتا هەندێک ڕێگەی توندتیژی دەگرنەبەر. لەو کاتەدا زۆر لە گرووپی دروستکەری ڕای کوردی و تورکی داوانامەیەکیان ئیمزا کرد بۆ ئەوەی پەکەکە ئاگربەست ڕابگەیەنێ لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا، چەکدارانی پارتەکە گوێیان لە داواکە نەگرت و هێرشی نوێیان دەست پێ کرد.

بەشێک لە ڕای گشتیی تورکی تووڕەیە و داوای لە حکوومەت هەیە کاردانەوەی توندتری هەبێ. گەورەترین دەربڕین بە زوانی تورکی لە تویتەر لە ٥ و ٦ ئۆگستسدا برێتی بوو (ئێمە سەرەتایەک بۆ دانیشتنمان ناوێ، ئێمە کوشتارگەمان دەوێ).

ئەو ڕاپۆرتە ورد دەبێتەوە لە پەکەکە و ڕێکخراوەکانی سەر بەو پارتە، پشت بەستراوە بە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی کە لە سێپتێمبەری ٢٠١١ بۆ کۆتاهێنانی وەستان دژ بە حکوومەت نووسراوە. ئەو ڕاپۆرتانە هەوڵێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی هەیە لە بۆچوون و زانیاری و متمانە پێک دێن کە هەیە لە نێوان پارتە کوردییەکە لەلایەک کە هەست دەکا بەنادادپەروەری لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە کراوەتە ئامانج و لەگەڵ ڕای گشتیی تورکی لەلایەکەی تر کە زۆر تووڕەیە لە توندتیژییەکانی پەکەکە، ئەوەش بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێ لە پێناسەکردنی بەرنامەیەکی سیاسیی ڕاستەقینەی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

ئەمە بەشێکی ڕاپۆرتێکی ئەوڕوپاییی ژمارە ٢١٩ی گرووپی تەنگژەیە کە لە ١١ی ئەیلوول/ سێپتێمبەری ٢٠١٢دا بڵاو کراوەتەوە.

# زمانی کوردی لە باشوور

حەمەفەریق حەسەن

زمان بەشێکی هەرە گرینگە لە ئەوێتیی (هەویە، شوناس) هەر گەلێک. دەشێ بڵێین زمان وەک پەنجەمۆری گەلان وایە، کە بەهۆیەوە دەناسرێنەوە. مرۆڤ لە گەوهەردا بریتییە لە زمان و ئەوێتی. زمان هزرە و خۆ دانەپاڵ نەتەوەیەکیشە. ئەوە زمانە کە سەدان ساڵە، بەوپەڕی ئەمانەتەوە ئەدەب و مێژووی ئێمەی لەلای خۆی پاراستووە. زمان وەک چۆن لێبڕاوە شکستەکانمان بگێڕێتەوە، بە هەمان شێوە سەرکەوتنەکانیشمان بۆ تۆمار دەکات. ئەمین مەعلوف لە کتێبی (الهويات القاتلة)دا ئاوا باسی زمان دەکا: "زمان بەشێکە لە کەرامەتی هەر نەتەوەیەک."

وەختایێ داگیرکەری خۆرئاوایی، بە ئۆردووی تەیارەوە، بە سواری تانک و فڕۆکەوە، ڕوویان لە کەرتەی ئەفریقا کرد، زۆرێک لە زمانەکانی ئەو کەرتەیان سڕییەوە و زمانی خۆیان، واتە ئینگلیزی و فڕەنسییان لەبرییان کرد بە زمانی فەرمی. ئێستایش، کە وڵاتانی ئەفریقا ئازادن، زۆرێک لە زمانە ئەفریقاییەکان، تەنیا وەک زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی نێوان خەڵک ماونەتەوە و چییتر پێیان نانووسرێ. ئەو کەوتنەی کەوتن هەڵنەسانەوە.

بەڵام یەک لەباری ئێمەی کورد، لەگەڵ ئەوەیشدا، کە عارەب و فارس و تورک، بەدرێژاییی چەندان سەدە، زلهێزی بێ ڕکابەری ناوچەکە و جیهانیش بوون، بە شمشێری باریک و تیژەوە، بە ئۆردووی چاوبەخوێنی بێشومارەوە، ئەگەرچی خاکی ئێمەیان زەوت کردووە، مرۆڤی ئێمەیان پێمل کرد. بەزۆردارەکی زمانی خۆیانیان بەسەر ئێمەدا سەپاندووە. بەڵام هێشتا زمانی ئێمەیان بۆ زەوت نەکراوە. عارەبی و تورکی و فارسی نەیانتوانیوە زمانی کوردی بسڕنەوە. تەنانەت ئەوان نەیانتوانیوە، شێوەزارێکی گچکەیش لەو هەموو شێوەزارەی زمانی کوردی، کە هەیانە چەند سەد هەژارێک قسەی پێ دەکەن، بسڕنەوە.

زمانی ئێمە زیندووە، لە جووڵەی بەردەوامدایە بەرەو پێشەوە. تۆ هەروا بەراوردێک لەنێوان ئەم زمانەی ئەمڕۆ پێی دەنووسین و ئەوەی پەنجا ساڵێک لەمەوبەردا بکە، بزانە چۆن زمانەکە هەزاران

وشەی نوێی لێ کەوتووەتەوە. ئەم گەشەیە لەخۆیدا نیشانەی دەوڵەمەندیی زمانەکەیە. ئەگەر لەم ڕووەوە بەراوردی زمانی خۆمان لەگەڵ زمانی گەلی سەردەستدا بکەین، دەبینین نێوانیان گەلێک زۆرە. هەر بۆ نموونە، ئەگەر لەم ڕوووەوە بیگرین، زمانی عارەبی بە چارەکی زمانی کوردی نەچووەتە پێش.

ئەم ڕاستییەیش لە خۆیدا بەهێزیی زمانەکە و پێداگریی خاوەن زمانەکە پیشان دەدا. ئێمە بە درێژایی چەندان سەدە پێمل و پێخوستی تورک و فارس و عارەبان بووین، کەچی زمانی کوردی لە باشور، کە جاران تەنیا بۆ گفتوگۆی زارەکی بەکارهاتووە، لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەدواوە، گەشەی بەرچاوی کردووە و حاڵی حازر لە توانایدا هەیە زانستەکانیش لەخۆ بگرێت.

لەکن ئێمەی کورد، هەردوو وشەی (زمان و زبان) هاوواتان، هەم بە واتای (لەنگویج، لغە) دێن هەمیش بە واتای (تەنگ، لسان). کاتێک گەورەیەک ئامۆژگاریی گچکەیەک دەکا و پێی دەڵێ: (ئازاری ئەو بێزمانە مەدە!) مەبەستی لە وشەی (بێزمان) ئاژەڵە. ئێمە هێندێک جاران وشەی (بەستەزمان) بەکاردەهێنین، بەو واتایەی، ئاژەڵ زمانی بەستراوە، وەک مرۆڤ زمان پژاو و زمان ئازاد نییە.

بە واتایەکی تر، کورد پێی وایە ئەوەی زمانی خۆی نەبێت لەڕیزی ئاژەڵدایە. چونکە ئاژەڵ زمانێک بۆ گفتوگۆ و بۆ بەرگری کردن لە خۆی گومان نابات. بە شیوەیەکی تر بڵێین، یەکێک لە ئەرکەکانی زمان بەرگریکردنە لە مرۆڤ خۆی. هەڵبەتە ئەگەر ئاژەڵیش زمانێکی بۆ گفتوگۆ هەبوایە، ئەوا کاتێک ئازاردرا و مافی خورا، هاواری لێ هەڵدەسا و دەنگی خۆی بە دەوروبەرەکەی دەگەیاند.

ئەوی ڕاستی بێت، بۆ بەرگری کردن لە خۆ، یان لەهەر پرسێکی تر، زمان لە دەست درێژترە، چونکە زمان هەتا ئەوپەڕی دنیا دەگات و مەودای دەستەکانیشمان هێجگار کورتە. کورد لە باشوور، ئەوەندەی لەڕێی چەکوچۆڵەوە بەرگریی لە خۆی کردووە، ئەوەندە و بگرە زیاتریش لە ڕێی زمانەوە بەرگریی کردووە. زمان لەوپەڕی چڕبوونەوە و گوزارشتی خۆیدا کە لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وتاردا بەرجەستە بووە، لە پەخشنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە و کاتی خۆی لە ڕادیۆکانی چیاوە، دراون بە گوێی خۆمان و بە گوێی دەرودراسێ و جیهانیشدا.

ڕاستییەکەی، من لەم وتارەدا دەمەوێ بڵێم، بەدرێژایی مێژوو، هێندەی ئێستای باشووری کوردستان، زمانی کوردی لەبن فشار و شێواندن و هەڕەشەی جیددیدا نەبووە. ئەم هەڕەشە جیددییەیش لە ڕاپەڕینەوە دەستی پێ کردووە و ئێستا گەیشتووەتە لووتکە. حاڵی حازر، ئێمە خاوەنی خاکێکین وەلێ بە دوو زمان دەدوێین. ڕۆژنامە و گۆڤارەیل ئەوەی نەیزانن و گرینگیی پێ نەدەن، زمانی کوردییە. ڕیکلامەیل ناکوردین. ئێمە بەهەڵە ناو لە جگەرگۆشەکانمان، لە شار و گوندی هاوچەرخمان، لە دوکان و بازاڕمان دەنێین.

ئێمە لە پاڵتاک و فەیسبوکدا بەهەڵە زمان بەکاردەهێنین. تیڤی و ڕادیۆ، کە دوو ئامێری زۆر

گرینگن و لەوێوە بەرپرسانی حزب و حکوومەت حوکمڕانی دەکەن. وەلێ ئەوان بەزۆری زمانی کوردی نازانن. نێزیکەی هەموو ئەوانەی بە کاری وەرگێڕانەوە خەریکن کوردی نازانن! بە کوردی و کورتییەکەی ئەگەر لە ماوەیەکی کورتدا چارەسەرێک بۆ ئەم دۆخە ناهەموارەی، کە زمانەکەمانی تێکەوتووە نەدۆزرێتەوە، ئەوا زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا بە یەکجاری لەناودەچێت. ئەم جارەیان خۆیشمان لەناوی دەبەین، نەک دوژمن.

ئێستا چەندان فیلمی کارتۆنی بیانی، بۆ زمانی کوردی دۆبلاج کراون. چەندان فیلمی سینەماییی کوردیشمان هەن، بە زمانی کوردی دەئاخڤن. بە زمانی کوردی یارییەکانی تۆپی پێ دەگوازرێنەوە. ئەم هەواڵانە دڵخۆشکەرن و جێی ڕێزن. وەلێ بۆمان هەیە بپرسین: ئەگەر بەپێی دەستوور، کوردی زمانی فەرمیی هەرێمە و بڕیاری لەسەر دراوە، ئەدی لە پای چی لە هەندێک ئوتێلدا بە زمانی بیانی پێشوازی لە گەشتیار و میوان دەکرێت؟ بەدەر لە کوردستان، لە کوێی دیکەی جیهاندا دیاردەی وەها سەروسووڕمێن بەرچاو دەکەوێ؟ چۆن دەبێت وەزیر و ئەندام پارلەمان، بەو ڕادەیەیش کۆڵەوار بن و زمانی دایکی خۆیان نەزانن؟ بۆچی ئەو بەڕێزانە خولی فێربوونی زمان نابینن؟ بەڕاست ئەوانە کێن ڕێ بۆ وێران کردنی زمانی کوردی خۆش دەکەن؟

ناکرێت فێربوونی زمانی بیانی لەسەر حسابی زمانی دایک بێت.

لە تەواوی ئەم دنیایەدا، پێشنۆرە هەر لە بۆ زمانی دایکە. تۆ ناتوانی ئێگلیزێک، ئەڵمانێک، ڕووسێک بدۆزییەوە بە زمانی بیانی چاکتر گوزارشت بکات، یان بنووسێت و بخوێنێتەوە هەتا زمانی دایکی. بەڵام زۆرێک کورد هەنە، لە سەر خاکی خۆیانن و لە باوەشی گەرمی کەسوکاری خۆیاندا دەژین، لە باوک و دایکێکی کورد کەوتوونەتەوە، کەچی بە زمانی بیانی باشتر دەتوانن گوزاشت بکەن، بنووسن و بخوێننەوە. ئەم دیاردە ناجۆرەیش، بۆ کەمتەرخەمی و بەگرینگ نەگرتنی زمانی دایک دەگەڕێتەوە، کە پایەی هەرە گرینگی ئەوێتیی (هەویە)ی تاکی کورد پێکدەهێنێ. بەشێکیش لەم دۆخە، بۆ خراپیی ئاستی وانەگوتنەوە و پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە، کە پێدڤییە گوڕێنی ڕیشەییی تێدا بکرێت و مامۆستای بە توانای بۆ ئامادە بکرێت.

لەوانەیە شارستانەتیی کۆنی عوسمانی و عارەبی، ئەو ئازیزانەیان خاپاندبێت، بۆیە ئەوانە بە شانازییەوە بە زمانەیلی تورکی و عارەبی دەدوێن؟ جا باشە، ئەو شارستانەتەی ئەوسای عارەب و عوسمانی بە ئێستای خۆیان چی؟ ئەی بە ئێستای ئەم کوردە گوناهە چێ؟ ڕەنگیشە هەستی کێماسی، تاکی کوردی بەو ڕادەیە گرفتار کردبێت، ئەگینا بۆچی دەبێ ناوی زۆرێک لە بازاڕ، گوند، موڵک و ماڵی خەڵک بە زمانی ئینگلیزی ناویان لێ نرابێت؟

تۆ بزانە، کار گەیشتووەتە ئاستێک، هەر دەزگەیەکی پەخش لەم وڵاتەدا بگریت، ڕێنووسی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم دیاردەیە لەخۆیدا پەتایە. وەک ئەوەیە، هەر دەزگەیەک، زمانی تایبەت بە خۆی هەبێت! ئەمەیشیان بێجگە لە کوردستان، لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئەم جیهانەدا بەرچاو ناکەوێت!

هەر سەبارەت بە پرسی زمان، بیانی هەیە، بۆ ئەوەی دەقە فەلسەفییەکانی سورین کیرکیگارد و حیکایەتەکانی هۆ سی ئەنەس بە زمانی دانیمارکی، واتە بە زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان بخوێنێتەوە کە، فەلسەفە و چیرۆکەکانی پێ نووسراوە، هاتووە ماوەیەکی باش لەم وڵاتە ماوەتەوە و خۆی فێری زمانی دانیمارکی کردووە. تەواو وەک نموونەی ئەو خوێندکارە هۆڵەندییەی کە ماوەیەک لەمەوبەر بەمەبەستی نووسینی توێژینەوەیەک، لە مەڕ هونەری مووزیک و گۆرانیی کوردی، خۆی فێری زمانی کوردی کردبوو.

زمانی پاک، زمانی ئەدەبی، لەکن نووسەران دەست دەکەوێت، نەک لە شوێنی دیکەی لاکۆڵان. ئەوانن کە داهێنان لە زماندا دەکەن و چاوەڕوانی دەستی کۆڕی زانیاری، یان دەزگەی پەروەردە و خوێندنی فەرمی نابن، تا لەسەر سینییەکی زێڕ زاراوەی نوێیان بخاتە بەردەست. بەڵکو لە تافی دەرکەوتنی هەر دیاردە و هەڵوێستێکی نوێدا، ئەوان خۆیان بیری لێ دەکەنەوە و دەربڕینی نوێ و زاراوەی نوێی پڕ بە پێستی بۆ دادەهێنن و ناوی لێ دەنێن. پاشانیش ئەو زاراوانە لە نێو خەڵکدا دەبن بە باو و دەچەسپێن. نووسەریش لەلای ئێمەی کورد، بریتییە لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شاعیر و توێژەران. هەر ئەوانیشن کە زمان دەپارێزن و پەرەیشی پێ دەدەن. هەندێک لەو نووسەرانە، نەک هەر بە داهێنانەکانیان زمانی کوردییان دەوڵەمەند کردووە، بەڵکو نازناوەکانیشیان بوونەتە ناوی مندالانی ئەم سەردەمە وەک: نالی، خانی، هەردی و گۆران و...

بەرلەوەی بیانی زیانی پێ بگەیێنێت، ئەوە خۆمانین کە زمانی کوردیمان وێران کردووە. لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و ماڵپەرەکادا، لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، ڕۆژانە زمانی کوردی وێران دەکرێت، کە دەبوایە هەر خۆیان وەک چاویان بیانپاراستایە. لەنێو بازاڕەکانیشەوە وێرانی دەکەن، کاتێک بە نەشارەزایی ناو لە بازاڕ و پیشانگەکانیان دەنێن. ئەوە خۆمانین وێرانی دەکەین، کاتێک بە هەڵە و بێ بیرکردنەوە، ناو لە کۆرپەکانمان دەنێین.

ئەوی ڕاستی بێت، بوونی ئێمە، لە دەرێی زمانی کوردی، هیچ واتایەکی نییە. چونکە لەوە زیاتر گومان نابەین پێناسەمان بکات و بە دەوروبەرمان بناسێنێت، لەم جیهانە هەزار و یەک ڕەنگ و زمانەدا، گوزارشت لە بوون و لە ئەوێتیمان بکات. ئێمە دەتوانین جەختی لەسەر بکەین، زمانی کوردی، لانیکەم زمانی دوو ئاینە، ئەوانیش کاکەیی و ئێزدین و ژمارەیەک کتێبی پیرۆزیشی پێ نووسراوە. کاتی خۆی خۆی ئەلفوبێی خۆی هەبووە و پێی نووسراوە. ئەویش ئەوە ئەلفوبێیەیە کە لە دەستخەتە کۆنەکانی ئاوێستا و مەسحەفا ڕەش و جیلوەدا دەبینرێن. بۆچی مووساییەکان چوونەوە سەر ئەلفوبێی کۆنی خۆیان بۆچی ئێمە ناتوانین؟

زمانی عارەبی ئەگەرچی، زیاد لە بیست دەوڵەت، بە هەموو دەزگەکانیانەوە، لە خزمەتیدان و پشتیوانیی لێ دەکەن. هەندێک عارەبیش هەن، لەو سۆنگەیەوە کە قورئانی پێ نووسراوە، بە زمانی بەهەشت ناوی دێن و مەبەستیانە وەک زمانێکی پیرۆز (مقدس)، بە گەلانی موسوڵمانی بناسێن. هەندێک ڕووناکبیری عارەب بەم شێوەیە دەیناسێنن: "عەرەبی، زمانی عارەب و

موسولمانانە" لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر بەپێی ڕای پسپۆڕانی خۆیان، حاڵی حازر سنووری بەکارهێنانی بەرەو تەسکبوونەوە دەچێت.

ئەم دۆخە نوێیەیش بە زۆری بۆ فشاری زمانە بەهێزەکان دەگەڕێتەوە، لە پێش هەموویانەوە زمانی ئینگلیزی و فرەنسی. حاڵی حازر نێزیکەی چارەکێکی حەشیمەتی وڵاتی (مۆریتانیا)، کە بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر خێڵە ئەفریقاییەکان، داوا دەکەن و سووریشن لەسەر ئەوەی، فرەنسی لەو وڵاتەدا زمانی فەرمی بێت، ئەگەرچی بەپێی دەستووری وڵاتی مۆریتانیا، عارەبی وەک زمانی دەوڵەت بڕیاری لەسەر دراوە.

تاکو ئێستایش لە وڵاتی ئەلجەزائیر، زۆر هاووڵاتی هەن زمانی فرەنسی بەگەن دەکەن نەک عارەبی. جا ئەگەر ئەمە حاڵی زمانێکی وەها خزمەتکراو و بەربڵاو بێت، ئەوا ئێمەی کوردیش، گەرەکە هەتا زووە، وەخۆمان بکەوین، دەنا زمانەکەیشمان لەدەست دەچێت.

حاڵی حازر، زمانی کوردی پێویستی بە داواکاری گشتی هەیە، تا لەو تاوانانە بێتەدەنگ کە دەرهەقی دەکرێت. ئەوەی زمان نەزانێت، نەک هەر ڕۆشنبیر نییە، بەڵکو خوێندەواریش نییە. ئەو تاکەی بە زمانێکی سەقەت بنووسێت، تاوان بەرانبەر زمانەکە ئەنجامدەدات. بۆیە گەرەکە ڕێی پێنەدرێ، کاری وەها بکات. بەڵام لەم سەردەمەدا، کە ئێمە خۆمان حوکمی خۆمان دەکەین، زمانی کوردی بێ پشت و پەنا ماوەتەوە. کەسێک، لایەنێک گومان نابات بەرگریی لێ بکات.

وەک چۆن بە مەبەستی پاراستنی تەندروستیی ئەو خەڵکە، چاودێریی شوێنە گشتییەکان و پشکنینیان لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پێویستە، هەمان دەستوور، چێکردنی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ پشکنینی کتێبخانە و هەموو ئەو دەزگە لاکۆڵانانەی وا کتێب چاپدەکەن، بۆ سەلامەتیی زمانەکەمان کارێکی پێویستە. پێویستە ئەو کتێبانەی کە بەکوردییەکی نارەوان نووسراون لەبەینببرێن. کاتی ئەوەیش هاتووە پێداچوونەوەیەکی جیددی بەو هەموو ئەو ناو و ناونیشانانەی کە بەهەڵە لە دوکان و بازاڕەیل، تەنانەت لە تاکەکانی ئەم گەلەیش نراون بکرێت.

بۆ ئەوەی ئاسۆ لەپێش زمانی کوردیدا فرەوانتر بێت، بۆ ئەوەی زمانەکەمان ئۆرت و ئیعتیباری زیاتر پەیدا بکات، دەبوایە نوێنەرانی کورد لە بەغداد، وەختایێ دەستووری نوێیان بۆ عێراق داڕشت، بیان کردایە بە خاڵێک، وەک خۆیان دەڵێن (جەختیان لەسەر بکردایە) کە لەمەولا هەر بەڕێزێک لەو وڵاتە بۆ ئەوەی پۆستی باڵا بگرێتە دەست، وەک سەرکۆمار، سەرۆک وەزیران، وەزیر و جێگرەکانی، سەرۆکی پارلەمان و جێگرەکانی. سەرۆک ئەرکانی سوپا و سەرلەشکرەکان، پارێزگاری دیالا و موسڵ و سەلاحەددین، کە لەم سێ پارێزگەیەدا کوردێکی زۆر دەژین، زمانی کوردی بزانن.

ئایا مەعقوولە سەرۆک وەزیرانی عێراق زمانی کوردی نەزانێ، کە لانیکەم شەش ملیۆن کەس لە وڵاتەکەیدا بە زمانی کوردی دەدوێن؟ ئایا مەعقوولە، پارێزگاری موسڵ، دیالە و سەلاحەددین، کاتێک ویستیان لەگەڵ هاووڵاتییەکی کورددا بدوێن، پەنا بۆ وەرگێڕ ببەن؟

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

### لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرەنسادا

ئەڵقەی یانزەیەم

---

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٠**

سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١٥١

نوسخەی ژمارە: ٢

نامیلکەی ژمارە: ١

هەواڵنامەی کتێب

٢٥ی شوباتی ١٩٢٥

(نهێنی)

دووەم: زانیاریگەلی گشتی

١- سیاسەتی ناوەخۆ

بزاوی چەکداریی کورد لە ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا[١]

ئاژانسی چاک و سەرچاوەی هەمەچەشنە

١٨ بۆ ٢٤ی شوباتی ١٩٢٥

ئەم بزاوە لە هەمووان گرینگترە و جێگەی ئەو گومانە دەبێت کە لە پێشهاتە بەراییەکانیدا زۆر ئاڵۆزە، کە لە لایەن کۆمیسێریای ناوەخۆ دراوە بە ڕۆژنامەکان. ئەم بزووتنەوەیە بریتییە لە

......................................................................

وەرگێڕان لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی جیاخواز کە هەڕەشەی ئەوە دەکات هەموو خێڵە کوردەکانی ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکان بتەنێتەوە. شێخ سەعید کە لە لایەن خۆجەکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ، بانگی جیهادی دژ بە حکوومەتی ئەنگۆرە ڕاگەیاندووە.

ئەم بزاوە کە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی ۱۹۲٤-ەوە[2] لە ویلایەتەکانی بدلیس و مووش زانراوە. لەوانەیە ئەو هەنگاوە سەربازییانەی کە لە دوای گرژیی نێوان یۆنان و تورکیا گیرانە بەر، گەڕان بە دوای فیرار و هەڵاتووەکانی دەستەی ئیحتیاتی ۱۳۱٦ و ۱۳۱۷ و بانگەوازی بانگکردنی دەستەی ۱۳۱۸ بۆ ئیحتیات، ڕووداوەکانی تاو دابێت. بەو پێیەی کە لە ناوەندی حکوومەتیدا لە بەرفرەوانبوونی سروشتی ئەم بزاوە دەترسێن کەوا پەل بۆ ناوچە کۆنسێرڤاتۆرە تورکییەکانی ئەنادۆل درێژ بکات.

کەمال لایەنگیری داپلۆسینێکی دڵڕەقانەیە و بانگەواز بۆ هێزگەلی لەشکری نیزامی کراوە، وا دیارە فیرقەی ژاندرمەری ناوخۆ زۆر بڕواپێکراو نییە[3]. فەتحی بەگ ئەو ئاستەنگگەلەی وەبیر هێنایەوە کە بەرەو ڕووی داپلۆسینێکی خوێناوی دەبێتەوە لە ناوچەیەکدا کە گوزەرکردن پیایدا بەم وەرزە ئەستەمە و لایەنگیری کەمتر ڕەقی نواندن بوو لە داپلۆسین بۆ سەر هۆزە کوردەکانی سنووری عێراق. عیسمەت پاشا کە لە گەشتی هەلکیدا بوو، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە غازییەوە کردووە و لەگەڵ ئەمەی دوایی هاوڕا بووە لەبارەی داپلۆسین و داوای ئەوەشی لێ کراوە بگەڕێتەوە بۆ ئەنگۆرە بۆ ئەوەی بەم ئاڕاستەیە لە کۆبوونەوەی پارتی گەلدا بەشداری بکات و هەروەها ڕای خۆی لەسەر ژمارەیەک پرسی سیاسیی ناوخۆیی دەربڕێ کە پارتی گەلی بەشە بەش کردبوو.

چاپەمەنیی ۲٤ی مانگ ئەوەیان ڕاگەیاند کەوا حوکمی عورفی بەسەر ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ڕاگەیەندراوە. تێبینیی ئەوەش کراوە کە تەنیا یەک قەزا لە ویلایەتی ئەرزەڕۆم ئەم حوکمی عورفییەی گرتووەتەوە، دەزانرێ کە لە ئەرزەڕۆمدا هەژموونی کازم قەرە بەکر زۆر بەهێزە. توندڕۆیەکانی پارتی گەل هەتا پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە حوکمی عورفی کۆنستانتینۆپلیش بگرێتەوە. ئەم مەترسییە زۆر بە توندی کاریگەریی لەسەر بۆرسەی ڕۆژی ۲۳ی مانگ بووە. لە کۆنستانتینۆپل لەوە دەترسێن غازی، کە هەست بە بەرزبوونەوەی ڕۆژبەدوای ڕۆژی ئۆپۆزسیۆن دەکات دەرفەتی پشێویەکانی کورد بە هەنگاوهەڵگرتنی زۆر زەبروزەنگاوییانە بۆ سەقامگیربوونی دەسەڵاتی خۆی بقۆزێتەوە. شێخ سەعید بۆخۆی ئەو کەسایەتییە بە هەژموونە نییە کە باس دەکرێ. لە سەرۆکەکانی دیکەی ئەم بزووتنەوەیە باسی پرۆفیسۆر فەخری و کۆلۆنیلی پێشوو، نەڤرەس بەگ دەکرێ.

هەروەها لەناو سوپای تورک ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری کورد هەیە. ئەم ئەفسەرانە حکوومەت بە خراپی مامەڵەیان دەکات و سکاڵایانە لە دەست ئەوەی ئەوان بەشێوەیەکی سیستماتیک لە دواین تەبلیغات دان.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥١**

سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١٥٣

نوسخەی ژمارە: ٢

نامیلکەی ژمارە: ١

١ی نیسانی ١٩٢٥

(نهێنی)

پەخشەنامەیەکی قوماندانی

فەیلەقی هەشتەم

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

"یەنی یۆل"ی ترابزۆن

١٩٢٥/٣/١٠

"شێخ سەعید، خەڵکی خنس، کە سەرکردایەتیی یاخیبوونێک دەکات لەناوچەی گەنجە، هەروەها بەشداری لە بزووتنەوەی نەستوورییەکان کردووە و لە لایەن ئەنجوومەنی جەنگیی بدلیس حوکمی ناپاکیی بە نیشتمانی بەسەردا سەپێنراوە. "لەناو ئەو دیلانەی کە بەدیل گیراون، خۆبەشی نەستووری و ئەرمەنیی تێدایە. لەلای ئەو دیلانە بەڵگەنامەگەلێکمان گرتووە کە باسی هاریکاریی ئەرمەن و نەستوورییەکان دەکات لەگەڵ شێخ سەعید بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ.

"بەڵگە بەدەستەوەیە، کە ئامانجێک ئەرمەنەکان لە یارمەتیی شێخ سەعید و ئەو هاوپشتییەی کە بە کوردەکانی دەبەخشن بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ بۆ ئەوەیە گەرەنتیی وەسیلەی گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانەکەمان دابین بکەن. ئەم ئەرمەنانە کە هەستی تۆڵەسەندنەوەیەکی دانەمرکاویان لەدڵدایە بەرانبەر بە ئێمە، بێ گومان چاوەڕێی دەرفەتی لەبار دەکەن بۆ ئەوەی هەموو توخمگەلێکی غەیرە ئەرمەنی و پێش هەمووانیش ئەو کوردانەی کە ئەمڕۆ هاریکارییان پێشکێش دەکەن، لەناو ببەن. ئەوان دەیانەوێ ئەرمەنستانێکی نوێ لەسەر خاکی ئێمە و لەسەر ئێسک و پروسکی ڕەگەزی موسڵمان دروست بکەن. "داپڵۆسینی ئەو یاخیگەرانە کە بە هۆشیارییەوە بێ یان لە ناهۆشیارییەوە بێت زیان بە وڵاتەکەمان دەگەیەنن و خراپترین شەڕە کە ئەرمەنییەک دەیهێنێ، لە هەموو لایەکەوە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە دەچێ، من لە پایەبەرزتان تکا دەکەم، دەرفەت وەربگرن لە هەر هەلێکدا بوو بەرچاوی گەلەکەمان لەسەر ئەم ڕاستیانە ڕووناک بکەنەوە."

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٢**

سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١٥٣

نوسخەی ژمارە: ٢

نامیلکەی ژمارە: ١

١ی نیسانی ١٩٢٥

(نهێنی)

پەلاماری چەتەکان بۆسەر گەراجی دیاربەکر

تێلێگرامی ڕەسمیی

١٩٢٥/٣/٣

گەراجی دیابەکر لە لایەن چەتەکانەوە لە شەوەکانی ٢٣ تا ١٩٢٥/٢/٢٥ پەلامار درا.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٣**

سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١٥٧

نوسخەی ژمارە: ٢

نامیلکەی ژمارە: ١

(نهێنی)

٢٤ی حوزەیرانی ١٩٢٥

پرۆسەی پاکژکردنەوە بە سەرکەوتوویی لەناوچەی ڕاپەڕینە چەکدارەکان بەردەوامە

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

"غەزەتە" ١٩٢٥/٦/٢

ئەنگۆرە، ١ی حوزەیران

دەوەریەی مەفرەزە بەشوێنداگەڕاوەکانمان بە زیندوویی بەگزادەی شێخ سەعید، سەلیم بەگ کە لە هەموو شەڕەکانی شێخ سەعید بەشداریی کردووە یان پشتگیریی کردووە لە دژی ئێمە، دەستگیر کرا.
هەروەها بەگزادە فایەق بەگ، کە ئەویش لە دارودەستەی شێخ سەعیدە بە برینداری بە دیل گیرا.

لەناوچەی مەرەش، سەرۆکی چەتەی بەناوبانگ، قەرە سلیۆ و هاوکارەکانی بە دیل گیران.

دوایین یاخیبووەکان لە نێزیک سنووری ئێران گەمارۆ دران.

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

١٩٢٥/٦/٩

ئەنگۆرە، ٨ی مانگ

بەگوێرەی دوایین ئەو ڕاپۆرتانەی لە ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە گەیشتوونەتە کۆمیسێریای ناوەخۆ ئەوە ڕادەگەیەن کە هێزەکانی خالد، حەسنان، هەروەها هێزەکانی عەلی ڕەزا، کوڕی شێخ سەعید، کاتێک ویستویانە پەنا ببەنە بەر خاکی ئێران، لە نێزیک سنوور گەمارۆ دراون و پاسەوانە سنوورەوانە ئێرانییەکان پەلاماریان داون و تەقەیان لێ کردوون و زیانی زۆریان پێ گەیاندوون. ڕەزا، ئەویش بریندارە، بە دڵنیاییەوە نوقلانەی بەدیل گرتنیان دەکرێ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٤**

سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١١٨

نوسخەی ژمارە: ٢

نامیلکەی ژمارە: ١

هەوالنامەی کتێب

(نهێنی)

١٥ی تەمموزی ١٩٢٥

دوایین پاشماوەی چەکدارەکان

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

١٩٢٥/٦/٢٣

وارلەکی ساری قامیش، ڕایگەیاند کە لەناوچەی چورچور، یاخیبوو خالید کەلەڕەش، عەرەب عەبدی کارکیان و عارف، حوسێن، مەحموود و حەیدەری کەچلان، هەروەها عەبدەلڕەحمان و وەحیدی کودک ئۆغلۆ لە لایەن مەفرەزەکانمانەوە بە دیل گیراون.

پەراوێز:

١- پاشماوەی ڕاپۆرتی زانیاریی ژمارە (١٥٠)، دووبارەی لاپەرە ٥، بڕوانە بولتەنی ڕۆژنامەوانیی بۆ ئەو وردەکارییانەی لەبارەی ئەم بزاوەوە بەدەستەوە دراون.

2. Cf, C.R144. p 41 bis et C.R.145, p.9.10.11. Révolte du 18ème R .I et de Hadji Moussa Bey et l_arrestation à Erzeroum de l_ex député Youssouf Zoya bey.

٣- چاپەمەنیی ٢٤ی مانگ ئەوە ڕادەگەیەنن کەوا ژاندرمەری ناوەخۆیی کە لە ناوچەکەوە سەربازگیر کراون دوایی داویانەتە پاڵ دوژمن.

CPLE

EXEMPLAIRE N° 2

FASCICULE N° I

le 25 Février 1925

SECRET

- COMPTE- RENDU DE RENSEIGNEMENTS N° I 5 I

"T U R Q U I E"

هەواڵنامەی کتێب

Cplo.

Page : 40

Exemplaire No

Fascicul : No 1

Le 25 Février 1925.

II.- R E N S E I G N E M E N T S   G E N E R A U X -

I.- POLITIQUE INTERIEURE -

Mouvement insurrectionnel kurde dans les vilayets orientaux (1).

Bon agent et sources diverses.
19 et 24.2.25.

Ce mouvement est plus important que ne l'auraient laissé supposer les premières indications très vagues données à la presse par le Commissariat de l'intérieur.

Il s'agit d'un mouvement réactionnaire et séparatiste qui menace de gagner toutes les tribus kurdes des vilayets orientaux. Le Cheikh SAID soutenu par les hodjas prêche une véritable guerre sainte contre le gouvernement d'ANGORA.

Cette insurrection connaît depuis la mi Septembre 1924 (2) dans les vilayets de BITLIS et de MOUCH. Il est possible que les mesures militaires prises à la suite de la tension gréco-turque, recherche des insoumis et déserteurs des classes 1316 et 1317 et appel du reliquat de la classe 1318 aient précipité les évènements.

---

(1).- Suite C.R. 150 bis p.0.
Voir au Bulletin de presse les détails donnés par la Presse sur ce mouvement.

(2).- Voir C.R. 144 p.41 bis et C.R. 145 p.9.10. et 11 la révolte du 18ème R.I. et de HADJI MOUSSA bey et l'arrestation à ERZEROUM de l'ex député YOUSSOUF ZIA Bey.

Cpl.

Page : 41

Exemplaire No

Fascicule No 1

Le 28 Février 1925.

Etant donné le caractère du mouvement on a craint dans les milieux gouvernementaux son extension aux régions conservatrices turques de l'ANATOLIE.

MOUSTAPHA KEMAL est partisan d'une répression sans merci et on a fait appel à des contingents de troupes régulières, les contingents de gendarmerie locale ne paraissant pas assez sûrs (1).

FETHY bey se rendant compte des difficultés auxquelles se heurterait une répression sanglante dans ces régions si difficiles à parcourir en cette saison et de la répercussion sur les tribus kurdes de la frontière de l'IRAK serait partisan de mesures moins rigoureuses.

ISMET pacha qui de sa villégiature d'HALKI s'est tenu constamment en relations directes avec le Ghazi et se trouve d'accord avec ce dernier au sujet de la répression aurait été appelé à ANGORA pour agir dans ce sens à la réunion du parti populaire ainsi que pour donner son avis sur les nombreuses questions de politique intérieure qui divisent le parti.

La presse du 24 annonce que l'état de siège a été proclamé dans les vilayets orientaux. Il a à noter cependant qu'un caza seulement du vilayet d'ERZEROUM a été touché par cette mesure. On sait qu'à ERZEROUM l'influence de KIAZIM KARA BEKIR est toute puissante.

Les extrémistes du parti auraient même proposé que l'état de siège soit étendu à CONS/PLE. Cette menace a fortement impressionné la bourse du 23. On craint à CONS/PLE que le Ghazi sentant l'opposition gagner du terrain de jour en jour ne saisisse l'occasion des troubles kurdes pour renforcer son autorité par les mesures les plus violentes.

(1).- La presse du 24 annonce que la gendarmerie locale recrutée dans la région serait passée à l'ennemi.

O.                    Page : 42                    Exemplaire No

Fascicule No 1

Le 25 Février 1925.

Le Cheikh SAID ne serait pas le personnage influent dont il a été question. On cite parmi les autres chefs du mouvement le professeur FAKRI et l'ancien colonel d'E.M. NEVLESS bey (1).

Il existe dans l'armée turque un assez grand nombre d'officiers kurdes. Ces officiers sont mal disposés vis-à-vis du gouvernement et se plaignent d'avoir été lésés systématiquement dans les dernières promotions.

estion des écoles.                    Bon informateur
21.2.25.

Plusieurs écoles congréganistes ont reçu une circulaire du département de l'Instruction publique de CONS/PLE ordonnant aux religieux et religieuses de ne plus porter sur eux ostensiblement pendant les classes les chapelets et croix qui font partie de leur costume.

Des mesures ont été prises dans les différentes écoles pour donner satisfaction à cet ordre.

D'ailleurs la question de la suppression du port du costume religieux a été agitée par les extrémistes turcs. Une circulaire a été rédigée à cet effet. La mesure a été rapportée, cependant, peut être par suite d'une erreur d'un secrétaire, un exemplaire en a été adressé en Janvier 1925 à une seule école de religieuses italiennes de CONS/PLE. Aucune suite n'y a été donnée.

---

(1).- Voir fiche à la fin du C.R.

Exemplaire No
Fascicule No 1
Le 24 Juin 1925.

Les officiers de réserve démobilisés devront reverser la partie non amortie de l'indemnité touchée au moment de leur mobilisation.

Document 31/5/25.

D'après un document émanant du département de la comptabilité du Commissariat de la D.N. les bureaux de recrutement devront faire reverser aux officiers de réserve licenciés, qui avaient touché lors de leur mobilisation une indemnité égale à 2 mois de solde (1), la différence entre l'avance payée et les retenues mensuelles effectuées pour l'amortissement de cette avance.

Le déblaiement se poursuit avec succès dans la zône de l'insurrection.

Source presse "GAZETTE" - 2/6/25.

ANGORA, 1er Juin.
Nos détachements de poursuite ont capturé vivants les notables SAID CHUKRI, SELIM bey qui avaient assisté Cheikh SAID dans tous les engagements que ce dernier a eu à soutenir contre nous. Le notable TAIK bey, également de l'entourage de Cheikh SAID a été capturé blessé.

Dans la région de MARACHE, le célèbre chef de bande KARA SILO et ses acolytes ont été faits prisonniers.

Les derniers rebelles cernés près de la frontière persane.

Source presse 9/6/25.

ANGORA, 8 (d.n.c.p.).- Les derniers rapports parvenus des vilayets orientaux au Commissariat de l'intérieur annoncent que les forces de HALID, de HASNAN, ainsi que celles d'ALI RIZA, fils de SAID, qui avaient tenté de se réfugier en PERSE, sont cernés près de la frontière. Elles ont été attaquées par les gardes-frontière persanes qui ont ouvert le feu contre elles et leur ont causé beaucoup de pertes. RIZA aussi serait blessé, on estime certaine leur capture.

---

(1) .- Voir C.R. No 153 page 21.

CPlo• Pago : 20

Exomplairo No
Fasciculo No 1
Lo lor Avril 1925•

Uno circulairo du comman-
dant du 8èmo-corps
d'armóo.

Sourco prosso
"YENI YOL" do TREBIZOND
10/3/25.

" Lo CHEIKH SAID originairo do HINS qui s'ost mis à la toto do la robollion dans la róglon do GHENDJ, avait ógalomont pris part au mouvomont nostorion ot subi uno condamnation pour trahison à la Patrio par ó Consoil do guorro do BITLIS.

" Parmi los prisonniors capturós so trouvont dos volontairos nostorions ot arménions. On a dócouvort sur oux dos documont ótablissant la collaboration do CHEIKH SAID avoc los Arménions ot los Nostorions pour la oróation d'un KURDISTAN indópondant.

- Il ost avóró quo lo but poursuivi par los Arménions dans l'aido ot l'oncouragomont qu'ils donnont aux Kurdos pour la fondation d'un KURDISTAN indópondant ost d'assuror lo moyon do rontror dans notro Patrio. Cos Arménions ótant animós contro nous d'un sontimont do vongoanco inoxtinguiblo ils attondont sans douto l'occasion d'anóantir tous los ólómonts non arméniens ot avant tout los Kurdos qu'ils assistont aujourd'hui. Ils dósiront rótablir uno nouvollo ARMENIE sur nos torritoiros ot sur los os do notro raco musulmano.

" La róprossion do cos robollos qui sciommont ou inconsciommont causont à notro patrio dos maux piros quo no l'aurait fait un Arménion, so poursuit partout avoc succès• Jo vous prie Excolloncо, do vouloir bion profitor do touto occasion d'óclairor notro pouplo sur cotto vórité ".

کتێبی ئاراس

# لە عەمانەوە بۆ ئامێدی
# یان
# گەشتێک لە کوردستانی باشووردا

عەلی سیدۆ گەورانی

ئەڵقەی حەوتەم

بەشی سێزدەیەم

زێبار-ئاکرێ-زاخۆ

قەزای زێبار

بەرتەسکیی کات رێی لە سەردانی قەزا کوردییەکانی دیکەی ئەو دەوروبەرەی گرتم، بۆیە ئەو زانیارییانەی لە نووسیندا بەکاریان دەهێنم لە ماجید بەگ و هەندێکیشم لە مامۆستایانی ئەم قەزایانە وەرگرتووە، کە لە هەولێر و کۆیسنجەق " کۆیە" و ئامێدیدا بینیمن.

سنووری ئەم قەزایە لە باکورەوە دوو کەرتی (نەهری) و (گەڤەر)ی کوردستانی باکور و لە خۆرهەڵاتەوە قەزای رواندز و لە خۆراوادا (رووشین) یان (رووبارشین) کە بەشی سەرەوەی زێی گەورە (زێی بادینان) و قەزای ئامێدییە و لە باشووردا قەزای ئامێدی و ئاکرێ، خۆ ئەگەر لای خۆرهەڵاتی باکوری لێ هەڵبوێرین، سنوورەکانی دیکە لەم قەزایەدا لە زێی گەورە و لکەکانی پێک دێ و بەوەش قەزاکە لەلایەنی جوگرافیاوە لە دورگەیەک دەچێ لە نیوچە دورگەکانی دیکە لە جۆری ئەو ئاوەی لە سێ لاوە دەورەی داوە جودایە.

بەشە بەرێوەبەرێتییەکانی قەزا کەموکورییان تێدایە و ئەوەش بۆ لاوازیی دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق لەو ناوەدا دەگەرێتەوە، هەروەک چەندان شۆرشیش لەو هۆیانەن کە دانیشتووانی ناوچەکە جار و بارێک بەرپای دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆی ئەو گوندانەی پێیەوە پێوەستن لە کۆی ئەو

.................................................

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

گوندانەی بە قەزاکانی دیکەوە بەستراون، حکوومەت نەیتوانیوە لە ناحیەیەک پتر ڕێک بخات کە ناحیەی "بیرە کەپرە"یە و بە گوندی "بلێ"ی ناوەندی قەزاوە بەستراوە.

دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە، کە دانیشتووان دانی پێدا دەنێن دەسەڵاتی شێخ ئەحمەدی بارزان–ە، کە (٢٢٠) گوند لە کۆی (٣٠٠) گوند گوێڕایەڵییەکی تەواویان بۆی هەیە و دانیشتووان کە سوێند دەخۆن سوێند بە خاوەنی بارزان دەخۆن. گوندە بارزانییەکان هەر هەموو لە باکوری زێ–دان و (٨٠) گوندەکەی دی لە باکورییەوەن، سەر بە فارس ئاغان. دانیشتووانیش لە ڕاستیدا عەشایەرن و زۆربەیان نیشتەجێن و هەندێکی کەمیشیان کۆچەرن. عەشرەتە نیشتەجێکان زێبار و بەرڕۆژ و مزووری و شێروان و برادۆست و گەردی–ن. کۆچەرەکانیش عەشیرەتی هەرکی–یە و هەموو ئەم عەشیرەتانە گوێڕایەڵی شێخ ئەحمەدی بارزانن، تەنیا بەشێکی عەشیرەتی گەردی نەبێ کە سەر بە فارس ئاغان. حکوومەت دوو قوتابخانەی لەم قەزایەدا بنیات ناوە، یەکێکیان لە "بیرە کەپرە" و دووەمیان لە دێی (بارزان) و هەردووکیشیان یەک پۆلین.

## شۆڕشەکانی بارزان

### شۆڕشی یەکەم ساڵی ١٩١٩ی زایین

ئەم شۆڕشە لە "کۆواری جەنگی جیهانی"ی ئینگلیزیدا باسی لێوە کراوە. وام بەباشتر زانی دەقاودەق وەری بگێڕم کە لەو بڕوایەدام نە ژمارەی کوژراوە کوردەکان کەم دەکاتەوە و نە ژمارەی کوژراوە بەریتانیاییەکان زیاد دەکا. ئەم کۆوارە دەڵێ: "ئەم شۆڕشە دوابەدوای ئەوەی ژمارەیەک لە چەکدارانی کورد لە شارۆکەی ئامێدی، دوو ئەفسەری بەریتانییان کوشت، کە چەکداری ئاشوورییشیان لەگەڵدا بوو لە ١٦ی تەمووزی ساڵی ١٩١٩ی زایینیدا بەرپا بوو". ئەدمەم بەگی چەرکەس بۆی گێڕامەوە کە یەک لەوانە بوو هۆیەکانی شۆڕشی دەزانی، ئەفسەرێکی بەریتانی لەکاتی خولی پشکنینیدا بووە، مەلێکی دیوە و ڕووی تفەنگەکەی تێگرتووە و نەیپێکاوە، یەک لە ڕێنیشاندەرە کوردەکانی تەفەر کردووە و پێکاویەتی و گاڵتەی بە توانستی بەریتانییەکە کردووە و توانجی توندی تێ گرتووە، ئەفسەرەکە لێی تێگەییوە و شەقازلەیەکی لە ڕووی داوە، کوردەکەش بەم سووکایەتی پێ کردنە تووڕە بووە و ئەفسەرەکەی کوشتووە و هاوەڵەکانیشی پشتیان گرتووە، ئەفسەرێکی دیکە و ئەو چەکدارە ئاشوورییانەیان کوشتووە کە لە گەڵیدا بوون و بەمەش شۆڕش بەرپا بووە.

کۆوارەکە درێژەی دەداتێ و دەڵێ: "ئینگلیزیش هێزیک بە سەرۆکایەتیی فەریق کلسس بەڕێ دەخا بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە و ئەم هێزە لە هەشت "أورط"[1]ی ئینگلیز و هیندی و کەرتێک[2] لەو ئاشوورییە پەنابەرانەی بەعقووبە پێک هاتبوو. ئەم ئاشوورییانە دوای کشانەوەی لەشکرەکانی ڕووس، لە ترسی کوردەکان ناچار کرابوون شوێنەکانی خۆیان لە باکوری کوردستان جێ بهێڵن و پەنایان بردبووە بەر بەریتانییەکان لە عێراق، کە تیپگەلێکی سەربازییان لێ پێکهێنان ڕاستەوخۆ

پێیانەوە پێوەست بوون.

ئەم شــۆڕشــە ســێ مــانگی خــایاند، حکوومــەتی بەریتــانیــای تووشی زیانێکی زۆر کـرد و دە ئەفسەری بەریتانی و چوار سەربازی هیندی و هەشت عەریفی بەریتانی و سەت و پازدە عەریف و کۆمەڵێک پلەداری دووەم لە هیندییەکان کوژران و حەوت ئەفسەری بەریتانی و دوازدە ئەفسەری هیندی و چواردە سەربازی بەریتانی و (٢٦٧) سەرباز لە هیندییەکان کوژران و نۆ کەسیش ون بوون.

لەبەرئەوەی تورکەکان دانیان بە داگیرکردنی باشووری کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە نەنابوو، سەرکردەیەکیان بە ناوی "ئۆێزدەمیر"ەوە بەسەرکردایەتیی هێزیکەوە نارد بۆ خەریک کردنیان و چووە ناو ڕواندزەوە کە ئینگلیز ساڵی ١٩٢٠ بەڕێوەبەرێتییان لێ کشاندبووەوە، وەک هاملتن لە کتێبی (ڕێیەک لە کوردستاندا) باسی لێوە دەکا. ئەم بانگخوازە تورکە لە ڕواندزدا توانیویەتی پێوەندی بە شێخ مەحموودی بەرزنجی و سەرانی دیکەی کوردانەوە بکا بەتایبەتی (نووری باویل ئاغا) و بەشێکی لە هێزەکەی لەگەڵ لایەنگیرانی ئەم سەرکردەیە و عەشیرەتی سورچیی سۆرانیدا ناردبوو بۆ پارێزگاریی دەربەندی سپیلک، ئینگلیزیش بایەخێکی زۆری بەوە داوە و بڕیاریان داوە بەهەر تێچوویەک بێ بەرگری لە تورک بکەن. لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ هێرش بردنە سەر سپیلکیش کارێکی سانا نەبوو (سێر جۆن سالمۆند) کە ئەوساکە سەرکردەی هێزی وشکانی و ئاسمانیی بەریتانیا بوو لە عێراقدا، کاری بۆ ئەوە کرد لە پشتەوە هێرشی بباتە سەر، بۆ ئەوەی مەبەستە ڕاستەقینەکەشی بشارێتەوە، هێزگەلێکی گەورەی لە ئاشوورییان لە دەشتی باتاس-دا کۆکردەوە بە نیازی هێرش بردن و، فەرمانی دا بە فڕۆکەوانەکان بۆمباکانیان بخەنە سەر پارێزگارانی دەربەندی سپیلک. بە پێی گێڕانەوەیەکی دیکە فەرمانی دا بڵاوکراوە بەسەر ئەو کوردانەدا فڕێ بدرێ کە هاوپەیمانی ئۆێزدەمیرن، داوایان لێ دەکا واز لە تورک بهێنن و دوای سەید تەهای شەمدینان بکەون، کە ئینگلیز ئەرکی ڕاونانی ئۆێزدەمیریان پێ سپاردبوو، هەروەک لە ڕاپۆرتی "قەشە فرایزەر"دا هاتووە کە لە شۆڕشی یەکەم و دووەمی شێخ مەحموود دەکۆڵێتەوە.

هاملتن گێڕانەوەکەی درێژە دەداتێ لەبارەی هێرش کردنە سەر سپیلک و دەڵێ: "لەماوەی ئەم ئامادەکارییانەدا هێزیک لە کۆیسنجەق "کۆیە"وە دەرچوو و چیاکانی بەرەو سپیلک بڕییەوە بۆ لێدانی پارێزگارانی لە پشتەوە، تا پێوەندییان بە ڕواندزەوە ببڕێ. ئۆێزدەمیر بەم فێڵەی نەزانی، تا کات بەسەر چوو و هەڵات و ڕۆی، چونکە پێوەندیی بە هاوپەیمانە کوردەکانیەوە لاواز بوو. ئەمەش پشتگیریی گێڕانەوەی دووەم دەکا بە فڕێدانی بڵاوکراوە بەسەر هاوپەیمانانی ئۆێزدەمیردا. ساڵی ١٩٢٣ی زاین ئینگلیز بەبێ بەرگری چوونە ناو شارۆکەکەوە. بۆ قایمکردنی پێگەیان لەم ناوچانەیەدا گوندی "دیانا"یان هەڵبژارد لە دووریی چوار میل لە ڕواندزەوە تا ببێتە بنکەی تیپە ئاشوورییەکان و فڕۆکەخانە بۆ هێزی فڕۆکەوانیی شاهانەی بەریتانیا و بەم جۆرە تا ساڵی ١٩٣٢ی زایین بەردەوام بوو، کە هێزەکانی ئاشوورییەکان هەڵوەشێنرایەوە".

سەید حوسێن حوزنی لە کتێبی (میرانی سۆران)یدا کە بە کوردی لە ڕواندز چاپ کراوە دەڵێ، ئینگلیزەکان سەید تەهای ناوبراوی نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی پێشەوای ناوداری باکوری کوردستانیان بە قایمقامی ڕواندز دامەزراند و لە سەردەمیدا شارۆکەکە گەشایەوە و ئاوەدانی بڵاوبووەوە ئاسایش چەسپا و ئارامی باڵادەست بوو. هەروەها یارمەتیی دەرکردنی کۆواری (زاری کرمانجی)ی داوە و سێ مەکینەی بۆ شارەکە هێناوە، یەک بۆ میشهەنگ و دووەمیان بۆ مریشک و سێیەمیان بۆ ئاوریشم و قوتابخانەیەکی بۆ نێرینە بنیات ناوە و دوای ئەوەی پێنج ساڵی لێ ماوەتەوە، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٨ بە پشوو شارۆکەکەی بەرەو ئێران بەجێ هێشتووە. لە ٢٩ی کانوونی دووەمدا لە تارانەوە دەست لەکارکێشانەوەی بۆ بەغدا ناردووە و پەسند کراوە.

سەید تەها وەک هاملتن باسی دەکا باڵابەرز، درێژیی لە شەش پێ (١٨٠ سم) پتر بووە و یەکێک بووە لە چاکترینی سوارچاکان و لە ناوچەی ڕواندزدا کەس لە تەقەکردن و نیشانشکێنیدا نەیگەیشتووەتێ و جگە لەوەش ڕۆشنبیرییەکی بەرزی هەبووە و لە کارگێڕیدا بەتوان و خانەدانێک بووە لە خانەدانەکانی کوردستان.

قەزای ئاکرێ

سنووری: لە باکورەوە قەزای زێبار و ئامێدی و لە خۆراواوە قەزای دهۆک و شێخان و لە خۆرهەڵاتەوە قەزای ڕواندز و لە باشوورەوە قەزای مووسڵ و شێخان دەورەیان داوە. ناوەندی ئاکرێ کە شارۆکەیەکە لەسەر چیایەکی ڕووندا هەڵکەوتووە، لە پێکهاتە سروشتییەکەیدا لە پلیکانەدارێکی ڕۆمانی دەچێ، تاڤگەیەکی جوان دەیڕازێنێتەوە و باخچە زۆرەکانی دەدێرێ. دانیشتووانی دەگاتە (٤٠٠٠) کەس، حکوومەت قوتابخانەیەکی نێرینەی شەش پۆلیی بۆ بنیات ناون و زۆرتر ناوبانگی بە برنج و پێڵاودووری و جلکی کوردییەوە هەیە.

بەشە کارگێڕییەکانی: قەزا دوو ناحیەی هەیە:

(١) عەشایر سەبعە.

(٢) سورچی.

ناحیەی یەکەم لە گۆشەی باشووری خۆراوای قەزاکەدایە، ڕووباری خازر و زێی گەورە دەورەیان داوە و زۆربەی خاکەکانی دەشتی پان و بەرین و بەپیتە، برنج و دانەوێڵە بەرهەم دێنێ. ناوەندی ناحیەش دێی "بەردەڕەش"ە و کۆی ئەو گوندانەی پێوەی پێوەستن (٢٥٠) گوندن، لە ناو ئەمانەدا گوندەیلێکی شەبەک و قزڵباش و ئاشووری هەن، ژمارەی ئەم سێ تایەفانە بە لە سەتدا دەی دانیشتووانی ناحیەکە دادەنرێن و کوردەکانیش بە (٩٠ ٪) ئەوەش بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی ساڵی ١٩٢٥ی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الأمم). ناحیەی دووەم واتە (سورچی) دەکەوێتە گۆشەی باکوری خۆرهەڵاتی قەزاوە و زۆربەی خاکەکانی چیاین، دانیشتووانی مەڕ بەخێو دەکەن و ڕێز لە سەرکردەکانیان "شێخانی بجێل" دەگرن، بجێلیش گوندێکە بە ناویەوە ناونراون.

قەزای شێخان

ناحیەی شێخانی پێوە پێوەستە و ژمارەی گوندەکانی (٦٨) گوندن، زۆربەی دانیشتووانیان کوردی ئێزیدین، ئینجا عەرەب و ئینجا کوردی موسڵمان.

قەزای زاخۆ

سنوورەکەی: لە باکورەوە باکوری کوردستان، لە خۆرهەڵاتەوە ڕووباری خابوور و قەزای ئامێدی و لە خۆراواوە دیجلە و ڕووباری هیزل کە لە بۆتان-ی کوردستانی باکوری جودا دەکاتەوە. ناوەندی قەزا شارۆکەی زاخۆیە، دەکەوێتە سەر خابووری دیجلە، چیاکانی کوردستانی باکوری بە گژوگیا دەورەی دەدەن. ئاوەکەی لەبەر زۆریی کلسی تێدا بۆ خواردنەوە قورسە. ڕووباری خابوور دەیکاتە دوو بەش، بەشێکی کوردی لێ دادەنیشن و زۆرینەی بەشەکەی دیکەی جوولەکەن کە بازرگانانی شارۆکەکەن. بەشێکی سێیەمیش دێتە سەر ئەم دوو بەشە، تاڤگەیەک پێکی دەهێنێ کە بەشێکە لە خابوور، بەرزاییەکەی دە مەتر و بەرینیی (٤٠) مەترە. دوای دەرچوونی ڕووبارەکە لە شار بەشەکانی لە لای باکوری خۆراوادا یەک دەگرنەوە و کە دەگاتە سنووری باکوری کوردستان بە ڕووباری هیزل دەگا و قەوارەی گەورە دەبێ و دوای ئەوە لەو شوێنەدا کە (فیشخابوور) یانیش وەک عەرەب پێی دەڵێن (فیش خابوور) دەڕژێتە دیجلەوە.

دانیشتووانی زاخۆ دەگاتە (٥٠٠٠) کەس، زۆربەی هەرە زۆریان کوردن و ئینجا جوولەکە و ئینجا ئاشوورییە نەستوورییەکان، کە ئەمانە خەریکی دروستکردنی جلی کوردین. دانیشتووانی بەگشتی حەزیان لە ڕابواردن و خۆشییە و بێگانە لەناویاندا ڕێزێکی گەورەی هەیە و ژنەکانیان بە جوانی تایبەتمەندن کە ئەنجامی زۆر هەڵگرتنی لێ دەکەوێتەوە. جووەکانیان ئازادتر و لێبوردەترن لە نەستوورییەکان و کوردەکان. لە شارۆکەکەدا قوتابخانەیەکی نێرینەی شەش پۆلی هەیە.

بەشە کارگێڕییەکانی: ئەم قەزایە سێ ناحیەی لەسەرە:

(١) سندی.

(٢) گولی.

(٣) سلێڤانی.

هەمووشیان بەناوی ئەو عەشیرەتە کوردانەوەن کە تێیاندا دادەنیشن. کۆی گوندەکانیان (٢٥٠) گوندە. ناحیەکانی سندی و گولی لە ناوچە چیاییەکاندان و سلێڤانی لە دەشتەکاندا. ناوەندی سندی گوندی (دیمکو)یە، کە دانیشتووانی تێدا نییە، تەنیا بەڕێوەبەر و فەرمانبەرە میرییەکان نەبێ کەسی تێدا دانانیشێ. لەناوەڕاستی گوندەیلێکی زۆری ئاوەداندایە. ناوەندی سلێڤانی (ئەلعاسی)یە و ژمارەی ماڵەکانی (٣٠) ماڵە، قوتابخانەیەکی حکوومەتیی یەک پۆلیی هەیە و هەموو دانیشتووانی کوردن و سەرکردە کوردەکانیشیان (سادق بەرۆ) و (سلێمان ئاغا)

سەرۆکەکانی گولین و جەمیل ئاغا و سالّح ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی سندین و ڕەشید ئاغا سەرۆکی عەشایەری سلێڤانی-یە. دیانەکانیشیان سەر بە عەزیز ئاغان.

قەزا لەلایەنی بازرگانییەوە پێوەندیی بەجزیرەی بۆتان (جەزیرەی ئیبن عومەر-جەزیرەی شەرەف) و (بەیت ئەلشەباب)ەوە لە باکوری کوردستاندا هەیە، لە باشووریشەوە بە مووسڵەوە هەیە. بێگومان گرینگیی بازرگانیی زاخۆ، ئەگەر خەڵووزی بەردینی لە گوندی شەرانش-ی باکوری زاخۆ بەکار بهێنرێت و ڕێگە بازرگانییەکانی نێوانی عێراق و تورکیا ڕێکبخرێن، پتر دەبێ و دانیشتووانی زۆرتر دەبن. هەروەها بەهۆی زۆریی ئەو زۆنگاوانەوەی لە چاندنی برنجەوە پەیدا دەبن مەلاریا لە زاخۆ و هەندێک لە ناحیەکانی نابڕێتەوە، هەر وەک لە قەزای دهۆک و ئاکرێ.

***

**میرنشینیی بەهدینان لە ئامێدی**

"شەرەفنامە" دەڵێ: حاکمانی ئامێدی دەڵێن بنەچەیان دەچێتەوە سەر جێنشینە عەباسییەکان و هەندێک لە نووسەرە بەراییەکان دەیانگەیەننە کەسێک ناوی عەباس-ە، دەمڕاستی قەومەکەی بووە و ناوی ئەویان لێ نراوە. لە شەمسەددینان (شەمدینان)ەوە چوونەتە ئامێدی و پێشتر باپیرانیان حوکمی قەڵای تاروون-یان لەو ناوەدا کردووە. یەکەم کەسیشیان کە هاتووەتە ئامێدی بەهائەددین بووە و میرانی ئامێدی سەر بەون و دواتر لە ناو میرەکان و حاکمانی کوردستاندا بە بەهدینان ناسراون و حوکمیان تا ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیی نووسینی شەرەفنامە، ٤٠٠ ساڵ درێژەی هەبووە. لە کتێبەکەی لۆنگریکدا باسی ئەوە کراوە کە میرنشینیی بەهدینان لە سەدەی دوازدەیەمی زاییندا دەرکەوتووە، میرەکانیان سنووریان لە باکوردا فرەوان کردەوە بەوەی کە چەندان گوندی حەکارییان خستە سەر وڵاتیان.

کاتێک بنەواڵەی ئاققۆینلوی تورکمان هەوڵی داوە دەست بەسەر میرنشینییەکەیاندا بگرن، بەهدینییەکان گێڕایانەوە دواوە، بەڵام بەری ئەردەلانییانیان نەگرت کە دەسەڵاتیان بەسەر بەشێکی گەورەی خۆرهەڵاتی کوردستاندا گرت. میرنشینیی ئامێدی فرەوان بووەوە و وای لێ هات شان لە شانی میرنشینییە کوردییەکانی دیکە بدا و دوور لە دوژمنانیان بە ئارامی مانەوە لەبەر سەختیی شوێنیان و بەهێزیی پیاوانیان. بەڵام حزبایەتییە سیاسییەکان و دووبەرەکیی کەسانی بنەواڵە لە داوای میرنشینی لاوازی کرد و لە ساڵی ١٥٠٠ی زاییندا حەسەنی بەهدینانیی میرەکەی سەری بۆ شای فارسی سەفەوی دانەواند و ڕوویەکی زۆری لێ بینی و بەوە دەسەڵاتی ئەردەلانییان کۆتایی پێ هات.

کە سوڵتان (یاوز سەلیم)ی عوسمانی لە چاڵدیراندا لەگەڵ شا ئیسماعیلی سەفەویدا بەجەنگ هات بەهدینانییەکان هەر وەک میرە کوردەکانی کە هێزیان بۆ نارد بۆ پشتگیریی سوننە لە دژی شیعە. بەهدینانییەکان دوای ئەوە پێوەندییان بە عوسمانییانەوە باش بوو و سوڵتان سولەیمان لە

پاداشتی دڵسۆزییان میرنشینییەکەیانی بۆ ئییالەت "ویلایەت = والیێتی" بەرز کردەوە.

دوای مردنی میر حوسێن (سوڵتان حوسێن) جەنگە ناوەخۆییەکان لە نێو هێزەکانی قوباد بەگ و بەیرام بەگ (بارام-بەهرام!! بەگ)ی کوڕانی میر حوسێن سەری هەڵدا و ئەمەی دواییان شکا و بەزی و بە پەنابەری هەلاّت چووە لای شا ئەویش گرتی. هەروەها قوباد بەگ سەرنەکەوت چونکە عەشایەری مزووری بەرگرییان کرد کە پشتگیریی سولەیمان بەگی ئامۆزایان دەکرد و لەسەر تەختی میرنشینییان دانا. زەینەل بەگی میری هەکاری دەستی لە کاروباری بەهدینان وەردا و نێوانبینیی لەلای شا کرد لە ئازاد کردنی بەیرام بەگ شا نێوانبینییەکەی پەسند کرد و بەیرامی ئازاد کرد و هاتە زاخۆ و فەرمانڕانیی تێدا کرد و فەرمانڕانیی ئامێدیی بۆ سولەیمان بەگی ئامۆزای بەجێ هێشت. قوبادیش هەلاّت و چووە ئاستانە و دڵی سیاوەش پاشای وەزیری هەرە گەورەی بەدەست هێنا و فەرمانێکی بە فەرمانڕەواییی ئامێدی بەدەست خست و گەڕایەوە دواوە. هەر کە گەییە دهۆک دەستی بە بەرگریی دوژمنانی کرد و بەرەنگاری سولەیمان بووەوە و بە هێزی مزوورییان بەسەریدا زاڵ بوو و دوای ئەوەی لەشکرەکەی پەرت و بڵاو کردەوە دەستگیری کرد.

دوابەدوای ئەوە بەیرام بەگ بەپەلە دەستی لە زاخۆ هەڵگرت و بە کەژاوەیەکی ڕازاوەوە لەگەڵ سولەیماندا چووە تەلارەکەی لە ئامێدی‌دا. دوای ئەوەی قوباد کەوتە بەر دەستی ئامۆزاکەی (سەیدی خان بەگ) و (سوڵتان ئەبو سەعید)ی هەردوو کوڕی هەڵهاتن و چوونە ئەستەمبووڵ و سەیدی خان کارەکەی بۆ سوڵتان مورادی سێیەم باس کرد و حوکمڕانیی ئامێدیی بە سەیدی خان بەخشی و فەرمانی بە فەرهاد پاشا دا داوای یارمەتیی پاشایانی بەغدا و کەرکووک و میرەکانی کوردستان بکا لە دامەزراندنی سەیدی خان لە ئامێدیدا. فەرهاد پاشا بەو پیلان و بەرتیل و فێڵانەی لە قازییە شەرعییەکانی کردن و بە هاندانی هەر ڕەقیبێک بۆ سەر ئەوی دیکە. ساڵی ١٥٨٥ی زایین توانیی سەیدی خان بەسەر ئامێدییەوە دابمەزرێنێ. زاخۆ و دهۆک و ئاکرێ سەر بە بەهدینان بوون و حاکمەکانیان قەلاّکانی ئاکرێ و دهۆک و دێرا و بشری کە ئەمانە لە قەلاّتەکانی عەشیرەتی ڕادکان بوون. هەروەها قلادە و شووش و عومرانی و بازێر لە قەلاّتەکانی زێباریان بەڕێوە دەبرد.

هەڵوێستی حکوومەتی عوسمانی بەرامبەر وڵاتی کوردان لەم دەمانەدا لە بەخشینی فەرمانەکان و پەسند کردنی بەناوەی گوێڕایەڵیی ڕەت نەدەکرد. کە دەسەلاّتی عوسمانییان لە سەدەی حەڤدەدا لە میرنشینییەکانی کوردستانی باشووردا پەیدا بوو، هەردوو میرنشینیی بەهدینان و بۆتان لە بارێکی نیوچە سەربەخۆییدا بوون و ساڵی ١٦٦٠ی زایین میری ئامێدی دەیتوانی (٨٠٠٠-١٠٠٠٠) سوارچاک و ئەوەندەش یان پتر پیادە بهێنێتە مەیدانی جەنگ، سەربازییش لە میرنشینییەکەیدا بەتۆبزی بووە. ساڵی ١٧٠١ هێزەکانی بەهدینان چووە پاڵ ئەو عوسمانییانەی لە دیاربەکر و مووسڵەوە هاتبوون بۆ دامرکاندنی شۆڕشی باشووری عێراقی عەرەبی و لەو دەمانەدا



هەواڵنامەی کنێر

ڕباد پاشا میری ئامێدی بووە، کە نازناوی پاشای هەبوو، جودا لە نەریتی نازناوەکانی بەهدینان کە بە میرانیان دەگوترا "میری میران" ئەوەش نازناوێک بووە دواتر عوسمانییەکان بە بابانەکانیان بەخشیوە.

زاخۆ و ئاکرێ و ڕانیە لەم دەمانەدا بە ڕووکەش دانیان بە بەهدیناندا ناوە، لە ساڵی ١٧٦٧ی زایینیشدا بەهرام پاشای درێژی میری بەهدینان مرد و ئیسماعیل-ی کوڕی دوای خۆی جێهێشت. کە ساڵی ١٧٨٧ی زایین ڕەقیبەیلێکی بۆ پەیدا بوون و هێرشیان بردە سەر و سەرنەکەوتن، کە مردیش ژمارەی ڕەقیبەکان لە ناو کوڕانی و نەوەکانیدا پتر بوون و بەم جۆرە جەنگگەلێکی دژوار بەرپا بوو و بە پشتگیریی بابانەکان بە سەرکەوتنی (موراد بەگ) کۆتاییی هات. بەرامبەر بەم پشتگیرییەش بەوە قایل بوو فەرمان لە پاشای بەغدا وەربگرێ. بە پەسند کردنی ئەم مەرجەش ئامێدی و ئاکرێ دهۆک و زاخۆ بەردەوام بوون لە ئۆتۆنۆمی لە ژێر حوکمی کەسانێک لە بنەواڵەی بەهدینان. کە محەمەد پاشای گەورەی میری ڕواندز دوای ئەوە دەستی بە هێرش بردنەسەر میرنشینییە کوردە دراوسێکانی کرد و دەیخستنە سەر میرنشینییەکەی، ئامێدیشی کەوتە بەردەست و پایەی بەهدینان کەم بووەوە، ساڵی ١٨٣٨ی زایین دەوڵەتی عوسمانی ئەرکی خستنە ژێر باری ئەو میرنشینییە کوردانەی تا ئەو کاتانە دانیان بە دەسەلاتی عوسمانیدا نەدەنا دایە " ئینجە بایراقدار"، کە توانیی میرنشینیی بەهدینان لەناو ببات و میرەکانی خانەنشین بکات و وایان لێ هات مووچەیان لە پاشاکانی بەغدا و مووسڵ وەردەگرت و، بە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی میرانی بەهدینان کاروباری بەڕێوەبردنی میرنشینییەکەیان کەوتە بەر دەستی سەربازانی حەیتە "هایتا"[٣]، بەلام عەشیرەتە کوردەکان سەریان بۆ عوسمانییان دانەنەواند و



شێخ بەهائوددینی نەقشبەندی و خزمەتکارەکەی لە پشتییەوە

ڕژێمی عوسمانییان لە ناو شارۆچکەکان و ناوچەیەکی بەرتەسکی دەوروبەریاندا پەنگی خواردەوە، هەرچۆنێک بێ تورکەکان توانییان میرنشینییە کوردەکان بڕووخێنن و بە دوو ئەنجام بگەن:

١) بە یەکجارەکی نەهێشتنی دەست تێ وەردانی دەوڵەتی فارسی لە کاروباری میرنشینییە کوردەکانی سەر بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی.

٢) لەناوبردنی یەکەتیی کوردەکان و یەک قسەییان.

## بەشی چواردەیەم

## گەڕانەوە بۆ ئامێدی

سوولاڤ ٨ی ئاب

ئەمڕۆ سەعات حەوتی سەرلەبەیانی تەلاری سوولاڤم بە یاوەریی ئەحمەد بەگی حاجی ڕەشید جێ هێشت بۆ گوندی (بامەڕنی) بەسەر پشتی هێستران کە لە ئەسپمان بەباشتر زانی لەبەر سەختیی ڕێگەکە، بە دەربەندی (مزوورک)دا ڕەت بووین و بە گوندەکانی بێباد و قادش-دا ڕەت بووین تا گەیشتینە کانیاوێکی سازگار ناوی -کانی کا-یە، لە نێزیک گوندی ئینووشیت کە کەمێک حەساینەوە و ئینجا کەوتینەوە ڕێ بۆ دێی "ئەرادن"ی ئاشووری و سەعات یازدە گەیشتینە ئەوێ و لە ناو دارە گوێز و کێڵگەی تووتن و سەوزەدا بەرەو بامەڕنی، کە گەیشتینە ئەوێ چووینە ماڵی شێخ بەهائوددینی نەقشبەندی و بووینە میوانی. کە لەوێ بووم شێخ غەیاسەددینی کوڕیم بینی کە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان (پیران)ی عێراقە و پێی ڕاگەیاندم کە چیاکانی بەرواری بالا بە ئاسن و قوڕقوشم و مس و تووتیا و زێڕ و خەڵووزی بەردین دەوڵەمەندن و خەڵکی بامەڕنی ئاسن و قوڕقوشمیان دەردەهێنا، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا قوڕقوشم دەردەهێنن لەبەر پێویستیی زۆریان، هەروەها گوتی خەڵووزی بەردین لە گوندی (زێوە) لە چیای گارا زۆرە لە نێزیک دەربەندی مزورک. ڕۆژی دواتر سەرلەبەیانی عەبدوڵلای حاجی ساڵح میرزا-ی قوتابیی خانەی مامۆستایانی بەغدام چاو پێ کەوت کە لە گوندی (سوار)ەوە بە سەردان هاتبووە بامەڕنی و لەگەڵیدا پیاسەیەکی ناو گوندم کرد و هەندێک زانیاریی جوگرافیاییم لێ وەردەگرت و بۆی باس کردم کە ئاوی سوار لە ئاوی بامەڕنی زۆرتر و سازگارترە و لقێکە لە لقەکانی ڕووباری خازر کە لە گوندی (ئاووک)ەوە هەڵدەقوڵێ و ناوی گوندەکە جۆگە دەگەیەنێ و ئەم ئاو زۆرییە خەڵکی گوندەکەی خستووەتە سەر چاندنی پەتاتە و برنج و سەوزە و میوە. بەم گەشتە توانیم بیرۆکەیەک لەبارەی بامەڕنییەوە پەیدا بکەم کە ناوەندێکی ئاینییە لە ناو ئەو گوندانەی کورداندا کە بە لاپاڵی چیای گارادا بڵاوبوونەتەوە و ژمارەی ماڵەکانیان دەگاتە (٣٦٥) ماڵ و لە نێویاندا سێ مزگەوت و قوتابخانەیەکی چوارپۆلیی کوڕانی حکوومەتی هەن.

بامـەڕنی ٩ی ئاب: گـوندم لە سـەعـات نۆی بەیانـیـدا جێ هـێـشت بە یاوەریی ئەو شـاندەی بۆ پێشوازیی میر غازی دەرچوون لە گوندی (سوارە تووکە)دا. میر لە وڵاتی کوردانداا لـە گەشتێکدا بوو و ڕووی لە (ئامێدی بوو) و سەعات دوازدە گەیشتینە (سەرسنگ) و لێرە زانیمان میر بەرەو ئامێدی بەڕێ کەوتووە و نانی نیوەڕۆمـان خـوارد ئینجا داوای یارمـەتیم لە شێخ غەیاسەددینی نەقشبەندیی سـەرۆکی شاندەکە خـواست بۆ ئەوەی بچمە دێی سیکرین بۆ ئۆتۆمبێلێک بگەڕێم بمباتە مووسڵ و کوردێکی لەگەڵمدا نارد پاسم بکا و حەسانەوەم دابین بکا. هەر کە گەیشتینە گـوند چووینە چایخـانەیەک و چاوەڕێی هاتنی ئۆتۆمـبـێلێکمـان کـرد، کـە نەهات ڕێم بە ڕێنیشاندەرەکەم دا بگەڕێتەوە و مامەوە و بێسوود چاوەڕێ بووم و بۆ ئەوەی کات بە فیڕۆ نەدەم دەستم بە لێکۆڵینەوەی کاروباری گوندەکانی ئەم ناحیەیە و دانیشتووانی کرد، بەڵام نەزانینی زمانی کوردی و سریانیی ئەوسام ڕێی لێ گرتم، بەڵام دواتر ناسیاریم لەگەڵ کچە ئاشوورییەک پەیدا کرد کەمێکی زمانی عەرەبی دەزانی و کردمە وەرگێڕی نێوان خۆم و موختاری گوندەکە و لێی تێگەیشتم ئەم گوندە و دەوروبەرەکەی وەک (بێباو و سەرداڤ و گەندک و تاژیکا و ئاشووان) کورد و ئاشوورین.

ئاشـوورییـەکـانیش جـووتیـارن، شـێخ بەهائوددینی نەقـشـبـەندی لە هەندێکی ئەم دێیـانەدا نیشتەجێی کردوون بە سێ یەک یان دوو یەک بەپێی بەپیتی زەوییەکان بچێنن. ئەو شەوە لە سیکرین مامەوە و بەیانی هێستریکم بە کرێ گرت تا سوارەتووکە لەو بڕوایەدا کە ئۆتۆمبێلی لێ دەبێ و کە گەیشتمە ئەوێ محەمەد ئاغای براش-ی سەرۆکی عەشیرەتی بەرواریی ژێرم بینی، کە بۆ پێشوازیی میر غازی هاتبوو لە گەڕانەوەیدا بۆ ئامێدی و بۆ خۆشبەختی میرم بینی و هۆی یەکدیناسینیش لەگەڵیدا ماجید بەگ بوو کە لەگەڵ میردا هاتبوو بۆ بەرێخستنەوەی، وتووێژمان لە نێودا بوو لەبارەی خۆرهەڵاتی ئوردون و ئاسایشەوە وەڵامی پرسیارەکانیم دایەوە بەشێوەیەکی سەرنج لێ دان بۆ لەگەڵ کات گونجان گوتم: "ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ئوردون جێگیرە و پایەبڵند میر عەبدوڵڵای مامتان بە ئۆتۆمبێلەکەی کە دەردەچێ هێزی سەربازی یان پاسەوانی تایبەت بۆ پاسەوانی کردنی لەگەڵدا نابێ، کەچی لێرە پایەبڵندتان دەبینم بە بڕێک سەربازی چەکدار دەورە دراون و بە دوو ئۆتۆمبێلی گەورەی پڕ لە سەرباز و ڕەشاشەوە، چ پێویست بەوە دەکا. میر بە نۆڕینێکی سەیر پێ هاتنەوە لێی ڕوانیم و بەدەنگێکی نزم گوتی: "شۆڕشی کوردەکانت نەبیستووە؟ شێخ ئەحمەدی بارزانت نەبیستووە؟ سوپای دلێرمان شۆڕشەکانی بەم نێزیکانە دامرکاندەوە؟ گوتم: نا. گوتی: ئەمەش وام لێ دەکا ئەم هەموو پارێزە بکەم کە هێشتا لە ناوچەی تەک وڵاتی بارزانداین".

بەڵێ شێخ ئەحمەدی بارزان-ی ناوبراو لەو هاوینەدا دژی حکوومەتی عێراق ڕاپەڕی، بەڵام گەڕایەوە و شۆڕشی خستە زستان، بۆ ئەوەی پێی بکرێ لەکاتێکدا کە جموجووڵی سەربازی زەحمەت بێ لە سوپا بدا و دامرکاندنەوەی شۆڕشێک ئاسان نییە لە کاتێکی کەمدا دابمرکێنرێ.

بۆیە دەبینین لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ی زاییندا ڕاپەڕی، دوا بەدوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد لە سلێمانیدا، کە شێخ مەحموودی بەرزنجی ئەنجامی دابوو، هۆی ئەم شۆڕشەش وەک ڕۆژنامەی فەلەستین لەو ژمارەیەیدا کە لە ٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ی زاییندا دەرچووە، باسی لێوە دەکا ئەمانە بوون:

١) ئەو ستەمەی شێخ مەحموود و کوڕەکەی لە بەندیخانەکەیاندا لێیان دەکرێ.

٢) ناردنی هەواڵ لەلایەن شێخ مەحموودەوە بۆ ئەوەی دوای خۆی لە جیهاددا شێخ ئەحمەدی بارزان پێی ڕادەگەیەنێ جیهاد و جەنگەکەی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا دەست پێ بکا بەپێی ئەو بنەوایەی کوردەکان پەیمانیان بە یەکدی داوە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لە نێو عێراق و تورکیا و ئێران پێک دێ.

ئەم شۆڕشەش تا تەمووزی ساڵی ١٩٣٢ی زایین بەردەوام بوو، واتە حەوت مانگ و بە سەرکەوتنی حکوومەتی عێراق کۆتایی هات و تورکیا و ئێران و عێراق بەشدارییان لە سەرکوت کردنی ئەم شۆڕشەدا کرد، هەروەها فڕۆکەکانی بەریتانیای تێدا بەشدار بوون. هاملتن دەڵێ: "ئەگەر فڕۆکەکانی بەریتانیا بەشدارییان نەکردبا ئەو سوپای عێراقەی بۆ سەر ناوچەی بارزان دەکشا هەر هەموو پێشێل دەکرا" و هەر سێ دەوڵەتەکە یەکەم جاریان نییە بەشداری لە دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی کورد دەکەن، بەڵکو لە دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشانەدا کردووە کە لە تورکیا و ئێرانیشدا سەریان هەڵداوە، ئەمەش وای لێ کردن دواتر پەیمانێکی هاوبەش ببەستن بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی کورد کە دوور نییە لە داهاتوودا بەرپا ببن و هەر بزووتنەوەیەکی کورد سەربەخۆیی بە ئامانج بگرێ لە ناو ببەن.

لەهەمان ڕۆژدا واتە لە ١١ی ئابدا گەڕامەوە مووسڵ، بۆ ڕۆژی دووەم بەرەو دیمەشق بەجێم هێشت لە ڕێی دێرئەلزوورەوە بە ئۆتۆمبێلێک بەرەو خۆراوا بۆ بیابانی شام کە بە کانیی "بەیزە"دا ڕەت بووین کە کانییەکی فرە ئاوە و گوندێکی گچکەی لە نێزیکدایە دەوارە ڕەوەندی لە دەوروبەردایە، کە گەیشتینە میلی سی و نۆیەم گوندی تەل عەفەر "تلەعفەر"ی تورکمانیمان بینی، کە ناوەندێکی قەزایە هەر بەو ناوەوە، شەش هەزار کەس لە تورکمانانی لێ نیشتەجێن، بەشێکی لێ لەسەر گردێکە و بەشەکەی کەی لە دەشتێکی ڕووتدایە، دوای ئەوە بە گوندی "عەبرە"ی هەرە گەورەدا ڕەت بووین کە ئەمیش دانیشتووانی تورکمانن، ئینجا بە کانیی "ئوم حیسان" و کانیی شەبابیت و لێرەدا عەرەبی (تەفافیج) دەوارەکانیان هەڵداوە و ئینجا کانیی "غەزال" کە گوندێکی گەورەیە لە "٧٤ـەمین میلدایە زنجەکانیان لە ناوەڕاستی دەشتێکدا بنیات نراون ئاوی زۆری هەیە و حکوومەت مەخفەرێکی تێدا بنیات ناوە بۆ باج و پەساپۆرتی ڕاگوزاری. دوای ئەوەی پەساپۆرتەکانمان تەماشا کران دەمەو خۆراوا ئۆتۆمبیل بردینی و بە "بەدیع"دا ڕەت بووین لە نێزیک سنووری سووریا–عێراقدا، کە سنجارمان بە ئاشکرا لێ دیار بوو لەو بیابانەدا. هەروەها سنجار چیایەکی سەختە تایەفەیەک لە کوردانی لێیە بە ئێزیدی ناسراون، لەبەر کەمیی کات پێم



هەواڵنامەی کتێب

نەکرا سەری لێ بدەم و ئەوەی لەبارەی ئێزیدییانەوە دەینووسم لە سەرچاوەگەلێکی بیانی و خۆرهەڵاتییەوە وەرگیراوە.

ئێزیدییەکان: فەریق تەها هاشمی لە کتێبی جوگرافیای بەدوورودرێژیی عێراق-یدا دەڵێ "ئێزیدییەکان بەشێکن لە گەلی کورد و ئاینی کۆنی خۆیان پاراستووە و باوەڕی نوێیان تێکەڵ کردووە و لەوانەیە پاشماوەی زەردەشتییان بن"، هەروەها لایارد و هی دیکەش هەر وای بۆ چوون، لەوانە سەید عەبدولرەزاق حەسەنیی خاوەنی کتێبی "اليزيديه أو عبده الشيگان = واتە: ئێزیدییان یانیش شەیتانپەرستەکان"، هەروەها جەلادەت بەگی بەدرخان لە کتێبۆکەیەکیدا بەکوردی بە ناونیشانی "نڤێژێن ئێزیدییان"ەوە دەڵێ: "ئێزیدییەکان بتپەرست نین بەڵکو خاوەن کتێبن و بڕوایان بە تاکێتیی خودا هەیە، لەوەشدا لەو گەلە هەرە کۆنانەن کە بڕوایان بە پەرستنی یەک خودا بووە و ئاینیان دینی زەردەشت نەبێ هیچی دیکە نییە کە هەموو کوردەکان بەر لە مەسیحییەت و ئیسلام بڕوایان پێی هێناوە ودینی زەردەشتیش لە دینە هەرە کۆنەکانە لە پەرستنی تاک و نوێژیان بۆ ئەفرێنەر لە ڕۆژێکدا پێنج کاتە". ناوی ئێزیدیش لە وشەی یەزدانی کوردییەوە وەرگیراوە و واتەی (ئەڵڵا)ی بە عەرەبی دەگەیەنێ.

باوەڕی ئێزیدییان و کتێبە پیرۆزەکانیان:

ئێزیدییەکان دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە:

١) جیلوە.

٢) مەسحەفێ ڕەش "مەسحەفا ڕەش".

بابەتی یەکەمیان وەک لە نامیلکەی ئێزیدییان-ی سەید عەبدولرەزاق ئەلحەسەنیدا هاتووە:

١) ئەو قسەیەی دەڵێ ئەو کتێبە خوداییە پیرۆزانەی بە دەستی خاوەن کتێباندان تووشی تێکچوون و گۆڕان هاتوون.

٢) کورتەی ئەوەی خودای گەورە میللەتی ئێزیدیی پێ دواندووە. بابەتی مەسحەفا ڕەشیش ئەفراندنی ئاسمانەکان و زەوییەکان و گۆڕانی شەو و ڕۆژ ئەفراندنی مرۆ و پەرییەکان و تەخت و چۆنێتیی دەرکەوتنی (عەدیی کوڕی موسافیر) و هاتنە خوارەوەی شەیتان و هی دیکە. ئێزیدییەکان لەو بڕوایەدان شەیتان سەرۆکی فریشتانە و دان بەوەدا دەنێن کە گوناهبارە و شایانی سزایە و دوای تەواو کردنی سزاکەی دەگەڕێتەوە پایە و پلەکەی خۆی. دوای شەیتان باسی جبریل و میکائیل و ڕافائیل و عزرائیل و دەردائیل و ئیسرافیل و شمکیل (شمکائیل) دەکەن کە ئەمانە ئەو حەوت فریشتانەن کە سەرپەرشتیی سیستمی دنیا دەکەن. خۆشیان لە ناوهێنانی شەیتان لادەدەن و ڕێزی لێ دەگرن و بە گەورەی دادەنێن لە ترسی تووڕە بوونی، باوەڕ بە مەسیحیش دەکەن وەک فریشتەیەکی بەرجەستە و ڕێز لە خاچ دەگرن کە بەکارهێنانی بۆ پێش مەسیح دەگەڕێتەوە و بڕوا بە موحەمەد (د. خ) دەکەن وەک پێغەمبەر و

ڕێز لە شوێنە ئیسلامییە پیرۆزەکان دەگرن و ئایەتەکانی قورئان لەسەر دیواری پەرستگەکان و گۆڕەکانیاندا دەنووسن و منداڵانیان لەو ئاوی زەمزەمە پیرۆزە هەڵدەکێشن کە لە تەک پەرستگەی شەمس "شەمسەدین"دایە و لە ئاوهەڵکێشان لەلایان ئاوی پیرۆز بەسەر منداڵدا کردنە بۆ خاوێن کردنی لە تاوانی خوێنی ڕەسەن. هەروەها ئاگر بەپیرۆز دادەنێن و باسی چاکە (خێر) و بەدکاری (شەڕ) و گوێزرانەوەی گیان دەکەن هەر وەک زەردەشتییەکان دەیکەن. لەو بڕوایەشدان کە خودا لە ئاسمانانی بالادایە و بە هۆی حەوت فریشتەکانەوە نەبێ سەرپەرشتیی زەوی ناکا و ناوبانگترینیان "مەلەک تاوس"ە کە بە هێمای شەیتانی دادەنێن بۆ ئەوەی ناوی نەهێنن و ئەم مەلەک تاوسەش مەلێکی زێڕینە بە بەردە پیرۆزەکان و گەوهەران ڕازێنراوەتەوە گەلێک لە کەڵەشێر دەکا و سینگێکی بەرز و سەرێکی گچکە و کلکێکی پان و بڵاوی هەیە و لەژێر دەنووکیدا هەندێ لاری هەیە. هەروەها ڕێز لە خۆر دەگرن و بە شێخ شەمس-ی ناو دەبەن و بە مانگیش دەڵێن شێخ سین، ئەمەش بەرامبەر دوو ناوی شەمس و سین-ن لە ئاینی بابلیدا و هەموو ساڵێک گایەکی سپی لە نێزیک هەیکەلی ئەمسەدیندا دەکەنە قوربانی و ئەم قوربانییەش لە کرۆکی ڕێنوێنییەکانی میترا بووە. هەروەها خەتەنەش دەبن و لەوانەیە ئەوەیان لە جوولەکە یان لە ئیسلام یان لە سەرچاوەیەکی کۆنتر وەرگرتووە، وەک ویکران دەیگێڕێتەوە و سێ ڕۆژی بەدوای یەکدا ڕۆژوو دەگرن لە مانگی کانوونی یەکەمی هەر ساڵێک و نوێژی ڕۆژانە دەکەن بەگشتی و هەموو بەیانییەک کڕنووش بۆ هەڵهاتنەوەی خۆر دەکەن و نزایەکیان هەیە هەموو بەیانییەکی چوارشەم و هەینی لە ڕۆژانی حەوتوو دەیخوێننەوە و خوێنراوە ئاینییەکانیان و نزاکانی نوێژ و دەستەواژەکانی لە ئاو هەڵکێشان بە کوردی دەخوێننەوە و حەج بۆ سەر گۆڕی شێخ عەدیی پێشەوایان دەکەن لە نێزیک گوندی (باعەدرێ)ی ناوەندی ئاینییان لە قەزای شێخاندا. شێخ عەدیی-یش وەک لە کتێبی جیلوەدا هەیە و وەک بۆی دەچن شێخ عەدیی کوڕی موسافیرە، لە (بێت فار)ی بەعلبەکەوە هاتووە و لە چیاکانی حەکاریدا دانیشتووە و تێیدا مردووە و ئێزیدییەکان لەو بڕوایەدان دوای مردنی چووەتە شێوەگەلێکی پیرۆزەوە و دوای ئەوە دەرچووە و چووەتە ئاسمان دوای ئەوەی پەندگەلێکی لەسەر زەوی جێ هێشتووە، دوای ئەوە فریشتەیەکی چاک پەیدا بووە و پێیانی گوتووە (ئەمە گۆڕەکەیەتی) و دەستیان کردە حەج بۆ کردنی. دینی ئێزیدیش بە کورتی دینی (زەردەشت)ە و بە ڕەت بوونی ڕۆژگار ئاینەکانی بابل و ئاشوور و مەسیحییەت و ئیسلام کاریان لێ کردووە.

کورتەیەکی مێژوویی لەبارەیانەوە لە ئیسلامدا:

سیر مارک سایکس دەڵێ: "ئێزیدییانی سنجار (شنگار) نەک هەر بە زمان کوردن، بەڵکە بە خوێنیش، کە جیاوازییان لەگەڵ کوردەکانی دەرسیم (دێرسم)دا بە سیما و بە تەنیش نییە". تورکە

عوسمانییەکان چەوساندوونیەوە و هەڵمەتیان بەسەریاندا ڕێک خستووە، لەوانە هەڵمەتی ساڵی ١٨٩٤ی زایینە، ئامانجەکەی گۆڕینی باوەڕیان و ناچار کرنیان بۆ پەسند کردنی ئیسلامەتی و ئەم هەڵمەتە توانیویەتی دەست بەسەر هەندێک لە گوندەکانی چیاکانیان، بەڵام کورتییەکەی لە ئەرکەکەیدا سەرنەکەوتووە و ساڵی ١٩١٨ی زاییندا و لە دەمە دەمی کۆتایی جەنگی جیهانی هێزیکی سەربازییان کرایە سەریان بۆ تەمێ کردنیان بە هۆی هێرشەکانیانەوە بۆ سەر ڕێیەکانی هات و چوو و تاڵانکردنی کاروانەکان و لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی تورک نەیتوانی تەواویێ بەسەر چیاکەیاندا لەبەر سەختیی ڕابگا و بەهۆی ئەم هەڵمەتانەوە ژمارەیان کەم بووەوە، لایاردی گەشتیار دەڵێ: "سێ چارەکیان بە خنکاندن و کوشتن مردن لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتانەشدا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئێزیدییەکان ئەو کارەساتانە بە سروودە لاواندنەوەکانیانەوە باس دەکەن، مێژوونووس دەتوانێ وەک بەڵگەنامە پشتیان پێ ببەستێ. لە سەدەی هەژدەهەمدا چەوساندنەوەی تورکەکان دیسانەوە توند بووەوە و لەگەڵیاندا جەنگین و کۆچەرە بیابانییەکانیش بەشدارییان کردن و ژمارەیەکی زۆریان لێ لە ناوبردن".

چینەکانی ئێزیدییان و داب و نەریتەکانیان:

لە ڕاپۆرتی لیژنەی "عوسبەتولئومەم"دا لەبارەی دۆزی سنووری نێوان عێراق و تورکیاوە هاتووە، چینەکانی ئاینیی لای ئێزیدییان شەش چین:

١) شێخەکان.

٢) پیرەکان.

٣) فەقیرەکان.

٤) قەووالەکان.

٥) ئاوان.

٦) خزمەتکارانی گۆڕی شێخ ئادی "عەدیی".

سەید عەبدولرەزاق حەسەنیش دەیانکاتە حەوت چین:

١) میرەکان: ئەمانە خاوەنی سەرجەلەی بڵاوکراوەن، کە لە باوانەوە بۆیان ماوەتەوە و ئەم تایەفەیە تەواوی لەش و گیانیان پەسند دەکەن و گوێڕایەڵیی هەموو فەرمانێکیان دەکەن.

٢) فەقیرەکان: ئەمانە جێگرەکانی میرانن و ئەرکیان کۆکردنەوەی کوڕان و کیژانە بۆ ڕاهێنان لەسەر دەفژەنی و سەما و هەروەها ئەرکی ئاینیشیان لە گۆڕی شێخ ئادیدا هەیە، فەرمانی میریش بە خەڵکی دەگەیەنن بە ڕێی ئەو سەرۆکانەوە کە دوای خۆیان دێن لە پلەدا.

٣) کوچکەکان: ئەرکیان پێوەندییە بە گیانەکانەوە و کفن و "تەڵقین"کردنی مردووانە.

٤) پیرەکان: ئەمانە ڕۆژوو گرتن و ڕۆژوو شکاندن ڕێک دەخەن.

٥) شێخەکان: ئەمانە خزمەتکارانی گۆڕی شێخ ئادین و دەبێ مەرجی ئەوەیان تێدا بێ لە زنجیرە سەرچەلەی "حەسەن ئەلبەسری"ی پیریان بن و زونناریکیان هەیە دەیخەنە سەر سینگیان و نیشانەیەکیشیان هەیە بە دەستیانەوەی دەگرن، کە کۆمەڵەکەیان دەیانبینن کڕنووشیان بۆ دەبەن.

٦) قەوواڵەکان: ئەرکی ئەمانە خزمەتکردنی دەفەکان و پەسنی خوداوەند و فریشتەکان و گواستنەوەی تاوسە بروونزییە بچووکەکانە لە گوندێکەوە بۆ گوندێک بۆ ئەنجامدانی نوێژ و پەرستن.

٧) پێشەوا ئاینییەکان: ئەوانەن کە منداڵان فێری لەبەرکردنی کتێب و پرسە ئاینییەکان و کاروباری میللەت و ئەو شتانەی پێویستە بیانزانن و ئەم چینانە لە چینێکەوە بۆ چینێکی دیکە بەرز نابنەوە.

خوو و دابونەریت: نەک تەنیا هەر ناوهێنانی شەیتان و ئەو وشانەی لەو دەچن و نەفرەت لێکردن بۆ ئێزیدی قەدەخەیە و بەس، بەڵکو پیستنیشیان قەدەخەیە. هەروەها نابێ جلی شین لەبەر بکەن و بەهیچ جۆرێک نابێ هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی ئاینەکانی دیکەدا بکەن، ئەگەر ژنە ئێزیدییەکیش لەگەڵ کەسێکدا کە یەزیدی نەبێ جووت بێت، لە ترسی ئەوەی خوێنی بێگانە نەچێتە ناویانەوە دەیکوژن. کە لەو بڕوایەدان ئێزیدی دەبێ لە باب و دایکێکی ئێزیدییەوە بزێ، بۆیە هەوڵ نادەن ئاینیان بەناو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە. ئەم قەدەغەکردنەش خوێنیانی بە پاکی ڕاگرتووە. هاوسەرگیریش لەلایان لە ئەنجامی دڵداریدا مەرجی پەسندکردنی کوڕ و کچەکەی دەوێ بۆ هیچ یەک لە باوک و دایکەکان نییە ڕێ لە ئارەزووی لایەکیان بگرێ بۆ هاوسەرگیری. هەروەها نابێ لەسەرەتای ساڵی ئێزیدیدا، واتە لە مانگی نیساندا هاوسەرگیری بکرێ. هەروەها نابێ ئەوانەی لە چینێکن هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانێکدا بکەن کە لەو چینەی خۆیان نین. بەڵام میر لەمە بەدەرە و دەشێ ئەو کەسە بهێنی کە خۆی دەیەوێ. دووبارە کردنەوەی تەڵاقیشیان لەلا ڕێ پێ دراوە و هەروەها فرەژنیش. ئێزیدییەکان وەک کوردەکان ڕیشیان دەتاشن و سمێڵ پەروەردە دەکەن. ئەگەر ئێزیدی مرد بە دۆڵژەن و زوڕناژەنانەوە تەواوێک بە کاوە خۆ دەبرێتە گۆڕستان، دوای ئەوەی مردوو دەنێژرێ سێ ڕۆژ لەسەر یەک ئافرەت دەچنە سەر گۆڕەکەی و بە دەهۆڵ و زوڕناوە دەگرین و شیوەن دەکەن. لە دوایین ڕۆژدا خواردن دەبەنە سەر گۆڕ و لەوێی دادەنێن کە لەو بڕوایەدان مردووەکە لەوانەیە پێویستیی پێ بێ چونکە ئێزیدییەکان بڕوایان بە گیانگۆڕکێ (تناسخ الارواح) هەیە.

ئێزیدییەکان وەرزێکی ئاینییان لە یەکەم چوارشەمی هەر مانگێکی نیسانی ڕۆمیدا هەیە، ئەوەش لەلای ئەوان جەژنی سەری ساڵە، بە دەهۆڵ و زوڕناوە دەچنە سەر ئارامگەی شێخ ئادی و

لەوێ سەرما دەکەن و ڕادەبوێرن و مەرجی ئەم سەردانەش ئەوەیە کەس خواردنی خۆی نەهێنێ و کە هەموویان لەسەر یەک خواندا دەخۆن لە داهاتی سامانەکان و خانووبەرەکانی شێخ ئادی تێچووەکەی خەرج دەکرێ. لەو بڕوایەدان لەم ڕۆژە پیرۆزەدا هەموو گوناهەکانیان بەر لێخۆشبوون دەکەوێ. دوای ئەوەش لە ڕۆژانی پێنجشەم و هەینیدا لە گوندی (بەعشیقە)دا کۆ دەبنەوە بۆ سەماکردن و لە هەینیی دووەمدا لە گوندی (دەروێشان)دا کۆ دەبنەوە بۆ هەمان ئەو مەبەستە و لە هەینیی سێیەمدا بە دەف و زوڕناکانیانەوە سەر لە گۆڕی شێخ ئەبی بەکر دەدەن لە نێزیک گوندی (بەحزانی)، جگە لەوە ڕۆژانێکی تایبەتیان هەیە دیسان بە دۆڵ و زوڕناوە سەر لە گۆڕی مردووانیان دەدەن.

***

دوای ئەوەی هەندیک لە (بەدیع)دا مابنەوە بەشەو لە ڕێکردن بەردەوام بووین تا لە سەعات دوو و نیوی پاش نیوەشەو گەیشتینە (فەدغەمی) کە یەکەم گوندێکە دەکەوێتە سەر ڕووباری خابوور–ی یەک لە لکەکانی فورات کە مەخفەرێکی سووریا و فەرمانبەرێکی باجی لێیە و هەموو فەرمانبەران لەم دوو مەخفەرەدا ئەرمەنن. دوای فەدغەمی ڕێمان تەریبی ڕووباری خابوور بوو تا گەیشتینە (سووەر) و لە سەر پردێکی چاک بنیاتنراودا کە فڕەنسییەکان بەپێی تازەترین بنەوای ئەندازیاری بنیاتیان ناوە لە ڕووبار پەڕیینەوە. گوندییەکانی ئێرەش کێڵگەکانیان بە هۆی ئەو ناعوورانەوە دەدێرن کە لەسەر خابووردا دایاننناون.

سەعات دەی سەرلە بەیانی گەیشتینە دێروززوور کە دوا قۆناخی دوای سووەر–ە، حکوومەتی سووریا کردوویەتییە ناوەندی فورات. شارۆچکەکەش لەسەر ڕۆخی فورات لە ناوەڕاستی بیابانی ڕەوەنداندایە و شەقامێکی گشتیی بەناودا دەڕوا (ئەسفەلتریژ) کراوە و لە دوو لایدا دار چێنراوە. سێ ڕێگە بە دەرەوەی دەبەستن یەکێکیان بەرەو باکور دەچێ و بە باکوری کوردستانی دەبەستێتەوە و دووەمیان بۆ خۆراوا دەچێ و بە حەڵەب–ی دەبەستێتەوە و سێیەمیشیان بۆ باشوور دەچێ و بە دیمەشق–ی دەبەستێتەوە. دانیشتووانی تێکەڵێکن لە خەڵکانی شارەکانی سووریا و شارە کوردییە هاوسێکان پێکهاتوون. ماوەی سەعاتێک لە شارۆچکەدا ماینەوە ئینجا ڕێمان بەرەو باشوور بۆ دیمەشق گرتەوە بەر و ڕێمان چۆڵەوانییەکی لە دانیشتووان چۆڵ و توانیم ماوەی لە دێروززوورەوە تا دیمەشق بزانم لەبەر بوونی بەردگەلێکی ژمارە لەسەر، لەسەر ڕێدا. یەکەم گوندیش کە گەیشتینێ (سەخنە!) بوو کە (١٤٥) کیلۆمەتر لە دێرەوە دوورە، کە گوندێکی گەورەی ئاوی (گۆگرداوی) زۆر کە دانیشتووان لێی هەڵدەهێنجن و باخچە سادەکانیانی پێ دەدێرن کە زۆربەیان دارخورمایە. خانووەکانیان لە خشت دروست کراوە و دەواری ڕەوەندانی بەدەوروبەرەوە بڵاو بووەتەوە و بە ڕەوەندی (سەخنە) دەناسرێن و ئینجا، دوای ئەوەی (٧٣) کیلۆمەترمان بڕی بۆ ئێوارە گەیشتینە (تەدمور)، کە گەیشتینە دەوروبەری گوند فڕەنسییەک ئۆتۆمبیلەکەمانی ڕاگرت و ئاماژەی بۆ شوفێرەکە کرد بە ڕێیەکی دیکەدا بڕوا کەی ئاماژەی بۆ

کرد، چونکە ئەو ڕێیەی پێیدا دەڕۆی دەچێتە سەر شوێنەوارەکانی تەدمور و چوونە ناو ئەوێش قەدەخەیە. خەڵکەکە لە خانووگەلێکدا لە دەوروبەری ئەم شوێنەوارانەدا دادەنیشتن، بەڵام لێی دەرکران و لەبری ئەوە زەوییەکی دیکەیان دانێ بەرامبەر شوێنەوار و خانووە نوێیەکانیان لەسەردا بنیات نا. کە گەیشتینە گوند چووینە ئوتێلەکەی کە بڕیاری مانەوەی ئەو شەوەمان دا.

کە دەرچووم بۆ پیاسەکردن سەرنجم دا شێوەزاری خەڵکەکە و شێوەیان لە شێوە و زاری عێراقییەوە دەستی بە نێزیک بوونەوە لە سوورییایی کردبوو و ئافرەتانیش بە گشتی -کە کۆمەڵێکم لێیان بینی بۆ ئاو بردن هاتبوونە سەر کانیاوێک- جوان و قەدباریک و باڵابەرز بوون.

### مێژووی تەدمور

تەدمور یان وەک لە یۆنانیدا پێی دەگوترێ (پاڵمیرا- شارۆکەی دارخورما) لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا ناوەندی ویلایەتێک بووە والییەکیان بە ناوی ئۆزینۆس -ئوزەینە-یان لەسەر داناوە و دوای مردنی زەننووبیا (زەینەب- ئەلزەبا)ی هاوسەری جڵەوی فەرمانڕانیی گرتووەتە دەست و لە گوێڕایەڵیی ڕۆمانەکان دەرچووە و وڵاتەکەی فرەوانتر کردووە و نازناوی شابانووی خۆرهەڵات-ی لە خۆی ناوە و بڕیاری ڕزگارکردنی سووریا و هی دیکەی لە وڵاتە خۆرهەڵاتییەکانی لە مشتی ڕۆمانەکان داوە. لە پێشەوەی لەشکرەکەیدا ڕێی کردووە، بەڵام ساڵی ٢٧٣ی زایین بە دیلی دەکەوێتە بەر دەستی ئۆرلیانوس-ی ڕۆمانی. دواتر کەسوکاری دووبارە ڕاپەڕیون و ئۆرلیانوس گەڕاوەتەوە و شارەکەی بە تۆبزی گرتووەتەوە و چەند ڕۆژێکی یەک لە دوای یەک خەڵکەکەی بەر شمشێر داوە و فەرمانی ڕووخاندنی بنیات و قەڵاکانی داوە و شوورەکەی بە ڕووخاندن داوە، بەم جۆرە ڕووخا، ئەو شارە گەشاوەیە وای لێ هات لەسەردەمی دیۆکلیتیانوس-دا بووە گوندێکی بچووک، کردییە بنکەیەک بۆ گێڕانەوەی هێرشەکانی ڕەوەندان بۆ سەر سووریای ئاوەدان. ئەم شارە وەک جارانی نۆژەن نەکرایەوە و بە بچووکی مایەوە و دوای دەرچوونی ڕۆمانیش هەر پاشەکشێی کردووە و دوای ئەوەش بارودۆخی لەوەی ئێستەی باشتر نەبووە.

عەرەبەکان دەڵێن سولەیمانی شای ئیسرائیل جنۆکەی بۆ بنیاتنانی تەرخان کردووە و هەندێک لە شوێنەوارناسان باسیان لەوە کردووە کە سولەیمان تەدموری بنیات ناوە بۆ ئەوەی ڕێی بازرگانی لە بیاباندا دابین بکا و لە سەرەتای سەروبەندی خرستیانیاندا بووەتە یەک لەو دوو شارەی بازرگانیی ئەوروپا و ئاسیایان بەدەستەوە گرتووە، مەبەستم (بەترای دۆڵی مووسا)ی لە خۆرهەڵاتی ئوردون و (تەدمور)ی سووریایە.

هەر لەگەڵ خۆرهەڵهاتنەوەدا بارگەمان لێک نا و ڕوومان لە دوو گوندەکە کرد کە (١٠٣) کیلۆمەتر لە تەدمورەوە دوورە و لێرەدا عەشیرەتگەلێکمان بینی لەوانەی سەر بە (ئیبن ڕەشید) بوون کە فرەنسییەکان تیپێکیان لە (هەجانە) لێ پێکهێناون بۆ پاسکردنی بیابانی سووریا و لە نێزیکیشیانەوە عەشایەری شەعلان بڵاوبوونەتەوە و ئامآژەمان بە شوفێرەکە کرد بەناو

دەوارەکانیاندا ڕەت بێ، کە لە ناویاندا ڕەشماڵگەلێکی سپیمان بینی کە نووریی کوڕی شەعلان–ی شێخی شێخانی عەشیرەتەکانی ڕۆلە بۆ کڕین و فرۆشتنی هەڵدابوونەوە.

دوای ئەو دوو گوندە نێزیکەی (٥٧) کیلۆمەترمان بەرەو باشووری خۆراوا بڕی و گەیشتینە (ئەلناسرییە) کە بە کەشتیوانییەوە ناوبانگی هەیە، هەر وەک تەدموریش ناوبانگی هەیە. دوای ١٠ خولەک بە ئۆتۆمبیل بە گوندی (عەتنە)دا ڕەت بووین کە بە ڕەزی ترێ ناوبانگی هەیە و دوای ئەوە (جەبروود) کە ١٠ خولەکی دیکەی لێوە دوورە و بە کەشتیوانی و ترێی (دەربەللی) و فرەئاوی و خانووی جوان بەناوبانگە. ئینجا گوندی (ڕحێبە) لە دووریی ١٠ خولەک و لەوێشەوە هاتینە دێی (میعسەمییە) و ئینجا لقتێفە–ی ناوەندی قەزای (ئەلقتێفە) کە ١٠٥٣ مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە، لە دۆڵێکی بەریندایە. ماوەی نێوانی ناسرییە و قتێفە (٢٢) کیلۆمەتر ڕەت ناکا و دوای قتێفە بە گوندی (عەدرا)دا ڕەت بووین و ئەوە سەرنجمی ڕاکێشا ئافرەتە لادێییەکان لە ناسرییەوە تا ئەم دێیە بەرگی سوور دەپۆشن و عەدرا (٢٣) کیلۆمەتر لە دیمەشقەوە دوورە و لە دووریی شەش کیلۆمەتر بەولاتریەوە هاتینە گوندی (قەسیر) کە نەخۆشخانەی ئیبن سینا–ی بۆ نەخۆشانی مێشک لێیە و گوندەکە لە هەموو لایەکیەوە بە ڕەزی ترێ دەورە دراوە. ڕێیەکە دوای قەسیر پڕە لە دار زەیتوون و ڕەزی ترێ و لە (غووتە)ی دیمەشق نێزیک دەبێتەوە تا گەیشتینە (دووما) کە گەورەترینی گوندەکانی غووتەیە و ناوەندی قەزایەکە بەم ناوە و بە زەیتوون و ترێ و شەمامە بەناوبانگە و تەنیا (حرستا) نەبێ هیچی کە لە نێوانی ئەم و دیمەشقدا نییە کە دوو ڕۆژی لێ بووم و گەڕامەوە عەممان. بەوەش گەشتی یەکەم بۆ کوردستان کۆتایی هات.

***

بەشی پازدەیەم

## چوونە ناو کوردستانی خۆرهەڵات

دوای ئەوەی گەشتی کوردستانی باشوورم کۆتایی پێ هێنا، ئارەزووی گەشتی کوردستانی خۆرهەڵاتم کرد، کەمیی کات ڕێی لە جێبەجێ کردنی ئارەزووی گرتم و ئەوەم بۆ هەلێکی کە، دواخست. بەڵام من لەلایەکی کەوە وام بەباش زانی ئەوەی لە بارەی بەشێکی کوردستانی خۆرهەڵاتەوە، کە لە ناو سنووری ئێران و تورکیایە، لە کتێبی (لە کەنداوەوە تا ئەرارات)ی مستەر هەبارد–ی یەک لە ئەندامە بەریتانیاییەکان لە لیژنەی هێڵکاریکردنی سنووری نێوانی تورکیا و ئێرانی ساڵی ١٩١٣–١٩١٤ی زایین وەرمگێڕاوە وەک پێشەکییەک بۆ توێژینەوە لە خۆرهەڵاتی کوردستان بخەمە سەر بەشەکانی گەشتەکەم، ئەگەر بۆم لوا گەشتێکی ئەوێش بکەم.

نووسەر دەڵێ:

دوای جێهێشتنی بەغدا ڕوومان لە شارۆکەی (قەسری شیرین)ی سەر سنووری ئێران بوو،

ڕۆژی یەکەم بە بەعقووبە و قزلەربات و خانەقین–دا، کە شمەکەکان بۆ پشکنیاریی ترانسێت خرابوونە بەردەست، بەڕێیەکدا تێپەڕیین کە بۆ ڕێکردنی ئۆتۆمبێلان دەست دەدا، بۆ ئێوارێ بارگەمان لە خان–دا خست، کە گەیشتبووینە سەر پردێک دەڵێن یایەیەکی[4] فارس لەسەر ڕووباری ئەڵوەند–ی تیژڕەوی بەخوڕدا، بنیاتی ناوە، دا یارمەتیی حاجییانی شیعە بدا لە پەڕینەوە لە ڕووبارەکە بۆ شارە پیرۆزەکان لە عیراقدا. بۆ ڕۆژی دووەم بە ئۆتۆمبیلەکەمان بەڕێماندا بەردەوام بووین بۆ قەسری شیرین و بە گردگەلێکی نزم نزمدا ڕەت بووین کەلاوەی تەلارە کۆنەکانیان لەسەر بوو.

قەسری شیرین– وەک بینیمان شارۆکەیەکی جوان بوو لەلاپاڵی گردێکی زۆر لێژدا بنیات نراوە شوێنەواری جوان بوونەتە ئەفسەر (تانج)ی ترۆپکەکانیان شەقامێک بە بەردی ورد بەردڕێژ کراو بە لایەکیدا دەڕوا و ڕووباری ئەڵوەندیش بە بنکەیدا دەڕوا و بە ناو باخچەکانی هەنجیر و هەنار و کێڵگەگەلی گەنم و مێرگی بەپیت و گردگەلی ئاڵدا دەڕوا کە لە خۆرهەڵاتەوە بە چیاگەلەوە پەیوەستە.

شوێنەوار ڕووبەرێکی فرەوانی لە باکوری شارۆکەکەدا پڕ کردووە، شوێنەواری شارێکی گەورەیە، کە لە سەردەمی ساسانییاندا ئاوەدان بووە، هەموو ئەوەی لێی ماوەتەوە و دیارە جۆگەیەکە، ئاوی لە ئەڵوەندەوە لە دووریی نۆ میلەوە بۆ شارەکە هێناوە. شوێنەوارەکەی کە بنیاتێکی گەورەیە، گۆ وایە ژووری تەختی پاشایانی ساسانییان بووە. نهۆمی سەرزەوییەکەی شێوە چوارگۆشەیە، لەهەر لایەکیدا دەروازەیەکی گەورەی لێیە، هێمایەکە بۆ ئەوەی دەرگاکانی شا لە هەموو هەرێمەکانی شانشینییەکەیدا بۆ گەلەکەی کراوەن. دیوارەکانی لە بەردی گەورەی دانەتاشراو و گڵی زۆر یەکگرتوو دروست کراوە. کۆڕنیشێکیشی لە سەردا بۆ گومەزە هەرە گەورەکە کراوە کە لە ڕابوردوودا داپۆشیوە.

لەم قۆناخەدا کارەکانی سنوور ئاڵۆزترینی کارەکان بوون کە دەبوو لیژنەکە چارەسەریان بکا. کە ئەو گردانە بڕانەوە کە بەڵگەیەک بوون لە کاردا و لە نێویان و نێو زنجیرە چیا سەرەکییەکەدا کە بە هێڵێک دادەنرێ بۆ دابەشکردنی ئاو و بە سنوورێکی سروشتی دادەنرێ کە تا ئەرارات درێژەی هەیە، ڕووبەرێکی کراوەی بەرینە لە زەویی شەپۆلاوی پێکدێ کێڵگەی چێنراوی تێدا زۆرە، بۆیە پێویست بوو لیژنەکە کە پەرۆشی کێشانەوەی هێڵی سنوور بوو بە نێویدا بڕوا، هەروەها پێویست بوو مەرجگەلی تایبەتی دانێ کە پێوەندییان بە زەوییەکانی نەوتەوە هەیە لە پێگەی (چیاسورخ)دا کە کۆمپانیای نەوتی فارسی– ئینگلیزی بەبەرهەمی دەهێنا و لەبەر جیاوازییەکانی نەخشەکانیش و هۆکارگەلێکی دیکە، لە سەرەتای کاردا لیژنە بۆی نەکرا ئەو هێڵی سنوورە بکێشێ کە لە ئەستەنبووڵ دانرابوو. بەڵام ئەوەندەی نەبرد تەگەرەکانی لابرد و دەستی بە ئەرکەکەی کرد.

دوای قەسری شیرین ڕوومان لە دەشتی زەهاو کرد لەسەر ڕێی کرماشان و بە (تەنگەی

هامان)دا ڕەت بووین کە ئاوی گۆگرداویی گەرمی زۆر لێیە، کە گەیشتینە ئامانجیش دەوارمان لەسەر گردێکدا خست بەسەر دەشتی زەهاو-ی بەباشی ئاودراودا دەڕوانێ. دەشتەکەش لە هەموو لایەکییەوە بە بەرزایی دەورە دراوە لە پشتیانەوە زنجیرە چیا بەدووی یەکدا دیارن، هەرچەند لێیان دوور دەکەویتەوە یەکیان لەوی دیکەیان بەرزتر دەبێ، لەلای خۆرهەلاتیدا کەلاوەی شاری زەهاو دیارە و تا پێش چەند سالێک ئاوەدان بووە. ئەو ناوچانەی بەتەک دەشتەکەشەوەن نیشتیمانی عەشیرەتێکی کوردی بەناوبانگە بەناوی گۆران ناسراوە و لەسەر ڕێبازە ئاینیی "عەلی ئیلاهی"ن و ئارامگەی "زەردا"ی چیای "دالەهۆ"یان لەلا پیرۆزە و ڕێبازی "عەلی ئیلاهی"ش لە ڕێبازە نهێنیپەرستەکانە لە ئیسلامدا.

دەشتی (دوولایەنە)ی "سەرکالە" بە دەشتی زەهاوەوە پەیوەستە و تایبەتمەندیی فرەوانیی ڕووبەری چێنراوی هەیە، لە کاتی ڕەتکردنیدا بەرەو بارگەکەمان لە لاپالی چیای "بەمۆ"ی گەردنکەشی نیشتیمانی پلنگاندا. کە هەندێک لەولاتری خێوەتگەمانەوە گوندی "پۆشتە"ی بچووکی لێ بوو و لە نێزیکیشیدا نەقشەیلی بەردینی لێیە، (شیل)ی فرەزانا دەڵێ کۆنترین نووسینێکە لەو جۆرەی خۆیدا لە هەموو ئاسیا. لەگەڵ ڕێبەرێکدا لە گوندەوە چوومە ئەوێ و منی بردە لای دیوارێکی ئەستوونیی بەردین، شوێنەواری نەقشم لە سەریدا نەدی. ئینجا ئاماژەی بۆ کردم بەسەر شانیدا سەرکەوم و بەسەر بەرزترین بەردیدا هەڵزنم، کە وام کرد خۆم لەسەر ڕۆخێکدا بینی پانییەکەی (١٨) ئینچ بوو چەند هەنگاوێکم بەسەریدا ڕێ کرد بە دوای ڕێبەرەکەدا تا لەبەردەمی نەقشێکدا وەستام، بە دوو پێ لەبان ڕۆخەکەدا کە ڕووبەرەکەی دوو پێ و نیوی ڕەت نەدەکرد و نەقشەکە شایەکی چەکدار بە تیر و کەوان دەنوێنێ، دیلێکی کڕنووش بردووی لەبەردەمدایە لێی دەپاڕێتەوە، لە پەراوێزیشیدا نووسینێکی بزماری هەیە. بۆ بەدبەختی نەمتوانی وێنەیەکی بگرم لەبەر تەسکیی ماوە، هەروەها کوردەکان نەقشگەلێکی دیکەیان لەو ناوانەدا بۆ باس کردین بەلام ئێمە نەماندۆزینەوە.

ئەوەی شایەنی باسیش بێ ئەوەیە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسیش لەم ناوە دابڕاون و کوردی نەبێ هیچ نابیسترێ. کە بارەگە گواستییەوە بەمۆ، لیژنەی سنوور پێشڕەویی بەرەو ڕووباری سیروان لە دووریی سێ ڕۆژ کرد، ڕۆژی یەکەم لاپالەکانی "بەمۆ"ی بە نێو دارودەوەنی پەرت و بلاوی بەڕوو و باخچەکانی دار هەناردا ڕەت بوو. لە ڕۆژی دووەمیشدا چووە ناو دۆڵی "زیمکان" و لە ڕۆژی سێیەمدا بەسەر چیایەکدا سەرکەوت و لەوێوە بەسەر دەشتی شارەزوورماندا دەڕوانی و لە خالێکی بەرزترەوە توانیمان بە ڕوونی ئەم دەشتی بەرینەی پڕ لە گردگەلی شوێنەواری کە بەلگەی ئاپۆرەیی دانیشتووان و گەشەسەندنی شارستانییە لە شارەکانی سەدەکانی دێرینیدا. هەروەها کێوەکانی ئەورامان (هەورامان)ی بە بەفر داپۆشراومان لەلای باکوری خۆرهەلاتەوە بینی. کە گەیشتینە سیروان کۆمەلە کوردێکمان دیت خەلکی بە کەشتییاندا سەر دەخەن و دەیان پەڕێننەوە بۆ ڕۆخەکەی کە، لەگەلیاندا ڕێککەوتین بۆ هەر کەشتییەک پێنج شلن بدەین بەلام ڕۆژی

دوواتر لە ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵماندا هەڵگەڕانەوە و لە جیاتی پێنج شلن داوای یەک پاوەنیان کرد و داواکەیانمان ڕەت کردەوە و لە تەنکاوێکەوە لە ڕووبارەکەمان دا و چووینە هەڵەبجە. دوای ئەوەی چەند ڕۆژێکی تێدا ماینەوە بەرەو کێوەکانی ئەورامان جێمان هێشت، کە درێژییەکەی لە سیروانەوە تا سنووری تورک لە باکور (٥٠) میلە، کە چیاگەلێکی سەخت و هەزاربەهەزارە و دۆڵگەل و بەرزاییگەلی زۆر بەرزی تێدایە.

ئەو عەشیرەتە کوردانەی لەم چیایانە دادەنیشن عەشیرەتەکانی هەورامانن و وەک خۆیان دەڵێن لە نەوەی ڕۆستەمی زاڵی ئێرانین. زۆربەی گوندەکانیان یان لەسەر لووتکەی چیاکاندا بنیات نراون، یانیش لە نێزیک کانیاوەکانی دۆڵەکاندا، بۆیە لیژنەکە لە ئەنجامدانی مەبەستیدا تەگەرەیەکی زۆری هاتە پێش.

بەلقاجوورا- ٣١ی مایس

هەڵەبجەمان ئەم بەیانییە جێهێشت و لە دوو سەعاتی یەکەمدا بەنێو چەندین گوندی کورددا ڕێمان کرد کە هەریەکەیان لە تەک جۆگەلەیەکدا ڕۆنراوە، باخچەگەلێکی پڕ لە هەنار دەورەیانی داوە. گەلێک جاریش لە ناو گونددا لەژێر سایەی داراندا گۆلێکی گەورەم دەبینی، ئاوێکی لە جۆگەیەکەوە بۆ دەهات و بەدەوریدا جێی دانیشتن لەبەردی نەقشکراو دانرابوون، بەرزییان سێ پێ بوو، بە ساڵدا چووانی لەسەر دادەنیشن و قسەیان دەکرد و توتنیان دەکێشا و چاودێریی ڕەنگدانەوەی خۆیان دەکرد لە ناو ئاودا. دوای ڕەتبوونی پێنج سەعات و نیو، بە دۆڵێکدا ڕەت بووین بە ناو دارگوێز و گوڵێلی زەنبەقدا لە نێزیک تاڤگەی (داو) کە گوندی بەلقاجوورا لە بەرامبەریەتی، خانووەکانیانمان بە میچە نزمەکانیانەوە بینی یەک لەسەر یەک لە شێوەی چەند چینێکدا بنیات نراون. کە چووینە ناویەوە بە چایخانەیەکدا ڕەت بووین کوردە لادێییەکان بە جلە خورییە ڕەنگاوڕەنگە جوانەکانیانەوە لە دەوریدا کۆ ببووبوونەوە. بە پیاوان و دۆڵەکان و دیمەنە جوانەکانەوە دیمەنەکانی وڵاتی یابانیان بیرخستمەوە کە زۆر لێی دەچێ.

١ی حوزەیران

ئەم بەیانییە لیژنەکە بۆ دانانی کۆڵەکەکان دەرچوو لە دۆڵی (تەوێڵە)دا کە دوو میل لە گوندەوە دوورە. لادێییەکان ئەم دۆڵەیان بە پەرژینێک لە دارتوو دەورە داوە و جۆگەلەیان بۆ ئاودانی ئەو زەوییانەی لە بەرزیی نێوانی (٤٠٠-٥٠٠) پێ لەڕووی دۆڵەکەوەن، کە بووەتە باخچەیەکی گەورە و ئەوەی جوانیی دووچەندان کردووە ئەو ئاوە سازگارە ڕوونە وەک بەللوورەیەتی. سەعات هەشت گەیشتینە دێی تەوێڵە و بە تەکیەی دەروێشە نەقشبەندییەکاندا ڕەت بووین و بە کۆمەڵە کوردێکیشەوە چایان دەخواردەوە و تفەنگەکانیشیان بەشانیانەوە بوو، لەلایان دابەزیم و دوو کاسەی (شاهی!!)م لە دیوەخانەیاندا خواردەوە بەر لەوەی بەسەر بەرزاییەکاندا سەرکەوم، ئەم

دیوەخانەیەش ژوورێکی شێوە چوارگۆشەیە لە ناوەوە لاکێشە بۆ دانیشتن ڕاخراوە و لە گۆشەیەکیدا چاڵێکی قووڵ بۆ ئاگری (سەماوەر) و چەند فنجانێک و گەوچک و قاپێکی کانزایی بۆ شۆردنەوە لێیە.

دوای ئەوەی لەگەڵ ئەم برادەرە درشتە ڕووخۆشانە دوو کاسەم لە کاسەکانی (سەفا!!) خواردەوە، لە ڕێدا بەردەوام بووم تا گەیشتمە ترۆپکی چیا و دیمەنێکی جوانی دۆڵی سیروانم لێ دیار بوو و لە دوورەوە گوندێکم بینی ئەگەر ڕێبەرە کوردەکەم ڕێی لێ نەگرتمایە دەمویست بچمە ئەوێ، پێم وایە هۆیەکەش ئەوە بوو دوژمنایەتیی عەشایەرییان لەگەڵ عەشیرەتەکەیدا هەبوو.

بەڵام ئێستا کە بە وڵاتی کورداندا چووین، بۆ یەکەم جار وێنەی کوردم لەمێشکدا چاپ کرا، ئەم وێنەیەش ئەوە دەردەخا مرۆیەکی وێنە جوان و شێوە ڕێکوپێکە شەرواڵێکی فرە لۆچ و پاڵتاوێک زۆر لەو پاڵتۆیانە دەچێ ئیسپانییەکان لە سەما نیشتیمانییەکانیاندا لەبەری دەکەن و سەرپێچێکی ڕەنگاوڕەنگ و پشتێنێک جۆرەها چەکی تێدایە و لەسەر هەمووشیانەوە پاڵتۆیەکی کورت لە لبادی ئەستوور لەبەر دەکا بۆ پاراستنی گەرمیی لەشی لە سەرمای تووشی زستانی بپارێزێ کە بای بەفرینی (نوقرچەگر) هەڵدەکا.

هەواڵنامەی کتێب

ئافرەتانیش تا کچن جوانییەکانیان تا دواپلە دڵگیرە و هێندەی پێ ناچێ دەژاکێ، لەبەر ئەوەی بە کاری ناوماڵ و منداڵ پەروەردەکردن و لەبەرکردنی جلوبەرگی ئەوتۆ جگە لە پیرێژنان کەس لەبەریان ناکەن و خۆیان لە قژبڕینی بە نێو کیژاندا بڵاوبووەوە بە دوور دەگرن کە ئەمڕۆ لە بڕینی (شالیش) دەکا. خەزێمی شین "زومرووت"یش، لەو شتانەیە ئافرەتان خۆیانی پێ دەڕازێننەوە. سەرپۆشیش لە لای ئافرەتاندا سەرکڵاوێکی ئاوریشمینە، دەوروبەرەکەی بە موورووی شین و پارچە زیو، یان زێڕ مەندیلی ئاوریشمینیان پێوە دەپێچرێ بەپێی پایەی ئافرەتەکە. بەبڕوای من ژیان لە ناو قەومێکی وەک ئەم قەومە، بەم جۆرە کە بەچاوی کەنیزەک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەت ناکرێ. بەڵکو ئەو ئازادییەیان دەدرێتی پیاو هەیەتی، ژیانێکی پڕ لە خۆشییە. ئافرەتیش لەم ناوە، کاتیان لە ناو دارستاندا بەسەر دەبەن و دەگەڕێن و دایکەکانیش بە خوری ڕستن و کیژەکان بە یاری و شەوکۆڕ بەسەر دەبەن.

بیارە ٤ی حوزەیران: بیارە دێیەکە لە دۆڵێکدا کە لە دۆڵی تەوێڵە دەچێ بە سێڵاوە بە خوڕەکانی و ئەو جۆگەلانەی دارستانەکانی گوێز و تووی سپی ئاو دەدا، کە بە زۆری بۆ وشککردنەوە و هەناردەکردن دەچێنرێن... لیژنەی سنوور لەم دێیەدا ماوەیەک دواکەوتن، لەبەر ئاڵۆزیی گفتوگۆ، بە هۆی ئەوەی سنوور لە گوندی خانی گەرمەڵا–دا[٥]، بە زەویگەلێکی ئاودێریی باش و چاندنەوە ڕەت دەبێ و کوردەکان هەوڵیان دەدا بەوێدا ڕەت نەبێ و بەبڕوای من هەقیان بوو، کە لە توانستدا بوو سنوور بۆ چەند میلێک دوور لەم دێیە و دەوروبەرەکەی بگوازرێتەوە بۆ چیاگەلێک، کە پێدا ڕۆیشتن زەحمەتە و بۆ سنوور گونجاوترە. لەو کاتەدا کە لیژنە لە گفتوگۆدا بوو، دوو جار بە چیاکاندا هەڵگەڕام. لە جاری یەکەمدا بۆ ئەوەی بەسەر چیاکانی کوردستانی خۆرهەڵات و دەریاچەی

مەریواندا بڕوانم و جاری دووەمیش بۆ چەسپاندنی کۆڵەکەکانی سەر سنوور، کە کوردێکی پیر لە دانیشتووانی ئەو گوندانە بەرامبەر دانی بەشێک لە خاکی وڵاتە پیرۆزەکەیان بە تورکان نارەزایییان دەربڕی، بەڵام نارەزاییەکانی ئەو بەستەزمانە دادی هیچیان نەدا و گەڕێنرایەوە دێکەی و ئەوەی بڕیار درابوو جێبەجێ کرا.

## ناوجەرگەی کوردستانی باشوور

گوڵعەنبەر ١١ی حوزەیران

زۆر گەرمە، ئێمە ئێستاکە لە دەشتی شارەزووردایین، بەتەک لاپاڵی چیای هەورامانەوە ڕێمان دەکرد بۆ ئەوەی دەروویەک بدۆزینەوە. ئەم بەیانییە ئاگرێکی گەورەمان بینی پێم وایە چارەوادار (وڵاخدار = چارەویدار)[٦] بێ ئەوەی بایەخی بداتێ ئاگرەکەی لە گژوگیای وشک بەرداوە و بۆ ماوەی میلێک بڵاو بووەتەوە و هاڵاوی بەرز بووەتەوە و لادێییەکان ترسیان لە سەر خەرمانەکانیان لێ نەبوو، چونکە پارێزراو بوون. یەکەم گوندیش کە هاتینێ گوڵعەنبەر-ی گەوهەری ئەم دەشتە بوو. ئەگەر ماری زۆر لێ نەبووایە، کەم شوێنی وەها لەجیهاندا هەیە لێرە جوانتر بن. خانووەکانی گوندمان لە دەوروبەری مزگەوتێکی کۆندا لێ دیار بوو کە دەڵێن لە سەردەمی سوڵتان سەلیم-دا بنیات نراوە، لە نێویاندا خانوویەکی جوانمان بینی چوونە ژوورەوەی لە گۆڕەپانێکی فرە کانی و ڕووەکی ئاوی-یەوە بوو، وەک دواتر زانیمان هی شێخ عەلی بوو، شێخ-یش خاوەنی کەسایەتییەکی گەورە و دەسەڵاتێکی فرەوانی بەسەر دەروێشانی دانیشتووی دێکەوە هەیە. لەلایەکەی دیکەی گوندەکەدا کانیگەلێکی سازگار لە ژێر سێبەری درەختگەلێکی چنارەوە هەڵدەقوڵێ و ئاوەکەی لە دەریاچەیەکی گچکەدا کۆ دەبێتەوە، پەرژینەکەی دار (بی)یە. ئینجا لەشێوەی جۆگەیەکی جوانی ماسی زۆردا دەردەچێ و پێچاوپێچ بە ناو دار چناردا دەڕوا کە لەبەر زۆریی مەلی (حەسوونی!!)[٧] لەسەریاندا بەلەنجەولارن. تۆزێک بەولای جێی دەرچوونیەوە پردێک هەیە بەشێکی لێ ڕمابوو، لە داوێنیدا کانیاوی گۆگردینی گەرم هەبوو، بە کۆڵەکە پەرژین کراوە "پارچە ڕایەخی مرازی بەسەرەوە دەشەکێتەوە". پاش کەمێک بۆنی ناخۆشی گۆگردم کرد و لێی نێزیک بوومەوە و بەردی ناو حەوزەکەم بینی کە ئەم (ئاوە سولفۆرییە!)ی تێ دەڕژا، بەڕەنگێکی شینی جوان، ڕەنگ بوون. ئەوەش لە ئەنجامی کارلێکی کیمیاویی گۆگرد.

دەربەندی "جاکان" ١٢ی حوزەیران

ئەم بەیانییە بەر لە خۆرهەڵهاتن بە دوو سەعات دێمان لە ڕێیەکی باریکەوە جێهێشت بە دڕک و داڵ و دەوەنە کێویلە و ڕووەکی هێرۆ دەورە دراوە، چوار عەشیرەتی بەهێزی تێدا کۆ دەبنەوە کە بە تێکدانی ئاسایش و ڕێگری لە ڕێبواران ناسرابوون. کە گەیشتینە کۆتاییی بارگەمان خست و خێوەتگەمان هەڵدا و بڕیاری مانەوەی ئەو شەومان دا.

پیران ١٦ی حوزەیران

پیـران دێیەکـە لە چیـاکانی هـەورامـان. ئەو دۆڵەشـی کـە ئێـمـەی تێـدایین لە دۆڵەکـانی تەوێڵـە و بیــارەی قـــووڵ بە زۆریی "دەوەنی بەڕوو"ی تێـــدا تـایبـــەتمـەندە، هـەروەهـا بە کـــرانەوە و بە درێژبوونەوەی، درێژبوونەوەیەکی ڕاستەوڕاستی چەند میلێک تا دەگاتە دوندی چیا. شێوەشی لەو دۆڵانە دەچوو کە "پلاجات!!" پێکی هێناون.

بواوەسووتە ١٧ی حوزەیران

بەر لەوەی بگەینە ئەم شوێنە بە دەربەندێکی کەدا ڕەت بووین. هیچێکی شایەنی باسمان نەبینی جگە لە پەڕەسێلکە.

چەمبەراوا ٢٣ی حوزەیران

گوندێکی چیاییە، کە لە ئەستەمبووڵ باس لە دۆزی سنوور کرا، گفتوگۆیەکی توندی لەبارەوە کرا، بڕیاری یەکلاکردنەوەی چارەنووسی بۆ لیژنە جێ هێڵرا. ئەمیش لەلای خـۆیەوە دەسـتی بە پرسیار کرد لە پیرەمێردانی دانیشتووانەکەی، لە بارەی بارودۆخی ساڵی ١٨٤٨ی زایینیانەوە و ئایا لاوێتییان لە سای حوکمی سوڵتان بووە یان هی شا. سنووری نێو بواوەسووتە و ئەم گوندەش بە چیـای (زاگـرۆس)دا ڕەت دەبێ و هێـڵـێکی کەوانەیی پێک دەهێنێ بۆ مـاوەی (٦٠) مـیل درێژ دەبێـتـەوە، ئینجـا دوای (٢٠) میل ڕاست دەبێتەوە، ئەوەش هێڵی دابەشکردنی ئاوە دوو کـۆگای بچووکی لە قەوارە یەکسانی لێ جودا دەبنەوە، یەکیان دەڕژێتە دەریای قەزوین و ئەوی کە دەڕژێتە کەنداوی فارسەوە. ئەو ڕێیانەی لەم لایانەدا بڕیمانن بەرین و بە زۆری بەناو زەویی چێنراودا ڕەت دەبن و هەر هەمـان ئەو ڕێیـانەن کە عـەشیـرەتەکانی جاف لە کـۆچ و باری ساڵانەیاندا پێیـاندا دەڕۆن، لە قـزلەرباتەوە تـا لەوەرگە بڵندەکـانیـان، لە نێـزیکی (سـەقز) لە ئەردەڵان (کـوردسـتـانی فارسی)دا، لەم کۆچ و بارانەیاندا دانیشتووان دەترسێنن و ئارامی تێک دەدەن.

٢٧ی حوزەیران

ئێستا سـەعات شەش و نیوی بەیانییە و دەنووسم، لەبەردەمی خێوەتماندا کە بۆ شـوێنێکمـان گـواسـتـووەتەوە (٦٠٠٠) پێ لەسـەر ڕووی دەریاوە بەرزە، بەسـەر چیـاگـەلێکی بەرزدا دەڕوانێ و بەیەکدا چوون و هەندێکیان بەرزییان (٢٠٠٠) پێیە. گوێم لە خوڕەی ئاوی جۆگەیەک بوو. سـەعات حەوت و نیـو من و ویلسن هەلی بە توێژینەوەوە خـەریکبوونی لیژنەمـان قـۆزتەوە چەمبـەراوامـان بەرەو (بانە) جـێـهـێشت، کە نەمـانتوانی ئەو شـەوە بیگـەینێ، خێـوەتمان لە ڕێگا دانا و هەندێک دەشتەکی هاتن و دەورەیان داین و خۆراک و ئەو پێویستییانەی (پێشاو)مانیان بەدڵ بوو. ویلسن سـەرۆکەکەیانی دوواند گـوتی: داهـاتت چەندە؟ وەڵامی دایەوە، ١٠ تومـەن. پیـشـەت چییـە؟ ڕێگری دەکەیت و ڕووت دەکەیت؟ وەڵامی دایەوە، نەخێر. گوتی، کەواتە تۆ کورد نیت، گوندییەکان دایانە

قاقای بەرزی پێکەنین.

ڕۆژی دواتر خـواردنیـان بۆ هـێنایین، نان و دۆ و گـۆزەیەک هەنگوین، لە ژیانمدا بەتامـتـرم لەو هەنگوینە تام نەکـردووە. هەنگوین لەو ناوەدا لە پێـویسـتـیـیـەکـانی خـواردنە. ئەو شـەوە بەر لە خـۆراوابوون دانیـشـتین "شـاهی"مـان دەخـواردەوە، کـۆمـەڵە کـوردێکمـان بینی یەک لە سـەرانی "بانە"یان پاس دەکرد و هەر هەمووش مێزەریان بەسەرەوە بوو، جگە لە یەکیان، کە مێزەرەکەی لە شـێوەی کڵاوێکی قووچەکدا بوو ڕیشووی لە سەریەوە شـۆڕ بووبوونەوە، بۆیە زانیمان موکرییە، بەڵام پێـڵاویان هەر هەمـوو لە کاڵا دروست کرابوو، هەریەکەیان بە "جـەواز givas" ناودەبرێ و لە پێڵاوی باسک دەچێ کە ئەسپادویل دەزانرێ کە چاکترین پێڵاوە لە جیـهاندا بۆ بە بەرد و چیای بەرزدا هەڵگەڕان. بەرگـیـشـیـان: شـەرواڵێکی پان و پۆڕە لە پانتـۆڵی هۆڵەندی دەچێ و پاڵـتـۆی ڕەنگاوڕەنگ هەندێکیـان سادە و هەندێکیان خەتدار. کە لێمـان نێزیک بوونەوە سیمـا و بەژنەیلێکم تێیاندا بینی بەڵگەی خاوێنیی خوێن و چاکیی بونیاتی خاوەنەکانیانن.

بانە ٢٩ی حوزەیران

شـارۆکـەیەکە لە دۆڵێکی ئاودێری چاکدا، لە بەرزیی (٥٠٠٠) پێـیـە لە ڕووی دەریاوە، نێـزیکەی (٧٠٠) خـانوو و هەشت مـزگەوتی تێدایە و چاکـترین نموونەیەکە بۆ شـارە کوردییـەکان، ئەمـەش هەرچەند سـەر بە حکوومـەتی ئێرانە، بەڵام فلسێک (سوا) ناداتە گەنجینەکەی. حوکمڕانەکەشی محـەمـەد خـانی یـەک لە بەگزادە کوردەکـانە، ئێران دانی بە حـاکمـێتیـیـەکەیدا نـاوە. دەسـەڵاتی ڕاستەقینەشی بەدەستەوەیە، سەرباری بوونی (کارگوزار) واتە فەرمانبەرێکی وەزارەتی دەرەوە.

تورک لە ١٠ سـاڵ لەمـەو بەرەوە، لەسـەر داوای ئەم محـەمـەد خـانە هاتوونەتە نـاو شارۆکەکە، بۆ یارمەتیدان لە دامرکاندنەوەی ئاژاوە ناوەخـۆییـەکاندا. کاتێک کارەکەیان تەواو کرد، شـارەکـەیان داگیـر کـرد و حـاکمـەکـەیـان لە حـوکم خـست و تا شـەش سـاڵی بەسـەردا نەڕۆی نەگـەڕایەوە ژێر "بەناوە" دەسـەڵاتی فارس، ئەویش کە دەست کرا بە توێژینەوەی دۆزی سنوور.

دوێنێ شـەو محـەمـەد خـان سـەردانی کردین و (میـرزا)کـەشیـمـان لەگـەڵیدا بینـی و هەروەها هەندێک لە خانەدانـانیش، نۆکەرە تایبەتەکەی بە دواوە بوو، کە پێویستـی بە جگەرە دەبوو دەیدایێ و دەستوپێوەندەکانیشی لەشێوەی ئەڵقـەیەکدا ڕیز بووبوون و بە سەرسامی تەمـاشایان دەکردین و ئەوەی بەدڵم بوو شـێوەی جلوبەرگ و ڕەنگە جوانەکانی بـوو کە پاڵتـۆکـانیانـی دەڕازاندەوە و پشتـە ئاڵە ڕەنگخەرتەلی و زیرینەکانیان. قۆڵەکانیان (فەقێیانەکانیان!) کە بە پێوە بوون شـۆڕ بووبووەوە کـەمی مـابوو بگاتە زەوی. نەریتـیش وەهایە لە بەردەمـی میـوان و کەسـایەتییـە دیارەکـاندا دەبێ شـۆڕبکرێتەوە و وەکی دی بەسـەر قۆڵدا دەپێچرێتەوە و لەسـەر مەچەکدا دەبەسترێنەوە.

مووسک ١ی تەمووز

لە (بانە)وە گەڕاینەوە چەمبەراوا، چونکە لیژنە بەرەو مووسک ڕۆیشتبوو، بۆیە ڕوومان لەوێ کرد و دوای ڕێکردنێکی درێژ گەیشتینە ئەوێ و چووینە لای لیژنەکە. لە ناو ئەم گوند و چیایانەدا کە پێیاندا ڕۆیشتین لە ئاوی زۆر کە بە نێو دار بەڕوو و بی و توو و خۆخ و ئالۆبالۆوی کێوی و زۆری دیکەشدا ڕەت بووین کە ناویان نازانم. بەڵام ئەو ناوچەیەی کە گەیشتینێ بە تووتنی نایاب بەناوبانگە. ئەوەی جێی داخیشە ئەوەیە بەشێکی گەورەی بەهۆی ناجێگیریی بارودۆخی سیاسیی وڵاتەوە لە هەندەران ساخ ناکرێنەوە و لەو بڕوایەدام حکوومەتی ئێران یەک فلسی باج لێ وەرناگرێ. بێگومان ئەگەر تووتنەکەی هەناردەی دەرەوە بکرێ ئەم وڵاتە دەوڵەمەندتر دەبێ. کە دوای نیوەڕۆ لە مووسک نێزیک کەوتینەوە چیای "سوورکێو" و ڕووباری زێی گچکە ڕێی نێوان ئێمە و خێوەتی لیژنەکەی لێ دەگرتین، بۆیە ناچار بووین بەسەر زورگگەلێکدا بڕۆین بەرزاییەکانی (٧٠٠٠) پێ بوو لە ڕووی دەریاوە. دوای ئەوە بە دۆڵەکەدا چووینە خوارێ بەرێییەکی تەسکدا پانییەکەی لە یەک پێ پتر نەبوو. لەبەر سەختیی ڕێگاش تا سەعات نەبووە دەی شەو، نەگەیشتینە خێوەتی لیژنە.

***

پەراوێزی وەرگێڕ

١. أورط: واتەی ئەم وشەیەم بۆ ساغ نەبووەوە.

٢. بگاریە (بەتارییە): کەرت، هێزێکی تۆپخانە کە چوار تۆپیان دەبێ.

٣. هایتا، هایتە: جۆرە جەندرمەیەکی نیوەفەرمیی سەردەمی عوسمانی بووە.

٤. یایە: وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە واتە: خانم.. لە دەشتی بیتوێن و کۆیە و هەندێک شوێنی دیکەدا لە بانگکردنی خانماندا بۆ نموونە دەڵێن: یا خەدیج (واتە: خەدیجە خان)، یا خونچە (واتە: خونچە خان)... ئەو "یا"یە ئامرازی بانگکردنی عەرەبی نییە.

٥. خانی گەرمەڵا: لە هەوراماندا بە هانە گەرمەڵە گۆ دەکرێ.

٦. ئەوانەی وڵاخ بە کرێ دەدەن.

٧. الحسونی: ناوی عەرەبیی مەلێکی ئەوەندەی چۆلەکەیەکە و ڕەنگاوڕەنگە و دەنگێکی خۆشی هەیە.

هەوالنامەی کتێب

# وەڵامی عیلمانییان

## بۆ دۆزینەوەی ئەمەریکا و ڕێگەی نوێی بەرەو هیندستان

د. عەباس حەمدانی

زانكۆی وسكنسن - میلواكی

پورتوگالییەكان و ئیسپانییەكان لە دەمی دۆزینەوەكانیاندا گیانی خاچپەرستیی سەدەكانی ناوەڕاستیان، ئەوەی زاراوەی Reconquista دەینوێنێ، گرتە ئەستۆ، لەو ڕێیە تازەیەدا كە بۆ هیندستان و جیهانی نوێ دەچوو. ئامانجی پورتوگالییەكان دەست بەسەر مەككەدا گرتن بوو، بە هیوای ئەوەی بە شاری قودس-ی بگۆڕنەوە. پورتوگالییەكان پێوەندییان لەگەڵ شای حەبەشەشدا بنیات نابوو، كە بە یووحەننای قەشە The Prester John ناوی دەبەن. لە كۆتاییشدا تەنگیان بە هێزی ئابووریی دەوڵەتی كۆیلەمەندەكان "مەمالیك" هەڵچنی. بەڵام ئەم هەڵسوكەوتانە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بەرپەرچ درانەوە، كە خاكەكانی دەوڵەتی كۆیلەمەندەكانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی خستە سەر خاكی خۆی. ئینجا لە ئۆقیانووسی هیندیدا مەیدانخوازیی لە پورتوگالییان كرد، لە دەریای سپیی ناوەڕاستیشدا مەیدانخوازیی لە ئیسپانییەكان كرد. عوسمانییەكان لە ترۆپكی هێزیاندا لە سەدەی شانزدەهەمدا (دەیەمی كۆچی)، هێزی دەریاییی پێویست و چەندین جۆر كەشتیی دەست خست، كە لە ڕاگوزارییە دۆزینەوەكانیاندا پێویستیان پێ دەبوو و هەروەها بۆ ڕاوانی دوژمنانیان لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا، نەخشەیەكیشیان بۆ جیهانی نوێ دانا تێیدا پشتیان بە نەخشەی كۆلۆمبوس بەستبوو و تێیدا بە شێوەیەكی ڕوون لە ژێر ناوی ویلایەتی ئەنتیلیا Velayet Antilia ئاماژەیان بە ئەمەریكا دابوو. بەڵام حكوومەتی "سەعدییەكان" لە مەغریب ڕێی پەڕینەوەی بۆ ئۆقیانووسی ئەتڵەسیی لێیان گرت. بەرپابوونی شۆڕشگەلی بەرەكانی دەوروبەری دەوڵەتی عوسمانی، ئەوروپایی و فارس و باشووری دوورگەی عەرەب، عوسمانییانی لاواز كرد. لە سەردەمی كۆمپانیای هیندستانی خۆرهەڵاتەوە، پێشڕەوییە خاچپەرستانەكانی ئیسپانیا و پورتوگال بەشێوەیەكی گەورە بەرەو سیسبوونەوە دەچوو و ئەنجامیش خواستی

.............................................................

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

هەولێرنامەی كتێب

بەرەنگاربوونی ئەم هەڵمەتە خاچپەرستانانە لەلای عوسمانییاندا پاساوێکی نەمابوو، تا پەل بهاوێ و بگاتە ئەمەریکا.

لە وتارێکی پێشتردا لە کۆواری کۆمەڵەی خۆرهەڵاتناسیی ئەمەریکاییدا، لە ژێر ناوونیشانی "کۆلۆمبس و گەڕاندنەوەی قودس"دا نووسیم، جەختم لەسەر ئەوە کردووە کە هەڵمەتەکانی کۆلۆمبس بۆ جیهانی نوێ بەردەوامیی گیانی خاچپەرستیی بزاوی گەڕاندنەوەی ئیسپانیای دەنواند. یادداشتە ڕۆژانەکانی کۆلۆمبس empress de las Indias پەردە لەسەر ئەوە لادەدا کە نەخشەیەک بەخۆیەوە دەگرێ بۆ پێوەندی بە مەنگۆلەکان و ئەو شایەیاندا بکەن کە دیانەکانی خۆشویستووە، واتە: خانی هەرە مەزن لە خۆرهەڵاتدا و گەماروودانی خاکی موسڵمانەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و کردنەوەی ڕێیەکی نوێی بازرگانی بەرەو خۆرهەڵات بۆ ڕەتبوون بە ناوچەکانی کۆیلەمەندەکاندا، هێزی دییانی خۆراوا و خۆرهەڵاتیشی لە بزاوێکی گرەوئامێزدا کۆ کردەوە بۆ گەڕاندنەوەی شاری قودس و کاسا سانتا casa santa "بيت القديس!!".

نەخشەی کۆلۆمبس نموونەیەکی دیکە بوو بۆ بزاوێک کە مارکۆ پۆلۆ (١٢٩٥ز) و مارینۆ ساتۆدۆ (١٣٢١ز) لە Libre Secretorum دەستیان پێ کردبوو، هەروەها کۆمەڵە کارێکی ژیانی پاپا پایۆسی دووەم (١٤٥٨-١٤٦٥ز) و هی دیکە لە ئەدەبییاتی وەک کامپانۆس Campanus لە Oratio (١٤٧١ز)[٢].

بە ڕادەیەک، "سەردەمی دۆزینەوەکان" پڕاوپڕ بوو لە ئارەزووی گەیشتنە هیندستان و خۆرهەڵات، لەم بوارەدا پورتوگال سەرکەوتنێکی لەوەی ئیسپانیا گەورەتری سەلماند. لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکەمینی هەوڵە ڕاستەقینەکان لەم ئاڕاستەیەدا لەلایەن دوو برا "ڤیڤالدی"یەکانی خەڵکی شاری "جەنەوا"وە بوو، کە ساڵی ١٢٩١ی ز (٦٩٠ی کۆچی) (کە هەر ئەو ساڵەیە عەککای تێدا کەوت و گیرا)** لەسەر ڕۆخەکانی ئەتڵەسیی باکوری ئەفریقیادا لە ناوچوون. بەڵام ئەوانەی پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەدی هێنا پورتوگالییەکان بوون[٣].

"دێنیز"ی شای پورتوگال (١٢٧٩-١٣٢٥ی ز) یەکەم کەس بوو ئەم بزاوەی دەست پێ کرد کە لە "دەرەوەیدا" بە بزاوی خاچپەرستانە هاتە بەرچاو. یەکەم هەنگاو لەم بوارەدا نرابێ دامەزراندنی بازرگانێکی دەوڵەمەندی جەنەوەیی بوو، ناوی مانوێل پاشانها (Manuel Paçanha) (پەساغنۆ) بوو ساڵی ١٣١٧ی ز کرایە میری دەریایی پورتوگاڵ، کە بە یاوەریی گۆنشالیۆ پەرییرا (Gonçalho Pereira) نێررایە لای پاپا یووحەننای دوانزەمین لە شاری ئەفنیۆن بۆ کۆکردنەوەی سامان لەپێناوی بنیاتنانی کەشتیگەلە دەریاییەک بۆ بەکارهێنانی لە دژی موسڵمانانددا. لەبەر ئەم هۆیەش پاپا کۆمەڵەی مەسیح Order of Christ-ی داهێنا کە هەموو سامانێکی پورتوگالی دا پێی کە سەر بە کۆمەڵی سوارچاکانی پەرستگەی خاچپەرستیی "قاچاخ- لە یاسا هەڵاتوو"ی (ئەو سەردەمە بوون).

یەکەم لقی کۆمەڵەی مەسیح ساڵی ١٣٢١ی ز لە لشبۆنە دامەزرابوو. سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵەکە، گەورەکانیان سەرکردایەتییان دەکرد، کەچی سامانەکانیان لەبەر دەستی بەڕێوەبەرێتیی بنەماڵەی شاهانەی پورتوگالدا بوو. هێنریی دەریاوان Henry The Navigator (١٣٩٤–١٤٦٠ی ز)ی میری پورتوگالی بوو کۆمەڵەی مەسیحیی بەڕێوە دەبرد و سامانەکەی لە بازرگانیی دەریایی و هەڵمەتە دەستدرێژییەکانی دژی موسڵمانان لەسەر وشکانیدا بەکار دەهێنا. بەم توانایەشەوە، میر هێنری ساڵی ١٤١٥ی ز (٩ی جومادی ئەلئاخیری ٨١٨ی کۆچی) نەخشەیەکی بۆ داگیر کردنی سەبتە Ceuta دانا. لەم بنکەی باکوری ئەفریقیایەشەوە، ڕێگەکانی کاروانە مەغریبییەکان و ڕۆخەکانی ئەتڵەسی بوونە بازگەی هەڵمەتی پورتوگالیی بەرەو باشوور تا خۆراوای ئەفریقیا. ساڵی ١٤٣٣ش گۆمز ئەیانس دی ئەزورارا کە هاوچاخی میر هێنری بووە نووسیویەتی، ئەوەی بە هاندانەکانی میری داناون بۆ پشتگیریی دۆزینەوەکان. بەلای ئەزوراراوە، هێنریی دەریاوان لەپێناوی خودادا بە گەرموگوڕی کاری دەکرد، بە ئارەزووی هاوپەیمانییش لەگەڵ خرستیانەکانی خۆرهەڵات و بەگەرموگوڕیی بۆ زانینی ڕاستیی هێزی "کافران" و بە ئاواتەخوازیی بۆ بە دیانکردنی خەڵک و ئارەزووی جەنگینی لەگەڵ موسڵمانان، بەڵام زێڕ و دانەفیل و بەندە (کۆیلە) و بەهارات بەوەی ئامانجگەلی میر هێنری بوون لە کتێبەکەی ئەزورا هیچ بایەخێکی نەبووە.

بێیلی دیففێ Bailey Diffie دەڵێ: "بەندەرە پورتوگالییەکان بەشێک بوون لە ئیمپراتۆرییەتی بازرگانیی موسڵمانان، تەواوێک هەر وەک فێربوونی پورتوگالییەکان بەشێک بوو لە جوگرافیا و دەریاوانیی موسڵمانان". لە سەرەتاکانی سەدەی پانزدەدا، "کاراڤەل caravel"، کە جۆرە بەلەمێکی تایبەتە، بەکارهێنانی پەسندتر بوو لە بەکارهێنانی "قادس galley" و "ناو nau" و "بارشا barcha" و "بارنێل barinel". بەڵام کاراڤەل کە کۆلۆمبس–یش بەکاری هاوردبوو، لەو بەلەمە عەرەبییە خوازرابوو کە عەرەب لە دەریای ناوەڕاستدا بەسەرکەوتوویی چەند سەدەیەک بەکاریان هێنابوو. لە کاتێکدا دوورگەی مادێرا لەو ماوەیەی نێوانی ١٣٣٠ و ١٤١٨ی ز و دوورگەکانی "کەناری" لە ١٣٤١ی ز دۆزرابووەوە، دوورگەگەلی دیکەی دوورتر کە دەکرێ بە کاراڤەل پێی بگەن، وەک دوورگەکانی ئازوور لە ١٤٣١ی زایین و دوورگەکانی سەری سەوز "ئەلرەئس ئەلئەخزەر" لە نێوانی ساڵانی ١٤٥٦ و ١٤٥٩ دۆزراونەتەوە.

کەوتنی قوستەنتینییە لە ساڵی ١٤٥٣ی زایین چالاکییەکانی بزاوی خاچپەرستانی لە ئەوروپا نوێ کردەوە. میر هێنری وای بۆ چوو کە بەدەوری ئەفریقیادا بسووڕێنەوە بۆ گەیشتنە لای حاکمە دیانە نەناسراوەکان لە خۆرهەڵات. هەروەها ئەمەشی بە چاوی قۆرخکردنەوەی بازرگانی بینی و خۆشبوونەوە لەو باجی دەیەکانەیەی وەک نەریت دەدرایە پاپا، لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٤٥٥ی ز–دا هەموو ئەمانە بە فەرمانی پاپایانە بڕیاریان لەسەر درا.

حاکمی دواتری پورتوگالیش کە ناوی دۆم جواو Dom Joao بوو، هەڵمەتێکی شارەزابوون و

سیخوڕیی نارد بە خاکەکانی کۆیلەمەندەکاندا ڕەت بێ و ڕاسپێررابوو پێوەندی بە ئیمپراتۆری حەبەشەوە بکا و ژێدەرەکانی بازرگانیی بەهارات لە خۆرهەلات بدۆزێتەوە. ئەم هەڵمەتە دوو کەس سەرکردایەتییان کرد، بەزمانی عەرەبی دەدوان، ئەمانە: پیرۆ دی کۆڤیلیا Pero de Covilhaو ئەففۆنسۆ دی پایڤا Affonso de Paiva بوون. لە هەمان کاتدا، ئارتۆلۆمیۆ دییاز Bartholomeu Diaz گەیشتبووە "ڕەئسوڕڕەجائوسسالَح" (Cape of Good Hope). ڕاپۆرتی دییاز، ساڵی ١٤٨٨ و ڕاپۆرتی کۆڤیلیا ساڵی ١٤٩٢، شا دۆم جواو-یان باوەڕ پێ هێنابوو کە لە ڕێیەکی دەریاییەوە کە بە ڕەئسوڕڕەجائوسسالَح-دا ڕەت دەبێ دەکرێ بگەنە هیندستان و خۆرهەڵاتی (دوورتر).

لەوانەیە هەواڵی دۆزینەوەی هیندستانی خۆراوایی لەلایەن کۆڵۆمبسەوە پلانەکەی جواوی دواخستبێ، بەڵام دواتر کە درکی بەوە کرد کۆڵۆمبس کیشوەرێکی نوێی دیتووەتەوە -کە هیندستان نەبووە- سووربوونی حاکمەکەی پورتوگالی تازە کردەوە بۆ ئامادەکردنی هەڵمەتێکی دیکەی بەرەو باشوور. دوای ئەوەی فاسکۆ دی گاما ساڵی ١٤٩٧ بەدەوری ڕەئسوڕڕەجائوسسالَح-دا سووڕایەوە، ڕێگوزەرییەکەی بە تەک ڕۆخی ئەفریقیای باکوردا درێژە دایێ بەرەو باکور بۆ مالیندی (نزیک زنجبار)، لەوێ ئەحمەدی کوڕی ماجە-ی دەریاوانی بەناوبانگی عەرەبی چاو-پێکەوت، کە چەندین کتێبی لە بارەی دەریاوانییەوە هەبوو، ئەحمەدی کوڕی ماجە یارمەتیی پورتوگالییەکانی دا لە پەڕینەوەی ئۆقیانووسی هیندی و گەیشتنە کەلکەتتا-ی سەر ڕۆخی خۆراوا لە باشووری هیندستاندا، کە ناوەندێکی سەرەکیی بازرگانیی بەهاراتی خۆرهەڵاتی بووە. بەم جۆرە بەهاراتی هیندی خرایە سەر زێڕی ئەفریقیای خۆراوا و دانەفیل "عاج" و بەندەکان.

پورتوگالییەکان نیشتەجێییەکانیان بە درێژایی ڕێیە نوێکەدا بەرەو هیندستان دامەزراند، لە هەموو ئەو شوێنانەشدا کە چووبن بەرەنگاری دەوڵەتگەلی عەرەبی و ئیسلامی بوونەتەوە. بارودۆخ ڕەخسابوو بۆ تازەکردنەوەی دەستدرێژیی سیاسی و ئابووری دژی کۆیلەمەندەکان.

ساڵی ١٥٠٠ی زایین پورتوگالییەکان و بازرگانە موسڵمانەکان لە کەلکەتتا لەیەکیان دا و دە کەشتیی کۆیلەمەندەکانیان سووتاند. ساڵی دوای ئەوە، شای پورتوگال ڕایگەیاند لەمەودوا ناکرێ ڕێ بە عەرەبەکان بدرێ بازرگانیی بەهاراتی هیندی بکەن. ساڵی ١٥٠٢ش، پورتوگالییەکان بە هاوکاریی حاکمی هیندۆسی دوو ناوچەی شانوور و کووشین لە باشووری هیندستاندا، جەنگیان لە دژی ساموری-ی پارێزگاری بازرگانە موسڵمانەکان لە کەلکەتتە ڕاگەیاند. دوای ئەوە دەروازەی باشووری دەریای سووریان بە ڕووی دەریاوانیی ئیسلامیدا داخست، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو بەهاراتەی ساڵی ١٥٠٤ دەگەیشتە میسر تەنیا بەشی بەکارهێنانی ناوخۆییی دەکرد، کە لە ڕێیەکی دیکەوە دەهات.

مەحموود بەغارها (١٤٥٩-١٥١١)ی سوڵتانی هەموو کوجەرات (خۆراوای هیندستان) و زافر-

ی دووەم (١٤٨٧-١٥١٧)ی حوکمداری تاهیرییان لە یەمەن و بەرەکاتی دووەم (١٤٩٥-١٥٢٤)ی شەریفی مەککە داوایان لە قانسوە غووری (١٥٠١-١٥١٧)ی سوڵتانی کۆیلەمەندان کرد بە هانایانەوە بێت، بەڵام کاروانە دەریاییی کۆیلەمەندان لەسەر دەستی فرانسیسکۆ دی ئالمیدەی جێگری پورتوگالی بەرامبەر ڕۆخەکانی "دیۆ Diu" لە کوجەراتدا شکستی خوارد، کە پورتوگالییەکان داگیریان کرد و بنکەیەکیان تێدا دامەزراند.

ئامیدە، کە جەنگاوەرێکی پورتوگالیی کۆن بوو، لە باکوری ئەفریقیا لەگەڵ موسڵماناندا جەنگی بوو، لە کاتی خۆیدا بە سەربازەکانی خۆی ڕاگەیاندبوو کە: "ئێوە تا لە دەریادا بەهێز بن، هیندستان بۆ ئێوە دەبێ، خۆ ئەگەر ئەم هێزەشتان نەبێ هیچ شتێک ناتانپارێزێ". ساڵی ١٥٠٧ پورتوگالییەکان دوورگەی سەقەترا-یان گرت کە دەکەوێتە باشووری ڕۆخەکانی دوورگەی عەرەبییەوە، پێش ئەوەش ساڵی ١٥٠٥ هێرشیان بردبووە سەر شاری جەددە. لە کۆتایی ساڵی ١٥٠٦ی زایینیشدا میر حوسێنی کورد-ی سەرکردەی کۆیلەمەندەکان پیلانەکەی ئالمیدەی پووچەڵ کردەوە بۆ گرتنی مەککە، کە شوورەگەلێکی لە جەددەی بەندەری مەککەدا بنیات نا.

لە ساڵی ١٥٠٩ی زایینیدا ئالمیدە بە حاکمێکی نوێی دیکە گۆڕرا، کە ئەفۆنسۆ دی ئەلبوکویرکی Affonso de Albuquerqueبوو کە خەونی بە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی پورتوگالییەوە دەبینی لە خۆرهەڵاتدا. ساڵی ١٥١١ی زایین ئەلبوککویرکی مالاقای سەرچاوەی سەرەکیی بەهاراتی لە ئەندونیسیا گرت، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی شاری عەدن بگرێ بەڵام توانیی دەست بەسەر بەندەرەکانی خۆرهەڵاتی ئەفریقیا و سوقەترا و هورمز و دیۆ و دامان و غوا و مالاقادا بگرێ. هەروەها توانیی ئۆقیانووسی هیندی بە دەریایەکی بە ڕووی دەریاوانیی ئیسلامیدا داخراو وەربگێڕێ.

"ئەگەر بازرگانیی مالاقا لەدەست کۆیلەمەندەکان وەربگرین، قاهیرە و مەککە بە تەواوەتی تێک دەچن و هیچ بەهاراتێک بۆ ڤینیسیا نابرێ جگە لەوەی بازرگانەکان لە پورتوگالی دەکرن". ساڵی ١٥١٣ی زایین کامیلیۆ پۆرتیۆ Camilio Portio وتەیەکی -لە جیاتی ئەلبوکویرکی- بۆ پاپا لیۆی دەیەم خوێندەوە کە تێیدا گوتی: "هەلێکی کراوەمان بۆ داگیرکردنی شانشینیی هورمز و ڕێیی بەیتولمەقدیس (ئەو شارەی ڕزگارکەرەوەمانی لێ لە دایک بووە) هەیە، دەکرێ لەدەست ئەو کافرانەیان دەربهێنین کە بە ستەم نارەوایانە دەستیان بەسەردا گرتووە". چاوچنۆکییەکانی ئەلبوکویرکی لە تەکانی بەرەو دەریای سوور و داگیرکردنی مەککەدا، شاری پیرۆز و گۆڕینەوەی بە "بەیتولمەقدیس" کارێک بوو نەهاتنە دی. ئەلبوکیورکی خەونی بە هاوپەیمانییەکەوە بینی لەگەڵ شایە خرستیانەکەی حەبەشەدا کە بە یۆحەننای قەشەی ڕاستەقینە ناسراوە. بەڵکو ئەلبوکیورکی پێشنیازی پلانێکی گەورەی بۆ برسیکردنی میسر دانا بە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووباری نیل لە ئەتیوپیاوە بۆ دەریای سوور.

کاریگەریی بازرگانیی پورتوگالی لە خۆرهەڵاتدا دوای مردنی ئەلبوکیورکی درێژەی هەبوو، بەڵام ئەو ڕەقیبە هۆڵەندی و ئینگلیزانەی بایەخیان بە بازرگانیی بە هانەهانەی خاچپەرستانە نەپێچراوەیان هەبوو، قۆرخکاریی بازرگانیی خۆرهەڵاتی پورتوگالیان شکاند. سەرەڕای ئەوەش و لەگەڵ دەست بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتنی ساڵی ١٥١٧ی زایینی عوسمانییان، پۆرتوگالییەکانی ڕووبەڕووی دوژمنێکی سوورتر لە کۆیلەمەندەکان کردەوە و هەر چۆنێک بێ، هەر کە ساڵی ١٥٨٠ داهات و دانەهات، پورتوگال خرایە سەر ئیسپانیا و کێشرایە ناو تۆڕی ئەورووپاوە و بۆ ئیبریا "ئیسپانیا"ی هاوسێی.

کردنەوەی دەرگەی پشتەوەی بازرگانیی خۆرهەڵاتی- خۆرئاوایی بەسەر ڕەئسورڕەجائوسساڵحدا ئەو تەنگ پێهەڵچنینە خوازراوەی بەدی هێنا بۆ میسری کۆیلەمەندەکان، کە ڕادەستی تورکە عوسمانییەکان کرا نەک هێزێکی خاچپەرستان. هەر وەک لە سەدەی دوانزدەهەمیشدا ڕووی دا کە لە میسری ڕێی هەڵمەتی بەرامبەرکێی خاچپەرستاندا ڕێی خۆش کرد بۆ ئەوەی سەلاحەددین دەست بەسەر دەوڵەتی فاتمییاندا بگرێ. هێرشی عوسمانیش بۆ سەر میسر ڕێی خۆش کرد بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پورتوگال و ئیسپانیا. لە نێو ساڵانی ١٥١٧ و ١٥١٩ی زایین عوسمانییەکان بەغدایان گرت و ساڵی ١٥٤٦یش بەسرەیان گرت، لە ئەنجامدا توانییان دەست بەسەر دەریای سوور و کەنداوی عەرەبدا بگرن. بەم جۆرە عوسمانییەکان توانییان پێشڕەویی پورتوگالییان لە باکوردا، هەر لە ئۆقیانووسی هیندی (بەسەر دەریای سوورەوە) بۆ مەککە و قاهیرە ڕابگرن. ئێستا چاومان براوەتە چاوچنۆکییەکانی عوسمانییەکان لە باکوری ئەفریقیا و خۆرئاوا، ئەمەش بە شێوەیەک کاردانەوەی ئیسلام دەنوێنێ بەرامبەر دۆزینەوەی ئەمەریکا.

پیری ڕەیس-ی قارەمانی دەریاوانیی تورکی سەردەمی خۆی، لە یادداشتەکانیدا کە ناوی "دەریاوانی"ی پێوەیە دەڵێ ساڵی ١٩٢٩ نەخشەی جیهانی خستووەتە بەر دەستی سوڵتان سەلیمی عوسمانی (١٥١٢-١٥٢٠)ی داگیرەرەوەی میسر لە ساڵی ١٥١٧, مامۆستا "خەلیل ئەتەم ئیلدم" نەخشەی پیری ڕەیسی لەو ماوەیەدا دۆزییەوە کە کۆشکی تۆپ قاپیی عوسمانیی تێدا دەکرایە مووزەخانە و پرۆفیسۆر پۆل کەهلە Paul Kahleی بانگکردووە تا لێی بکۆڵێتەوە. ئەم نەخشەیە کە بە ڕەنگ لەسەر پارچەیەک پێستەی مامزدا کێشراوە، ساڵی ١٥١٣ی زایینیی لەسەر تۆمار کراوە. بەدواداچوونێکیش لەسەر نەخشەکەدا هەیە دەڵێ لە نێو بیست نەخشەی جیهانەوە کۆکراوەتەوە. نەخشەکە چین و ناوچەکانی خۆرهەڵاتیشی تێدایە، کە دوور نییە سەرچاوەکەی نەخشەگەلی عەربی بێ.

ئەم بەشەی نەخشەکە دڕاوە و لەناو چووە. بەشەکەی دیکە لە بەشگەلێکی پێوانە جوداجودادا پارێزراوە و ناوچەکانی خۆراوای ئۆقیانووسی ئەتڵەسی دەردەخا، ڕاگەیەنراوە کە سەرچاوەکەی نەخشەکەی "کۆلۆنبۆ"یە. کێشە لەسەر کەسایەتیی ئەم "کۆلۆنبۆ"یە نییە، کە بەدواداچوونێکی

دیکەی دوورودرێژ "لەسەر نەخشە"کەدا هەیە سەربوردی ژیانی کۆلۆمبس لە منداڵییەوە لە جەنەوە، تا بازرگانیکردنی بە مووروویی شووشەوە بەرامبەر زێڕ و مرواری لە هیندستانی خۆراوادا. بە دوادا چوونەکە باسی ئەوەش دەکا کە چۆن پیری نەخشەکەی ئەمیراڵ کۆلۆمبس-ی چنگ کەوتووە****.

کەمال پاشا، کە مامی پیری ڕەییس-ە (لە ١٥١١ی زایینیدا مردووە) کۆیلەیەکی ئیسپانیی هەبووە، ئەم کۆیلەیە پێی ڕاگەیاندووە، "سێ جار لەگەڵ کۆلۆمبسدا چووەتە ئەو ناوچەیە". هەروەها پۆل کەحلە برگەیەکی دیکەی لە یادداشتەکەی پیری گواستووەتەوە، تێیدا باسی دەست بەسەرداگرتنی حەوت کەشتیی ئیسپانی دەکا لە لای ڕۆخەکانی بلنسیێدا، کە ئەمە ڕووداوێکی زانراوە و ساڵی ١٥٠١ی زایین ڕووی داوە. ئەمە دوای سێیەمین گەشتی کۆلۆمبس ڕووی داوە کە لە مانگی ئاب/ ئەغستوس-ی ساڵی ١٤٩٩دا کۆتایی هاتووە. بەر لە گەشتی چوارەمیش کە لە نیسان/ ئەپریلی ساڵی ١٥٠٢ی زایین دەستی پێ کردووە. ئەو دەریاوانە ئیسپانییەی چیرۆکی کۆلۆمبس-ی گێڕاوەتەوە بەبێ گومان لەو کەشتییە ئیسپانییانەدا بووە کە ساڵی ١٥٠١ی زایین دەستیان بەسەردا گیراوە و ئەو نەخشەیەیان لابووە کە باسی لێوە دەکرێ. بەڵکو ناوی شوێنەکان لە نەخشەی پیریدا هەر ئەو ناوانەن کە کۆلۆمبس ناوی لێیان ناوە، هەرچەندێک بەپێی ئەو زمانە تورکییەی ئەو سەردەمە بەکار هێنراوە گۆڕاون، بۆ نموونە: وشەی (وادلک) لە جیاتی (گوادالوپی) و (سانتا ماریا و گالاندا) لە جیاتی (سانتا ماریا و گالانتی) و (کریستۆ) لە جیاتی (سانتاکروز) و (ئوندیزی فیرجینی) لەجیاتی (Virgin Islands) "بڕوانە بەکارهێنانی وشەی undiciی ئیتاڵی کە دەشێ کۆلۆمبس-ی جەنەوایی لە جیاتیی onceی ئیسپانیی بەکار هێنابێ" و (کالیوت) لە جیاتی (کابو دی لا گیرا) Cabo de la Galera بەکار هێنراوە.

دوورگەی ئیسپانیۆلا لە نەخشەکەی پیریدا لە باکورەوە بۆ باشوور کشاوەتەوە، بێگومان، هەروەک ئەوەیە کە لە نەخشەکەی کۆلۆمبس-دا کێشراوە، چونکە ئەمیراڵ کۆلۆمبس وای دەزانی "سیبانجۆ"یە، یان یابانە. بەڵام دوورگەی کووبا، وا دەردەکەوێ کە بەشێکە لە وشکانی، کە "بورتا غاندی" (پورتۆ گراندی Puerto Grande)ی لەسەر دەردەکەوێ وەک کۆلۆمبس پێی وابووە. دوورگەش وەک پارچە زەوییەک دەرکەوتووە ڕوو بەرەو باشوور لە ئۆقیانۆسدا درێژ بووەتەوە. دیسان وەک کۆلۆمبس پێی وابوو کە دەبێ وەها بێ.

چەندین دوورگەی بچووک هەن بە وێنەگەلێکی مەلی "تووتی" ئاماژەیان بۆ کراوە، وەک بڵێی - بە لای کوحلە-وە ئاماژە بە دۆزینەوەی (یەکلانەبووەوە) دەکا. لەم بەڵگەیەوە، کوحلە بۆی دەرکەوت کە پیری نەخشەیەکی بەکار هێناوە کۆلۆمبس لە گەشتی یەکەمیدا لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو - نەخشەیەک کە ئەمیرال کۆلۆمبس بەردەوام لەگەڵ پەرەسەندنی گەشتەکەدا دەیگۆڕی- ئەم نەخشەیەش بە جۆرێک لە جۆرەکان کەوتە لای مارتن ئەلۆنسۆ پنزۆ Martin Alonso Pinzonی کاپتنی کەشتیی پینتا Pinta.

بەڵگەی ئەوە هەیە عوسمانییەکان مۆرسکییانیان لە ئیسپانیاوە وەک کرێگرتەی هەواڵگری لە ئەوروپا بەکار هێناوە. بۆیە بەلای زۆریشەوە ئەم مۆریسکییانە خزمەتی هەر ئەو هۆیەیان کردووە لە بەدووکەوتنی شوێنەواری دۆزینەوەکانی ئیسپانیا و پورتۆگال لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا.

هەموو ئەمانە دەریدەخەن کە عوسمانییەکان لە زووەوە زانیویانە و بایەخیان بە دۆزینەوەکان لە جیهانی نوێدا داوە کە لەسەر نەخشەکەی پیریدا بە ناوی "ویلایەتی ئەتلانتا" ئاماژەی بۆ کراوە. ناوی "ویلایەت" ئاسایی بە یەکەیەکی کارگێڕی دەگوترێ لە دەوڵەتی عوسمانیدا. بەوەی کە عوسمانییەکان لە ئۆقیانووسی هیندیدا خەریکی بەرپەرچدانەوەی هەڵمەتە خاچپەرستەکان و لە دەریای سپیدا دژی هەر ئەو هێزانەی وا ئەم زەوییە تازانەیان دۆزیبووەوە، ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ڕاوەدوونانی دوژمنانیان لە ئەتڵەسیدا، بەڵکو تا ئەوپەڕی ئەتڵەسیش، حەزدەکەم جەخت لەسەر بایەخ پێدراوەکانی عوسمانییان بکەم لە باکوری ئەفریقیا. ڕەوی خۆبەختکارانەیان بەرەو ڕۆخەکانی خۆراوای مەغریب "مەڕاکش" بەخۆی بەڵگەیە بۆ نیازەکانی بابی عالی. هۆی نەگەیشتنە ئەمەریکای عوسمانییەکانیش سەرنەکەوتنیان بووە لە بەدەستخستنی ڕۆخی ئەتڵەسی.

تەنانەت پێش ساڵی ١٥١٧ی زایینیش، باکوری ئەفریقیا بووبووە شانۆی ململانێی ئیسپانی–عوسمانی. کە ئیسپانەکان دوای گەڕاندنەوەی دوورگەی ئەندەلوس قەڵاگەلێکیان بۆ خۆیان لە هەردوو ڕۆخی جەزائیر و توونسدا بنیات نا. ئیسپانەکان ساڵی ١٤٩٧ شاری مەلیلە و لە ١٥٠٥دا مەرسا–ی گەورە و ١٥٠٨یش پەنیۆن Penon–ی شاری جەزائیریان داگیر کرد، هەروەها بووجی و تەرابولسی خۆراوا لە ١٥١٠ ، شوێنگەلێکی گچکەی دیکەش بوونە سەرچاوە بۆ ئیسپانیا، وەک: تەنس و دەلیز و شەرشل و مەتسغانم (دەبێ موسەغانم بێ!). ئەو هەڵمەتە پشکنینانە کە کاردیناڵ خیمنس Ximenes سەرکردایەتیی دەکردن دەورێکی باشیان بینی، لە کاتێکدا قورسانەکانی وەک پیدرۆ ناڤارۆ Pedro Navaro چەکێکی زۆریان درایێ بۆ ئەوەی ڕێ لە کەشتییە عوسمانییەکان بگرن.

بەرامبەر بەوە پورتوگالییەکان باریان خستە سەر مەغریب، داگیرکردنی ساڵی ١٤١٥ی سەبتە–ش سەرەتای پرۆسەکە بوو. ١٤٥٨ سنوور و بنکەگەل لە کۆشکی بچووک و ١٤٦٩ لە عەنفییە و ١٤٨٨ لە مەسسات و ١٤٧١ لە تەنجە و ئەرزیلە و ١٥٠٥ لە ئەغادیر و ١٥٠٨ لە سافی و ١٥١٣ لە ئەزموور و ساڵی ١٥١٤ش لە مازاغان و ساڵی ١٥١٥ش لە مەڕاکش دانرا. بێهێزیی بنەماڵە حوکمدارەکان لە باکوری ئەفریقیا –مەرینییەکان و زیانییەکان و حەفسییەکان– پاڵی بە عوسمانییەکانەوە نا وەلاوەیان بنێن و دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن لەسەر بنەمای بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی ئیسپانی و پورتوگالی. دوو ئەندازیارە سەرەکییەکەی هێزی عوسمانی لەم ناوچەیەدا دوو برا "بەربەڕۆسا"کان بوون، دوو قورسان بوون عوسمانییەکان بەسەر هێزی دەریایی عوسمانییەوە بەمیریان دامەزراندن، خەیرەددین بەربەڕۆسا هێزێکی دەریاییی

نوێی عوسمانیی ساڵی ١٥١٩ بنیات نا. شاری بینیۆن-ی جەزائیری ساڵی ١٥٢٥ لە ئیسپانەکان وەرگرتەوە، لە نێوانی ئەم دوو ساڵەشدا زۆربەی ڕۆخەکانی جەزائیری گەڕاندەوە، بنکەگەلێکیشی لە جەیجەلی و شاری جەزائیر دروست کرد. ساڵی ١٥٧٤ هێشتا بەسەر نەچوو بوو، زۆربەی باکوری ئەفریقیا بەدەستی عوسمانییەکانەوە بوو.

تەنیا یەک ناوچە نەبێ، کە مەغریب-ە، لە ژێر فەرمانڕەواییی سەعدییەکانی بنەماڵە خانەدانە نوێکەدا بە گەرمی سەربەخۆییی خۆی لە دژی خرستیانان و عوسمانییان پاراست. ئەم بنەماڵەیە دەورێکیان لە جیهانی ئیسلامیدا بینی وەک دەوری شاری ڤینیسیا "بوندوقییە" لە جیهانی کرستیاندا. بە داهاتنی ساڵی ١٥٥٤ سەعدییەکان توانییان دەست بەسەر مەغریبدا بگرن، لە ساڵی ١٥٤٩شدا دەستیان بەسەر سافی و ئەزموور-یشدا گرت. هەروەها شەریف محەمەد ئەلمەهدی-ی دووەم (١٥١٧-١٥٥٧) پێوەندیی بازرگانیی لەگەڵ بەریتانیا بەست و بەبێ دوودڵی لە بەردەم پێشڕەویی تورک لە ناوچەکانیدا وەستا. بەم جۆرە بەر لە ڕەوتی بەرەو ئەتڵەسیی تورکەکان و هەروەها لە ئومێدی پەڕینەوەی بۆ جیهانی نوێ گیرا. هەستی سەرنەکەوتن لەلای عوسمانییان بە تیرۆرکردنی شەریف دەرکەوت کە بکوژانی کەللەسەریان بردە ئەستەمبووڵ، بەڵام بەم کارە هیچێکی وا نەگۆڕرا و مەغریب بەڕووی عوسمانییاندا بە داخراوەیی مایەوە.

لە تەک نوشوستیی بەدەستهێنانی ڕۆخی ئەتڵەسیی مەغریب کە دواتر پەرەی سەند و بەشداریی لە لەدەستدانی بایەخ بە جیهانی نوێ دانی عوسمانییەکاندا کرد، کە هۆگەلێکی دیکەش هەن وەک گرفتە بەردەوامەکان لە بەرەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا: ناوەڕاستی ئەوروپا، فارس و باشووری دوورگەی عەرەبی و دەریای ناوەڕاست دابینکردنی سەرچاوەگەلێکی گەورەی دەریاوانیی دەویست، چ بەدیهاتنی سەرکەوتنی ١٥٧٠ی زایین لە قوبرس بێ یان شکستی ١٥٧١ لە لیبانتۆدا بێ دەوڵەتی عوسمانی هێشتا چالاکییەکی باشی هەبوو لە گەڕاندنەوەی هێزی دەریایی خۆی بۆ بەرگری لە ڕۆخە درێژەکانی سنوورەکەی، بەڵام نەک بەشێوەیەک دژی هەر بەرەنگاربوونەوەیەک لەگەڵ ئیسپان و پورتوگالییەکان لە گەرووی "جەبەل تاریق"دا.

بۆ ئیسپانیا و پورتوگال-یش چوونە بواری بەرگری لە ئیمپراتۆرییەتە دوورەکەیان و بازرگانەکانیان دژی ڕەقیبە نوێیەکانی وەک ئینگلتەرا و هۆڵاندا و فەرەنسا. یووحەننای قەشە و خانی مەزن- ڕازەی بوونە خەیاڵییەکەی خۆیان کرد. زێڕ و کۆیلە و بەهارات و هەروەها داگیرکردنی خاکە تازە دۆزراوەکان، بایەخیان پتر بوو لە هەڵمەتە خاچپەرستانەکانی دژی موسڵمانان. لە سەردەمی کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتیدا دۆزی گەڕاندنەوەی قودس وەک هۆیەکی سەرەکیی بزوێنەر لە چالاکییەکانی خاچپەرستە سیاسییەکاندا هەڵبزرکا. لەگەڵ ئەوەشدا یادگارییەکانی ڕۆژگار هێشتا لە هەندێک ناوی شوێنانی ئەمەریکادا دەشەکێتەوە وەک: ماتامۆرۆس matamoros (قدديس جێمس "بکوژی موسڵمانان".)

کۆواری کۆمەڵەی خۆرهەڵاتناسیی ئەمەریکایی، بەرگی ۱۰۱، ژمارە ۳ (تەمووز–ئەیلوول، ۱۹۸۱)، ل ۳۲۳–, ۳۳۰ (وەرگێڕان: عەبدولڕەحمان گەیلانی)

پەراوێز:

۱. ئەم وتارە لە ڕوونووسێکی بژارکراوی لێکۆڵینەوەیەک پێک هاتووە، لە کۆنگرەی سەت و هەشتا و هەشتی سالانەی کۆمەڵەی خۆرهەڵاتناسیی ئەمەریکایی–دا خوێندراوەتەوە کە لە تۆرینتۆ/ کەنەدا (نیسان، ۱۱–۱۳، ۱۹۸۷)، کە پاشماوەی وتارەکەی دیکەمە بە ناونیشانی: "کۆلۆمبس و گەڕاندنەوەی قودس".

* وشەیەکی ئیسپانییە واتە "سەرلەنوێ داگیرکردنەوە/ گەڕاندنەوە" کە ئاماژە بە بزاوە سەربازییەکان دەکا –کە بەشێکە لەو هەڵمەتە خاچپەرستییانەی– خرستیانان ئەنجامیان دا بۆ گەڕاندنەوەی ئەندەلوس لە دەست موسوڵمانەکان و ڕاونانیان لە دەرەوە، ئەم بزاوە تەنیا لە ئەندەلوس ماوەی ۸۰۰ ساڵ بەردەوام بووە (وەرگێڕ–ی عەرەبی).

۲. بڕوانە: JAOS، بەرگی ۹۹، ژمارە ۱ (۱۹۷۹)، ل/۳۹–٤۸، کە تێبینیگەلێکی بە دوورودرێژی لەبارەی ئەم کەسانە و کارەکانیانەوە هەیە.

** ئەوە گەڕاندنەوەی شاری عەککایە لە خاچپەرستان بە دەستی سوڵتان ئەشرەف خەلیلی کۆیلەمەند لە ۱۸ی جومادیی یەکەم ٦۹۰ی کۆچی. بڕوانە:

http://www.islamonline.net/Arabic/history/03/1422/article29.shtml

(وەرگێڕی عەرەبی).

۳. مێژووی پورتوگال لەپشت دەریاکاندا لە کتێبی (۱۹٦۰) Prehde toEmpireی بیلی دیگی–دا باس کراوە هەرچەند بە کورتیش بێ بەڵام لەشێوەیەکی بە بەڵگە کراودایە. هەروەها لەبارەی سەردەمی میر هێنری و دواترەوەش لە کتێبی (۱۹٦۹) The PortugueseSeaborneی چارلز بۆکسەر–مان هەیە و وتارە بە بەڵگەکراوەکانی ۱۹٦٥ Portuguese Expansion (۱٤۱٥ – ۱۸۲٥) ، دیسان بڕوانە دیڤی و ج. د. وینیۆس: ۱٤۱٥– ۱٥۸۰ (۱۹۷۷) Foundation of the Portuguese Empire. لە وتاریشمدا پشتم بەم چاوگانە بەستووە. (ناچار بووم لەبەر درێژیيان پەراوێزەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە لا ببەم، کە کۆیان دەگەیشتنە ۳۳ پەراوێز. وەرگێڕی عەرەبی).

*** شارێکی فرەنسییە لەبەری باشووری خۆرهەڵاتی ولاتدایە لە سەر ڕووباری ڕۆن، کورسیی پاپایەتی لە ۱۳۰۹ وە تا ۱۳۷۸ی زایین بووە (وەرگێڕی عەرەبی).

**** بڕوانە: وەرگێڕانی قسەی پیری لە:

http://www.fustat.com/geog/piri2.shtml

لە پێگەی کۆواری فوستاتدا (وەرگێڕی عەرەبی).

# ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا

## لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینەوە تا هەزارەی سێیەمی پاش زاین

باقر یاسین

ئەڵقەی سێیەم

١٢

### بیرۆکەی ڕیشەکێشکردنی ڕەگەزی کورد لە عێراقدا

(پرۆژە گریمانکراوەکە)

بەڕێز ف.ح، کە سەرکردەیەکی کۆنی بەعس و لە هاوەڵانی سەرۆک سەدام حوسێن بوو، نێزیک بوو لێوەی و لە ساڵانی شەستەکاندا جێ باوەڕ و یەکێک بوو لە دروستکەرە بناخەییەکانی بڕیاری سیاسیی ڕژێم لە پاش تەمووزی ١٩٦٨دا (وردەکاریی پتر لەسەر کەسایەتیی ئەو نادەین، چونکە تا ئێستاش ئەو نهێنییانە نادرکێنێت، کە لە بابەتی جیاجیادا دەیانزانێت و لەوپەڕی گرینگی و مەترسیدان)، دەڵێ:

سەدام حوسێن لە یەکێک لە کۆبوونەوە نهێنییە داخراوەکاندا، کە ژمارەیەکی زۆر دیارکراو لە سەرکردە سیاسییە باوەڕپێکراوەکان (ف.ح-ی ناوبراویش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووە) ئامادەی بووبوون، بیرۆکەیەکی ترسناکی خستە ڕوو بەشێوازێکی تایبەت دایڕشت، چون مەبەستی تاقیکردنەوەی پەرچەکرداری پێچەوانە و دەروونیی لای ئامادەبووان بێت، هەمبەر ئەم بیرۆکەیە و ڕادەی قبووڵکردنیان بۆ ناوەرۆکەکەی و ڕەوایی و پاکانەی سیاسی، ئاکاری، ئاینی، یانیش مرۆڤایەتییەکەی.

.......................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل



هەوڵنامەی بێشکر

کورتەی بیرۆکەکە و ناوەڕۆکەکەی پێوەستە بەچۆنێتیی لەناودانی کوردەکان وەکو ڕەگەزی مرۆیی و نەتەوە لە سەرتاپای عێراقدا. نەک لەناودانی سیاسەتوانە بەرهەڵستکارە کوردەکان، یا کوردە حزبییەکانی دژ بەڕێژیم، ئەو قسەیە لە ڕەوشێکی سەربازی، یا شەڕ، یان ڕەشبگیریی دیارکراو، یا فشاردا نەهاتووە، بەڵکو قسەکە پێوەند بوو بەیەکێک لە مادە کیمیاییەکانەوە، کە مایەی نەزۆکی بوو لای پیاوان، تەنانەت ئەگەر پەیتا پەیتا وەربگیرێت، یا لەسەرخۆ و درێژماوە، پرسیارەکە ئەوەبوو ئایا دەبێ چی ڕووبدات ئەگەر ئەم مادەیە لەلایەن دەوڵەتەوە بەفەرمی و بەشێوەی بەردەوام و لە کاتێکی درێژماوەدا بخرێتە گشت تانکییەکانی ئاوخواردنەوە لە هەموو شارەکانی کوردستانی عێراقدا، ئەوەش لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ئەم مادەیە (بۆ دوورخستنەوەی گومان و دوودڵی) لەگەڵ مادەی پێویستی تری سوودبەخش، کە بەشێوەیەکی ڕۆتینی دەخرێنە ناو ئاوی خواردنەوەی شارەکانەوە بۆ خاوێن کردنەوە و پاقژکردنەوە، پاشان چەند نەوەی کورد دەبێت ئەم پرۆسە لەسەرخۆیەی بەسەردا پیادە بکرێت، تاکو بۆ یەکجاری و پەیتا پەیتا لە کوردستاندا تۆویان ببڕێت، ئەی ئاتاجی چەند ساڵە تاکو ئەم پرۆسە لەسەرخۆ پەیتا پەیتایە ئەنجام بدات، ئەی داخۆ تێکڕای ژمارەی ئەو قوربانییانەی دەبوو بکەوتنایا چەندە، تاکو لە ماوەیەکی درێژدا ئەنجام بدرێت؟ ئەی ئەو فاکتەر و ڕێگرانە چین کە دەشێت بەر بەسەرکەوتن، یا پێڕەوکردنی پرۆسەکە بگرن؟ (ئەو کانی و جۆگانەی زۆربەی خەڵکی لادێ ئاوی لێ دەخۆنەوە و لە بۆڕیی شارەکان ناخۆنەوە... هتد). لەگەڵ ژماردنی بەخشتەی ئاڵۆز لە ڕێژە و گونجان سەبارەت بەئەنجامی هەر قۆناخێک لە قۆناخەکانی پێڕەوکردندا.

ناوبراو لەبارەی چارەنووسی ئەم بیرۆکە ترسناکەوە، یا کۆتاییەکەی و سەبارەت بەپراکتیزەکردنی چی ڕووی دا و دوا بڕیار لەبارەیەوە چی بوو، هیچی پێ نەگوتین، وێڕای ئەوەی ئەم بیرۆکە دۆزەخییە شۆفێنییە مایەی تۆقین بوو، تەنانەت بیرکردنەوەش لێی، یا بیرهێنانەوەی، بەڵام لە لایەنێک لەلایەنەکانیەوە نیشانەی شێوەی باڵا و ترسناک و خراپترینە لە شێوەکانی ڕیشەکێشکردنی نەتەوەیی و دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندیی شۆفێنی، هەروەها بیرۆکەیەکمان دەداتێ لەسەر ئەو ڕادە و ئاستەی دەشێت دیکتاتۆریی باوەڕمەندی لە پێڕەوکردنی میتۆدی ڕیشەکێشکردنی پاکتاوی لەسەری بڕوات، یا پێی بگات.

دەکرێت لێرەدا پرسیارەکە بەم شێوەیە بکرێت:

ئەوانە کێن، نەتەوە یا ڕەگەزەکەی تر لە عێراقییەکان، ئەوانەی دیکتاتۆری بیری لە لەناودانیان کردەوە دوای لێبوونەوە لە کوردەکان...؟

ئەگەر گریمانەی ئەوەمان کرد، کە ڕێژیم بەکردەنی دەستی بەجێبەجێ کردنی ئەو تۆقینە پاکتاوییە کرد...؟!

پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی پاکتاوی ناچاری هاوشانە لەگەڵ پرۆسەی دەسەڵاتخوازی باوەڕمەندی، لە هەموو قۆناخەکانی مێژوودا. هەڵبەت هەوڵەکانی ڕیشەکێشکردنی کورد شتێکی

نوێ نەبوو بۆ میللەتی کورد، پێشتر حکوومەتی عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا هەزاران خێزانی کوردی بۆ خوارووی عێراق گواستەوە و ناچاری کردن لە هەندێک گوندی باشوور نیشتەجێ بن، مەبەست لەو ڕیشەکێشکردنەش دابەشکردن و پەرتەوازەکردن و تواندنەوەیان بوو لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی خەڵکی خواروودا، یا بەلای کەمەوە (بەپێی ئومێد و خواستی پیاوانی حکوومەتی ئەو سەردەمە) دوورکەوتنەوە و ململانێ و ڕق و کینە لەنێوان خەڵکی باشوور دروست بێت، بەهۆی شوێن و خانوو و ململانێ لە دەرگەکانی گوزەران و ڕزق و شتی تر لە کاروباری ژیان، وەلێ ئەنجامەکەی چاوەڕوان نەکراو و سەیر و دوور لە مەزەندە بوو، بگرە بۆ بەرپرسانی ئەو حکوومەتانە شۆک بوو، ئەوەبوو خەڵکی خواروو ئەو دوورخراوە و دەرکراوە کوردانەیان لە ئامێز گرت و خۆشیان ویستن و تێکەڵ و هۆگریان بوون و تێکەڵی ژیانی سادەیان بوون، هەروەها لە خواردن و خواردنەوەیاندا بەشداربوون و گشت کۆمەک و یارمەتییەکی ڕۆژانەیان بەپێی توان پێشکێش کردن و باوەشیان بۆ کردنەوە، هەروەها دۆستایەتیی گەرم و پێوەندیی برایەتی و وەفاداری و خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروست بوو، هەروەها گونجان لەنێوان هەردوو لادا بەشێوەیەک بەدەر لە بۆچوونی پیاوانی دەسەڵات دروست بوو، ئەمەش دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئەوسای تووڕە کرد و پلانەکانیانی لە چاندنی ئاشووب و دووبەرەکی نانەوە لەنێوان هەردوو لادا شکست پێ هێنا، ڕەنگە تا ئێستاش هەندێک لە کوردەکان و خەڵکی خواروو لە پیاوە بەتەمەنەکان، ئەوانەی هاوسەردەمی ئەو ڕووداوە کۆنانە بوون لە کۆچ پێکردنی بەزۆر و نیشتەجێ کردنی زۆرەملێ، ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەیان بیر بێتەوە.

١٣

## پرۆسەکانی ڕیشەکێشکردن لە سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا

بۆ خۆپاراستن لە دووپاتبوونەوە، بەخوێنەر دەڵێین ئەو پرۆسەی ڕیشەکێشکردنانەی بەرودوا لە سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا درێژەیان هەبوو، لە بەشی دووەمدا لەمیانەی خستنە بەرچاوی ڕێژیمە دەسەڵاتخوازە باوەڕخوازەکاندا بەکورتی باسیان دەکەین، ئەو ڕێژیمانەی لە سەدەی بیستدا دوای زنجیرەیەک کوودەتای سەربازی دامەزران، بەتایبەت ساڵی ١٩٥٨ پاش ڕووخانی پاشایەتی لە عێراقدا، هەروەها خوێنەر ئاگەداری ئەو ڕەوش و ڕووداوانە دەبێت، کە هاوشانی هەر یەک لەمانە بوون:

- ڕیشەکێشکردنی شیوعییەکان لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە ساڵی ١٩٤٨-١٩٥٨,

- ڕیشەکێشکردنی لایەنگرانی پاشایەتی و بەعسییەکان و قەومییەکان و ناسرییەکان ساڵی ١٩٥٨-١٩٦٣ لەلایەن شیوعییەکانەوە.

- ڕیشەکێشکردنی شیوعییەکان ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن بەعسییەکانەوە.
- ڕیشەکێشکردنی بەعسی و حەرەس قەومییەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣دا لەلایەن ناسرییەکانەوە.
- ڕیشەکێشکردنی ئیسلامییەکان و سەرجەم ئەوانی تر لە ساڵانی ١٩٦٨-٢٠٠٣دا لەلایەن بەعسییەکانەوە (ئەلبەکر و سەدام).
- ڕیشەکێشکردنی بەعسییەکان لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن ئیسلامییەکانەوە.

بەشی دووەم

## دیکتاتۆریی تاکباوەڕیی لە عێراقدا

### پێناسەیەکی کورتی مێژوویی:

ڕێژیمە دەسەڵاتخوازە باوەڕخوازەکان، یاخۆ دەکرێت بەدیکتاتۆریی تاکبڕوایی یاخۆ تاکڕایی ناوبنرێت، بەسادەیی مانای ئەو سیستمانەیە، کە دەسەڵاتی سیاسیی ملهوڕ دادەمەزرێنن، کە لەسەر بڕوابوون بەباوەڕ، یا تیۆرێکی هزری، یان بۆچوونێک لەسەر ژیان، یا ئاین، یان تایفە، یاخۆ نەتەوە. ئامانجی سەرەکیشی بڵاوکردنەوە و سەپاندنی ئەم باوەڕە و پراکتیزەکردنیەتی بەسەر کۆمەڵگەدا بەهەموو شێوازێک، ئیدی بەهێزی زاڵ و ئامرازەکانی زۆرلێکردنی بەردەست و فەراهەمەوە لە پێشیانەوە ئامرازە مادییەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی، ڕەنگە پراکتیزە یان ئەو باوەڕە بەئامرازی دوژمنکاری بسەپێنێت، وەکو داگیرکردن، یا کۆچ پێکردن و قڕکردنی بەکۆمەڵ، یاخۆ بەکۆیلەکردن، یا چەوسانەوە و پەندپێدان، یان ڕیشەکێشکردن، یاخود دوورخستنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

دوور نییە زۆربەی ڕێژیمە سەرکوتکارەکان، کە ئیمپراتۆرییەکان لە مێژوودا بەسەر گەلاندا سەپاندنی، لەم جۆرە بن، کە وا دیاردەدات چەکدار بن بەباوەڕ، یا بیردۆزێکی دیارکراو، ئیدی هەرچۆنێک بێت (بەچاوپۆشی لە ناوەڕۆکی ئەو باوەڕە، یا تەواویی، یان دروستی و نادروستیی).

لە دیمەنی گشتیدا ئەم جۆرە ڕێژیمە دەسەڵاتخوازە باوەڕخوازانەی ئامانجێکی فەلسەفی و تیۆری و میشنێرییان (تبشیری) هەیە، جیا لەو ڕێژیمە خاڵییانەی بەتاڵن لە ئامانجی باوەڕمەندی، یا هزری، یان تیۆری، یانیش ئاینی... هتد، وەکو ئەو ڕێژیمانەی ئامانجیان بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەتوانە، بۆ نموونە لە هێزی سەربازیدا و پشتبەستووە بەبەدەستهێنانی فرەوانبوونەوەی جوگرافی و بەدیهێنانی تەماحی مادی و ئابووری و قۆرخکردنی چەقی سامانە سروشتی و ستراتیجییەکانی وڵاتانی تر...

ڕەنگە ئەو ئیمپراتۆرییەی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە سەدەی چوارەمی پێش زاین دیمەزراندبێت، هەروەها ئەو ئیمپراتۆرییەی مەغۆل لەمیانەی داگیرکردنیانەوە بۆ زۆربەی وڵاتانی ئاسیا دایانمەزراند، نێزیکترین نموونەبن بۆ ئەم جۆرە سیستمە، کە خاڵین لە تیۆری باوەڕمەندی، یا فەلسەفی، یان ئاینی، بەڵکو بەپلەی سەرەکی پشتبەستوو بوون بەئارەزووی شەڕکردن و بەزاندنی گەلان و بردنی سامان و گەنجینەکانیان و، مکوڕنەبوون لەسەر بڵاوکردنەوەی باوەڕ، یا تیۆر، یان ئاین لەو وڵاتانەی داگیریان کردن، ڕەنگە ئەو وەسفە کەسێنییەی مێژوو بۆ ئەو سەرۆکە ئیمپراتۆرانەی جێیدەهێڵێت، کە وڵاتانیان داگیر کرد و ئەو ئیمپراتۆرییە دیکتاتۆرییانەیان لە سەدە جیاجیاکاندا دامەزراند، بیرۆکەیەک لەسەر ئاستی هزری و باوەڕی سادە و ڕووکەش دەدات، کە لەو ئیمپراتۆریانەدا باو بوو، ئەسکەندەری مەکدۆنی بەوە وەسف دەکرێت، کە:

"زۆر کڵۆڵ بوو، ئازا بوو و زۆر وەرزشی جەستەیی دەکرد و ژیر بوو، شەیدای جەنگ بوو، ناردی بەدوای ئەرستۆ تالیسی فەیلەسووفی بەناوبانگدا، تاکو فێری بکات، بۆیە ئاوەزێکی بەهێزی هەبوو و زۆری حەز لە خوێندنەوەی هۆنراوەکانی هۆمیرۆس دەکرد، نەخوازە هەواڵەکانی شەڕی تەروادە".[١]

هەڵبەت ئەم وەسفە هیچ بۆچوونێکی هزری، یا باوەڕمەندیمان بۆ ئاشکرا ناکات، کە ئەسکەندەر پابەندی بوو، یاخود دەکۆشا بۆ بڵاوکردنەوەی، یا پێڕەوکردنی بەسەر ئەو میللەتانەی کەوتنە ژێر دەستی و وڵاتانیانی داگیر کرد هەر لە یۆنانەوە تاکو هند، ئەو بەڵگەیەشی پێ لەسەر ئەمە دادەگرێت ئەوەیە، ئیمپراتۆریا بەرفرەوانەکەی لەگەڵ مردنیدا هەڵوەشایەوە و پارچە پارچە بوو و پووکایەوە، بێ ئەوەی تیۆرێک، فەلسەفەیەک، ئاینێک، یان هەر ئامانجێکی باوەڕخوازی جێبهێڵێت، تاکو بانگەوازخوازان، یا مژدەبەخشان لەپێناو جێبەجێ کردنی، یا بڵاوکردنەوەی لەدوای خۆی کۆششی بۆ بکەن.

هەرچی جەنگیزخانی "سەرۆکی خێڵە مەغۆلە بتپەرستەکان"[٢] سەرکردەی مەغۆلە، کە بەسوپا لەبن نەهاتووەکەیەوە زۆربەی وڵاتانی ئاسیای تێکشکاند، لە گوتارێکیدا لەودەمی بوخارای گرت ئاوا بەخۆیدا هەڵدەدات "من بەڵایەکم و لە خواوە بۆ خەڵک نێرراوم، تاکو لەسەر سەرپێچییەکانیان سزایان بدەم".[٣]

خۆ ئەم وەسفەش هیچ بیرۆکەیەکمان لەسەر باوەڕ یا فەلسەفەی ئەم ئیمپراتۆرە ناداتێ، چونکە ئەگەر باوەڕ یا تیۆرێکی هەبووایا خۆی بە"بەڵا" ناو نەدەبرد...

"مەغۆل و تەتەرەکان بڕوایان بەئاینێکی دیارکراو نەبوو و خاوەنی تاقە میللەتێکیش نەبوون، هەر کەسە و ئاین و باوەڕی خۆی هەبوو، بۆیە هاتنە سەر ئاینی ئیسلام و کرستیان و بتپەرستی، هەندێکیان لەسەر ئاینی باوباپیران مانەوە، واتە هیچ ئاینێکیان نەبوو و هیچ تایفەیەکیان نەدەچووە ناو ئاین و دەمارگیرییەوە، هەر ئەمەش لە نەتەوەکانی تری جیادەکردنەوە".[٤]

بەگشتی، مەغۆلەکان لەو میللەتانەی وڵاتەکانیان داگیرکردن، لێگەڕان لەسەر باوەڕ و ئاین و فەلسەفەی خۆیان بمێننەوە، بگرە لەمەش زیاتر هاتنە سەر ئاینی ئەو میللەتانەی شکستیان خوارد و وڵاتیان داگیر کرا، وەک چۆن لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا کردیان، ئەوەبوو چوونە سەر ئاینی ئیسلام و دوای ماوەیەک بوونە شێلگیری سەخت بۆ باوەڕی ئەو دینەی هاتنە سەری...!

لەبەر ئەوە لەژێر سەروەریی جۆری یەکەمیان لە ڕێژیمە دەسەڵاتخوازەکاندا، مەبەستیشمان لەمە دیکتاتۆریی تاک بڕواییە، بەتایبەت لە چاخە کۆنەکاندا نەک هەر هزر و بیروباوەڕ و ئازادی و قەناعەتەکانی مرۆڤ دەکەوتنە ژێر هاڕین و لەناوبردن و ڕیشەکێشکردن و نەمانەوە، بگرە مرۆڤ بەخۆی و ژیان و گوزەران و سەلامەتیی خۆی و بەکۆمەڵیشی ڕووبەڕووی وێرانکردن و زیان پێگەیاندن و ئازار و قڕکردن دەبێتەوە.

ئەگەر مرۆڤ لە سایەی دیکتاتۆریی ناباوەڕمەندییەوە (واتە تیۆر یا باوەڕێکی نییە، تاکو بەسەر کۆمەڵگەیدا بیسەپێنێت) بتوانێت لە مەرگ و ئەشکەنجە ڕزگاری بێت و ژیانی خۆی لەمیانەی پشتگیریی بۆ ڕێژیمە سەرکوتکارەکەوە قوتار بکات، یاخود دەست لە ماڵ و سامانی بشوات و بیدات بەدەسەڵاتدار، یان بیبەخشێت بەو پیاوانە لە ڕێی هێزەوە دەسەڵاتیان قۆرخ کردووە و چارەنووسی خەڵکیان بەدەستە، مرۆڤ لەسێبەری دیکتاتۆریی باوەڕمەندییەوە (واتە ئەو باوەڕەی سەپاوە و بووەتە باری داسەپاو) ناتوانێت لە مەرگ قوتاری بێت، یاخود ئاسوودە بێت، تاکو چوونە سەر باوەڕی ڕێژیمە سەرکوتکارەکە و متمانەی بۆ ئاین و پرانسیپ و دروشمەکانی ڕانەگەیەنێت، کە بەردەوام ڕێژیمەکە دەیانکاتە موژدە، ئەمەش وا دەکات پشت لە هەموو ئەوانە بکاتەوە، کە بڕوای پێیان هەبوو و چووبووە سەریان، وەک ئاین، باوەڕ، تیۆری.

هەندێک جاریش ناتوانێت لە مردن قوتاری بێت، تاکو وار لەوانەی باوەڕی پێیانە دەهێنێت و ئامادەییی خۆی دەردەبڕێت بۆ هاتنەسەر باوەڕی ڕێژیمە سەرکوتکارەکە بەهێز و پاڵپشتیی سوپای چەکدار و هێزە ئەمنییەکان و سەرچاوەکانی سامان و هەژموونی هێزە سیاسییەکە.

بەدوور لەم دۆخەش (واتە نەدانی متمانە و ڕەزامەندیی ڕەها) ئەوا لەسەر هەر تاکێکە سەرجەم دەرهاویشتە تێکشکێنەکانی دوایی لە ئەستۆ بگرێت، کە ڕێژیمەکە لەبارەیەوە دەیدات، لە کوشتن، قڕکردن، ڕیشەکێشکردن، تێکشکان... هتد.

بەڵام ئەگەر دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی شێوەی لەناودانی ڕەگەزپەرستی، یا نەتەوەییی گرتە بەر، ئەوا ڕزگاربوونی تاک لە مردن، یا نەمان دەبێتە کارێکی زۆر سەخت، ڕەنگە نێزیک بێت لە ئەستەمەوە، چونکە مرۆڤ ڕەنگە بتوانێت لە ڕەوشێکدا پشت لە ئاینەکەی، یاخۆ ڕای، یان باوەڕی بکات و ئەمە ڕابگەیەنێت، تاکو ژیانی بسەنێتەوە و خۆی لە مەرگ بەدوور بگرێت، وەلێ ناتوانێت نەتەوەکەی بگۆڕێت، یاخود ئەو لایەنگرییە ڕەگەزپەرستییەی بگۆڕێت، کە بەدرێژاییی چەندان پشت و بۆ دەیان سەدە درێژ دەبێتەوە، بەدەر لە ویستی خۆی وەریگرتووە.

بۆیە ئەم جۆرە ڕێژیمە سەرکوتکارە باوەڕمەندییە، مەترسیدارترین جۆری دیکتاتۆرییە و لە مێژوودا لە هەموویان پتر خوێنڕێژە. ڕەنگە لە بەختڕەشی بێت ئەم جۆرە دیکتاتۆرییە باوەڕمەندییە لە مێژووی عێراقدا دەرکەوت و زۆر باو و بەردەوامیی هەبوو و بووە هۆی بەردەوامیی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا و ڕۆشنبیرییەکیشی دامەزراند تا ئێستاش لەسەر ڕێبازی بەرزخوازی، دەسەڵاتخوازی، ستەمکاری، چەوسانەوە، داگیرکاری، حەزی تۆڵەسەندنەوە و تاکڕەوی بنیات نراوە.

## زوو دەرکەوتنی دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا

ئەگەر بمانەوێت بپرسین: ئەو هۆ و فاکتەرانە چین، کە بوونە ئەگەری پێشوەخت و زوو دەرکەوتن و سەرهەڵدان و بەردەوامیی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی لە وڵاتی دووڕووباردا؟

واتە بۆچی گەلێک وڵات لە دنیادا لە دەرکەوتنی ئەم جۆرە لە ڕێژیمی دیکتاتۆریی دوژمنکاری تاکباوەڕیدا پێش وڵاتی ڕافیدەین کەوتن، کە لەسەر سەپاندنی ڕای خۆ و پێڕەوکردنی باوەڕ بەسەر کۆمەڵگەدا بەهێزی زۆرەملێ و جەنگ و دەسەڵاتخوازی و سەپاندنی ترس و زاڵبوون و پشتبەستن بەشێوازەکانی ناچارکردن و قڕکردن و کۆچ پێکردن و ڕیشەکێشکردنی بەکۆمەڵ دامەزراون؟

بۆ وەڵامدانەوە دەکرێت ئاوا دەستنیشان بکرێت:

هۆی سەرەکیی ئەمە، زوو دەرکەوتنی ژیاری شارستانی و مرۆیی پێکهاتنی کۆمەڵگە مرۆییە ڕێکخراو و سەقامگیر و دەوڵەمەندەکانە لە قۆناخە پێشوەخت و زۆر کۆنەکانی مێژوو لە وڵاتی ڕافیدەیندا، کە بوونە هۆی دەرکەوتنی چەندان باوەڕ و ئاین و فەلسەفە و بیردۆز و ڕا و ئیجتیهادی جیاجیا و لێکدانەوەی هەمەجۆر بۆ دیاردەکانی ژیان لە نێوەندەکانی ئەو کۆمەڵگە سەقامگیرانەدا، ئەمەش بووە مایەی دەستبردنی هزری مرۆیی لەو قۆناخانەدا بەچەندان هەوڵ و کۆشش بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ کۆمەڵێک پرسیاری بەڵگەنەویست و خۆڕسک و سەرەتایی، کە لە کاروباری ژیان و گەردوون و دیاردەکانی سروشت ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ئەمەش ناچاری ئەوەی کرد لەو دۆخەی ژیانی سەرەتایی و نادیارەی مێژوودا، هزری ئەفسانەیی دابهێنێت، ئەو هزرەی لە بناخەدا بۆ لێکدانەوە و پاساوی دیاردە زەبەلاح و گەورەکانی سروشت هاتە کایەوە، کە دەوری ژیانی مرۆڤ دەدەن و لەگەڵیدا دەبن، ئەمەش لەجێی خۆیەوە بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک باوەڕ و ئاین و تیۆریی سەرەتاییی جیاواز لەو کۆمەڵگەنەدا، ئەوەبوو ئەفسانەی کۆن و داستانی درێژ بەدەرکەوتن، کە مرۆڤەکان لە دۆڵی دووڕووباردا نووسیویانن و بۆ ماوەی نێزیکەی دوو هەزار ساڵ بڕوایان پێ بووە و ملکەچی لێکدانەوە و حوکمەکانیان بوونە، ئەو چیرۆک و گێڕانەوە ئەندێشەئامێزانەی بیردۆزەیلی فرەیی خواکانیان داناوە و دیاردەکانی سروشتیان لێکداوەتەوە، بەوەی سیمایێلێکن تاکو ململانێی خواکان و جیاوازییەکانیان و پێکدادانی ئیرادە لەنێو خۆیاندا

ئەنجام بدەن، هەروەها قسەیان سەبارەت بەپاشا خواکان کردووە، ئەوانەی بۆ خوا گۆڕان... هتد.

بۆیە بەپێی ئەم ڕووداوە دروستە مێژووییانە بەبەڵگەوە، ناکۆکی و دواییش ململانێکان مۆرکی باوەڕمەندی و تیۆری و هزرییان پێوە دیاردەدات، لە سەردەمەکانی زۆر زووی مێژووی وڵاتی دووڕووباردا سەریان هەڵداوە و دەستیان پێ کردووە، بەتایبەت ئەو دەمی هەر ژیارێک لەو ژیارە دێرینانە بەتەنیا و سەربەخۆ هەوڵی داوە لێکدانەوەی فەلسەفی، ئاینی، هزری و تیۆریی تایبەت بەخۆی هەبێت بۆ ژیان و بوون و خەلق و مردن و جووڵەی گەردوون و دیاردەکانی سروشت و پێوەندیی مرۆڤ بەگشت ئەمانەوە، ئەمەش بەردەوامی و پەلوپۆ هاویشتنی ناتەبایی و ململانێکانی نێوان ئەو ئاین و ژیار و شانشینانەی لێ کەوتەوە، کە کۆشا و کاری کرد بۆ قۆناخێلێکی زوو لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بۆ سەپاندنی ویست و تاکباوەڕییە ئاینییەکەی، پاشان تاکڕاییەکەی و سەپاندنی دەسەڵات و زاڵبوونی بەسەر ئەوانی تردا لە ڕێگەی هێز و زۆرکردنەوە، ئەو کارەی پاشان دەخوازێت شانشین و ئیمپراتۆریا و لەشکری ڕێکخراو و چەکدار دامەزرێنن، کە بوون و تاکباوەڕیی خۆی بەسەر گەلان و دانیشتووانی شانشینەکانی تردا سەپاندووە، بەبەهانەی جەنگ، داگیرکردن، قڕکردن، ڕەشکردنەوە و کۆچی بەکۆمەڵی دانیشتووانەکە، هەموو ئەمانە جێبەجێ دەکران بەبەهانەی ئەوەی گوایا وەڵام بەخواست و داوای ویست و ئارەزووی خوایە، بێگومان گشت ئەمانەش پاساوی وەهمی و خەیاڵین.

زۆر پێویستە بەسووکی تەماشای ئەو کاریگەرییە قووڵ و درێژماوانەی ڕۆشنبیریی ئەفسانەیی لە هۆشیاریی مرۆڤی عێراقی و پێکهێنانی کەسێتییەکەی، کە نەوە دوای نەوە جێی هێشتن، نەکرێت و بەڕاگوزاری بەسەر ئەم بابەتە مەترسیدارەدا تێنەپەڕین، بەڵکو پێویستە ئەوپەڕی بایەخی پێ بدرێت بۆ ئەو کاریگەرییەی ڕۆشنبیریی ئەفسانەئامێز لە دروستکردنی کەسێتیی عێراقی و دیارکردنی ژمارەیەک لە سیما و سیفەتە تاکڕەوی و تەنانەت هاوچەرخانەکەی هێشتوویەتیەوە، چونکە ڕەنگە ئەو ڕۆشنبیرییە ئەفسانەئامێزەی لە پێشەوەی ئەو هۆیانەیە، کە بوونە هۆی پێکهاتنی ڕۆشنبیریی دەسەڵاتخوازی و پێوەست بوون بەدیکتاتۆریی تاکڕایی لە قووڵایی ئاوەزی عێراقیدا، تاکو سەردەمی ئەمڕۆ، سەرباری ئەو هۆ گرینگانەی تر، کە لە بەرەبەیانی مێژووی وڵاتی دووڕووباردا سەریان هەڵدا و ژمارەیەکی زۆری خواوەندی پێشکێش کرد و سەپاند، کە وێنای کردن چۆن زاڵ دەبن و حوکمی چارەنووسی مرۆڤەکان و جووڵەی گەردوون و سروشت دەکەن، ئەو خوایانەی ململانێیان بەویستی ناکۆک و دژ بەیەک دەکرد و دەسەڵات و تاکڕەوی و ئامرازەکانی هێز و ئەوپەڕی زەبروزەنگ و جەور و ستەمیان بۆ یەکلاکردنەوەی ناتەباییەکانیان بەکار دەهێنان، کە هێور نەدەبوونەوە و نەدەوەستان و کۆتاییان نەدەهات، لەکاتێکدا ئەو ئەفسانانە جگە لە ئامرازی لەخشتەبردن شتێکی تر نەبوون، کە مرۆڤ، یا ئاوەزی مرۆڤ دایهێنان، بۆ پاکانەکردنی حەزەکانی لە تاکڕەوی و دەسەڵاتخوازی و ئارەزووی غەریزەیی بەرەو هەژموون و دەستبەسەرداگرتن و خاوەنداری و هەڵکوتانەسەر و بەکارهێنانی هێز...

ئەو ڕۆشنبیرییەی پشتی بەئەفسانەی پێکهاتوو لە چیرۆک و گێڕانەوە و دیمەنی ئەفسانەیی بەست، لە دۆڵی دووڕووباردا نێزیکەی دوو هەزار ساڵ باوی بوو و بەردەوامیی هەبوو، لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە بەشێوەیەکی وا کاریگەر و پڕ لە هەژموون بڵاوبووەوە، لە کاریگەریدا هیچ شتێک و لە هیچ شوێنێکی تر لە شوێنەکانی ژیاری دێرینی جیهانیدا هاوتای نەبوو.

## کاریگەریی ئەفسانە خواییەکان لە دروستبوونی ڕۆشنبیریی تاکی عێراقیدا

بۆ ئەوەی وێنەکە لامان ڕوون بێت، سەبارەت بەقەبارەی کاریگەریی ڕاستەوخۆ و قووڵی ئەو ڕۆشنبیرییە ئەفسانەئامێزەی لە دۆڵی دووڕووباردا لەدوای خۆیەوە جێیهێشت، هەروەها ڕەنگدانەوەکانی لەسەر دروستبوونی ڕۆشنبیریی دەسەڵاتخوازی و توندوتیژیی خوێناوی لە ناخی ئاوەز و هزر و بەها ئاکارییە بۆماوەکانی، ئەوا پەنا دەبەینە بەر خستنە بەرچاوی کۆمەڵێک بەڵگەی کورتکراوە، وەک نموونەیلێک لە چیرۆکی ئەفسانەیی و ناوی خواکان، کە باو و بڵاوبوونەوە و ویستی خۆیان سەپاند، بگرە لەبارەی ڕووداوەکانی مێژوو لە دۆڵی دووڕووباردا لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا چاخە دواکەوتووەکان زۆریان لەسەر نووسران، بۆ ئەوەی بیرێکی واقعی لەسەر ئەو کەشەی بەرایییەکانی یەکەمی ڕۆشنبیریی ئاوەزی و ژیانیی مرۆڤی میزۆپۆتامیا تێیدا دامەزرا و گەشەی کرد وەربگرین، هەڵبەت نموونەیێلی چڕ و پەیتکراوەن لە چیرۆکە ئەفسانەیییە درێژ و هەمەڕەنگەکاندا هێناومانەتەوە، بۆ نموونە "سۆمەرییەکان چەندان خوایان هەبوو و شتێکی تایبەت کۆی نەدەکردنەوە، هەر شارە و خوای خۆی هەبوو، وەک چۆن هەر خێزانە و خوای تایبەت بەخۆی هەبوو و هەر دیمەنێکیش لە دیمەنەکانی ژیان خودان خوای خۆی بوو، تا وای لێ هات سەرژمێریی ناوەکانیان گەیشتە نێزیکەی پێنج هەزار خوا، پەرستگەکان گۆشەیەکیان نەمابووەوە خودایەکی لەخۆ نەگرتبێت".[٥]

هەرچی بابلییەکان بوون، خوای هەرە گەورەیان ئانۆ ئەیی دیاریی ئاسمان بوو، هەرچی باوبۆرانیش بوون خوای هەبوو بەناوی (ئینلیل)، تایبەتمەند بوو بەخوایەتی لەنێوان ئاسمان و زەویدا، خوای (نن تو)ش خاتوونی هێزی شاراوە بوو لە ناخی زەویدا و هۆکاری بەپیتبوونی ڕووەک بوو، (ئەنکی)ی خواوەندیش خوای ئاو بوو، هەرچی خوا تەمووز بوو، ئەوە شوانی مەڕان بوو و عەشتاری خواوەندی خۆشەویستی شووی پێ کرد و پێکەوە ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری ژیان، بەڵام بەرازە کێوییەک ڕاوی تەمووزی خواوەندی کرد و لە قووڵاییی زەویدا ون بوو، عەشتاری خواوەند زۆری خەم بۆ خوارد و چوو بۆ لای (ئیرشکینگاڵ)ی حوکمڕانی دۆزەخ، داوای لێ کرد تەمووزی بۆ بگێڕێتەوە، وەلێ ئیرەیی و ململانێ لەنێویاندا گڕی سەند و ڕەتی کردەوە یارمەتیی بدات. هەرچی چیرۆکی گلگامشی پاشای ئوروکە، کە داستانەکەی لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاین نووسراوەتەوە، فەرمانڕەوایەکی ستەمکاری دڵڕەق بوو بۆ میللەتەکەی، بۆیە میللەتەکەی

پەنایان بۆ ئەنکیدۆی خواوەند برد، کە هێندەی ئەو بەهێز بوو، زۆری پێ نەچوو دۆستایەتی لەنێوان گلگامش و ئەنکیدۆدا دروست بوو و پێکەوە بۆ دارستانەکە چوون، لەوێ (حواوا)ی دڕندەیان بۆ دەرچوو، هەردوو برادەر هاوکاریی یەکتریان کرد و حواوای دڕندەیان کوشت، ئینانای خواوەند بەچاوی خۆی ئەم کارەی بینی، بۆیە دڵی بەگلگامشدا چوو، کەچی ئەو نارازی بوو، بۆیە ئینانا لێی تووڕە بوو و گای ئاسمانی بۆ نارد، تاکو گلگامش لەناو بدات، هەردوو هاوڕێ گلگامش و ئەنکیدۆ پێکەوە ڕووبەڕووی وەستانەوە و کوشتیان، ئیدی سەرکەوتن دوای سەرکەوتن لووتی بەرزکردن و خۆیان لە سەرووی خواوەندەوە دادەنا، بۆیە ئینلیلی خواوەند بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کوشتنی حواوای دڕندە ئەنکیدۆی کوشت، گلگامش زۆری خەم بۆ هاوڕێکەی خوارد و ڕەتی کردەوە بینێژێت، بەڵام دوای ئەوەی کرمی بینی لە لووتیەوە دەردەچوو، تێگەیشت کە مردووە، ئیدی سەری خۆی هەڵگرت، بووە دێوانە و بەدوای نەمری و ژیانی هەتاهەتاییدا عەوداڵ بوو، لە گەڕانەکەیدا بە(ئوتانا بشتم) گەیشت، کە چیرۆکی لافاوەکەی بۆ گێڕایەوە و گوتی:

یەکێک لە خواوەندەکان هەواڵی بڕیاری خواوەندی سەبارەت بەنقوومبوونی شارەکە بەلافاو بۆ درکاندووە، ئینجا ئامۆژگاریی کرد کەشتییەک دروست بکات، خێزانەکەی و ئاژەڵەکانی بار بکات و لە لافاوەکە ڕزگاری دەبێت.

ئوتانا بشتم گەمییەکی دروست کرد و لە هەر زیندەوەرێک جووتێکی بار کرد. لەبەر ئەوەی بووە هۆی مانەوەی ژیان، خواوەند بەژیانی نەمری خەڵاتی کرد، لەمیانەی ئەم یەکتر بینینەدا ئوتانا بشتم نهێنیی نەمریی بۆ گلگامش درکاند و پێی گوت:

گیایەک هەیە لەبنی دەریا دەڕوێت، هەر کەسێک لێی بخوات لاوێتیی نوێ دەبێتەوە و مانای مردن نازانێت، گلگامش لەوکاتی بەرەو گەڕانەوە بوو بۆ زێدی خۆی، ئەم گیایەی لەژێر (کەنداوی عەرەب)دا دۆزییەوە، لە ڕێگە لە دەم گۆماوێکدا وەستا، تاکو خۆی بشوات، گیایەکەی لە دەم گۆمەکە دانا، مارێک هات و گیایەکەی ڕفاند "ئەمەش بناخەی ئەو باوەڕەیە، کە مار ساڵانە بەفڕێدانی توێژی خۆی چالاکیی نوێ دەکاتەوە، چون سەرلەنوێ هاتبێتە دنیاوە".[٦]

ڕەنگە بتوانین ئاماژە بەخوێنەر بدەین، کە مار تا ئێستاش لەجیهاندا هێمای جێگیری پزیشکییە بۆ زانستی دەرمانخانە و دەرمانی چارەسەر بۆ نەخۆشەکان.

هەرچی ئەفسانەی ئینلیل و ننلیلە، ئەوا باسی سێ خواوەندانی کرد، ئەوانیش ئینلیل و ننلیل و دایکیانە (ننشیبار جونو)، ئەفسانەی تلمۆنیش باسی ئەوە دەکات، کاتێک خواکان جیهانیان دابەش کرد، دورگەی تلمۆن (وڵاتی بەحرەینی ئێستا) بەشی دوو خواوەند بوو، ئەوانیش خواوەندی زەوی (ننخورساج) و خواوەندی ئاو (ئینکی)یە، ننخورساج داوای لە ئینکی کرد ئاوی شرین بداتە دورگەکە، ئەویش جێبەجێی کرد و ویستی ببێتە ژنی، قایل بوو و بەر لەوەی خواوەندی گیا و گول (ننسار)ی کچی دابنێت، ئینکی جێی هێشت و دوای ئەوەی ننسار گەورە بوو و چووە سەر ڕۆخی

دەریا، کاتێک ئینکی ئەوی بینی گرفتاری بوو و نەیزانی کچەکەی خۆیەتی، تەفرەی دا و خواوەندی ڕیشاڵی لێ بوو.

ئەفسانەکە دەڵێت ئەوی (ئینکی)ی باوک بەکچەکەی کرد دوای ئەوەی کچە پیر بوو، بەهەمان شێوە بەکچەزاکەشی کرد، ئەوەبوو ئەوی تر (ئاتو)ی خوای چنینی لێ بوو... هتد.[٧]

ئەگەر بەدووی ڕەوتی ئەو ئەفسانانەدا بچین، کە لە دۆڵی دووڕووباردا باو بوون، ئەوا دەتوانین تێبینیی ئەوە بکەین، کە شوێن و پایە و ناوبانگ و هەژموون و دەسەڵات و هێزی کاریگەری و ڕۆڵی ڕابەری و سەروەریی هەر خواوەندێک بەپێی هێز و زاڵبوونی شانشین، یا ئەو دەوڵەتەی دەیکات بەخوای خۆی، دەگۆڕێت.

ئەگەر ئەو شانشینە، یا دەوڵەتە بەهێز و سەرکەوتوو و توندوتۆڵ بێت، ئەوا خواوەندەکەی ناوبانگ و ڕێز و هێز و سام و هەژموونی بەدەست هێنابێت، ئەوا پابەندبوون و بڕوا بەتواناکانی لە دەروونی ژمارەیەکی زۆرتر لە مرۆڤەکان لە شار و وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا بڵاو دەبێتەوە.

تکا لە خوێنەر دەکەین لێرەدا ئاگەداری پرانسیپی هێز بێت، کە حوکمی پێوەندیی نێوان بوونی دەوڵەتی بەهێز و خواوەندی بەهێز و بەڕێز و بەسام دەکات لەگەڵ ئەوەی چی لە دەروونی مرۆڤدا دەچێنێت لە قەناعەت، یا باوەڕ سەبارەت بەئاکاری هێز...

هەروەها دەتوانین تێبینیی ئەوەش بکەین، ئەو ئەفسانە ئاسمانییانەی مرۆڤی دۆڵی دووڕووبار لەو چاخە کۆنانەدا دایڕشتوون و نووسیونی و دەتوانرێت بەمەزنترین داهێنانەکان بژمێررێن، کە ئاوەزی مرۆڤ لە بەراییەکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە دایهێناون، ئەو ئەفسانانە ئاژەڵ و دڕندەیان هەڵبژاردوون، کە هێزی جەستەییی لە ڕادەبەدەریان هەن، وەک شێر، گا، بەور و پڵنگ... جگە لە گیانداری بچووک، یا بەستەزمانی وەک کۆتر، چۆلەکە و کەروێشک، بۆ ئەوەی ببنە گەمەکەری سەرەکی و ئەو پاڵەوانەی بەقودرەتی قادر (نەک بەئاوەز و دانایی و قایلکردن) ململانێ و پێکدادان و دووبەرەکی و ڕووبەڕووبوونەوە گەورەکان یەکلا بکەنەوە، کە گەلێک جار لەناو گێڕانەوەکانی ئەو ئەفسانانەدا لە ئەنجامی دووبەرەکی و ناکۆکی و هەڵوێست و بابەتێلی ڕێک نەکەوتنی پێوەند بەزۆرێک لە کێشە گەردوونی و ژیانییەکانەوە دروست دەبن.

هەروەها مرۆڤ (عێراقی) لەو سەردەمەدا کۆشا بۆ زیادکردنی هێزی هەندێک دڕندە بەشتی گریمانەیی، وەک چۆن باڵی گەورە و زەبەلاحی لە جەستەی گا و دڕندەکان ڕوواند. لە پەیکەرە بەردینە کۆنە زەبەلاحەکاندا دەبینین گا و دڕندەکان باڵدارن، لە کاتێکدا لە واقیعدا بوونەوەری وا نەبوون، ئەمەش وایان لێ دەکات ببنە دڕندەی بەتواناتر و بەسام و دڕندەتر، تاکو بتوانن ئەو ڕۆڵە گریمانەییە لە توان بەدەرەی لە گێڕانەوەکانی ئەو ئەفسانە خوداییانەدا هاتوون جێبەجێ بکەن و بەئەنجامی بگەیەنن.

داخۆ ئێستاکێ ناتوانین بڵێین، دەکرێت تا ڕۆژی ئەمڕۆش ئەوە کانییەکی بەدینەکراو بێت

خولیای حوکمکردن و دەسەڵاتخوازی و تاکڕەوی لای تاکی عێراقی بەهێز بکات، لەگەڵ سەرسامیی ئێستای بەدەسەڵاتی هێز و پێوەستبوونی بەپرانسیپی دەسەڵاتخوازی و حوکمی تاکەکەسی و هەژموون و جەور و ستەم و زاڵبوون لە زۆربەی دیمەنەکانی ئاکار و هەڵسوکەوتیدا، بەدەر لە ویست و هۆشیاریی ئەو؟

بەهەر حاڵ خۆمان لە بەرابەر ژمارەیەکی لەبڕان نەهاتووی ناوی خواوەندەکاندا دەبینینەوە، کە لە هەموو شتێکدا تایبەتمەندن، هەر ئەوە دەجەنگێ و ململانێ دەکات و ژن دەهێنێ و پیلان دادەڕێژێ و ئەویندارى دەکا و قینی دێ و تۆڵە دەستێنێتەوە و ملکەچی هەستی بەدگومانی و کێبەرکێ دەکات و لە جەنگەکاندا بەگشت کارێک هەڵدەستێ و جووڵە و ململانێکانی ناوەستن... هەموو ئەمانە لە ئاسماندا ڕوویان دەدا (بەپێی دەقی ئەفسانەکان و ئەندێشەی زانستی و ئەدەبی لە ڕۆشنبیری و ئاوەزی مرۆڤ لە دۆڵی ڕافیدەیندا)، هەرچی لەسەر زەوییە ئەوا جەنگ و ململانێکانی نێوان پاشاکان و شار و لەشکرە چەکدارەکان، بەردەوامییان هەبوو و نەدەوەستان، ئەوەش ڕەنگدانەوە و درێژەی ئەو شتانەن، کە لە ئەفسانە ئاسمانییەکاندا هەن، چونکە قووتدانی یەکتریی شارەکان و پاشاکان یەک لەدوای یەک لە جەنگ و داگیرکردنە سەربازییە بەردەوامەکاندا کارێکی مێژوویی جێگیرکراون بەبەڵگە و دەلیلی شوێنەواری لە چاخەکانی بەرەبەیانی مێژوو و دوای ئەوەش لە وڵاتی ڕافیدەیندا، زۆربەی ئەو جەنگ و داگیرکردنانە پاساو و پاڵنەرەکانیان، یاخۆ بەلای کەمەوە هۆیەکانیان بەسەر ئەو ئەفسانانەدا دەدا، گوایا دەکۆشێ و دەخوازێ تەنیا ڕەزامەندیی خواوەند بەدەست بهێنێ و حەز و ئارەزوو و فەرمانەکانی بەدی بهێنێت...

بەم شێوەیە ئەمە ئەو کەشەیە، کە لە چوارچێوەیدا هزر و ڕۆشنبیریی گەلانی دۆڵی ڕافیدەین دروست بوو و نەشونمای کرد، ئەوانەی باپیرە گەورەی ئەو میللەتەن کە لەسەر خاکی عێراق دەژێن و زاراوەی گەلی عێراقی بۆ بەکار دەهێنین.

ئەم ئەفسانانە، کە نێزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش ئاینی کرستیان کەوتوونە و بەپتر لە سێ هەزار و پێنج سەد ساڵیش بەر لە ئیسلام بوونە، ئەمانە بناخەی هزری و باوەڕمەندی و ئاینی و بڕوایان لای گەلانی دۆڵی دووڕووباردا پێکهێناوە، کە ڕەنگە لە زۆرێک لە غەزا و جەنگ و چەوسانەوەی خەڵکەکە و جووڵەی فەرمانڕەوایان و پاشا و ئیمپراتۆر و سوپاکان لە مێژووی دێرینی وڵاتی دووڕووباردا هۆ و پاساو بوونە، ئەو گەل و کۆمەڵگەنە بۆ ماوەی پتر لە دوو هەزار ساڵ بەردەوام بوونە لە پێوەست بوون بەئیمان و باوەڕ و پابەندبوون بەو ئەفسانانە و ناوەڕۆکەکانیانەوە، وەکو پێشتر باسمان کرد، ئەمەش ماوەیەکی زۆر دوور و درێژە، ئەگەر بزانین تەمەنی ئاینی کرستیان سەرلەبەری هەر لە دەرکەوتنی مەسیحەوە تاکو ئەمڕۆ، لەو ماوەیە زیاتر نییە کە لە دۆڵی دووڕووباردا ڕۆشنبیریی ئەفسانە خواییەکان بەسەر ئاوەزی مرۆڤدا باو و زاڵ بوو.

ئەو گێڕانەوانە و چیرۆک و داستانە ئەفسانەییە بارگاوییانە بەڕووداوی توندوتیژی و ستەم و دەسەڵاتخوازی و دڵڕەقی و تۆڵەی بەرابەر، کە باس لە ململانێی گەورە و زەبەلاح و تۆقێنەر دەکەن، هێور نابنەوە و ناوەستن لەنێوان ژمارەیەکی بێ شومار لە خواوەندە بەتواناکان لە هێز و زاڵبوون و قۆرخکردن و حوکمی تاکڕەوییانە لە سەرجەم دیمەنەکانی ژیاندا، دەڵێین ئەو ئەفسانانە و ڕووداو و ئاماژە هێمایییەکانی لە قووڵایی مێژوودا بناخەی یەکەمی ڕۆشنبیریی تاکی عێراقی و هۆشیاریی ئاوەزی و کۆمەڵایەتیی پێشوەختە بوون لە گەرموگوڕی و لایەنگری بەرەو زەبروزەنگ و دەسەڵاتخوازی، با ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان کاریگەریی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییە ئاراستەکراوە لە بونیادی دەروونی و ئاکاریی مرۆڤی وڵاتی ڕافیدەین و پێکهاتەی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی لە هەزاران ساڵەوە چەند قووڵ و نەرێنی و تێکدەرانە بووە.

بۆیە لەسەرمانە قەبارەی کاریگەریی ئاوەزی و دەروونی و ئاکاریی قووڵ و درێژ و لەسەرخۆ و ناڕاستەوخۆی ڕۆشنبیریی ئەفسانەیی بەکەم نەزانین، بەسەر دروستبوونی ئاوەزی، ئاکاری، دەروونی و باوەڕمەندیی مرۆڤی عێراقی لە سەدەکانی دواتر و لەسەر مرۆڤی هاوچەرخی عێراقییشدا، ئەو کارەی کەم لە میللەتان و نەتەوەکانی جیهان کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە...!

لەسەر ئەم بنەمایە و ئێستا ڕای ئێمە هەرچییەک بێت لە سادە و ساکاریی ئەو هەوڵە هزری و ئاوەزییانە و باوەڕمەندییە بەراییانە، کە ئەو ئەفسانە خواییانەیان داڕشتوون و نووسیونەتەوە، لەسەرمانە درک بەوە بکەین و قەناعەت بهێنین (بەشێوەیەکی زانستی) بەگرینگی و مەترسیداریی ئەو ڕۆشنبیرییە ئەفسانەییە و ئەو ڕۆشنبیرییە تێکەڵەی دوای ئەوە لەنێوان واقع و ئەفسانەدا تێکەڵییەکی کردووە و لە سەدەکانی دواییدا بڵاوبوونەوە لە دیارکردنی ڕەوتەکانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی و ئیمانی لە دۆڵی دووڕووباردا، هەروەها لە نووسینەوەی زۆرێک لە ڕووداوە یەکلاکەرەوەکاندا لە مێژووی واقعیی وڵاتی ڕافیدەیندا، لەبەر ئەوە لابردن، یا پووچەڵکردنەوەی ئەو ڕۆشنبیرییە ئەفسانەییە لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی، ئاکاری، یان کۆمەڵایەتیی پێوەست بەکەسێتیی هاوچەرخی عێراقییەوە هەڵەیەکی زانستی و مێژوویی و بابەتیی گەورە و کەمکردنەوەیە لە لێکۆڵینەوەی کاریگەرییەکانی بەرایی دروستبوونی بناخەی هۆش و پێکهاتنی هۆیە نەبینراوەکانە لە ئاکاری کەسێتیی هاوچەرخی عێراقیدا.

ئێستا... ئایا دەتوانین لەکاتێکدا دەکۆشین لێکۆڵینەوە بکەین، یا وەسفی واقعی ئاکاریی کەسێتیی هاوچەرخی عێراقی بکەین و مەزەندە یا ئاکارێک ببینین دوور لەوەی ئەمڕۆ دەیبینین لە توندوتیژیی خوێناوی و ململانێی دەستە و پێوەندیی پاکتاویی مەترسیدار و ئاکاری خۆبەزلزانیی تاکڕەوی و نەخۆشیی دەروونی و فەرمانڕەوای زۆردار و ڕێژیمە خوێنڕێژە تۆقێنەرەکان لە عێراقدا؟

ئەو پێشەکییە پڕ لە توندوتیژی و ڕووبەڕووبوونەوانەی دابەش کراون لەنێوان ئەفسانەی خەیاڵئامێز و لەنێوان ڕووداوە ڕاستەقینە واقعییەکاندا، کە باوبوون و لەسەر شانۆی دۆڵی

ڕافیدەیندا ئەنجام دران، ئەوانە بوون بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سیماکانی حەزی خوێنڕێژیی وێرانکەریان لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی و هاوچەرخەکەشی دیار کرد.

ئیتر ئەگەر ئەو باوەڕە هزری و ئاینی و تیۆرییانە وا لە مرۆڤ بکەن دەوڵەت و ئیمپراتۆریای خاوەن باڵی چەکداری و سەربازیی بێ شومار بن بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی لە سەپاندنی دەسەڵات و باوەڕ و تیۆری و باوەڕە ئاینییەکانی بەکردەنی، یا ئەو شانشین و ئیمپراتۆریا چەکدارانە بەلەشکری بێ شومار بوون، ئەوانە بوون باوەڕە تیۆری و هزری و ئاینییەکانیان بەکار هێنا بۆ جێبەجێ کردنی پیلانە دوژمنکارییە مادییە دنیاییە فرەوانەکانی، هەڵبەت ئەنجامەکەی لە هەموو دۆخەکاندا یەکە، ئەوەبوو دامەزراندنی پراکتیکی و واقعی ئەنجام درا، کە دەکرێت ناوی بنێین ڕیژیمە دەسەڵاتخواز و سەرکوتکەرە باوەڕمەندە سەپێنراوەکان بەزەبری هێز لە مێژووی کۆنی وڵاتی ڕافیدەیندا، کە دوای ئەوە دەرکەوتنە خوێناوییەکەی لەم وڵاتەدا بەشێوەی جیاجیا و هەمەجۆر بەپاڵنەر و پاساو و دروشمی پێشکەوتووتر و ئاڵۆزتر لەچاو پێشکەوتنی دوایی، کە لەسەر ئاستی ئاوەز و هزری مرۆییدا ڕوویدا بەردەوامیی هەبوو.

لەکاتی وڵاتگیریی ئیسلامییەوە لە عێراقدا، ساڵی ٦٣٤ی زاینی و، تاکو سەرەتای سەدەی بیست وەختی نەمانی حوکمی عوسمانی و داگیرکاریی ئینگلیز لە عێراقدا، ساڵی ١٩١٤ی زاین، ململانێ لە سەپاندنی ڕیژیمە دەسەڵاتخوازە باوەڕمەندییەکان لە سەر زەویی عێراقدا بەدەرکەوت، ئەوەش بەشێوەیەکی ڕوون و لە ژێر ناونیشان و دروشمی جیاجیا و شەپۆلی خوێناوی بەسەر کۆمەڵگەی عێراقدا سەپێنرا و بەزەبری هێز و زۆرکردن جێبەجێ کرا، بەتایبەت لەو ماوانەی ڕیژیم و دەسەڵاتداران لە ڕۆحی ئیسلام و ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی دوورکەوتنەوە، دەتوانین ئەو ململانێ پاکتاوییە خوێناوییانە بنووسین، کە لەنێوان ئەمەوی و عەباسییەکان و ئەو ململانێ پاکتاوییەی دوای ئەوە هات لەنێوان عەباسی و هاشمییەکاندا هەبوو و ئەو جەنگەی ئامانجی کوشتنی زەنادیقە و لەناودانیان بوو، هەروەها ئەو جەنگە پاکتاوییە خوێناوییە ترسناکەی لە دۆزی خەلقی قورئاندا جێبەجێ کرا و ئامانجی پاکتاوکردنی سەدان بیرمەند و نووسەر و ئەدیب و شاعیر و گێڕەرەوەی فەرموودەکان بوو، ئەوانەی تیۆریی خەلقی قورئانیان ڕەتکردەوە.

هەروەها ئەو ململانێ کارەساتبارانەی لەژێرەوە لەنێوان لایەنگرانی دەستە ئیسلامییە ناکۆک و دژ بەیەکەکان لە لایەنی هزری و باوەڕمەندییەوە ڕوویان دا و پشتیان بەدەسیسە و ئاژاوەگێڕی و پیلانی کوشندە دەبەست، ئینجاش ململانێی ئیتنی لەنێوان سونە و شیعەدا، کە قۆناخ و ئاستێلێکی لە توندوتیژیی خوێناوی لە قۆناخەکانی ئەم دواییەی چاخی عەباسیدا وەرگرت.

ئەمە و زۆر دیاردەی تریش هێزی دەوڵەت و دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەکەی لە جێبەجێ کردنی مەرامەکانیاندا بەکاریان هێنا، کە شێوەیەکی دەق پێوەگرتووی دووبارەبووەوەی دیکتاتۆریی ستەمکاری و دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندییە، یا دەتوانین ناوی بنێین دیکتاتۆریی تاکباوەڕی، کە تاکو ئێستاش میللەتی عێراقیان پێ داخ دەکرێت.

## پێنج دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە یەک سەدەدا

پێمان باش بوو توێژینەوەکەمان لەسەر ئەم بابەتە بەرفرەوان و ئاڵۆزە کورت بێتەوە لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەو سیستمانەی لە سەدەی بیستدا، بەدیارکراوی و وردتر لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تاکو سەرەتای سەدەی بیست و یەک دامەزراون، ئەم ڕێژیمانە نموونەی هەڵبژێرراوی پێڕەوکردنی دیکتاتۆریی ملهوڕی و دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی بوون، کە لە گشت جارەکاندا ئینتیمای بۆ ڕەگی هزریی جیاجیا بوو، وەکو هزری لیبراڵی کە خۆی لە پاشایەتیی دەستووری و ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیزمی سۆشیالیستیدا دەبینییەوە، کە شیوعییەکان و عەبدولکەریم قاسم و بیری نەتەوەییی عرووبی نوێنەریان بوون و ئەوانیش بەعس و قەومی و ناسرییەکان و هزری ئاینی نوێنەریان بوون، ئیدی بەم شێوەیە...

بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لەم بابەتە مەترسیدار و ئاڵۆزە وەربگیرێت، کە هۆیە بۆ زۆربەی ئەو گرفت و هەڵسوکەوتە ئاکارییە خراپانەی لە دەیەکانی پێشوودا کەسێتیی عێراقی دەرگیریان بوو.

ئێمە بەتوێژینەوە و خستنە بەرچاوی ڕووداوەکانی ئەو پێنج دیکتاتۆرییەتەی دوا بەدوای یەکتر لەو ماوەیەدا لە عێراقدا دەرکەوتن، چونکە لە کاتدا لە یادەوەریی خوێنەر و هاوولاتییەوە نێزیکن، دەکۆشین ڕووناکی بخەینە سەر گرینگترین و بەرجەستەترین چالاکیی دەسەڵاتخوازی و خوێنرێژی و زیانە نیشتمانی و مرۆیی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکان، کە بوونە ئەگەر و ئینجاش ئەو شوێنەوارە نەرێنییانەی جێیان هێشت لەسەر ئاستی دەسەلاتی سیاسی و ڕۆشنبیریی کۆمەلایەتیی وێرانکەر، کە تاکو ئێستاش لە ڕیزەکانی زۆرێک لە تاکەکانی گەلی عێراقدا باو و بەربلاون.

سەدەی بیست خەریکە دەبێتە نموونەی ئایدیاڵی ڕوونی پراکتیکی، کە پێ لەسەر پابەندبوونی ئاوەزی عێراقی و پێوەست بوونی جێگیری بەدیکتاتۆریی دەسەلاتخوازیی باوەڕمەندی دادەگرێت، یا دەکرێت ناوی بنێین دیکتاتۆریی تاکباوەڕی، چونکە سەرجەم ڕووداو و کوودەتا و ڕێژیمە سیاسییە جیاجیاکانی لەم سەدەیەدا و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا لە عێراق دامەزران، مەیلی کەسێتیی عێراقی و حەزە نیمچە خۆڕسکەکەی بەرەو دەسەلاتخوازی و حوکمکردن و سەپاندنی دیکتاتۆریی تاکڕایی لەسەر هەموو ئاستەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو و ئاشکرا دەردەخات، وێڕای ئەو هەوڵە پرزە لەبەر براوانەی ڕێژیم و حیزب و سەرکردە سیاسییەکان و بەرنامە حکوومییەکان لە ماوەی ئەم سەدەیەدا دایان، بۆ داپۆشین و شاردنەوەی ئەم حەزە دیکتاتۆرییە ستەمکارانەیە و پاساوی بۆ هەڵگرتنی دروشمە بەرەییە هاوپەیمانییەکان و دەستوور و بەمیللی بوون و بەجەماوەری و پەرلەمانی بوون و ڕاگەیاندنی داڕشتنی سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ بۆ دوورخستنەوەی سیفەتی دیکتاتۆری لەو ڕێژیمانەی باری داسەپاویان (امر الواقع) لە بەرایی سەدەی بیستەوە تاکو دوا دیکتاتۆری، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایندا ڕووخا، جێبەجێ کرد. لێرەدا

دەکۆشین بەنموونەی کردەنیی دروست و شۆک ئامێز بۆ خوێنەری روون بکەینەوە، چۆن پێڕەوی میتۆدی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی و ڕیشەکێشکردن، بەرودوا لە پێنج دیکتاتۆرییەکەی لە عێراقدا بەنۆرە هاتنە سەر حوکم، بەکار هێنران.

### دیکتاتۆریی یەکەم

## ڕێژیمی پاشایەتیی دەستووری لە عێراقدا ڕێژیمی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی دادەمەزرێنێت

### ١٩٢١–١٩٥٨

ڕەنگە زۆرێک لە عێراقییەکان تاکو ئێستاش لەو بڕوایەدا بن ڕێژیمی پاشایەتی، کە ساڵی ١٩٢١ لە عێراقدا دامەزرا، ڕێژیمێکی دیموکراسیی پەرلەمانیی دەستووری بووبێت و دیموکراسیی پەرلەمانیی ئازادی دامەزراندبێت، وەکو چۆن لە زۆربەی ئەو نووسراو و شیکردنەوانەی دەرچوون، وەسفکردنی ئەو ڕێژیمەیان لە قۆناغە جیاجیاکاندا لا باو بوو، کەچی لە ڕاستیدا وەکو پێشبینی دەکرا وا نەبوو، چونکە ڕاستی و ڕووداوە مێژووییەکان ئەمە ڕەت دەکەنەوە و ئەو گومانانە سەبارەت بەمە زیاتر دەکەن، هەڵبەت ڕووداو و بوویەرەکان بەشێوەیەکی بابەتییانە بەهێمنی و بێلایەنانە قەبارەی ئەو سەرپێچییە پرانسیپییە لەم بابەتە زیندووەدا دەردەخەن، لەپێناو ڕاستکردنەوەی ئەو وەهمە مێژووییەی تاکو ئێستا پەردەپۆشی قۆناخێکی گرینگی لە مێژووی نوێی عێراقدا کردووە.

پاشایەتی لە عێراقدا ڕێژیمێکی دەسەڵاتخوازی باوەڕمەندی وای دامەزراند سەرلەبەر لەگەڵ سروشت و پێکهات و پێداویستییەکانی سیستەمە پاشایەتییەکانی جیهان نەدەهاتەوە، کە لە واقیعدا جیاوازیی نەبوو لەگەڵ ڕێژیمە دیکتاتۆرییە ستەمکارە تاکڕاییەکاندا، کە لە دوای ڕووخانی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨دا بەدوای یەکدا هاتن.

هەرچی چیرۆکەکەیەتی ئەوا دەکرێت بەم شێوەیە بخرێتە بەر چاو:

پاش ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان، کە خۆیان لە هێزەکانی بریتانیادا دەنواند بەداگیرکردنی عێراق لەنێوان ساڵانی (١٩١٤–١٩١٨)دا و نەمانی حوکمی عوسمانی، دوای مشتومڕی درێژ و ناتەواو لەنێوان بزووتنەوە سیاسییەکان و سەرکردە سیاسییە عێراقییەکاندا سەبارەت بەدامەزراندنی ڕێژیمی پاشایەتیی دەستووری، ئەم ڕێژیمە پاشایەتییەش بەکردەنی ساڵی ١٩٢١ دامەزرا، ڕا لەسەر ئەوە درا شا فەیسەڵی یەکەم بکرێتە پاشای دەستووری بەسەر عێراقدا، ئیدی پەیدەرپەی گشت پێداویستییەکانی سەرکەوتنی ڕێژیمی پاشاییی دەستووری بەپێی تایبەتمەندییە ناسراوەکانی جیهان فەراهەم کران، لە ئاڵا و دەستوور و ئەنجوومەنی نەتەوە و ئەنجوومەنی

پیاوماقوولآن و هەڵبژاردنی گشتی و پاشایەک بەناوی دەستوورەوە فەرمانڕەوایی بکات... هتد.

بەپێی ئەم نەخشەیە دەبوو، بەڵکو پێویست بوو ڕیژیمی پاشایەتی لە عێراقدا دەستووریی پەرلەمانی بێت و ئازادییە دیموکراسییەکان بۆ هەموو نەتەوە و ئاین و بزووتنەوە سیاسی و هەموو هزر و تیۆری و باوەڕ و ڕایەکان هەرچییەک بن دەستەبەر بکات، هەروەها دەرفەت بدا بۆ ململانێی ئازاد لە ژیانی سیاسیدا لە چوارچێوەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەدا، بێ ئەوەی هیچ شێوەیەک لە شێوەکانی زۆرداری، لایەنگری، خۆتێهەڵقورتاندن، پاڵپەستۆ، چەوساندنەوە، یاخۆ دیکتاتۆری بەسەریدا پێڕەو بکرێت، بەتایبەت نەسەپاندنی تیرۆری هزری، یاخود باوەڕمەندی بەسەر گەلدا، یاخود ناچارکردنی بەچوونەسەر تیۆرییێکی باوەڕمەندیی دیارکراو، بەمانایەکی ڕوونتر دەوڵەت ڕای خۆی نەسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگەدا، چونکە مانای دامەزراندنی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی لە وڵاتدا دەگەیەنێت، ئەمەش بەتەواوی ناکۆکە لەگەڵ بنەچە و پرانسیپ و تایبەتمەندییەکانی ڕیژیمی پاشایەتیی دەستووریی پەرلەمانی، چونکە دەبێت (ئەمەش لە سەرتاپای دنیادا باوە) ڕیژیمی پاشاییی دەستووری هەڵوێستی بێلایەن وەربگرێت و لە کۆمەڵگەدا لەبەرابەر هزر و باوەڕ و تیۆرییە سیاسییەکاندا بێ لایەن بێت و یەکلاکردنەوەی ئەمە بۆ ڕای گشتی لە وڵاتدا و بۆ هەڵبژاردنی دیموکراسیی ئازاد و پێوەست بەدەستوور و یاسا و کارلێکی نێوان ڕای حزبەکان و سەرکردە و بزووتنەوە سیاسییەکان جێهێڵێت، کە لە کۆتاییدا لەناو پەرلەماندا یەکلا دەکرێتەوە، نەک لەناو بارەگەکانی سوپادا، بێ ئەوەی دەسەڵات خۆی تێهەڵقورتێنێت، یان ئامرازەکانی هێزی ماددیی دەوڵەت بەکار بهێنێت لە یەکلاکردنەوەی ئەم جۆرە ناکۆکییە سیاسی یاخۆ باوەڕمەندییانە لە وڵاتدا.

لە سایەی ڕیژیمی پاشایەتیی دەستووریدا دەبوو هەر ئەمە لە عێراقدا ڕووی بدایا، هاوشان لەگەڵ داوونەریت و تایبەتمەندییەکانی گشت ڕیژیمە پاشایەتییەکان لە دنیادا!

بەڵام لە سایەی ڕیژیمی پاشایەتی لە عێراقدا چی ڕوویدا و چی قەوما؟

ڕیژیمی پاشایەتیی دەستووری لە عێراقدا ڕۆڵە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، پابەندبوونە دەستووری، دەسەڵاتە یاسایی و بێ لایەنییە پێویست بووەکەی بیرچووەوە و بۆ دەسەڵاتێکی لایەنگر وەرچەرخا و بووە لایەنێکی بەجۆش بۆ سەپاندنی ڕای سیاسی و تاک باوەڕمەندی، ئەوکاتی دروشم و بەرنامەی تەناهی و سیاسیی خۆی ڕاگەیاند لە سەرکوتکردنی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان لە عێراقدا، هەروەها بەردەوام بوو لە جێبەجێ کردنی زنجیرەیەک کاری سەرکوتینی دڕندانە و گرتنی بەرفرەوان لە ڕیزەکانی شیوعی و نیشتمانپەروەرە بەرهەڵستکارەکان، هەروەها تۆمەتی دروستکراوی شیوعی بوون دژ بەهەزاران هاوولاتیی بێلایەنی ئەو نەوەیە ئاراستە کرد، هاوشان لەگەڵ گرتن و ڕاوەدوونانی پۆلیسی، کە بۆ ساڵانێکی زۆر بەرێگەی توند و دزێو لە ئەشکەنجە و پەنددادان لە دەزگەکانی ئاسایش دژ بەرۆشنبیرە سیاسییە دیموکراتیخوازەکان بەتاوانی ئینتیما

بۆ ئایدیۆلۆجیای "ڕووخێنەر" بەردەوامیی هەبوو، کە بەپێی فەرهەنگی دەسەڵات و زاراوەکە لەو کاتەدا شیوعی بوونی دەگەیاند، هەروەها لە سای سەری ڕێژیمی پاشایەتیدا ساڵی ١٩٤٩ بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر ژمارەیەک لە گەورە سەرکردەکانی حزبی شیوعیی عێراقدا درا، لەنێویاندا "فەهد"ی ئەمینداری گشتیی حزب و زەکی بەسیم و حوسێن ئەلشبیبی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەهۆی ئینتیما بوونی باوەڕمەندی و سیاسییانەوە بۆ حزبی شیوعی، نەک لەسۆنگەی کەتن، یا تاوانکردنەوە ئەو کەس و سەرکردانە ئەنجامیان دابێت.

بەم شێوەیە سێدارە لە گەڕەک و گۆڕەپانە جیاجیاکانی پایەتەختدا دامەزران و بۆ چەندان سەعات لاشەکان بەهەڵواسراوی بەشێوەی دەستئەنقەست و بەمەبەستەوە مانەوە، بۆ گەیاندنی پەیامی تۆقاندنی تەمێکاری بۆ سەرجەم گەلی عێراق و بەدیهێنانی بەهێزترین هێدمەی ترس لە ڕیزەکانی ئەو هاووڵاتییانەی باوەڕی کۆمۆنیزمیان هەڵگرتبوو، یا لە هزرەکانی نێزیک بووبوونەوە!!

بڕوامان هەرچییەک بێت سەبارەت بەباوەڕی کۆمۆنیزم، ئەوا ئەوەی ڕوویدا لەگەڵ سروشتی سیستمی پاشاییی دەستووریی پەرلەمانیی دیموکراسی و تایبەتمەندییە ناسراوەکانی لە هەر وڵاتێک لە وڵاتەکانی جیهاندا ناگونجێ و نایەتەوە.

لەداردانی سیاسەتوان و سەرکردەی حزبەکان لەسۆنگەی باوەڕ و لایەنگریی سیاسییانەوە لە سروشتی سیستمە پاشاییەکاندا نییە، بەڵکو لە هەموو حاڵەتەکاندا سروشتی ڕێژیمە دیکتاتۆرییە تۆتالیتارییە تاکباوەڕییەکانە.

بەم شێوەیە سیستمی پاشاییی دەستووری لە عێراقدا، کە خۆی لە تەخت و حکوومەتە عێراقییە دوابەدوای یەکەکاندا دەبینییەوە، دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی بەسەر گەلدا سەپاندووە، بەلایەنگیریی بەرچاوی دژ بەوانەی پشتگیریی ڕایەک یا باوەڕێک یان بیردۆزێکی سیاسی دەکەن، کە لەگەڵ پاشایەتیدا نایەتەوە.

هەروەها سیستمی پاشاییی دەستووریی پەرلەمانی (وەکو ناویان لێنابوو)، لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا هەزاران کوردیان بەخاوخێزانەوە لە کوردستانی عێراقەوە بۆ پارێزگەکانی خواروو ڕاپێچ کرد، ئەمەش دوای شکستی یەکەمین شۆڕشی مەلا مستەفای بارزان و ڕۆیشتنی بۆ یەکەتیی سۆڤێت، ئەوەبوو بەزۆرەملێ لە گوندەکانی هەندێک پارێزگەدا نیشتەجێیان کردن و ژیانێکیان بەسەردا سەپاندن دوور لە کۆمەڵگەکەی خۆیان، زمانیش زمانی خۆیان نەبوو، هەروەها نەتەوە و ژینگەشیان هی خۆیان نەبوون. ڕەنگە ئامانجی ڕانەگەیەنراو کە ڕێژیمی پاشاییی ئەودەم بیری لێ دەکردەوە، یا تواندنەوەیان بێت لە کۆمەڵگەیەکی نوێدا، کە خرانە ناویەوە، یانیش لەناودان و قەڵاچۆکردنیان بەمەرگی لەسەرخۆ، بەهۆی دۆخی کەشوهەوای سەخت و گەرمای زۆر، کە لە کوردستاندا پێی ڕانەهاتبوون، سەرەڕای ڕەوشی قورسی گووزەرانیان لە گوندە دوورەدەست و نەدار و چەپەکەکانی باشوور.

ئەم کـارەی ڕیژیمی پاشـایی (کـە بەدەسـتـووریی دیموکـراسـیی پەرلـەمـانی وەسف دەکـرێت) ئەنجـامی دا، هیـچ جـیـاوازییـەکی نەبوو لەگـەڵ ئەوەی ڕیژیمی دیکتـاتۆریی ملهـوڕی بەرزخـوازی سـەرکوتکەر پێی هەسـتا، هەروەهـا جیـاواز نـەبوو لەگەڵ ئەوەی دەسـەڵاتدارە سـەرکوتکەرەکان لە چاخە کۆنەکانی مێژوودا جێبەجێیان کرد، ئەوانەی کۆچیان بەدانیشتـووانی ئەو شار و ویلایەتانە دەکرد، کە لە سەدەکانی بەر لە مێژوو دەستیان بەسەردا گرتبوو. هەروەها ئەو کارە خوێناوییانەی ڕیژیمی پاشایی ساڵی ١٩٣٣ دژ بەئاشوورییەکان ئەنجامی دان.

ئەم هەڵسـوکـەوتانەی ڕیژیمی پاشـایی لە سییـەکان و چلەکان و پەنجـاکانی سـەدەی بیـسـتدا ئەنجامی دان، وێڕای هۆیەکەی پێشوو، کە باسـمان کرد لە دژوەستـانەوەی باوەڕە سیاسییەکاندا، وەکو باوەڕی کۆمـۆنیسـتی، کە ڕیژیمی پاشـاییی (بەپێی بۆچوونی ئێمـە) خسـتبـووە ڕیزی ڕیژیمە دیکتـاتۆرییـە سـەرکوتکارەکان لـەگەڵ ڕیژیمە بـاوەڕخـوازییـە دەسـەڵاتخـوازەکـاندا پۆلێنی کـردبـوو و سیفەتی دیموکراسی و دەستووریی پەرلەمانیی لێ دوور خستەوە.

کەسـێتیی تاکی عێراقی، کـە بەحەزی دەسـەڵاتخـوازی و هـەژموونگـەرایی دەناسـرێتەوە، بەردەوام لایەنگری سـەپاندنی تاکـڕایی و یـەک هـەڵوێسـتی و زێدەڕۆییـیـە لـە پراکـتـیـزەکـردنـی پرانسـیـپی دەسـەڵاتخوازیی تاکەکەسی و چەوساندنەوەی باوەڕمەندی، ئەمانە بوون ئاماژەیان بەڕیژیمی پاشایی و دارودەستەکەی دەدا پێوەند بن بەم سیاسەتە دیکتاتۆرییە هـەڵەیەوە و وای لێ بکەن دەرچێت لە بنەمـاکـانی دیموکـراسی و پەرلـەمـانی و ئازادییـە گـشـتـیـیـەکـان، کـە لە بناخـە و پێـویسـتـی و تایبەتمەندییەکانی ڕیژیمی پاشاییی دەستووریی پەرلەمانیی فرەییە لە دنیادا.

لەوەدەمی ڕیژیمی پاشاییی دەستووریی پەرلەمانی لە عێراقدا ڕاوەدووی کۆمۆنیستەکانی دەنا و ئەشکەنجەی گرتووەکانیانی دەدا و سەرکردەکانی لەدار دەدان و بەقەنارەوە هەڵیدەواسین و ڕێگەی چالاکـیی سـیـاسـی یا ڕۆژنامـە، یان بەیان دەرکـردنی نەدەدان، ڕیژیمی پاشـاییی دەسـتـووریی پەرلەمانی لە بریتانیادا مۆڵەتی بەچالاکیی حزبی کۆمۆنیستی بریتانیا دابوو، کە لە ساڵی ١٩٢٠ز دا دامـەزرا و ڕێگەی دا ڕۆژنامـەیەک دەربکات، ناوی دەیلی وۆرکـەر بوو، لە سـاڵی ١٩٣٠دا دەردەچوو، پاشان بووە ڕۆژنامەی مۆرنینگ ستار (ئەستێرەی بەیان)، کە ڕۆژنامەی فەرمیی حزبی کۆمۆنیستە لە بریتانیا، هەڵبەت کۆمۆنیستەکانی بریتانیا بەهۆی کۆمۆنیستبوونیانەوە تووشی گـرتن، یاخـۆ ڕاوەدوونان نەهاتن، هەروەها سـەرکـردەکـانیـان لەسـێدارە نەدران و کـەسـیش لە گەڕەکەکانی لەندەن هەڵی نەواسین، وەک چۆن بەسەر کۆمۆنیستەکانی عێراقدا هات.

بەچ ماف و بەچ یاسایەک ڕیژیمی پاشایەتی لە عێراقدا سکرتێری حزبی شیوعیی عێراق، فەهد و هاوڕێکانی (زەکی بەسیم و حوسێن ئەلشبیبی) ئەندامانی نووسینگەی سیاسیی لەسێدارە داوە، ئەوانەی فڕێدرابوونە گرتیگەی کووتەوە و ئەو تاوانەشی لەسەری لەدار دران، سەرکردایەتیکردنی حزبی شیوعی بوو لەناو گرتیگەدا، بێ ئەوەی دەسەڵات پێی بزانێت نامەیان ئاراستەی لقەکانی حزب دەکرد...!! بۆیە هیچ تاوانێکیان نەکردبوو شایانی سزای لەسێدارەدان بن.

پێویست بوو سەرکردە سیاسییە عێراقییەکانی ڕێژیمی پاشایی لە عێراقدا لەم ڕاستییە، یاخۆ پارادۆکسە بگەیشتنایا و زۆریان بیر لێ بکردایەتەوە و لە بەدواداچوونی ئەم جەنگە خوێناوییەدا دژ بەحزبی شیوعیی عێراق و حزبەکانی تر و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە شۆڕشگێڕەکان بوەستنایا. دوور نییە ئەگەر ڕێژیمی پاشایی لە عێراقدا ڕێگەی بەحزبی شیوعیی عێراق و حزبە قەدەخەکانی تر بدایا کاری بەئاشکرا بکەن و لێبگەڕایا ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیان دەربکردایا و بەپێی دەقەکانی دەستوور و یاسا مۆڵەتی ئەنجامدانی چالاکیی مەدەنیی ئاشتیخوازانەی بدانایا، کە لەو کاتەدا لە وڵاتدا باو بوو. ئەوا ئەو بارگرژییە سیاسی و میللییە ترسناکە ڕووی نەدەدا، کە کەشەکەی خۆش کرد بۆ بەرپابوونی شۆڕشێکی خوێناویی سەربازی لە ساڵی ١٩٥٨دا، ئەوەبوو ڕێژیمی پاشایەتیی سەرلەبەر خست و ژیانی مەدەنی و دەستووریی لە وڵاتدا کۆتایی پێ هێنا و دەرگەی بۆ زنجیرەیەک کوودەتای خوێناویی سەربازی و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی، یا تاکباوەڕمەندیی خستە سەر پشت، یاخۆ بەمانایەکی تر پاشان دەرکەوتنی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی.

ئەمڕۆ هیچ شتێکمان لەبەرەستدا نییە تا ئەوە بسەلمێنێت، کە ڕێژیمی پاشایی لە عێراقدا لەسەری بوو، یا لە لایەن وڵاتە بیانییەکانەوە ناچار کرابێت ئەم ڕێبازە بگرێتە بەر و ئەم دروشمە دیکتاتۆرییە بەرز بکاتەوە (دروشمی لەناوبردنی کۆمۆنیزم، یان هەر باوەڕێکی تر) و بەردەوامی بەسیاسەتی گرتن و ئەشکەنجە و لەداردان بدات، ئەو سیاسەتەی خراپیی زۆر بوو بۆ ڕێژیمی پاشاییی دەستووری و لە تایبەتمەندییە ڕۆتینییە جیهانییەکەی دەرهێنا، وەک ڕێژیمێکی دیموکراسیی پەرلەمانیی ئازاد و بووە هۆی دابڕانی لە لایەنی ناوەخۆ و ڕووخانە تۆقێنەرەکەی لە دواییدا.

تەنانەت ئەگەر گریمانەی بوونی ئەم جۆرە فشارانە، یا فەرمانە دەرەکییانە بکەین (کە بەپێوەری ئەوکات ڕوودانی دوور نەبوو) ئەوا لە توانی ڕێژیمی پاشاییدا بوو زۆر بەگوڕ نەبووایا لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە دیکتاتۆرییە خوێناوییەدا، ئەگەر توانی وەستانی نەبێت لەگەڵ بزاڤی نیشتمانی و میللی لە وڵاتدا. بەتایبەت کە ڕێژیمە پاشاییە پەرلەمانییەکانی ئەورووپا بەبریتانیاشەوە خۆیان نەگلاندە ئەم جۆرە سیاسەتە خوێناوییە پاکتاوییەوە دژ بەکۆمۆنیستەکانی ناو وڵاتەکەی خۆیان، سەرەڕای ئەوەش سیاسەتی سەپاندنی تاکڕاییی بنیاتنراو لەسەر متمانەی تەواو بەڕێژیمی پاشایی و پاڵپشتی و پشتگیری کردنی لە لایەن دەسەڵاتەوە، بێگومان خۆی لە خۆیدا دامەزراندنی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی دەگەیەنێت لە وڵاتدا، بەتایبەت ئەگەر لە بەرابەر ئەمەدا سیاسەتێک هەبێت بنیات نرابێت لەسەر تەنگەتاوکردنی ڕای ئەوی تر بەشێوازەیلی ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و لەداردان.

بەم شێوەیە بۆ بەختەڕەشی دەبینین، دەکرێت هەلی مێژوویی بەئاسانی لە دەست عێراقییەکان دەربچێت، تاکو لە وڵاتەکەشیاندا ڕێژیمی پاشاییی دیموکراسیی دەستووریی پەرلەمانیی ئازاد

دامەزرێت، لەبری سوود وەرگرتن لەو دەرفەتە بۆ چەسپاندنی سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی ئابووری و بیناسازیی ژیاری و توندوتۆڵکردنی پێوەندییەکانی ئارامی و برایەتی لەنێوان تاک و کۆمەڵەکاندا، دەبینین ڕێژیمی پاشایی دەستووریی دیموکراسی خۆیشی بووەتە دیلی ڕەوشتی تاکی عێراقی و حەزی بەرەو دەسەڵاتخوازی و سەپاندنی دیکتاتۆریی تاکڕایی، بۆیە زیندانەکان پڕ بوون لە سیاسییەکان و تەقە لە خۆپیشاندانە مەدەنییە ئاشتیخوازەکان کرا، کە بانگەشەی دروشمێلی پڕ لە داخوازییان دەکرد، ئەوەبوو کوژراوی لێ بووەوە و خوێن ڕژا و سێدارە ئامادە کرا و گەندەڵی تەشەنەی کرد و دیموکراسی نەیتوانی ئازادییەکان بپارێزێت، یا ئەو نیشتمانپەروەرانە بپارێزێت، کە داوای چاکسازییان دەکرد و ئارەزووی وەستانی ئەو وێرانکارییە بوون.

ڕەنگە ڕەوتی ڕووداوەکان و بەرەوپێشچوونی کارەکان بەئاراستەیەکی هەڵە پێچەوانەی لۆجیکی ئاوەز و مێژوو لەو ماوەیەدا، کە دەکرا خاڵی بێت لە خوێن و ئازار و ماڵوێرانی و ڕق و تێکچوون، کە ئەمڕۆ وامان لێ دەکەن ئەو سیاسەتە نالۆجیکی و ناماقووڵەی ڕێژیمی پاشایی گرتیە بەر لە چوارچێوەی حەزی سەرکوتکردن و گرتنەخۆیەی کەسێتیی عێراقی سەپاندی بۆ جێبەجێ کردنی سروشتە دەسەڵاتخوازییەکەی لە بەکارهێنانی شێوازەکانی تاکڕەوی و جەور و ستەم بۆ مل پێ کەچکردنی ئەوانی تر لەژێر زەبری هێز و بەدیهێنانی زۆربە بەسەریاندا، ئەو ڕێبازەی پێشتر بینیمان بۆ پێنج هەزار ساڵ لەسەر خاکی عێراقدا بەشێوەی بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. ئەوی ئەم شیکردنەوە و ڕایە دەچەسپێنێت، بەردەوامیی هەژێنەر و ناڕوونیی ئەم ڕێبازە دەسەڵاتخوازە دیکتاتۆرییەیە لەگەڵ ئەوی ڕووداوەکانی دواتر پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی ساڵی ١٩٥٨ پێشانی دان و درکاندنی، هەروەها دەرکەوتنی ئەوی دواتر ناویان نا تەشەنەکردنی کۆمۆنیزم، ئەوەبوو دیکتاتۆریی تاکڕایی و تاک باوەڕی لەسەر خاکی عێراقدا ئارامی لەبەر برا، بەشێوەیەک ترس و لەرزی خستە دڵەوە و هێندەی نەبرد تێکۆشەرە شیوعییە گیراوەکان، ئەوانی خودان ڕا و بیروباوەڕ بوون، بوونە زیندانەوان و ستەملێکراو بووە ستەمکاری دڵڕەق، خەڵکیان ڕاوەدوو دەنا و دەیانگرتن و دەیانتۆقاندن، هەروەها هەر کەس لە بیروباوەڕ، ڕا، قەناعەت، یا هەڵوێستی سیاسیدا جیاواز بوایا لەگەڵیاندا.

مادامەکی قسە لە قۆناخی ڕێژیمی پاشایەتی دەکەین، جێی خۆیەتی بڵێین ئەو سیاسەتە نەفامانەیە لە ڕاوەدوونان و گرتنی بەرفرەوان و ئەشکەنجە و لەداردان و ستەمکاری لە ڕەوشی هەژاری و دواکەوتوویی، کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبوو، یارمەتیی حزبی شیوعیی دا فرەوان و بەخێراییەکی گەورە لە نێوەندەکان و گەڕەکە میللی و هەژارنشینەکاندا بڵاوببێتەوە، هەروەها بەشداری کرد لە تەریکخستنی پلە بەپلەی ڕێژیمەکە و تەشەنەکردنی گلەیی و گازاندە و ناڕەزایی لەناو گەلدا، تەواو پێچەوانەی ئەوەی پێشبینیی بۆ دەکرا.

داخۆ ئەمە لە بەدبەختیی عێراق نییە، یان سەیروسەمەرە لە دیاردەکانی دەسەڵاتداریی سیفەتی

دەسەڵاتخوازییە لە کەسێتیی تاکی عێراقیدا، تەنانەت ڕیژیمی پاشاییی دەستووریی دیموکراسیی پەرلەمانیی پاڵپشت بەبریتانیای پاشایی دیموکراسی بگۆڕێت بۆ ڕیژیمی دیکتاتۆریی کەڵبەدار و چڕنووک بەخوێن؟ تاکو دوای ئەوە دیکتاتۆریی خوێنڕێژیی سەربازیی زۆردار دابمەزرێنێت، کە لە قۆناخی دواییدا دروست بوو بۆ وێرانکردنی سەرجەم سیماکانی ژیانی مەدەنی لە وڵاتدا؟

هەرچی ئەو ئامرازانەن، کە ڕیژیمی پاشایی لە زەبروزەنگ و ڕاوەدووناندا دژ بەبزووتنەوەی کۆمۆنیست لە عێراقدا و دژ بەسەرجەم بزووتنەوە نیشتمانییەکان لە عێراقدا بەکاری دەهێنان، ئەوا بەپلەی سەرەکی دەزگەی تەناهی و تۆڕی هەواڵدزە ناوەخۆکان، کە بەسەرتاپای عێراق و شار و یەکە کارگێڕییەکانیدا بڵاوبووبوونەوە، نوێنەرایەتییان دەکرد. هەروەها پشتبەستن بەگوتە و هەواڵدانی سەرکردە شیوعییەکان، ئەوانەی لەژێر ئەشکەنجەدا چۆکیان دادا و بەگەرمییەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا هاوکار بوون بۆ وێرانکردنی خانە و ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی، کە ئەندام بوون تێیدا، جگە لە دەزگەی پۆلیسی مەدەنی، هەروەها پشتیوانییەکی تەواو لەوەی لەو سەردەمەدا پێیان دەگوت "هێزی گەڕۆک" دەکرا، یەکەیەکی تایبەت بوو لە پۆلیسی چەکدار و باش تەیار کراو، کە ڕیژیم دروستی کردن تاکو توانی زوو پێڕاگەیشتنیان هەبێت بۆ سەرکوتینی یاخیبوونەکان، یاخۆ پشێوییەکان، یان مانگرتنی مەدەنی، کە دەکرا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەو ڕۆژانەدا بەڕێوەیان ببردایا.

لۆجیک نەبوو عێراقی لاواز و دواکەوتوو و وێران لە لایەنی ژیاری، ڕۆشنبیری، ئابووری، سەربازی، تەندروستی، بیناسازی و، تازە دەرچوو لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دژ بەباوەڕی کۆمۆنیزمی جیهانی بوەستێتەوە و پابەند بێت بەدژوەستانەوەی یەکەتیی سۆڤێت، ئەو دەوڵەتە ئەتۆمییە مەزنەی لە لایەنی سەربازی و ئابووری و باوەڕمەندییەوە لەو کات و ڕەوشەدا لە هەڵکشاندا بوو.

ئەم کارەی ڕیژیمی پاشاییی لە عێراقدا ناچار کرد بۆ ڕەزامەندیی بریتانیا و ڕۆژئاوا خۆی پابەندی جێبەجێ کردنی بکات، ئەرکێکی پێویست یا بەپەلە نەبوو، هەروەها زۆر لە سەرووی توان و وزەی عێراقەوە بوو بۆ ئەنجامدانی، باشتر بوو بۆ عێراق و ڕیژیمی پاشاییی تازە پێگەیشتوو لەو سەردەمەدا لەو ململانێ ناودەوڵەتییەدا پابەندی بێلایەنی بێت، لەگەڵ توانی پاراستنی دۆستایەتیی بریتانیا و بەرەی ڕۆژئاوا ئەگەر پێویست بوایا، بۆ ئەوەی بەرەو بنیاتنانی بناخەکانی سەرخستنی فێرکردن، تەندروستی، ئابووری، بنیاتنان و ڕۆشنبیری هەنگاو بنێت و کارەساتەکانی نەخۆشی و لافاو، کە دووبارە دەبنەوە بوەستێنێ و ئەگەر بەشێوەیەکی تەواویش نەبێت نەخوێندەواری، کە لەو ڕۆژانەدا لە ڕیزەکانی گەلدا بڵاو بوو نەیهێڵێت، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا کارێلێکی پێویست و ئەوپەڕی بەپەلە و هەنووکەیی بوون.

ڕێژیمی پاشاییی لە لایەنی دەرەوە خۆی هەڵقورتاندە ئاسیاوی ململانێی باوەڕمەندیی

جیهانییەوە، کە لە نێوان تەوەرەکانی وڵاتانی مەزنی خودان توانی سەربازی، ئابووری، پیشەسازی، چەکداری و مرۆیی گەورەدا هەڵگیرسابوو، ئەم کارەش وای لە ڕژیمەکە کرد (لە لایەنی دەرەوەدا) بەهەموو مەترسییەکانەوە بۆ سەر وڵات، پابەند بێت بەسیاسەتی هاوپەیمانییە سیاسییەکانەوە.

هەرچی ناوەخۆیە، ئەوا بەهۆی لایەنگرییەوە بۆ پاڵ وڵاتە ڕۆئاواییەکان لە شەڕکردن دژ بەکۆمۆنیزم، لەسەر ڕژیمەکە بوو بچێتە جەنگێکی درێژخایەنی واوە پابەند بێت بەڕیشەکێشکردن و سەرکوت و پاکتاوی سیاسی، کە دژ بەکۆمۆنیستەکانی ناوەوە و ڕێکخستنە نهێنییەکانیان و دژ بەڕێکخراوە بەرچاو و پیشەییەکانی سەر بەوان کۆتایی نایە، وێڕای شەڕکردن دژی ژمارەیەکی دیارنەکراو لە نیشتمانپەروەر و دیموکراسیخوازە عێراقییەکان، کە جەنگێکی ناپێویستە و ناچاریش نییە، ڕژیمی پاشایی گەلێک زیانی کرد و خراپیی بۆ ئابڕوو و میللی بوونەکەی هەبوو و چوارچێوەی ناڕەزاییی میللیی فرەوان کردەوە، کە لە بناخەدا لە سۆنگەی هەژاری، برسییەتی، نەزانی، دواکەوتوویی و زۆرداریی‌یەوە لە ڕادە دەرچوو.

لە بەختی ڕەشی عێراق و گەلەکەیدا فەرمانڕەوا و بەرپرس و سەرکردە سیاسییەکانی، بەردەوام و بگرە لە زۆرترین قۆناخە مەترسیدارەکانی مێژوودا بەگوڕ بوون بۆ هەڵەکردنی گەورەی چارەنووسساز، کە ڕووداو و پێشهاتەکانیان بەرەو ئاقارێکی خوێناویتر و پڕ لە کارەساتتر دەبرد.

کەچی لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە بتوانین بڵێین، تەکانی ژمارەیەک بەرپرسی سیاسیی عێراقی لەو سەردەمەدا بەپاڵپشتی کردنی سیاسەتی چەوت، کە ڕژیمی پاشایی لە متمانەکردنی بەڕۆئاوا و سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکاندا پابەندی بوو، لەوەیە هۆیەکەشی لە لایەنێک لە لایەنەکانەوە بگەڕێتەوە بۆ بوونی حەزی باڵادەستیی ناسراو لە ئاکاری تاکی عێراقدا، مەبەستیشمان لێی زێدەڕۆییە لە متمانە و زێدەڕۆیی لە دوژمنکاری لە میانەی هەڵسوکەوتە ڕۆژانەییەکانەوە لە بەرابەر کێشەکاندا، دەبینین تەنانەت سیاسییە عێراقییەکانیش، ئەوانەی لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا نەبوون، کە ڕژیمی پاشایی لەو ماوەیەدا گرتیە بەر و هەڵوێستی دژ بەبریتانیا و وڵاتە ڕۆئاواییەکانیان گرتەبەر، بەهەمان شێوە بەشێوەیەک زێدەڕۆییی تێدا بێت هەڵسوکەوتیان کرد و دەچوون پشتگیریی هیتلەر و مۆسۆلینی و وڵاتانی هاوپەیمانیان دەکرد و دەهاتنە پاڵیان، ئەمەش لە لایەنی نیشتمانی و بابەتییەوە هەڵوێستێکی ناواقعی و ناماقووڵ و قبووڵکراو نییە، هەروەها لە گشت حاڵەتەکاندا خزمەتی بەرژەوەندیی عێراق ناکات، یاخۆ بەلای کەمەوە لە بەرژەوەندیی نیشتمانییەوە نەهاتووە، هێندەی زێدەڕۆییە لە کاردانەوەدا لە دژوەستانەوە لەسەر هەڵوێستەکانی ڕژیمی پشتبەستوو بەڕۆئاوا و سیاسەتی کۆڵۆنیالی، وێڕای ئەوەی گەلی عێراق پشتگیریی ئەم سەرکردانەی کرد، ئەوانەی ڕووبەڕووی سیاسەتی بریتانیا و خۆرئاوا وەستانەوە و شانازیی پێوە کردن و سەرسام بوو بەهەڵوێستەکانیان و بەخەباتگێڕ و نیشتمانپەروەری دانان.

بۆ بەڵگەهێنانەوەش لەسەر ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە زێدەڕۆیی لە متمانە و پێ درێژکردن لە دوژمنداری، دەتوانین بۆ نموونە هەندێک هەڵوێستی نهێنی و شاراوە بهێنینەوە، کە شا غازیی یەکەم ئەنجامی داون.

ئەو زانیارییانەی سوپاسالاری خانەنشینکراو فوئاد عارف، یاوەری شا غازی، دوای نێزیکەی پەنجا ساڵ باسی کردوون، کە شا غازی دوو نامەی نهێنیی ناردوون، یەکیان بۆ هیتلەر و دووەمیش بۆ مۆسۆلینی، هەردوو نامەکەی داونەتە بەکر سدقی، شەوی پێش سەفەرەکەی بەکر سدقی بۆ مووسڵ و لەوێوە بۆ تورکیا، ئەو وڵاتەی ئەندام بوو لە وڵاتانی تەوەر (محور) بەسەرکردایەتیی ئەڵمانیای نازی، کاتێک بەکر سدقی لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووەم لە مووسڵدا کوژرا، نامەکانی شا غازی لەو جانتایەدا بوون، کە بەدەستییەوە بوو، شا غازی زراوی چوو و شپرزە بوو، هەوڵی دا بەهەر شێوەیەک بێت جانتاکە بگەڕێنرێتەوە، بۆیە داوای لە فەرماندەی مووسڵ کرد جانتاکە بپارێزێت و نەیکاتەوە، یەکسەر بۆی بنێرێتەوە، لەترسی ئەوەی نەکو بکەوێتە دەست ئینگلیزەکان و نامەکان ببینن، لێ کتوپڕییەکە وەک بروسک وابوو، هەینێ لە سەعات سێی بەیانی ئەفسەرێک لە هەواڵگریی سەربازییەوە خۆی بەکۆشکی پاشاییدا کرد، تا بەپاشا ڕابگەیەنێت کە مستەر تۆمسن لە هەواڵگریی بریتانییەوە لە مووسڵەوە بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ، جانتای داواکراوی پێیە و بۆت دەهێنێتەوە!!

دەبێ خوێنەر لێمان ببوورێت بۆ ئەم لێ وەرگرتنە درێژەی لێرەدا دەیخەینە بەرچاو، لەو دیمانەیەی دکتۆر محەمەد حوسێن زوبەیدیی دانەری کتێبی (الملك غازي ومرافقوه – شا غازی و یاوەرەکانی) لە مێژووی ٨ی شوباتی ١٩٨٤دا لەگەڵ سوپاسالار فوئاد عارفی یاوەری شا غازی لەوکاتەدا ئەنجامی داوە، کە تێیدا هاتووە "ئەوی لەم بارەیەوە لەبیرم مابێت ئەوەیە، بەکر سدقی و محەمەد عەلی جەواد دەمەو ئێوارێ، ڕۆژێک بەر لە سەفەرەکەی بەکر سدقی بۆ تورکیا بۆ بەڕێکردنی شا لە کۆشکی زهور ئامادە بوون. هەینێ بەکر سدقی و محەمەد عەلی جەواد دوای ڕۆژێک لە سەردانەکەیان بۆ لای شا غازی لە کۆشکی زهور، لە مووسڵ تیرۆر کران، شا زۆر شپرزە بوو و ئەو ڕۆژە ناردی بەدوومدا، چووم بۆ کۆشکی زهور بینیم پاشا بەجلی تەواوییەوە وەستاوە و عالیەی شاژنیش لە دواوەیەتی. هەر کە چاوی پێم کەوت پێی گوتم:

– بەکر سدقی تیرۆر کراوە.

بەرسڤم دایەوە: خوا بەزەیی پێیدا بێتەوە.

عالیەی شاژن خۆی تێ هەڵقورتاند و گوتی:

– فوئاد... ئاگات لە گەورەمان بێت.

وەڵامم داوە: لە هیچ مەترسێ خانمەکەم، لەوێ پاسەوان و لەوێش سوپا هەیە.

من ئێستا دەتوانم بڵێم پاشا تۆقی بوو. فەرمانی پێ دام پێوەندی بەئەمین عومەریی فەرماندەی سەربازگەی مووسڵەوە بکەم. کاتێک پێوەندییەکەم لە نێوان شا و فەرماندەی ناوبراو ڕێکخست، پێم گوت، گەورەمان قسەت لەگەڵدا دەکات.

پاشا بیستەکی تەلەفۆنەکەی لێم ستاند و بەفەرماندەی گوت:

ئەمین بەگ... دەمەوێت ئەو جانتایە بپارێزیت، کە بەدەستی بەکر سدقییەوە بوو لەکاتی تیرۆر کردنیدا... دەبێت بەدەستی بهێنیت و لای خۆتی دانێیت، نەیکەیتەوە یەکسەر بۆمانی بنێرە.

بیرمە پاشا پێنج جار بەدوای یەکدا داخوازییەکەی چەند پات کردەوە، ڕاستییەکەی پاشا خەریک بوو بتۆقێت، لەترسی ئەوەی نەکو جانتاکە بکەوێتە بەردەستی یەکێک.

لەو شەوەدا تاکو بەیانی نەنووستین، لە سەعات سێی بەرەبەیاندا ئەفسەرێکی هەواڵگریی سەربازی هات و پێی ڕاگەیاندین مستەر تۆمسن لە هەواڵگریی بریتانیا ڕووباری گوێری نێوان مووسڵ و هەولێری بڕیوە و جانتای خوازراوی پێیە.

پاشا ئەو هەواڵەی بیست، کە نەیدەویست لە ئەفسەرەکەوە بیبیسێت، ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان نیگای کردم و پێی گوتم: فوئاد من ڕۆیشتم... دەکوژرێم، چونکە بەکر سدقی دوو نامەی منی پێ بوو، یەکیان بۆ مۆسۆلینی و ئەوی تریشیان بۆ هیتلەر، لەگەڵ لیستێک بەپێویستییەکانی سوپا لە چەک. ئەم کارەش پێوەندیی بەڕقی غازییەوە هەبوو بۆ ئینگلیز، نەک لەبەر شتێکی تر، ئەو هزری نازیزمی نەدەخوێندەوە".[٨]

ڕەنگە ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی پتر لە حەفتا ساڵ بتوانین بڵێین، ئەم ڕووداوە مەترسیدارە دوور نییە بەڵگەیەکی تری خستبێتە سەر ڕاستیی ئەو باوەڕەی بەشێوەیەکی بەرفرەوان لە عێراقدا باو بوو، کە کوشتنی شا غازی لەسۆنگەی پیلانێکەوە بوو ئینگلیز، یاخۆ یەکێک لە دارودەستەکانیان لە عێراقییەکان تێیدا بەشدار بووە، نەک بەهۆی قەزاوقەدەرەوە، وێڕای ئەوەی ئێمە وای دادەنێین، ئەو ڕووداوەی شا غازیی تێدا کوژرا، بەڕاستی ئەنجامی قەزاوقەدەر بوو، بەهۆی ئاکاری هەڵچوون و پەلەپەلکردن و حەزی سەرکێشی، کە شای پێ دەناسرایەوە.

پەندێکی ئینگلیزی هەیە دەڵێت، ماناکەی وایە، کە ئەوی مکوڕە سواری پشتی مەترسییەکان ببێت و گوێ لە ئاگەداری و ئامۆژگاری ناگرێت، نابێت لە داری بدەیت، بەڵکو پەتەکەی بدەرە دەست، ئەوا خۆی خۆی دەخنکێنێت. هەرچی نموونەی دووەمە، کە دەتوانین بەبەڵگە بیهێنینەوە لەسەر زێدەڕۆیی لە کاردانەوەی پێچەوانە، کە سیاسییە عێراقییەکان لە سەردەمی پاشایی پابەندی بوون، ئەو ئاکارەی ڕێزدار ڕەشید عالی گەیلانیی سەرۆک وەزیرانی عێراق ساڵی ١٩٤١ پابەندی بوو، ئەو کاتێک بێ ئومێد بوو لە پاڵپشتی و پشتگیریی بریتانییەکان دوای ئەوەی گەلێک سەری بۆ دانەواندن و ملکەچیان بوو، لە هەڵوێستە سیاسییەکاندا و کارکردن لە دژیان، ڕووی لە قێزکردنەوە لە بریتانییەکان و وەڕسکردنیان کرد:

"ویستی مێژوو لە عێراقدا دووبارە بکاتەوە و بۆ دەرکردنی ئینگلیز لە عێراق پشت بەوڵاتانی تەوەر ببەستێت، هەروەها ئەم عوسمانییانەشی دەرکرد، بۆیە ئەوانی لایەنگری بوون لە دەوری خۆ کۆکردەوە و بڕیاریان دا ڕێکەوتننامەی دۆستایەتی و هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی میحوەردا ببەستن، ئەوەبوو هەڵیانبژارد بۆ ئەوەی دانووستان لەگەڵ ئەڵمانیادا بکات سەبارەت بەبەستنی ڕێکەوتننامەکە".[٩]

ڕەنگە بتوانین ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان، ئەگەر ڕێکەوتننامەیەکی وەک ئەو پەیماننامە گریمانکراوەی ڕەشید عالی گەیلانی بیری لێ دەکردەوە لەگەڵ ئەڵمانیای نازی و وڵاتانی تەوەردا بیبەستایا کارەکان لە عێراقدا بەکوێ دەگەیشتن؟ عێراق بەڕێکەوتننامە بەئەڵمانیای نازی دەبەسترایەوە، لەبری ئەو ڕێکەوتننامەی لایەنگرانی نوری سەعید لەگەڵ بریتانیا و وڵاتانی هاوپەیماندا مۆریان کرد، چون چارەنووسی عێراق پێوەست بێت بەڕێکەوتننامە و هاوپەیمانییەکانەوە لەگەڵ ئەم میحوەرە، یاخۆ ئەویتر و ناتوانێت خۆی لە سیاسەتی ناودەوڵەتیدا سەربەخۆ بکات.

لێرەدا دەتوانین ئەو پەندە عێراقییەی بەسەر زاری خەڵکییەوە بوو بیر خۆمان بهێنینەوە، دەڵێ: "ئەگەر ڕۆهەڵاتی بێت، یا ڕۆئاوایی، خۆجە عەلی مەلا عەلییە"، واتە چی بقەومایا، یاخۆ چ پێشکەوتنێک ڕوویدات ئێمە هەر لە یەک بازنە و لە هەمان ڕەوشدا دەمێنینەوە. هەروەها دەتوانین ئەو گەرموگوڕییە بەبەڵگە بهێنینەوە، کە (یونس بەحری)ی ڕاگەیاندکاری عێراقی نیشانی دا، هەینێ لە بەشی عەرەبیی ئیستگەی بەرلینی نازی لە سەردەمی هیتلەردا بووە بێژەرێکی ناوداری ناودەوڵەتی.

بەهەر حاڵ ئەگەر بمانەوێت بیرۆکەی زێدەڕۆیی لە متمانە و زێدەڕۆیی لە دوژمنکاری لە ئاکاری تاکی عێراقیدا تێپەڕێنین، ئەوا دەتوانین بڵێین، لە عێراقدا سیاسەتوان و سەرکردەی عێراقیمان بینی لە پشتگیری کردنی بریتانیا و وڵاتانی خۆرئاوادا بەگوڕ بوون، هەروەها سیاسەتوان و سەرکردەی عێراقیشمان بینی لە پشتگیری کردنی ئەڵمانیای نازی و وڵاتانی میحوەردا شێلگیر بوون، وەلێ سیاسەتوانی عێراقیمان نەبینی بەزۆری بارستەیەکی گەورە دروست بکەن و بەخەمەوە بووبن لە پشتگیری کردنی شتێک ناوی عێراق بێت، یاخۆ بەلای کەمەوە داوایان کردبێت لە ململانێی ناودەوڵەتیی ئەوکاتدا بۆ خزمەتکردنی نیشتمانەکەیان بەبێ لایەنی بمێننەوە. پێ دەچێت ئەوی لە سەردەمی پاشایەتیدا لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ڕوویدابێت، ئەوەی ئێستا لەم دۆخەدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و یەک لە عێراقدا ڕوودەدات، لەگەڵ گۆڕینی ناو و زاراوەکان، ئەوەی ئاکاری زۆربەی سەرکردە سیاسییە عێراقییەکانی پێ دەناسرێتەوە، چونکە بەشێوەیەکی بەرچاو سەرقاڵی ڕێکخستن و توندوتۆڵکردن و جێگیرکردنی پێوەندی و متمانەکانیان دەبن بەلایەنە بیانی و هەرێمی و ناودەوڵەتییەکان بەپلەی یەکەم، بێ ئەوەی خەریکی، یاخۆ ڕوو لە دڵسۆزی بۆ عێراق بن، ئەمەش هۆیەکانی بەردەوامی و بێ وەستانیی ناکۆکییە گرگرتووەکانمان لە

نێوان خۆیاندا بۆ دەردەخات، هەروەها نشوستیی بەردەوامی سەرجەم کۆششەکانی ئاشتەواییی ڕاستەقینەی نیشتمانیمان لە عێراقدا بۆ لێکدەداتەوە.

ئێستاش هەرچۆنێک بێت، ئەگەر دیکتاتۆریی تاک باوەڕی، یاخۆ ئەوی پێی دەڵێن دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی، ئەو ئاگرە بێت بەردەوام پێویستی بەدار و سووتەمەنی هەیە، تاکو کڵپە بستێنێ و بسووتێنێ و وێران بکات و گشت وزەی نیشتمانی بکاتە خۆڵەمێش و کەلاوە و کاروانی بیناسازی و پێشکەوتن و سەرهەڵدان پەک بخات و وا لە وڵات بکات بەرەو توندوتیژی و ڕق و ماڵوێرانی و تۆڵە و لێک دوورکەوتنەوەی پتر لە نێوان ڕۆڵەکانی وڵاتدا ڕووبدات، ڕێژیمی پاشایی بەگشت لێهاتوویییەکی خوازراوەوە ئەم ڕۆڵەی گێڕا و سووتەمەنی و ئاوردووی پێویستی بۆ ئەو ئاگرە دۆزەخییە وێرانکەرە پێشکێش کرد و یارمەتیی خۆشکردنی ئاگرەکەی دا، تاکو لەدواییدا خۆیشی لرف دا... ئێستا ناتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین، یاخۆ بڕیار بدەین داخۆ ڕێژیمی پاشایی، یان یەکێک تێیدا بیری کردبێتەوە، یا بەشێوەی ستراتیجیی دوورمەودا وێنای ئەنجامە کارەساتبارەکانی کردبێت، کە دەکرا ئەو شێوە سیاسەتە دیکتاتۆرییە پاکتاوییەی ناچار نەبوو بیگرێتە بەر، بەتایبەت ئەم ڕێژیمە لە بناخەدا دوای پرۆسەی ڕێککەوتن و گونجان لە نێوان لایەنە عێراقییەکاندا پێکهات، کە زۆربەی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوکات بەشدار بوون، ئەی چۆن و بۆچی ئەم ڕێژیمە ڕووی لە دژوەستانەوەی ڕا و باوەڕەکانی لە عێراقدا کرد؟ ئایا ئەمە کرۆکی ئەرکەکانی ئەو بوو؟

ڕەنگە پێویستمان بەقسەکردن لەسەر ئەوە نەبووایا، گەر ڕێژیمی پاشایی بەهۆشیارییەوە، یاخۆ دوور لە هۆشیاریی بەشداریی نەکردایا لە پاڵپشتیی میتۆدی ئاکاری دەسەڵاتخوازی و دامەزراندن بۆ ئەم دۆخە کارەساتبارە پاکتاوییەی دیکتاتۆریی تاکڕایی، کە دواتر لە عێراقدا سەری هەڵدا و بووە هۆی ئەوپەڕی وێرانی لە هەموو ئاستەکاندا، ئەوەی گەلی عێراق بەدەستیەوە ناڵاندی و تا ئێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

کەسێتیی دەسەڵاتخواز، کە وای لە ڕێژیمی پاشایی لە عێراقدا کرد دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی بگرێتە بەر، هەر بەخۆیشی بووە هۆی زنجیرەیەک کوودەتای سەربازیی تاکچاو و تاکڕا و تاقە باوەڕ لە دواییدا، کە بوونە ئەگەری دروستبوون و سەرهەڵدانی دیکتاتۆریی سەربازیی دڕندەی بەردەوام تا ساڵی ٢٠٠٣، ئەوەبوو دەرەنجامەکەی لەدەستدانی سەرلەبەری سەربەخۆییی نیشتمانی بوو.

بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایی بەماوەیەکی زۆر و بەدیارکراوی لە ساڵی ١٩٤١دا، کاتێک کوودەتای سەربازی بەسەرکردایەتیی سەرهەنگ سەلاحەدین ئەلسەباغ ڕووی دا و حکوومەتی "بەرگریی نیشتمانی" بەسەرۆکایەتیی ڕەشید عالی گەیلانی پێکهات، کە هاوسۆزیی لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا دەربڕی، ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەگەر کوودەتاکە سەربکەوتایا و بەردەوامیی

هەبووایا، ئەوا لە عێراقدا دیکتاتۆریی تاکڕایی بەپێی پرانسیپەکانی بیردۆزی نازی لەوکاتەدا دادەمەزرا، چونکە ئەو ڕووداوانەی بەدوای ئەوەدا هاتن جەختیان لەسەر شیمانەیەکی وەک ئەمە دەکردەوە، ئەوەبوو ڕەشید عالی گەیلانی دوای سەرنەکەوتنی کوودەتاکە و لەداردانی سەرکردەکانی، بۆ ئەڵمانیا چوو. دوای کەوتنی بەرلین و هەرەسی نازیزم، گەیلانی ڕووی لە سعوودیە کرد و داوای پەنابەریی سیاسیی کرد.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێین (ئەمەش لە ڕەشبەختیی ڕێژیمی پاشایی و بەدبەختیی عێراق و گەلەکەیەتی)، ئێمە تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی ڕێژیمی پاشایی نەمانتوانی هیچ هەوڵێک لە لایەن ئەو سەردەمە، یاخۆ لە لایەن یەکێک لە بەرپرسانی بنەڕەتییەوە بەدی بکەین، بۆ وەستانی ئەو سیاسەتە مەترسیدارەی عێراقی خستە ناوجەرگەی ململانێی ترسناکی ناودەوڵەتییەوە، کە لە نێوان هەردوو سەربازگەی سەرمایەداری و کۆمۆنیستیدا لە ئارادا بوو و بەلانی کەمەوە هیچ کۆششێکیش بەرەو پابەندبوون بەسیاسەتی بێ لایەنییەوە دەرنەکەوت، هەروەها هیچ دەستپێشکەرییەک، یاخۆ پلانێک لە لایەن ڕێژیمەکەوە بۆ کرانەوە دیار نەبوو، یاخۆ ئاشتەوایی لەگەڵ هێز و حزبە شۆڕشگێڕە نیشتمانییەکانی عێراقدا، بگرە ڕێژیمەکە مکوڕ بوو لەسەر ڕەتکردنەوەی دانپێدانان بەبوونیان، یان ڕێگەدانیان بەکاری سیاسیی ئاشکرا، کە ناچاری کردن ڕوو لە کاری نهێنی، یا ڕەنگە کوودەتایی بکەن، سەرەڕای ئەوەش ڕێژیم سیاسەتەکانی لە گرتن و ئەشکەنجەدانی سیاسەتوانە عێراقییەکان نەوەستاند.

پێداگریی ڕێژیمی پاشاییی دەستووریی پەرلەمانیی دیموکراسی (وەکو ئەم ناوەیان لێ نابوو) لەسەر گرتنەبەری ئەو سیاسەتە دەسەڵاتخوازییە دواکەوتووانەیەی پشت بەستوو بوو بەزەبروزەنگ و دوورخستنەوەی سیاسی و گرتن و ئەشکەنجەدان، دیموکراسیی پەرلەمانیی لە وڵاتدا گۆڕی بۆ گاڵتەجاڕی و ناواخنی کردەنی و کرداری لێ سەندەوە و لە بەرابەردا دیکتاتۆری و حەزی بەردەوام بەرەو پراکتیزەکردنی تیۆریی ڕیشەکێشکردن و دوورخستنەوەی سیاسی و باڵادەستیی باوەڕمەندی بەرجەستە کرد.

گومبوونی ئەم ناوەڕۆکانە و بزربوونی بەکردەنییان لە پراکتیزەکردنی واقعی بووە هۆی دوورەپەرێزیی ڕێژیمەکە لە ناوخۆدا و ئەگەرەکانی ڕووخانی فرەتر کرد.

دیکتاتۆریی دووەم

## شیوعییەکان و عەبدولکەریم قاسم ساڵی ١٩٥٨-١٩٦٣ ڕێژیمێکی دەسەڵاتخوازی باوەڕمەندی دەسەپێنن

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو زاراوەیەی ناویان نا شۆڕشی "١٤ی تەمووزی ١٩٥٨" (لێرەدا نامانەوێت بچینە ناو مشتومڕێکی نەزۆکەوە، ئایا ئەوەی لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا ڕووی دا شۆڕش بوو یاخۆ کوودەتای سەربازی، هەڵبەت کوودەتایەکی سەربازی بوو پشتگیرییەکی میللیی بەرفرەوانی بەدەست هێنا)، لەو مێژووەوە و دوای دەرچوونیان لە گرتیگە و بنکەکانی خۆشاردنەوە، شیوعییەکان دەستیان بەچالاکیی چڕ و ڕێکخراو کرد و خەریکی ڕەخساندنی ڕەوشەکە بوون بۆ قۆرخکردنی تەواو و ڕەهای پۆستەکانی دەوڵەت و دامودەزگە و دەستە چالاکەکانی، بەمەبەستی گەیشتن بۆ باڵادەستیی تەواو و تاکڕەوی بەسەر دەسەڵاتدا، ئەمەش نەک بەئامانجی سەپاندنی دادپەروەری و ئازادییەکان و دیموکراسی بۆ سەرجەم هاووڵاتییانی عێراق!

چالاکییەکانیان بەئاراستەی چاندنی ئەندام و لایەنگرانیان بوو، ئەوانەی لەناو هێزە چەکدارەکاندا لە پۆستی گرینگ، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبوو لە ئاراستەکردنی جووڵەی سوپا و لە دامەزراندنەکاندا، ئامانجیش لەم چالاکییانە دەسەڵاتخوازی و باڵادەستیی تاک لایەنە بوو بەسەر سوپادا، هەروەها لە کۆتاییدا بەسەر دەسەڵاتدا و سەپاندنی حوکمی یەک حزبی و تاکباوەڕی، بەمانایەکی تر سەپاندنی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی.

لەبەر ئەمە و لەپێناو جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە، دەبوو ڕۆڵی بەرەی نیشتمانییان فەرامۆش و پەراوێز بخستایا، کە بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایی دامەزرا و حزبی شیوعی، حزبی نیشتمانیی دیموکراسی، حزبی ئیستیقلال، حزبی بەعس و چەند لایەنێکی تر لە ڕیزەکانیدا بوون.

حزبی شیوعی ڕۆڵی ئەم بەرەیەی پەکخست، ئەوەش دوای دابەشبوونی شەقامی عێراق، بەهۆی پێشبڕکێی شیوعییەکان و نەتەوەپەرستەکانەوە لە خستنە ڕووی دروشمە دژبەیەک و لێک دوورەکان، بانگەوازی یەکێتیی عەرەبیان دەکرد، لەسەر داخوازیی دروشمەکانی جەمال عەبدولناسر و بۆ پشتگیری لەو، حزبی شیوعی بەدروشمی ناکۆک، یاخۆ ئەڵتەرناتیڤ بەم دروشمە ڕووبەڕووی بووەوە و داوای (یەکەتیی فیدرالی و دۆستایەتیی سۆڤێت)ی دەکرد. لەبری پەنابردنی حزبی شیوعی بۆ زیندووکردنەوەی بەرەی نیشتمانی و کاراکردنی ڕۆڵی و یەکخستنی دروشمەکانی و ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی یەکگرتوو بۆ کارەکانی، شیوعییەکان لایەنگرانیان دنە دا بۆ هێرشکردنە سەر نەتەوەپەرست و بەعسییەکان (هاوپەیمانانیان لە بەرەی نیشتمانیدا)، لەگەڵ بەبێ مانا دانانی دروشمەکانیان لە یەکێتیی عەرەبی و تۆمەتبارکردنیان بەکۆنەپەرست و داگیرکار، ئەوەبوو شیوعییەکان و لایەنگرانیان لە سەرجەم شارەکانی عێراقدا بەخۆ کەوتن بۆ

هوتاف کێشان بەشەو و بەڕۆژ بەشێوەیەکی هیستیریایی بەدروشمی یەکەتیی فیدرالی و دۆستایەتیی سۆڤێت، لە هەوڵدا بۆ تەرخانکردنی حەزیان لە دەسەڵاتخوازیی تاکڕەوی و سەپاندنی دیکتاتۆریی تاکڕایی، پاشان تۆمەتی پیلانگێڕی بەسەر شۆڕش و پێوەندیی بەدەزگەکانی داگیرکەر و بیانی خستە پاڵ نەتەوەپەرست و بەعسییەکان، ئەم تۆمەتانەش لەخۆوە بوون و نابەرپرسیارێتییان پێوە دیاربوو. دەبوو "عەبدولسەلام عارف"یان لاواز و تەریک بخستایا، کە دوای شۆڕش بەخێرایی بووە پاڵەوانی نیشتمانی و سیمبول بۆ ڕەوتی ناسیۆنالیست و عروبەوی لە عێراقدا، پاش ئەوەی زوو جەماوەری بووەوە، بەهۆی گوتارە ئاگرینە سەرپێییەکانیەوە، کە بەردەوام دووبارەی دەکردنەوە و ئەمسەر و ئەوسەری وڵاتی دەکرد بۆ موژدەی شۆڕش و ئامانجە نیشتمانییەکانی سیستمی نوێ، ئیتر بەڕوونی جەماوەری بوونەوەی "عەبدولسەلام عارف" زاڵ بوو بەسەر جەماوەری بوونەکەی "عەبدولکەریم قاسم"ی سەرۆکی لیژنەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان و فەرماندەی کردەنی بۆ گۆڕان، کە تاکو ئەوکاتە تا ڕادەیەک بەبێدەنگی و دوورەپەرێزی مایەوە. هەروەها شیوعییەکان دەستیان کرد بەشێواندنی وێنەی عەبدولناسر و لەکەدارکردنی ئابڕووی لای جەماوەری عێراق و هەوڵی گۆڕینی متمانەی خەڵک و لاوازکردنی کاریگەرییەکەی لە دەروونیاندا، هەڵمەتیان دژ بەعەبدولناسر شێوازی خراپ و ناڕەوشتیی وەرگرت، ئەوەبوو وێنەی ڕوخساریان بەوێنەی ئاژەڵ و ئافرەتە سەماکەرە ڕووتەکانەوە دەلکاند و سەدان هەزاریان لەو وێنانە بەدیوار و ستوونی کارەبا و پێش دوکانەکانەوە لە گشت شارەکانی عێراقدا هەڵواسی، ئەمەش بەپێی ڕێنوێنی لە ناوەندەوە، ئەمەشیان بۆ خۆیان بەچالاکیی ڕۆشنبیری و ئاراستەکردنی جەماوەر دانا.

هەروەها لەپێناو بەکردەیی لاوازکردنی عەبدولسەلام عارف و بەکردەنی تەریک خستنەوەی لە جەماوەر لە شەقامی عێراقدا و وەستاندنی هەڵقوڵانی پشتگیریی میللی بۆی، حزبی شیوعی دروشمی دیکتاتۆرییانەی (ماکو زعیم الا کریم)ی بڵاوکردەوە، مەبەستیش لەمە عەبدولکەریم قاسم بوو، ئەمەش یەکەمین هەوڵە لە عێراقدا بۆ دروستکردنی دیکتاتۆر لە کاتی ڕۆیشتنی عوسمانییەکانەوە، ئەم هەوڵەش سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا، بەردەوام و لە هەموو شوێنێک ئەم دروشمەیان لە شێوەی گۆرانیی میللی بەشێوازی سادەی زمانی بازاڕی دەگوتەوە، ئەمە لە ساڵی ١٩٥٨دا بوو، ئەم دروشمە دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەڵگیرا، تاکو ببێتە (ماکو زعیم الا الحکیم)، لە میانەی ئەو پێشوازییە گەورەیەی لە سەید محەمەد باقر ئەلحەکیمی موجاهیدی ناسراوی ئیسلام کرا، کە دواتر لە تەقینەوەیەکی تاوانکارانەدا بۆ کاروانەکەی بەرەو شاری نەجەف بەڕێ دەچوو شەهید کرا.

ڕەنگە گەلێک لەوانەی ئەم دروشمەیان دەوتەوە بەوەیان نەدەزانی لە بنەچەدا دروشمێک بوو، لە ماوەی تێکچوونە شێتانەکەی بەر لە پەنجا ساڵ شیوعییەکان زۆر بەر گوێی عێراقییەکانیاندا دەدا.

لە ڕاستیدا عەبدولکەریم قاسم تا ئەو کاتەش بیری لەوە نەدەکردەوە ببێتە سەرکردەی تاک و تەنیا و مەزن لە وڵاتدا، بەڵام ئاوەزی تاکی عێراقی، بگرە گەلی عێراقمان، دیکتاتۆرەکانیان دروستکرد و دەیانکەن بەئیمپراتۆر و ستەمکار، ئینجا دەست بەسکاڵا و گازاندە و کڕووزانەوە و دادوبێداد لە دەستیان دەکەن، هەروەها لە ئاکار و هەڵسوکەوتیان، پاشان کوودەتایان بەسەردا دەکات و دەیانکوژێ و لەناویان دەبات. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕایەی لێرەدا مەبەستمانە و دوور نییە هەندێک وای ببینن توند و دڵڕەقانە بێت، ئێمە لێرەدا بەشێوەیەکی ڕوونتر و ئاسانتر قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین:

هەمووان عەبدولکەریم قاسمیان بەمرۆڤێکی خاکەڕایی، دڵسۆز، شێلگیر، کۆڵنەدەر لە کاردا، خواپەرست و قابیلی گەندەڵ نەبوون دادەنا، کەچی ئەم پیاوە هەینێ حزبی شیوعی دەستی بەپرۆسە خراپە دەستئەنقەستەکەی کرد لە گەورەکردن و ستایش و پێدا هەڵدان و ئامادەکردنیدا، واتە لەودەمەوەی حزبی شیوعی دەستی کرد بەدروستکردنی وەکو دیکتاتۆرێک لە عێراقدا، ئەو گۆڕا و لەخۆبایی بوو.

عەبدولکەریم قاسم دوای چوار مانگ لە بەرپابوونی شۆڕش، لەوکاتی لە کۆنگرەی پارێزەران کە لە ئوتێل بەغداد بەسترا، دەردەچوو، دوای ئەوەی لەناو کۆنگرەکەدا زێدەڕۆییانە زۆرێک ستایشیان کرد و پێیاندا هەڵدا و گەورەیان کرد، بە محەمەد حەدیدی وەزیری دارایی لە حکوومەتەکەیدا گوت "ئەبو هەیسەم خەریکە هەر بەڕاستی لەخۆبایی دەبم".[١٠]

هەروەها لە وتەیەکی ڕۆژنامەوانیی وەزیری پێشووتری دەرەوەدا "هاشم جەواد" دوای چەند ساڵێک لەگەڵیدا ساز درا، سەبارەت بەعەبدولکەریم قاسم گوتی:

"لە بەراییدا ئاسان بوو بگەیتە لای قاسم، بیری لای تۆ بوو و بەتاسەوە بوو بۆ فێربوون، وەلێ ڕووداوەکان زۆر و زۆریان دەسەڵات خستە بەردەست... وای لێ هات چێژی ئەوەی وەردەگرت، کە تاکە پیاوی وڵاتە، بەمانایەکی تر دیکتاتۆرێکمان دروستکرد، لە ڕاستیدا گەلەکەمان دروستکەری دیکتاتۆرەکانە".[١١]

بۆ ئەوەی لە عەبدولسەلام عارفی نەیاری سیاسیی ڕزگار بێت، حزبی شیوعی وای بەباش زانی لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا دیکتاتۆرێک بۆ عێراق دروست بکات، کە دوای ئەوە بووە بارێکی قورس بەسەر ڕێژیم و بەسەر عێراق و حزبی شیوعی خۆیەوە، کە لە دواییدا بووە هۆی ئەو کوودەتایەی "لە یەک ڕۆژدا لە شوباتی ١٩٦٣دا عەبدولکەریم قاسم و ڕێژیمەکە و حزبی شیوعیی هاڕی".

نموونەکەی حزبی شیوعیی عێراق کاتێک دیکتاتۆرێک دروست دەکات، تاکو سیاسەتوانێکی نەیاری پێ لابدا وەکو ئەو کەسە وایە شارێک دەسووتێنێت بۆ ئەوەی جگەرەیەک پێ بکات و بیکێشێ...!

ڕەنگە لە گاڵتەجاڕیی چارەنووس و پارادۆکسەکانی بێت (ئەمەش زۆرێک لە عێراقییەکان

نایزانن)، کە عەبدولسەلام عارف بەخۆی بۆ یەکەمین جار دروشمی "ماکو زعیم الا کریم"ی پێشنیاز کرد و بانگەوازی بۆ کرد. ئەمەش لە یەکێک لە کۆبوونەوە نهێنییەکانی ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا بوو، بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز بەماوەیەکی کەم، ئەوکاتی بەرپەرچی هەندێک ئەفسەری دایەوە، لەوانەی لەو کۆبوونەوەیەدا نارەزاییان لەسەر شێوازی وەرگرتنی بڕیارەکان و کاتی جێبەجێ کردنی کوودەتاکە دەربڕی، دوای ئەوەی عەبدولسەلام عارف پێی ڕاگەیاندن، خۆی و عەبدولکەریم قاسم بڕیارەکەیان دابوو (کە لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە نەبوو)، "ڕۆژی شەمووی دادێ کوودەتا بکەن، هەستیان بەسووکایەتی کرد و دژ بەو شێوازەی بڕیاردان وەستانەوە، ئەوەبوو عەبدولسەلام عارف تووڕە بوو و لە کۆبوونەوەکە هوتافی کێشا "برایان پێتان دەڵێم سەرکردە نییە، کەریم نەبێت (ماکو زعیم الا کریم)".[١٢]

ئەوەتا ئێستا شیوعییەکان دوای چەند مانگێکی کەم لە بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، بۆ دوورخستنەوە و دەرکردنی لە دەسەڵات هەمان دروشم دژ بەعەبدولسەلام عارف بەرز دەکەنەوە. ئەوە ئاوەزی ئالوودەی تاکی عێراقییە بەسەرکردایەتیی تاکە کەس و دیکتاتۆریی تاکڕایی.

بۆ ئەوەی ئەڵقەکانی دەسەڵاتداریی تاک بەسەر سەرتاپای دەزگەکانی دەوڵەتدا باڵادەست بێت، شیوعییەکان کۆشان کۆمەڵێکی گرینگ لە دامەزراندن لە ئیشوکارە گەورەکان بۆ لایەنگر و ئەندام و دۆستانیان بەدەست بهێنن، ئەوەبوو سەرۆکی یەکەمی ڕوکن "سەلیم ئەلفەخری"، کە شیوعی بوو بەبەڕێوەبەری ئیستگە دامەزرا، هەروەها "کەمال عومەر نەزمی"ی شیوعیی ناسراو بەجێگری داواکاری گشتی لە دادگەکەی مەهداویی ناسراو بە"دادگەی گەل" دامەزرا و دادگەکە کرا بەمینبەری حزبی شیوعی، هەروەها لە ڕێگەی ئەو دامەزراندنانەی دوور بوون لە هاشوهووشەوە خۆیان خزاندنە ناو فەرمانگەکانی هەندێک ڕۆژنامە لە وڵاتدا، وەکو ڕۆژنامەی: البلاد، صوت الاحرار و الایام النجفیە، لەگەڵ توندکردنی دەسەڵاتی حزبی شیوعی بەسەر لیژنەکانی لایەنگرانی ئاشتی، سەندیکاکانی مامۆستایان، ئەندازیاران، پارێزەران، پزیشکان، لاوانی دیموکراسی و داکۆکی لە مافەکانی ئافرەت، هەروەها دانانی سەرهەنگی ڕوکن "تەها شێخ ئەحمەد" بەبەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی. حزبی شیوعی دەسەڵاتی تەواوی خۆی سەپاند بەسەر یەکەتیی سەندیکای کرێکاران، یەکەتیی جووتیاران، یەکەتیی گشتیی قوتابیان و ئەو ڕێکخراوە مەترسیدارەی ناونرا بەرێکخراوی بەرگری لە کۆمار.

هەروەها لە ڕێگەی قۆرخکردنی پۆستی هەواڵگریی سەربازی و پۆستی بەڕێوەبەری جووڵە سەربازییەکانەوە لە وەزارەتی بەرگری، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر سەرجەم دامەزراندن و گواستنەوەکان لە سوپای عێراقیدا سەپاند و ئەو ئەفسەرانەیشی حزبی شیوعی متمانەی پێیان نەبوو، دوور خرانەوە و دەرکران، هەروەها سەرکردەی یەکەکان، لە ئەفسەرە نەتەوەپەرستەکان (قەومییەکان) لە گشت ئاستەکاندا خانەنشین کران و زۆربەیان خرانە سەربازگەی گرتنەوە لە فەوجی دووەمی تانکەکان بەفەرماندەیی پێشەنگ (مقدم) "فازڵ ئەلبەیاتی"ی شیوعی، تاکو دوای

ئەوە بدرێنە لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەربازیی (کە هیچ بەزەییەکی تێدا نەبوو) بەسەرۆکایەتیی سەرهەنگ "هاشم عەبدولجەبار"ی شیوعی.

بۆ ئەوەی پەیامی هەڕەشەکردن بۆ سەرجەم ئەفسەرە نەتەوەپەرستەکان لە سەرتاپای عێراقدا بگەیەنن و تێیان بگەیەنن، هیچ دەرفەتێکیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەر پێگەیەکی سەربازیی گرینگ لەبەر دەستدا نییە، تەنانەت ئەو شوێنانەش کە لە پایەتەختەوە دوورن و دەکرێت هەلی جووڵانەوە، یاخۆ کوودەتایان دژ بەهەژموون و بالادەستیی ڕەهای حزبی شیوعی بەسەر فەرمانڕەوایی لە ولاتدا بداتێ. بۆیە شیوعییەکان دەستیان کرد بەکوشتن و بەدوای ئۆتۆمبیلدا ڕاکێشانی ئەفسەری نەتەوەپەرست، سەرهەنگ (عەبدولا ئەلشاوی)ی فەرماندەی سەربازگەی محەمەد ئەلقاسم لە بەسرە، پاشان دوای ڕاکێشانی لاشەکەیان بۆ چەند سەعاتێک بەدەروازەی سەربازگەکەوە هەڵواسی، وەک چۆن ڕیژیمی پاشایەتی بەلاشەکانی هەر یەک لە فەهد و زەکی بەسیم و ئەلشبیبیی کرد، بۆ ئەوەی نامەی تۆقاندنی باوەڕمەندی بگەیەنێتە هەر یەکێک نەیەوێت قەناعەت بهێنێت، حزبی شیوعی هەر بەتەنیا خۆی خاوەن سەروەریی ڕەهایە لە دامەزراندنی ڕیژیمی دەسەلاتخوازیی باوەڕمەندی لە ولاتدا.

هەروەها کۆنترۆڵی لیژنەکانی پاراستنی تایبەت بەعەبدولکەریم قاسمیان کرد، کە پۆستەکەی خۆی وەکو فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق پاراست، ئەوانیش توانییان لە گشت لایەکەوە دەوری بدەن و تەوقەکە بەتەواوی لە دەورووبەری توند بکەن، یەکێک لە بەڵگەنامەکانی حزبی شیوعی دەڵێ: "بەم ئاوایە ئەڵقەکانی بالادەستیمان بەدەوری قاسمدا شەتەک دا... تا ئەو ڕادەیەی هەر وشەیەک لە ئێمەوە دەرچێت و هەر یاداشتێکی بخەینە بەردەست بەتایبەت سیاسی و فەرمی بێ، ئەوا جێبەجێ کردنی دەمودەستە".[١٣]

هەروەها شیوعییەکان و لایەنگرانیان قۆرخی فەرماندەیی تیپی دوویان کرد لە کەرکووک و لیوای پێنجی تیپی دوو لە مووسڵ و لیوای بیستی تیپی سێ لە جەلەولا و لیوای یەک لە تیپی یەک لە مسەیب و لیوای زرێپۆشی شەش و هەردوو فەوجی دوو و سێی تانکەکان و فەوجی موسەنای تانکەکان لە تیپی چوار لە ئەبوغرێب و کەتیبەی سێ لە لیوای بیست و حەوتی تیپی سێ لە سەربازگەی ئەلوەشاش.

لەوەیە ئەم دامەزراندنە مەترسیدارانە بەشێوەیەکی هێمنانە و شاراوە لە زەعیم ڕوکن "تەها شێخ ئەحمەد"ی شیوعییەوە دەردەچوون، کە جێباوەڕ و نێزیک بوو لە عەبدولکەریم قاسم، ئەو ئەفسەرەی پاشان بەوە وەسف کرا، "ئەو هێزەی لەپشت دەسەلاتەوەیە"،[١٤] بەسەر هەموو ئەمانەشەوە کۆنترۆڵکردنی بەهێزیان بەسەر فەرماندەییی هێزی ئاسمانیدا لە میانەی دامەزراندنی ئەفسەری ناسراوی شیوعی، زەعیم ڕوکنی هێزی ئاسمانی "جەلال ئەلئەوقاتی" وەکو فەرماندەی هێزی ئاسمانی، لە کۆی ٣٠٠ فڕۆکەوان لە هێزی ئاسمانیی ئەوکاتەدا،[١٥] ٧٠ فڕۆکەوانی شیوعی یارمەتی و پشتگیرییان دەکرد. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ڕێکخراوی

بەرهەڵستیی میللی (المقاومە الشعبیە)، کە ڕێکخراوێکی چەکدار و مەشق پێ کراو بوو سەرژمێرییەکەی گەیشتە پتر لە "٢٥٠٠٠" کەس، لەژێر دەسەڵاتی ڕەهای حزبی شیوعیی عێراق بوو، ئەمەش لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦١دا بوو، ئەم ڕێکخراوە چەکدارە نەیتوانی هیچ سوودێکی جدی نە بەحزبی شیوعی و نەیش بەڕێژیمە سیاسییەکە ببەخشێت، بەڵکو بووە بار بەسەر ڕێژیمەکەوە و پشکدار بوو لە تەریک کەوتنەوەی و مایەی ڕق و قین دژی، وێڕای ئەوەش هەندێک لە حزب و لایەنە عێراقییەکان لە ساڵەکانی دواییدا هەمان ئەزموونی دیکتاتۆریی سەرنەکەوتوویان دووبارە کردەوە، ئەزموونی پاسەوانی نەتەوەییی چەکدار لە ساڵی ١٩٦٣دا و ئەزموونی سوپای قودسی چەکدار لە ساڵانی نەوەتەکان و هی تریش، دووبارەبوونەوەیەکی بێ مێشکانەی دروستکردنی تەورە، بۆ دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆرییانەی تاکڕایی دەستە و تاقمەکانە لەعێراقدا، تەنانەت ئەو ڕووداوانەی بەدوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدامدا هاتن لە ساڵی ٢٠٠٣دا خاڵی نین لە هەوڵەکانی دروستکردنی ئەم جۆرە ڕێکخراوە فاشیستانەی خۆیان لە میلیشیا چەکدارەکاندا دەبیننەوە، چونکە ئاوەزی تاکی عێراقی هێشتانەکینێ بەردەوام لە کۆششدایە بۆ سەپاندنی دیکتاتۆریی تاکڕایی، هەڵبەت ئەم ڕێبازەش ناگۆڕێت، ئەگەر ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی گەلی عێراق گۆڕانی بەسەردا نەیەت، پێوەند بەحەزی دەسەڵاتخوازیی دەستەوە. ئەگەر بمانەوێت باسی ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات بکەین، کە حزبی شیوعی دایمەزراند و کۆنترۆڵی کرد، ئەوەبوو لقەکانی بەگشت شار و گوندێکی عێراقدا بڵاوبوونەوە و تا ڕادەیەک سەرجەم گەنجانی ئەو نەوەیەی لە عێراقدا ناچار کرد بچنە ناوییەوە و بەشداری لە چالاکییەکانی بکەن، ئەمەش لە ترسی سزا و تۆمەتبارکردن بەپیلانگێڕی و کۆنەپەرستی و سیخوڕی لە کاتی دواکەوتن لە بوون بەئەندام تێیدا، یاخۆ ڕەتکردنەوەی ناونووسین لە ڕیزەکانیدا.

لە لایەکی ترەوە، شیوعییەکان بەخۆیان لەودیو ئەو هەڵمەتەوە بوون، کە ناوی پرۆسەی پاکتاوی دەزگەکانی دەوڵەتی لێ نرا، بەشێوەی دەستنیشان کردنی دەستەی پەلەپەل و توندوتیژی و دڵڕەقیی پێوە دیار بوو، کە بەلای کەمەوە دوو هەزار کەسی گرتەوە لە زۆربەی فەرمانگەکانی دەوڵەتدا، بەتایبەتیش لە وەزارەتەکانی فێرکردن و ئیرشاد و تەندروستی و گەیاندندا، ئەوەبوو ڕیشەکێش و نانبڕاو کران و دەست بەسەر زیندەماڵ و مردەماڵیاندا گیرا، لە ماڵ و زەوی و دەزگەی کەسێنی و کیڵگە و... هتد. لیژنەکانی بەرگری لە کۆمار، کە حزبی شیوعی پێکی هێنان، لە گشت شارەکاندا دەستیان کرد بەپرۆسەکانی پاسەوانی، چاودێری و چاوبڕینە جووڵەی ئەوانەی بەپیلانگێریان ناونان، ئیدی وای لێ هات ئەم ڕێکخراوە، فەرمانی بۆ ماڵ ناردنەوە و دەرکردنی، یاخۆ گرتنی ئەو بەرپرسانەی دەردەکرد، کە لە کارەکانیاندا نەخوازراو بوون.

لێرەدا دەتوانین ئەوە بۆ حزبی شیوعیی عێراق تۆمار بکەین، کە دامەزرێنەر و پێشەنگ بوو لە پراکتیزەکردنی تیۆریی ڕیشەکێشکردن لە عێراقدا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا، ئەوەش تیۆرییەکی دیکتاتۆریی نایابە، کە حزبی شیوعی بەخۆی یەکەمین قوربانیی بوو وەکو دەبینین، کە

هەر یەک لە حزبی شیوعی و ئەندام و لایەنگرانی ساڵی ١٩٦٣ بەدەستی بەعسی و حەرەس قەومییەکان کەوتنە ژێر ڕەوڕەوەی ئەم تیۆرییە دیکتاتۆرییە پاکتاوییەوە، وەک چۆن حەرەس قەومی و بەعسییەکان بەدەستی ناسری و نەتەوەپەرستەکان ساڵی ١٩٦٤ و دوای ئەوەش هاڕران، هەروەها سەرجەم بەرهەڵستیکاران بەگشت حزب و بارستە و ئەندامانیانەوە ساڵی ١٩٦٨ و دواتریش بەدەست بەعسییەکان بەسەرۆکایەتیی ئەلبەکر و سەدام تێداچوون، لە ساڵی ٢٠٠٣ و دواتریش بەم تیۆرییە بەعسییەکان و سوپا و دامودەزگە و دەوڵەت و دامەزراوە و هەوادارانیان تەفروتوونا کران، بەڵکو ئەوی سەیروسەمەرەیە لەم وڵاتەدا، ئەم تیۆرییە دیکتاتۆرییە (ڕیشەکێشکردن) بەیاسایەک دانرا بەناوی (یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس)، لەژێر سایەی سیستمی دیموکراسیی پەرلەمانیی فیدراڵیی ئازاددا، ئەگەر ئەم تیۆرییە پاکتاوییە لەبار نەبرێت و ڕەت نەکرێتەوە و پراکتیزەکردنی هەڵنەوەشێتەوە لە عێراقدا، ئەوا نازانین لە ڕۆژان و ساڵانی داهاتوودا کێ لە عێراقییەکان دەکەوێتە ژێر پێچکەکانییەوە؟

پەراوێزەکان:
١. هارفي بورتر، موسوعة مختصر التأريخ القديم، ص٣٩٠، مكتبة مدبولي، مصر.
٢. د. فيليب حتي، تأريخ العرب، ص٥٥٩، دار غندور للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان-بيروت.
٣. هەمان سەرچاوە، ل٥٦٠.
٤. منصور عبدالحكيم، جنكيزخان امبراطور الشر وقاهر العالم، ص٦٥، دار الكتاب العربي، دمشق، القاهرة.
٥. ثروت عكاشة، الفن العراقي القديم، ص٥٥، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
٦. فيليب حتي، خمسة الاف سنة من تأريخ الشرق الادني، ص٨٢، الدار المتحدة للنشر، لبنان.
٧. سەرجەم ئەم کۆپلانە لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا، زۆر بەوردی لە کتێبی (د. ثروت عكاشة، الفن العراقي القديم)ـەوە چرکراونەتەوە و لە گەلێک کتێب و سەرچاوەی تردا هاتوون.
٨. د. محمد حسين الزبيدي، الملك غازي ومرافقوه، ص٢٦٥-٢٦٦، دار الحرية للطباعة، بغداد.
٩. سليم الحسني، رؤساء العراق، دراسة في اتجاهات الحكم، ص٢٣٤، دار الحكمة للطباعة والنشر والتوزيع، لندن.
١٠. حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ترجمة: عفيف الرزاز، ص١٤٧، مؤسسة الابحاث العربية.
١١. هەمان سەرچاوە.
١٢. حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص١٠٨، مؤسسة الابحاث العربية.
١٣. حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ترجمة: عفيف الرزاز، ص٢٠١، مؤسسة الابحاث العربية. (بڕگەیەکە لە گشتاندنێکی ناوەخۆی حزبی شیوعیی عێراقەوە وەرگیراوە لە ساڵی ١٩٦٧دا دەرچووە).
١٤. حنا بطاطو، العراق، الكتاب الپالپ، الشيوعيون والبعثيون والضباط الاحرا، ص٢٠٢، مؤسسة الابحاث العربية.
١٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.

# مێژوویەکی ئافرەتان

ئەحمەد میراودەلی

بەشی سێیەم

## دەوڵەت و جێندەر

پرۆسەی گۆڕانکاریی گوندە پرش و بڵاوەکانی سەردەمی کۆتایی دوا چاخی بەردین بۆ کۆمەڵگەی کشتوکاڵکارە و ژیانی شار و دواتر دامەزراندنی دەوڵەت بریتییە لە شۆڕشی شارستانی، بەواتەی، سەرهەڵدانی شارستانێتی. ئەو پرۆسەیەش لە دنیادا لەشوێن و لە کاتی جیاوازدا هاتووەتە گۆڕێ. وەکو دەرکەوتووە کۆنترین شارستان ئەوانەی ڕۆخەکانی دەریای چین، نێوان دوو ئاوان/ مێزۆپۆتامیا، میسر، هیندستان، میزۆئەمەریکا "ئینکا و مایا" و دواتریش لە باکوری ئەوروپا، مالایزیا و ئافریکا. ئەوەش زانراوە کە ئەگەر نەڵێین هەموویان ئەوا پێش سەرهەڵدانی زۆربەی زۆریان، خاوەندارێتیی تایبەت، چین و توێژ و ڕێکخراوەی هێراڕکی/ بەرپرسیاریەتیی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، ئەزموونگەریی بەرهەمهێنان هەبووە و بازرگانی لەگەڵ ناوچەی دووردا ڕێکخراوە، هەروەها کۆمەڵی میلیتار، خزمایەتی، سیستمی کۆیلایەتی و پاتریارکی لە خێزاندا بووەتە باو. لە هەموو ئەو دەوڵەتانەشدا گۆڕانکارییەکی گرینگ لە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەکاندا ڕووی داوە، ژێردەستەییی ئافرەت لەناو خێزاندا چەسپیوە و یاسای بۆ داڕێژراوە. کاری سۆزانیەتی جێگیر بووە و ڕێکخراوە، لەگەڵ پێشکەوتنی ئەزموونگەری لە پیشەدا ئافرەتان وردە وردە لە هەندێک کار و کاسبی دوورخراونەتەوە. لەدوای داهێنانی نووسین و جێگیربوونی خوێندن، ئافرەت وەک پیاو هەلی فێربوونی خوێندنی بۆ نەڕەخساوە. لە ئاینیشدا خودا مێیینەکان بوونەتە ژێردەستەی گەورە خودا نێرەکان.

زۆربەی بیریارییەکان سەرهەڵدانی دەوڵەتە کۆنەکان دەگێڕنەوە بۆ تاکە هۆکارێک، وەک کۆمەڵبوونی سەرمایە کە بووەتە ئەنجامی دروستبوونی چینی تایبەت و زۆرانبازیی نێوانیان

"مارکس و ئینگلس"، یان سەرهەڵدانی چینێکی بیرۆکراتی بەهێز وەک "ویتفۆگڵ" دەڵێت، بە بڕوای "کارنیرۆ"ش زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و پەستێوی ئەو زیادبوونە کە دەبێتە پەیدابوونی "میلیتاریزم" هۆکاری سەرەکییە. هەموو ئەو بیریارییانەش ڕەخنەیان لێ گیراوە و تیۆریی تێکەڵ و ئاڵۆزتر جێیان گرتووەوە و درووستبوونی دەوڵەت دەگێڕنەوە بۆ چەند جۆرە هۆکارێک "ڕۆبێرت مک ئادەم Robert Mc Adam بە نموونە. لەکاتێکدا ئەم تیۆرییە نوێیانە گرینگیی هۆکاری دەوروبەر و تەکنۆلۆجیا بە گرینگ دەزانن بەڵام گۆڕانکاری لە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەدا بە گرینگترینیان دادەنێن. بە بڕوای ئەوان چڕکردنەوەی کشتوکاڵ و کارامەیی لە بوارە جیوازەکانیدا بووەتە هۆی پەیداکردنی بەرهەمێکی بەردەوام و زیادەش، ئەویش بەدەوری خۆی بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و ئەوجا سەرپەرشتکاریی دابەشکردنی خۆراک کە لە سەرەتاوە لەدەست کڵێسە "دەسەڵاتە ئاینییەکان"دا بووە، ئەوەش لە ڕێی خۆیەوە بووەتە هۆی پەیداکردنی دەسەڵاتێکی تایبەت و توێژێکی دەوڵەمەند. درووستبوونی ئەو توێژە نوێیە ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا، بە واتەیەکی دیکە گۆڕانکاری لە پێوەندیی خزم و خوێنەوە بۆ پێوەندی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا. بە بڕوای ئەوان. ئەو گۆڕانکارییە. گۆڕانکاری لە پێوەندیی خزمایەتییەوە بۆ پێوەندیی چینایەتی لە شیرازە/ ستراکتووری کۆمەڵگەدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە لە مێژووی ئافرەتاندا. بە بڕوای مرۆڤناس "راینە راپ" لە دژەکاریی نێوان بەرەی خزم و کەسوکار و ئیلیتە/ توێژە نوێکەدا، بەرەی خزم و خوێن، دۆڕاوێکی گەورە بووە لە بنیاتنانی شارستانیدا.

(لە کۆمەڵگەکانی پێش دەوڵەتدا، هەموو بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەکە لە ڕێگەی خزمانەوە ڕێکدەخرا. کە دەوڵەت وردە وردە سەریهەڵدا، پێکهاتەی خزمایەتی دامالدرا و ناچارکرا گوێڕایەڵی دەستەیەکی خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەوا و زێدە دەسەڵاتدارتر و سیاسی بێت... ئافرەتانیش لەو ڕێگەیەوە بوونە ژێردەستە.)... گێردا لێرنەر ل٥٥.

لێرەدا، لە باسی دەوڵەت و جێندەردا، هەوڵ دەدەین بزانین چۆن ئەو گۆڕانکارییانە ڕوویان داوە و، بۆ ئەو شێوازەی وەرگرتووە. دیارە پێشەکی دەبێ ئەوە بزانین کە گۆڕانکارییەکان ئاسان نەبوون و لە ماوەیەکی کەمیشدا ڕوویان نەداوە، بگرە لە شوێن و کاتی جیاوازدا و، خێرایی و ڕەنگە چۆنێتییەکەشیان جیاواز بووبێ.

### دەوڵەت چییە؟

لەپێناسەیەکی سادەدا، دەتوانین بڵێین "میریی ناوچەیەکی سنووردارە کە کۆمەڵێک خەڵک تێیدا، خوێن، زمان، ئاین، یان هەرسێکیان پێکیەوە بەستوون. میری لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی تایبەت سەری هەڵداوە. کەسێک یان ڕێکخراوەیەک، جاڕی خاوەندارێتیی ناوچەیەک و دانیشتووانی دەدات، ڕەنگە خەڵکەکەش خوێن و نەریت و ئاین و زمانی هاوبەشیان هەبێت. وەلێ ئەوە مەرج نییە، وەک دەزانین هەزاران نەتەوە هەن بەڵام ژمارەی دەوڵەتان لە ٣٠٠ تێناپەڕێت. زۆربەی

میرییەکان، دەزگەیەکن لەژێر دێوجامەی خەڵکدا خۆیان شاردووەتەوە و ئابلووقەی خەڵکێکی جیاواز لەڕووی ئاینی و ئیتنی و نەریتەوە داوە و لەلایەن تویژاڵیکەوە بەڕیوەدەچێ کە، یەکگرتنی خەڵکەکە بەزۆرەملێ دەسەپێنێ و پێوەندیی هاووڵاتیبوون/ ناشناڵیتی بەسەر پێوەندیی خێزان و خوێندا زاڵ دەکات. جگە لەوانەش، یاسا و زمانێکی تایبەتیش دەسەپێنێ.

دەوڵەت هەتا نێزیکەی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر لەئارادا نەبووە. ئەوجا لەبەرئەوەی پێش داهێنانی نووسین هاتووەتە کایەوە، زانیاری دەربارەی چۆنێتیی هاتنەکایەیەوە تەومژاوییە، لەبەر ئەوەش، ئەو زانیارییانەی دەماودەم داکەوتوون و دواتر تۆمارکراون، زۆر بایەخدارن. لەوانەیە ئەو کەسانەی لەسەرەتای سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتدا ژیاون، هەستێکی ئەوتۆیان بە وەرچەرخان و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی ناو کۆمەڵگەکەیان نەکردبێ، بەڵام سەرگوزشتەی زۆرینەی کولتوورەکان باسی پێکدادانێکی گەورەی نێوان هێزی نێر و مێ دەکەن. لەو سەرگوزشتانەدا، بەردەوام نێرینە دەیباتەوە و زامەکانی سارێژ دەکا، وەلێ سارێژکردنی زامێکی نادیار. هەموو هونەر و لیتێراتووره دێرینەکانیش، بۆ پاساودانەوەی ئەو سەرکەوتن و خۆ ڕزگارکردنانەی نێرینە داڕێژراون. لێرەدا ئەو پرسیارانە دێنە گۆڕێ، ئایا لە سەردەمێکدا پیاوان کۆیلەی ئافرەتان بوون؟ ئایا مێسالاری بوونی هەبووە وەک پیاوسالاریی ئێستا؟ یان زامێکی دەروونیی پیاوان ئەو سەرگوزشتانەی هەڵبەستووە؟ هەندێک لیتێراتوور و هونەریش ئاماژەی ئەوە دەکەن کە، حوکمڕانی سەردەمێک، ئابڕووی حوکمڕان و هونەری پێش سەردەمی خۆی بردووە، دەبێ ئەوە بزانین کە، ئەو فەرهەنگە دێرینانەی وەبەر دەست کەوتوون، زۆر بەزیادەوە باسی سەردەمەکەی خۆیان دەکەن. خۆ ئێستاش هەر وەهایە، هەر ڕیژیمێک دێ حەیا و نامووسی ئەوی پێش خۆی دەبا و خۆی بەجوانترین شێوە دەخاتە پێش چاوان.

وەک مرۆڤ، دەوڵەتیش کۆتایی ژیانی هەیە. زۆر دەوڵەت لە سەردەمانێکدا لەئارادا بوون، ئێستا زۆربەی خەڵک هەر ناویشیان نەبیستوون، بۆ نموونە، ئۆگاریت و بابیلۆس. وڵاتی بەهێزی وەک ئاسوور، یان خاوەن کولتووری شارستانێتیی وەک "ئەسین" هەریەکە و لە سەردەمێکدا لەڕووی زەمین ئاوا بوون. لێ ئەو خەڵکانەی لەو سەردەمانەدا ژیاون ئاگەداری ئەوە نەبوون.

لەم بەشەدا کە باسی جێندەرە لە سەردەمی دەوڵەت و شارستانە دێرینەکاندا. تێڕوانین بۆ دەوڵەت لە یەک دوو، گۆشەنیگای جیاوازەوە، بەپێویست دەزانم:

گراهام کۆننا: دەوڵەت وەک کۆمەڵگەیەکی خاوەن چینایەتی باس دەکا کە، ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان، کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان، یان سەرچاوە سەرەکییەکان و مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەن، بەردەوام یەکەمین مەبەستی حوکمڕانەکانیش، مانەوەی دەسەڵاتەکەیانە نەک خێروخۆشیی هاووڵاتیانیان. (ئەم شێوە دەوڵەتە زیاتر لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری دەچێت... نووسەر).

مێژووناسان: دەوڵەت وەک کۆمەڵگەیەک دەناسن کە، دامودەزگە/ ئینستیتووتی دەوڵەتی ناوەندی "مەرکەزی" و ڕێکخراوی خاوەن پێشەی جیاوازی هەبێت.

جگە لەو بڕوایانەی پێشتر باسمان کرد دەربارەی سەرهەڵدانی دەوڵەت، هەندێک وای بۆدەچن گوایە دەوڵەت لەئەنجامی پێکدادانی چینە ناهاوتاکانی ناو کۆمەڵگەدا هاتبێتە کایەوە و بەسەرکەوتنی لایەنێک شکاوەتەوە و بووەتە حوکمڕان. بێگومان ئەو کۆمەڵە سەرکەوتووە دەبێ زۆردار بووبێ بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێ. هەندێکیش لەو بڕوایەدان کە دەوڵەت، لەئەنجامی بڕیاری یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی چەند گرووپێکدا بووبێ لەژێر دەسەلاتێکدا، بۆ وەدەستهێنانی سوودی ئابووری و سەربازی.

هەتا ئێستا لێکۆڵینەوکان وایان دەرخستووە کە دەوڵەت بۆ یەکەم جار، لە میسر یان لە خاکی ناو دووئاوان "مێزۆپۆتامیا" سەری هەڵدابێ. لێ بەداخەوە چۆنیەتیی سەرهەڵدانی دەوڵەت لەو وڵاتانەدا ئاشکرا نییە. ئەوەی زیاتر ئاشکرایە و لێکۆڵینەوەی لەسەرە، سەرهەڵدانی دەوڵەتی "ئینکا"یە لە ناو چیاکانی وڵاتی "پیروو"دا لە باشووری کیشوەری ئەمەریکا. شایانە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سەرهەڵدانی ئیمپڕاتۆریای ئینکا، لاساییکردنەوەی هیچ دەوڵەتێکی دیکە نییە، لەبەر ئەوەی لە ناوچەیەکی تەواو دابڕاو لەباقیی دنیادا سەری هەڵداوە. هەرچەندە چۆنیەتیی سەرهەڵدانی دەوڵەت ئاشکرا نییە وەلێ لێکدانەوەی لۆجیکانەی بۆ کراوە. بەپێی ئەو لێکدانەوانە، کاتێک خەڵکی دەستیان داوەتە بەرهەمهێنانی خۆراک و گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە زیادەکەی کەندوو/ دابکەن، ژمارەی مرۆڤ زۆر بەزوویی زیادی کردووە، لەنێوان ساڵانی "٨٠٠٠ تا ٣٠٠٠"ی پێش سەردەمدا، ژمارەی مرۆڤ لە ٦ ملیۆنەوە گەیشتووەتە ٥٠ ملیۆن و خەڵکانێک لەنێو شاراندا ژیاون کە سەرژمێریان ١٠ هەزار و ٥٠ هەزار بووە. لەشارەکاندا خەڵکی کۆمەڵێک بیر و ستراکتووری نوێی داهێناوە کە دواتر ناوی نراوە شارستانێتی civilization کە لە وشەی سیڤیتاس "civitas"ی لاتینی بەمانای "شار" وەرگیراوە. خەسڵەتەکانی شارستانێتی بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە: داکردنی خۆراک، سەرهەڵدانی توێژاڵی ئاینکار، دەسەلاتێکی ناوەندی، شارەزایان لەبواری جیاوازدا، سەرهەڵدانی چینی جیاواز، پەرەسەندنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بڵاوبوونەوەی نووسین، سەپاندنی باج و خەراج بەسەر جووتیاراندا، پێکهێنانی سوپا، دەزگەی کاری سۆشیالی و زیادبوونی ناهاوتاییی نێوان جێندەر – نێر و مێ.

زۆر بەجێی خۆی دەزانم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە مشتومڕێک لەنێو مێژوونووسانی ڕۆژئاواییدا لەسەر وشەی شارستانێتی، پەیدا بوو و ئێستا زۆرێکیان خۆیان لەو وشەیە لادەدەن و لەجیاتی ئەوە زاراوەی کۆمەڵگەی ئاڵۆز "complex society" بەکار دەهێنن، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمی تازەدا مێژوونووسەکان زاراوەی ناشارستان "uncivilized"یان بەکار دەهێنا بۆ جیاکردنەوەی کۆلۆنییەکان. جگە لەوەش ئەمڕۆ بۆچوونی جیاواز دەربارەی شارستانیەتی لەگۆڕندایە. سەردەمانێک بڕوا وەها بوو کە شارستانێتی بریتییە لە سەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر سروشتە دڕندەییەکەیدا. ئێستا زۆر کەس دەپرسێ، ئەگەر مرۆڤی شارستان لە مرۆڤی سەردەمی ژیانی چنینەوە و کۆکردنەوەی خۆراک و ڕاوکردن، بەتایبەتیش لەئاستی نایەکسانیی سۆشیالی و

ئەو هەمــوو جەنگ بەرپاکردنەدا درندەتر بێ، هیچی لەو باشـتر نییە، ئیـدی شـارسـتانیـەتی چ مانایەک دەبەخشێ؟

ئەوەی هەتا ئێستا ئاشکرایە، ژیانی شار لەنێزیکەی ٣٥٠٠ی پێش سەردەم لەگوێ ڕووبارەکانی دەجلـە/ دیجلە و فـورات و نیل و هەروەها لە دۆڵەکانی پاکسـتانی ئێسـتا و دواتریش لەگوێی ڕووباری هوانگ لەچین و زۆر دواتر لەکیشوەری ئەمەریکاش لە مەکسیک لەساڵی ١٣٠٠ی پێش سەردەم دەستی پێ کردووە.

## دەوڵەتی ئینکا و جێندەر[1]

کۆمەڵگەی "ئاندیان" ئەو کۆمەڵگەیەی وەک ئینکا ناوبانگی دەرچووە و شارستانێتییەکی ئاڵۆز "complex"ی لەچیاکانی وڵاتی پیروودا پێکەوە ناوە و بەناوبانگیش بووە بۆ دەوڵەمەندیی زێڕ و هونەری زێڕینگەری. پێش داگیرکردنیان لەلایەن ئینکاکانەوە، ناوچەکە لە کۆمەڵگەیەکی ئیگالیتاری خزم و کەسوکاری "خزمخوێنی"دا ژیاون کەپێیان گوتووە "ئایللو – ئایلو" لەو ئایلووانەدا هەموو کەسێک مافی خاوەنێتیی زەوی و ئاژەڵ و بەشەئاوی هەبووە. هەموو کەسێک داخوازییەکانی ژیانی دابین کراوە. ئیشوکاری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی سادە و ئاسان، بە ڕەچاوکردنی سێکس و تەمەن لەنێو خۆیاندا دابەش کردووە. کاری هەردوو لایەنی نێر و مێ، تەواوکەری یەکدی بوون و بۆ ئایلووەکەیان گرینگ بووە، هەموو کەسێک هەستی کردووە بوونی پێویستە بۆ خێزان و ئایلووەکەی. لەو کۆمەڵگەیەدا، پێناسەی هەر کەسێک لەسەر بنەمای جێندەر بووە، بەواتەی کوڕ کوڕی باوک و کچیش کچێ دایک، وەلێ بنەماڵە لە ڕێگەی دایکەوە ناسراوە. ئەو ئیشوکارانەی ئافرەتان کردوویانە لە بەخێوکردنی منداڵ، تەشی ڕستن، چێشتلێنان، ئاوهێنان و شوانکاری و... هتد، بەهاوکاریکردن لەئایلودا ناسراوە نەک بەخزمەتگوزاریی باوک و برا و مێردەکانیان. پیاو بەشێوەیەکی سەرەکی کاریان خاک کێڵان، دروستکردنی خانووبەرە، ڕاکێشانی جۆگەی ئاو و سەربازی بووە، هەموو ئەو کارانەش چ ژن چ پیاو کردوویانە بەئامرازی دروستکراوی دەستی خۆیان ئەنجامیان داوە.

لە هەندێک نەریتی ئاینیدا پیاوان ڕێزێکی تایبەتییان لێ گیراوە، ئەویش بۆ سەرکەوتنیان بووە لەجەنگدا. ئەوەی شایانی باسە دوای سەرکەوتن و داگیرکردنی ناوچەیەک، خۆیان نەکردووەتە خاوەن خاکە داگیرکراوەکەیان دانیشتووانی ناوچە و بەرهەمەکانیان. ئاندیانەکان، یەک زمان نەبوون بەڵکو بەچەند زمانێکی جیاواز دوواون، لەبارەی ئاینیشەوە هەروەها.

ئینکاکانی کۆسکۆ هەتا سەتەی پازدەش تیرەیەکی ئاندیانەکان بوون، لەو سەتەیەدا دەستیان داوەتە پەلاماردان و داگیرکردنی ناوچەکە بەشەڕ و شۆڕ و هەروەها لەڕێگەی دیپلۆماسیشەوە. زۆری نەبردووە ئیمپراتۆریاکەیان، لەباشووری کۆلۆمبیاوە هەتا باکوری ڕۆئاوای ئەرجەنتین خۆی ڕاکێشاوە.

دوابەدوای ئەو داگێرکارییە گۆڕانکاریی سیاسی و ئایدیۆلۆجیای تازە هاتوونەتە کایەوە. لێرە بەدوواوە ئەوەی لەتیرەی ئینکا بووە، بووەتە خاوەن شکۆ (خانەدان) ئەوانەی خانەدان نەبوون، بەواتەی لەتیرەی ئینکا نەبوون بوونەتە سەپانی خانەدانەکان، بەواتەیەکی دیکە، جۆرە چینایەتییەک سەپێندراوە چینی دەسەڵاتدار یان ئیلیت/ توێژاڵی دەسەڵاتدار و چینی ژێردەستە. ئینکاکان خۆیان کردووەتە خاوەنی هەموو شتێک، خەڵکی بەگشتی لەسەر جۆری ژیاریی خۆیان بەردەوام بوون، هەمان خاکیان کێڵاوە و ئاگەداری هەمان کۆمەڵە ئاژەڵیان کردووە، وەلێ دەبوایە بەرهەمی کارەکانیان لەگەڵ ئینکاکاندا بەشبکەن و سەردەمی ئایلووەکانیان ڕۆژی لێ ئاوا بووە.

ئینکا: وەک دەوڵەتێک، وڵاتەکەی دابەش کردووە بەچوار هەرێم و، بەدەستێکی پۆڵایین لەگەڵ هەر سەرکێشییەکدا سەری هەڵدابێ جووڵاوەتەوە. ئەو گوند و شارگوندانەی سەرکێشییان کردبێ، ئاوارە کراون، ئافرەتەکانیان لێ زەوتکراوە، ئەگەر ئەوەش ملی پێ شۆڕ نەکردبن ئەوا سەرکردەکانیان لەناوبردوون.

ئینکاکان خۆیان کردووەتە خاوەنی هەموو شتێک بەخەڵکەکەشەوە. بۆ جێگیرکردنی خۆیان هەموو ڕێگەیەکیان گرتووەتە بەر، لەوانەش بەکرێگرتنی جاش و بەرتیل و بەخشینی پلەوپایە بەوانەی لەخزمەتیاندا بوون.

بۆ لەناوبردنی یەکسانیی جێندەر کە لەکۆمەڵگە داگیرکراوەکاندا باو بووە، ئینکاکان پیاویان کردووەتە نوێنەری خێزان بەرامبەر دەوڵەت و پیاوێک هاوسەری هەبووبێ، سەربازیان ناوناوە و هاوسەرەکانیشیان بەژنەسەرباز ناوبردوون. لێرەدا دەبێ هەست بەوە بکەین کە پیاو و چەک پێکەوە لکێنراون، پیاوان بەتایبەتی ئەوانەی ئینکای ڕەسەن بوون، بەواتەی، دایک وباوکیان ئینکا بووە یان ئەوانەی نیوەئینکا بوون لەلایەنی باوکەوە، پلەوپایەی گرینگیان پێ دراوە وەک حوکمڕانی ناوچەیەک یان دادوەر... هتد. وەلێ لەبەر ئەوەی ئافرەتان وەک سەرباز ڕەچاو نەکراون، بەشایەنی ئەو جۆرە پلەوپایانەیان نەزانیون، ئافرەتان دەبوایە لەش و بەرهەمی کارەکانیان بدەنە سەردارەکانیان کە هاوسەرە پیاوەکەیان بووە. لەمانەش بەولاوەتر هەڵبژاردنی ئافرەتان بووە لە "ئایلو"ەکاندا بۆ ئەوەی ببنە ژنی "ڕۆژ" کە خواوەند بووە لایان. بۆ ئەو مەبەستە لەئایلووەکاندا کیژۆڵەی جوان و زۆر منداڵیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی گەرەنتیی ئەوە بکات کچێنیی لەدەست نەداوە، زۆر جاریش ئەوانە کیژی سەرکردەی ئایلووەکان بوون، ئەو کیژانە ناونراون "ئەکلاس acl-las" یان "مامەکۆنا mamaconas" و لەلایەن دەلالّی تایبەتی دەوڵەتەوە هەڵبژێردراون و لەخێزانەکانیان دوورخراونەوە و بردوویانن بۆ شوێنی تایبەت و لەوێ پارێزگاریی جەستەیان کردوون و فێری ئەوەی ناویان ناوە "کاری ژنان"یان کردوون، وەک گرتنەوەی بیرە "چیچا" و چێشت لێنان و تەشی ڕستن. ئەو پەروەردە تایبەتییە، بۆ سێ مەبەستی سەرەکی بووە، یەکەم، بۆ ئەوەی وەک کیژێک بەردەوام لەخزمەت ئایندا بێ، دووەم، بۆ ئەوەی ببنە ژنی دووەم یان دۆست و قەپاتمەی دەسەڵاتداران و دەست و پێوەندەکانیان. سێیەمیش، ئەگەر ئەو کچانە لەئاستی فیزیکی و مۆڕالیدا

بێگەرد بوونایە، لە هەندێک بۆنەی تایبەتی و گرینگی دەوڵەتدا دەکرانە نەزر "قوربانی". (لە ئیمپراتۆریای ئینکادا داگیرکاران درێژەیان بەدەسەڵاتەکەیان داوە بە زۆرەملێ لێکردنی گوندنشینەکان بۆ ئەوەی پاکیزەیان بدەنێ بۆ خزمەتی دەوڵەت و هاوسەرێتیی پیاوە خانەدانەکان. ئەم دەستوەردانەی نەریتی جنسی و مارەبڕینەی داگیرکاران لە دوو سەرەوە پێشێلیی پێکهاتەی خزمایەتیی کردووە و کەسانێکی دیار کردووە هاوکاری لەگەڵ داگیرکاراندا بکەن. هەمان شێوە کرداریش لە مێزوپۆتامیادا دەبینین، کە شارە داگیرکراوەکان کاول دەکەن، پیاوەکان دەکوژن و ژن و منداڵەکان بە کۆیلە دەبەن.)... گێرڕدا لێرنەر ل٥٨.

لە دەوڵەتی ئینکادا، بەشێک لەپیاوان بەپێی هاوکارییان لەگەڵ دەسەڵاتدا خەڵات کراون، ئافرەتیش نەک هیچ خەڵاتێک نەکراوە بەڵکو وەک کاڵایەک بۆ خزمەتی پیاو هاتبێتە کایەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە لەبەرئەوەی وەک سەرباز سەیر نەکراوە.

لەو گوندانەی ئینکاکان داگیریان کردوون، مارەبڕیی بەکۆمەڵیان هێناوەتە ئاراوە، لەو کاتەشدا دایک و باوک بڕیاری مارەبڕیەکەیان داوە بەمەرجی ئەوەی بەمۆڵەتی پادشا بووایە. ئەم سیستمی مارەکردنە سەپاندنی نەریت و شێوەی کۆنترۆڵی ئینکا بووە بەسەر ئافرەتاندا و بەسیاسەتکردنی سێکسیش بووە.

ئەندیانەکان، پێش دەوڵەتی ئینکا وەک هەر کۆمەڵگەیەکی هۆرتیکولتوورکار، کچێنیی مێیینە هیچ گرینگ نەبووە بەلایانەوە بەڵکو هاندەری سێکس بوون لەبەرئەوەی توانی کیژانی لەبەرهەمهێنانی منداڵدا ئاشکرا کردووە پێش هاوسەرگیری. وەلێ دەوڵەتی ئینکا کۆنترۆڵی سێکسواڵێتیی ئەکلاسەکانی کردووە، ئەوانە حەرام بوون لەهەموو پیاوان جگە لەپیاوی ئینکا و ئەوانەی لەخزمەتیاندا بوون.

ئەو خێزانانەی کیژەکانیان کراونە ئەکلاس، پێوەندیی سروشتیی خێزانەکەیان تێک چووە، ئەکلاسێک کە لەگوندەکەی دوورخراوەتەوە لەوانەیە جارێکیتر نەدیترابێ و کوژرابێتیش.

بۆ بۆنەی فیستڤاڵی دەوڵەت لە ڕێزگرتن لەرۆژ، کچە ئەکلاسەکان لەچوارقوڕنەی وڵاتەوە ڕاپێچی پایەتەخت "کوسکۆ" کراون.

هێرناندێز پرینسیپ: لەسەردەمی داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە. باسی سەربڕینی ١٠٠ هەزار سەر "لاما"* و بەچاڵکردنی چوار کیژی زۆر جوانی تەمەن نێوان "١٠ و ١٢ ساڵ"ی گێڕاوەتەوە کە لەسەتەی حەڤدەدا بەو بۆنەیەوە بینیوێتی.

ئەگەر گوندێک لەڕووی حوکمڕانی ئینکاکاندا وەرگەڕابێ، بەلەدەستدانی ئافرەتاکانیان سزایان داون. بەواتەیەکی دی، ئافرەت، مانایەکی سیمبۆڵیی هەبووە کە پیاو نەیبووە، ڕاگواستنی ئافرەتان لەبارەی ئابوورییەوە سوودمەندتر بووە لەکوشتنی پیاوەکانیان، وەک باو بووە لەلایەن هێزە زاڵبووەکانەوە.

**میسری دێرین و جێندەر**

هەتا ئێستا لێکۆڵینەوە لەسەر سەرهەڵدانی دەوڵەت وای دەرخستووەکە، یەکەم جار لە وڵاتی میسر و لەدەوروبەری ڕووباری نیل سەری هەڵدابێت. ئەمەش تیۆرییەکی پشتبەستە بەهەندێک دۆزراوەی ئارکیۆلۆجی و سروشتی هەڵچوون و دامرکانەوەی ڕووباری نیل و کەشوهەوای دەوروبەری ڕووبارەکە. بەپێی ئەو تیۆرییە، ڕووباری نیل لەهەڵچوونی ساڵانەیدا، لیتاوێکی دەوڵەمەندی فرێداوەتە ڕۆخەکانی خۆی و، بەهۆی کەشوهەوا گەرمەکەشیەوە توانراوە ساڵی دوو تا سێ جاران زەوییەکان بەرهەم بدەن. لەبەر ئەوەی وڵاتەکەش بەبیابان دەورەدراوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە شەڕوشۆڕ دوورەپەرێز بووە.

ئەو پاشماوە ئارکیۆلۆجییانەی باکوری میسر کە دەگەڕێنەوە بۆ پێنج تا شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر ئاماژە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئیگالیتاری دەکەن، ئەم بۆچونەش لەوێکچوونی شێوەی دروستکردنی خانووبەرە و داکردنی خۆراک و گۆڕەکاندا هەڵێنجراوە. لەباشووری میسردا، بەشێک لەگۆڕەکان، خشل و ئامرازی زۆرتر و باشتریان تێدا دۆزراوەتەوە، گوایە ئەمەش ئاماژە بۆ جیاوازیی پلە و پایە دەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی هۆرتیکوڵتوور توانی بەرهەمهێنانی خۆراکی زێدەلەخۆی نییە، لەبەر ئەوە لێکۆڵەران لەو بڕوایەدان، کۆمەڵگەکانیان لەلایەن پیاوێک یان کۆمەڵێک پیاوی مەزنەوە برابێتە ڕێوە.

لە کۆمەڵگەی پیاوی مەزندا، هەر مەزنێک ویستوویەتی بەرهەمی زۆرتری هەبێ بۆ ئەوەی بەدیاری بیدا بەهەندێک کەس، ئەوەش بەئومێدی کۆکردنەوەی زۆرترین خەڵک لەدەوری خۆی. لەکۆمەڵگەی پیاوی مەزندا وەکو کۆمەڵگەی "تیلینجێت" کە نیشتەجێی ئالاسکان لەباکوری ئەمەریکا، پیاوان ناسراوترن و پلەیەکی گرینگتریان هەیە. ژنانیش بەئەندازەیەکی زۆر بەشداری لەهەموو شتێکدا دەکەن و سەربەخۆن و خاوەن دەسەڵاتیشن.

وێنەکارییەکان دەری دەخەن هەتا سەردەمێکی درەنگی میسر، پیاوان لەکارکردندا هاریکاری یەکدی بوون. لێ لەکۆتایی میلینیۆمی چوارەمی پێش سەردەمدا لەناکاو، وێنەکان لەکاتی هەڵکەندنی جۆگەی ئاودا یان کوشتنی نەیارێکدا، یەک پیاو لەسەروو هەموو پیاوانی دیکەوە دەردەخەن.

دوابەدوای ئەوەش بەماوەیەکی کەم، وشەی "فێرۆ" بەواتەی فیرعەون، کە لە وشە ڕەسەنەکەی "پرۆوا" وەرگێراوە و، مانای ماڵی مەزن دەبەخشێ و ئاماژەیەکە بۆ پادشا، هاتووەتە کایەوە. هەتا ئێستا نەزانراوە بۆ ئەو پێکهاتە سۆشیالییە گۆڕدراوە. سکۆلارەکان تیۆرییەک پەسند دەکەن گوایە، پیاوە مەزنەکان کەوتبنە بەربەرەکانێی یەکدی و خۆ چەکدارکردن، بەڕای منیش ئەمە تیۆرییەکی زۆر لۆجیکانەیە، ئەوەتا هەتا ئەوڕۆش لەناو کۆمەڵگەی جۆیجۆیدا، لەوانەش کۆمەڵگەی کوردەواریی خۆمان، لەپێناو دەسەڵاتدا ئەو هەڵسوکەوتانە زەق و ئاشکران.

ئاین لەژیانی گوندنشینانی دێرینی میسردا زۆر گرینگ بووە، هەر گوندە و پەرستگەی تایبەتی ئێزدانی خۆی هەبووە، لێ ڕۆڵی کاریگەری ئاین لەسەر ئاستی ئافرەتان لەکۆمەڵگەدا هەڵدەگرین بۆ بەشی تایبەت بەئاین. سێ هەزاران ساڵ پێش سەردەم، وڵاتی میسر لەژێر سەرداریەتیی "فێرۆ"یەکدا یەکخراوە، فێرۆ/ فیرعەونەکە، وای دەرخستووە لەلایەن ئێزدانەوە ئەو پلەیەی پێ دراوە. بڕیارەکانی فێرۆ بەردی بناخەی حوکمڕانیی دەوڵەت بوون، لە ڕاستیدا فێرۆ دەوڵەت بووە، ئەو کۆنترۆڵی ئاینی کردووە وەک سەرکردەی هەموو کەڵتە ئاینییەکان و ژنەکەشی ڕۆڵی سەرکردایەتیی زۆربەی کەڵتە ئاینییە گرینگەکانی هەبووە. وا دەر دەکەوێت لە میسریش وەک زۆربەی دەوڵەتە دێرەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین، مافی گەیشتن بەتەخت و پیرۆزمەندیی ئاینیش لە ڕێگەی مێینەی خێزانی پادشاکانەوە گواسترابێتەوە، بۆیە زۆر جار سەرکردە میلیتارەکان کەژنەکانیان لەخیزانی پادشاکان بووە کچەکانی خۆیان یان خوشکی خۆیان مارە کردووە، بۆ ئەوەی تەلاری شاهانە بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، بۆ نموونەش کوڕی کۆڕشی هاخامەنشی دوو خوشکی خۆی مارە کردووە.

لەسەردەمی دەوڵەتە کۆنەکانی میسردا، ٢٧٧٠ – ٢١٨٢ پیش کاتی سەردەم و تا پێنج سەتە دواتریش دەوڵەت و کڵێسەیەک بوون و لێک جیانەکراونەوە. فێرۆ، سەرۆکی ڕەوانیی ئاین بووە، لە ڕاستیدا هەر لەڕیزی ئێزداندا بووە و کۆمەڵێک ڕاوێژکاری ئاینی دەوری داوە و یەک لەوانە خوشکە بەمێردەکەی بووە. بەماوەیەکی زۆر کەم لەدرووستبوونی دەوڵەت چینایەتی لە کۆمەڵگەی میسریدا بەزەقی وەدیار کەوتووە. بێگومان فێرۆ و خێزان و خزمەکانی "خاوەن شکۆ"کان و پلە و پا بڵندەکانی دەوڵەت و قەشەکان لەسەروو هەمووانەوە بوون، لەژێر ئەوانیشەوە حوکمڕانی ناوچەکان و ئەوجا چینی ناوەند و لەژێر هەمووانیشەوە هەر وەک ئێستا چینە هەژارەکە بووە کە ئەوکات بەزۆری جووتیاران بوون. کۆمەڵگەی میسر لەو سەردەمەدا پاتریلینیالی بووە وەلێ ئافرەتان ڕێزیان لێ گیراوە، لەمافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکان و شایەتیدان لەدادگەکاندا و لە خاوەنێتیدا هاوتای پیاوان بوون. وەک پیاوان میراتیان بۆ ماوەتەوە و دوای شووکردنیش سەربەست بوون لە مامەڵەکرندا بەخاک و سامانی خۆیان. مێرد دەبووایە لەگرێبەستی هاوسەربووندا بەڵێنی یاریدە و قەرەبووکردنەوەی ژنەکەی بدایە ئەگەر هات و جیابووەوە.

لە ناونانی منداڵدا دایکانیش قسەیان وەرگیراوە و کچانیش بۆیان هەبووە لەسەر کار و کاسبیی باوکیان ڕۆنیشن. چینی شکۆدار "ڕۆیاڵ" نەبێ بەگشتی کۆمەڵگەی میسری لەو سەردەمەدا مۆنۆگەم بووە. لەگەڵ ئەوەشدا پیرۆزمەندی و جێگریی فێرۆ لە ڕێگەی مێینەوە داکەوتووە کەچی زۆربەی فێرۆکان نێرینە بوون، جێگری فێرۆکان بەردەوام نەوەی ژنە گەورەکەی بوون. ژنە گەورەی فێرۆ، گەورەترین پلەی ئاینیی هەبووە لەناو کەڵتە مەزنەکاندا و سەرپەرشتیی هەموو زەویوزار و خزمەتگوزارانی کڵێسە و شوێنە ئاینییەکانی کردووە، کەڵتە ئاینییەکان خاوەنی

سـامـانێکی گـەورە بوون. گـەورەژنی فـێـرِۆ لەکـۆشکێکی دوور لە فـێـرِۆ و حــەرەمــەکــەی ژیاوە بەژمارەیەکی زۆریش لە دەستوپێوەند و راوێژکار لە پیاوە گەورەی وڵات دەورە دراوە، بۆ دیدەنیی ژنەگەورەی دەبووایە فێرِۆ بۆ لای برِۆیشتایە.

بارِبرەلیسکۆ، دەڵێ لە تۆمارکراوی بەدەست کەوتووی ناوی فێرِۆکان و دایکیان، دەرکەوتووە کە هەندێک لە فێرِۆکان مێینە بوون. فێرِۆ "نیتۆکیرتی" سەردەمی کۆتایی پادشایی کۆن بەجوانترین و ئازاترین ژنی ئەو ســەردەمــە ناوبراوە، هـەروەها دەڵێ پێنج تا شــەش ژن لـەو ســەردەمــەی کــە ناودەبرێ بەسـەردەمی پادشاییی کۆنی مـیـسـر، "فـێرِۆ" بوون. هەر لەو سـەردەمـەشدا ئەو ژنانەی لەدەرەوەی مـاڵ کاریان کردووە، بەهای کـاریان هاوتای بەهای کـاری پیـاوان بووە. وێنە و نەخش و نیگارە کێشراوەکانی ناو هەرِەمەکانی میلینیۆمی سێیەمی پێش سەردەم دەریدەخەن کە ئافرەتان لە هەموو بووارەکانی ژیاندا وەک پیاوان کارابوون.

لێکۆڵەران گـەشـتـوونـە ئەو ئەنجـامـەی کـە لە دەوروبەری کـۆتایی مـیلینیـۆمی سـێـیـەمـی پێش سەردەمدا کە لەلایەن مێژووناسانەوە بەسەردەمی پادشایی کۆنی میسر ناسراوە، فێرِۆکانی میسر پشتگیری خانەدانە ناوچەییـەکانیان کردبێ لەسەپاندنی باجی قـورس بەسـەر دانیشتـوواندا، هـەر لەو سەردەمـەشدا بۆ هـەر هۆیەک بووبێ نەهامەتی بەروبوومی کشتوکاڵی بەسـەر وڵاتەکەدا هـاتووە بەبۆچوونی لێکۆڵـەران ســەپاندنی باجی گـرانتــر، بووەتە هـۆی بەرپابوونی شـــەرِ و ئـاژاوە لە وڵاتەکەدا. لە کـۆتاییدا بنەماڵەی خـانەدان "تیبیس" سـەرکەوتوون و پادشاییی خـۆیان دامەزراندووە کە بەسەردەمی پادشایی ناوەند لە میسردا ناسراوە.

فـێـرِۆکـانی سـەردەمی ناوەندی مـیـسـر، بۆخـۆیان خـانەدان بوون، سـوودیان لـەمـێـژووی خـۆیان وەرگـرتووە و سیسـتـمێکی تازەیان دامـەزراندووە بۆ ئەوەی، خانەدانەکان نەتوانن هێندە دەسـەڵات پەیدا بکەن لەدەوڵەتی ناوەند وەرگەرِێن، لەجیاتی ئەوەی پاداشتی خانەدانەکان بەزۆرکردنی مڵک و زەویوزار بدەنەوە، کـردوویاننـە حـوکـمـرِانی ناوچەیـەک و هـەر کـاتێکیش لێـیـان رِازی نەبووبن لایانداون.

لەو سەردەمە تازەیەدا، پیاوان دەسەڵات و کاری سەرەکیی ئاینییان لەدەست ئافرەتان دەرێناوە، لێ زۆر مافی دیکەی ئافرەتان پارێزراو بووە، وەک مافی خاوەنێتی، بازرگانی، سەرپەرشتیی زەوی و سـامـان و کـەنیزە و رِەنجـبـەر و کـۆیلە... هتـد. ئافـرەتان توانیویانە وەسیـەتی خـۆیان بکەن و واژووی گـرێبـەسـتی مـارەبرِین بەناوی خـۆیانەوە بکەن، کـۆیلە ئازادبکەن و خـەڵکی بەرنە دادگـە. لەبەتاڵکردنەوەی هاوسـەرێتـیـدا سـزایەک خـراوەتە سـەر داواکـار. ئافـرەتان لـەو سـەردەمــەدا لەئاستێکدا بوون توانیویانە پارە بەقازانج بەهاوسەرەکانیان بدەن یان منداڵەکانیان بێبەری بکەن. نامە و فۆرِمی فەرمیی ئەو سەردەمە کە بەردەست کەوتوون، ئاماژە بۆ ئافرەتان ناکەن وەک ژن یان کچی فـلانە پیـاو، بگرە بەناسنامـەی "نب. ت، پرِ" بەواتەی خـانمی مـاڵ یان "نەهن نیووت" بەواتەی مـێینـە هـاووڵاتی، یاخـود بەناونیـشـانی ئەو کـارانـەی کـردوویانـە ناوبراون وەک وەسـتـا فـلان. ئەو

داینەستییەی بە "داینەستی ناوەندی میسر" ناسراوە لەژێر هێرشی "هیکسۆس"ەکانی ڕۆژئاوی ئاسیادا ڕووخا و وڵاتەکە کەوتە ژێر دەستی بیانییەوە. بۆ دەرکردنی بیانییان، ماوەیەک شەڕ و ئاژاوە سەرانسەری وڵاتەکەی تەنیوە، لێ ئەو کەسەی هەموو میسرییەکانی یەکخستووە و وڵاتەکەی لەدەستی هیکسۆسی بیانی ڕزگار کردووە، شۆڕەژنێک بوو بەناوی "ئاهۆتیپ". ئەو خاتوونە دوای کوژرانی کوڕە گەورەکەی لەشەڕدا، توانیویەتی هەموو هێزەکانی میسر یەکبخاو هیکسۆسەکان لە وڵاتەکە وەدەرنێ. لەساڵی ١٥٦٠ی پێش سەردەمدا. ئامۆس: کوڕی ئەو شۆڕەژنە، داینەستی بنەماڵەی هەژدەهەمی میسری دامەزراندووە.

هەژدەیەمین داینەستی میسری سەردەمێک بووە چەندان ژن تیایدا درەوشاونەوە و فیڕۆی وڵاتە کەبوون. "هاتشیپسوت"ی ژنی فیڕۆ لە ڕێگەی بنەماڵەکەیەوە بۆ فیرۆیی لە مێردەکەی لەپێشتر بووە، دوای مردنی مێردەکەی، بەیاریدەی هەندێک لە وەزیرەکان و پیاوی دەسەڵاتداری وڵاتەکەوە لەجیاتی کوڕە بچکۆلەکەی لەسەر تەخت دانیشتووە. ئەو فیڕۆیە لەشکری میسری پتەو کردووە بۆ بەرگریکردن دژی هێرشبەرە ئاسیاییەکان و جل و بەرگی پیاوانەی پۆشیوە و سەرکردایەتیی لەشکرکێشیی بۆ دابینکردنی تەناهی لەسەر سنووری باشووری وڵاتەکەی کردووە. بەئاڵوگۆڕیی بازرگانی ئابووریی وڵاتەکەی بەرز کردووەتەوە، بایەخێکی زۆری داوە بەنوێکردنەوەوی شوێنەوارەکان و درووستکردنی کۆشک و کڵێسەی نوێ، کڵێسە بەناوبانگەکەی گۆڕستانی "دیر البحری" یەکێکە لەوان و تاکە مۆنومێنتی دێر و گرینگە بۆ شکۆمەندیی ژن دروستکراوە و هەتا ئێستا بەپێوە ماوە.

هاتشیپسوت، زڕکوڕەکەی خۆی" توتمۆس"ی سێیەمی کردووەتە سەرکردەی سوپاکەی و وێنەی ئەویشی لەتەنیشت خۆیەوە لەسەر دیواری مۆنومێنتەکان کێشاوە، وەلێ دوای مردنی، کوڕەکەی پاداشتی دایکی بە کوژاندنەوەی وێنەکانی لەسەر دیواری مۆنومێنتەکان داوەتەوە... مێرلین فرێنچ بەرگی یەکەم ٨٠-٦٧.

لەژیانی شاژن هاتشیپسوت، دەتوانین دوو شت هەڵینجین، یەکەم، لەپێشی ٣٥٠٠ ساڵان لەمەوبەر لە کۆمەڵگەی میسریدا ڕۆڵی سەربازی و بەتایبەتی سەرکردایەتیی سوپا ناشایست بووە بە ژنان ئەگینا شاژن بەرگی پیاوانی نەدەپۆشی، دووەم، لابردنی وێنەکانی شاژن لەسەر دیواری مۆنومێنتەکان، پێمان دەڵی ژن نابێ هاوتای پیاو نێوداربێ. بەسەتەیەک دوای هاتشیپسوت، فیڕۆ "ئەخناتوون" ئاینی ڕۆژ پەرستیی لەمیسردا داهێنا، بەشێک لێکۆڵەر ڕایان وایە ئەو ئاینە لەداهێنانی خۆی بووە، وەلێ زۆر لێکۆڵەرانی ئاین، بەداهێنانی نازانن بەڵکو دەیگێڕنەوە بۆ هاوسەربوونی لەگەڵ "نەفەرتیتی" میرزادەی میتانی و لەخۆشەویستیی نەفەرتیتیدا، ئەخناتوون ئاینی ڕۆژپەرستیی میتانیی وەرگرتووە و لەحوکمڕانیشدا ڕاوێژی پێ کردووە. وەلێ ڕۆڵی ئافرەتان لەو سەردەمەشدا زۆری نەخایاندووە. ئەسپسواری و کاریۆت "عەرەبانە" کە هیکسۆسەکان بەمیسرییەکانیان ناساند، بووە خۆشەویستی ئیلیتی میلیتار.

ئەو سوپایەی بۆ دەرکردنی هیکسۆسەکان پێکهێنرابوو لەشوێنی خۆیدا مایەوە و دواتر بوو بەهێزی هێرشبەری دەوڵەتێکی ئێمپریالیستی و، سنوورەکەی گەیاندە ئاوی فورات لە ئاسیا و لیبیای ئێستا لە ئافریکادا. تالانی زێڕ و زیو و سامانی وڵاتان، لەسەرەتاوە داخوازی ئابووریی بەڕێوەبردنی سوپای دابین کردووە، لێ وەک هەر ئێمپڕاتۆریایەک کێشەی کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانی ئێمپڕاتۆریاەکە و دامرکاندنەوەی یاخیبووان داخوازی ژمارەیەکی زیاتری سوپا و دابینکردنی چەک بووە کە تەنیا بەباج و خەراجێکی گەورەتر لەسەر دانیشتووان دابین کراوە. لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا دەوڵەت خەڵکێکی زۆری بەکۆیلە گرتووە، کۆیلەپیاو توانیویەتی ببێتە سەرباز و لەکۆیلایەتی ڕزگاری ببێ، وەلێ ئافرەتی کۆیلە هیچ دەرەتانێکی نەبووە لە کارکردن لە کێڵگە و خزمەتکاری ماڵە خانەدان و سەما و گۆرانی چڕین لە مەیخانەکاندا.

زیادکردنی باج و خەراج لەسەر دانیشتووان دادی قەیرانی ئابووریی وڵاتەکەی نەداوە، کاتێکیش ناوچە داگیرکراوەکان هەستیان بەلاوازیی دەوڵەتی میسر کردووە لێی یاخی بوون، ئەوکاتەش میسر پێویستی بەسەرکردەیەکی بەهێز هەبووە، لەئەنجامدا "سەربازی بەتوان رامسیس"ی یەکەم، داینەستی خۆی دامەزراند. لێرە بەدواوە سەردەمێکی تازەی حوکمڕانی بیرۆکڕاتی میلیتاری لە دانیشتووانی وڵات و کۆیلەکان نەک لە کەسوکار پێکهاتووە و لە میسردا بەڕێوەبردنی دەوڵەت ڕوویەکی پڕۆفێشناڵی وەرگرتوە. پڕۆفێشناڵیش لە هەموو سەردەمێکدا و هەتا ئێستاش وەلانانی ڕۆڵی ژنانی لەخۆ گرتووە. لەوێ بەدواوە لە میسر دامودەزگەی دەوڵەت لەخزمەتگوزاری سیڤیلەوە هەتا ڕۆڵی ئاینی بوونە کاری پڕۆفێشناڵی. خزمایەتی ڕۆڵی سەرەکیی لەدەست دا. پێش سەردەمی رامسیس ژنانی خزمی خێزانی ڕۆیاڵ کە لە ئایندا ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە، جگە لە ژنی فێرۆ، باقییان هەموو دەسەڵات و ڕۆڵی دیاری ناو کۆمەڵگەیان لەدەست داوە. ژنەفێرۆکانیش کە لە سەردەمێکدا پەیکەرەکانیان وەک پەیکەری پادشا گەورە و مانای دەسەڵاتی دەبەخشی، لە داینەستی نۆزدەهەمینەوە بەرەو خوار ملی ناوە هەتا سەردەمی رامسیسی دووەم گەیشتووەتە ئەو ئاستەی پەیکەری ژنی فێرۆ لە ئەژنۆی فێرۆ بڵندتر نەبووە.

لەپەرستگەی ئاموون لە کەرنەک، پەیکەری ژنی رامسیسی یەکەم کە لەبەردەمیدا وەستاوە، سەری لەئاست و بەقەدەر سەری "چووک"ی رامسیسە.

پەیکەری کچی رامسیسی دووەم لە "ئەبو سیمباڵ" بەبچووکی لەناو لینگی باوکیدا درووستکراوە، پەیکەری کوڕەکانیشی بچکۆلەن، لێ لە تەنیشت باوکیانەوەن. بێگومان ئەو جۆرە پەیکەرتاشینانە سیمبۆڵین، سیمبۆڵیش نامەیەکی ئاشکرا یا نهێنی دەگەیەنێ، ئەمانە نامەیەکی ئاشکرای نزمیی ئاستی مێیینە دەگەیەنن. لیتێراتووری سەردەمی ئەو بنەماڵەیە وای دەگەیەنێ، ئافرەتان لەبارەی سێکسکردنەوە تا ڕادەیەک ئازاد بوون، یاسا وەک یەک سزای هەردوو لایەنی پیاو و ژنی بێ وەفای هاوسەرێتیی بەمردن داوە، بەڵام لە نووسراوەکاندا زیاتر کۆتایی کێشەی گزی سێکسی بەجیابوونەوە تۆمار کراون. کچێنی گرینگ نەبووە لایان و کچان بە ڕەزامەندیی

خۆیان دسەتبەرداری كچێنییان بوون لە جێژوانیاندا لەگەڵ خۆشەویستەكانیان. زانیارییەكان زۆر بەدەگمەن باس لە ڕێكخستنی بەهاوسەربوون، بەواتەی بەشوودان یان ژنهێنان دەكەن، ئەو باسەی هەشە، زامنی تەواوی ژیانی ژنانی كردووە دوای جیابوونەوەش هەتا ئەو ئاستەی پیاو بۆی نەبووە بێ ڕەزامەندیی هاوسەرەكەی "تەسەڕوف" بەماڵك و سامانەكەیەوە بكات.

وەك دەزانین هێرشی ئەسكەندەر ساڵی ٣٢٣ی پێش سەردەم كۆتایی بەو داینەستییەی كە بەسەردەمی پادشاییی نوێی میسر ناسراوە هێنا. لێ ئەسكەندەر زۆر نەژیا و دوای مردنی جەنەڕاڵەكانی سوپاكەی دوای پێكدادانێكی زۆر، هەندێكیان حوكمڕانیی خۆیان بەسەر بەشێكی ئیمپراتۆریاكەدا سەپاند.

جەنەڕاڵ "تۆلێمی" وڵاتی میسر و دەوروبەرەكەی بۆ خۆی پچڕی و لە ساڵی ٣٠٥ی پێش سەردەمەوە بۆ نێزیكەی سێ سەتە تۆلێمییەكان حوكمڕانی میسر بوون، سەردەمەكەشیان بەسەردەمی هێلێنیی میسر ناسراوە.

ئەو زانستەی دەربارەی جۆری ژیاریی وڵاتی یۆنان هەیە، بەزۆری زانیارییەكانی شاردەوڵەتی ئەتینا وێنایان كێشاوە. بۆیە وەهاش چاوەڕوان دەكرێ مەكدۆنییەكانیش هەمان شێوەكولتووری ئەسینییەكانیان هەبووبێ. ئەوەی زانراوە لە كولتووری ئەسیناییدا، ئافرەت بێ دەنگ و بێ وێنەش بووە، بەواتەی ژنە ئەسینی لەنێو چواردیواری ماڵدا بەند بووە و مافی ڕادەربڕینی لێ زەوتكراوە. لەخۆشبەختیی ئافرەتانی میسردا تۆلێمییەكان یاسای یۆنانیان بەسەر دانیشتووانی میسردا نەسەپاندووە، لەهەمان كاتیشدا ڕیژیمێكی ناوەندیی زۆر توندیان مەبەست بووە، ڕاستەوخۆ فەرمانڕەواییان كردووە و باج و خەراجیان لەسەر كاری، بازرگانی، خزمەتگوزاریی گواستنەوە، كارگە و... هتد، داناوە و بەم كارەش زۆر دەوڵەمەند بوون. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە ڕیژیمێكی ئەریستۆكراتییان بەڕێوە بردووە، ڕیژیمی ئەریستۆكراتیش، حوكمڕانی خێزانە و زۆر كات مێیینە تێیدا ڕۆڵ لە ڕامیاری و دەسەڵاتدا دەبینێ. لە سەردەمی تۆلێمییەكاندا زۆر ئافرەت دەسەڵاتدار بوون، یەك لەو ئافرەتانە (ئارسینۆ)ی كچی تۆلێمی یەكەم كە لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا دراوە بەشوو بەپادشایەكی دەوڵەمەندی ٦٠ ساڵە. ئارسینۆ، دوای مردنی مێردەكەی گەڕاوەتەوە میسر و شووی بەبراكەی خۆی كردووە و بووە بەژنی فیرۆ.

"بێرینیس"ی دووەم، فیرۆیەكی دیكە بووە لەگەڵ مێردەكەیدا هاوبەشی فەرمانڕەوایی كردووە، هەتا بەدەستی كوڕەكەی خۆی، تۆلێمی چوارەم كوژراوە.

ئێمە تەنیا ناوی یەك كلیۆپاترامان بیستووە، لێ ڕستەیەك كلیۆپاترا هەبون كلیۆپاتراكان زۆر دەوڵەمەند بوون. كلیۆپاترای سێیەم كودەتای بەسەر دایكیدا كردوە و شووی بەخاڵی كردووە و لەگەڵ هەردوو كوڕەكانیدا حوكمڕانیی كردووە.

لەنێوان هەموو ژنە بەناوبانگەكانی میسردا، تەنیا ناوی كلێۆپاترایەكمان بیستووە "كلیۆپاترای

حەوتەم" ئەویش وەک ژنەمارێکی سۆزانی و هەڵخلیسکێنەری پیاو کە مێژوونووسی ڕۆم "پلوتارخ-پلوتارک" بەئێمەی ناساندووە. کلیۆپاترا لەسەرەتاوە بەتەنیا حوکمڕانیی کردووە، دواتر لەگەڵ دوو برای کە یەک لەدوای یەک شووی پێکردوون و لەناوی بردوون و جارێکی دیکە بەتەنیا دەسەڵاتی گرتووەتەوە دەست.

لە ڕاستیدا ئەو کلیۆپاترایەی ئێمە ناویمان بیستووە، شەنگەسوار و ڕاوچییەکی باش و دیپلۆماتکارێکی بلیمەت و سەرکردەیەکی سوپای لێهاتوو بووە. یەکەمین تۆلێمی بووە بەزمانی میسری ئاخاوتووە و وەک میسرییەک ویستوویەتی سەربەخۆیی وڵاتەکەی بپارێزێ لەدەست ڕۆم کە خوازیاری داگیرکردنی سەرانسەری دنیا بوون. کلیۆپاترا لەپێناو سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا پەیمانی لەگەڵ سەردارانی ڕۆم، پۆمپێ و سێزار و ئەنتۆنی بەستووە. دواتریش کە دیپلۆماسی لەگەڵ ڕۆمدا دادی نەداوە، سەرکردایەتیی لەشکری دەریاییی میسری کردووە دژی ڕۆم، کشانەوەشی لە شەڕی "ئاختیوم"دا نەخشەیەکی ستراتیجی شەڕەکە بووە نەک ڕاکردنێکی ترسنۆکانە. دوای دۆڕانی جەنگ لەگەڵ ڕۆم، لەنێوان مەرگ و ژیانی ڕیسوایی، مەرگی هەڵبژارد... ولیام تارن، ل. ١١٠

ژنە میسرییەکان بە گرێبەستی تایبەتی شوویان کردووە، مافی ئەوەیان هەبووە بەبێ ئیزن مێردەکانیان جێبهێڵن، جیازییەکانیان وەرگرنەوە. هەندێک برگەی یاسای میسریش ڕێگەی بوونی دووژنە و قەپاتمەی لەپیاو بەستووە. لەبوارەکانی کشتوکاڵدا وەک پیاو کاریان کردووە و وەک پیاویش هەقدەستیان پێ دراوە.

خۆشەویستیی پلەوپایە دوورە لە کارێکتێری ئافرەتانەوە لە پاتریارکیشدا بەخشینی پلەوپایە بەردەوام لەپێناو گۆڕینەوەی ئازادیدایە، ئەو ئافرەتە میسرییانەی لاسایی چینی دەسەڵاتدارانیان کردووەتەوە و نەریتی یۆنانییان وەرگرتووە و سەرپەرشتکار "کیریۆس"یان بەسەرخۆیاندا سەپاندووە، سەربەخۆیی خۆیان لەدەست داوە، وەلێ پرسیاری ئەوەی بۆ هەندێک ئافرەت لەپێناو پلەوپایەدا سەربەخۆیی خۆیان بەخشیوە؟ هەتا ئێستا پرسیارێکی بێ وەڵامە. لەسەردەمی هێلینیی میسردا گەورەترین زەرەر کە لەسەرەتاوە بەئافرەتان کەوتووە لەبوواری هەقدەستدا بووە، خاوەن کارەکان بەخۆشحاڵییەوە لاسایی خاوەنکاری یۆنانیان کردووەتەوە و هەقدەستی ئافرەتانیان داشکاندوە، وردەوردە کاریگەریی نەریتی یۆنانی لە ئاستی ئافرەتانی هێناوەتە خوارێ، زۆر ئافرەت کراونەتە کۆیلە و منداڵەکانیشیان کۆیلەییان لە دایکیانەوە بۆ ماوەتەوە، پیاوان کچی منداڵیان ڕفاندووە و فرۆشتوویانن بۆ دابینکردنی کاری چڵێسیی جنسیی پیاوان. لەگەڵ ئەو هەموو لەدەستدانی ئاست و مافەشدا، هیرۆدۆت کە لەسەتەی پێنجەمی پێش سەردەمدا سەردانی میسری کردووە، نووسیویەتی، ئازادی و سەربەخۆیی ژنانی میسری گریکەکانی سەرماس کردووە، ئەوان دەچوونە بازاڕ و سەرقاڵی بازرگانی بوون و پیاوەکانیشیان لەماڵەوە خەریکی ڕستن و چنین بوون... Ancient Civilizations p 40

## دەوڵەتە دێرینەکانی نێوان دوو ئاوان (مێزوپۆتامیا) و جێندەر

### سەردەمی سۆمەر و ئەکاد

ئەوەمان بۆ ئاشکرا بووە کە ماڵیکردنی مەڕ و بزن و چاندنی گەنم و جۆ لەبەرزاییی ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ ناویان ناوە (تورکیا، سوریا، ئێراق) بە واتەیەکی دیکە لە کوردستان دەستی دراوەتێ و دواتریش گەیشتوونەتە ڕۆخە بەپیتەکانی دەجلە و فورات لە باشووری ئێراق. نێزیکەی پێنج هەزار ساڵان پێش سەردەم خەڵکی ناوچەکە "ڕۆخەکانی دەجلە و فورات" سیستمێکی ئاودێری باشیان دۆزیوەتەوە. لە نێزیکەی ٣٥٠٠ ساڵانی پێش سەردەم ئەو خەڵکە کشتوکاڵکارەیە شارستانێتییەکیان پێکهێناوە و بەزمانێک دوواون کە ناونراوە سۆمەری "Sumerian". گرووپی دیکە کە بەزمانی سامی دوواون وەک – هیبرۆو، ئارامی، عارەبی، لە باکوری سۆمەردا لە "ئەکاد" ژیاون و هەندێک جار چوونەتە ناو شارەکانی سۆمەرەوە و لەئەنجامدا فرەزمانی سەری هەڵداوە، وەلێ زمانی سۆمەری بۆ هەزاران ساڵ زمانی سەرەکی بووە. مێژوونووسان ئەم ڕاستییانەیان بەئاسانی بۆ دەرکەوتووە لەبەرئەوەی سۆمەرییەکان یەکەمین کەس بوون نووسینیان داهێناوە و تۆمارکراویان لەدوای خۆیان بەجێ هێشتووە– مەبەست لەناوچەی سۆمەر لەبەغداوە هەتا کەنداوی فارسە. ئەو ناوچە جیۆگرافییە لەساڵی ٣٥٠٠ی پێش سەردەمەوە هەتا وێرانکردنی شاری "ئوڕ" بەدەستی ئیلامییەکان ساڵی ٢٠٠٤ی پێش سەردەم بەواتەی ١٥٠٠ ساڵ لەلای یۆنانییەکان بە "مێزوپۆتامیا" بەواتەی نێوان دوو ئاوان ناسراوە. بەبڕوای مێژووناسان لەچوار هەزار ساڵ پێش کاتی سەردەمەوە، کۆمەڵێک مرۆڤی گەڕۆکی بێ بەرنامە و ئاخێوەری زمانێکی جیاواز لە زمانەکانی "ئورال–ئاڵتایی" بەواتەی جیاواز لەزمانی هیندۆ ئەوروپایی، بەسۆمەری ناوبراون و لەگەڵ گوندنشینە هۆرتیکولتوورکاری ناوچەی باشوور و ناوەندی مێزوپۆتامیادا دامرکاون. گەورەترین شاری سۆمەر، ئووڕ/ ئوروک/ وەرکا بووە. گوندنشینەکان ئاشنای گۆزە و گڵینە و پۆشاک چنین و بڕێک کاری مێتالۆرجی/ کانزاکاری بوون. کۆمەڵگەکەشیان لەسەر بنەمای پاتریلینی دامەزراوە و تەمەن ڕۆڵێکی گەورەی تێدا بینیوە. نێر و مێ پێکەوە ڕاو و کاری کشتوکاڵیان ئەنجام داوە، لێ مێژوونووسان لەو بڕوایەدان ئافرەتان چێکردن و دابەشکردنی خۆراکیان دابین کردبێ کە لە پەرستگەی "نامو– ئینانا"دا کەندوویان کردووە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێرکاریی پەرستگەکەدا. دیارە کشتوکاڵ لەو ناوچەیەشدا وەک دەوروبەری ڕووباری نیل پێوەندیی بەهەڵچوون و سەرەڕێژە و پاشەکشێی ڕووبارەکانەوە هەبووە.

لە دەوروبەرێکی ئیکۆلۆجیی بەرتەسکدا زیادبوونی سەرژمێریی دانیشتووان یان بە هۆی زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی یان بە هۆی داگیرکاری و بەرفرەوانکردنی ناوچەکەوە دەکرێت، یەکەمیان– زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ، دەبێتە هۆی درووستبونی ئیلیتێک، داگیرکاریش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی میلیتاریزم کە لەسەرەتاوە خۆبەخشانە و کاتی دەبێ و دواتر دەبێتە کارێکی

بەردەوام. لە مێزوپۆتامیادا پێکهاتە سۆشیالییەکان لە شێوەی "کڵێسە شار"دا لە ئەنجامی پێکدادانی تیرەکانی ناوچەکەدا هاتوونەتە ئاراوە. لەنێزیکەی ٣٣٠٠ ساڵان پێش سەردەمی نوێ، کەمیی باران بووەتە هۆی لادانی ئاوی فورات لەڕێگەی خۆی و وشکبوونی پەلێکی، لەبەر ئەوەش کارەساتی قاتوقڕی بەسەر دانیشتووانی ناوچەی فوراتدا هاتووە و خەڵکەکە ڕووی کردووەتە شارەکانی کیش و ئورِ و لاگاش. لەسەر ڕفان ڕفانی زەویوزار، شەڕ و پێکدادانێکی زۆر لەنێوان تیرە و بەرە و بنەماڵەکاندا سەری هەڵداوە. ئەو تیرەیەی زاڵ بووە زەویوزاری ئەوی دیکەی داگیر کردووە و پیاوەکانیان کوشتوون و ئافرەت و منداڵەکانیان کۆیلە کردوون. بێگومان شەڕوشۆڕ سەرکردەی گەرەکە و لەوانەشە لەسەرەتاوە بۆ کاتی شەڕەکە سەرکردەیەک لەلایەن پیری خێڵە پاتریلینییەکەوە دەستنیشان کرابێ، لێ خەستبوونەوەی شەڕ و درێژەکێشانی سەرکردەکانی کردووەتە سەرکردەی تاهەتایی، بەپێی کات ئەو سەرکردە سەربازییانە خۆیان بەهەڵکشاوتر لەخەڵکی دیکە زانیوە و تیرەکانی خۆیان بەکارهێناوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر شار و دەوروبەرەکەیدا. هەر لەو سەردەمەی شەڕ و پێکدادانانەدا، گوندنشینەکانی نێزیک شار بۆ خۆپاراستن ڕوویان کردووەتە شارەکان و بوون بە دەستی کار لە دەزگەیەکی ئاینیدا کە لەو ڕێگەیەوە توانی درووستکردنی سیستمێکی ئاودێریی بەرفرەوانی بەدەست هێناوە، ئەوجا لێرەوە کڵێسە، لە بوارەکانی ئاینی ئاڵۆز/ کۆمپلێکس، سیاسی و ئابووریدا کارا بووە. بەڵگەی ئارکیۆلۆجی ٣٠٠٠ ساڵ پێش سەردەم ئەوە پیشان دەدەن کە دەزگەیەکی هێراڕکی/ سەرتاپاخواری کڵێسە سەرپەرشتیی درووستکردن و ڕاگرتنی ژمارەیەکی زۆری جۆگە ئاوەکانی کردووە کە چەندان کیلۆمەتر درێژ بوون. کرێی دەستی کاریش لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکە دەرچووە، زیادەکەشی خراوەتە کار بۆ درووستکردنی کاڵای جیاواز لەوانەش کاری کانزایی. ئەو جموجووڵەش بووەتە هۆی درووستبوونی بیرۆکراسیی کڵێسە و ئیلیتێک/ دەستەیەکی کارامە بۆ دابینکردن و ڕێکخستنی کارە جۆرەوجۆرەکان. لێرەوە سیمبۆڵ و هێمای تایبەت بۆ شتەکان دانراوە و وردە وردە بووەتە مایەی داهێنانی نووسین. بەپێی زانیارییەکانی بەردەست، نووسینی تەواو لە نێزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش سەردەم لە سۆمەر هەبووە.

دیارە ئێمە لەم نووسینەدا "مێژوویەکی ئافرەتان" مەبەستمان گێڕانەوەی سەربووردەی ژیان و پاڵەوانیەتیی ئافرەتانێک یان ئافرەتانی ئیلیتێکی تایبەت نییە، بگرە زیاتر مەبەستمان دۆزینەوەی هۆکاری سەرهەڵدانی پیاوسالاری و پێگەیشتنی کۆنسێپتەکانی جێندەرە کە بە داخەوە ئەمڕۆ وشەی "جێندەر" بە مەبەست و بێ مەبەست، لێکدانەوەی جیاواز و دوور لە یەکدیی بۆ کراوە کە هەندێکیان ناتەواو و بەهەڵەدابەرن. (جێندەر پێناسەیەکی کولتووریی هەڵسوکەوتی شیاوی نێوان هەردووک جنسەکەیە لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت و لە سەردەمێکی تایبەتدا، جێندەر، دەستەیەک ڕۆڵە. نەریتێکە، دەمامکێکە، بەرگێکە کە هەر یەک لە نێر و مێ، دەورە ناهاوتاکەی خۆیانی پێوە دەبینن.) وەلێ بەداخەوە ئەمڕۆ لە میدیادا واتەیەکی جنسیی ناشیرینی پێ دراوە و تەمومژێک خراوەتە سەر

مانا بایۆلۆجیاییەکەی و ئەوەی کولتوور پێی داوە.

دیارە بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن لە سەرهەڵدانی پیاوسالاری و پێشکەوتنی بیروبۆچوونەکانی جێندەر لە کۆمەڵگە هەرە کۆنەکاندا و پێش پەیدابوونی نووسین، بەڵگە ئارکیۆلۆجییەکانن. کۆنترین دۆزراوەی شێوەکاری لەسەر ئافرەت لە وڵاتی سۆمەر، لە شاری ئوورِ دۆزراوەتەوە کە بریتییە لە کەللەسەری ئافرەتێک کە زۆر بە جوانی تاشراوە. پەیکەرەکە ئاماژە بۆ کەسایەتییەکی پایەبەرز دەکات، قەشەیەک، پادشایەک یان خودایەک. ئەو پەیکەرە کە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش سەردەم، ئاماژە بۆ ڕۆڵێکی سەرەکی دەکات کە ئافرەتانی ئەریستۆکرات تێیدا کارا بوون، وەک کڵێسە و سەرپەرشتی بازرگانی و کۆشک.

بەڵگە ئارکیۆلۆجییەکانی سەردەمی زۆر زووی ئوورِ– Uruk کە دەگەڕێنەوە بۆ ٢٨٠٠–٣٥٠٠ ساڵ پێش سەردەم و تایبەتن بە حوکمڕانیی "بنەماڵە/ داینەستی"یەکی پێش مێژوو– بەواتەی پێش داهێنانی نووسین، دەتوانرێت ئەوەی لێ هەڵێنجرێت کە لەو سەردەمەدا شانبەشانی ئیلیتی کڵێسە، ئیلیتی میلیتاریش سەری هەڵداوە و لە ماوەیەکی کەمدا بووەتە هێزێکی نەیار لە کۆمەڵگەدا. پیاوە میلیتارەکان لە پێشەوە دەبنە سەرۆکی گوندێک و دواتر بەهێزترینیان جاڕی پادشایەتی دەدات. دەسەڵات بەسەر کڵێسەدا دەسەپێنێت، مڵک و سامانی کڵێسە داگیر دەکات و وردە وردە ئاینکارەکان دەکاتە پاشکۆی خۆی و دواتر بەپێی کات لە ئەنجامی شەڕدا چەند شار و ناوچەیەک داگیر دەکات و دەوڵەت دادەمەزرێنێ. پێگەیشتنی میلیتاریزم و داخوازیی دروستکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگە بووەتە هۆی بە کۆیلەکردنی دیلەکانی کە لە شەڕدا گیراون و ئەوجا بە دامودەزگەکردنی کۆیلایەتی و لەگەڵیشیدا پێکهاتەی تایبەتی چینایەتی. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە ئەو هەموو گۆڕانکارییانە هیچیان لە بەرژەوەندیی ئافرەتاندا نەبووە، بە پێچەوانەوە لە هەموویدا ئافرەت زەرەدمەند و بەشخوراو بووە... گێرِدا لێرنەر ل ٥٨–٥٦.

لیستی ناوی پادشاکانی سۆمەر کە دوای سەردەمی ژیانیان کۆکراوەتەوە دەڵی، دوای لافاوەکە "نازانین مەبەستی چ لافاوێکە" پاشایەتی لە ئاسمانەوە هاتە خوارێ بۆ ناو شاری کیش. لەبەر ئەوە مێژووناسان دەڵێن لەوانەیە پادشایەتی لە شاری کیشەوە سەری هەڵدابێ و شارەکانی دیکەش بۆ سەپاندنی سەردەستەییی خۆیان چاولێکارییان کردبێ. بۆ ئەوەی لە بابەتەکە زۆر دوور نەکەومەوە تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم، کە لەسەرەتاوە ئێزاتا "ئێزدان"ی سۆمەرییەکان "نامو" ئێزاتایەکی مێینە بووە، بەڵام دوای سەرهەڵدانی شار دەوڵەتی سۆمەر، ئێزاتای نێر جێگەی ئێزاتا مێینەکانی گرتووەتەوە.

سۆمەرییەکان لەسەرەتاوە دەستکاریی پێکهاتە/ ستراکچەری تیرەگەری و خزموخوێیان نەکردووە، بگرە وەک ئینکاکان سەرکردەکانیان بەکار هێناون بۆ کۆکردنەوەی باج و خەراج. هەروەک دەوڵەتی ئینکا، جووتیار و کۆیلە و کرێکارەکانیش هەموو سەنگی کاری کۆمەڵگەکەیان لەئەستۆ بووە.

هەموو کاری بەرگدرووستکردن لەئەستۆی ژنە کۆیلەکاندا بووە و بەشێک کاری کێڵگەکانیشیان ئەنجام داوە ئەمە جگە لە خۆشکردنی پێستە و کاری هاڕینی گەنم و خزمەتکاری لەنێو پەرستگە و کۆشکی پادشاکاندا.

باسی "پرۆستیتیووشن" کاری سۆزانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی سۆمەردا بەرچاو کەوتووە، پیاوە ئاینییەکان ئافرەتی ڕفێندراو و کۆیلەیان بەکار هێناوە بۆ ڕاکێشانی پیاوان و کۆکردنەوەی سامان بۆ پەرستگەکانیان، ئەمەش دەمانخاتە ئەو ئاستەی بیر لەوە بکەینەوە کە لە سەرەتاوە کاری سۆزانی بۆ بەرژەوەندیی ئاین و چڵێسیی سێکسیی پیاو هێنرابێتە کایەوە. لەسەرەتای شاردەوڵەتی سۆمەردا، ئافرەتی ڕێزدار و خاوەن شکۆ و تەلار، دەستڕۆ بوون، خاوەن بڕیار بوون لە هەڵسووڕاندنی کاروباری بنەماڵەکەیاندا، بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی شار و پەرستگەکاندا کردووە. هاوسەری دەستەی حوکمڕانەکان خاوەنی کاری بازرگانیی سەربەخۆی وەک فرۆشتن و کڕینی خوری و ئارد و زەویوزار بوون. لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵی سەرەکییان لە بەڕێوەبردنی پەرستگەکاندا دیتووە.

پاش ئەوەی ئێزاتای نێر جێگەی ئێزاتای مێینەی لەناو سۆمەرییەکاندا گرتووەتەوە، کچ و ژنی حوکمڕانەکان ڕۆڵی زێوانی ئاینییان گرتووەتە دەست. بێگومان ئاڵوگۆڕکردنی ئێزاتا لە مێینەوە بۆ نێرینە، لەدەستدانی پلەیەکی گەورە بووە بۆ ئافرەتان، وەلی زێوان کەسێکی دەست ڕۆیشتوو بووە لەبەر ئەوەی سەرپەرشتیی ڕێکخستنی قوربانییەکانی کردووە.

کاسەیەکی دۆزراوەی شاری "ئورووک- وەرکا"ی نێوان سالآنی "٢٩٠٠-٢٥٠٠" پێش سەردەم وێنەکارییەکی ڕیزێک پیاو پیشان دەدا، دیاری پێشکێشی مێیینەیەکی زۆر بەرز دەکەن، لەوانەیە ئینانا بێت... مێرلین فرێنچ، بەرگی یەکەم، ل٨٤.

پەرستنی مێیینەخودا "ئینانا" نەریتی نەزرکردنی مرۆی تێدا بەدی دەکرێ. لەهەڵدانەوەی ٧٥٥ گۆڕی سەردەمی سۆمەرییەکاندا لە لایەن ئارکیۆلۆجیستەکانەوە (گێڕدا لێرنەر نووسیویەتی ١٨٥٠ گۆڕ... گێڕدا لێرنەر ل ٥٩) لەناو ئەو گۆڕانەدا، شازدەگۆڕیان مرۆڤی نەزرکراوی تێدا دۆزراوەتەوە. لەنێو گوومبەزی "پو-ئابی"دا شەست ئافرەت بەتەواوی جلوبەرگ و خشڵەوە لەگەڵ دە پیاو بەبەرگی تەواوی سەربازییەوە نێژراون. ئەوەی شایانی باسە ئەو کەسانەی لەو گۆڕانەدا بە جل و بەرگی تەواوەوە دۆزراونەوە هیچ ئاسەوارێکی زۆرەملێیان پێوە دیار نییە. وا دەر دەکەوێت کە بەویستی خۆیان لەگەڵ پاشا یان شاژندا نێژرابن.

وەک ئینکا و میسرییەکان، سۆمەرییەکانیش بۆ لاوازکردنی پێوەندیی ناو خێزان ئاینیان کردووەتە داردەست. لەکاتێکدا مێیینە ئێزدان "ئینانا" ئێزدانە گەورەی جەماوەر بووە، پادشاکانی سۆمەر بەناوی ئەوەوە بڕیاریان داوە و لەژێر ناوی ئەودا خەڵکیان هەڵفریواندووە. بەڵام وردەوردە بیروباوەڕە ئاینییەکانیان هەڵپاچیوە.

لە میتۆلۆجیای سەردەمێکی زۆر زووی سۆمەریدا "سایدوری" ئێزدانێکی مێینەیە و ئافرێنەدەری

هەموو شتێکە. لەسەردەمێکی دواتردا ئێزدانێکی نێر، ئێزدانی "ڕۆژ" جێگەی گرتووەتەوە و ئێزدانە مێینەکان بەگشتی ئاستێکی نزمتریان وەرگرتووە. لەسەردەمێکی درەنگتریشدا، سەردەمی گەلگامێش، ئێزدان/ ئێزاتا سیدووری بووەتە شەرابگێڕ لەمەیخانە "فریشتەی سەرخۆشی". لەپێشاندا ئینانا ئێزدانێک بووە کە لەدایکبوون و مردن و زیندووبوونەوەی لەدەستدا بووە. لە میتیۆلۆجیای دواتری سۆمەریدا "بیلولو" ئێزدانێکی هاوتای ئینانا سەری هەڵداوە. دواتریش ئێزدانێکێ نێر "ئینکی" بووە تەئێزدانی هەرە گەورە. گۆڕاندنی خودایان لە مێینەوە بۆ نێرینە، تەنیا گۆڕانی ناو و سیکس نەبووە، لەبەر ئەوەی سروشتی ئێزدان "ئینکی" جیاوازەلە گەڵ سروشتی ئێزدانە مێینەکان. ئێزدانە مێینەکان، بەخشندەبوون، پەرستگەکانیشیان کراوەبوون بۆ پەرستکارانیان. وەلێ ئێنکی بیرۆکرات بووە، سیستمێکی هێراڕکی دامەزراندووە، بۆخۆی ئێزدانی گەورە بووە لەسەروو ژمارەیەک ئێزدانی دیکەدا کە تەنیا دووانیان مێینە بوون و ئینانا‌ش هێچکامێکیان نەبووە. ئینکیدو، دوو ئێزاتای مێی بۆ لەدایک بوون و ئاسمان داناوە. دواتر ئێنانا بۆتە ئێزدانی شەڕ و خۆشەویستی و ئەوجا سارێژکار "هیلەر" و لەسەردەمی ئەمووریبەکاندا، کراوەتە ئێزدانی سۆزانی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەو سەردەمەدا سووکایەتی کردن بەمێیینە لەو کۆمەڵگەیەدا گەیشتووەتە توپەلاک.

وەرچەرخانی بڕوای ئاینی لە ئەنجامی گۆڕانکاریی ڕاستەقینەی ژیاری سۆشیالییەوە ڕوودەدات.

بڕوا هێنان بە "ئینکیدو" وەک گەورە ئێزدانێک لەسەروو ئێزدانەکانی دیکەوە، پێشنیازی لەبارچوونی دیمۆکراسی و جێگیرکردنی هێراڕکییەک دەکا کە نێرینە تێیدا دەسەڵاتدارە. لێرەوە مێیینەی سەردەمی سۆمەر، ئاستی خۆیان وەک کرۆکی کۆمەڵگە و ڕێز لێگرتنیان لێ داماڵراوە. بۆ زیاتر ڕیسواکردنی ئافرەتان، پیاوان، ئافرەتیان لەنێو چوارچێوەی ڕێلمی کلاسیکی توانی زاین "منداڵبوون" و مۆڕاڵی ئاینیدا قەتیس کردووە.

بیرۆچکەی خۆشەویستی و شەڕ، پێکەوە سەریان هەڵداوە کە لەوانەیە پێشتر لەئارادا نەبووبن. ئافرەتیش بەهەردووک بیرۆچکەکەوە لکێنرا و، ئەم پێکەوەبەستنە پێشنیازی ئەوە دەکا کە ئافرەت بووەتە دەستکەللای خواستەکانی پیاو. دەستنیشانکردنی ئینانا بەخواوەندی شەڕ، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئافرەت سەرچاوەی لێکترازان و پیسکردنە.

لەو سەردەمانەی شەڕوشۆڕ زۆر بەربڵاو بوون، ئافرەت بەچاککەرەوە و خاوەن سۆز ناسراوە، دیارە ئەو بڕوایە لە کاتی برینداریی پیاو و بێدەسەڵاتییدا هاتووە، لەکاتێکدا هاتووە کە پیاو پێویستی بەبرینپێچی و بەزەیی هەبووە. لێ لەو سەردەمانەدا کە پیاوان تەواو باڵادەست بوون و شەڕوشۆڕ لەئارادا نەبووە، مێیینە تەنیا لە ڕێگەی سێکسەوە دەستڕۆییو بووە و ئینانا‌ش بەئێزدانی سۆزانیان ناسراوە.

پێش سەرهەڵدانی دەوڵەت، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بەهۆی توانی نوێکردنەوەی گرووپەوە

"بەواتەی توانی زان/ توانی وەبەرهەمهێنانەوە"وە ئافرەتان ڕۆڵی سەرەکییان دیوە. وەلێ پیاوان بەیەکگرتنیان، پاتریلینیالی و ئێکسۆگەمی و ژنخوازی پاتریلۆکاڵییان سەپاندووە و زۆر کەم لە نەریتی ماتریلینیالی و ماتریلۆکاڵی لە کۆمەڵگەکاندا ماونەتەوە و ژنان هەندێک ڕێز و کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان پاراستووە.

بەشێک لە بیریارانی پیاو، لەو بڕوایەدان لەسەردەمی دەستپێکردنی شەڕوشۆڕی بەرفرەواندا، ئافرەت بەهۆی لاوازیی فیزیک و پەروەردەکردنی منداڵەوە بەشدارییان نەکردووە. وەلێ ئەوە ڕاست نییە، ئافرەت لەکۆنیشدا سەربازییان کردووە، بەتایبەتیش لەنێو تیرە جێرمانیکە ئینگلۆساکسۆنەکاندا، لەنێو ئەو تیرانەدا شاژنەکانیان سەرکردایەتیی سوپایان کردووە لە شەڕەکاندا، ئافرەتانیش وەک پیاوان شمشێریان هەڵسووڕاندووە و خەڵکیان کوشتووە خۆ مێژووی عارەبیش "سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلام" بەڵگەیەکی دیکەیە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی باو نەبووە ژنان ببنە سەرباز.

سیمبۆڵیزم کاریگەرە لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ، مرۆ وا ڕاهاتووە گەندەڵیی سەرکردەکەی نەبینێ لەبەر ئەوەی هەر بەتەمای باشەیە لێی، بەهەمان شێوەش لەزۆربەی کولتوورەکاندا دایک کە ژیانبەخشە هەرگیز نابێتە شەوەی ژیان. بێگومان شەڕوشۆڕ کارێکی ناخۆش و پڕ مەترسییە، ئەو پیاوانەی ڕاپێچی شەڕ کراون زۆر جاران خۆیان دزیوەتەوە، یاسای سەربازیش هەر وەک یاسای سەربازیی سەردەم سزای قورسیان لەسەر ڕاکردووان داناوە، وەلێ بێهوودەیی سزادان سەرکردەکانی ناچار کردووە سامان و پلە و پایە ببەخشن بەوانەی خۆڕاگر بوون و شەڕی چاکیان کردووە. بۆ هاندانی خۆڕاگری لەشەڕدا سەرکردە جێرمان ڕەگەزەکان وەک سەرکردە عارەبە ئیسلامەکان سەربازەکانیان کردووەتە هاوبەشی تالانی و ڕاووڕووتەکانیان. لەسەردەمی هێلێنیدا سەربازە یۆنانییەکان زۆربەی ژیانیان لەماڵەکانیانەوە دوور بوون، لەبەر ئەوەش پاداشتێکی باشیان پێ دراوە کە زۆر کات زەویوزار بووە. مانەوە لەڕیزی سوپادا بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی پێکەوەنانی سامان و پلەی سۆشیالی، بەتایبەتیش کاتێک خزمخزمێنە چیدی زامنکاریی بۆ نەکراوە و سیستمی پادشاگەری و خانەوادەییی کلاسیک بەسەرچووە. لەبەر ئەوەی سەرباز نێرینە بوون، چینێکی تازە سەری هەڵداوە جێگەی ژنانی تێدا نەبووەتەوە، هەروەها بەهۆی لەئارادابوونی کاری سۆزانی و ڕەیپ (زەوتی سێکسیی/ زەوتکردنی مێیینە) سەربازەکان زۆر پێویستیان بەهاوسەر نەماوە. درێژەکێشانی شەڕ و پێکدادان داخوازی سەرکردەی لێهاتوو و سوپایەکی ئامادەی کردووە، لێرەوە پادشای میلیتار سەری هەڵداوە. پادشای میلیتار ئەوەی بەهزردا هاتووە کە بۆخۆی ئەو پایەیەی بەدەست هێناوە نەک لە ڕێگەی دایکیەوە لە ئێزدانێکی مێ سروشتەوە بۆی مابێتەوە. دیارە ئەو بۆچوونە بێ بایەخیی باوک و باپیرانی ئافرەتانیش لەژیانی پیاواندا دەگەیەنێ و لێرە بەدواوە داکەوتنی دەسەڵات لەڕێگەی کیژی ئەریستۆکراتەکانەوە کۆتایی هاتووە.

کۆنترین بڕگەی نووسراوی یاسایی نزمکردنەوەی ئافرەت بەردەست کەوتبێ، بڕگەیەکی یاسای

لاگاشە بەناونیشانی (ڕێکخستنەوەی ئوڕوکاجینا - وڕوکاجینا). نووسراوەکە باسی هەڵبژاردنی پادشا، وڕوکاجینا و داخوازییەکەی دەکا بۆ بەخشینی وڵاتەکەی بەئێزدانێکی مێ سروشت "باو" هەروەها یەکەمین یاسای تایبەت بەجێندەرە، یاساکە هەمووی تایبەتە بە چۆنیەتیی حوکمڕانیکردنی ئافرەتان. لەو یاسایەدا ناوی تاوانێکی تازە "ئەدەڵتری" هاتووەتە کایەوە کە تەنیا ئافرەتان دەتوانن ئەنجامی بدەن "ئەدەڵتەری" بەواتەی گزی سێکسی دێت. یاساکە دەڵێ "ژنان لەڕابوردوودا دوو پیاویان هەبووە، وەلێ ئێستا وامان لێکردوون دەستبەرداری ئەو تاوانە بن".

لێرەدا سکۆلارەکان چەند پرسیارێک دەکەن، ئایا ئەو یاسایە ئەوە دەبخشێ کە ژنی مێرد مردوو یان تەلاقدراو دەتوانێ شوو بکاتەوە، یان پادشا مافی هەڵگرتنی کچێنیی بووکی نەبێ وەک باو بووە، یان ژنی خاوەن هاوسەر مافی هەبێت دۆستی هەبێ؟ هەرچەندە یاساکە لەوە دەچێ ژن توانیبێتی لەهەمان کاتدا دوو مێردی هەبووبێ، وەلێ سکۆلارەکان لەو بڕوایەدا نین ئەوە مەبەستی یاساکە بێت. جگە لەوەش یاساکە لەوە دەدوێ، ئەگەر ژن بەشێوەیەکی تایبەتی "ڕوون نییە چ شێوەیەک" لەڕووی پیاودا دوا، دەبێ دەمی بکوترێتەوە.

لەدەوروبەری ساڵی ٢٣٥٠ پێش سەردەم "سەرجۆن"ی ئەکادی هەردووک دەوڵەتی ئەکاد و سۆمەری وێکخست، سەرجۆن، بیژوویەک بوو، کوڕی ژنێکی خۆتەرخانکەر بوو لە خزمەتی ئایندا کە دەبووایە خۆی دوورەپەرێزی سێکس ڕاگرێت. ئەو پیاوە کە بەیاریدەی ژنان گەورە بووە و دواتر دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، ڕێزی ئافرەتانی گرتووە و خواوەند "عیشتار"ی مێینەی بەپارێزگاری خۆی ناسیوە. ئەو نووسراوانەی سەردەمی سەرجۆن بەدەست کەوتوون ئاماژە بە ڕۆشنبیریی کیژەکانی دەکەن. ئەوان کاتێک سەرکردایەتیی ئاینیان لەدەستدا بووە، وزەیەکی تایبەتییان بەگەشانەوەی لیتێراتوور و هونەر و ڕامیاری داوە کە لەوەپێش لەناوچەکەدا لەئارادا نەبووە.

یەک لەکیژەکانی سەرجۆن "ئینهێندوانە" گەورە قەشەی کڵێسەی خواوەند "مانگ"ی شاری ئوڕ بووە، هەندێکێش لەو بڕوایەدان کە، گەورە قەشەی کڵێسەی "ئان" گەورە خواوەندی خواوەندەکانی "ئاسمان"ی شاری "ئوڕوک"یش بووبێت و بەخاوەنی یەکەم سیستمی تیۆلۆجی ناسراوە. ئەو خاتوونە بلیمەت بووە لەهۆزان هەڵبەستندا و بەیەکەم مێینەی هۆزان هەڵبەست ناسراوە لەمێژوودا. بەڵام گەورەترین کاری، باسی وێکخستنی ئەکاد و سۆمەرە لەلایەن سەرجۆنەوە کە، گوایە ئەو کارە بەسەرپەرشتیی ئێزدانە مێینەکانەوە ئەنجام دراوە. سەرجۆن لەسەردەمی حوکمڕانییەکەیدا بۆ باج و خەراج زیاتر داوای زێڕوزیوی کردووە لەجیاتی کەلوپەل و پیاویشی کردووەتە بەرپرسی باج و خەراجی خێزان، کاتێکیش پیاوان باجەکەیان بۆ نەدراوە، ڕێگەیان پێدراوە خێزانەکەیان بفرۆشن بەخاوەن قەرز یان خۆیان ببنە سەپانی خاوەن قەرز و کڵێسە. پیاوان کە بەرپرسی باجدانەکە بوون، فرۆشتنی کچەکانیان لا پەسندتر بووە لەفرۆشتنی کوڕەکانیان لەبەر ئەوەی کوڕ ناوی خێزانەکەیانی پاراستووە.

کاربەدەستانی کڵێسەکان هێزی ژنە کرێکارەکانیان پێویست بووە و وەک هاووڵاتییەک و

یەکەمین نموونەی مڵکایەتیی تایبەتیش سەیریان کردوون. لێرە بەدوادا، وردەوردە مڵکایەتیی تایبەتی جێگەی مڵکایەتیی گشتیی گرتووەتەوە و ستراکتووری دەوڵەت بەهێزتر بووە و کڵێسەش وەک جاران دەرگەی واڵا نەبووە بۆ هەموو کەس. وردەوردە کڵێسە لە جەماوەری ڕەشوڕووت دوورکەوتووەتەوە و دەرگەی لەڕوویاندا داخستووە و تەنیا بۆ کەسانی سەربەدەوڵەت دەرگەی واڵا بووە. لەو سەردەمانەدا کە شەڕ بەردەوام لەئارادا بووە، بەرەی دۆڕاوی شەڕ پیاوەکانیان کوژراون یان خەسێندراون یاخود نابیناکراون. وەلێ مێیینەکان بەکۆیلەکراون.

سەیرکردنی ئافرەتان وەک مڵکایەتیی تایبەتی و بەکارهێنانیان بۆ کاری سۆزانی و بەکۆیلە کردنیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو دەوڵەتەدا، پیاو وەک کاڵایەک لەژنی ڕوانیوە.

لەو سەردەمانەدا بەشێکی زۆری خەڵکی، چ نێر و چ مێ، ئازاد نەبوون و لە کاری جۆرەوجۆری کشتوکاڵی و کارگە سەرەتاییەکاندا بەنانەسکێ کاریان پێ کراوە. یەک لەو دیاردانەی ئاماژە بۆ ئاستێکی نزمتری ئافرەتان دەکات، دابەشکردنی خۆراکە. لەلیستی دابەشکردنی خۆراکدا لە شاردەوڵەتی "گاسوور و سوسە"دا لە سەردەمی سەرجۆندا، ئافرەت نیو ئەوەندەی خۆراکی پیاوی پێ دراوە.

زۆربەی زانیارییەکانی سەردەمی سۆمەری لە یاسا تۆمارکراوەکانی ئەو سەردەمەوە سەرچاوەیان گرتووە کە لە دەوروبەری ۲۱۰۰ تا ۲۰۰ ساڵی پێش سەردەمی نوێدا تۆمار کراون و بەردەست کەوتوون. لەو یاسایانەدا کچێکی بێ مێرد وەک براکەی سامانی بەرکەوتووەی و هەتا ئەوکاتەی ویستبیشیەتی لەماڵی باب و دایکیدا بێ هاوسەر ژیانی بردووەتە سەر. مافی ژنان بووە مارەبڕیەکەیان بۆ منداڵەکانیان بەجێهێڵن و پیاویش نەیتوانیوە لەژنەکەی لەسەر منداڵ نەبوون جیابێتەوە. لەهەندێک شاری سۆمەریدا بەتایبەتی شاری "ئێشنوونا" سزای ئەو پیاوانەیان داوە کە لەژنی منداڵداریان جیابوونەوە، وەلێ سزای ژنی نادڵسۆزی مێرد و پیاوی هۆمۆسێکسواڵ و زەوتکاری مێینەی خاوەنداریشیان داوە، هەمان شار ڕێگەی کڕینی ئافرەتی بۆ مەبەستی هاوسەری داوە، ئەمەش لەڕاستیدا بەکۆیلەکردنی هاوسەرە مێیەکە دەبەخشێ. لەهەمان کاتیشدا ئافرەتان توانیویانە لەدادگەدا شایەتی بدەن و لەسەر تاوانکردنیش دادگەیی کراون. ڕەنگە هەندێک کەس دادگەییکردنی ئافرەتان لەبەرژەوەندیی ژناندا نەبینێ، وەلێ دەبێ ئەوە بزانین ئەو کۆمەڵگەیانەی چاوپۆشی لەتاوانی ئافرەتان دەکەن و دادگەییان ناکەن، یاساکانیشیان ئافرەت بەهاوتای پیاو دانانێن.

لە ڕاستیدا لەیاسای شاری "ئێشنونا"دا، دووفاقییەک بەدی دەکرێ، وەک ژنان لەسەر تاوانەکانیان دادگەیی کراون دەبوو لەمافیشدا هاوتای پیاوان بوونایە، وەلێ لەکاتی زەوتکردن "ڕەیپ"ی مێینەیەکدا، ئەوەی گرینگ بووە پاراستنی مافی پیاوە خاوەنەکەی بووە نەک مافی مێینەکە وەک مرۆڤێک. بۆ نموونە، زەوتکردنی ژنێکی بێ مێرد یان کیژێکی بێ خاوەن "بێ کەس" شتێکی گرینگ نەبووە، زەوتکردنی کیژێکی کۆیلەی کەسێکی دیکە، قەرەبووی خاوەن کۆیلەکە

هەولێرنامەی پێشڕەو

بەپارە دراوەتەوە، وەلێ زەوتکردنی کیژێکی نیشانەکراو کە هێشتان لەگەڵ داک و بابی ژیابێ، سزای کوشتنی لەسەر بووە. کیژی نیشانەکراو وەک ژنی مێرددار سەیرکراوە و دەست درێژی لەسەری بەدەست درێژکردنە سەر مافی مێردەکەی سەیر کراوە. کیژێکیش بەئاگەداری و ڕەزامەندی داک و بابی نیشانەنە کرابێ و نەدرابێ بەشوو، مارەبڕینەکەی لەڕووی یاساوە نەناسراوە.

ئەگەر ژنێک ڕەدووی پیاوێکی دیکە کەوتبێ، مافی مێردەکەی بووە بیکوشتایە، وەلێ مافی کووشتنی پیاوەکەی نەبووە... مێرلین فرێنچ – بەرگی یەکەم ل ٩١.

بێگومان ئەو جۆرە یاسایانە تەنیا لەکۆمەڵگەیەکدا پێڕەو دەکرێن کە تێیدا مێیینە هیچ دەنگێکی نەبێ و وەک ڕەگەزێکی جیاواز لەپیاو سەیر بکرێ. لەو سەردەمەشدا ئافرەتانی خاوەن زەویوزار هەندێک مافی خاوەنیەتیی سامانەکانیان پارێزراو بووە، وەلێ جەستەیان موڵکی نێرینەی خێزانەکانیان بوون. کاتێکیش مرۆ خاوەنی جەستەی خۆی نەبێ لەو بڕوایەدام نەشتوانێ سوود لەئاوەز و هزری خۆی وەرگرێ.

زۆر کۆمەڵگە لە سەردەمی قاتوقڕی و نەبوونیدا منداڵیان کوشتووە، وەلێ تەنیا کوشتنی کچان چەمکی کولتووری لەخۆ گرتووە. سکۆلارەکان لەسەر ئەو بەڵگە نووسراوانەی بەردەستیان کەوتووە کە باس لەوە دەکەن لە هەندێک گەورەماڵدا، زێدە لە ٧٥٪یان پیاو بوون، بەواتەی چوار پیاو بەرامبەر یەک ژن و ٦٩٪ی منداڵ و ٩٦٪ی ڕەنجبەرانیش نێرینە بوون، گەیشتوونە ئەو بڕوایەی کە لەو سەردەمی سۆمەرییەی بەسەردەمی سەرجۆنی ناسراوە کوشتنی منداڵی مێ باو بووبێ.

کوشتنی مێینە لەو کۆمەڵگەیانەدا ڕوویداوە کە تەنیا نێرینە مافی خاوەنیەتیی تایبەتییان هەبووە و پاساویشی بەداخوازی نێرینەیەکی میراتگر دراوەتەوە. دەمەوێ وەبیر خوێنەرەوەی بهێنمەوە کە لە سەردەمانێکی پێشتردا، ئافرەتان بەهۆی توانیان لە نوێکردنەوەی کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی "توانی زاین"ەوە پلەیەکی بەرزیان هەبووە. لەناوبردنی کچان لەمنداڵییەوە، ئاماژەی بێ بەهاییی توخمی مێینەیە لەلای پیاوان و خەمساردیشە بەرامبەر نوێکردنەوەی کۆمەڵگە.

یەکێک لە خەمە سەرەکییەکانی خاوەن زەوییەکان ئەوە بووە، خاکەکە دابەش نەبێ بەوردە خاوەنیەتی کە بەرهەمی نەتوانێ خێزان بەڕێوە بەرێ، لە هەندێک کۆمەڵگەدا تەنیا کوڕە گەورە بەپێی یاسا هەموو خاوەنیەتیەکەی بۆ ماوەتەوە. ئەم یاسایە هەتا ئێستاش لە ئینگلستان لەکاردایە و کوڕە بچووکەکانیش لەخاوەنیەتیی خاک بێبەری کراون. یاسای دابەشنەبوونی زەوی لە مێزوپۆتامیادا باو نەبووە، وەلێ یاساکانیان فرۆشتنی زەویی میراتییان یاساخ کردووە و دەبوو پشتاوپشت بۆ نەوەنێرینەکان دابەزێ، ئەم نەریتە هەتا ئێستاش لەنێو بەشێک لەخێڵ و تیرەی کوردستاندا هەر باوە. هەر لەو سەردەمەشدا کچان خاوەنیەتیی زەوییان لێ زەوتکراوە و لەبریتیدا دەبوایە، لەکاتی شووکردندا، بەئەندازەی بەهای بەشەزەوییەکانیان "جیازی" لەگەڵ خۆیان بەرن بۆ ماڵی مێرد. جیازی، نەریتی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە تێیدا خاوەنیەتیی زەوی بووەتە خاوەنیەتیی

تایبەتی، ئەمەش زۆر کات بووەتە قورساییی سەر ملی خێزانی کچ، بۆ خۆ ڕزگارکردن لەجیازی، زۆر جار باوکان کیژە ساواکانیان لەناو بردووە. بێگومان باوک کیژی خۆی نەدەکوشت ئەگەر بیزانیایە کیژەکەی دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیەکی پەیداکردنی سامان لە ڕێی شووکردنەوە.

دیارە کوشتنی مێینەی ساوا تەنیا لە کۆمەڵگەیەکدا دەکرێ کە مێینە هیچ بایەخێکی نەبێ و وەک مرۆ نەیخوێنێتەوە. کوشتنی مێینەی ساوا، لەیاسای هیچ دێرەدەوڵەتێکدا باسی لێوە نەکراوە، وەلێ سکۆلارەکان لەتاوتوێکردنی ئەو نووسراوە دیمۆگرافییانەی بەردەست کەوتوون هەڵێنجاوە کە ژمارەی پیاوان زۆر زیاد لەژمارەی ژنان پیشان دەدا. هەرچەندە ئەمە هەر بۆچوونێکە و نەسەلمێنراوە بەڵام ئەگەر ڕاست بێت ئەوا دەتوانین بڵێین خاوەندارێتی "وەک کۆمیۆنزمیش دەڵێت" هۆکارێکی گەورەبێت بۆ چەوساندنەوەی ئافرەت و پیاوسالاری، بەڵام لێرەشدا کێشەی ئەوە دێتە پێشێ کە پێشتر بۆمان دەرکەوت پێش بوونی سەرمایە و خاوەندارییی تایبەتی، پیاوسالاری و چەوسانەوەی مێیینە لەئارادا بووە.

لە مێزوپۆتامیادا لە سەردەمی سەرچۆنەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر دواتریش شەڕ و پێکدادان بەردەوام بووە، هەر لەو سەردەمەشدا، چینایەتی بارگەی تاهەتاییی لەکۆمەڵگەدا داناوە و بیرۆچکەی خاوەنییەتیی سەربەخۆی زەویوزار و کالا سەری هاڵداوە. ئاستی ژنانیش نزم کراوەتەوەوە بۆ ئاستی بەشە مڵکایەتییەک، پیاو بەپێی ستانداردی یاسایی و مۆڕاڵی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون و لەکۆتایی سەردەمی سۆمەریدا سیستمی ئیگالیتاری لەبیر چووەتەوە.

جێندەر لە وڵاتی "بابل"دا:

بابلییەکان تیرەیەکی "ئەمووری"ی سەر بەرەگەزی سامی بوون ٣٩٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆئاوای ڕووباری فورات جێگیر بوون و ناوەکەشیان "بابلی" لەناوی پایەتەختەکەیان "بابل"وە وەرگرتووە و لەسەردەمێکدا گەورەترین دەسەڵاتی نێوان دووئاوان بوون، بابلییەکان دەوڵەتێکی ئۆتۆکراتییان دامەزراندووە و بەلەشکرکێشی سنووریان فرەوان کردووە.

وەک دیارە لە سەردەمی زووی بابلدا، تەنیا ژنی چینی بالای ئەمووری لەبواری ئابووری و ڕامیاریدا، ڕۆڵێکی دیتبێت. بەڵگەنامە بەدەستەوەن کە لە شارەکانی "نوزی" و "ماری"دا لەسەتەی هەژدەی پێش سەردەمدا، ئافرەتان خاوەنی مڵکایەتیی تایبەت بوون و بەڕێوەشیان بردووە، پەیمانی کاریان بەستووە و خەڵکیان ڕاپێچی دادگە کردووە، وەک پیاو لەدادگەدا توانیویانە شایەتی بدەن، منداڵیان هەڵگرتووەتەوە "تبنی کردووە" وەک پیاوان باجیان داوە. باجدانیش ئاماژە بۆ بوونیان وەک کەسێکی سەربەخۆ دەکات. سەرکردەکانیش دەربارەی جەنگ ڕایان وەرگرتوون و هەندێک ژنیش ڕاوێژکاری پادشاکان بوون. نموونەیەکی باشی بەشداریکردنی ئافرەتان لەبواری ڕامیاری و ڕاوێژکاریی پادشاکاندا، کیژەکانی پادشای دەوڵەتی "ماری" پادشا "زیمری لیم"ی هوورین.[٢]

خانزادە ئیبـاتووم، لەنامەیەکدا بۆ پادشا "زیمری– لیم"ی باوکی، داکۆکی لە مێردەکەی دەکا لە بەشداربوونی لە کوودەتای داگیرکردنی شاری "ئامـاس" و باسـی بارودۆخی ڕامیـاریی شارەکە و دڵسـۆزیی مـێـردەکـەی بۆ دەکا. کـیـژێکی دیکـەی زیمری لیم "ئینیب–سـاری" ئاگـەداری بـاوکی لە کوودەتای مێردەکەی خۆی کردووەتەوە.

لەنێوانی ٢٠٠٠ – ١٦٠٠ ساڵی پێش سەردەمدا لەبەشێک شاری ئەمووریدا یاسای "نادیتو"یان هێناوەتە کایەوە، مـەبەست لە یاساکە "بەبوورە" هێشـتنەوەی مێینە بووە، بەپێی ئەو یاسایە مافی منداڵبـوون لە کـاهـینەژنەکـان زەوت کـراوە، نادیتـو مـانـای بوورە دەگـرێتـەوە و ئـەمـەش لەگـەڵ سـەرهەڵدانی مـڵکایەتیی تایبـەت لە بابلدا هاتووەتە کـایەوە. بەپێی یاسـای مـڵکایەتیی بـابلی ئەو سـەردەمـە، کوڕانی بەرەبابێک توانیـویانە پێکەوە خـاوەنی زەوییـەک بن، وەلی ئەگـەر کچ بەشـداری مـیـرات بایە مـێـردەکـەی لەجێگـەی دەبووە مـیـراتگر. جا بـۆ ئەوەی مڵکایـەتی لەنێو خـێـزانـەکەدا بمێنێتەوە، باوکان کچەکانیـانیـان کردووەتە نادیتـو و بەزۆریش ڕەوانەی کڵێسەیەکیان کردوون و ژیانێکی ئاسـوودەیان بۆ دابین کـردوون، وەلێ ئەگەر ڕێگەی سێکسیـشیان لێ نەگیرابا ئەوا مـافی شووکردن و منداڵ بوونیان نەبووە. ئەمـەش بەیەکەم هەنگاوی زەوتکردنی مـافی ژنان ڕەچاودەکرێ لەسەردەمی بابلدا، لێ نادیتو لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی یەکەم بنەماڵەی بابلیدا بەسەرچووە.

حـامـۆڕابی: بەهۆی دانانی کۆدە یـاسـاییـەکـەی "چاو بـەچاو و ددان بەددان" بە بەناوبـانگتـرین پادشــای بابلی ناسـراوە. حـامــۆڕابی پادشـایەکی داینەسـتی/ بنـەمـاڵـەی دووەمی بابلـی بوو و لەجـیــاتی زێدەپێــشــێلکردن و زەوتکردنی مــافی ئافـرەتان کـە بـەرهـەمــێکی ســەرهـەڵدان و بەرەوپێشچوونی دەوڵەتە کۆنەکان بووە، زۆر جێگەی سەرسڕمانە کە دوو لەسەر سێی "٢٨٢" بڕگە یاساییەکانی حامۆڕابی، دەربارەی مامەڵەکردنە لەتەک مێینەدا.

ئەنترۆپۆڵۆجیست، جۆرج دۆرسی: چەخت لەوە دەکا کە کۆدی حـامـۆرابی "لای ئێمـە بـەمیلی حامۆڕابی" ناسراوە، بـەبارنتایەک دانی بەمـافی ئافرەتاندا ناوە، هـەتا سـەرەتای سـەتـەی بیسـتیش هـاوتای نەبووە.

بەپێی کۆدی حامـۆڕابی، ئافرەت مافی دەنگدان و شـایەتکاریی لەدادگەدا و مـافی میراتگرتن و کاری نووسـینگەشیـان پێ ڕەوا بووە. باوک و مـێـردیش مـافی زەوتکردنی مـڵکایەتیـیـەکانیـانیان نەبووە. لەو سـەردەمـەی بابلدا ئافرەت، جگە لـەوەی کاری بـازرگانیی دەرەکیشـیـان کردووە، شـان بەشـانی پیـاو داهێنـەری جۆری جیـاوازی بازرگانی و بـەرهـەمی نوێ بوون و سەرپەرشـتیی داهاتی کـار و کـاسبی و سـامـانی خۆیانیـان لەدەست خۆدا بووە و سـامـان و جیـازی مـارەبڕینیـشیـان بە مـیـرات بۆ منداڵەکانیـان مـاوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا یاسـاکانی حـامـۆڕابی مـافی ژنانی وەبەرچاو گـرتووە، وەلێ مـێیینـەی چینی هـەژار مـافیـان کـەمـتـر بووە لە مـێیینـەی چینە باڵاکـان. ژن و کـچی هـەژارەکـان کـراونـەتە بارمـتـەی قـەرزی باوک و مـێـرد، ئەگـەر قـەرزدار توانـی دانەوەی قـەرزەکـەی نەبووبێ ئەوا کچ و ژنەکانیان لەبریتیی بەکۆیلە کراون.

کۆدەکەی حامۆڕابی هەرچەندە بەشێک لە مافی ئافرەتانی پاراستووە و دوو لەسەر سێی یاساکانی دەربارەی جیاوازیی نێوان جێندەرە، ئەوەشمان پێ دەڵێ کە بە شێوەیەکی گشتی ئافرەت لەئاستێکی زۆر نزمدا نرخێندراوە. پیاو توانیویەتی لەسەر نەزۆکی "منداڵ نەبوون" یان بەهەر شێوەیەک بەهۆی ژنەکەیەوە شەرمەزار بووبێت جیاببێتەوە، هەرچەندە هۆی منداڵ نەبوون وەک زانست بۆی دەرخستووین دەشێ پیاوەکە بێ، وەک ئاشکرایە لێمان هەتا ئێستاش لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا و لەوانەش کۆمەڵگەی کوردستانی بەردەوام ژن تاوانبار و نەگریسە. ئەمەش بە ڕای خۆم یەکێکە لەو مەترسییە نادیارانەی پیاو، کە پێشتر باسمان لێوە کرد. جگە لەوانەش پیاو مافی هەبووە ژنەکەی بکوژێ ئەگەر بەرگریی سەرجێیی لێ کردبێت. لەسەر تاوانە سووکەکان پیاوان سزایەکی کەمی دارایی دراون وەلێ لەسەر هەمان تاوان ئافرەتان ژیانیان لێ تاڵ کراوە. ئەگەر پیاوێک بیسەلماندایە ژنەکەی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا سەرجێیی کردووە دەیتوانی ژنەکەی بکوژێ. پیاو بۆی هەبووە بڵێ یەکەمین ژنی بێسوودە و بیکاتە کۆیلە و ژنێکی دیکە بهێنێ. بۆ تاوانێک کە پیاو بەسزای چەند پووڵێک توانیبیەتی ڕزگاری ببێ، ئافرەت بۆ هەمان تاوان جگە لە سزادانی بەپووڵێکی زێدەتر، ژیانیشی لێ تاڵ کراوە. تاوانی کوشتنی مێرد بۆ مەبەستی شووکردنەوە بەپیاوێکی دیکە، بەگەورەترین تاوانی ژنان ناسراوە، سزاشی لە خاچ یان لە قیسپدان بووە.

ژمارەی یاسای تایبەت بەجێندەرەوە دەری دەخات کە لە سەردەمی بابلییەکاندا، ئافرەتان لەنزمترین ئاستدا سەیر کراون و لە میتۆلۆجیاکانیشیاندا ئەوە بەدی دەکرێ، لە سەرەتاوە خواوەندەکانیان مێینە بوون، دواتر نێرینەیان تێکەڵاو بووە و لە کۆتاییدا خواوەندە مێیەکان بوونەتە ژێردەستەی خواوەندێکی نێر.

جێندەر لەئیمپڕاتۆریای ئاسووردا:

لەسەتەی شازدەی پێش سەردەمدا، بابل لەلایەن "هیتیتی"یەکانەوە تاڵان کرا "ئاسووری"یەکان کە گرووپێکی دیکەی ئەمووری ڕۆئاوایی بوون، لەسەتەی سێزدەی پێش سەردەمەوە، بوونە گەورەترین دەسەڵاتی مێزوپۆتامیا. مێژووناسان سەردەمی ئاسوور بەسەردەمی "کەڵتی تۆقێنەر" ناودەبەن و وەک کەسانێکی زۆر میلیتار و بێ بەزەیی و خوڵقەتگرتوو بەئافرەتان دەناسن.

زێدە لە نیوەی یاساکانی دەوڵەتی ئاسووری پێوەندارە بەمامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتاندا. بەو شێوەیەی سەرچاوەکان باسی دەکەن، مامەڵەی ئاسوورییەکان لەگەڵ مێیینەدا لە ئاستێکی ئەوتۆدا بووە پیاو، قێز لەخۆی دەکاتەوە. لێرەدا بەکورتی ئەوەی لە کتێبەکەی "مێرلین فرێنچ"دا هاتووە لەسەر ئاست و مامەڵەکردنی ئافرەتان لەوڵاتی ئاسووردا، دەخەمە بەرچاوی خوێنەرەوەی بەڕێز.

مێرلین: دەڵێ "ئاسوورییەکان، لەخراپ مامەڵەکردنی ئافرتاندا، بۆڕی هەموو ڕیژیمەکانی دوو

هەزار ساڵەی مێزوپۆتامیای پێش خۆیانیان داوە کە هەموویان خاوەنیەتیی ژنانیان کردووە و وەک کاڵایەک مامەڵەیان کردوون.

وەک مـێلین باس دەکـات، پیـاو توانیـویەتـی ژن بکڕێت، بیکوژێ، ئەشکەنجـەی بدات. کـیـژان فـرۆشـراون بۆ مـارەبڕین و هیـچ مـافی مـیـراتگریی باوک و دایکیـان نەمـاوە. کـچێنی مـەرجـێکی سـەرەکی بووە، ئەگەر بووکێک پێش شـووکردنی کـچێنیی لەدەست دابێ، زاوا مـافی گێڕانەوەی بۆ سـەر مـاڵەبابانی و بگرە کـوشـتنیـشی هـەبووە. پیـاو، هەرکـاتێک ئارەزووی گـرتبـێـتی ژنەکـەی دەرکردووە بێ هیچ قەرەبووکردنەوەیەکی.

یەکێک لەیاسـاکانی گزیکردنی نێوان ژن و مێرد، مـاف بەمـێردەکە دەدات ژنە نادڵسـۆزەکەی و دۆسـتـەکـەشی بکوژێ، یاسـایـەکی دیکەیان، مـافی بەمـێـرد داوە شکات لەو پیـاوە بکات سـێکسی لەگـەڵ ژنەکـەیدا کـردووە و یاسـاش مـۆڵەتی داوەتێ بەو شـێـوەیەی بیـەوێ تۆڵـەی خـۆی بکاتەوە، بەمەرجێک ئەگەر پیاوەکەی کوشت دەبێ ژنەکەی خۆیشی بکوژێ.

ژنێک لەکـاتی نەخـۆشـیی هاوسـەرەکـەی یان دوای مـردنی، سـامـانەکـەی بـردبێ، کوشـتـوویانە. ئافرەت مـافی خـاوەنیـەتی، شکاتکردن و شـایەتیی دادگـەشی نەبووە. لە ڕاسـتـیـدا، ئافرەت، وەک ئاژەڵێک کە پیاو خاوەنیەتی مامەڵەی کراوە.

ئەگەر کیـژێکی بێ دەسگیـران زۆرەگێ کرابا، زۆردارەکـەی نەدەکوژرا، لـەجیـاتی کوشـتنی دەبوو کیـژەکـە مـارە بکات ئـەگـەر پیاوێکی ژنـدار نەبووایە. ئەگەر پـیـاوێکی ژندار بووایە، دەبـوو ژنەکـەی خۆی وەک کۆیلەیەک یان قەپاتمەیەک "بەواتەی کاڵایەکی سێکس" بدایەتە باوکی کچە زەوتکراوەکە. پیاوێک ئەگەر لەژنێکی سکپڕی پیاوێکی دیکەی دابێ و بەو هۆیەوە ژنەکە منداڵەکەی لەبار چووبێ، پیـاوە تاوانکارەکـە بۆخـۆی سـزا نەدراوە بەڵکو ژنەکـەی دووچاری هەمـان ئەشکەنجـەی منداڵ لەباربردن کراوە.

دڕندەنەترین یاسـای ئاسـووری دەربـارەی ئافرەتـان، لەسـەر منداڵ لەبەرباردن بووە. هـەر ژنێک منداڵی لەبار خۆی بردبا یان یاریدەی ژنێکی دیکەی دابێ، بەزیندوویی لەقیـسـپیـان داوە. ئەوەش لەبەر ئەوە نەبووە کە منداڵ لەباربردن وەک تاوانی منداڵ کوشتن بووبێ، لەبەرئەوەی یاسا ڕەواییی بەمنداڵ کوشتن داوە و کارێکی بەربڵاویش بووە، سزاکە لەسـەر پێشێلکاریی مافی باوک بووە کە بڕیاری مردن و ژیانی لەدەستدا بووە.

لەباربـردنی منداڵ و گـزی جنسـی، تاوانێک بـووە تەنیـا بۆ ژنان. بڕیـارێکی سـەربەخـۆ لەلایەن ژنەوە وەک گـەورەترین تاوانـەکـانی سـەر "ئـاسـایشی نەتەوەیی" و سـووکـایەتیکردن بەپادشـا ژمێردراوە، کە سزاکەی لەقیسپدان بووە. لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستییە هەڵێنجین کە سزاکە بۆیە هێندە قورس بووە چونکە سـەرکێشی دەسـەڵاتی پاتریارکی تێدا بینراوە ئەویش کـە ئەوەیە تەنیـا پیاو دەتوانێ بکوژێ !!

لەناو خێزانی ئاسووریدا باوک دەسەڵاتی ڕەهای هەبووە، بەئارەزووی خۆی یاسای بۆ خێزانەکەی و کۆیلە و خزمەتکارەکانی داناوە. مێردیش بەتەواوی کۆنترۆڵی سامانی هاوسەرەکەی کردووە ئەگەر هەیبووبێ.

وەک ئاژەڵ مێیینە نرخی هەبووە و فرۆشراوە بۆ هاوسەری و قەپاتمەیی و کۆیلەیی و کاری سۆزانی. لەژێر یاسای ئاسووریدا مێرد، مافی هەبووە ژنەکەی بێ ئاگای کەس ئەشکەنجە بدات، وەک ئەوەی قژی دەرکێشێ، لێیبدا، گوێی کەڕبکات. وەلێ ئەگەر ویستبێتی مەمک یان لووتی ببڕێ، بەپێی یاسا دەبووایە بەئاشکرا و بەبەرچاوی خەڵکەوە ئەنجامیدایە. بەمانای ئەوەی پیاو ئەو مافەشی هەبووە و هیچ کۆسپێکی یاسایی لە ڕێگەیدا نەبووە.

بەکورتی لە سەردەمی مێزوپۆتامیای کۆندا یاسا سەرەکییەکان دەربارەی موڵکایەتی و مامەڵەکردن بەموڵکایەتییەوە بوون و مێینەش موڵکی نێرینە بووە... مێرلین فرێنچ بەرگی یەکەن ل ١٠٥-٩٨.

مەگەر هەر ژنانی ئەو سەردەمە بزانن چ ژیانێکیان بردووەتە سەر!!

پەراوێز:

١- دەوڵەتی ئینکا: کە لە کۆمەڵگەیەکی بێستانچێتی "هۆرتی کوڵتوور"ی ئێگالیتاری و بێ زێدەبەرهەمهێنان و کۆمەڵکردنی سامان سەری هەڵدا، بەتەواوی ناکۆکە لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەنگلس دەربارەی سەرهەڵدانی دەوڵەت.

٢- بەشێک لە لێکۆڵەرانی مێژووی ئافرەتان لە هەندێ سەرچاوەدا "هووری"یەکانیشیان وەک بابلی، بەواتەی ئەمووری لەقەڵەم داوە و ئاماژەشیان بۆ سەرچاوەی زانیارییەکەیان نەکردووە. لەو چەند ڕستەیەی سەرەوەدا، سەرچاوەکە بەڵگەنامەی شارەکانی نوزی و ماری وەک دوو شاری بابلی هێناوەتەوە، وەلێ مێژووی هوورییەکان سەلماندوویەتی، دانیشتووان و پادشاکانی ئەو دوو شارە، هووری زمانەکان بوون و لە هیچ لایەکەوە پێوەندییان لەتەک ڕەگەزی سامیدا نەبووە و لەو سەردەمانەدا سەرەتای "ملینیۆمی دووی پێش سەردەم" هوورییەکان لە چیاکانی هەورامانەوە و لەنێوانی هەردوو ئیمپڕاتۆریای بابلی و ئاسووریدا هەتا دەگاتە سەر دەریای سپی "بەواتەی بەنێزیکەی پانتاییی باشوور و ڕۆئاوای کوردستان" چەند بادشایەتی و ئیمپڕاتۆریایان دامەزراند.

سەرچاوەکان:


Silver Moon Sun, and Witches.1987

Barbara Lesko, the Remarkable Women of Ancient Egypt 1987

Sarah B. Pomeroy, Women in Hellenistic Egypt: From Alexander to Cleopatra 1984

Sir William Tarn, Cambridge Ancient History, Vol.10 1970

George Dorsey, Mans Own Show: Civilization (New York: Harper& Brothers, 1931)

Bernard Batto, Studies on Women at Mari (Baltim0re, Md: Johns Hopkins University press, 1974

Stein 1994 .Gernot Wilhelm, the Hurrians, translated from German by, Diana L
Marilyn French, From Eave to Dawn, vol102. & 3, 2002
Ancient Civilizations, General Editor: Professor Greg Woolf, First publishing 2005
Chinese women: past&present, by Easter S. Lee Yao 1983
Women in early Imperial China, by Bret Hinsch, 200
On becoming human, Nancy Makepeace Tanner. Cambrbidge Univesity press 1981
The creation of patriarchy. Gerda Lerner. Oxford University press 1986
In defense of Atheism Michel Onfray, translated by Jeremy Leggatt 2005
Sex, Time and Power, Leonard Shlain. How womens sexualty shaped Human Evolution. 2003
Big history, from the BIG BANG to the present, by Cynthia Stokes Brown. New York,, NY 2008
Grassroots by Jennifer Baumgardner and Amy Richards ì. 2005
Richard A. Gold, Yiwara: Foragers of Australian Desert ììì1969
Georg Bancroft, History of the United States of America, From the Discovery of the Continent vol1. 1967
Catal Huyuk: A Neolithic Town in Anatolia, by, James Mellaart (New York: McGraw-Hill,ì1967)
Marija Gimbutas, Gods and Goddesses of Old Europe (Berkeley: University of California pressì1974
Michal Dames, the Silbury Treasure (London: Thames and Hudsonì1976)
Anton, Ferdinand, Women in pre-Colombian Americanì1973
Anderson, Karen. Commodity Exchange and Subordination: Montagnais-Naskapi and Huron Women, 1600-1650,"ì1986
Simone De Beauvoir. Second Sex, copyright Alfred, A, Knopf Vintage Book Edition, 1989
Richard B. Lee, Population growth and bigining of sadentry, life among the Kung Bushmen 1972
Marjorie Shustak, Nisa: The life and world of Kung women. Harvard University press 1981
Carol Beckwith and Angela Fisher, African Ceremonies II (New York: Harry N. Abraham Inc. 1999
Robert S. McElvaine, Eves Seedì2001
Myth0logy, the illustrated anthology of world myth and storytelling, general editor, C Scott Littlton ì.. 2002.
Encyclopedia of the ancient Greek world, David Sacks, revised edition by Lisa R. Brody ì.2005
Political and and social life in the great age of Athens, edited by John and Kitty Chisholm. Open Univerty.1978.
All you need to know, from Zeuss Throne to the Fall of Rome, by Carolline Taggart. Michael O Mara Books Limited 2010.
The reign of the phallus: Sexual politics in Ancient Asthens. New York: Harper & Row,.Keuls Eva C 1986
The secret history of Mongol Queens. by Weatherford2010

هەولێرنامەی کتێب

# شۆڕش یان دەوڵەت

وسام ئەلرەبیعی

بە درێژاییی مێژوو، شۆڕشگێڕەکان بۆ گەیشتن بە "ئازادی" چرای خەباتیان بەرز کردووەتەوە، هەروەها خۆیان بە هەڵگری خەمی چەوساوە و زەحمەتکێشەکان داناوە، بەو هیوایەی کە بەسەر چەوسێنەرانیاندا سەربکەون و داوای مافی چەوساوەکانیان کردووە.

بەڵام زۆر جاریش شۆڕشەکانیان فەشەلی هێناوە و زۆر کەمیش سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، گەر شۆڕشێکیش شکستی هێنابێت، ئەوا لە هەناویدا ئاگری شۆڕشێکی تری هەڵگرتووە. گەر شۆڕشەکەش سەرکەوتوو بووبێت، ئەوا ئەمە سەرکەوتنی هەق و چەساوەکان بووە بەسەر چەوسێنەرەکاندا . هەتاوەکو "ئەو کاتەی" من دەڵێم هەتا ئەو کاتەی... چونکە هەر کە شۆڕشگێڕەکان سەرکەوتنیان لە شۆڕشەکەدا بەدەست هێنابێت، ئەوا یەکسەر تووشی حەزی دەسەڵات بوون و دەسەڵاتیان تەنیا لە دەستی خۆیاندا هێشتووەتەوە و خەڵکانی تریشیان لە دەسەڵات دوور خستووەتەوە، هەروەک چۆن پێشتر خەڵکی تر ئەمانی لە دەسەڵات دوورخستووەتەوە.

لێرەشەوە تووشی حەزی شەیتانیی خۆشەویستیی دەسەڵات و پارە پەیداکردن و نفوز پەیداکردن و شتی تر دەبنەوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش، ئەم شۆڕشگێڕە دەبێتە ملهووڕ و چەوسێنەر، ئەمەش بەرەو گەندەڵبوونی دەبات. جێگەی گوتنە دیکتاتۆر و ملهوڕەکانی ئەمڕۆ، شۆڕشگێڕی دوێنی بوون، بە دڵنیاییشەوە شۆڕشگێڕەکانی ئەمڕۆ، دیکتاتۆری سبەی دەبن. لەبەرئەوە خۆزگەم بەو شۆڕشگێڕانەی کە پێش ئەوەی لەناو زەریای دەسەڵات و پارەدا نوقم بن، لە ڕێگەی ئازادیدا شەهید بوون. لەبەرئەوەی ئەمڕۆ لەناو ئەو شتەدا دەژیین کە پێی دەڵێن شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، ئەوا کارێکی باش دەکەین گەر خۆمان بەم مەسەلەیەوە خەریک بکەین و باس لە چارەنووسی چاوەڕوانکراوی ئەم شۆڕشانەش بکەین. چونکە شۆڕشی عەرەبیش، لەڕووی "کات و شوێن"ـەوە هیچ جیاوازیی لەگەڵ شۆڕشەکانی تری جیهان نییە. مێژوو پێمان دەڵێت کە بە

........................................................................

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

دەگمەن نەبێت، کەم جار شۆڕشگێڕەکان لەپاش ئەوەی دەسەڵات دەگرنە دەست، غەرقی حەزی شەیتانیی خۆشەویستیی دەسەڵات نەبوون، هەروەها بە دەگمەنیش شۆڕشگێڕێک دەبینیت کە لەپاش دەسەڵات گرتنە دەست، کەسێکی دادپەروەر و دەست پاک بووبێتن وەکو عومەر و عەلی، یان گاندی و ماندێلا. هەرچەندە ئەم نموونە دەگمەنانەشمان هەیە، بەڵام ئەمانە ناتوانن ببنە ڕێسایەک بۆ هەموو شۆڕشگێڕەکانی تری جیهان، بەڵکە بە پێچەوانەوە ئەمانە لادەر بوون و لە ڕێگەی شۆڕشگێڕانی تر لایان داوە. بەڵام مرۆڤە چەوساوەکان پێشتر و هەتاوەکو ئەمڕۆش، دڵیان بەم نموونە و پێشەوایانە خۆشە، بەو هیوایەن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شۆڕشگێڕەکانی ئەمانیش وەکو " ماندێلا و گاندی" دەربچن. ئیسلام شۆڕشێکی لە دژی زوڵم و گەندەڵی بەرپا کرد، هەروەها بزاڤێکی چاکسازیشی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بە ئەنجام گەیاند. دیارە زۆربەی پێشەوایانی ئەم شۆڕشە، خەڵکانی چەوساوە و زەحمەتکێش بوون. بەڵام سەرەتای ئەم شۆڕشە، وەکو کۆتاییەکەی نەبوو. کاتێک موسڵمانەکان دەستیان کرد بە (فتح*) داگیرکردنی وڵاتانی تر، پارە و سامانێکی زۆر بەسەریاندا باری، بەشێوەیەک کە جۆرە ڕەوشێکی ئاوهای دروست کرد، کە پێویستی بە شۆڕشێک دەکرد دژ بەم شۆڕشگێڕە دێرینانە، بۆ ئەوەی بیانگەڕێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاستی و بنەڕەتی شۆڕشەکەیان.

یەکێک لە ڕۆهەڵاتناسە ڕەخنەگرەکان، ڕەخنە لە موسڵمانەکان دەگرێت، کاتێک ئاگاداری ڕەوشی کۆشکەکانی ئەمەوی و عەباسییەکان بوویەوە و بە چاوی خۆی ئەو هەموو فەساد و پارە بە فیڕۆدانەی لە کۆشکەکاندا بینی، ئا بەم شێوەیە ڕەخنە لە موسڵمانەکان دەگرێ:

"مووسڵمانەکان قەیسەریان بە قەیسەرێکی تر گۆڕییەوە، کیسرایان×× بە کیسرایەکی تر گۆڕییەوە". من هیچ شتێکی خراپ لە قسەکانی ئەم ڕۆهەڵاتناسەدا نابینم هەتاوەکو وەڵامی بدەمەوە، چونکە باسی لە ڕاستییەکی تاڵ و ناخۆش کردووە، لەڕاستیدا ملهوڕی و ناڕەوایی حوکمی "بەنی ئومییە" لە شام، لە جەور و ستەمی ئەمیرەکانی قەیسەری ڕۆمی خراپتر بوو، هەروەها ملهووڕیی "بەنی عەباس". لە زوڵم و جەور و ستەمی کیسرا لە عێراق خراپتر و بەدتر بوو. جێگەی گوتنە خۆشی و چێژی دەسەڵات بەسە، بۆئەوەی هەموو شۆڕشگێڕێک یان شۆڕشێک بەرەو گەندەڵی بەرێت، هەرچەندە ئەو شۆڕشگێڕە یان ئەو شۆڕشە مەزن بێت، ئەمەش سروشتی ژیانە، کەم کەس دەتوانن لەم ئافاتە خۆیان ڕزگار بکەن و نوقمی گەندەڵی نەبن. کێ ئامادەیە واز لەم خۆشییە بهێنێت، کاتێک کە دەرگەی سەرکەوتن و مەزنیی بۆ دەکرێتەوە؟

لەبارەی ئەو ئافاتەی کە دەسەڵات و حوکم بۆ بەهاکانی شۆڕش و شۆڕشگێڕەکان دەیهێنێت، پێم باشە چەند وتەیەکی دکتۆر عەلی وەردی باس بکەم. ئەو دەڵێت:

"هەندێک لە ڕۆهەڵاتناسەکان دەیانەوێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وێنەی ئیسلام ناشرین بکەن. ئەوان هەموو کاتێک لە کتێبەکانیاندا باس لەو لادان و گەندەڵییە دەکەن، کە کۆمەڵگەی ئیسلامی لەپاش مردنی پێغەمبەر بە ماوەیەکی کەم تووشی هات، وەکو بڵێیت بیانەوێت ئەم حاڵەتە

بە حاڵەتی پاش مردنی حەزرەتی مەسیح بشوبهێنن، بۆ نموونە ئەوان باس لە یاوەرانی پێخەمبەر دەکەن و دەڵێن: ئەوان لە نێوان خۆیاندا کردیان بە شەڕ و ئاژاوە و یەکتریان کوشت و تەکفیری یەکتریان کرد، بەڵام یاوەرانی حەزەرەتی مەسیح بەم شێوەیە نەبوون و لەناو خۆیاندا شەڕیان لەگەڵ یەکتری نەکرد. لێ ڕۆهەڵاتناسەکان لە بیریان چووەتەوە، گەر یاوەرانی حەزرەتی مەسیحیش، وەکو یاوەرانی حەزرەتی موحەمەد سەرکەوتنایە و چەندین وڵاتیان بەو خێراییە بەهێزە "فتح" داگیر بکردایە، ئەوا ئەوانیش بەهەمان شێوە لەناو خۆیاندا دەیان کرد بە شەڕ و پەلاماری یەکتریان دەدا، ڕێک وەکو چۆن یاوەرانی موحەمەد وایان کرد. دیارە ئەمەش لەهەموو (کات و شوێن)ێکدا سروشتی هەموو مرۆڤێکە."

قسەکانی دکتۆر عەلی وەردی لێرەدا تەواو دەبن.

پێم وایە ئەم قسانەی عەلی وەردی تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستن، بەتایبەتی لەبارەی ئەو کاریگەرییە خراپەی کە دەسەڵات دەیکاتە سەر بەهاکانی شۆڕش. حەزرەتی مەسیح لەپاش خۆی تەنیا "وشە"ی بۆ یاوەرانی جێهێشت، بەڵام موحەمەد لەپاش خۆی "وشە و دەوڵەت"ی بۆ یاوەرانی جێهێشت، هەندێک لە یاوەرانی خەریکی بڵاوکردنەوەی وشە بوون، هەندێکیشیان خەریکی فرەوانکردنی دەوڵەتەکەیان بوون، بۆئەوەی وشەکانیان بڵاو بکەنەوە، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش، لەناو خۆشیی دەسەڵاتدا غەرقبوون و ئاگەیان لە وشە نەما.

لەگەڵ ئەوەشدا، یاوەرانی حەزرەتی مەسیح نەیانتوانی هەمان چارەنووسی یاوەرانی حەزرەتی موحەمەدیان نەبێت، هەرچەندە ئەمان لەچاو موسڵمانەکان، لەپاش ماوەیەکی زۆر، ئینجا توانییان دەسەڵات بگرنە دەست. کاتێک ئیمپراتۆریەتی ڕۆما، بەو دەسەڵات و سوڵتانە گەورە و مەزنەی کە هەیبوو، بوو بە مەسیحی، وای لێ هات مەسیحییەکان حوکمی ڕۆما بکەن، لەکاتێکدا پێشتر ڕۆما حوکمی مەسیحییەکانی دەکرد. لەپاش ئەوە، ئیتر جیاوازی و لێکترازان پەیدا بوون، شمشێر و ڕمیان لەپەنا خاچدا بەرز کردەوە، جەور و ستەمێکی زۆر بڵاوبوویەوە، خوێنێکی زۆریش لەپێناو بڵاوکردنەوە وشەی "خۆشەویستی و ئاشتی"دا ڕژا.

دیارە جیاوازیی نێوان شۆڕش و دەوڵەت، واتە جیاوازیی نێوان خەون و واقع، ئەو شۆڕشەی کە بە حوکم گرتنەدەست کۆتایی پێ دێت، ڕێک وەکو ئەو خۆشەویستییە وایە کە بە خێزان دروستکردن کۆتایی پێ دێت. هەردووکیان بە کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپ و دروشمی میسالی دەست پێ دەکەن، کە لە دەرەوەی زەمەنن و لە واقعەوە دوورن. لەپاش سەرکەوتن، مانگی هەنگوینی شۆڕشیش کۆتایی پێ دێت. کاتێک ئەو پرەنسیپ و بەهایانە دەخرێنە سەر ئەرزی واقع، ئینجا چرکە ڕاستییەکانی کاتژمێری زەمەن دەست پێ دەکات و کێشە و جیاوازییەکان دێنە ئاراوە، کە ئەمانەش هەموویان دەرئەنجامی ئەو کێشە ئەمنی و ئابووری و شەڕە ناوەخۆ و دەرەکییانەیە، کە بەهاکانی شۆڕش هێناویانەتە ئاراوە، زۆر جاریش ئەم شۆڕشە دەخاتە بەر پرسیار و مەحەکی مێژووەوە، زۆر جاریش ئەم شۆڕشە بە فەشەل کۆتایی پێ دێت.

لەو کاتەی کە شۆڕش دەبێتە دەوڵەت، ناچار دەبێت سازش لەهەندێک بەها و پرەنسیپەکانی خۆی بکات، بۆئەوەی پارێزگاری لەو دەستکەوتانە بکات، کە شۆڕشەکە بەدەستی هێناوە. ئەمەش بە دڵنییایەوە لەپاش ماوەیەکی تر، دەبێتە هۆی دروستبوونی شۆڕشگێڕی نوێ، بۆئەوەی جارێکی تر تۆپی یارییەکە بهاوێژێتەوە ناو گۆڕەپانەکە. ئەمەش چەندین سەدەیە بووەتە سوونەتی ژیان.

حاکمەکان دەبنە کۆنەپارێز و هیوادارن کە زەمەن لە جێگەی خۆیدا بوەستێت و چیتر بۆ پێشەوە نەچێت. شۆڕشگێڕەکان هەر خۆشیان نوێخوازن، بزاوەکەشیان هەتاوەکو نەگەیەننە شوێن و کاتی نوێ، کۆتایی پێ نایەت. تەنیا حوکمی ڕۆژگاریش لەنێوان خەڵکیدا دەمێنێتەوە. جێگەی گوتنە "گۆڕین" تاکە شتە کە لە ژیاندا وەکو خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت.

لەبەرئەوە هەر شۆڕشێکی ڕاستەقینە، گەر بیەوێت پارێزگاری لەو پرەنسیپانە بکات کە لەسەری دروست بووە، دەبێت زۆر باش ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێت، کە ئەویش قۆناخێکە و قۆناخی تر بە دوایدا دێت. دەبێتیش قەبووڵی خەڵکانی نوێ بکات کە پەیدا دەبن، ئەم گۆڕانکارییەش بۆ بەرژەوەندی و پێشکەوتنی وڵاتە.

دیارە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان باش لەو ڕاستییە گەیشتوون، هەر لەبەرئەوەشە ئەمڕۆ ئەو وڵاتانە بە نیعمەتی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی گەیشتوون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی و ئاسایشی بەردەوام، کە ئەویش لەئەنجامی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە پەیدا بووە.

دیارە ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەو وڵاتانە لە ترسی شۆڕش دوورکەوتوونەتەوە و ئاگری شۆڕش تێیاندا نەماوە، بەڵکە بە پێچەوانەوە ئەو ئاگرە لە هیچ "کات و شوێن"ێکدا ناکوژێتەوە، بگرە ئەو ئاگرە وەکو ئاگری خۆر وایە، کە سیمایەکی ئەزەلی و ئەبەدیی هەیە. بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کە مەیدانی شۆڕش لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، سندوقی هەڵبژاردنەکانە و، شەقام و گۆڕەپانەکان نییە. ئەم جۆرە شۆڕشە ئاشتی ئامێزانەش، وڵات لەو دەرئەنجامە خراپانە دەپارێزێت، کە لەئەنجامی شۆڕشەوە هەموو وڵاتەکان تووشیان دەبێ.

بەڵام ئێمە هەموو مێژوومان، لە سەردەمی حوکمی خوولەفاوە هەتاوەکو کۆمارە نوێکان، بە دەگمەن نەبێت، سەرۆکێک یان دەسەڵاتێک، بە شێوەیەکی ئاشتییانە، دەسەڵاتی تەسلیمی خەڵکانی نوێ کردبێ. دەسەڵات لە لای ئێمە تەنیا لە ڕێگەی کودەتا یان تیرۆرکردن یان لە ڕێگەی شۆڕشێکی خوێناوییەوە، کە سەرۆکەکان بەناو شەقامەکاندا ڕادەکێشن، یان ئەوەتا حاکمەکە بەهۆی نەخۆشییەوە دەمرێت و لەپاش خۆی، یەکسەر کوڕەکەی جێگەی دەگرێتەوە.

ئێمە پێویستیمان بە نەوەیەکی نوێی شۆڕشگێڕ هەیە. کە لە ڕۆشنبیریی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەپاش شۆڕش تێ بگەن، هەروەها پێشکەوتن و بەرژەوەندیی وڵات و گەل، لە سەروو هەموو شتێکەوە دابنێن. دیارە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە، کە شۆڕش لەپێناو گۆڕانی دەسەڵات دەکات، نەک لەبەرئەوەی خۆی ببێتە حاکم و دەسەڵات بگرێتە دەست.

ئێمە پێویستیمان بەو شۆڕشگێڕانەیە کە لەپاش شۆڕشیش، ئامادەی قوربانیدان بن، نەک تەنیا

لەکاتی شۆڕشدا ئامادەی فیداکاری بن. ئێمە پێویستیمان بەو شۆڕشگێڕانەیە کە دەسەڵات وەکو بەشێک یان دەستکەوتێک لەئەنجامی خەباتیان وەرناگرن، یان وا باوەڕیکەن کە دەسەڵات ئارمانجی سەرەکیی شۆڕشە و کۆتایی شۆڕش دەگەیەنێت. ئێمە پێویستیمان بە شۆڕشگێڕی هاوشێوە " نیلسۆن ماندێلا"یە، کە بە شێخی هەموو شۆڕشگێڕەکان دێتە ژماردن، ئەو کەسەی کە زۆربەی ژیانی لەناو زیندان و گرتووخانەکاندا بەسەر برد، کاتێکیش کە شۆڕشەکە سەرکەوت، تەنیا یەک جار خۆی بۆ سەرۆکایەتیی وڵات پاڵاوت و نەیویست جارێکی تر ببێتەوە بەسەرۆکی وڵات، هەرچەندە جەماوەرێکی زۆری هەبوو، لەناو خەڵکیشدا زۆر خۆشەویست بوو.

ماندێلا هەموو جیهانی سەرسام کرد، کاتێک گوتی:

"من ئەو پیاوە نیم، کە گەل نەتوانێت وازم لێ بهێنێت."

ئەم ڕستەیەش مانای ئەوەی دەگەیاند، کە ئەم پیاوە نموونەی ئەو شۆڕشگێڕانەیە کە ئامادە نییە لە دەرئەنجامی ئەو ساڵە زۆرانەی کە لە زیندانەکاندا ئەشکنجە و ئازارێکی زۆری دیوە، ئەم خەباتە زۆرەی بە چەند ساڵێکی کەمی حوکمڕانی بگۆڕێتەوە.

نموونەیەکی گرینگ و مەزنتریش، کە بەردەوام ناوی دووبارە دەبێتەوە و لەسەر زارە، ئەویش شۆڕشگێڕی مەزن "چێ گیفارا"یە، کە دەکرێت بکرێتە نموونەیەکی باش و پێشەوایەکی مەزنی هەموو شۆڕشگێڕەکان. ئەو شۆڕشگێڕە جیهانییەی، کە کاتێک لە کوبا توانیی لەکۆتایی شۆڕشەکەدا، بگاتە دەسەڵات و حوکمڕانی، گوتی:

"لەم کاتەدا" واتە حوکمڕانی "شۆڕش تووشی هەڵپەساندن دەبێت، شۆڕشگێڕەکان کاتێک لەسەر کورسیی حوکم دادەنیشن، تووشی سەرلێشێواندن و گومڕایی دەبن، منیش لەکاتێکدا کە خۆێنی شۆڕش لەناخمدا دەکوڵێت، ناتوانم دابنیشم."

هەر لەبەرئەوە وازی لە پۆستی وەزیری و پلە سەربازییەکەی و سەرکردایەتیی حیزب هێنا و، چوو لە شوێنێکی تر بەدوای شۆڕشدا بگەڕێت، هەتاوەکو لە کۆتاییدا لە ڕێگەی ئازادیدا شەهید بێت، نەک لە ناو زەلکاوی حوکم و دەسەڵاتدا بکوژرێت.

پەراوێز:

* هەتاوەکو ئەمڕۆش زۆربەی نووسەرانی عەرەب، داگیرکردنی وڵاتانی غەیرە عەرەبی کە لە سەردەمی ئیسلامدا کراوە، بە "فتح" ناو دەبەن. بەڵام لەڕاستیدا عەرەبەکان ئەم وڵاتانەیان داگیر کردووە نەک ڕزگار کردووە. هەروەها داگیرکەری عەرەبی هیچ جیاوازیی لەگەڵ داگیرکەری تردا نەبوو. بەڵام ئێمە لەبەر ئەمانەتی زانستی، پێمان باشە وشەکە وەکو خۆی دابنێینەوە، وەرگێڕ.

** مەبەستی نووسەر لە کیسرا، ئیمپراتۆری فارس "کیسرا"یە، کە لەو کاتەدا یەکێک بوو لە فەرمانڕەوا مەزن و گەورەکانی ڕۆهەڵات و حوکمی بەشێکی زۆری ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناڤینی دەکرد... وەرگێڕ.

سەرچاوە: سایتی الاوان

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ
# فەیلەسووف و سۆسیۆلۆگ ئێدگار مۆرگان

فریدریک لینوار و جینیفەر شفارتز

دۆیتـچە ڤێلە: لەکاتێکدا تـەمـەنتـان گـەیشـتـووەتە نێزیکەی نەوەت سـاڵ، بۆچوونـتـان دەربارەی ڕابوونی ئاینی چییە؟

مۆرگان: هـەمـوو کۆمەڵگە مرۆڤییـەکان خاوەنی خـودایەکن کە توانەکی بێ سنوور و داهێنەرانەی گـەورەی هـەیە، کـە کـۆنتـرۆڵی هـەمـوو یەکـە سـروشـتـییـەکـان دەکـات و فـەرمـان بەسـەر خـەڵکیدا دەسەپێنێت، بە جۆرێک کە زۆر جار خەڵکی ئامادەن خۆیان لەپێناو ئەو خودایە بکەنە قوربانی. ئەم هـەسـتی خـۆ بەقـوربانیکردنە بـە جـۆرێکە، بۆ نموونـە گـەلی "ئەزتاک" دەچوون کچەکـانیـان دەکردە قوربانی لە پێناوی خودای "خۆر"دا بۆ ئەوەی لێیان ڕازی بێت.

خوداکان خاوەنی جـەبەرووتێکی ئێجگار گەورەن، ئەوان دەمانترسێنن و داواشـمان لێ دەکەن کە خۆشـمان بوێن و ڕێز و ملکەچیشـمان بـەسەردا دەسـەپێنن. خـوداکانیش وەکو شـارسـتـانییـەکان جـیـاوازن، هـەر بۆیە دەتوانین بڵـێین، ئەم خـودایانەش لـە داهێنانی ئەو گـرووپـە مـرۆڤـیـیـانەش دروسـتـبـووە. بە دڵنیـاییـەوە کۆمەڵە کـەسـانێک خـاوەنی عەقڵێکی بەهێز و زیرەک بوون، توانییان خودایەک دروست بکەن و، بـوونێکی واقـعـیـیـانەیان پێ بەخشـی، ئـەمرۆش ئێـمـە خـۆمـان لەناو ئەو ئاوەز و بـۆچوونانـە دەبینینەوە، کـە ئەم فکرانە دەکـاتـە شـتـێکی ڕاسـتـەقـینە و بوونیـان پێ دەبەخشێت. کاتێکیش ئەو کۆمەڵە کەسانە نامێنن، خوداکانیشمان دەمرن.

دیارە ئەوەی لەبارەی خـوداکانەوە دەگوترێت، دەتوانین هـەمـان شـتیش بۆ ئایدۆلۆجیاکان بڵـێین. بەڵام عـەقـڵـە خـوێندەوارەکان دەتوانن شـێوەیەکی تر لە بیـروباوەڕەکان دابهێنن، بۆ نمـوونە بیـری کۆمۆنیست. دیارە بۆ ئەم ئایینە نوێیە، خۆشـبەختی و ڕزگاربوون لە ئاسـمانەوە دەست ناکـەوێت، بەڵکە لـەسـەر ئەرزە، دیارە ئەم ئاینەش شـەهـید و پاڵەوانی تایبـەتی خـۆی هـەیە. هـەرچەنـدە ئێمـە

........................................

وەرگێران لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا


ئێدگار مۆرگان

ناتوانین خۆمان لە چنگی ئەم گێتییە مەعریفییە قوتار بکەین، بەڵام خۆشمان لەسایەی هێز و جەبەرووتیی ئەودا دەبینینەوە. جێگەی گوتنە ئەفسانە خۆی نازانێت کە ئەفسانەیە، بەڵکە وا هەست دەکات کە شتێکی واقعی و ڕاستەقینەیە. لەبەرئەوە پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین، کە ئێمە کۆمەڵێک خورافاتمان هەیە، کە خاوەنی هێز و توانەکی ڕاستەقینەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەفسانەکان هەر بە ئەفسانەیی دەمێننەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین پێوەندییەکی باشتر لەگەڵ مەجالی عەقڵیمان دابنێین، هەروەها پێوەندییەکی باشیش لەگەڵ خوداکانمان دابنێین، ئەوا پێویستە بکەوینە دیالۆگ لەگەڵ ئەفسانەکانمان و داوایان لێ بکەین کە لە مەسەلەکاندا زیادەڕۆیی نەکەن و بەرەو ملهوڕی و چەوساندنەوە نەچن، پێویستیشە ئێمە خۆمان پارێزگاری لەم ئەفسانانە بکەین و داوایان لێ بکەین کە بینمان نەگرن و غەرقمان نەکەن.

دۆیتچە ڤێلە: ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن، تا ڕادەیەکی زۆر لە بۆچوونەکانی ئاینی بوزییەوە نێزیکە. بۆچوونەکانمان جۆرە شکڵ و وێنەیەک دەخوڵقێنن، کە لە کۆتاییدا وەکو ڕاستییەک دەر دەکەون. ئەم "شکڵ و بۆچوونانە"ش دەبنە خودایەک کە دەیپەرستین، چونکە سوودی بۆ بیروباوەڕەکانمان هەیە. لێ لە ئاینی بوزیدا، کاتێک خودایەک زەرەرمەند بێت و زیاد لەپێویستیش دەسەڵاتدار بێت، دەتوانین واز لە پەرستنی بهێنین!

مۆرگان: دیارە ئاینی بوزی زۆر باش لەو ڕاستییە گەیشتووە، کە خوداکان بوونێکی ڕاستەقینەی لاوەکییان هەیە. جێگەی گوتنە یەکتاپەرستی جەخت لەسەر یەکەتی دەکاتەوە، لێ (شرک، باوەڕبوون بەچەند خودایەک) جەخت لەسەر جیاوازی دەکاتەوە. هەریەکەشیان خاوەنی هەقیەتێکی تایبەتییە، بەڵام کۆمەڵگە فرە خوداکان، زیاتر گیانێکی تۆلێرانسیان (لێبوردەییان) هەیە و مرۆڤدۆستانەتریشن. دیارە من خۆم زیاتر بەکەسێکی سیپۆنزی دادەنێم، بە واتایەکی تر سیپۆنزا دژی ئەوە بوو، کە هانا بۆ خودایەک بەرین کە لەسەروو جیهانمانەوەیە "میتافیزیک" ئەو زیاتر لەگەڵ ئەو ڕۆحە داهێنەرانە بوو، کە لە سروشتدا بوونیان هەیە. بەڵێ، من لەو باوەڕەدام کە ڕۆحێکی داهێنەرانەی مەزن هەیە، بەشێوەیەک کە دەتوانێت کار لە سروشت بکات. بەڵام ئاخۆ ئەمە لە کوێوە سەرچاوەی گرتبێت؟ پێم وایە لەم مەسەلەیەدا نهێنییەکی قووڵ هەیە.

جێگەی گوتنە عەقڵ و هۆشمان سنوورێکی دیاریکراویان هەیە، فەزیلەتی عەقڵی باشیش ئەوەیە، کە خۆی لە کۆمەڵێک کۆت و بەندی بەسەر هۆشدا سەپاندووە، هەروەکو (باسکاڵ و کانت) بە شێوەیەکی زۆر باش باسیان لێوە کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک مەیدانی تر هەن بۆ نموونە "شیعر و موزیک" بە شێوەیەکی سەیر کارمان تێ دەکەن کە ناتوانین وەسفی ئەم حاڵەتە

بکەین. گـــەر لـەو باوەڕەدابیت کـــە هـیچ شکڵـــێکی "ژیری، زیرەکی" بـوونـی نەبێت، ئەوا مـن لەبەرامبـەردا دەڵێم: وازبێنە با "دەرگە"کە کراوەبێت بەرامبەر بە نهێنیی ژیان و بوون. بە واتایەکی تر، من وا هـەست دەکـەم، کە زۆر لە خـەڵکی ئاسـاییتـرەوە نێزیکم و هـەمـان نەریتی بـاو پراکتـیزە دەکەم.

دۆیتـچە ڤێلە: ئارمـانجی مـەزهـەبی سۆفییـەت، خۆڕزگارکردنە لەو شـتەی کە ناتوانین پێی بگەین، ئاخۆ ئێوە لەگەڵ سۆفییەتدا هاوڕان؟

مـۆرگـان: تەواو خـۆیەتی! سـۆفـییـە گـەورەکـان خـاوەنـی ئەزمـوونێکی قـووڵن، کە لەسـەر بنەوای جـیـانەکـردنەوە و نائـیـزدواجی ڕاوەسـتـاوە. "نەشـوە" وەکـو زانسـت شـرۆڤـەی کـردووە حـاڵەتێکی دەماغیی تایبەتە، کە تەرکیز لە بەشەکانی تری مۆخ دەکاتەوە، کە هـەموو کاتێک کـار بکەن ئەمانە کـە "خـود و جیـهـان" لە یەکتری جیادەکەنەوە. "نەشـوە" دەتوانێت کـاریگەریی ئەم ئامـێرە فکرییـە گەورەیە کەم بکاتـەوە، کـە دەمـانگەڕێنێـتـەوە بۆ خـۆمـان و فـێری خـۆپـەرسـتـیـمـان دەکـات. ئەمـەش دەتوانێت یارمـەتیمـان بدات بۆ ئەوەی لەو ڕاسـتییـە بگەین، کە هـەمـوو کەسـێکی دابڕاو لە جـیـهـان، ناتوانێت بە تەواوەتی لە جیهان دابـبڕێت.

بەم شێوەیەش خـۆمـان لەبەردەم کۆمەڵێک شتی دژبەیەک و جیاواز دەبینینەوە، کە جـۆرە شکڵێک دروست دەکەن، کە بەلایەنی کەمـەوە عەقڵ دەتوانێت دەرکی پێ بکات. لەسـەروو ئەمەشـەوە، شـتێک نابینین کە بتوانین وەسفی بکەین.

دۆیتـچـە ڤـێلـە: ئاخـۆ بە بۆچوونی ئێـوە، نەمـانـی خـوداکـان، مـانـای پێـشکـەوتن بۆ مرۆڤایەتی دەگەیەنێت؟

مـۆرگـان: دیارە ئەمڕۆ هـەردوو ئاینە ئاسـمـانییـەکە (مـەبەسـتم لە ئاینی مـەسـیحی و ئیسـلامـە) هـەزمـوونی خـۆیان بەسـەر جیـهـاندا سـەپاندووە، خـاوەنـی فـەزیلەتێکی جیـهـانین. هـەردووکـیـشـیـان هـەڵگری پرەنسـیـپێکی جـوانن: هـەروەکـو لە ئینجیلدا هاتووە (یەکتـریتـان خـۆش بوێت). "بەزەیی و لێـبـووردەیی" هـەروەکـو لە ئاینی ئیـسـلامـدا هـاتووە. بەڵام من لـە مـێـژووی ئەمـانـدا سـەرنجی ئەوە دەدەم، کە "توندوتیژی و دوژمنایەتی دژ بە ئاینەکانی تر" پانتاییـیەکی گەورەی لە مێژوویاندا داگیر کردووە. پەیامەکانیان زۆر باشە، بەڵام لەهـەمان کاتیشدا ڕۆڵێکی نێگەتیفیشی گێڕاوە. بەڵام لەگەڵ هـەمـوو ئەوانەشـدا کە باسـمـان کرد، هـێشـتـا من بە پێویسـتـی نازانم بۆ ئەوەی هـەوڵی لەناوبردنی خــوداکــان بدەین، چونکە گـەر وا بکەین، ئەوا هـەر خـۆمــان لە جـیـاتـی ئەمــان، ئەفـسـانـەی تر دەخوڵقێنینەوە.

دۆیتچە ڤێلە: بۆچوونتان دەربارەی ئەو گۆڕانکارییەکانە چۆنە، کە لەم دواییەدا لە گێتیی عەرەبیدا ڕوویان دا؟

مۆرگان: سەرەتای شۆڕشەکە لە تونس و میسر، زۆر شتێکی گرینگ و بەهێز بوو. دیارە من هەر لەیەکەم ڕۆژی شۆڕشەکەوە، کۆمەڵێک وتارم لە ڕۆژنامەی لو مۆندی فرەنسی لەبارەی ئەم شۆڕشەوە نووسی و پشتگیریی تەواوی ئەم شۆڕشانەم کرد. لەگەڵ ئەوەی کە شۆڕشەکە هەندێک لادان و دەرچوون لە ڕێڕەوەکەیدا ڕووی دا و هەوڵی کۆنترۆڵکردن و سەپاندنی دەسەڵات بەسەریدا درا، بەڵام پەیامە یەکەمەکانی گوزارشتی لە برایەتی و یەکسانی دەکرد و هەتاوەکو ئێستاش بەرگری لەم پەیامانەی دەکات. دیارە ئەم بەهایانە بەپێی مێژوو بەردەوام بووە و، پاش سەدەیەک لە شۆڕشی فرەنسا، هەر ئەم بەهایانە ماون، هەرچەندە بەو ڕەونەق و میسالیەتەی جارانی نەماوە. بە دڵنیاییەوە ئەم پەیامە نەک بۆ چەندان ساڵی تر، بگرە بۆ چەندان سەدەی تریش بەردەوام دەبێت. پێدەچێت جیاوازی لە بۆچوونەکاندا هەبێت، بەڵام هەر شۆڕش بوو کە توانیی کۆتایی بە ڕیژیمی دیکتاتۆری لە تونس و میسر بهێنێت، دیارە شۆڕش شتێکی پێویست و گرینگە، بەڵام توانی ئەوەی نییە کە بتوانێت سیستمێکی نوێ دابمەزرێنێت.

ئەوەی کە ڕووی دا ئەوەبوو کە نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی وڵات دەژیان یان لەناو زیندانەکاندا بوون، ئەمەش بە پێچەوانەی ئیسلامییەکانەوە بوو، کە بە بەردەوامی پێوەندییان لەگەڵ گەل و هەژارەکاندا هەبوو. جگە لەمەش دیارنەمان یان دەتوانم بڵێم نابووتبوونی پارتە سیکولارەکان (علمانییەکان) هەر ئەم ڕەوشەش وای کرد، کە لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، یەکسەر دەرئەنجامەکانی بە بەرژەوەندیی ئیسلامییەکان شکایەوە و ئەوان براوە بوون. بەڵام بە بڕوای من ئەوەی کە ڕووی دا، بەهەموو پێوەرەکان شتێکی گرینگ بوو، هیواداریشم کە ڕووداوەکان ڕێچکەی ڕاستی خۆیان بگرن. ئەوەی کە لە گێتیی عەرەبیدا ڕووی دا، لەژێر ناوی "ئازادی و کەرامەتەوە" بوو، پێویستیشە بەرگری لەم بەهایانە بکرێت.

دۆیتچە ڤێلە: بۆچوونتان چۆنە لەبارەی پاشەکشەکردنی ڕۆڵی گەنجانی لیبراڵ لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لەپاش شۆڕش؟

مۆرگان: با وڵاتی مەغریب وەکو نموونە بهێنینەوە، چونکە ئەویش بزاوێکی گەنجانەی بەهێزی بەخۆوە بینی، هەرچەندە ئەم بزاوە زۆر دوور نەڕۆیشت. دیارە ئەمەش بۆ تایبەتمەندیی ئەو دەوڵەتە دەگەڕێتەوە. مەغریب کۆمەڵێک پارتی سیاسیی گەورەی تێدایە، لێ ئەمانە پێوەندییان لەگەڵ جەماوەردا نەماوە و هەندێکیشیان تا ڕادەیەک گەندەڵن. هەربۆیە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان، وەکو هەڵبژاردنەکەی تونس و وڵاتانی تر شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. شەخسییەن پێم وایە کە

کۆمەڵێک گۆڕانکاریی مێژوویی جیاواز هەن، بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی کە پێوەندییان بە ئاینەوە هەیە. سەیر دەکەیت لە ئەوروپا و رۆئاوادا، لەپاش سەردەمی ڕێنانساز، تێکستە ئاینییەکان وەکو تێکستی مێژوویی سەیر دەکرێن، ئەوەی کە پاشتر ناومان لێنا سیکولاریزم. بەشێوەیەک کە کۆمەڵگە و دەوڵەت پێکەوە مومارەسەی سیاسەت دەکەن، ئاینیش بوو بە مەسەلەیەکی شەخسی، کە پێویستە ڕێز و پارێزگاریی لێ بکرێت.

ئەم گۆڕانکارییە لە گێتیی ئیسلامیدا ڕووی نەداوە، هەرچەندە لەم بوارەشدا کۆمەڵێک بیرمەند بۆ نموونە "محەمەد ئارگۆن" هەوڵیان داوە. جێگەی گوتنە "محەمەد ئارگۆن" لەلایەکەوە ڕەخنەی لە گێتی ڕۆئاوا دەگرت و لەلایەکی تریشەوە ڕەخنەی لە دۆگماتیزمی ئیسلامی دەگرت.

بەڵام ئەوەی گرینگە، پێویستە ئێمە نەهێڵین شەڕی شارستانییەکان ڕووبدات. هەروەک خۆشتان دەزان کە توندڕەوەکانی گێتیی مەسیحی و ئیسلامی هەمان مەبەستیان هەیە و بەرەو ئەو ڕێچکەیە دەڕۆن کە مرۆڤایەتی تووشی شەڕ و ململانێی توندتیژانە بکەن. هەربۆیە گرینگە کە هانی بەهاکانی "دیالۆگ و لێبوردەیی" بدەین و ئەم بەهایانە بڵاوبکەینەوە.

هیوادارم ڕەوشەکان لە تونس بەرەو ڕێچکەی پشتگیری لە دیموکراسی برۆن، چونکە ئەم وڵاتە خۆی لەبەردەم کۆمەڵێک هەنگاوی گرینگدا دەبینێتەوە. بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیربچێت، کە ئێمە لە دنیایەکی ترسناکدا دەژین، ئەم دنیایەش کۆمەڵێک یاسای سیحری نایبەن بەڕێوە، هەربۆیە پێویستە کار بۆ ئەوە بکەین، کە ڕەوشەکە بەرەو خراپتر نەڕوات، نەک تەنیا لە گێتیی عەرەبیدا بەڵکە لە ڕۆئاواش.

دۆیتچە ڤێلە: وەکو جەنگاوەرێکی دێرین چۆن لە بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە یەکەتیی ئەوروپا دەڕوانیت؟

مۆرگان: لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی پێشوومدا ئەوەم گوت، کە ئەم خەڵاتە تەنیا بۆ موجامەلە نەبێت. بە بۆچوونی من ئەم خەڵاتکردنە، ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی خۆمان لەو خۆکوژییە ڕزگار بکەین، کە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕووی دا، کە تێیدا ئەوروپا تەنیا لەڕێگەی تەداخولی ئەمەریکا و یەکەتیی سۆڤێت، توانیی خۆی ڕزگار بکات. هەربۆیە ئەم خەڵاتە لەدایکبوونی ئەوروپا دەگەیەنێت، بۆ ئەوەی خۆی لە کارەساتەکان دووربخاتەوە، هەرچەندە بە شێوەیەکی تەواوەتیش ئەوروپا نەیتوانی یەکەتیی سیاسیی دروست بکات. لەپاش ئەمەش هەوڵی دروستکردنی یەکەتییەکی ئابووری درا، کە ئەمەش زۆر لاوازە، ئەمڕۆش خۆمان لەبەردەم تەنگەژەیەکی گەورەدا دەبینینەوە، کە ترسی لێکترازانی ئەوروپای لێ دەکرێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، بە بڕوای من ئەم خەڵاتە نابێت تەنیا وەکو دەستخۆشییەک سەیربکرێت، بەڵکە ئەمە هاندانێکە بۆ ڕابوونێکی گەورە.

سەرچاوە: سایتی دۆیتچە ڤێلە

# ترسی تەنگەبەر

زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی

ترس لە شوێنی داخراو یەکێکە لەو نەخۆشییە دەروونی و ڕەفتارییانەی کە بە ترسی سووک ناسراوە. ترسی سووک پێک دێ لە بەردەوامیی ترس بەهۆی سنووردانان بۆ بزوێنەر نەک ترس لە ڕووبەڕووبوونەوەی تۆقینی کتوپڕ (وەک ئەوەی لە دۆخی نەخۆشیی تۆقیندا هەیە) یاخۆ شەرمەزاری و تەریقبوونەوە لە بارێکی کۆمەڵایەتی هەروەک لە ترسی کۆمەڵایەتیدا دەبینرێ.

باوترین ترس بریتییە لە ترس لە گیانلەبەر، بەتایبەت سەگ، مار، مێروو و مشک، بەڵام ترسە ناسراوەکانی تر بریتین لە ترس لە شوێنە داخراوەکان (claustrophobia) یاخۆ بەرزی (acrophobia). کەسی تۆقیو هەموو کات دەزانێ کە ترسەکەی نابەجێ و ناڕاستەقینەیە، بەڵام ناتوانێ کۆنترۆڵی کاردانەوەی خۆی بکا. باشترین چارەسەر بۆ ترسی سادە بریتییە لە چارەسەری ڕەفتاری، دەرمان بە تەنیا کاریگەر نییە.

کولتوور خەسڵەتێکی دنیایی ژیگەی مرۆڤە و هەروەها شیمانە هەیە چەندان کاریگەریی لاوەکی و نیشانەی ڕۆشنبیری لە یەک کاتدا لە کولتوورێکی دیاریکراودا گەشە بکەن. ئێمە لە پزیشکی دەروونناسیی ڕۆژئاوا زۆر لەو نیشانە و کاریگەرییە لاوەکییانە پێناسە دەکەین کە لە کولتوورێکی تایبەتدا ڕوودەدەن و نەخۆشیی دنیایی نین و، هەر ئەوەش پێشبینی دەکرێ ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی کولتووری نەیەتە ئەنجامدان بۆ ئەم بابەتە.

ترس، بۆ نموونە، لە دۆخ و کولتووری دیاریکراودا ڕوودەدا. فرۆید هەندێک جۆری باوی ترسی لە شتەکانی تر جیاکردووەتەوە کە تا ڕادەیەک هۆی ترسی زۆربەی ڕۆژئاواییەکانن (بۆ نموونە مردن، نەخۆشی و مار) بە بەراورد لەگەڵ ترسی دیاریکراو لە شتەکان یاخۆ دۆخەکان کە هیچ ترسێک لە تێکڕای هەموو ڕۆژئاواییەکاندا دروست ناکەن وەک ترس لە شوێنە گشتییەکان.

.............................................................................

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

لە کوردستان بەتایبەت و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، فۆبیای کۆمەڵایەتی لە ئەگۆرەفۆبیا (ترس لە قەرەباڵخی و تەنیایی) و جۆرە سادەکانی تری فۆبیا جیا کراوەتەوە. فۆبیای کۆمەڵایەتی جۆرێکی کولتوورییە، چونکە لە کولتووری ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ نموونە، شیمانە هەیە زویرکردن و ئازاردانی خەڵک لە چەند ڕوویێکەوە ڕووبدەن کە بەم شێوەیە ڕوونادەن یاخۆ هەر هیچ نەبێ بە هەمان پلە و هەمان دووبارەبوونەوە نییە لە کولتووری ڕۆئاوادا.

نارێکیی دەروونی لە کۆمەڵێک نیشانەی نەخۆشی وەک تۆقین و ورەبەردان پێک هاتووە لەگەڵ یاخۆ بەبێ ئەگۆرەفۆبیا، دوودڵیی گشتگیر، ترسی سادە و کۆمەڵایەتی، بیرکردنەوە و دوودڵیی لە ڕادەبەدەر و نارێکیی دەروونیی دوای ڕووداو. تۆقین جیا دەکرێتەوە بە تووشبوونی کتوپڕی پێشبینی نەکراو و چڕ لە ترس و نائارامی کە خەیاڵی ترساوی و نیشانەی جەستەیی بەدوادا دێ کە کەمتر لە سەعاتێک دەخایەنێ.

دوودڵیی گشتگیر بریتییە لەو نەخۆشییەی کە نیشانەکانی بریتین لە نائارامیی بەردەوام لەگەڵ دەمارکرژیی جوڵێنراو، چالاکیی زۆری خۆنەویست، هەستکردن بە ترس، هۆشیاریی زیاد، زیادەڕۆیی لە وەڵامی سەرسوڕێنەر، بەزەحمەت وردبوونەوە، خەوزڕان و هەستیاری لەگەڵ نائارامی.

فۆبیای سادە بریتییە لە ترسی جێگیر و نالۆجیک کە دەبێتە ئەنجامی خۆدوورخستنەوە لە شتی دیاریکراو، بەڵام فۆبیای کۆمەڵایەتی ترس لە دۆخی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە کە تاک تێیدا دووچاری تەریقبوونەوە و شەرمەزاری دەبێ. مەراقی لە ڕادەبەدەر بریتییە لە نەخۆشییەکی درێژخایەن کە خەسڵەتەکانی بە بیرکردنەوەی بەردەوامی منداڵانە و لەکارخستن و ڕەفتاری دووبارەکراوی نەگۆڕ دەناسرێنەوە کە کەسەکە وا هەست دەکا پاڵپێوەنراوە ئەنجامیان بدا.

دەمارکرژیی دوای ڕووداو ئەو نەخۆشییەیە کە نیشانەکانی دوای بەرکەوتنی پاڵەپەستۆ و ناخۆشیی کارەسات دێن وەک دووبارەبوونەوەی کارەساتەکە لە خەیاڵدا یاخۆ واقوڕمان، دوورەپەرێزی و شەونخوونیی زۆر.

لە ڕابردوودا لە تاقیگە توێژینەوە لەسەر زراوچوون و تۆقین کراوە و دەرکەوتووە هەندێک شت سیستەمی هەناسەدان تێک دەدەن و پێشبینی کراوە کە پێوەندی هەیە لە نێوان تێکچوونی کۆئەندامی هەناسەدان و دووچاربوونی تۆقین.

لە سەرنجڕاکێشترین توێکاریی دەمار و گوێزەرەوە دەمارییەکاندا (ئەو مادە کیمیاییانەن کە ڕێگەی گواستنەوەی فەرمانەکان و نیشانەکان دەدەن لە خانەیەکی مێشکەوە بۆ کەناڵەکانی تر) پێوەندیی نێوان خوی لەڕادەبەدەر بە نەخۆشیی نائارامی دەرکەوتووە. بۆ نموونە لە هەندێک نەخۆشی تووشار بە نائارامی دەرکەوتووە، ئەوان قەبارەی ناوکە پەتکیان (ناوکە پەتک ئەو بەشەی مێشکە کە گرینگە بۆ فێربوون و بیرتیژی) بچووک بووەتەوە، ئەوەش ئاماژە دەکا کە باسال

گانگلیە (ئەو بەشەی مێشکە کە بەرپرسیارە لە پێڕەوی فێربوون کە پێوەندارە بە ڕەفتار و نەریتی ئاسایی) شیمانە هەیە هۆی کاردانەوەی مێشک "مادەی توێکارییەکە" بێ لەو کەسانەی زۆر مەراق دەخۆن.

کاریگەریی چارەسەری بەدەرمان بۆ زراوچوون و خولیای لەڕادەبەدەر دووپات کراوەتەوە، بەڵام کەمتر بۆ دوودڵیی گشتگیر و تەنیاش لە قۆناخە بەراییەکانی لێکۆڵینەوە لە تۆقینی کۆمەڵایەتی و دەمارکرژی دوای کارەسات دێتە بەکارهاتن.

لە ماوەی ڕابردوودا زانیاری لەسەر چارەسەری ڕەفتاری گرینگی پێ دراوەتەوە و زۆر جار بەتەنیا یاخۆ لەگەڵ دەرمان هاتووەتە بەکارهاتن. چارەسەری کلاسیکی، گفتوگۆدار و کاریگەر لە ماوەی ڕابردوودا ئەنجامی خراپی لە چارەسەرکردنی نەخۆشیی تۆقین و مەراقی زۆر هەبووە. ژمارەیەکی زۆر لە دەرمانی جیا لەچارەسەرکردنی زراوچوون بەکار هاتووە، بەڵام ڕێژەیەکی بەرز لە گەڕانەوەی نەخۆشییەکە هەیە لە ماوەی شەش تا دوازدە مانگ دوای وەستان لە خواردنیان. گرینگترین و گەورەترین پێشکەوتن لە بەکارهێنانی سێرۆتۆنینێرجیک (مادەی کیمیاییی مێشکن بەرپرسن لە دڵخۆشی، ڕەحەتیی گیان و ڕێکخستن) بووە لە چارەسەرکردنی خوی لە ڕادەبەدەر.

ترس لە شوێنی تەنگەبەر و داخراو نموونەیەکی ئەگۆرەفۆبیایە کە برێتییە لە وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک ترس کە خۆیان نموونەن بۆ دڵەڕاوکە.

خەڵک بەگشتی زۆر جار لە سروشتی ئەو کێشانە تێ ناگەن، هەروەک تێبینی کراوە لەلایەن نوێنەری پەیمانگەی تەندروستیی دەروونیی نیشتمانی: "زۆر لەو ٢٣ ملیۆن ئەمەریکاییەی دڵەڕاوکەیان هەیە بەردەوام دەبن لە ئازارچەشتن بەهۆی نیشانەکانی نەخۆشییەکە و بڵاوبوونەوەی تێنەگەیشتن لەسەری کە پێیان وایە نارێکیی مێشکە، هەروەک وەڵامێک بۆ چارەسەرکردن وەک نارێکییە تەندروستییەکانی تر".

ستیڤن هایمان پزیشک و بەڕێوەبەر لە پەیمانگەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی "زانست ئەو لەکانە لادەدا. هەرکاتێک زانیت نارێکیی بیر و سۆز بەشێکن لە مێشک، تۆ دەست دەکەی بەهەستکردن کە ئەوە نارێکیی دەروونییە". (ئەمەریکاییەکان بەدەست دڵەڕاوکەوە دەناڵێنن، ٢٠٠٦).

هایمان زیاتر گوتی، وڵاتەکە ساڵانە زیاتر لە ٤٦ ملیار دۆلاری ئەمەریکایی لە چارەسەرکردنی دڵەڕاوکە خەرج دەکا.

ئەو تاکانەی تووشاری ئەگۆرەفۆبیان ترسیان هەیە لە زۆر دۆخی جۆرەوجۆر وەک لێخوڕین، بەکارهێنانی بەرزکەرەوە (مەسعەد)، چوونە بازاڕ، گەشتی درێژ و مانەوە بەتەنیا. دۆخی وەک ئەمانە دڵەڕاوکە و تۆقین دروست دەکەن، دەبنە هۆی دوورەپەرێزیی دووبارەکراو، ئەوەش بەهۆی نەتوانینی دەربازبوون لەو دۆخە دڵەڕاوکە بەرهەمهێنە. (دڵەڕاوکە، ٢٠٠٩).

بەگەڕانەوە بۆ چەند نووسراوێک دەرکەوتووە کە ئەگۆرەفۆبیا بڵاوترین نارێکیی دەروونیی ناو جێگەیە (تیرنان، تێلچ و کیفی، ۲۰۰۹). هەندێک توێژەر تاقیکردنەوەیان لەسەر هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییە کردووە. گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە ئەگۆرەفۆبیا ڕوودەدا لە چەند دۆخێکدا بەهۆی نزمیی ئاستی کارکردن بەرامبەر جیابوونەوەی ئاسایی وەک وەڵامێک بۆ چارەسەری دڵەڕاوکە. ئەمەی دوایی میکانیزمێکی زگماکی بایۆلۆجییە کە گرینگە لە کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری دۆستایەتی و حەزکردن. هەروەها ئەگۆرەفۆبیا بەردەوام لە کەشی دەمارکرژیی درێژخایەندا گەشە دەکا. توێژینەوەکە ئاماژە دەکا ئەو شێوازانەی کار لەیەکتر دەکەن کە دەبنە هۆی نەخۆشی لە ماڵبات، ڕۆڵ دەبینن لە دەرکەوتنی ئەگۆرەفۆبیا (تیرنان و تێلچ، ۲۰۰۸).

بەگوێرەی کۆواری دیاریکردن و ئاماری نەخۆشیی دەروونی کە کۆمەڵەی نەخۆشیی دەروونیی ئەمەریکا دەری دەکا، شێوەی ماڵبات دەکرێ وەک هۆکارێکی ڕێگەخۆشکەر بۆ ئەگۆرەفۆبیا بێتە هەژمارکردن. خزمی خوێنیی پلە یەکی ئەو تاکەی نەخۆشە بەتۆقین، چوار بۆ حەوت جار زیاتر هەلی تووشبوونیان بە تۆقین هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا لە دەزگە تەندروستییەکاندا، نێزیکەی نیو بۆ سێ بەش لە چواری ئەو تاکانەی تووشاری تۆقینن، پێوەندیی خزمایەتیی پلە یەکیان نییە. دوو لێکۆڵینەوە ئاماژە بە بەشداریی بۆماوە لە گەشەی ترسی زۆر دەکەن (کۆمەڵەی نەخۆشیی دەروونیی ئەمەریکا، ۲۰۱۱). چەند لێکۆڵینەوەک ئاماژە بەبوونی پێوەندیی نێوان دڵەڕاوکەی جیابوونەوە لە منداڵی و دەسپێکردنی ئەگۆرەفۆبیا لە گەنجان دەکەن. ئەو پێوەندییە دەردەکەوێ زۆرتر لە ئافرەتان بێتە دۆزینەوە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان.

ترس لە شوێنی تەنگ (Claustrophobia) دێتە پێناسەکردن بە ترس لە شوێنی داخراو، بەڵام پێناسەیەکی وردتر شیمانە هەیە برێتی بێ لە "ترس لە نەبوونی ڕێگەی ڕاکردن"، چونکە ئەوە خەسڵەتی زاڵە لە نارێکییەکە. ترسی تەنگەبەر وەک کاردانەوەیەکی فێرکراو دەبینرێ لە هەندێ دۆخی دیاریکراودا. لە ڕاستیدا ئەو کاردانەوەیەی فێری دەبی، ڕێی تێ دەچێ فێریشی نەبی. خەڵک ئەو ڕەفتارە فێر دەبێ بەڕێگەی جیاواز. زۆر لە خەڵک خۆیان لە هەندێک دۆخ دەدۆزنەوە کە هەست دەکەن گیریان خواردووە، وەک وەستانی بەرزکەرەوە، گەشتێکی ئاسمانیی ناڕەحەت و ترسناک، ژوورێکی زۆر قەرەباڵغ یاخۆ دۆخێکی هاوشێوە. لە هەندێک دۆخدا، شیمانە هەیە تاک دووچاری تۆقین ببێتەوە ئەوکاتەی لە شوێنێکدا گیری خواردووە یاخۆ دەورەدراوە کە شتێکی زیادی ترە لە پاڵ ترسەکەیان.

هەندێک خەڵک بە ماوەیەکی ترسناکدا تێپەڕ دەبەن و دواتر زۆر دووپات لەسەر پێویستیی گەڕانەوە بۆ ماڵ دەکەنەوە و هەروەها دەست دەکەن بەخۆبەدوورگرتن لە هەموو دۆخێک ئەگەر ڕێگەی گەڕانەوە کورت و ئاسان نەبێ.

ئەوانەی تۆقیون شیمانە هەیە خۆیان بەدوور بگرن ئەوکاتەی هەست دەکەن بەزۆر لە شوێنێکی

داخراودان. شیمانەش هەیە تەنیا لە تاقێکی نزمی باڵەخانەکاندا بژین یاخۆ کاربکەن تا بەرزکەرەوە بەکارنەهێنن و ڕێی تێ دەچێ پێیان قورس بێ بچنە هەر ژوورێک لە تاقێکی بەرزتر. شیمانە هەیە خۆیان لە شوێنی بچووک بپارێزن، بەڵام ئەوەی کاریگەریی لەسەریان هەیە ژووری بچووک نییە، ژووری گەورەی پڕ خەڵک دەکرێ هەمان دڵەڕاوکە دروست بکا. چارەسەری سەرکەوتووی دڵەڕاوکە پشت دەبەستێ بە دیاریکردنی ورد و چارەسەرە جیاوازەکان کە بەردەوام پێک هاتووە لە هەردوو چارەسەری دەروونی و دەرمانی.

چارەسەری دەروونی پێویستە ئاڕاستە بکرێ بەرەو دروستکردنی پێوەندییەکی متمانەدار و کارکردن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی دووبارەبوونەوە، دانان و گەورەکردنی خوێندنەوەکان (working through) و چارەسەرکردنی ئەزموونە بەئازارەکە.

چارەسەری بەکۆمەڵ بۆ ئەو کەسانەی ئەزموونی هاوشێوەیان هەیە سوودبەخشە. دژەخەمۆکییەکان شیمانە هەیە کاریگەریی بەسوودیان هەبێ. دەرمانی دژە–نەخۆشیی دەروونی (ئەوانەی بۆ چارەسەری مێشک بەکار دێن) تەنیا سوودبەخشن بۆ دۆخی نائاسایی و ترسناک. بێنزۆدایەزیپین (دەرمانی بەشی دەروونییە بۆ چارەسەری دڵەڕاوکە، تۆقین و خەمۆکی دێتە بەکارهاتن) زۆر لەلایەن پزیشکانەوە دەنووسرێ بۆ نەخۆش، بەڵام کاریگەریی کەمی لەسەر زۆربەی دۆخەکان هەیە، سەرەڕای ئەوەی هەندێک لە گرژیی دەروونی کەم دەکاتەوە. ڕێگرەکانی بێتا (Beta)، ئەو دەرمانانەی بۆ هێواشکردنەوەی لێدانی دڵ بەکاردێن، هەندێک جار بە ڕێژەی زۆر لەم دۆخانەدا بەکارهاتوون بۆ کەمکردنەوەی شەوخوونی.


**Bibliography and Reference**

Diagnostic and statistical manual of mental disorders (2011). Washington, D.C.: American Psychiatric Association.

Franklin, J. A. and Andrews, G2009 Stress and the onset of agoraphobia. Australian Psychologist 24, 203219.


Tearnan, B. H. and Telch, M. J. 2008 Etiology of agoraphobia: An investigation of perceived childhood and parental factors. Phobia Practice and Research Journal 1, 1324.

Tearnan, B. H. Telch, M. J. , and Keefe, P 2009 Etiology and onset of agoraphobia: A critical review. Comprehensive Psychiatry 25, 5162.

# ڕۆسۆ ڕێبەری
# بنەماکانی پەیامی مافی مرۆڤ

هاشم ساڵح

من دان بەوەدا دەنێم کەوا ئەو نووسەرەی زۆر کاری لە من کردبێت و بە نووسینەکانی سەرسام بم، جان جاک رۆسۆیە، ئەو لە هەموو نووسەرەکانی تر لە من نێزیکە، ئەگەر یەک نووسەر هەبێت و خۆم وەک خوێندکارێکی گچکەی ئەو بزانم ئەوە رۆسۆیە، کە من بە نووسەرێکی مەزنی دەزانم، ئەگەرچی ئەو ٣٠ ساڵەی کە من لە فڕەنسا دەژیم لە ڕووی مرۆییەوە بیرمەندی زۆرم دیوە.



هەتا ئێستا دەیان کتێبم لەسەر ئەو خوێندیتەوە و بەردەوامیش بابەتی تری لەسەر دەخوێنمەوە، لەوانە کتێبێکی توێژەری بەلجیکاییی گەورە ڕیمۆن تروسۆنی ئەندام لە ئەکادیمیای پاشایەتیی بەلجیکا و مامۆستای ئەدەبی فڕەنسیی هاوچەرخ و بەراوردکاری لە زانکۆی برۆکسلی ئازاد، ئەو ئێستا یەکێکە لە گەورە زانا هاوچەرخەکانی سەدەی ڕۆشنگەری و بریا هەموو کتێبەکانی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی. ئەو بە سێ بەرگ ژیانی رۆسۆی نووسیوەتەوە و کتێبەکەی ناو ناوە (جان جاک رۆسۆ) کە بریتییە لە توێژینەوە لەسەر دامەزراوە ئاڵۆزەکەی دەروونی گەورەترین نووسەری فڕەنسایی لەو سەدەیەدا، دوایی هەر سێ بەرگەکەی بەیەک بەرگ چاپکردووە.

رۆسۆ کەسێکی سەیر و ناوازە بووە، چونکە هەر لە منالّییەوە ژیانی سەخت بووە، بەردەوام

.....................................................................

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

ڕاونراوە و چەوساوەتەوە و ئازار دراوە، ژانی زۆر بووە و هەستی مرۆیی لەبەر برسیەتی و ناجێگیری شپرزە و نائارام بووە. لەگەڵ لەدایکبوونیدا دایکی مردووە، بۆیەش دوایی بەو شێوەیە باسی مردنی دایکی کردووە:

یەکێک لەو تاوانانەی ئەستۆی منی گرتووە و زامدارم دەکات، کەوا من بوومەتە هۆکاری لەدەستدانی گیانی کەسێک، ئەویش دایکم بووە.

کە باوکی ڕۆسۆ ژن دەهێنێتەوە، لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە باوکی بەرەڵای دەکات و ئەرکی ژیانی دەکەوێتە سەرشانی خۆی، بۆیە لە گەڕەکە میللییەکەی شاری ژنێیف شاگردە دوکانداری دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو زۆر کەسێکی ڕۆمانسی بووە و شەیدای سرووشت بووە، بۆیە ڕۆژێکیان ڕوو لە دەشتودەر دەکات و ڕادەکات و لەو دەمانەدا گیانبازی و سەرچڵی دەکەوێتە گیانی و بەتەنیا دەمێنێتەوە، ڕۆژەکەی هەتا شەو دادێت لەگەڵ کوڕە خاڵەکەی دەمێنێتەوە و هەست بە درەنگیی کاتەکە ناکەن، کە دەگەڕێنەوە دەرگە و شوورەکانی شارەکە دادەخرێت و لە دەرەوە دەمێننەوە، شایانی باسە ئەو دەمانە و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شارەکانی ئەوروپا دەرگە و شوورەیان هەبووە، شەوانەش ئەو دەرگەیانە وەک دەرگەی دەرەوەی ماڵەکان دادەخران، کوڕە خاڵەکەی هەتا بەیانی لە دەروازەکەی دەرەوە چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگەکە دەکات، تا بەپەشیمانییەوە بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام جان جاک ڕۆسۆ ئەوە ناکات و چاوەڕوان نابێت، بۆیەش ئەوە بەدەرفەت دەزانێت تا بەیەکجاری ڕابکات و ڕوو لە دەشتودەرکە بکات و لەو ناوچەیە بمێنێتەوە کە لەنێوان سویسرا و فەرەنسا بووە. ئیتر لەوێ و لەو دەمانەدا جان جاک ڕۆسۆ لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

ئەوە کوڕە خاڵەکەم دەچێتەوە ناو ماڵێکی گەرم و دایکوباوکی نازی دەکێشن، دایکێک بەسۆزەوە چاوەڕوانی دەکات... بەڵام من دەچمەوە ناو ماڵێکی چۆڵ، نە دایکم هەیە و نە باوک، هیچم لەو دونیایە نییە.

بۆیەش ئەو بیردەکاتەوە بەیەکجاری گیانبازییەک بکات و ڕادەکات و ژنێیف جێدەهێڵێت و ئیتر ناگەڕێتەوە. ئەو کارێکی مەترسیدار دەکات کە بەتەنیا دووردەکەوێتەوە و دەڕوات، چونکە ئاسایی بوو کەسێک لەو ڕێگەوبانە بیکوژێت، یان ئاژەڵێکی ترسناک بیخوات، بەڵام دیارە کەوا کردگار لە سەرەوە ئەو دەپارێزێت و لە دوورەوە پاسەوانیی دەکات، کێ دەیزانی ئەو سەرسەختییە و ئەو گیانبازییە، ئەو کوڕە داماوە بێکەسە دەکاتە گەورە بیرمەندێک و سەدەکانی داهاتوو شانازیی پێوە دەکەن و دەبێتە پێشەنگی هزر و زانین. دیارە کەوا کەسایەتیی مەزن لەناو ژان و نەهامەتی و تاڵییەکانی ژیان دروست دەبێت، ئاسان نییە ئەو کەسایەتییانە لەناو خێزانە دەوڵەمەندەکان هەڵبکەون. لەو کاروانەدا و بەڕێکەوت بەختی ڕۆسۆ دەیباتە لای ژنێکی دلۆڤان دوایی دەبێتە دایکی، هەموو ئارام و سۆزەکانی کە ئەو لێیان بێبەش بووبوو بۆ فەراهەم دەکات، سۆزە مرۆییەکان و دایکایەتیی بۆ ساز دەکات. ئەو ژنەی دەبێتە دایکی دڵسۆزی ناوی مدام بوڤارین بوو، ئەو لەلایەن پاشاوە بۆ ئەوە دانرابوو کەوا منداڵە پرۆتستانتەکان لە مەزهەبی خۆیانەوە بگۆڕێت و بیانکاتە

مەزهەبی کاتۆلیکی پاپایی ڕۆمانی. لەو دەمانەدا پاپا وای دەزانی کەوا مەزهەبی پرۆتستانتی زەندیقبوون و دەرچوونە لە ڕێگە ڕاستەکەی ئاین. کە ڕۆسۆ ژنەکە دەبینێت کە لە تەمەنی گەنجی و جوانیدا بووە، لەبەر خۆیەوە وتبووی: ئەو مەزهەبەی ئەو جۆرە ژنانە پەیڕەوی بکەن، بێگومان ئەنجامەکەی بەهەشتە! ئیتر ئەو ڕازی دەبێت مەزهەبەکەی بگۆڕێت و دێتە سەر مەزهەبی دوژمنەکانی خۆی و باوک و باپیرانی، ئەوەش بۆ ئەوە بوو تا بتوانێت بژی، یان هەر هیچ نەبێ نەمرێت، بەوەش دەکەوێتە بن سابات و پاسەوانیی ژنێکی نازداری جوان، کن مدام بوڤارین، کە دوایی لە کتێبەکەی خۆیدا (دانپێدانانەکانم)، تابلۆیەکی یادگاری و پورترێتی بۆ کردووە، کە زەمان دەشێوێت و ئەو ناشێوێت. ئەوانەی باسی ئەو ژنەی کردووە بەڕاستی لاپەڕەی نەمرن، کە ژنەکەش دەمرێت ئەو بەدڵەوە بۆی دەگری و سەری بۆ لەناو خۆڵەکەی سەر گۆڕەکەی دەنێت، بەدرێژاییی نووسینی ناو کتێبەکە بە ماما بانگی دەکات، خۆیشی وەک چکۆلەیەک ئەو ناو دەبات، جارێکیان ژنەکە وتوویەتی: کە گەورە بوویت یادی من دەکەیتەوە.

ئەو ڕستەیە ئاگری لە کوڕەکە بەرداوە و سوتاندوویەتی. پاش پەنجا ساڵ لەیەکترناسین، ژنەکە دەمرێت و لە نووسینەکانیدا ئەو باسی دەکات، ئەویش بەڕاستی دەبێتە دایکی ڕاستەقینەی ئەو، چونکە دایکی ئەو بە ژانی قورسی منداڵبوونی ئەو مردووە.

ریمۆن تروسۆن لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی:

(با ئەوەش بڵێین و پەلە نەکەین، کەوا دایکەکە زوو نامرێت، ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە دەژین و چاودێریی دەکات و ساڵە شکۆدارەکانی بۆ ساز دەکات، دیارە کەوا لەپشت هەموو پیاوێک ژنێکی مەزن هەیە، بەڵام دیارە کەوا ژنەکە نەیدەزانی ئەو منداڵەی لەسەر کوچە و کۆڵانەکاندا هەڵگیراوەتەوە ڕۆژێک دەبێتە پێغەمبەری سەردەمەکەی، بێگومان ژنەکە ئەوەی هەست پێ نەدەکرد و نەیدەزانی. کوڕەکە لە دایکەکە دووردەکەوێتەوە و دەچێتە پاریس و لەوێ بەدوای سەرکەوتن و ژیاندا وێڵ و سەرگەردان دەبێت، تا دەبێتە نووسەرێکی مەزنی ئەم دونیایە. کە ناوداریش دەبێت ژنەکە زۆر سەرسام دەبێت، دیارە کەوا ئاساییە هەمووومان ئەوەمان تێدایە، کە کەسێکی خۆیی و ناسیارمان دەبێتە ئەستێرەیەکی دیار بڕوا ناکەین، زۆرتر بیرمان بۆ کەسانی نەناس و دوورەکان دەڕوات، نەک کەسانی نێزیک لە خۆمان. ئەو گەنجە داماوە هەژارە ڕوو لە پاریس دەکات، تا لەوێ بەختی ڕەشی خۆی تاقی بکاتەوە، دیارە کەوا ڕۆشنبیرەکانی شار و شارۆکە و گوندەکان بۆ ناوداریی زوو و زۆر ڕوو لە پایەتەخت دەکەن و ماوەیەک لەوێ دەگیرسێنەوە، دیارە کەوا ڕۆشنبیرە عەرەبەکانیش وابوون، بۆ ناسین و فێربوون ڕوویان لە دیمەشق و بەیروت و بەغدا و قاهیرە کردووە... لە پاریس ئەو دەکەوێتە ناو ژیانی نەهامەتی و ژان و خەمەوە، ئەو کەسێکی نەناس و داماو بووە، لەو دەمانەشدا ڕۆژ و سەردەمی منداڵە دەوڵەمەندەکان و ئورستوکراتییەکان بووە، دەبوایە بۆ

پێشکەوتن و سەرکەوتن پشت و پەنات هەبوایە، کوڕی بنەماڵەیەکی دیار بیت، ئەگەرنا کەسێک سفر بێت یان وەک سفر بووبێت سەرنەدەکەوت، ئیتر لێرەوە بلیمەتیی جان جاک رۆسۆ دەر دەکەوێت، ئەو بەیەک هەنگاو لەناو چڵپاوەکە دەربازی دەبێت و دەگاتە لووتکە و هەموو کۆسپ و تەگەرەکان ئاودیو دەکات، لێرە قسە و پەندەکەی نیتشە لەسەر ئەو دەچەسپێت کە وتوویەتی: (تەنیا کەسایەتییە بلیمەتەکان دەتوانن هەموو کەش و ڕەوشەکان ببەزێنن و دەربازی بکەن).

نووسەری کتێبەکە لەسەر رۆسۆ وتویەتی، کەوا بلیمەتییەکەی ئەو لەناکاو نەبووە، بەڵکو دەرئەنجامی ژانی بەردەوام و کاری زۆر و چاوەڕوانی و ڕامان بووە، لەو دەمانەدا رۆسۆ حەز لە کیژێکی جلشۆری هوتێلەکان دەکات، کە ناوی تیریز لوفاسیر بووە. ئەو کیژە کەسێکی سادەی نەخوێندەوار بووە، بۆیەش کیژەکە بەسەر ئەودا، لووت بەرزی ناکات و بە ژیانە سادەکەی ڕازی دەبێت، بە نەخۆشییە دەروونی و جەستەیییەکانی ڕازی دەبێت و پیاوەکەی بەو شێوەیە قبوول بووە. رۆسۆ دیدرو دەناسێت، کە ئەویش بۆ ناوداری هاتبووە پاریس، زۆر دەبنە هاوڕێ و لەیەک جیانابنەوە، کە هەردووکیان بۆ بژێویی ژیانیان کاری وەرگێڕان و خزمەتکردن لە ماڵە دەوڵەمەندەکان دەکەن، ناچاربوون هەموو کارێک بکەن تا بتوانن کرێی ژوورەکانیان و ژیانیان دابین بکەن. کەسیان نەیاندەزانی لە ئایندەدا هەردووکیان دەبنە فەیلەسووفی زەمانی خۆیان... هەردووکیان سەرەتای دەرکەوتنیان بوو، بەڵام دیدرو وەک رۆسۆ نەبوو، ئەو کەسێکی جیاواز بوو و حەزی بە تێکەڵبوون و ئاشنایەتیی خەڵک دەکرد. هەروەها ئەو لە ئاخاوتندا زۆر وریا و بەتوان بوو، کە قسەی دەکرد زوو دەچووە ناو دڵی خەڵکەکە و زیرەکانە بە ڕەوانبێژی و وردبینییەکەی دەگەیشتە ناودڵان. بەڵام جان جاک رۆسۆ کەسێکی پەراوێز بوو، کەمدوو و لاچەپ دەژیا، حەزی لەتەنیایی دەکرد و نەیدەویست لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بێت و ئاشنایەتیی پێ خۆش نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو دوو گەنجە وەک یەک نەبوون و هاوشان نەبوون بۆیە بەیەکەوە یەکتریان تەواو دەکرد.

نووسەری ئەو کتێبە دەڵێت کەوا ژیانی هزری و ئەدەبیی رۆسۆ لەناکاو و بەدرەنگی دەر دەکەوێت، کە تەمەنی دەگاتە ٣٨ ساڵ و لە چل ساڵییەوە نێزیک دەبێت، ئەو بە ڕێباز و شێوەیەک دەست پێ دەکات کە ئاسایی و زانراو نەبووە، کە لە هاتنی وەحی بووە، یان ئیلهامێکی بروسکەدار بووە لەوەی بەسەر شاعیراندا دەبارێت، کە هاوڕێیەکەی دیدرو لەسەر بۆچوونە دژە ئایینییەکەی و هزرە عەقلانییە ئازاکانی لەسەر ئاین، لە گرتووخانەی قەڵاتی ڤانسین دەگیرێت، رۆسۆ سەردانی دەکات. کە سەردانی دەکات تا لە ڕێگە خۆی بخافڵێنێت ڕۆژنامەیەک لەگەڵ خۆیدا دەبات، لەو ڕۆژانەش خەڵکەکە بەدەم ڕێگەوە، هەر بەپێوە ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە، لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە و لەناکاو چاوی دەکەوێت بە پرسیارێک کە ئەکادیمیای دیگۆن وەک پێشبڕکێیەک ڕووبەڕووی هەواداران و ئارەزوومەندانی دەکات، دەخوێنێتەوە، پرسیارەکەش ئەوە بوو ئایا پێشکەوتنی پیشەسازی و زانست و هونەرەکانی ئەو سەردەمە، ڕەوشت بێگەرد و باش

دەکات، ئایا دەیشێوێنێت و بەدکاری دەکات؟

کە رۆسۆ ئەو پرسیارە لە ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە، ئەو لەبن دارێک دەبوورێتەوە، لەبن دارەکە لەسەرچاو دەکەوێت و ماوەی چەند ساتێک ئاگای لەخۆ نامینێت، کە بەئاگا دێتەوە دەگری و دەنووزێتەوە، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا دێتە خوارەوە و قەمیس و بەرسینگی تەڕ دەکات. لەو ساتەوە رۆسۆ هەست دەکات ئەو بوویتە کەسێکی تر و هەموو خەسڵەتەکانی دەگۆڕێت، لەوێ تێدەگات کەوا ئەو گەیشتووەتە حاڵەتی زانین و ناسینی حەقیقەت کە ماوەی چەند ساڵە بەدوایدا وێڵ و سەرگەردانە، ئەو بەزانین یان لە نەزانینەوە ئاگەداری نەبووە، ئەوە چل ساڵە لەو مەیدانەدا شەیدای بووە و بۆی دەگەڕێت، لەو دەمەدا و لەناو دارستانەکەی ڤانسین ئەوە دەدۆزێتەوە، دەکرا ئەوەیان لەناو پەنجەرەی ماڵەکەی خۆشی بدۆزێتەوە، نەک لەو دارستانە و لەو ڕێگەیەدا.

ئەوەی ئەو مەزندەی نەدەکرد لەناکاو دەیدۆزێتەوە، لەوێ دەستی لە مل دەکات و لەسەر ئەرزەکە لەگەڵی پاڵدەداتەوە و لە ئامێزی دەکات، دەبێ ئەوە بزانێت کەوا زانست حەقیقەتێک بێت و دۆستێک بێت، تەنیا بێتە باوەشی کەسە مەزن و دیارەکان، ئەو لەناکاو و بەخێرایی تروسکایی و ڕەونەقەکەی دەبینێت و تاقگەیەک لە ڕووناکی ڕوو لەو دەکەن، ئەوەش تەنیا ڕوو لە کەسانێکی کەم و دانسقە دەکەن، لەوانە کەسانی هەڵبژاردە و ناوازە. بەڵام ئەو هزرە و ئەو دۆزینەوە قیمەتی چەند گران و زەحمەتە؟! ئیتر بەو شێوەیە بیردۆزی هەموو سەدەکانی نوێ لە هەموو گۆشەیەکەوە بۆ ئەو دەر دەکەوێت، لایەنە پەروەردەیی و سیاسی و ئەخلاقییەکان سەرهەڵدەدەن. کە ئەو ڕاستییە ترسناکە سادەیە دەدۆزرێتەوە، کە بریتییە لەوەی کەوا پێشکەوتن و گەشەی زانستی و مادی و تەکنەلۆجیی شارستانیەت مەرج نییە گەشەی ئەخلاقی و مرۆیی لەسەر هەمان ئاستدا لەگەڵدا بێت. پێوەندییەکی ئۆتۆماتیک لەنێوان ئەو شتەدا نییە، بەڵکو بەپێچەوانەیە وەک دەزانم.

ئیتر بەو جۆرە بەر لە سەرکەوتنی بونیادگەری سەردەمی بوونیادگەری لەکاتی ڕۆشنفکرییە مەزنەکە دەر دەکەوێت، ئەوەی بینرا و نەدەزانرا ئەو توانیی بە ٢٠٠ ساڵ پێش سەردەمەکی خۆی دەربکەوێت، ئینجا ئەو دژی زۆرینەکە ڕێ دەکات و ڕووبەڕووی هاوچەرخەکانی دەبێتەوە و دەیانهەژێنێت و ڕایاندەچڵەکێنێت و ئەوەی لەو دەمانەدا هەستیان پێ دەکات، تا ئیمڕۆ تێیدا دەژیین و هەستی پێ دەکەین:

ئەو دژایەتییە زەق و بەرجەستەیەی نێوان شارستانیەتی و زانستی تەکنەلۆجیای دیار لەلایەک و کورتەباڵاییی ئەخلاق و مرۆییەکان لەلایەکی تر...! ئەو ویستبووی ڕەوشەکان ڕاست بکاتەوە و هەموو باوە نەگریسەکان بسووتێنێت، بۆیە ئەوانی تر دەیچەوسێننەوە و ئازاری دەدەن و دەربەدەری دەکەن. کێشەی جان جاک رۆسۆ ئەوەیە ئەو زیاد لە پێویست شەیدای حەقیقەت بووە. دیارە کەوا خۆشەویستیی حەقیقەت لەو سەردەمەدا قەدەخە بووە، کە خۆی بۆ ئەو پەیامە دەسووتێنێت وانە و پەیامێک ئاراستەی مرۆڤایەتی دەکات، کە هەرگیز لەبیر ناکرێت. ئەو کە

وەڵامی ئەکادیمیاکە دەداتەوە و بۆیان ڕەوانەی دەکات، دوایی بابەتەکە و وەڵامدانەوەکە لەبیر دەکات، تا ڕۆژێک ئاگەداری دەکەنەوە، کە وەڵامەکەی ئەو لەلایەن مامۆستاکانی ئەکادیمیاکە یەکەم بووە و خەڵاتی وەرگرتووە.

ئیتر ئەو لەنێوان شەو و ڕۆژێکدا دەناسرێت و کتێبەکانی یەک لەدوای یەک دەردەچن، وەک وتارێک لەسەر بنچینەی نایەکسانی زوڵم و زۆرداریيەکانی نێوان جڤاتەکە، پەیمانە کۆمەڵایەتییەکە، کتێبێک لەسەر ئیمیل لەسەر پەروەردە، ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (هیلویزە نوێیەکە)، ئیتر هەموو فەرەنسای نوێ لەو کتێبانەوە دەر دەکەوێت و دەخەملێت، ئەو هزرەش نەک تەنیا فەرەنسا بەڵکو هەموو ئەوروپاش دەگرێتەوە. ئیتر هەموو زانا و بیرمەندەکان کرنۆش بۆ جان جاک رۆسۆ دەبەن و دان بەوەدا دەنێن، کەوا هەموویان قەرزاری ئەون: لەوانە کانت، هەتا گووتە و هیگل و هولدرلین و تۆلستۆی و دیستوفسکییش و ئیتر ناوەکان زۆرن... بە چەندساڵێک ئەوەی دەیزانی و ئەوەی مەبەستی بوو، لەسەر کاغەز دەینووسێت و پاش ڤۆلتێر دەبێتە مەزنترین نووسەری سەدە نوێیەکان.

نووسەری ئەو کتێبەی تایبەت بە ڕۆسۆ لە کۆتاییدا نووسیویەتی، کەوا کێشەکان دوایی زۆر دەبن و ناوداریيەکە بۆ ئەو دەبێتە گرفت و سەرئێشە، ئەو دەکەوێتە نێوان دوو دەمی ماشەکە و ناتوانێت دەربازی ببێت، دەمی یەکەمی ماشەکە، کە نارەزایی و توورەیی چینە ئورستقراتییە دەسەڵاتدارەکە بوو، چونکە ئەو داواکار بووە هەموو دەسەڵاتەکان بگەڕێتەوە لای میللەت، هەموو سیستەمە زۆرداریيەکان و حەقە خوداییەکانی پاشاکانی فەرەنسا بڕووخێت. لەو توورە دەبن چونکە ئەو شۆڕشێک دژ بە زۆر دەوڵەمەندبوونی دەوڵەمەندەکان و برسیەتیی زۆری هەژارە سادەکان و میللەتەکە بەرپا دەکات، ئەو کارکەر بووە لە بەرجەستەبوونی بیردۆزێکی دیموکراسیی نوێ و بوارساز تا شۆڕشی فەرەنسایی بتەقێتەوە، دیارە کەوا زۆردارەکانیش هەرگیز ئەوەیان قبووڵ نەبووە و ئامادە نەبوون لەو خۆش بن و لێی ببوورن. دەمی دووەمی ماشەکەش، کە ئەویان توند گرتبوو، هاوڕێیە فەیلەسووفەکانی بوون، هاوڕێیە ڕووناکبیرەکانی، ئەوانی چاویان بە هزرەکەی ئەو هەڵنەدەهات و غیرەیان لەو دەکرد، کە ئەو زۆر بە شێوەیەکی ئەفسووناوی دەناسرێت و هەموو بوارەکان دەبڕێت و دەگاتە مەنزڵگەی ناوداری. ئوسولییە کاتۆلیکەکان و ئوسولییە پرۆتستانتەکان وەک دوو دوژمنی ترسناک دەوری دەدەن و هەوکی دەگرن، ئینجا مەزهەب لەدوای مەزهەب دژایەتیی دەکەن و تەنگی پێ هەڵدەچنن و لە پاریس و لە بیرن و لە ئامستردامیش کتێبەکانی دەسووتێنن.. ئینجا قسەی بۆ هەڵدەبەستن. بەڵام کە پاش دە ساڵ لە مردنەکەی شۆڕشی فەرەنسا هەڵدەگیرسێت تۆڵەی بۆ دەکەنەوە و وێنەی بەرز دەکەنەوە و ناوی لەسەرەوە هەڵدەگرن و ڕێزی دەگرن، لە نووسینەکانی ئەودا ئیلهامی سیستەمی دیموکراسیی نوێ دادەڕێژن، کە تێیدا بابەتەکانی دەکەنە دەقی شیاوی سەدە نوێیەکان لەوانە پەیامی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون.

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ئەلشرق ئەلئەوستی ڕۆژی ١٤ی یونیوی ٢١٠٢ وەرگیراوە.

## ڕاگەیەنە نوێیە جیهانییەکان و سیاسەتی پێوەندییەکان:

# ڕۆڵی دەوڵەت لە سەدەی بیست و یەکەمدا

لۆرا ئێستین و نیکیل سینا

تەلیۆلۆجیا جیهانییەکانی زانیاری و پێوەندییەکان (ICTs) دەتوانن خێرایی بە گۆڕانکارییە نائاساییە سیاسی، کولتووری و ئابوورییەکانی سەدەی بیست و یەکەم ببەخشن. "کێری" (۱۹۹۸:۲۸) پێشبینی دەکات کە سیستمە جیهانییەکانی پێوەندیکاری وەک ئینتەرنێت، بیاڤە سرووشتی و سەمبۆلیکەکان لە سەرانسەری جیهاندا لە بنەڕەتدا دەگۆڕن، ڕێک بەو شێوەی کە تێلێگراف، تەلەفۆن و ڕێگەی ئاسن لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بوون بە هۆی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە دوورەدیمەنە نەتەوەیی و ناونەتەوەیییەکاندا. لە کاتێکدا زۆربەی لێکۆڵەران لەسەر ئەم بابەتە هاوڕان کە ڕاگەیەنە جیهانییەکان دەتوانن ببنە هۆی پێکهاتنی گۆڕانکاریگەلێک لە ئاستی جیهاندا، ئەوا لەسەر چیەتیی ئەم گۆڕانکارییانە بە توندی ڕای جیاوازیان هەیە. ئایا ئەم ڕاگەیەنە نوێیانە، ئازادیی دەربڕین و دەستڕاگەیشتن بە زانست و زانیاری ئاسان دەکەن یان کونترۆڵ و ئاڵوگۆڕ و دەستکاریکردنی زانیاری لە ڕادەی نەتەوەیی و ئەوپەڕنەتەوەییدا توندتر و قووڵتر دەکەن؟ سیستمە پێوەندیکارییە جیهانییەکان لە خزمەتی چ بەها و پرەنسیپگەلێکدان و دەوڵەتە نەتەوەیییەکان لە دیاریکردنی پێکهاتە و کەڵکی ئەم ڕاگەیەنانە دەتوانن چ ڕۆڵێک بگێڕن یان دەبێ چ ڕۆڵێک بگێڕن؟

لە ڕاستیدا یاسادانان لە بارەی سیستمەکانی زانیاری و پێوەندیکارییەوە بە چەندین هۆ بۆ دەوڵەتە نەتەوەیییەکان پێویستە.

سەرەتا سیستمەکانی پێوەندیکاری لە ڕەوتە سیاسییەکاندا ڕۆڵێکی گرینگیان لە ئەستۆدایە. حکوومەتە دێموکراتیک و نادێموکراتیکەکان بە قەدەر یەک لە ڕۆڵی سیستمە پێوەندیکارییەکان لە ڕاگواستنی زانیاری بۆ شارۆمەندان ئاگەدارن. سەرەڕای ئەمەش، دێموکراسییەکان بۆ پێکهێنانی ئاگەداریی کۆمەڵایەتی کە بۆ ڕەوتەکانی بڕیاردانی گشتی پێویستە و هەروەها بۆ گەرەنتیکردنی

.........................................................................

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئیدریس موحتەرەمی

مافە پێوەندیکارییەکانی شارۆمەندان، پشتیان بە سیستمە پێوەندیکارییەکان بەستووە. لە هەمان کاتدا، ڕاگەیەنەکان و دیاردە جیهانییەکانی دیکە، کاریگەریی گشتگیریان هەیە کە هەموو نەتەوەکان مەیلیان بە لای دیاریکردنی یاسا لەو پێوەندییەدا هەیە. بەڵام ڕێوشوێنەکانی سەرلەنوی نواندنەوە، باس، هەڵسەنگاندن و پەرچەکرداری بەکۆمەڵ بەم دیاردانە لە نێو ئەو حەشیمەتەیدا کە کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەوە، بە گشتی یان بەس نییە یان هەر بوونی نییە. لەم ڕووەوە، تەلیۆلۆجیا جیهانییەکانی زانیاری و پێوەندیکاری و هەروەها بەجیهانیکردن، زۆربەی جار لە هەمدیس نواندنەوەکانیان، بۆ سەمبۆلەکان و ڕەوتە سیاسییەکان لە ئاستی جیهاندا قەیران دەخوڵقێنن، دووەم، تەلیۆلۆجیا جیهانییەکانی زانیاری و پێوەندیکاری لە سەرکەوتنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی نەتەوەکاندا گلاون. زانیاری و پێوەندیکاری بەشێک لە بیاڤی سەمبۆلیکی نەتەوەیی و هاوبەش و هەروەها بیاڤی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و بەکۆمەڵەکانی دیکەیە و بەم پێیە زۆرێک لە نەتەوەکان لەوە نیگەرانن کە تەکنۆلۆجیا جیهانییەکانی زانیاری و پێوەندییەکان چۆن لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوورییان کاریگەری دادەنێن. بۆ نموونە، زۆرێک لە نەتەوەکان لەوە دەترسن کە وتووێژە ناحەز، نەژادپەرستانە و کوفرکەرەکان لە ئینتەرنێتدا کاریگەرییەکی ڕووخێنەریان لەسەر کۆمەڵگەکانیان هەبێ. سێیەمی هۆی لەم بارەوە کە بۆچی یاسا کاراکانی ڕاگەیەنە جیهانییەکان پێوەندییان بە دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە هەیە، ئەوەیە کە فەزای ڕاستەقینە و مەجازی بە تەواوی لێک جیا ناکرێنەوە. سەرەڕای ئەوەی کە تەکنۆلۆجیا جیهانییەکانی زانیاری و پێوەندییەکان خانەخوێی چالاکییە ئەوپەڕسنوورییە مەجازییەکانن، هاووڵاتییانی نامەجازی کە لە شوێنگەلێکی ڕاستەقینەدا نیشتەجێن، چالاکییە مەجازییەکان ئەزموون دەکەن. بە واتەیەکی دیکە، دەوڵەتە نەتەوەییەکان خوازیاری یاسادانان لەسەر ئەم چالاکییانەن. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە تێیاندا جەخت کراوەتەوە کە چالاکییە مەجازییەکان لە "فەزای سایبێرینگ"دا ڕوو دەدەن نە لە فەزای ڕاستەقینەدا، لەگەڵ چالاکییە ڕایەڵەیییەکاندا بە شێوەیەک پێک دەدەن کە هەر دەڵێی بەڕاستی هەن و بە شێوەیەکی هەڵە، حاشا لە دەسەڵات و مافی یاسایی دەوڵەتە نەتەوەییەکان بۆ یاسادانان لەو پێوەندییەدا دەکەن[1].

ئەم وتارە دەپرژێتە سەر هێندی لە هەوڵەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە بواری دارشتنی سیاسەتە پێوەندیکارییەکان بۆ تەکنۆلۆجیا نوێیە جیهانییەکانی زانیاری و پێوەندییەکان. لەوێڕا کە باسی گشتگیر لە بارەی سیاسەتە جیهانییەکانی ICTیەوە زۆر بەربڵاو و بێسنوورە، بە شێوەی تایبەتی دەچینە سەر ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان کە بەشێکی گرینگ و لە حاڵی گەشە لە تەکنۆلۆجیا جیهانییەکانی زانیاری و پێوەندییەکانە، کە بە شێوەی هێزەکی ئیمکانی دەستڕاگەیشتنی جیهانی پێی لەئارادایە. ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان، کۆمەڵێک کۆمپیوتەرن کە لە ئاستەکانی فیزیکی و لۆجیکیدا پێکەوە گرێ دراون. ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان، لەوانە ئینتەرنێت، ڕاگەیەنێکی نوێ دەخوڵقێنن کە لەودا دەرەتانی پێکەوەگرێدراوی و بوون بە یەکی جۆرە جیاجیاکانی ڕاگەیەنەکان،

کە پێشـتـر لە یەک جیا بـوون، لە چوارچێوەی یەکەی نێردراوی هاوبەشدا دەرەخسێنێ. ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان بە یارمەتیوەرگرتن لە ئیمکاناتی ڕاگەیەنەکانی دیکە، لەوانە چاپ، ڕاگەیەنە دەنگی و ڕەنگییەکـان و پێوەندیی لەسـەر بنەمـای دەنگ، دەرەتانی خـوڵقـاندنی شـێـوەی نوێی ڕاگەیەنی بە تایبەتمەندیگەلێکی نوێیە دەرەخسێنن. ئەم ڕایەڵانە، هاوڕێ لەگەڵ ئەو کارکرد و ڕێبازانەی کە لە پێوەندی لەگەڵیان لە گۆڕێدان، شوێنێکی باشن کە دەکرێ لەوێوە ئەو دژوارییە نوێیانەی کە ڕاگەیەنەکان بۆ یاسادانانی پێک دەهێنن، ببینرێن.

ئێـمـە بە تاوتوێی سێ بیـاڤی سـەرەکـیی جـیـاوازییـە یاسـایی و ڕێبـازییـەکـان لە ڕایەڵە کـۆمـپـیـوتەرییەکـاندا دەست پێ دەکـەین. ئەم سێ بیـاڤـە بریتین لە: خـاوەنـدارییـەتی مـەعنەوی، سنووری تایبەتی و ئازادیی دەربڕین. مەیلەکـان و گۆڕانکارییـەکانی یاسـا و ڕێوشـوێنەکـان لەم بیـــاڤـــانەدا ئاشکرای دەکــەن کــە تەکنۆلۆجـیـــا نوێکان چۆن دەبنە هۆی لاوازبوونی ڕیژیمە سـیـاسـیـیـەکـانی هەنووکـە و بەم پێـیـەش، پێـداچوونەوەی دەوڵەتە نەتەوەیـیـەکـان لە بارەی سیاسەتدانانی پێوەندیکاری دەکەنە پێویستییەک. ئەم وتارە بە تاوتوێی هێندی لە ڕێوشـوێنەکانی سیاسـەت و ئۆلگووە نوێکانی یاسادانان کۆتایی پێ دێ کە لێکۆڵەران ئەوانەیان پێشنیاز کردووە تا ڕێوشوێنە حکوومەتییە نەتەوەییەکان بۆ یاسادانانی کاریگەر لەسـەر ڕاگەیێنە جیـهانییەکان گونجاو بن. ئەم باسە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە ڕێک خراوە کە سیاسەتە نەتەوەییەکان ئاکامی کۆمەڵێک لە کاریگەرییە دووسەرەکانی هێزە ناوەخۆیی و دەرەکییەکانن. چیەتی و تایبەتمەندیی دەوڵەت، دەســەڵاتی چوارچێـوە جـێگیـرەکـانی و پێـوەندییـەکـەی لەگـەڵ هـێـزە ناوەخــۆیی و ناونەتەوەییەکان بە شێوەیەکی بەرین شێوە و نیوەڕۆکی ئەم سیاسەتانە دیاری دەکەن.

* سێ بیاڤی سەرهەڵدان و پەرەپێدانی سیاسەتدانان:

– خاوەنداریی مەعنەوی، سنووری تایبەتی و ئازادیی دەربڕین

ڕایەڵە کۆمپیوتەرییە جیهانییەکان، پرسیارگەلێکی دژوار لە بواری یاسا و سیاسەتی خاوەنداریی مەعنەوی، سنووری تایبەتی و ئازادیی دەربڕین دەوروژێنن. لێکدانەوەی گشتگیری ئەم پرسیارانە لە دەرەتانی ئەم بابەتە بەدەرە. سـەرەڕای ئەمـەش، باسکردنی بەگـشـتی کـێـشـە سـەرەکـیـیـەکـانی سیـاسـەتدانان لە هەر کام لەم بیاڤانـەدا و هەروەها ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە بەردەم یاسـادانەرانی نەتەوەییدایە، دەتوانێ هەر چۆنێک بێ، باسە ئەبستراکە سیاسییەکان بخاتە خانەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییە بەرچاوەکان و ئەو هەڵبژاردنانەی کە زۆرێک لە نەتەوەکان لەگەڵیان ڕووبەڕوون. نە تەنیا زۆرێک لە جیاوازییە کۆمەڵایەتییە پێوەندیدارەکان بە ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان لە دەورەی ئەم بیاڤە سـەرەکـییـانەدا دەخـولێنەوە، بەڵکوو لەوانەیە لەوە گرینگتر ئەوە بێ کە یاسـای سیـاسـەتدانانی ئەم بیـاڤـانە، بە باسکردنی کـارکردی گـشـتـی و ئاڵوگۆڕی زانیـاری و پێوەندییـەکـان شکڵ دەبەخـشـێ. گـەرچی یاسـا و سیـاسـەتدانـان لە هەر یەک لەم بیاڤـانـەدا، لە هەمـوو جیـهـاندا لە حـاڵی ئاڵوگۆڕی بەردەوامـدایە، بـەڵام ئەو ئەگـەرە لەئـارادایە کـە ئۆلگووگـەل و مـەیلگەلێک ببـینرێن کـە سـەرچاوەی

کێشەکانی سیاسەتدانانن، کێشەگەلێک کە ڕەنگە لە چەند دەیەی داهاتوودا کۆتاییان پێ بێت.

ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان بەو شێوەی کە هەنووکە هەن، تایبەتمەندیگەلێکیان هەیە کە بۆ دەڵەتەکان گۆڕەپانێکی نەناسراو دەکەنەوە و دەوڵەتەکان خوازی ئەوەن کە یاسا و ڕێوشوێنگەلێکی نوێیان بۆ دابڕێژن و وەگەڕی بخەن. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە: کۆکردنەوە، خەزنکردن، هەڵسەنگاندن و بەرهەمهێنانەوەی ڕادەیەکی مەزن لە زانیاری، کۆپیی خێرا و سادەی زانیاری، ئیمکانی پێکهێنانی پێوەندیی ڕاستەوخۆ و لێککارکردن لە نێوان کەسەکان و گرووپە بچووکەکاندا، دەورلێدانەوەی گوڵچییە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانی ڕاگەیێنەکان، ناردنی زانیاری لە ڕێگەی ئەو ڕێگەیانەی ناناوەندی و پێشبینینەکراون، پێکهێنانی دەرەتانی پێوەندیگرتن بەبێ ئاماژە بە ناو بۆ بەکارهێنەرانی ڕایەڵەکە، و پێکهێنانی دەرەتانی لێککارکردن لە نێوان کەسانێک کە ئیختیاراتی یاسایی و سیاسیی جیاوازیان هەیە. ئەم تایبەتمەندییانە لەسەر توانی دەوڵەتەکان لە بواری یاسادانان و خستنەگەڕی سیاسەتە پێوەندیدارەکان بە ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان کاریگەریی بەرچاویان هەیە.

لە بواری خاوەندارێی مەعنەوی و سنووری تایبەتی، جیاوازیگەلێگی زۆر سەری هەڵداوە و هۆیەکەشی ئاڵوگۆڕە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاترەکانی زانیارییە. زانیاری بووەتە داراییەکی بەنرخ و توانایی دەوڵەتەکان، ڕێکخراوەکان و کەسەکان لە بواری چاودێری، کونترۆڵ و ئاڵوێری بازرگانیی زانیاری، پێویستیی بە یاسا و ڕێوشوێنگەلێک هەیە کە مافی مەعنەویی هەموو هۆکارەکانی پرۆسەی ئاڵوێری زانیاری بە ڕوونی پێناسە بکەن. لە نەبوونی ڕێژیمەکانی مافی خاوەندارێی ئەوپەڕنەتەوەیی، ڕۆڵی پێناسەکردنی مافی خاوەنداری لە بیاڤە ڕایەڵەییەکاندا لە ئەستۆی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندایە. لەمەڕ ئازادیی دەربڕین، کیشمەکێشگەلێک سەریان هەڵداوە، چونکە خودی دەوڵەتەکان یاسا و ڕێوشوێنگەلێکیان بەڕێوە بردووە کە بۆ پاراستنی ئامانجە نەتەوەیی، سیاسی و نۆرمییەکان داڕێژراون و ئەمەش زۆربەی جار بە زیانی مافی ئازادیی دەربڕینی شارۆمەندان تەواو بووە. سێ بەشی دواتری ئەم وتارە، بۆ تاوتوێی ئەم جیاوازییانە، شێوازەکانی دەوڵەتەکان بۆ پرژانە سەریان و ئەو هەڵبژاردنانەی کە ئەوان بۆ ئەم کارە لەبەردەستیاندایە، تەرخان کراون.

* خاوەندارێی مەعنەوی

ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان دەبنە هۆی زیاتربوونی جیاوازی لە نێوان ناوزەدکردنی "دەربڕین" وەکوو بەرهەمێک و وەکوو کاڵایەکی گشتی، تەنانەت ئەگەر لە یاسادا، خاوەندارێی مەعنەوی بوونی هەبێ. خاوەندارێی مەعنەوی بە خاوەنەکە، مافی پاوانکردنی بەرهەم، مافی کونترۆڵی نوسخەهەڵگرتنەوە و کەڵکوەرگرتنەکانی دیکە لە بەرهەمە داهێنەرانەکان بۆ خولێکی زەمەنی سنووردار دەدات. بەم پێیە، داراییی مەعنەوی لەگەڵ خاوەندارێی ماددیدا هاوتا نییە. لە یاسای خاوەندارێی مەعنەویدا وەها گریمانە دەکرێ کە ئەندێشە داهێنەرانەکان کاتێک دەورووژێنرێن کە خاوەنەکانی مافی پاوانکردنی

بەرهەمەکە بتوانن لە بواری ماڵییەوە لە کارەکەی خۆیان سوود ببەن، بەڵام کونترۆڵی پاوانکراوی ئەم بەرهەمانە دواجار بە زیانی کۆمەڵگە تەواو دەبێ و لە کۆتاییشدا ئەوە کە کاڵای گشتی پێویستی بە دەستڕاگەیشتنی ئازاد و بەربڵاوی هەمووان بە زانیاری، زانست و دەربڕینی داهێنەرانەیە. ئەو ڕەهەندە لە خاوەنداریی مەعنەوی کە پێوەندیی بە تایبەتمەندیی "کاڵای گشتی"یەوە هەیە، لە مانای بەکارهێنانی دادپەروەرانەشدا خۆی حەشار داوە. بەکارهێنانە دادپەروەرانە ئەو دەرەتانە دەرەخسێنێ کە ئەو کەسانەی کە لە مافی پاوانکردنی بەرهەمەکە بێبەشن، لە ڕووی ئەو بەرهەمانە بە مەبەستی ڕادەربڕین، ڕەخنەگرتن و ئەو چالاکییانەی دیکە کە دەبنە هۆی پێشکەوتنی زانست، کۆپی هەڵبگرنەوە. ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان، لە ڕێگەی پێکهێنانی دەرەتانگەلی نوێ، هەم لە کونترۆڵی زانیاری و دەربڕین و هەم لە ملدان بەو کونترۆڵەدا، هەم خاوەنەکانی مافی پاوانکردنی بەرهەمەکە بەرەو کونترۆڵی بەرهەمەکە ڕاکێش دەکات و هەم جەماوەری خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بەم بەرهەمانە بانگێهشتن دەکات.

تەکنۆلۆجیای ڕایەڵەی کۆمپیوتەری دەتوانێ ببێتە هۆی ئاسانکردنەوەی کونترۆڵی مافی پاوانکردن یان ئاڵوگۆڕی ئازادیی زانیاری و پێوەندییەکان. لێکۆڵەران لەم بارەوە جیاوازیی بیروبۆچوونیان هەیە کە ئایا لە مافی پاوانکردنی خاوەنداریی مەعنەوی، کەم پارێزگاری دەکەن یان زۆر. زۆرێک لە توێژەران وەبیری دەهێننەوە کە ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان بەو کەسانەی کە مافی پاوانکردنی خاوەنداریی مەعنەوییان نییە، دەرەتانی کۆپیهەڵگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەیان بۆ پێک دەهێنی کە لە ژێر ئەم پاوانکردنەدان. ئەو ئاسانکارییانەی کە ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان بۆ بەڕێوەبردنی وەها کارگەلێک دەیکەن، دەبنە هۆی لاوازبوونی کونترۆڵی خاوەنەکانی مافی پاوانکردن لەسەر خاوەنداریی مەعنەویی بەرهەمەکانیان. ئەم پاراستنە کەمە لە مافی خاوەنداری، لە ئاستەکانی ناوەخۆیی و ناونەتەوەییدا زیانی بەدواوە دەبێ، لە ڕادەی بەرهەمهێنانی توێژینەوەکان و پەرەسەندن و خولقاندنی بەرهەمی نوێ کەم دەکاتەوە، و ئەو وڵاتانەی کە بەرهەم و خزمەتگوزاریی بەستراوە بە زانیاری هەناردە دەکەن، بە بەشداری لە بازرگانیی جیهانی بێمەیل دەکات. ئەو کەسانەی کە نیگەرانی کونترۆڵی کەمی تەکنۆلۆجیای نوێ لەسەر مافی پاوانکردنی بەرهەمن، لەسەر پێویستی بە پەرەپێدانی یاسا، ڕێباز و تەکنۆلۆجیگەلێکی نوێ کە ببنە هۆی پەرەپێدانی مافی خاوەنەکانی بەرهەم لە ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان جەخت دەکەنەوە.

کەسانی دیکە لەو باوەڕەدان کە تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەر لەوانەیە کونترۆڵی خاوەنەکانی مافی پاوانکردن لەسەر داراییە مەعنەوییەکەیان زیاد بکات و پرەنسیپی بەکارهێنانی دادپەروەرانەی گشتی بە هۆی سوودی تاکەکەسی لەبەرچاو ون بکات. خاوەنەکانی مافی پاوانکردن دەتوانن لە نەرمەواڵەگەلێک بۆ وەدووکەوتن و کونترۆڵی کەڵکەکانی بەرهەمە داهێنەرانەکان، لەوانە ئەو جارانەی بەرهەمەکە سەیر کراوە یان چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕ و دەستکاری لەودا، بەهرەمەند بن. وەها

نەرمەواڵەیەک بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو دەرەتانە بۆ خاوەنەکانی مافی پاوانکردن دەرەخسێنی تا بەپێی هەر جۆرە کەڵکوەرگرتنێک لەو زانیارییە، حەقدەستێک وەربگرێت. هەروەها، خاوەنەکانی مافی پاوانکردنی بەرهەمەکە دەتوانن دەستڕاگەیشتن بە بەرهەمە داهێنەرانەکانی خۆیان بە مەرجی بەستنی ڕێککەوتننامەی تاکەکەسی ببەستنەوە، بە جۆرێک کە بەکارهێنەر لە کاتی بینینی زانیاریی "ئۆنلاین" و کردنەوەی بەستەی نەرمەواڵەیی بەرهەمەکە، بە شێوەیەکی پەنانەکی ئەو ڕێککەوتننامەیە واژۆ بکات.

ئەم ڕێککەوتننانە مەرجەکانی دەستڕاگەیشتن دیاری دەکەن و زۆر جار لەواندا داوا دەکرێ کە بەکارهێنەران مافەکانی کەڵکوەرگرتنی دادپەروەرانە و پارێزگاری لەو کاڵا گشتییانەی کە پێوەندییان بە یاسای خاوەندارییی مەعنەوییەوە هەیە، بدەن بە لایەنی بەرامبەریان. هەروەها خاوەنەکانی مافی پاوانکردنی بەرهەم دەتوانن ڕادەی بڵاوبوونەوەی بەرهەمە داهێنەرەکانی خۆیان لە ڕایەڵەدا، لە چوارچێوەی سیستەمگەلێکی متمانەپێکراودا سنووردار بکەن کە پێڕەوی لە مەرجەکان دەکەن و بە شێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ سیستمگەلێکی دیکەدا پێوەندییان هەیە کە بە وەها شێوازێک پێبەندن. ئەو کەسانەی کە لەو باوەڕەدان کە تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەری لە مافی پاوانکردن، لە ڕادەبەدەر پارێزگاری دەکات، دەڵێن کە گۆڕانکارییە نوێکان لە یاسای خاوەندارییی مەعنەوی دەبێ مافی جەماوەری خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەرهەمەکان و بیرۆکەکان بپارێزێ.

ڕایەڵە جیهانییە کۆمپیوتەرییەکان و بازرگانیی جیهانیی پەرەئەستێنی کاڵا مەعنەوییەکانیش لەو خاڵە جێی موناقشانەی نێوان وڵاتانی پەرەسەندوو و پەرەئەستێن. لە کاتێکدا کە هیچ یاسایەکی مافی پاوانکردن بوونی نییە کە ئەو توانایی بە کەسەکان بدات کە لە سەرانسەری جیهاندا بەرهەمەکانیان بپارێزن، زۆربەی وڵاتان ئەندامی "ڕێککەوتننامەی بێرن" بۆ پاراستنی خاوەندارییی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان (پەیمانی بێرن) و (پەیماننامەی جیهانیی مافی پاوانکردنی بەرهەم)ن کە دەرەتانی پارێزگاری لە خاوەندارییی مەعنەوی لەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنەرەکە هاووڵاتییان نییە، پێی دەدات. (٢) نەتەوە پێشکەوتووەکانی بە ترس لە دزینی زانیاری، دەڵێن کە جێبەجێکردنی بەهێزی مافی خاوەندارییی مەعنەوی و سیستەمە یاسا هاوئاهەنگە ناونەتەوەییەکان پێویستن تا بازرگانیی جیهانیی بەرهەمە زانیارییەکان ئاسان ببێ. ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی سیستمی بەهێزی خاوەندارییی مەعنەوین، بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە بارەی جێبەجێکردنی یاسای کۆپیڕایتەوە کەمتەرخەمی دەکەن، گوشاری سیاسی و ئابووری دەهێنن، کە ئەم گوشارانە زۆر جار بە شێوەی پەیماننامە و ڕێککەوتننامەی ناونەتەوەیی بوون. بۆ نموونە، ڕێککەوتننامە پێوەندیدارەکان بە ئاڵوێرە دوولایەنەکان، ئەو توانایەی بە ویلایەتە یەکگرتووەکان دا تا یاسای مافی پاوانکردنی بەرهەم لە سەنگاپوور، مالیزیا، ئیندۆنیزیا و کۆریای باشوور جێبەجێ بکات. سیستمی مافی خاوەندارییی مەعنەویی ناونەتەوەیی لە ڕێگەی ڕێکخراوی جیهانیی خاوەندارییی مەعنەوییەوە بەهێز بوو و ویلایەتە یەکگرتووەکان توانی لە ڕێککەوتننامەی

خاوەنداریی مەعنەوی لە پێوەندی لەگەڵ بازرگانی (TRIPS) لە ژێر پشتیوانیی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، لە خاوەنداریی مەعنەویی پشتیوانیگەلێکی باش بکات. ڕێککەوتننامەی TRIPS، وڵاتانی ئەندام ئەرکدار دەکات کە لە ستانداردگەلێکی تایبەت لە بواری پاراستنی مافی پاوانکردنی بەرهەم، نیشانە بازرگانییەکان، دیزاینە پیشەسازییەکان، مافی تۆمارکردنی داهێنان و هتد پێڕەوی بکەن.

بەڵام زۆرێک لە وڵاتانی پەرەئەستێن خۆیان لە ڕەچاوکردنی یاساکان و ڕێککەوتنە پێوەندیدارەکان بە خاوەنداریی مەعنەوی دەبوێرن، چونکە ئەوە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری گرانتر دەکات، پێش بە ڕاگواستنی تەکنۆلۆجیا دەگرێ و هێزی پاوانکردنی کۆمپانیا چەندنەتەوەییەکان زیاد دەکات. ئەو وڵاتانەی کە داهێنەری مەعنەوی بە بەرهەمهێنانێکی بەکۆمەڵ دەزانن نەک تاکەکەسی، کە خۆیان کەمتر لەو بەرهەمانەیان هەیە کە مافی پاوانکردن دەیانگرێتەوە، یان دەیانەوێ لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەربڵاو و هەرزانی بەرهەمە مەعنەوییەکانەوە لە بواری نەتەوەیی و ئابوورییەوە زیاتر پەرەبستێنن، هۆگەلێکی کەمیان بۆ جێبەجێکردنی یاسا سنووردارکەرەکانی مافی پاوانکردنی بەرهەم هەیە. بەڵام زۆرێک لە وڵاتانی پەرەئەستێن خۆیان لە تەنگانەدا دەبیننەوە. لە کاتێکدا وەگەڕخستنی سیستەمە ناونەتەوەییەکانی خاوەنداریی مەعنەوی بە توندییەکی کەمترەوە دەرەتانی دەستڕاگەیشتنی زۆربەی وڵاتانی پەرەئەستێن بە سەرچاوەکانی زانیارییە ئابوورییە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان دەرەخسێنێ، هەر ئەم یاساگەلە دەرەتانی دەرهاویشتن و کەڵکوەرگرتن لە زانیارییە ئابووری و بازرگانییە پێوەندارەکان بە سەرچاوە نەتەوەیی، پیشەسازی و وەرزێڕییەکانی وڵاتانی پەرەئەستێن بۆ کۆمپانیا چەندنەتەوەییەکان دەرەخسێنێ. هەر وەک "سارۆ" دەڵێ: وڵاتانی پەرەئەستێن، لە جیاتی پێڕەویکردن لە سیستەمەکانی خاوەنداریی مەعنەویی وڵاتانی پەرەگرتوو، دەبێ لەوە دڵنیا بن کە هەر سیستمێکی کۆپیڕایت کە هەڵیدەبژێرن، بۆ خۆی بەسەر دابینکردنی پێویستییە تایبەتییەکانی خۆیشیان چاودێرە.

هەر وەک پێشتر وتمان، ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان دەکرێ بۆ گۆڕینی هاوسەنگییەک بەکار بهێنرێن کە وڵاتە جیاجیاکان لە نێوان زانیاری وەکوو بەرهەم و زانیاری وەکوو کاڵای گشتی پێکیان هێناوە. کێشە لەسەر یاسای خاوەنداریی مەعنەوی، چ لە ناوەخۆی وڵاتەکان و چ لە نێوانیاندا، بەگشتی لەسەر ئەم بابەتەیە کە سنووری کونترۆڵی زانیاری و وەگەڕکەوتنی ئازادیی زانیاری دەبێ کوێ بێ. پێ بە پێی گەشەی بازرگانیی زانیاری و بەرهەم و خزمەتە ئۆنلاینییەکان، خاوەنەکانی کۆپیڕایت دەیانەوێ ڕێگەگەلێک بدۆزنەوە تا بەپێی هەر کەڵکوەرگرتنێک لە زانیارییەکە، پارە وەربگرن، پێش بە بەکارهێنانی بەبێ ڕێدەرنامە بگرن، خاوەنداریی خۆیان بەسەر زانیاری ئەندێشەکان و بەرهەمە داهێنەرانەکان نیشان بدەن و بەربەرینی بکەن.

وەها هەڵسوکەوتێک لەگەڵ لۆجیکی بازاڕدا دێتەوە و بزاوێکی سنووردارکەری نوێ دەخولقێنێ (هاوشێوەی سنووردارسازیی زەوییە گشتییەکان لە ئینگلستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی

نۆزدەیەمدا) کە لەودا چیەتیی ئەندێشەکان و زانیاری لە کاڵای گشتییەوە بۆ دارایی تاکەکەسی دەگۆڕدرێن. ئەوەندەی کە داراییەکان و بەرهەمە داهێنەرە کولتوورییەکان زیاتر بکەونە ژێر کونترۆڵی تایبەتییەوە و پاوان بکرێن، دەرەتانەکانی جەماوەری خەڵک بۆ بەشداری لە خوڵقاندنی بەردەوام و هەمدیس بەرهەمهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری کەمتر دەبێ. لە کاتێکدا لەوانەیە بە بازرگانیکردنی ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان و زانیاری بارێکی ناچاری هەبێ، بەو جۆرەی کە "ئابراهامسن" دەڵێ، زۆر کەس لەوە دەترسن کە بازرگانیسازیی هەوسارپچڕاو و دەستبردن لەو کارەدا، پێش بە بڵاوبوونەوەی بەرینی زانیاری و سوودە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمی ئاڵوێری زانیاری بگرێ. لەم ڕوانگەوە، کونترۆڵی لەڕادەبەری زانیاری، پێش بە داهێنەری، ڕادەربڕین و ڕەخنە دەگرێ. لە ئاستی ناونەتەوەییدا، کونترۆڵی لەڕادەبەدەر لەسەر خاوەندارییی مەعنەوی، پێش بە وەگەڕکەوتنی ئازادانەی زانیاری لە نێوان وڵاتانی پەرەسەندوو و پەرەئەستێندا دەگرێ و خەسار لە خوشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەدات. کاتێک تاکەکان بەو دەرەنجامە دەگەن کە دەبێ کۆپیڕایت لە ئاستە خۆجێیی و جیهانییەکان زیاد بکەن، ئەودەم کۆمەڵگەکان دەبێ لە خۆیان بپرسن کە کونترۆڵ و خاوەندارییی زانیاری لە چ خاڵێکدا لە سنووری هاندانەکان و پاداشتە پێویستەکان بۆ خوڵقاندن و بازرگانیکردن بە بەرهەمە مەعنەوییەکان پتر دەڕوات و لە کوێیەوە خەسار لە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەوەشێنێ.

ئەو شوێنەی کە ئەم هاوسەنگییە درووست دەکات، بابەتێکە کە هەم یاسا و هەم سیاسەت سەرنجی پێ دەدەن. دەوڵەتەکان دەبێ لەمەڕ ڕادەی پاراستنی کۆپیڕایت لە ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان و ئەوەی کە کام ماف دەبێ لە بەرامبەر توانایی ئەم تەکنۆلۆجیایە پشتگیری بکرێ، بڕیار بدەن. زۆرێک لە وڵاتان زۆر زوو یاسا و ڕێوشوێنگەلێکیان دیاری کردووە کە لە دەرەتانی پاراستنی خاوەندارییی مەعنەوی بۆ خاوەنەکانی کۆپیڕایت پشتیوانی دەکات و بازرگانیی جیهانیی زانیاری بەهێز دەکات. یاسا و سیاسەت لە بارەی ئەمەشەوە بڕیار دەدەن کە پرەنسیپ و چالاکییە کۆمپیوتەرییە تایبەتییەکان تا چەند ڕێگەپێدراوە کە هێندێ لە ڕەهەندەکانی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی پێوەندیدار بە یاسای خاوەندارییی مەعنەوی و ئەوەی کە "لێسینگ" بە ئەرکەکانی خاوەنەکانی کۆپیڕایت ناوی دەبات، لەبەرچاو نەگرن. سەرەڕای ئەمەش، دەوڵەتەکان دەبێ گرینگی بەم بابەتە بدەن کە ئایا و- بە چ مەرجگەلێک- زانیاری و زانست دەبێ لە بەر دەستی جەماوەر دابنرێن. هەروەها ئەوان لە کاتێکدا کە لە سەرچاوە زانیاری و ئەندێشەییە خۆجێیەکان کە بە شێوەیەکی هێزەکی بەهادارن، پارێزگاری دەکەن، تا چەند بە ڕێککەوتننامە ناونەتەوەییەکان، هەروەک TRIPS، لە شەڕ بۆ دەستڕاگەیشتن و پێشگرتن لە زانیاریی جیهانی پێبەند دەبن. توانایی دەوڵەتەکان بۆ پرژانی کاریگەر بەم پرسانە زۆر جیاوازە و هەر وەک دواتر لەو پێوەندییەدا باسی دەکەین، ئەم توانایییە بە هۆکارگەلێکی جیاوازیی ناونەتەوەیی و ناوەخۆییەوە بەستراوەتەوە کە هەموویان لەبەردەستی دەوڵەتدا نین.

* سنووری تایبەتی

توانایی کۆمپیوتەرەکان لە کۆکردنەوە، گەڕان و ئاڵوێرکردنی داتاکان، بە بازاڕی لە حاڵی گەشەی زانیاریی تاکەکەسی خۆراک دەگەیەنی و بە شێوەی هێزەکی دەتوانێ ببێتە هۆی لاوازبوونی سنووری تایبەتیی کەسەکان. کاتێک کەسێک چێکێک دەنووسێ، لە کارتی متمانە (Credit cart) کەڵک وەردەگرێ، پارە دەگوازێتەوە، لاپەڕەکانی ماڵپەڕ سەیر دەکات یان هەر کارێکی دیکە دەکات، ئەوا زانیارییە تاکەکەسییەکانی ئەو دەکرێ کۆ بکرێنەوە و ئەم زانیارییانەش بریتین لە ناو، ژمارەی تەلەفۆن، زەواجی کردووە یان نا، ئاستی خوێندەواریی، پێشینەی پیشەییی، پێشینەی متمانەییی، زانیاریی پزیشکی و هەر زانیارییەکی دیکە کە دەتوانێ بۆ کەس یان بابەتگەلێکی داتاییی تایبەت ڕابگوازرێن. لە زۆربەی جارەکاندا، کەسەکان هیچ ڕێگەیەکیان جگە لە ئاشکراکردنی ئەم زانیارییانە نییە و ئەم زانیارییانە بەبێ ڕەزامەندیی ئەوان یان بەبێ ئەوەی ئەوان بزانن، کۆ دەکرێنەوە، یان لەوانەیە ئەم ڕووداوە بەرهەمی لاوەکیی فرۆشتن یان ڕاگواستنی خزمەتەکان بێ. سەرەڕای ئەمەش، زانیارییە تاکەکەسییەکان دەتوانن ببنە بنچینەیەک بۆ بڕیاری کەسانی دیکە لە بارەی ئەو کەسەوە، بۆ نموونە ئەو فڵان کەسە داواکاریی پیشەییی هەبووە یان ئامانجی چاودێریی دەوڵەت یان لەخۆگری بیمەی پزیشکی بووە یان نا. هەر وەک گاندی (١٩٩٣) وەبیری دێنێتەوە، زانیارییە تاکەکەسییەکان، بەهای شایانی کڕین و فرۆشتنی خۆیان لەو نیشانەگەلەوە وەردەگرن کە بە ڕێکخراوەکان- لە بارەی بەجێبوون پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ کەسەکان وەکوو کڕیار، کارمەند یان نوێنەری سیاسی- دەدات.

بازرگانیی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری زیانیاریی تاکەکەسی، زۆرێک لە وڵاتانی لەمەڕ مافی تایبەتیی هاووڵاتیانیان نیگەران کردووە. سەرەڕای ئەوەی چەمکی سنووری تایبەتی لە وڵاتە جیاجیاکان جیاوازە، زۆر جار ئەوە لەگەڵ مافی کەسەکان بۆ کەڵکوەرگرتن لە سەربەخۆیی، تەنیایی و دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا و چۆن زانیاریی پێوەندیدار بە خۆی بۆ کەسانی دیکە ئاشکرا بکات، پێوەند دەدەن. "وێستین" پێناسەیەکی بەسوود لە سنووری تایبەتی دەخاتە ڕوو: "سنووری تایبەتی بریتییە لە مافی کەسەکان، گرووپەکان و دامەزراوەکان بۆ دیاریکردنی ئەم بابەتە بۆ خۆیان کە چ کات، چۆن و تا چ ڕادەیەک زانیاریی پێوەندیدار بە خۆیان بۆ کەسانی دیکە ڕابگوازرێ". نیگەرانیی سەرەکیی زۆرێک لە وڵاتان لە بواری سنووری تایبەتییەوە و بابەتێک کە ئێمە لێرەدا تاوتوێی دەکەین، پێوەندیی بە توانایی کەسەکان لە دەستڕاگەیشتن و کونترۆڵی کەڵکوەرگرتنی کەسانی دیکە لە زانیارییە تاکەکەسییەکانیان هەیە. لە کاتێکدا کە ڕایەڵە کۆمپیوتەرییەکان جیاوازیگەلێکی هەردەم زێدەتریان لە بواری سنووری تایبەتی لە نێوان بابەتە زانیارییەکان و بەکارهێنەرانی زانیاری لێ دەکەوێتەوە، ئەم پرسە کە چ کەسێک زانیاریی تایبەتی کونترۆڵ دەکات، گرینگیی زۆری هەیە. وەدووکەوتنی کەسەکان لە لایەن بازرگان و دەوڵەتەکانەوە، ڕاگواستنی داتا تاکەکەسییەکان لە ڕێگەی سنووورە نەتەوەییەکانەوە، و کەڵکوەرگرتن لە زانیاری

بۆ مەبەستگەلێک جگە لەوەی کە لە سەرەتادا بە هۆیانەوە کۆ کرابوونەوە و هەروەها کەڵکی درووست و ناردووستەکانی دیکە لە زانیاریی تاکەکەسی، زۆرێک لە دەوڵەتەکان ناچار دەکات کە بەسەر سیاسەتدانانەکانی پێوەندیدار بە سنووری تایبەتیی کەسەکاندا پێداچوونەوە بکەن. دەوڵەتەکان دەبێ دیاری بکەن کە ئایا سیاسەتدانانەکانی پێوەندیدار بە سنووری تایبەتیی کەسەکان بۆ بەرتەسککردنەوەی سنووری دەوڵەتەکان و کەسەکان لە باری کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاریی تایبەتییەوە پێویستە یان نا و ئەگەر وەها سیاسەتدانانگەلێک پێویستن، باشترین ڕێگەی دارِشتنیان چییە؟

دژبەرانی دانانی ڕێوشوێنی دەوڵەتی بۆ سنووری تایبەتی کەسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە مافەکانی سنووری تایبەتی بە زیانی بازرگانییە، لە بواری تەکنۆلۆجیاوە بەڕێوە نابردری و بەپێچەوانەی ئازادیی دەربڕینە. ئەم ڕوانگە کە لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری "ئێکۆنۆمیست"دا نموونەیەکی باس کرا، بە تەرکیزکردنە سەر سنووری تایبەتی، لەو بڕوایەدایە کە مافی تایبەتی بە پێکهێنانی بەربەست لە بەردەم ڕاگواستنی زانیاریی تاکەکەسی، پێش بە وەگەڕکەوتنی ئازادانەی زانیاری دەگرێ و بێتوانایی لە کونترۆڵی تەکنۆلۆجیا، داکشانی سنووری تایبەتی وەکوو بەهایەک دەکاتە بێ ئەملاوئەولا. توانایی مافەکانی سنووری تایبەتی لە پێشگرتن لە بازرگانیی ئازادانەی زانیاریی تاکەکەسیش، وەکوو تێکچوونی ئازادیی دەربڕین دەبینرێ، بەڵام "پیتەرسن" وەبیری دێنێتەوە کە هاوسەنگیی بازرگانیی ئازاد لەگەڵ ئازادیی دەربڕین لە سەرەتادا لە پیشەگەلێک دێتە دی کە زانیاریی تاکەکەسی دەفرۆشن و هەروەها لەو کۆمپانیا بازارِدۆزانەوە وەدی دێت کە لەوان بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان کەڵک وەردەگرن. لە ڕوانگەی زۆرێک لە دژبەران، دانانی یاسای دەوڵەتی بۆ سنووری تایبەتی، یاساگەلێک کە پیشەسازییەکان و ڕێکخراوەکانی کونترۆڵکەری زانیاریی تاکەکەسی بە شێوەی دڵخوازانە بۆ خۆیان دیارییان دەکەن، باشترین ڕێگەیە بۆ تاوتوێی پرسی سنووری تایبەتیی کەسەکان. لەم ڕوانگەیەوە، زانیاریی تاکەکەسی هێن کەسانێکە کە کۆیان دەکەنەوە و خاوەنداریی، مافی دیاریکردنی چۆنیەتیی بەکارهێنیان دیاری دەکات. لەم بارەوە، تەنیا ڕێگەیەک کە دەوڵەتەکان بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لە نیگەرانییەکان خۆیان لە بارەی ئازادیی دەربڕین و وەگەڕکەوتنی ئازادانەی زانیاری لە بەرامبەر پێداچوونەوە بەسەر سنووری تایبەتیی کەسەکاندا هەیانە، ئەوەیە کە بە کۆمپانیا تایبەتییەکان ئیزن بدەن کە خۆیان بۆ خۆیان یاسا دابنێن.

* ئەم وتارە وەرگێڕانێکە لە پاژی بیست و چوارەمی کتێبی:

Lievrouw Leah & Livingstone sonia (editors) (____), "The Handbook of New Media", sagePublications.

* وەرگێڕان بۆ فارسی: لیدا کاووسی

# هەژموونی وتووێژلەسەرکراو و سنووره سەرلەنوێ دیاریکراوەکان لەو ڕاگەیەنە جێگرەوانەی بەجیهانیبوون ڕووماڵ دەکەن

جاکوب گروشک، ئێراسموس، زانستگەی ڕۆتێردام

ئینگ هان، زانستگەی ئەیالەتی ئایۆوا

بەشی دووەم و کۆتایی

## شێوازەکان

شێـوازەکانی "بێنێت" و هاوکارانی (٢٠٠٤)، بە شـێـوەیەکی ڕوون لەم لێکۆڵینەوەیەدا سـەرلەنوێ بەرهەم هێنراونەتەوە، ئەویش بەمەبەسـتی داڕشتنی باشـترین بناخەی تەنانەت بەراوردکاری لە نێوان دەقی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا (کە لە لایەن نیـوێـۆرک تایمزەوە دەناسرێتەوە). وردەکارییەکانی پرۆسـەکانیان و ئەوەی کە چۆن ئەم هەنگاوانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە هۆی ڕەچاوکردنی هەمان چوارچێوە زەمەنییەکان، چەمکە شوێنکەوتووەکان و بەرنامەی کۆدکردنەوە دیسان بەرهەم هێنراونەتەوە، لە خوارەوە بە نۆرە هاتوون. کەڵکوەرگرتن لە لێڕوانینی "بێنێت" و هاوکارانی دەرەتانی هەر گۆڕانێک لە نێوان ئەو دەقە سەرەکی و جێگرەوانەی لێرەدا ڕەچاو دەکرێن، بەمەبەستی ڕاستەوخۆ گرێدان بە جیاوازییە هەبووەکان، نەک شێوازە جیاوازەکان دەرەخسێنێ. کۆپییەکی کۆدنامەی "بێنێت" و هاوکارانی بە شێوەیەکی مەزنانە لەبەردەستدا بوو و کۆپیکردنەوەی وردی بەرنامەی کۆدکردنەوەکەی یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی بڕواپێکراوی و جێی متمانەبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە. بە شێوەیەکی گرینگ، هەموو دۆزینەوەکانی ڕووماڵکردنی بەجیهانیبوون لە "نیوێۆرک تایمز"دا لەسەر بنەمای ئەوانەی "بێنێت" و هاوکارانین (٢٠٠٤) و لە کارەکانی ئەوان سەربەخۆ نین. نموونەیەکی ڕاگەیێنی جێگرەوە لە لایەن نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەوە ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای ڕێنوێنییەکانی "بێنێت" و هاوکاران لە پێناو خوڵقاندنی

............................................................

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

تەنانەت بەراوردکارییەک لە نێوان ڕوومالّکردنی بەجیهانیبوون لە ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا کۆدینگ کراوە.

## نموونە، چوارچێوەی زەمەنی و یەکەتیی شیکاری

نموونە بلاّوکراوەکە پێکهاتووە لەو وتارە سەرەکییانەی کە لە وشەگەلێک وەک "کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی" و "کۆڕبەندی کۆمەلاّیەتیی جیهانی"دا لە "چاودێری چاپەمەنییە جێگرەوەکان" لە بانکی زانیاریی " ProQuest"دا بەدوایدا گەڕاوین کە پتر لە ٢١٠ ڕۆژنامە و کۆوار و بلاّڤۆکی جێگرەوە لە خۆ دەگرێ. لە حالێکدا ئەم بانکی زانیارییە زنجیرەییە بەرتەسکە، وەک ئەوەی تەنیا دەق یان بلاگە ئۆنلاینەکانی ئارشیڤ نەکردووە، بەلاّم دیسانیش لە بابەتی ژمارەی سەردێرەکان و ناوچە جیوگرافییەکانەوە تەواوترین بانکی زانیاریی ڕاگەیێنە جێگرەوەکانە. یەکێک لەو سوودە سەرەکییانەی کە پشتی بە "چاودێری چاپەمەنییە جێگرەوەکان" بەستووە، ئەوەیە کە دەقەکانی دامەزراوە ڕاگەیێنییە جێگرەوەکانی بە وردی خەزن کردووە، نەک تەنیا دەقی تاکەکەسێک یان ئەو شتانەی بۆ خۆیان بلاّو دەبنەوە. ئەم ئامارە گرینگە، چونکە وەک "هەمیلتۆن" (٢٠٠٠) و "ئاتۆن" (٢٠٠٢) ئاماژەیان پێکردووە، سیاسەتە دامەزراوەییەکان و ئەوەی لە پشتی پەردەکانی بەرهەمهێنانی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان ڕوو دەدەن، تا ڕادەیەک گرینگن، ئەویش لە کاتی تاقیکردنەوەی بەرهەمی وردی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا. خۆی لە خۆیدا، ئەو بلاّوکراوانەی لە "چاودێری چاپەمەنییە جێگرەوەکاندا" ناسراون، بەگشتی پێڕەوی لە شێوە ڕۆژنامەڤانییە پروفێشنالّەکان دەکەن، وەک ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی ڕاستی و کاتناسی، بەلاّم لە دوورەدیمەنێکی خەلّکییەوە و نەک بەو شێوەی پێویستە بە پێشڕەوییەکی سوودمەندانەوە. بانکی زانیاریی "چاودێری چاپەمەنییە جێگرەوەکان" بەم شێوە ڕوونی دەکاتەوە کە:

کۆوار و بلاّڤۆکە چاپەمەنییە سەربەخۆکان وەک "Broken Pencil" (قەلّەمی شکاو)ە کە لەسەر کولتووری کۆوار تەرکیز دەکاتەوە، "جیابیر"، "یەکگرتوویی دژی هەنووکەیە"، "کۆنەپارێزی ئەمەریکایی"، "چەمانەوەی چەپ"، "کۆڕبەندی برەیل و زەوی لە سەرەتادا"، ڕوومالّکردنێکی قوولّی ڕادەیەکی بەرینی ئەو پرسە ڕەخنەییانەی ڕووبەڕووی کۆمەلّگەی هەنووکە دەبنەوە، دابین دەکەن، کە چالاکگەرایی ژینگەیی، بێتوانییەکان، سیاسەتی گشتی و جۆرگەلێکی هەمەڕەنگی سیاسی لەخۆ دەگرن. هەروەها حەوتووانە هەوالّیگەلێکی جێگرەوە وەک "حەوتووانەی یووجین"، "بلاّڤۆکی سەربەخۆی میسوولا" و "دەنگی گوند" دوورەدیمەنگەلێکی ناسەرەکی لە حکوومەت، سیاسەت و کولتوور دەخەنە ڕوو و لەسەر پرسە خۆجێیی و نەتەوەیی و ناونەتەوەییەکان ڕاپۆرت بلاّو دەکەنەوە و پرسە گەرمەکانی وەک برسیەتی، ئەشکەنجە، مەزهەب و کولتووری خەلّکی ڕوومالّ دەکەن (ProQuest, 2010).

کەوابوو، ئەو نموونەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە، تەنیا بە هۆی ئەو سەردێرانەی لە "چاودێری

چاپەمەنییە جێگرەوەکان"دا ئارشیڤ کراون، داڕێژرا و هەروەها ئەو بابەتانەی لەخۆ نەگرتووە کە حەوتوویەک پێش لە بەڕێوەچوونی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە ساڵەکانی ٢٠٠١، ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣دا و هەروەها لە ماوەی بەڕێوەچوونیدا و حەوتوویەک پاشتریش دەرکەوتوون. ئەمانە ڕاست هەمان ئەو دێر و چوارچێوە زەمەنییانەن کە لە لایەن "بێنێت" و هاوکارانی کەڵکیان لێ وەرگیراوە (٢٠٠٤)، بەم هۆیەشەوە کۆمەڵە زانیارییەکی ڕاگەیێنە جێگرەوەکانی پێک هێناوە کە دەتوانێ کاریگەر بێ و تەنانەت لەگەڵ دەرەنجامەکانیان لە ڕوومالْکردنی بەجیهانیبوون لە "نیویۆرک تایمز"دا بەراوردکاری بکرێ. سەرجەم، ئەم گەڕانی وشانە لە "چاودێری چاپەمەنییە جێگرەوەکان"، ٥٤ وتاری لە ٢٦ بڵاوکراوەی جیاجیادا لێکەوتەوە. یەکەی شیکاری وشەیەک بوو کە لە تەواوەتییەکەیدا کۆدینگ کراوە کە لەمەیشدا دیسان پێڕەوی لە شێوازەکانی "بێنێت" و هاوکارانی کراوە (٢٠٠٤). سەرەڕای ئەوەی ئەم نموونە نە نوێنەرایەتیی هەموو دەقە لاوەکانی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان دەکات و نە بۆ هەموو جیاوازییە جیوگرافی و ئایدیۆلۆجیاییەکانی لە ڕوومالْکردندا بەئەژمار دێت، دیسانیش ئەوە نموونەیەکی نوێنەرایەتیی بەرچاوی ڕوومالْکردنی جێگرەوەی بەجیهانیبوون پێک دێنێ کە لە هەمان چەمکەکان و چوارچێوە زەمەنییەکان کەڵکی وەرگرتووە کە وەکوو داتا لە کاری "بێنێت" و هاوکارانی ڕەچاو کراون (٢٠٠٤). زێدەتر لەمە، "چاودێری چاپەمەنییە جێگرەوەکان" کۆکراوەی ئەو دامەزراوە ڕاگەیێنییە جێگرەوانەیە کە لە هەردوو شێوەی چاپی و ئێلێکترونیکدا بڵاو کراونەتەوە و بانکە پڕ لە دەقەکە ئاماری پتر لە ٦٧٠ هەزار وتار لە ١٩٧٠ بەملاوە نیشان دەدا (ProQuest, 2010).

## ڕوومالْ: چەمکەکان، دەستڕاگەیشتن، ناسین و وەڵامدەربوون

گریمانەی ١، چەمکگەلێکی جۆرەوجۆر تاقی کرانەوە کە لە لایەن "بێنێت" و هاوکارانی پێناسە کراون کە لە هەر وتارێکدا دەرکەوتوون. ئەم چەمکانە بریتی بوون لە یەکەم ١) پشتیوانیی دامەزراوەیی، ٢) پرسە چالاکەکان، ٣) پەرەسەندنە ئابووری و بازاڕییەکان، ٤) کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی، ٥) چالاکیی ناڕەزایەتی/ پەرچەکرداری پۆلیس/ توندوتیژی و ٦) شێواز/ کولتوور/ ڕایەڵەیی. چەمکەکان دەتوانن سنووری یەکتر ببەزێنن و هەر وتارێک پتر لە یەک چەمک لەخۆ دەگرێ. تاقیکاریی گریمانەکە، ژمارەی چەمکەکان لە ڕوومالْکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بەراوردکاری دەکات، بەتایبەت پرسە چالاکەکان بۆ ئەو چەمکانەی لە "نیویۆرک تایمز"ەوە ڕاپۆرتیان لێدراوە وەک لە لێکۆڵینەوەی "بێنێت" و هاوکارانی دیاری کراون.

گریمانەی ٢، سەرچاوە پێوەندارەکان بە ڕوومالْکردنی تاقی کردەوە و چاوەڕوانیی درانی دەرەتانی دەستڕاگەیشتنی پتر بە سەرچاوە نابەرپرسەکانی لە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان هەبوو، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ پرسە چالاکەکان. لێرەدا، کۆدینگەکە بە هۆی تاقیکردنەوەی ئەوەی کە "ئایا هەر سەرچاوەیەکی پرسی چالاک پێوەندیی بە هەڤپشکەکان یان بەرهەڵستکارانی کۆڕبەندی

ئابووریی جیهانییەوە هەبوو یا نا" خراوەتە گەڕ. سەرچاوەکان ناکەونە نێو هەر کام لە سەردێرە جیاکەرەوەکان وەک ئاکادێمیکەکان یان کارناسان، بەڵکوو لە ژێر ناوی "ئەوانی دیکە" کۆدینگ کراون (Bennett et al. 2004.p.445). ئەو بەشداریکەرانەی کۆڕبەندی کۆمەڵایەتیی جیهانی کە هاوکات لە "پۆرتۆ ئالێگرێ"ی برازیل بەڕێوە چوو، وەکوو نارازییانیش کۆدینگ کراون کە ئەوەیش هەمان شێوازە کە لە لایەن "بێنێت" و هاوکارانی لە لێکۆڵینەوەکەیاندا کەڵکی لێ وەرگیراوە. گریمانە دووەمەکە لە ڕێگەی بەراوردکاریی ژمارەی پرسە چالاکە پێوەندارەکان بە نارازییان لە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان تاقی کراوەتەوە، ئەو پرسانەی کە لە دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی "بێنێت" و هاوکارانی لە "نیۆیۆرک تایمز"دا هاتوون.

گریمانەی ٣، ئەو ڕادەیە ئەندازە دەگرێ کە کام لە نارازییان لە ڕووماڵکردنی جێگرەوە بۆ پرسە چالاکەکان لە لایەن هەر یەک لە مانا فەرمییە پێناسکراوەکان، ناسراون. هەموو سەرچاوەی پرسە چالاکەکان بۆ "هەبوون یان نەبوونی ناوەکان، سەردێرەکان یان بەستراوەییی دامەزراوەیی" کۆدینگ کراون (Bennett et al. 2004, p 446). ئەم ئامارە دواتر لەگەڵ ئاماری ئەو نارازییە ناسێنراوانەی کە بە شێوەیەکی هاوشێوە لە ڕووماڵکردنی سەرەکیدا لە لێکۆڵینەوەکەی "بێنێت" و هاوکارانی ئاماژەیان پێکراوە، بەراوردکاری کراوە.

دواجار، گریمانەی ٤، ڕادەی وەڵامدەربوون لە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکانی لەگەڵ هەمان ڕادەی ئاماژەپێکراوی لێکۆڵینەوەکەی "بێنێت" و هاوکارانی لەسەر ڕووماڵکردنی "نیۆیۆرک تایمز"ی بەراوردکاری کرد. ئەم ئەندازەگرتنە بە هۆی خوێندنەوەی نێزیکی هەموو پرسە چالاکەکان دیاری کراوە، ئەویش بەمەبەستی دیاریکردنی نموونەکانی "ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بانگەشەی کام لایەن پەرچەکرداری لایەنەکەی دیکەی لێکەوتووەتەوە"(سەرچاوەی پێشوو). بەم پێیە، ئەم ڕەوتی کۆدینگە، بەدوای هەر وتووێژێک لە نێوان هەڤپشکەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی و نارازییانی دژی بەجیهانیبوون لە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا گەڕا.

## ڕادەی متمانەپێکراوی

زۆربەی تێکنیکەکانی کۆدینگ، وەک ئەوانەی بۆ دەستڕاگەیشتن، ناسین و وەڵامدەر بوون هەن، ڕاست ئەوانە بوون کە تا ڕادەیەک شرۆڤە نەکراون. نووسەرێک بە هەموو وتارەکان لە سەرەتاکەیدا کۆد دەدات. نووسەرێکی دیکە بە شێوەی جیاجیا بە ڕێکەوت کۆد بە ٢٦٪ی وتارەکان دەدات. ئیمتیازەکانی متمانەپێکراویی ژێرکۆدەکان بە کەڵکوەرگرتن لە "ئاڵفای کریپێندرۆف" بەم شێوەیەیە: چەمک = ، ٧٧ , ٠ دەستڕاگەیشتن = ، ٧٨ , ٠ ناسین = ٧٨ , ٠ و وەڵامدەربوون = , ٠٠ , ١ وەک لە لایەن "فری"، "بۆتان" و "کریپس"ەوە ئاماژەی پێکراوە (٢٠٠٠)، هەموو ئەم ئامارانە نیشاندەری ئاستێکی قبووڵکراوی ڕێککەوتنن.

## دۆزراوەکان


پێش لە ڕاپۆرتدان لە گریمانەکان، ڕەچاوکردنی هێندێ لە مەیلە گشتییەکان و بەراوردکارییەکانی ڕووماڵکردنی بەجیهانیبوون لە ڕاگەیێنە جێگرەوە و سەرەکییەکان (نیۆیۆرک تایمز) لە پێناو دیاریکردنی خولە کاتییەکان بەکەڵکە. گەڕان لە "چاودێری چاپەمەنییە جێگرەوەکان" لە "ProQuest" بۆ "کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی" و دواتر بە شێوەیەکی جیاواز بۆ "کۆڕبەندی کۆمەڵایەتیی جیهانی" لە حەوتوویەک پێشترەوە تا حەوتوویەک دواتر لە بەڕێوەچوونی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە ٢٠٠١دا، ٩ وتاری نیشان دا. گەڕان لە هەمان بانکی زانیاری بە هەمان چەمکەکان و چوارچێوە زەمەنییە ڕاپۆرتلێدراوەکان لە ٢٠٠٢دا، ٢٨ وتاری لێکەوتەوە و گەڕان لە هەمان ڕێکەوتی پێوەندیداریش لە ٢٠٠٣دا، ١٧ بەڵگەی بەدواوە بوو. کەوابوو، ئەمە ڕوونترە کە ئەو نموونە ڕاگەیێنییە جێگرەوەی لێرەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە، لە بەراورد لەگەڵ "نیۆیۆرک تایمز" لە هەمان چوارچێوەی زەمەنیدا، وتارگەلێکی کەمتری لەسەر بەجیهانیبوون نیشان داوە. لە کاتی شیکاری لەگەڵ پێوەرە ناسراوەکانی گەڕان لەم لێکۆڵینەوەدا، بڵاوکراوەیەکی سەرەکی وتارگەلێکی زۆر زیاتری (٨٨) لە پێوەندی لەگەڵ بەجیهانیبوون تێدا بوو تا لەو نموونەی ڕاگەیێنی جێگرەوە (٥٤) کە لە گەڕان لە ٢١٠ بڵاقۆکدا کە لە "چاودێری چاپەمەنییە جێگرەوەکان"دا ئارشیڤ کراون، بەراوردکاری کراوە. لە کاتی ئەم بەراوردکارییەدا، چەندان دۆزینەوە هەبوو کە شایانی ئاماژەپێدانە. سەرەڕای ئەوەی لە بڵاقۆکە جێگرەوەکاندا تەنیا ٢٦ وتار لە پێوەندی لەگەڵ بەجیهانیبوون هەبوو، دەرەنجامی گەڕان بەدوای چەمکەکەدا، هێندێ جیاوازیی نیشان دا. وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، لە بانکەکانی زانیاری بە شێوەی جیاجیا بۆ وشە سەرەکییەکانی "کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی" و "کۆڕبەندی کۆمەڵایەتیی جیهانی" گەڕاوین. لە گەڕان لە ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا کە لێرەدا ڕاپۆرتیان لەسەر دراوە، ٢٤ وتار (٤٤٪) بە هۆی هەردووک چەمکە بەدووداگەڕاوەکان نیشان دران. لە بەرارود لەگەڵ توێژینەوە لە "نیۆیۆرک تایمز"دا کە بە هۆی "بێنێت" و هاوکارانی ئەنجام درا (٢٠٠٤)، کاتێک تەنیا دوو وتار (٢٪) لە هەمان شێوازدا لێکدەئالان، دەکرێ بگوترێ کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە ڕووماڵکردندا بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر لەخۆگری هەردووک کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی و کۆڕبەندی کۆمەڵایەتیی جیهانی بوون. هەر لە درێژەی ئەم هێڵانەدا، "بێنێت" و هاوکارانی ڕاپۆرتیان داوە کە تەنیا هەشت وتار لە کاتی گەڕان بە دوای وشەی "کۆڕبەندی کۆمەڵایەتیی جیهانی" لە "نیۆیۆرک تایمز" لە ڕێگەی بانکی زانیاریی "LexisNexis"ەوە دۆزراونەتەوە. لە گەڕانی ئێمە لە ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا، ٣٥ وتار بە کەڵکوەرگرتن لە هەمان ئەو چەمکانە دۆزراونەتەوە. ئەم گۆڕانە کە شایانی سەرنجە، لە نێوان ئەو نموونانەدایە کە نیشاندەری دەرکەوتنی هێندێ ناوەند و ڕوانگەی جیاواز لەوپەڕی ڕووماڵکردنی "نیۆیۆرک تایمز" و ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە بەجیهانیبووندایە.

گریمانەی ١، ئەو چاوەڕوانییەی هەبوو کە دەقی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە بەراورد لەگەڵ "نیوٚیۆرک تایمز"دا ڕێژەیەکی زیاتری ڕووماڵکردنی خۆیان بۆ پرسە چالاکەکان تەرخان بکەن. بە درێژاییی هەموو ئەم ساڵانە، پرسە چالاکەکان بابەتێکی ٣٣ لە ٥٤ی (٦١٪) وتارەکانی ئەو ڕاگەیێنە جێگرەوانە بوون کە نموونەکە لە خۆ دەگرن. لە بەراوردکاری لەگەڵ ڕووماڵکردنی "نیوٚیۆرک تایمز"دا کە "بێنێت" و هاوکارانی (٢٠٠٤) شیکارییان کردووە، لەو جێگەیەدا کە پرسە چالاکەکان تەنیا لە ٣٢ لە هەموو نموونەکانی ٨٨ وتارەکەدا (٣٦٪) هەبووە، ئەم جیاوازییە بە شێوەیەکی ئاماری گرینگە، کاتێک بە جیاوازییەکی سادەی تاقیکردنەوەی بەشە سەربەخۆکان شیکاری دەکرێ $(Z = 2.87, p < .01)$. ئەم گریمانە بەم هۆیەوە پشتیوانی کراوە و ئەوەش ڕوونە کە کاتێک باسی ڕاپۆرتدان لە بەجیهانیبوون بەتایبەتی کۆڕبەندەکانی ئابووریی جیهانی و کۆمەڵایەتیی جیهانی لەئارادا بێ، ڕاگەیێنە جێگرەوەکان ڕێژەیەکی زیاتری ڕووماڵکردنیان (و وتاری زیاتر) بۆ پرسە چالاکەکان تەرخان دەکەن تا ئەوەی لە "نیوٚیۆرک تایمز"دا تەرخان کراوە.

گریمانەی ٢، پێشبینیی کرد کە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان ڕێژەیەکی زیاتر لە ناڕازییان وەکوو سەرچاوەکانی پرسە چالاکەکان لە خۆ دەگرن تا "نیوٚیۆرک تایمز". بە پێڕەویکردن لە مۆدێلی شیکاریی "بێنێت" و هاوکارانی (٢٠٠٤)، ڕووماڵکردن لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە، لە پێناو درووستکردنی تەنانەت بەراوردکارییەکان لە نێوان هێڵە دیاریکراوە زەینییەکانی دەستڕاگەیشتن، ناسین و وەڵامدەربووندا وەپەراوێز خراوە. ئەم گریمانەیە بە تایبەتی دەستڕاگەیشتنی تاقی کردەوە و بەو دەرەنجامە گەیشت کە ناڕازییان ٦٤٪ی هەموو پرسە چالاکەکان لە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکانیان لە ماوەی ساڵێکدا تۆمار کردووە. ئەم ڕێژەیە بەرزبوونەوەی گرینگ $(Z = 2.57, p < .01)$ لەوانەدا کە ناڕازییان بوون بە زۆرینەیەکی بەرچاو پێک دەهێنێ، ئەویش کاتێک لەگەڵ ڕووماڵکردنی "نیوٚیۆرک تایمز" بەراوردکاری بکرێ کە بە شێوەیەکی هاوشێوە پرسە چالاکەکان بە ناڕازییان (٤٠٪) دەبەستێتەوە، وەک لە لێکۆڵینەوەی "بێنێت" و هاوکارانیدا پێی گەیشتوون.

ئەم گریمانە بەم هۆیەوە پشتیوانیی لێکرا، بەڵام بەدڵنیاییەوە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشتر، ڕاگەیێنە جێگرەوەکان وەک پێشبینی کرابوو، ڕووماڵکردنی زۆر کەمتریان لە پرسە چالاکەکانی بەشدارانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیدا (٥٪) بەنیسبەت ئەوەی لە "نیوٚیۆرک تایمز" کرا (٥٣٪) و "بێنێت" و هاوکارانی ڕاپۆرتیان لێدا، هەبوو (٢٠٠٤). بە گشتی، پێوەندیی نێوان بەشدارانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی و ناڕازییان لە چەمکەکانی ڕووماڵکردندا، بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێوان "نیوٚیۆرک تایمز" و ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا جیاواز بوو کە زیاتر لە لایەن تاقیکارییەکی گرینگی ئاماری کە لەودا ڕادەی گونجانی دەرەنجامەکان لەگەڵ تیۆریدا هەڵدەسەنگێنرێ، نیشان دراوە $(X\ 2\ (df = 2, N = 116) = 32.48\ p < 0.001)$. بەم پێیە، ئەم دەرەنجامانە هێندێ بەڵگە دەخەنە ڕوو کە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بەکردەوە دەستڕاگەیشتن و دەنگەکانی بژادە و هەڤپشکەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی وەپەراوێز دەخات، ئەو بژاردە و هەڤپشکانەی کە

بەسەر ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان بە قازانجی ئەو ناڕازییانە کە لە بەراورددا گرووپێکی کەمتر شوێندانەرن، زاڵن. ئەم پێوەندییانە لە ڕووماڵکردن دەکرێ لە خشتەی (١)دا ببینرێن.




خشتەی ١


سەرچاوەی نیۆیۆرک تایمز و ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسە چالاکانەی لە ٢٠٠٢دا ڕووماڵ کراون

ڕاگەیێنە جێگرەوەکان (٥٨ پرسی چالاک) "نیۆیۆرک تایمز" (ژمارە = ٦٢ پرسی چالاک) ئەوانی دیکە ناڕازییان هەڤپشکەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی .

سەرنج: چوار پرسی چالاک لە نموونەکەی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا خاوەنی جۆرێک سەرچاوەی تەرخانکراو نەبوون کە بکرێ بناسرێ.

گریمانەی ٣، پێشبینیی کرد کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان ناڕازییان زیاتر بە شێوەی فەرمی وەکوو سەرچاوەکانی پرسە چالاکەکان دەناسن تا "نیۆیۆرک تایمز". نموونەی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان ناوێک و سەردێرێک یان بەستراوەییەکی دامەزراوەیی بۆ ٦٥٪ی ناڕازییان دیاری کردووە کە لەو پرسە چالاکانەی کە بە سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە ڕووماڵ دەکرێن، ئاماژەیان پێکراوە، ئەمەش لە بەراورد لەگەڵ ئەوەدا کە "نیۆیۆرک تایمز" ناڕازییانی تەنیا لە ٢٣٪ی وەها ڕووماڵکردنێکدا بە ناو و سەردێر ناساندووە (Bennett et al ,2004.). جگە لە نۆ کەس، هەموو ناڕازییان لە

ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا ناسێندراون، کە ئەمەش پشتیوانی لەم گریمانە زیاد دەکات. هەڤـپـشکەکـانی کـۆڕبەندی ئـابووریی جـیـهـانی دیسـان وا دیار بـوو کـە بـە تەواوی لە چەمکی دووپاتبوونەوەدا وەپەراوێز خراون، بەڵام دوو لەسـەر سێیان سـەرچاوەگەلێکی ناسراو بوون. لەسـەر یەک، ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جـێگرەوەکان، سـەرچاوەکـان زۆر جیـاوازتر لەوەی لە ڕوومـاڵکردنی ڕاگەیێنە سـەرەکییەکان دەکرێ، دەناسن، کە دیسـانیش بە شێوەیەکی ئاماری بەرچاو (X 2 (df = 2, N = 78) = 33.04, p <.001) بوو و لە هێڵـەکەدا لە گریمانەی ٣دا جێیان گرتووە. خشـتـەی ٢، ئەم پێوەندییانەی نیشان داوە.




خشتەی ٢

نموونە سەرچاوەییەکانی ئەو پرسە چالاکانەی نیۆیۆرک تایمز و ئەو پرسە چالاکانەی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان کە لە ڕووماڵکردنی ٢٠٠٢دا ناسراون

ئەو پرسـانەی سـەرچاوەی ناسـراویان هـەیە – ڕاگـەیێنە جێگرەوەکان ئەو پرسـانەی سـەرچاوەی ناسـراویان هـەیە – نیۆیۆرک تایمز ئەوانـی دیکە  ناڕازییـان  هەڤـپشکەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جـیـهـانی ڕاگـەیێنە جـێگرەوەکـان (ژمـارە: ٤٣ سـەرچاوە ناسـراو) نـیـۆیـۆرک تایمز (ژمـارە: ٣٥ سەرچاوەی ناسراو)

لەسـەر بنـەمـای ئەم دۆزراوانە، ڕاگـەیێنە جـێگرەوەکـان لە بواری دەسـتـڕاگـەیشـتنی شـایانی

ناسـیندا وا دێتـە بەرچاو کـە تەنانەت چوارچێـوەیەکی داخـراوتر بۆ نمـوونەی سـەرچاوەی پرسـە چالاکەکـان دەخـەنە ڕوو تا "نیـوێۆرک تایمز"، بەڵام بە جـۆرێک کە ئەو هیـرارشـییـە کۆمـەڵایەتی-سیاسییەی کە بە بەردەوامی لە ڕاگەیێنە سەرەکییەکاندا بەرهەم دەهێنرێتەوە، سەرونخون دەکات. بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، بیاڤی گشتیی گوتاری کە لە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا درووست کراوە، تەنانەت بەنیسبەت ئەوەی لە ڕاگەیێنە سەرەکییەکاندا هەیە، هاوسەنگیی کەمتری هەبوو.

لە دوایین گـریمانەدا ئەو چاوەڕوانیـیە هەبوو کە لـە ڕووماڵکردنی بەجـیـهانـیـبوون لە ڕاگـەیێنە جێگرەوەکاندا کە ڕوانگە بەرهەڵستکارانەکان ئاراسـتە دەکرێن و وەڵام دەدرێنەوە، وەڵامدەربوونی زیاتر هـەبێ تا لـە "نیــــوێـۆرک تـایمـز"دا. "بێـنێت" و هـاوکـــــارانی (٢٠٠٤)، بـەردەوامـی لـە وەڵامدەربوونیـان لە "نیوێۆرک تایمز"دا نەدۆزییەوە. لەم نموونەی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا، ئێمەیش بە هەمان شێوە بەردەوامیمـان لە وەڵامدەربوون لە ڕەوتی ڕووماڵکردندا نەدۆزییەوە. بەم پێیە، ئەم گریمانەیە پشتیـوانی نەبوو و باوەڕ بە گشـتگیـربـوونی زیاتر، جۆرەوجۆرییـە ئایدیۆلۆجیکەکـان و قـبـووڵکردنی بیـاڤی گـشـتـیی جـێگرەوەی ناهیـرارشـی تا ڕادەیەک لـە نموونەیەکی هـاوشـێـوەی دەرەنجامەکانی "پیکارد" لە باری ڕاگەیێنی "Indymedia"وە (2006, 2006b) ڕەنگی کاڵ بووەوە.

## باس و دەرەنجامەکان

بۆ گەڕانەوە بۆ خاڵە هەرەسەرەکییەکانی پلۆرالیزمی ڕاگەیێنی و موناقەشەی زانیاری کە لە لایەن "فراسێر"ەوە سـەری هەڵدا، دەرەنجـامـەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەگشـتی پشـتیـوانـی لەو بۆچوونە دەکات کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە پێوەندی لەگەڵ بەجیهانیبووندا بیاڤێکی گشتیی جێی متمانەی ڕووبەڕووبوونـەوەی هـەژمـوونـیک دەخـوڵقـێنن. ئـەم دۆزینەوانـە لـەگـەڵ دۆزینـەوەکـانـی "هـارکـوپ"دا (٢٠٠٣) ڕێک دەکـەوێ کـە... ڕاگـەیێنە جـێگرەوەکـان لەوانـەیە دەرەتانی تێکدانـی گـوتاری زاڵ بڕەخـسـێنن، ئەویش بە هۆی دابینکردنی دەسـتـڕاگـەیشن بە دەنگە جێگرەوەکـان، ئارگـۆمـێنتـە جێگرەوەکان، دەسـتـە جێگرەوەکانی "ڕاسـتییـەکان" و ڕێگە جێگرەوەکانی شـێوەی ڕوانین، واتە هەموو ئەوانەی کە لەوانەیە ئەو توانە بە هاووڵاتییان ببەخشـێ کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ دەرکەوتەکانی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان لێککار بکەن (p.371).

لەم گـۆڕەپانەدا، ڕاگـەیێنـە جێگرەوەکان وا نیـشـان دراون کـە شـوێنێکی گـرینگ بۆ دەربـڕینی ڕوونی ڕوانگەکان، هیـواکان و بانگەشـەکانی گرووپە نابژاردەکان پێشکێش دەکەن، هەر وەک چۆن دەبنە هۆی تەمرینێکی بەهێزتری شارۆمەندیی دێموکراتیک و ئازادییە مەدەنییەکان. ڕووماڵکردنی زۆر جیاوازی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان دەستەیەکی زۆر زیاتری ئەو دەنگانەی مسـۆگەر کردووە کە بە شێوەیەکی زۆر وردتر لەوە ڕووماڵ دەکرێن کە بژاردە ئاسـاییـیەکان و سـەرچاوە دەسەڵاتدارەکان لە چاپەمەنییە سەرەکییەکاندا پێی گەیشتوون.

بە دڵنیاییـیـەوە، ئەوە بە تەواوی بەڵگەمـەندە کـە پێـوەندیی نێـزیک لە نێـوان ڕاپۆرتنێـران و بەرپرسـان کاریگەریی لەسـەر ئەو شـێـوازی دەربڕین و چوارچێـوانە دادەنێ کـە لە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە سەرەکییەکاندا دەخرێنە ڕوو (Bennett, 1990; Entman, 2004; Groshek, 2008). ئەمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوونە کە ئەم جۆرە ڕاپۆرتدانە لە ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەدوای نارِازییانەوە بوو، ئەویش بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و گرینگیدان بە بۆچوونەکانی نارِازییـان لەمـەڕ بەجیهانیبوون کـە بە شـێـوەیەکی دژوار لە لایەن ڕووماڵکردن و ئاکارەکانی ڕاگەیێنە سەرەکییەکانەوە دژایەتی دەکرێ، کە ئەمەش زۆر لە دۆزینەوەکانی "ئێلیاسۆف" نێزیکە (١٩٩٧). زۆر جێی سەرسووڕمان نییە کە "بێنێت" و هاوکاران پرسگەلێکی چالاکیان لە "نیۆیۆرک تایمز"دا دۆزییەوە کە بە شێوەیەکی بەردەوامتر لە لایەن هەڤپشکەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانییەوە ناویان برابوو و نارِازییان بۆ خۆیان بە ناو و بەستراوەییی دامەزراوەییەوە نەناسراو مابوون. هەر چۆنێک بێ، سەرەڕای ئەوەی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە پشتبەستنێکی سەرانسەری بە سەرچاوە فەرمییەکان خۆیان بوارد، ڕووماڵکردنەکەی بە شێوەی یەکسان وێنەیەکی یەکلایەنەی ڕووداوەکانیان کێشاوە. لە حاڵێکدا هێندێ جۆرەوجۆریی پرس لەوانەیە لە ناو ئەو گروپانەدا ناسرابن کە لە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، ئەوان بە شێوەیەکی بەرین هەڵگری ئامانجە هاوشێوە دژەبەجیهانیبوونەکانن و لەو شوێنەدا کە سەرچاوەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی بە گشتی لە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا وەپەراوێز خراون، وەڵامدەربوونێک لە نێوان حیزب یان ئایدیا بەرهەڵستەکاندا نەدۆزراوەتەوە. ئەم دیاردە لە توێژینەوەکەی "ئاتۆن" و "ویکێندێن"یشدا لەسەر "SchNEWS" نیشان دراون. SchNEWS ڕۆژنامەیەکی چالاکی بریتانیایە کە دەستڕاگەیشتنی ڕاگەیێنی بۆ "خەڵکی ئاسایی" بە قازانجی نارِازییان دەرەخسێنێ و ڕۆتینە سەرچاوەییە هیرارشییەکان بە چالێش دەکێشێ. دۆزینەوەکانی ئەوان زۆر هاوچەشنی ئەم لێکۆڵینەوە، بابەتە پێوەندارەکان بە دەستڕاگەیشتنی زیاتری گروپە تایبەتییەکانی سەرچاوەکانی وروژاندووە.

وەپەراوێزخستنی سەرچاوە فەرمییەکان لە ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا بە ئاشکرایی تایبەتمەندییەکی بێوێنەی ڕووماڵکردنی جێگرەوەیە کە دەتوانێ لە چەندان ڕێگەوە شرۆڤە بکرێ. بە سەرنجدان بەو ژمارە زۆرەی ڕووماڵکردن و بەو جیاوازییەی کە وەها سەرچاوەگەلێکی دەسەڵاتدار و شوێندانەر بۆ وەرگرتن لە ڕاگەیێنە سەرەکییەکان نیشانیان داوە، نوێنەرایەتیی زیادی لە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان گەرەنتی نەکراوە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی بەرهەڵستکارانە چوارچێوەبەندی کرابێ. ئەم دۆزینەوەیە لەگەڵ کارەکەی "پیکارد"دا (2006a, 2006b) هاوئاراستەیە کە شێوازە تایبەتییەکانی "Inydmedia.org"ی نیشان دا کە هێندێ لە بۆچوونە دژەکانی کە لە سەرەتادا نەژادپەرەست یان ڕەگەزپەرەست بوون، بێدەنگ کرد (سەرەڕای ئەمەش هێشتا وەکوو بەشێک لە ماڵپەڕی "Indymedia" ئارشیڤ کراون). بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کارەکەی لەسەر

بنەمای تەنیا یەک دامەزراوەی ڕاگەیێنی جێگرەوە بووە، بەڵام بە شێوەیەکی نێزیک لەگەڵ ئەو دۆزینەوەی لێرەدا بۆ ژمارەیەک لە دەرکەوتەکانی ٢٦ ڕاگەیێنی جێگرەوە پێشکێش کراوە، دەگونجێ، هۆیەکی باش هەیە بۆ ئەوەی دەرەنجامەکانی بە شێوەیەکی گشتیتر لە پێناو تێگەیشتنێکی بەرینتر لە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان پەرەی پێبدرێ.

لە شوێنێکدا کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بە گشتی لایەنگری لە بارودۆخێکی دڵنیاییکەر دەکەن کە بەدوای پێکهێنانی گۆڕانکاری یان تێکدانی پارادایمی زاڵەوەیە، بێلایەنی یان تەنانەت دەستی یەکەم بوون دەکەوێتە پلەیەکی خوارتری گرینگیدانەوە. لەوانەیە ئەو ئارگۆمێنتە بێتە ئاراوە کە هەر چۆنێک بێ، ئەو دەرکەوتە هەواڵییانە -جا سەرەکی یان جێگرەوە- دەبێ هێشتا گوتارگەلێکی دێموکراتیک لە کێبەرکێی بانگەشە بۆ ڕاستی بچێنن بە جۆرێک کە هاووڵاتییان تا ڕادەیەک بتوانن دەستیان بە بارودۆخەکانی پرس ڕابگا و لێی تێبگەن (Fraser, 1993). لە ڕاستیدا، ئەم ئامانجە ناوکی زۆرێک لە دامەزراوە ڕاگەیێنییە جێگرەوەکانە.

ئێستایشی لەگەڵدا بێ، ڕاگەیێنە جێگرەوەکان زۆر هاوشێوەی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان وەک لە لێکۆڵینەوەی بابەتی بەجیهانیبوون هەڵسەنگێنرابوو، گرووپە تایبەتییەکانیان وەپەراوێز خستووە و تەنیا ڕووماڵکردنێکی "ناوەڵامدەر"یان مسۆگەر کردووە. بەم پێیە، وێدەچێ ڕێگەگەلێکی کەم، ئەگەر هیچ هەبێ، بۆ هاووڵاتییان بەمەبەستی چاودێری بەسەر موناقەشەی بنەڕەتی لەسەر سیاسەتەکانی بەجیهانیبوون لە نێوان ناڕازییان و لایەنگران لە ئارادایە.

شیکردنەوەیەک کە دەکرێ بۆ ئەم چەند دۆزینەوە چاوەڕواننەکراوە بکرێ، ئەوەیە کە هەم ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و هەم ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بەشێوەیەکی ئایدیۆلۆجیک بەستراونەتەوە و بەم هۆیەش لە سەرلەنوێ درووستکردنی هەر فۆرمێکی گوتاری لێککارکردن لە کێبەرکێی بانگەشەکان لە نێوان ناڕازییەکان و هەڤپشکەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیدا بێتوانن. سەرەڕای ئەوەی دۆزینەوەکان بە شێوەیەکی بەرین چاوەڕوانکراو بوون و زۆربەی گریمانەکان خاوەنی پشتیوانی بوون، ئەم لێکۆڵینەوەیە هێڵی جیاوازییەکانی نێوان ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و ڕاگەیێنە جێگرەوەکانی لە بابەتەکانی دەستڕاگەیشتن و ناسیندا کێشاوە کە زۆر جار بە درووست گریمانە کرابوون یان بە دەگمەن ئەو تێگەیشتنە لێیان هەبوو کە ڕاست بن. لەم کارەدا و بەپێی ئەو دەرەنجامانەی لێرەدا بینراون، نەبوونی جۆرێک لە هاوسەنگی لە وەڵامدەربوون لە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا بینرا کە نەتەنیا چاوەڕواننەکراو نەبوو، بەڵکوو بۆ زۆربەی تێگەیشتنە گشتییەکان لە گوتاری ناوەنجی لە بیاڤی گشتیشدا خەسارهێنەرە. بەم پێیە، ئەم لێکۆڵینەوەیە تێگەیشتن لەوە ئاسانتر دەکات کە چۆن ماکە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگە مەدەنییەکان درووست کراون و چۆن ڕاگەیێنە جێگرەوەکان دەتوانن پشتیوانیی بکەن، پێشگریی بکەن یان لە ڕاستیدا لەگەڵ وەها پێوەندیکارییەکی گشتیدا کە خۆیان دیاریکەرین، یەک بگرنەوە (Cunningham, 2001).

هێندێ لە کارناسان بۆ بیاڤی ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی ئەو ئارگۆمێنتە دەهێننەوە و بە درووستی وا لێی تێدەگەین کە ڕووبەڕووبوونەوە گشتییەکان کاتێک لەگەڵ وەلانرانی سیستماتیک لە لایەن ڕاگەیێنە سەرەکییەکانەوە بەرەوڕوو دەبن، دەبێ پێوەندیکارییەکانی خۆیان بخولقێنن (Saeed, 2009). لە ڕاستیدا، بە زەینی کردنی بیاڤێکی گشتیی یەکگرتوو دژوارە بەردەوام بێ (Cammaerts, 2007; Huijser & Little, 2008). "گیتلین" (١٩٩٨) لێککارکردنی بیاڤە گشتییە مەزنەکان و کێبەرکێی لەگەڵ بیاڤی گشتیی زاڵدا وێنا دەکات، کە چوارچێوەیەکی بەکەڵکی تایبەتییە بۆ دابەشکردنی بیاڤی ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی بەسەر یەکەگەلێکی بچووکتر و متمانەپێکراوتردا. ئەم بیاڤە گشتییانە وەکوو ژێردەستەی ئەو کۆمەڵگە مەدەنییانە کار دەکەن کە لۆجیکی "یەکسانیی دێموکراتیک" لەواندا چێنراوە و- لەسەر بنەمای ئەو نموونانەی ڕوومالّکردنی بەجیهانیبوون کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بینراون، ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لەم پلاتفۆرمە چارەنووسسازە بە وردی دابین دەکەن. لە حاڵێکدا بیاڤەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی، گشتگیر نین و وەک ئەگەری هەیە لە ناوەخۆدا تیکەتیکەن، وەک ئەوانەی لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە، دیسان دەتوانن لە پێناو پێشخستنی ڕکەبەریی بۆچوونەکان لە نێو کۆمەڵگەکاندا بە تەواوی گرینگ بن (Kelly, Fisher & Smith, 2005).

بە شێوەیەکی بەرچاو، ئەم دۆزینەوانە دەبێ لە چوارچێوەی باسەکان و ئەو ڕوومالّکردنە ڕاگەیێنییەی کە بەجیهانیبوون لەخۆ دەگرێ بگشتی و پرسە پێوەندارەکان بە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی و کۆڕبەندی کۆمەڵایەتیی جیهانیدا سنووردار بکرێنەوە. نموونە جیاوازەکانی وەلانران و تیکەتیکەبوون لە نێو دەقی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لەم بابەتەدا، لە دۆزینەوە هەرەسەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوون. ئەوە هێشتا بە دیاریکراوی ماوەتەوە، ئەویش ئەگەر ئەم ئامارانە تەنیا لەو دامەزراوە ڕاگەیێنییە جێگرەوانەدا دەرکەون کە هەم بابەتی ئینتەرنێتی و هەم بابەتی نائینتەرنێتی (وەک ئەوانەی لە چاودێری چاپەمەنییە جێگرەوەکاندا ئارشیف کراون) بڵاو دەکەنەوە یان ئەگەر ئەمە لە نێو گشتگیرییەکی نموونەییی گشتیتری ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا بەشێوەی سەرجەم بێت. گەر وا نەبێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەرەنجامانەی لێرەدا هاتوون و ئەو دەرەتانەی کە زیاتر بۆ نموونە هاوشێوەکانی خۆزەقکردنەوە و لێکگرێدان لەئارادایە تا درووستکردنی پردی پێوەندی بۆ شکڵگرتن لە ئۆنلاینە جێگرەوە هێزەکییەکانی دیکە یان جۆرە ڕاگەیێنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە Wojcieszak, 2010، پارێزکردن بەنیسبەت دەرکەوتە سیاسییەکانی دەقی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان عاقڵانەیە.

لە کاتێکدا بیاڤی گشتیی ئایدیالیزەکراوی "هابرماسی" لەوانەیە بە ئاسانی جێی دەستڕاگەیشتن نەبێ، ئەو بەڵگەی لێرەدا خراوەتە ڕوو، ئەو پێشنیازە دەکات کە کێبەرکێ و لێکئالانی سنوورەکانی بیاڤە گشتییەکان لەوانەیە بە باشی ئەو ئارگۆمێنتە گرینکە پێش بخەن کە بکەرە جیاجیاکان دەتوانن لەگەڵ یەکتر پێوەندییان هەبێ. کەوابوو، لە ڕێگەی تێکەڵاوبوونی

کردەکیی بکەرەکانی ڕاگەیێن کە بەسەر توێژێکی دەقی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا چاودێری دەکەن، وەک ئەوەی بە هۆی ڕایەڵە نێوان تاکەکەسییەکان و ڕاگەیێنە ئۆنلاینەکان ئاسانکاریی بۆ کراوە، ئەو دەرەتانە بە شێوەیەکی زیاتر و زیاتر هەیە کە تیکەتیکەبوونی دەق پێویستی بە بەش بەشبوونی بەردەنگ نییە. لە کاتی ناسینی جێگرەوەکان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بەرتەسکییەی لە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لێرەدا نیشان دراوە، وێدەچێ ئەوە ڕوون بێ کە سەرچاوەیەکی دڵخوازی هەواڵ و زانیاری بە شێوەیەکی ئاسان بۆ شارۆمەندان لەبەردەستدا نییە. بەم پێیە، شارۆمەندییەکی خاوەن زانیاری وەکوو هەوڵێکی چالاک ماوەتەوە کە پێویستی بە پێشاندانی ڕاگەیێنە فرەجۆرەکان و کاناڵەکانی زانیاری هەیە. سەرەڕای ئەوەی بەربەستەکانی بەردەم بەشداریی ڕاگەیێنی بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بوون، جارێ جێگرەوەیەکی دیموکراتیک بۆ بیرکردنەوەی کراوەی تاکەکەسەکان، بیرکردنەوەیەکی خەڵکی و داخوازییەک بۆ دۆزینەوەی ڕوانگەکانی دیکە لەئارادا نییە. دەقی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بەم هۆیەوە ڕۆڵێکی گرینگ لە پەرەپێدانی پێوەرەکانی ڕادەربڕین، باس و وەجموجۆڵخستن دەگێڕن، بەڵام ئامانجەکەی زیاتر لەوەی نوختەیەکی تاکی دەستڕاگەیشتنی ڕاگەیێنی بێ، باشترین خزمەتکردنە وەکوو تەواوکەری دەستڕاگەیشتنی ڕاگەیێنی.

زانیاریی گشتی پێوەندیدەر هەنووکە تەنانەت لە نێو گۆڕەپانێکی ڕکەبەرانەتر و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتیدا لە پێناو مانابەخشین بەم چەمکە شکڵی گرتووە. بەشێک لەم ڕەوتە بەرهەمی دەق و بەرهەمهێنەری ڕاگەیێنی زیاتر و زیاتر، بە بەردەنگگەلێکی تایبەتیتر و بچووکترەوەیە (Anderson, 2006; Tewksbury, 2005). لەم لێکۆڵینەوەدا، بەڵگەی ئەوە هەیە کە بیاڤە گشتییە پێوەندیدەرەکان کە لەم مەیلانەوە سەرچاوە دەگرن، تەنیا بەڕێوەبەری نەکراون، بەڵکوو وتووێژیان لەسەر کراوە. هەروەها، ئەو دەرەنجامانەی لێرەدا ڕاپۆرتیان لەسەر دراوە، ئەو بیاڤە گشتییە جۆرەوجۆرانەی لە سیستمەکانی ڕاگەیێن و لە نێو جەماوەردا بە شێوەیەکی بەرین لە گۆڕێدان، پێناسە کرد. بە لەبەرچاوگرتنی پرسی بەجیهانیبوون وەک ئەوەی لە ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا هاتووەتە بەرباس، پێوەرەکان و بەشدارانی بیاڤە گشتییەکان بە شێوەیەکی جیاواز لەوانەی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان ڕێکخرابوون، بەڵام سنوورەکان وەک ئەوەی بینران، لە جێی خۆیان ماونەتەوە.

# جوبران خەلیل جوبران و پێغەمبەرەکەی

سامی ئەلفەقێ

٢ لە ٢

---

**لە پاریسەوە بەرەو بۆستن**

لەساڵی ١٩٠٨دا، جوبران بۆ خوێندنی هونەر دەچێتە پاریس لەوێ هاوپۆلی خۆی یوسف ئەلحویک دەدۆزێتەوە، ماوەی دوو ساڵ لەوێ دەمینێتەوە، پاش سەردانێکی کورت، لە لەندەن، لەگەڵ نووسەر ئەمین ئەلرەیحانی بەرەو ئەمەریکا دەگەڕێتەوە. لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٠٨ دەگاتەوە بۆستن و پێشنیازیش دەکات لەگەڵ ماری هاسکل هاوسەرگیری بکەن، تا لە ڕەوەندی لبنانیش دووربکەوێتەوە و لە دەستیان ڕابکات بەرەو نیویۆرکیش بڕۆن، بەڵام لەبەر ئەوەی ژنەکە لەو بەتەمەنتر بووە، بۆیە قبووڵ ناکات، بەڵام بەڵێن دەدات کە دۆستایەتییەکەیان بمینێتەوە، چاویشی لە ماریانای خوشکی بێت کە خوێندەوار نەبووە و کیژێکی ڕۆشنبیریش نەبووە. ئیتر بەو جۆرە جوبران دەچێتە نیویۆرک و لەوێ دەمینێتەوە، لەوێ جۆرێک لە داوەراندنەوە دەزانێت و جێگیر دەبێت، زۆر سەرقاڵی کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی دەبێت و وێنەی گەورە ناودارەکان دەکات، لەوانە ڕۆدان و سارە برنار و گوستاف یانگ و زۆری تر...

**مارییە ئەزیزەکەم**

کە لە سەرەتای نۆڤەمبەردا دەگاتەوە بۆستن، زوو دەچێت ماریانای خوشکی ببینێت و دوایی دیمانەی ماری دەکات، لەوێ ماری یەکسەر پێی دەڵێ:

..........

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

من ئامادەم سەرپەرشتیی تۆ بکەم و مانگانەش وەک چۆن لە پاریس حەفتا و پێنج دۆلارم بۆ دانابوویت، لێرەش ئەو پارەیەت دەدەمێ، ئامۆژگاریشی دەکات بۆ خۆی خانووێک بەکرێ بگرێت، تا لەوێ ئازادانە کارە هونەرییەکەی بکات و یارمەتیشی دەدات تا زمانە ئینگلیزییەکەی باش بێت، بەوەش هاوڕێیەتییەکەیان پتەو و گەرم دەبێت و لە ساڵڕۆژی بوونیدا لە ١٠ دیسمبەردا لەماڵەوە و لەیادی جەژنی ٣٧ ساڵیدا سەردانی دەکات، لەوێ داوای هاوسەرگیریی لێ دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ژنەکە ١٠ ساڵ لەو گەورەتر بووە، ماری داواکەی قبووڵ ناکات، جوبران کە نامەیەکی بۆ دەنووسێت و داوای لێبووردنی لێ دەکات، چونکە بەو داوایە نیگەران و سەخڵەتی کردووە، ماری بەو نامەیە پەشیمان دەبێتەوە و داواکەی قبووڵ دەکات، بەڵام دووبارە داواکە ڕەفز دەکاتەوە و پەشیمان دەبێتەوە، ڕەنگە ژنەکە بەوەی زانیوە کەوا جوبران پێوەندی بە ژنانی ترەوە هەبووە، یان ترساوە شوو بە کوڕێکی بێگانە بکات، بۆیەش پاش ئەو شکانەوەیە جوبران ڕوو لە کارەکانی خۆی دەکات و دەستبەرداری هەموو شتەکانی تر دەبێت. پاش ماوەیەک لە بۆستن هەست دەکات شارەکە ساردە و شوێنەکەش لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانی بچووکە و ئەو تێر ناکەن، چونکە ماوەیەک لە شارێکی گەرم و ئارام، لە پاریس ژیاوە، ئەوانە و ژان و ئازارەکانی ماری لە جەستەی کردبوو کەم و گچکە نەبوو، بۆیە بڕیار دەدات بارگەی بپێچێتەوە و بەرەو نیویۆرک بڕوات، دەستنووسی باڵە شکاوەکان و دانەیەک لە کتێبی "زەردەشت وای گوتبوو"ی نیتشە لەگەڵ خۆی دەبات.

هەواڵنامەی کتێب

## نیویۆرک

شاعیر و نووسەری فڕەنسی بول کلودل، پاش ئەوەی لەساڵی ١٨٣٨ دەگاتە نیویۆرک وتبووی:

ئەو کەسە نامۆیەی دەگاتە ئەو شارە، هەموو شتەکان و فاکتەرەکان نازانێت، بۆیەش ڕۆژە سەرەتاکانی لەو شارەدا ناڕەحەت و سەرسام دەبێت. بەڵام جوبران بەپێچەوانەی ئەو نووسەرە فڕەنسییە یەکسەر و بەخێرایی لەو شارە تێدەگات و بۆیەش وتوویەتی:

نیویۆرک ئەو شوێنەیە کە کەس ناتوانێت تێیدا ئارام بژیت. ئەو لەوێ لە مۆزەی مترۆبولیتان میورم ئیف ئارت دەچێتە ژوورەوە، لەوێش بەسەرسامییەوە دەردەچێت. لەوێ ڕەوەندی لبنانی دەناسێت، هەندێ لە کەسە ناودارەکانیش دەدۆزێتەوە و ئاشنایەتییان دەکات، لەو دەمانە مارییش دەگاتە نیویۆرک و دەبینێت وا جوبران خەریکی وێنەکردنی ئایزیسە، لەوێ بەیەکەوە سەردانی چەند پێشانگە و مۆزەش دەکەن و بەیەکەوە دەگەڕێنەوە بۆستن، لەگەڵ ژنە هاوڕێیەکەی سەیرانێک لە خۆرئاوای

ولآت دەکەن، کە ژنەکە کارئاسانییەکانی بۆ کردبوو، بۆیەش تا چیتر چاوەڕوانی مانگانە و پارە کەمەکانی ئەو نەکات یەکسەر پارەیەکی زۆری دەداتێ.

بەر لەوەی جوبران داوا و دیارییەکەی ماری قبووڵ بکات، داوای لێ دەکات ئەویش هەموو سامان و تابلۆکانی لێ قبووڵ بکات، بۆیە وەسیەتنامەیەک دەنووسێت، کە تێدا شتەکانی خۆی بەو دەبەخشێت، بەوەش هەموو هاوڕێیەکانی سەرسام دەبن، لە وەسیەتنامەکەیدا دەڵێ:

ئەگەر من مردم ماری لە ژیاندا بوو با هەموو تابلۆکانم بۆ ئەو بێت، ئەگەر ئەویش نەمابوو، با پاشماوە و میراتەکەم بۆ فرد هولاند دای بێت و هەموو دەستنووسەکانیشم بۆ خوشکم بێت و کتێبەکانیشی بکرێتە دیاری بۆ کتێبخانەکەی گوندی بوشری...

جوبران ئەو هاوینە بە هەل دەزانی بۆ تەواوکردنی دەستنووسی کتێبی باڵە شکاوەکان و ڕتووشی تابلۆکەی ئایزیس و چەند تابلۆی نوێیش دەست پێ دەکات و کتێبەکەی ئەمین ئەلرەیحانیش دەنەخشێنێت و دوو وتاریش یەکێکیان بە ناوی کۆیلایەتی دەنووسێت، کە تێدا سەرکۆنەی ئەو دەسەڵاتانە دەکات کە میللەتانی تر بە یاسای تر و ناحەقانە ڕێبەرایەتی دەکەن. وتاری دووەمش بەناوی ڕۆڵەکانی دایکم لەبەر ڕۆشناییی یاخیبوون لە هاووڵاتیان، ئەوانەی بێدەنگن و بەڕووی داگیرکەر و زۆردارەکان هەڵناستنەوە و یاخی نابن دەنووسێت. هەر لەو ماوەیەدا بەشداری دەکات لە کۆڕەکەی نووسەری شانۆنامە و شاعیری ئەیرلەندی ولیم بیتسی هەڵگری خەڵاتی نۆبلی ئەدەبی ساڵی ١٩٢٣، کە چەند جارێک دیمانەیان بووە و یەکتریان ناسیوە.

لە ڕۆژی ١٨ی سپتەمبەردا دووبارە جوبران دەچێتەوە نیویۆرک و لە باڵەخانەی تنس ستریت ستۆدیۆی تایبەت بە هونەرمەندان ئاکنجی دەبێ، لەو ساڵەدا ڕۆمانی باڵە شکاوەکان بڵاو دەکاتەوە، کە لە هەموو بەرهەمەکانی ڕۆمانسی تر بووە و لەوێ شێواز و هزرە سەردەمیی داهاتووی دەر دەکەوێت.

لە ڕۆژی ١٥ی مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩١٢ کە ڕووداوەکەی پاپۆڕی تایتانیک جیهان دەهەژێنێت، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر دەبنە قوربانی لەوانە ٨٥ کەسیان لبنانی بووینە کە تێدا ٥٢ کەسیان مردوون، ئەوەش بۆ جوبران هەژان و شۆکێکی گەورە و مەزن دەبێت، بۆ ڕێزگرتن و پرسەی قوربانییەکان سەردانی گەورە کەسایەتیی ڕۆحیی بەهاییەکانی ئیران دەکات و داوای لێ دەکات لە بەردەم سەکۆی زێڕینی یەکبوونی ئاینەکاندا وتارێک پێشکێش بکات.

لە سەرەتای پایزدا جوبران نووسەر و ڕۆماننووسی فڕەنسی بییر لوتی، ئەوەی لە نیویۆرکەوە هاتبوو نمایشی شانۆنامەی کیژی ئاسمان ببینێت، کە بەیەکەوە لەگەڵ کیژی نووسەر و شاعیری فڕەنسی تیوڤیل گوتییە دەقەکەیان نووسیبوو، لەوێ لوتی باس لە ژاوەژاوەی ئەمەریکای بۆ دەکات و ئامۆژگاریی دەکات لەو هەوارە دووربکەوێتەوە و ڕۆحی لەو ژاوەژاوە دووربکاتەوە و بگەڕێتەوە

خۆرهەڵات، پێی دەڵێت ئەو شوێنە هەواری تۆ نییە.

چۆن دەکرێ و چۆن دەتوانین شێوە و ئاکاری جوبران لەودەمانە بکەین؟ ئەو هێشتا ئاکارە گوندییەکەی مابوو، دەموچاوە ئەسمەرەکەی، لووتە کەمێک بەرزەکەی، سمێڵە دڕە گەورەکەی، دوو برۆ کەوانەییە پڕەکەی، قژیشی کەمێک بەگڵوازە بوو، لێو ئەستووری پان، ناوچەوان پانی شکۆدار وەک گومبەت، دوو چاوی زیت کە نیشانەی زیرەکییان پێوەبوو، پیاوە کورتە باڵاکە بەردەوام زەردەخەنەیەکی بەستەزمانانەی مناڵانەی پێوە بوو، ئەو کەسێکی گڕدار و بەجووڵە بوو وەک بڵێسە. ئەو جگەرەی زۆر دەکێشا و لە نامەیەکدا بۆ ماری نووسیبووی:

> زۆرتر لە بیست جگەرەم کێشاوە، جگەرەکێشان بۆ من خوو و فێربوون نییە، بەڵکو تامی لێ وەردەگرم...

ئەو شەوانە ئاگادار بووە و بەردەوام شەوانە کاری کردووە، قاوەی ڕەشی گرانی خواردووەتەوە و گەرماوی بە ئاوی ساردیش کردووە، شێوەی ژیانی وا بوو زۆر جەستەی ماندوو و شەکەت دەکرد و خۆی وا دەردەهێنا کەوا گەورە و بەتەمەنە. ئەو لەساڵی ١٩١٣ دیمانەی گەورە ئەستێرەکانی نیویۆرک دەکات، لەوانە شاعیر ویتر بویتر، لە مانگی فبرایریش لەجیاتی قەرزەکانی ژمارەیەک تابلۆ دەداتە ماری و هیواداریش بووە، لەو ڕەوشە دەربازی ببێت، کە زۆر هەراسانی کردووە، بۆیە دەست دەکاتەوە بە تەواوکردنی ژمارەک پۆرتریت یەکێک لەوانە بۆ زانای داهێنەر تۆماس ئەدیسۆن و هەروەها پورترێتێک بۆ دەروونناس و زانای کۆمەڵایەتیی سویسری کارل گوستاف یونگ دەکات، ئەوانەش ئامادە دەبن بەرامبەر جوبران دابنیشن تا وێنەیان بکێشێت. هەروەها جوبران دیمانەی فەیلەسووفی فەرەنسی هینری برجسون دەکات و بەڵێنیشی پێ دەدات ئەو ئامادەیە لە پاریس ڕووبەڕووی دابنیشێت تا وێنەیەکی بۆ بکێشێت، چونکە لەو سەفەرەدا ماندوو بووە، هەروەها ژنە ئەکتەر سارا برنهارتی دیوە، بەکورتی وتبووی ئەو خاتوونێکی نازدار و ڕەووشت بەرز بوو، ئەو بەخۆشییەوە باسی سەفەرەکانی سووریا و میسری بۆ کردم و وتی دایکم زمانی عەرەبییش دەزانێت، هەتا ئێستا موزیک و زمانەکە لەناخمدا زیندووە. ژنەکەش قبووڵ دەکات تا وێنەی بکێشێت ڕووبەڕووی ئەو دانیشتووە، بەڵام لەدوورەوە تا زۆر ئاکار و دەموچاوی نەبینێت، دیارە ژنەکە لەو دەمانە تەمەنی بەرەو شێست و نۆ ساڵی دەرۆیشت. لەساڵی ١٩١٣ کۆواری هونەرەکان لە نیویۆرک دەردەچێت کە شاعیری حومسی نسیب عریزە سەرپەرشتی دەکرد، لەوێ جوبران چەندان وتاری تێدا دەنووسێت و چەندان پارچە پەخشانی تێدا نووسیوە، لەو نووسینانەدا باس لە گەورە سۆفییەکان دەکات، لەوانە ئەلغزالی و ئیبن فارس کە زۆر بە هزری سۆفییانەی ئەو دوو زانایانە حەیران و سەرسام بووبوو.

### ژنە نووسەر مەی

ژنێکی نیگەران، ئەوەی وەک دەریا بوو، هەندێ جاریش هێمن و مەند و ناسک بوو، هەڵدەچوو و دادەمرکایەوە، ئەو ژنە نووسەرە ناوی لە خۆی نابوو مەی، ئەو لەساڵی ١٨٨٦ لە باوکێکی لبنانی و دایکێکی فەلەستینی لەدایک بووە، لەساڵی ١٩٠٨ خێزانەکەی دەچنە قاهیرە، مەی چەند زمانێکی زانیوە و لە بوارەکانی ڕەخنە و ئەدەب و ڕۆژنامەگەریدا بەهرەی بێ سنووری هەبووە، ئەو ماڵەکەی خۆی لە قاهیرە دەکاتە سالۆنێکی ئەدەبی، لەوێ گەورە نووسەر و ڕووناکبیرەکان دەبینێت و سەردانی دەکەن، وەک بیرمەند تەها حوسێن و عەباس مەحموود ئەلعقاد و یەعقوب سرووف. ئەو جوبران لەساڵی ١٩١٢ لە وتارێکیدا بەناوی ڕۆژی بوونم لە بوارێکی ڕۆژنامەگەریدا دەدۆزێتەوە، مەی بە شێوازەکەی سەرسام دەبێت و دوایی کە باڵە شکاوەکە دەخوێنێتەوە و لەسەر بۆچوونەکانی ئەو لەسەر ژنان سەرسامی دەبێت، بەیەکەوە نامە دەگۆڕنەوە و باس لە ئەدەب دەکەن و قسە لەسەر ژانەکەی خۆی دەکات و باسی مناڵی و خەون و بەرنامەکانی بۆ ژنەکە دەکات.

ئیتر بەو شێوەیە پێوەندییەکی سۆزداری و خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروست دەبێت، بۆیەش لەیادی ڕێزلێنان لە شاعیری دوو وڵات خەلیل مەتران ئەو نوێنەرایەتیی جوبران دەکات و لەجیاتی ئەو وتارەکەی دەخوێنێتەوە. مەی ژنێکی ناسک و خەوین بوو، کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەقەومێت و پێوەندییەکان نامێنێت و نامەکانیان بەیەکتری ناگات، بۆیە مەی بەیادی ئەو و چاوەڕوانییەکە دەژیت و هەموو داواکانی هاوسەرگیریش ڕەتدەکاتەوە. مەی نموونەیەکی مێینەیی ژنی خۆرهەڵاتی بوو، ئەویش ئەگەرچی زۆر لەو ژنە دوور بوو، بەڵام زۆر شەیدای بووبوو، بەڵام هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبوو هەموو ئازادییەکان لەبەر مەی وازبهێنێت و لە ئەمەریکاوە بۆ لای ئەو بێتەوە و بەدوای ئەو خۆشەویستییە ڕۆحییە بکەوێت، خۆشەویستییە هزرییەکە، زۆریش بەو ژنە سەرسام بووبوو. لەساڵی ١٩٢٣ بەبێ پەردە بۆی دەنووسێت:

> تۆ لەناو مندا دەژیت و منیش لەناو تۆدا دەژیم، تۆش ئەوە دەزانیت و منیش ئەوە دەزانم.

کە لە وشەکانی ناو نامەکانی ئازایەتی و ڕوونیی زۆر دەبێت، ماوەماوە نامەی بۆ نانووسێت، بەڵام هەستە ڕاستەقینەکانی لەناو وتارەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، زۆر لە بابەتەکانی بۆ ڕەخنەی ستایش بەو ژنە تەرخان دەکات، بەڵام لە هەندێ وتاردا لێی توند دەکات، لە وتارێکدا بەناوی (تۆی نامۆ) ژنەکە باس لە سۆز وئەڤینەکەی دەکات و دەینووسێت بۆ ئەو پیاوەی کە نازانێت من خۆشم دەوێت و لەناو هەموو دەنگەکاندا لەو دەنگە دەگەڕێت کە دەیبیستێت.

لە نامەیەکدا لەساڵی ١٩٢٤ وەڵامی ترسەکەی مەی دەداتەوە و نووسیبووی:

> ئایا تۆ لە تیشکی خۆر ترست هەیە؟ ئایا تۆ لە هەڵکشان و داکشانی دەریا ترست هەیە؟

نامەکانی ئەو دوو عاشقە بەردەوام دەبن و ماوەماوەش دەپچڕێن هەتا ماوەی هەشت مانگیش بێ دەنگبوون، بەڵام نامەکانیان هەر بەردەوام بووە، ئەوە و لەگەڵ هەموو ژان و ڕازەکاندا پێوەندییەکە و نامەکان و دووریی ئەو دوو کەسە هەتا مردنی جوبران بەردەوام دەبێت و ئەوانە و سۆز و ئەڤینەکە و نووسینەکان دەبنە جوانترین و بەپیتترین دەقی ئەدەبی عەرەبی.

## شەڕە مەزنەکە

ئەگەرچی جوبران زۆر هەزاران کیلۆمەتر لە مەیدانی شەڕەکە دوور بووە، بەڵام شەڕەکە زۆر سەخڵەتی کردووە، شەڕەکە ڕەوشی لبنانیش ئاڵۆز دەکات، لەو دەمانەدا عوسمانییەکان دەست بەسەر تەواوی سامانی وڵاتەکەدا دەگرن، هەموو وەڵسات و ئاژەڵەکان زەوت دەکەن، برسیەتی باڵ بەسەر وڵاتەکەدا دەکێشێت، ئەوەی بەرهەڵستی دەکا دەگیرێت و جەمال پاشای سەفاح دار بۆ لبنانییە نیشتمانپەروەرەکان دادەمەزرێنێت و عەرەبەکان لەناو گۆڕەپانە گشتییەکاندا لەدار دەدات. کە خەڵکەکە بە بێدەنگی و دوورەدەست دەمردن ئەو نیگەران بوو، هەستی بەشەرمەزاری دەکرد کە هاووڵاتییەکانی دەمردن، دوودڵیش نەبووە لەوەی ببێتە سکرتێری لیژنەی کۆمەکی لێقەوماوەکانی سوریا و جەبەل لبنان، لەگەڵ ڕەوەندی سوری و لبنانی هاوکار بووە لە بۆستن و نیویۆرک بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و ناردنی پاپۆرێک لە خواردەمەنی بۆ هاووڵاتییەکانی. لەبەر ئەو چالاکییانە هەندێ لە نووسەرەکان حیسابێکی ئایدیۆلۆجییان بۆ جوبران کردبوو، وایاندەزانی ئەوەیان چالاکییەکی سیاسییە، بەڵام ئەو بە هیچ شێوەیەک لەو جۆرە کەسانە نەبووە و هەرگیز قبووڵی نەبووە وەک سەرکردەیەکی سیاسی سەیری بکەن و لەوەیاندا وتبووی:

من کەسێکی سیاسی نیم، هەرگیزیش ئەوەم ناوێت.

لەوەیاندا سۆز و هەڵوێستەکەی تەنیا هەستکردن بووە بە بەرپرسیاریەتی و گەیاندنی فەرمانێکی سەرشانی خۆی، خەمەکەشی تەنیا مرۆیی بووە و کۆشش بووە بەشریەت لە کۆیلەیەتی دەرباز بکات. ئەو چالاکییانە و ئەو ڕەوشە و هەواڵە جەرگبڕەکانی ناوچەکە، ئەو لە داهێنانە ئەدەبییەکە سارد دەکاتەوە، بەڵام لەساڵی ١٩١٤ کۆمەڵە وتارەکانی بەناوی ئەسرین و زەردەخەنەکە بڵاو دەکاتەوە کە بریتی بوون لەو وتارە عەرەبییانەی کە ژمارەیان ٦٥ وتار بووە و لە ئەلمهاجر بڵاوکرابوونەوە، بەڵام هەر لە بڵاوکردنەوەیان دوو دڵ بووە. نووسینەکان کە شێوەی پەخشانە شیعریان هەبووە، کە خۆی لە ئەدەبی عەرەبی ڕابەر و پێشەنگ بووە و هەموشیان باس لە ڕازەکانی لەسەر ژیان و خۆشەویستی بوون و، باس لە ڕەوشی لبنان و سوریا بوون. لەو دەمانەدا ئەو زۆر کاری بە نووسین بوو بە زمانی ئینگلیزی، ئەو لەو دەروازەیەوە دەیتوانی بچێتە ناو سالۆن و بگاتە کۆمەڵانی ئەمەریکایی. هەر لەو دەمانەش دووبارە شکسپیر دەخوێنێتەوە و چەندان جاریش کتێبی پیرۆزی کینگ جیمس دەخوێنێتەوە... زمانە ئینگلیزییەکەی ئەو سنووردار بووە،

بەڵام بە کۆششی زۆرەوە دەتوانێ کۆنترۆلی زمانەکەی شکسپیر بکات، بەڵام دەستبەرداری زمانی دایکی نابێت و بەردەوام هەر بە عەرەبی بیری دەکردەوە... ئەو، ژنە ئەکتەری ناسراو ڕۆز ئۆنیل و شارڤانی نیویۆرک و ژنە شاعیر ئامی لویل و نیگارکێشی ڕەمزی ئالبرت ڕایدر دەناسێت، چەند جارێک بۆ خوێندنەوەی چەند بەشێک لە کتێبەکەی دەچێتە کۆمەڵەی شیعری ئەمەریکایی! و خەڵکەکەش بەوریاییەوە سەرەنج دەدەنە بۆچوونەکانی ناو کتێبەکەی "شێتەکە Madman".

لە پایزیساڵی ١٩١٦دا، جارێکی تر میخائیل نەعیمە دەبینێتەوە کە کتێبێک بەناوی جوبران خەلیل جوبرانی لەسەر دەنووسێت، ئەو لە ڕووسیا خەریکی خوێندن بوو و دوایی لەوێیەوە دەچێتە ئەمەریکا کە یاسا و ئەدەبی دەخوێند. هەردووکیان لە کۆواری هونەرەکان دەیاننووسی و بڕوایان بە گواستنەوەی ڕۆحی بوزییەت هەبوو، هەردووکیان لەناو ڕیزەکانی لیژنەی گیانفیداییەکاندا کۆششیان دەکرد تا وڵاتەکەیان سەربەست و ئازاد بێت، جوبران بەرپرسی پێوەندییەکان بوو کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەکران و نەعیمەش بەرپرسی ئەو پێوەندییانە بوو کە بە زمانی عەرەبی دەردەکران. ئەو لەساڵی ١٩١٦ دەگاتە دیمانەی فەیلەسووفی هیندی ڕابندرانات تاگوور، ئەوەی لەساڵی ١٩١٣ خەڵاتی نۆبلی ئەدەبیشی وەرگرتبوو، لەسەر ئەو دیمانەیەدا بۆ ماری نووسیبووی:

کەسێکی هەندام جوان و خۆش مەشرەب، بەڵام دەنگی ناساز بوو، ئەو هێزەی نەبوو بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی، دەنگی وەک چامەکانی بەهێز نەبوو... پاش ئەو دیمانەیە ڕۆژنامەنووسێکی نیویۆرکی دوودڵ نابێ لەوەی بەم جۆرە بەراوردی ئەو دوو پیاوە بکات:

هەردووکیان لە نووسیندا پەند و قسەی نەستەق بەکار دەهێنن، هەردووکیان باش زمانی ئینگلیزیش هاوشانی زمانی دایکیان دەزانن، بەڵام لە نووسینی شیعردا هەر یەکە و شێوەی هونەریی خۆی هەیە لە دەربڕیندا.

کە شەڕەکە کۆتایی دێت جوبران زۆرتر دەکەوێتە سەر نووسین، چەند بڕگەیەکی نوێ لە پێغەمبەرەکەی دەنووسێت، هەر لەو دەمانەدا کتێبی شێتەکەش تەواو دەکا کە بریتی بوو لە ٣٤ پەند (چیرۆکی کورتی ڕەمزی) و چامەیەکی شیعر. شێتەکە ڕەوانەی لای چەندان خانەی بڵاوکردنەوە دەکات، بە بیانووی ئەوەی ئەو دەقە ئەدەبییە کڕیاری نابێت چاپی ناکەن، بەڵام لە دواییدا دەزگەیەک دەدۆزێتەوە و لەساڵی ١٩١٨ کتێبەکە بڵاو دەبێتەوە، کە لەگەڵ نووسینەکە سێ وێنەی دەستی جوبرانیشی تێدا دەبێت، ئەو دەقەکانی بە عەرەبی دەنووسێت و دوایی وەریاندەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. لەو دەقەدا باس لە حیکایەتی کەسێکی هەستیاری ناسک دەکات، بەڵام کەسێکی نامۆ، هەروەها باس لەوە دەکات ئەو پیاوە چۆن شێت دەبێ... لە دێرەزەمانەوە و بەر لە لەدایکبوونی خوداکان من کە لە خەوێکی قووڵ هەڵدەسام و هەستم کرد هەموو دەمامکەکانم دزراون، بۆیەش من بەناچارییەوە بەبێ دەمامک و بەڕووی کراوەوە، لەناو

شەقامەکاندا ڕامدەکرد و بەڕووی خەڵکەکەدا هاوارم دەکرد و دەمگوت:

دزەکان، دزەکان، دزە بەدرەفتارەکان! هەموو خەڵکەکە بە ژن و پیاوەوە پێم پێکەنین و هەندێکیان خۆیان کرد بە ماڵەکانیاندا و لەترسانا خۆیان دەشاردەوە... ئیتر بەو شێوەیە من شێت بووم، بەڵام لەو شێتییەدا توانیم ئازادییەکان و دەربازبوونی خۆم بدۆزمەوە، بە شێتییەکە ئازادی و دەربازبوونم دەستکەوت. جوبران لە کتێبی شێتەکەدا زۆر بەسادەیی و تەنزئامێز و دەردەسەرییەوە دەنووسێت، ئەو شێوازەش دەبێتە وەرچەرخانێک لە بەرهەمەکانی، ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو کە یەکەم کتێبی بە زمانی ئینگلیزی ئەوە بووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کەوا دەقەکە هیوا و شکۆیەکی ڕۆحیی تێدا بووە.

ئەو دانەیەک لەو کتێبە بۆ مەی زیادە ڕەوان دەکات، ژنەکەش ڕەشبینی و ژانی تێدا هەست پێ دەکات، دانەیەکیش بۆ خۆشەویستە نەناسراوەکەی گیرترووود بارییش دەنێرێت، دیارە کەوا جوبران ئەو خۆشەویستییەی شاردووەتەوە و باسی نەکردووە تا ماری زامدار نەکا، بەوەش پێوەندییە ئەفلاتونییەکە سیما و دەنگە ڕۆحییەکەی بمینێت. پێوەندیی جوبران بە گیرترووود شتیرن ئەوەی لەساڵی ١٩٣٠ دەیناسێنێت بە هێزی ژنەکە دوا خۆشەویستییە لە ژیانی ئەودا، بەڵام ماری خواجی و ماری خوریت و هیلینا گوستین وەک چۆن شارلۆت و میشلینیش گوتوویانە کەوا جوبران پیاوێکی مێباز بووە و یەکێکیان گوتوویەتی جارێکیان ئەو داوا دەکات پارەی بدەمێ تا چەترێک بۆ ماریانای خوشکی بکڕێت، بەڵام دوایی دەرکەوت چەترەکەی دابووە ژنێکی تر، جوبران لەبەر ناوبانگی ئەو ژنانە پێوەندییەکانی بەنهێنی کردووە و نەیویستووە ناویان بە خراپە بێت، خۆی وەک کەسێکی نازک و دەنگێکی ئاسمانی و عاشقێکی ڕۆحی نەک جەستەیی نیشان و ئاراستە بکات. لەساڵی ١٩١٨ لەگەڵ ماری ئاشتەوایی ڕادەگەیێنێت و بۆی دەنووسێت:

ئەوەیان پیرۆزترین ڕۆژە لەدوای لەدایکبوونی مەسیحەوە.

لەساڵی ١٩١٩دا، جوبران بە زمانی عەرەبی شەشەم کتێبی بەناوی (مواکب) بڵاو دەکاتەوە، ئەوەش بریتی بووە لە چامەیەکی درێژ کە دوو سەد و سێ دێر بووە و تێیدا داوای تەئەمول دەکات، لەسەر شێوازی دیمانەیەکی فەلسەفی بە دوو دەنگەوە دەنووسێت:

یەکێکیان گاڵتە بە بەها دەستکردەکانی شارستانیەت دەکات، دووەمیشیان گۆرانی بە گەشبینییەوە دەڵێت، سروودێکە بۆ سرووشت و یەکبوونی مان و بوون و کتێبەکەش بەوە دەناسرێت کەوا بریتییە لە دەستەواژە و گوزارشتی سادە و بێگەرد و لەناکاو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩١٩ ئەلبومێک بە بیست وێنە بەناوی بیست نیگار Twenty Drawings بڵاو دەکاتەوە، بەڵام خانەکەی بڵاوکردنەوە دەقێکی ڕەخنەگریی هونەری ئالیس ڕافائیل ئاکستینی بۆ

زیاد دەکات، لەوێ ئەو نووسیویەتی کەوا جوبران لە بەرهەمە هونەرییەکانی لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا وەستاوە و ڕەمزییەت و میسالیەتی ئاوێتەکردووە. بۆیەش گوتوویانە کەوا جوبران بە وشەکان نیگار دەکێشێت، لەڕاستیدا وێنە و نیگارەکانی گوزارشتێکی وردن لە هزرەکانی.

## سەکۆی شاعیرانی تاراوگە

لە شەوی ٢٠ی ئەپریلی ساڵی ١٩٢٠ نووسەرە سورییایی و لبنانییەکان لە کۆبونەوەیەکیان لە نیویۆرک بانگەوازی ئەوە دەکەن با ئەدەبی عەرەبیمان لە چڵپاو دەرباز بکەین، هاوار دەکەن بەسە سستی و لاسایی، کە ئەدەبەکەمانی تەنیوەتەوە. داوا دەکەن ئەدەبەکەیان خوێنی نوێی تێ بکەن، بەشداربووەکان داوا دەکەن ڕێکخراوێکی نوێخواز ساز بکەن و هەموو نووسەرەکان کۆ بکاتەوە و کۆششیان چڕ بکەنەوە بۆ زۆرتر خزمەتی ئەدەبی عەرەبی، جوبران بیرۆکەکە بە باش و پیرۆز دەزانێت و داوایان لێ دەکات هەفتەی داهاتووش دووبارە کۆببنەوە. لە ڕۆژی ٢٨ی ئەپریل دووبارە کۆ دەبنەوە و داوا دەکەن مەبەست و بنچینەکانی ڕێکخراوەکەیان دیار و سنووردار بکەن و ناوی دەنێن (یەکەتیی قەڵەمەکان) کە تێیدا جوبران و ئیلیا ئەبی مازی و میخائیل نەعیمە و عەبدولمسیح حەدادی خاوەن کۆواری (السایح) و چەند کەسی تریشی تێدا بووە، کۆشش دەکەن دەق و بەرهەمەکانی ئەندامەکان و نووسەرانی تریش بڵاوبکەنەوە و هانی وەرگێڕانی دەقە جیهانییەکان بدەن بۆ سەر زمانی عەرەبی، ئەوانە و چەند هیوا و بەرنامەی تریشیان هەبووە، جوبران دەبێتە سەرۆکی ڕێکخراوەکە و میخائیل نەعیمەش سکرتێرەکەی دەبێت. هەتا مردنی جوبران ئەندامانی ڕێکخراوەکە ماوەماوە کۆ دەبنەوە، ئەندامەکانیش وتارەکانیان لە کۆواری ئەلسایح بڵاودەکەنەوە و ساڵانەش ژمارەیەک تەرخان دەکەن بۆ دەقی هەڵبژاردە. ڕێکخراوەکە کارنامە یاخییەکەی دەکاتە هزرێک بۆ گەشەی ئەدەبی عەرەبی، ئەوەش دەبێتە سمبوڵی بەرنامەکەیان... جوبران دەڵێت زمانە عەرەبییەکەمان تا لە قالبە کۆنەکە و کۆیلایەتیی ڕستە ئەدەبییە سادەکان دەربازی نەبێت دواڕۆژی گەشی نابێت، ناشتوانێت بگاتە دیالۆگی ڕاستەقینە لەگەڵ خۆرئاوا و بەوەش شارستانییەتی ئەورۆپایی دەپۆشێت بەبێ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێت.

لە مانگی ئۆگستی ساڵی ١٩٢٠ لە بڵاوکراوەکانی هیلالی قاهیرەدا کۆمەڵە وتارێکی عەرەبیی جوبران کۆدەکەنەوە، کە بریتی بوون لە ٣١ وتار و ناوی دەنێن (العواصف) تێیدا باس لە کەماسییەکانی خۆرهەڵاتییەکان دەکات، کە چۆن خۆیان بە دابونەریتە کۆنە باوەکان گرێ داوە، وەک چەوساوەیەکی سست و لاواز دیارن و داواکاریشە بگەنە ئاستی ئارەزووەکان و شکۆدارییەکان. پاش چەند هەفتەیەک لە دەرچوونی ئەو کتێبە دووەم کتێبی جوبران بە زمانی ئینگلیزی بەناوی (ئەوەی دواتر) دەردەچێت، کە تێیدا بە پێنج نیگاریش کتێبەکە دەڕازێنێتەوە و نووسینەکانیش لەسەر شێوەی پەند و کورتە وتاری جۆشدار بە حیکمەت و سۆفیزم، ئەوەش وەک دەستپێکی کتێبی پێغەمبەرەکە بوو، کە یەکێکە لە شاکارە هەر ناودارەکەی جوبران، کە لە ساڵی

١٩٢٣ بە زمانی ئینگلیزی چاپ بووە، هەر لەو ساڵەدا شەش جار چاپکراوەتەوە و وەرگێڕدراوەتە سەر چەندان زمانی بێگانە و تا ئێستاش یەکێکە لە کتێبە ناودارەکان و ناوی هەر گەشە.

کە سەرقاڵی نووسینی کتێبی پێغەمبەرەکە دەبێت، تەندروستیی دەشێوێ، ئەگەرچی لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەگەڕێتەوە ناو سرووشتیش بەڵام دادی نادات و لە بۆستن لەلای ماریانای خوشکی دەمینێتەوە، تاکە هیوایشی لە ژیاندا ئەوە بووە، کە دەستنووسەکەی تەواو بکات و بگەڕێتەوە زێدی خۆی، بەڵام هیوای گەڕانەوەکەی ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبێتەوە، ئەویش کێشەی قەرزەکانی باوکی بووە کە خەڵکەکە داوای دەکەنەوە، لەو بنەماڵەیەش تەنیا ماریانا و جوبران مابوون، بۆیە نەکرا بگەڕێتەوە زێدی خۆی.

### پێغەمبەرەکە شاکارەکەی جوبران

لەساڵی ١٩٢٣ یەکێک لە شاکارەکانی جوبران بەناوی پێغەمبەرەکە بڵاو دەبێتەوە، ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٩٦ تەنیا لەناو ئەمەریکادا نۆ ملیۆن دانەی لێ دەفرۆشرێت، کتێبەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زۆرتر لە چل زمان و بەسینگی فرەوانەوە خەڵکێکی زۆر دەیخوێننەوە و دەبینرێت. لە شێستەکانی سەدەی ڕابردوودا بزاڤە خوێندکارییەکان و هیپییەکانیش ئەو کتێبە پەسەند دەکەن و بەبێ دوودڵی وەریدەگرن کە تێیدا وتبووی:

مناڵەکانتان چیتر مناڵی ئێوە نین، ئەوانە کوڕ و کیژانی ئەو ژیانەن کە شەیدایانن.

لە لێدوانێکی مانگانەی خۆییدا سەرۆکی ئەمەریکایی جۆن ف. کندی پرسیارەکەی جوبران دەکاتەوە کە وتبووی:

تۆ کەسێکی سیاسەتوانی باشی و بپرسە وڵاتەکە چیت بۆ دەکات... یان سیاسەتوانە بەشەوکەتە خوێنگەرمەکە... ئەوەی پرسیار لە خۆی دەکات دەتوانی چ بۆ وڵاتەکەت بکەی؟

ئەو ڕەگ و بنچینەی هزری ئەو کتێبەی لە مناڵییەوە پێ بووە، بەر لە دەستپێکردن بە نووسینی، ناوی کتێبەکەی چوار جار گۆڕیوە. لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٨ بۆ ژنە نووسەر مەی زیادە نووسیویەتی، کەوا ئەو بەر لە نووسینی پێغەمبەرەکە زۆرتر لە هەزار ساڵە بیری لەو بابەتە کردووەتەوە...

ئەو لەساڵی ١٩١٩ هەتا ساڵی ١٩٢٣ هەموو کاتەکانی بۆ ئەو کارە تەرخان دەکات و ئەوەش بە ژیان و لەدایکبوونی دووەمی دەزانێت. لە پاکنووسی کتێبەکەشدا ماری یارمەتیی جوبرانی داوە. کە لەساڵی ١٩٢٣ هەست دەکا کارەکەی تەواو بووە یەکسەر کتێبەکە بەرەو چاپ ڕەوانە دەکەن و لە مانگی ئۆگست چاپ دەکرێت و بڵاو دەبێتەوە.

پێغەمبەرەکە لە شێواز و دارشتن و سۆزداریی ڕستەکانی لە کتێبی پیرۆز و ئینجیلەکان نێزیکە، کتێبەکە تژییە لە دیمەنی ئاماژەکەر و ڕستەی پرسیارکەر بەتایبەتی کە لەسەر هزرەکان دڵنیایی دەڵێتەوە، (کێ دەتوانێت ئیمانەکەی لە کارەکانی جیابکاتەوە و هەڵوێستەکەی لە پیشەکەی، کێ دەتوانێت؟)، (ترس نەک بەس پێویستە بەڵکو ترس خودی پێویستییەکەیە؟).

دەکرێ نێزیکبوونەوە و بەراوردییەک لەنێوان پێغەمبەرەکەی جوبران خەلیل جوبران و "زەردەشت وای گوت"ی نیشتەدا بکەین، دیارە کەوا جوبران کتێبی بیرمەندە ئەڵمانەکەی خوێندیتەوە و ڕێز و ستایشی بۆ هەبووە، لەو دوو کتێبەدا هەردوو نووسەر حەکیمێکیان کردووە بە حیکایەتخوانی گێڕانەوە و زمانی بابەتەکەیان، هەردووکیان بابەتەکانیان لەیەک نێزیکن، لەوانە پرۆسەی هاوسەرگیری، منداڵ، هاوڕێیەتی، ئازادی، مردن و... هەروەها لەو دوو کتێبەدا دیمەنی هاوسۆز هەیە، وەک تیروکەوان و کەسی سەرگەردان و... ئەوە و لە نووسینەکانی نیتشە ڕەمز و سومبل زۆرە و زلکردن و ڕەوانبێژیی زۆری تێدایە، بەڵام کتێبی پێغەمبەرەکە بەسادەیی و شکۆ و هەناسەیەکی خۆرهەڵاتیی دوور لە لاوازی نووسراوە. نیتشە زۆرتر بەرەو شیکردنەوەی فەلسەفە ڕۆیشتووە و جوبرانیش مەبەستەکانی بەسادەیی باسکردووە. کتێبی پێغەمبەرەکە بریتییە لە گەشبینی و هیوا و بە شێوازێکی هەستیارانە نووسراوە و دارشتنەکەشی نەرم و خۆشە، جوبران لەو کتێبەدا نامەیەکی ڕۆحی بانگ دەدات و داوای کردنەوەی خود و ئەو شوێنانە دەکات کە قووڵاییی ژیان تینوویانە. لە کتێبی پێغەمبەرەکەدا، جوبران پەیامەکەی چییە و دەیەوێ چیمان پێ بڵێت، حەکیمەکەی چیمان بۆ دەگێڕێتەوە؟ کە ژنە زۆرزانەکە (مەترە) لەسەر موحیبەت داوای ڕێنوێنیی لێ دەکات، ئەو بەو ژنەی وتووە:

موحیبەت تەنیا دەتوانێت خودی خۆت پێشکێش بکات و بەس، هەروەها دەتوانیت تەنیا خۆشی وەربگرێتەوە، موحیبەت هیچی پێ نییە، نایەوێت ببێتە موڵکی کەسیش، چونکە موحیبەت لەناو خودی موحیبەتە. کە ژنەکە پرسیاری لەسەر هاوسەرگیری لێ دەکات، حەکیمەکە وتوویەتی:

> ئێوە بەیەکەوە لەدایکبوون، هەمیشە بەیەکەوەش دەمێنێنەوە. کە باڵە سپییەکانی مردنیش هەردووکتان دەبات هەر بەیەکەوە دەبن... یەکترتان خۆش بوێت، موحیبەت بە کۆت و بەندەکان گرێ مەدەن، بەیەکەوە بوەستن بەڵام زۆر لەیەک نێزیک نەبن: چونکە ستوونی هەیکەلەکە بەیەکەوە نەبەستراون و دوورن لەیەک، داری سندیان و سەرووش لەبەر سێبەری یەکتر ناژین و نما ناکەن، دەبێ لەیەک دوور بن.

ئەو لەسەر منداڵ و وەچەکان، وتوویەتی:

> منداڵەکان منداڵی ئێوە نین. ئەو کوڕ و کیژانە ئارەزووی خۆیان دەکەن، ئەوانە بە ئێوەیەوە دێنە ناو کۆڕی ژیان و، ئینجا ئەوان لە ئێوەش نین. ئەگەرچی لەناو ئێوەدا دەژین و نابنە موڵکی ئێوەش.

هەواڵنامەی کتێب

لەسەر کارکردنیش ئەو وتوویەتی:

ئەگەر وترابێت کەوا کارکردن لەعنەت و موسیبەت و نسکۆیە. بەڵام من دەڵێم کار بکەن و خەونە دوورەکەی سەر زەوی جێبەجێ بکەن، بە ئیشکردن دڵتان بەرەو موحیبەتی ژیان دەکرێتەوە...

جوبران لەساڵی ١٩٣١ لەسەر کتێبی پێغەمبەرەکە وتوویەتی:

ئەو کتێبە گچکەیە هەموو ژیانی منی داگیرکردبوو، من لە دەربڕینی وشە و دەستەواژەکاندا دەمویست بەدروستی حەقی تەواوی خۆیان پێ بدەم. دیارە کەوا ماندووبونەکەی بەفیڕۆ نەچووە، پاش حەفتا ساڵ لە مردنەکەی هێشتا ملیۆنان کەس لەو جیهانەدا کتێبەکەی لە باوەش دەگرن و دەیخوێننەوە. جوبران پێوەندیی پتەوی بە ماری هاسکال دەمێنێت، بەردەوامیش نامەی بۆ ژنە نووسەر مەی زیادە نووسیوە، لەساڵی ١٩١٢ ژنەکە بۆ هاوسۆزی بە کتێبەکەی باڵە شکاوەکاندا بۆی نووسیوە و هەتا مردنی جوبرانیش نامەیان بۆ یەک نووسیوە، ئەگەرچی هەرگیز دیمانەیان نەبووە و یەکتریان نەدیوە.

## مردنی جوبران

جبران تەندروستیی خراپ دەبێت تا ڕۆژێکیان دەرگەوانەکە بەژانەوە دەیبینێت و لە ڕۆژی ١٠ی مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٣١ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی نیویۆرک بەنەخۆشیی کانسەر دەمرێت، پاش سێ ڕۆژ تەرمەکەی دەبەنە گۆڕستانی مونت بنیدیکت و لەتەنیشت دایک و خوشکەکەی و براکەی ئەوەی لە باوکی نەبوو دەنێژرێت و لە شارەکانی نیویۆرک و بیونیس ئایرس و ساوپاولو و لەو شارانەی ڕەوەندی لبنانی هەبووبێت پرسەی بۆ دادەنێن. پاش ئەوەی ڕەزامەندیی ماریانای خوشکی وەردەگرن لە ٢٣ی مانگی یولیۆدا تەرمەکەی دەگوازنەوە زێدی خۆی لە لبنان، لە بەیرووت بە پێشوازییەکی شکۆدار تەرمەکەی وەردەگرنەوە و بەرەسمی پێشوازیی دەکەن، پاش ئاهەنگێکی کورت و بەئامادەبوونی سەرۆکی دەوڵەت تەرمەکەی دەبەنەوە گوندی بوشری، لەگەڵ زەنگی کڵێسەکەی ئەوێندەرێ دەنێژرێ.

لەسەر گۆڕەکەی ئەم چەند وشەیە نووسراون، کە خۆی داوای کردبوو:

منیش وەک ئێوە زیندووم، من ئێستا وا لەتەنیشتتان وەستاوم، چاوەکانتان دابخەن، سەیری نێزیکی خۆتان بکەن، لە چواردەورەتاندا من بەئاسانی دەبینن...

ماریانای خوشکی لەگەڵ ڕاهیبەکانی کەرمەلی دانوستان دەکات و دێری مار سەرکیسیان لێ دەکڕێت، کە تەرمەکەی تێدا بووە و تا ئێستاش دێرەکە بوویتە مۆزە و هەواری گەشتیاران و سەر

هەواڵنامەی کتێب

له مـەزارەکـەی دەدەن. لەگـەڵ مـەزارەکـەی لەنـاو لبنان مـۆزەیەک بۆ جـوبران هـەیە و گۆڕەپانـێکی لەناوەڕاسـتـی بەیرووت لەسـاڵی ٢٠٠٠دا بـەناوکـراوە و چەندان شـوێن و پەیکەر و دیواربـەندی بۆ کـراوە، هـەمـووش بۆ یادی ئەوە، لـە ئەمـەریکاش یادیان کـردووەتەوە و دیـواربەندی لە بـۆسـتن و لە واشنتـۆن هـەیە. لە چەندان مۆزەی ئەمـەریکایی تابلۆکانـی ئەو دانراون، ڕەوەندی لبنانی لە بەرازیل مەڵبەندێکی ڕۆشنبیرییان بەناوی جوبران کردووەتەوە.

بەرهـەمەکانی جوبران خەلیل جوبران:

نووسینەکانی بە زمانی عەرەبی:

ڕۆحە یاخییەکان ١٩٠٨

باڵە شکاوەکان ١٩١٢

ئەسرین و زەردەخەنە ١٩١٤

کەژاوەکان ١٩١٨

نووسینەکانی بە زمانی ئینگلیزی:

شێتەکە ١٩١٨

ئەوی دواتر ١٩٢٠

لم و کەرە ١٩٢٦

یەسوعی کوڕەکەی مرۆڤ ١٩٢٨

خوداکەی سەرزەوی ١٩٣٨

سەرگەردانەکە ١٩٢٣

باخچەی پێغەمبەرەکە ١٩٣٣

هەولنامەی کتێب

* سـامی الفـقی بـۆ ڕۆژنامـەی الاتحـادی ئیمـاراتی ئەو وتارەی ئامـادەی کـردووە و لەو سـەرچاوانە سـوودی وەرگرتووە:

http://www.arabworldbooks.com/authors/gibran.htm

ترجمة: محمد الدنيا "خليل جبران، مؤلف النبي"، بالفرنسية، تأليف ألكسندر نجار، دار نشر "بيغماليون"/ باريس – فرنسا، أيلول/سبتمبر ٢٠٠٢ (الكتاب غير معرب)

Khalil Gibran, L`auteur du prohète, par Alexandre Najjar, Edition Pygmalion, Paris, septembre 2002

# ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان

ئەنیس مەنسوور

## بەشی سێیەم

هەواڵنامەی کتێب

### هاوسەری حەزرەتی لووت بوو بە پەیکەرێکی خوێ

بچۆ بۆ مۆزەخانەی میسری لە قاهیرە –٩٩,٩ ٪ی خەڵکی میسر ئەوەیان نەکردووە– بە ژمارە ٦٣٤٧ەوە پارچە تەختەیەک دەبینی ٣٩ گرامە، ئەم پارچە تەختەیەش پەنجا ساڵ لە ژێر شووشەدا ماوەتەوە، خەڵکەکە بەوەی کە مەل–ە تەماشایان دەکرد. کە ساڵی ١٨٩٨ یەک لە شوێنەوارناسان لە گۆڕستانی سەقارە–دا دۆزییەوە. تا شوێنەوارناسێکی میسری هات کە ناوی د. خەلیل مەسیحە–یە و دەریخست فڕۆکەیە نەک فڕندە و ئەوەشی دۆزییەوە کە ئەمە یەکەم هەوڵی فڕینە لە مێژوودا، یانیش یەکەم بەڵگەیەکی بەکردەوە هەست پێ کراوی زانستییە کە مرۆ خەون بە فڕینەوە دەبینێ یان فڕۆکە دروست دەکا یانیش دەیەوێ بڵێ ئاواتەخوازم بفڕم.

ئەوانەی کار لە فڕیندا دەکەن سەرنجی ئەوەیان دا کە ڕەهەندەکانی ئەم فڕۆکە دارینە نموونەیین... دوو باڵەکەی، لە چاو تەنی دیکەی فڕۆکەکە، بەم جۆرە لە ٢٣ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٧١دا لیژنەیەک پێکهات لە: هێنری ڕیاز و عەبدولقادر سەلیم کەمال نەجیب بۆ لێکۆڵینەوە لەم مەتەڵە، گەیشتە ئەوەی ئەمە نموونەی فڕۆکەیە نەک فڕندە. ئینجا ئەم نموونەیەی لە ١٢ی یەنایری ١٩٧٢دا لە پیشانگەی نێونەتەوەیی فڕۆکە کۆنەکاندا خستییە بەر چاوان. ئینجا ئەمە هەموو شتێک بوو دوای ئەوە تا پێشەنگانی ئاسمان لەگەڵ د. فارووق ئەلباز–دا هاتن، بە سەرسامی لەبەردەمی ئەم فڕۆکە دارینەدا وەستان، دا هەموو شتێک ئارامتر بێ و فڕۆکە دارینەکە ببێتەوە پارچە تەختەیەکی بێ گیانی پشت جامخانەکان، وەک بڵێی فیرعەونەکان بەر لە هەزاران ساڵ و

.................................................................

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

بەر لە هەموو ئافەریدەکانی خودا هیچ شتێکیان بە شتێک نەکردبێ... ئەم پەرجۆیەش هیچی بۆ نەمایەوە تەنیا ژمارە کۆنەکە و گەردێکی زۆر نەبێ. بەمەش سەرلەنوێ لەسەر ڕووی زەویدا دەینێژینەوە بێ ئەوەی خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بکەین!

بەڵام لە شارستانییە دێرینەکانی کەدا "تۆمارێک" بۆ ڕووداوگەلێک دەبینین لەوەوپێش ڕوویان داوە. ئەم ڕووداوە گەورانەیان لەسەر بەرد، یان لە کتێبە ئاینییەکاندا یانیش لەناو داستانە میللییەکاندا نەقشاندووە...

لە دەقێکی سانسکریتیی کۆندا کە بۆ پێنج هەزار ساڵی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، پێڕستی کتێبێکی هیندی دەبینین دەڵێ:

١) دەزگەیەک بە هێزێکی خۆیی دەجووڵێتەوە وەک بڵێی چۆلەکەیە و لەسەر زەوی و لە ناو ئاو و لە ئاسماندا دەجووڵێ. ئەم دەزگەیە ڕووناکیی سەرسوڕمێنی لێ دەردەچێ وەک بڵێی هەزار خۆرەتاوە. ئاگرگەلێکیشی لێوە دەردەچێ دەڵێی هەزار فڕنە "فڕنی"یە.

٢) دەزگەیەکی دیکە بە درێژایی و پانیی ئاسماندا دەجووڵێتەوە و... بەجارێک دەوەستێ... ئینجا بە ستوونی بۆ سەر زەوی دادەبەزێ.

٣) لە شارێکەوە بۆ شارێک و لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی دیکە دەجووڵێ.

٤) زێوانەکان ناویان لەم دەزگەیە ناوە "ڤیماانا"، چونکە تاقگەگەلێکی لە ئاگر و ڕووناکی و دەنگەدەنگی هەیە... دەنگەکانیشی وەک خوڕەی هەزار ڕووبارە لە دەمی لافاودا.

٥)... ئەمەی خوارەوەش ڕێی چۆنێتیی دروست کردنی ئەم ئامرازەیە.

٦) ئەمانەی خوارەوەش چەند کانزایەکن لەوانەی ئەم دەزگەیەیان پێ دروست کراوە، ژمارەی ئەم کانزایانە ١٦ کانزای پیرۆزن، "ئێمە لەم سەردەمە نوێیەدا جگە لە سێ کانزا هی دیکە نازانین!!".

٧) دەزگەکە نە دەجووڵێ و نە دەسووتێنێ و نە دەشسووتێ.

٨)... ئەمەش ڕێیەکی کاریگەرە بۆ ئەوەی وا لە دەزگەکە بکەین تەواوێک لەبەرچاو بزر بێ..

٩) چۆن دەتوانرێ وێنەی دوژمنێک بگیرێ بێ ئەوەی هەستی پێ بکا بە پشت بەستن بە تیشکی ئەستێرەکان.

١٠) چۆن دەتوانرێ دوژمن بە یەکجاری بێهۆش بکرێ تا وای لێ دێ نەتوانێ جووڵە بکا بۆ ئەوەی هەموو شتێک بکەوێتە بەردەستمان... تاد.

ئەم دەقە باس لە جۆرە کەشتییەکی ئاسمانیی ئێجگار پێشکەوتوو دەکا و... لەبارەی جووڵە و شێوە و هاتنە خوارەوەی و شیانی لەبەرچاو بزربوونییەوە دەدوێ و چۆن دەتوانێ بە شەو لە ناویەوە وێنەی کەشتییە دوژمنەکانی بگرێ و چۆن دەکرێ چەکە کیمیاییەکان بەکار بهێنرێ. ئەم

دەقەش تەمەنی پێنج هەزار ساڵە و ڕووداوگەلێکی تۆمار کردووە بەر لەوە بە دە هەزار ساڵ ڕوویان داوە، چۆن؟

ساڵی ١٩٦٨ ئێریش ڤۆن دینکن-ی نووسەری ئەڵمانی چووەتە هیندستان و چاوی بە ژمارەیەک لە زانایان کەوتووە و لەڕاستیی دەقەکەوە پرسیاری لێیان کردووە و ئایا هیچێک لەو شتانە ڕووی داوە؟ لە کوێ و کەی و چۆن و بۆچی؟ لەبارەی ئەوەوە کە دەقەکە ڕاستە ناکۆکی لەنێو زانایاندا نییە، بەڵام ئەوەی ڕووی داوە چۆن ڕووی داوە؟ و خاوەنانی کەشتییە ئاسمانییەکان کوێوە چوون؟ ئەمەیان تا ئێستا کەس نایزانێ...

لە داستانی بەناوبانگی "مەهابەهاراتا"ی هیندیدا بە ١٦٠ هەزار دێرە شیعرەکەیەوە، تۆمارێک دەخوێنییەوە پێنج هەزار ساڵ لەوەو پێش ڕوویان داوە و باسێکی وردی کەشتیگەلێکی ئاسمانی و ئەوە دەکا کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێین "ئێستگە خولگەییەکان"، واتە ئێستگەگەلێک کە لە دەوری زەوی و لووتکەی چیاکان خولگەگەلێکیان گرتووەتە بەر. لە تبت و پیرۆ و هیندستاندا شوێنی وا هەن لە ڕێڕەوی فڕۆکە دەچن... کە لەبان ئەم لووتکانەدا ڕێیەلێکی خۆشکراو و نیشانەگەلێکی سپی و شوێنی تایەگەلی قووڵی بەناو بەردیا چوو هەیە و لە سەر ئەم لووتکانەشدا -هەروەک لە بەعلبەکی لبناندا- بەردگەلی زل زلی لێیە. کێشی هەریەکەیان سەدان تەنە لە لاپاڵەوە بۆ سەر لووتکەی هەزاران مەتر دوور ناگوازرێنەوە. لە بەعلبەکدا زاناکان لە لێکدانەوەی ئەو ٥٤ ستوونەدا دۆش دامان.. کە تیرەی هەر یەکەیان هەشت پێیە و بەرزییان نەوەت پێیە.. ئەو میچە بەردینەش کە کێشی ١٥٠٠ تەنە، ئینجا شتێکی سەیر لەوناوەدا هەیە... یەک پارچە بەردێکی لێیە هێشتا تەواوێک لە زەوی جودا نەکراوەتەوە و پێویستی بە چل هەزار پیاو هەیە لەجێی خۆی بیجووڵێننەوە کەسیش نازانێ بۆ چییان داتاشیوە و بۆچی دەستیان لە تەواو کردنی هاوردووە... ئەم جۆرە بەردە تەنیا لە ئەسوان نەبێ وێنەی نییە، چۆنیان گواستەوە؟ و بۆچی؟ و کەی؟

بەڵام تاکە لێکدانەوەیەک بۆ ئەم ئەستوندە بەردینانە، زانایانی ڕووس کاتێک لێکۆڵینەوەیەکی وردیان ساڵی ١٩٦٣ بڵاو کردووەتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە بەعلبەک بنکەیەکی هەڵدانی کەشتییە ئاسمانییەکان بووە. دواتریش بنکەکە بۆ مەبەستی دیکەی نازانستی بەکار هێنراوە.

هەر لە شوێنێکی نێزیک لە بەعلبەک و لە خاکی فەلەستیندا، شتێکی پڕ مەترسی ڕووی دا... تەورات و قورئانی پیرۆز باسی ئاسمانیان کردووە و چۆن چەندان گوندی سووتاندووە، کە قورئان بە "موئتەفیکەکان = المؤتفكات" ناویان دەبا و تەوراتیش ناوی سەدووم و عامووره-ی لێیان ناوە، کە تەقینەوەیەکی ئێجگار گەورە ڕووی داوە و هەموو شتێک بووەتە خۆڵەمێش. لووت و خێزانەکەی لە ترسی تیشکی ئەتۆمی هەڵاتوون و چوونەتە ئەشکەوتەکان...

لە کتێبۆکە "ئیسحاح"ی[1] نۆزدەی کتێبی ئەفراندن-ی تەوراتدا دەخوێنینەوە کە: دووان لە پەرییان داوا لە لووت دەکەن: هەڵێ و ژیانت ڕزگاربکە، لە دوای خۆت مەڕوانە.. مەوەستە... هەڵێ

بۆ چیا بۆ ئەوەی لەناو نەچی.. و خودا گۆگرد و ئاگری بەسەر سەدووم و عامووورەدا باراند. هاوسەری لووت بە دواوەیدا ڕوانی و بووە ئەستوونێک لە خوێ!

دەڵێن دەریای مردوو "مەییت" لەو سەردەمانەدا، لە ئەنجامی ئەم تەقینەوە ئەتۆمییە گەورە تۆقێنەرەدا وەک قۆرت دەرکەوتووە. بۆیە ناوی دەریای مردووی لێ نرا بەناوی دەریای لووت-ەوە..

بەڵام زانا ڕووسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە قۆرتەکەی دەریای "مەییت" بەهۆی بەرکەوتنی کەشتییەکی ئاسمانیی زۆر گەورەوە نەبێ هیچی دیکە نییە، ئەم کەشتییەش دەبێ زۆر گەورە بێ... دەبێ ڕێی هەزاران ساڵی تیشکیی بڕیبێ تا گەیشتبێتە هەسارەی زەوی.. هەر دەبێ تێکچوونێکی تووش هاتبێ.. دەبێ ئەم جۆرە ڕووداوانە تووشی کەشتیگەلێکی زۆری دیکە هاتبن و لەسەر هەسارەکانی دیکەشدا.

قورئانی پیرۆز لەبارەی ئەو پەرییانەوە کە هاتوونەتە لای لووت و لەبارەی ئەو گوندە ڕەوشت هەڵوەشاوانەوە هۆشدارییان داوەتێ دەفەرمێ:

"قالوا يا لوط إنا رسل ربك لن يصلوا إليك فأسر بأهلك يقطع من الليل ولا يلتفت منكم أحد إلا امرأتك إنه مصيبها ما أصابهم، إن موعدهم الصبح أليس الصبح بقريب* فلما جاء أمرنا جعلنا عاليها سافلها وأمطرنا عليها حجارة من سجيل منضود".[٢]

واتە: "گوتیان ئەی لووت، ئێمە نێرراوانی خوداتین ناگەنە تۆ لەگەڵ کەسوکارت بەشەو بەڕێ بکەوە و با کەستان ئاوڕ نەداتەوە، تەنیا هاوسەرەکەت بەوەی کە ئەوان تووشی دەبن تووش دەبێ، بەڵێنیان بەیانییە ئایا بەیانی نێزیک نییە؟ کە فەرمانمان هات و سەرەوژێرمان کرد و بەردی گڵمتکی زۆرمان بەسەردا باراند".

هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێ:

"فأخذتهم الصيحة مشرقين* فجعلنا عاليها سافلها وأمطرنا عليهم حجارة من سجيل* إن في ذلك لآيات للمتوسمين".[٣]

هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا هەیە دەفەرمێ:

"ألم يأتهم نبأ الذين من قبلهم قوم نوح وعاد وثمود وقوم إبراهيم وأصحاب مدين والمؤتفكات أتتهم رسلهم بالبينات فما كان الله ليظلمهم ولكن كانوا أنفسهم يظلمون* والمؤمنون والمؤمنات بعضهم أولياء بعض يأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر ويقيمون الصلاة ويؤتون الزكاة ويطيعون الله ورسوله أولئك سيرحمهم الله إن الله عزيز حكيم".[٤]

واتە:

خودا پەندیان بۆ دادەدا و پێیان دەڵێ: ئایا هەواڵی ئەوانەی پێش خۆتانتان پێ نەگەیشتووە کە پێغەمبەرانیان بە درۆ دەخستەوە؟ قەومی نووح و عاد و تەموود و قەومی ئیبراهیم و خاوەنانی

شاری مەدیەن–ی قەومی شوعەیب–ی نێرراوی خودا و قەومی لووت کە بە درۆیان خستەوە و گوندەکانیان بە (سەددووم)ی گەورە دێیانەوە لەناو برد خودا ستەم لە کەس ناکا بەڵام خۆیان ستەمکار بوون. ئەوانەی بڕوادارن چ ژن بێت و چ مێرد، پشتی یەکدین و فەرمان بە چاکە و واز لە بەدکاری هێنان دەکەن و نوێژ دەکەن و زەکاتی سامانیان دەدەن و گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەری دەبن، ئەوانە خودا بەزەیی پێیاندا دێتەوە، خودا بێهاوتایە و هەموو شتێک دەزانێ.

کاتێک سەددووم و عامووره تێداچوون تەنیا لووت و دوو کچەکانی نەبن کەسی دیکە نەما. کچە گچکەکەی لووت ڕوانیی مرۆڤایەتی لەناو دەچێ، مەیی دەرخواردی باوکی دا و، لەگەڵیدا نووست و خوشکە گەورەکەشی بۆ ئەوە هان دا و، دوو کیژەکە لە باوکیان منداڵیان بوو... تا دوایی ئەوەی لە تەوراتدا هەیە. لێکدانەوەی ئەوەی بەسەر لووت و کچەکەی و هاوسەرەکەیدا هات زانراوە... کەسانێکی لاپەڕ دێنە لای و لووت کچەکەی خستە بەردەمیان ڕەتیان کردەوە... وا دیارە هاوسەری لووت هەوڵی ئاشکرا کردنی مێردەکەی دا و چوو سواڵی هەندێک خوێی لە هاوسێکانی کرد، بۆیە دواتر بەوە سزا درا کە بووە پەیکەرێک لە خوێ!

بەڵام لێکدانەوەی زانستیی ئەوە، ئەمەیە کە تەقینەوەکە ئێجگار گەورە بووە و ئەشکەوتەکانیش تاکە پەناگەن لە تیشکە ئەتۆمییەکان.. یان تیشکەکان کە بەری کەوتوون کردوویانەتە بارستاییەکی سپی... کە جیهان بە هەزارانی لەم شێوەیە لە هیرۆشیما و ناگازاکی–دا زانی، هەروەها ئەوەی لە دوورگەکانی پیکنی–دا بوو، لە دوورگەکانی پیکنیدا کە ئەمەریکاییەکان بۆمبە گچکەکەیان تەقاندەوە و لە ناوچەی تیشکدانەوەکەدا نموونەیان لە ئاژەڵ و مەل و خشۆکەکان دانا، هەموو تۆپین و بوونە پەیکەرگەلێکی سپی تەنیا ئاژەڵێک نەبێ کە بەراز بوو، کە بەراز تەنیا ئاژەڵێکە تیشکی ئەتۆمی کاری لێ ناکا.

لەو ڕۆژەوە ئێمە دەزانین ئەگەر جەنگێکی ئەتۆمی بەرپابێ، کەس نابێتە میراتگری زەوی و ئەوەی لەسەریەتی بەراز نەبێ– ئەویەری گاڵتە بە مرۆ کردنە!

داخۆ ئەوەی ٦٩ ساڵ بەر لەئێستا لە سیبریا ڕووی داوە، دووبارەی ئەوەیە لە سەددووم و عامووره ڕووی داوە؟! کە لەو ڕۆژەی یۆنیۆی ساڵی ١٩٠٨دا بیابانە بەستەڵەکەکان بە جارێک ڕووناک کردەوە و پلەی گەرما بە سەتان بەرزبووەوە و درەختەیل و خانووگەل سووتان، ئاژەڵ مردارەوە بوون و ئەو هەورە ڕووناککەرەوەیەی ڕووسیا و خۆرهەڵاتی ئەورووپایە سێ ڕۆژ مایەوە... تەنانەت لە پاریس–یشدا ڕۆژنامەیان بە نیوەشەوان دەخوێندەوە و ڕوانگەکان لە تاشقەندی ئۆزبەکستان و بیەنای ئەڵمانیادا ئەوەیان تۆمار کرد کە شتێکی سەیروسەمەرە زەویی هەژاند و بای جووڵاندەوە، میچەیلی ماڵان و درەختگەلی خستە خوارەوە و پەنجەرە و دەرگەکانی لە گۆڕەپانێکی سەتان هەزار میل دووجادا سووتاند!

زانا ڕووسەکان چەند جارێکی کە خوێندنەوەیان بۆ ڕووداوەکە کردەوە، ئەو درەختانەیان شی

دەکردەوە کە دوای ئەوە بەپەلە دەڕوانەوە و ئەو زەوییەی پیتی پتر بووبووەوە.

ساڵی ١٩٥٩ش شاندێکی ڕووسی لە ئاستێکی بەرزدا بڕیاری ئەوەی دا کە ئەوەی ڕووی داوە شتێکی دیکەیە، ئەوە ڕاست نییە تەنێکی ئاسمانی کەوتووەتە سەر زەوی... کە هیچ شوێنەوارێکی لەسەر زەویدا نییە، بەڵکو ئەوەی ڕووی داوە تەقینەوەیەک بووە لە بەرزیی پێنج کیلۆمەتر لە ڕووی زەوییەوە، ئەمەش تەنیا یەک لێکدانەوەی هەیە و هیچی دی، کەشتییەکی ئاسمانیی زۆر گەورە هاتووەتە ناو بەرگی گازیی گۆی زەوی و پلەی گەرمیی بەرزبووەتەوە و بە تەواوی سووتاوە. هۆیەکەش هەر دەبێ لە تێکچوونەوەیەکەوە بووبێ.

زاناکان هەر بە دوای شوێنەوارەکانی کەشتییەکەدا دەگەڕان، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە. زاناکان بە ئومێدەوە بوون هەندێک پارچە کریستاڵی دەگمەنیان دەست بکەوێ وەک ئەوەی لە بیابانی لیبیا و بیابانی جووبی-دا دۆزراونەتەوە، کە جۆرە شووشەیەکیان دۆزیوەتەوە ناشێ لە کاری گڕکانەکانەوە بێ. بەڵکو شووشەیەکە لەوپەڕی بەهێزیدا و لە پلەیەکی بەرزی ڕوونیدا. بەڵام زانایان ئەم شووشەیەیان نەدیتەوە.

بۆ نموونە ساڵی ١٨٨٩ لە نیوە دوورگەی باکووسان-ی مەکسیک جۆرە شووشەیەکی ڕەنگاوڕەنگیان دۆزیوەتەوە، کە شارستانیی مایای کۆنی لێ ژیاوە... ئەو شارستانییەی تەماتە و کاکاو و ڤانێللا و تووتن و گەنمەشامی-ی بە دیاری داوەتە جیهان، کە جموجووڵەکانی خۆر و مانگ و هەسارەکانی دیکەی چاودێری کردووە و ئاماژەی بەوەش کردووە کە شارستانییەکی گەورەتریش هەیە کە شارستانیی فیرعەونییە... کە یەک لە زانا ئیسپانییەکان نەقشێکی سەیری لە یەک لە پەرستگەکاندا دیتەوە. ئەم نەقشە بریتییە لە وێنەیەک لە ئاسمانەوەی ناوچەی هەرەمەکانی جیزە. بەشیکردنەوەی ئەم نەقشەش زانایان سەلماندیان کە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥ سەدە. چۆن؟

لە هەموو جیهانیشدا و لە کتێبە کۆنەکانیدا هەزاران بەڵگە هەن کە شتێکی زۆر گەورە ڕووی داوە و هەموو جیهانی گرتووەتەوە و لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا پتر لە شارستانییەک ژیاوە، پەیدا بووە و گەشەی سەندووە و لەناوچووە و... ژیان سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە.

ئەوەی کتێبە پیرۆزەکان و کتێبە کۆنەکان دەیگێڕنەوە کە ژیان بە ئادەم دەستی پێ کردووە و.. ئینجا تووفان ڕووی داوە و خەڵک لە ناو چوون و ژیان بە نووح دەستی پێ کردەوە.. ئینجا جیهان لەناوچوو و... ئینجا ژیان بە لووت دەستی بە ڕێ کردن کردەوە... هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی هێمایی بەڵگەی ئەوەن کە ڕووی داوە...

ئینجا پەیدا بوونی نەقشەیل و پەیکەرگەل و هاتنە خوارەوەی بوونەوەرانێک لە ئاسمانەوە: پەری یان جنۆکە و عیفریت و شەیتانەکان و باڵابەرزان و بەهێزەکان، هەموو ئەوانە بەڵگەی ئەوەن ئافەریدە لە هەسارەکانی دیکەوە هاتوون و گەڕاونەتەوەش. ئیدی داخۆ ڕاستە هەموویان

گەڕاونەتەوە؟! ئەمە دۆزێکی دیکەیە وەک لەمەودوا دەبینین.. ئەگەر ویستیشمان ژمارەی ئەو مەتەڵانە بژمێرین کە زانایانیان سەرسام کردووە لەلاپەڕەکاندا جێیان نابێتەوە... بەڵام دەکرێ ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەین و هەندێکیشیان بە پەلە بەجێ بهێڵین وبە دوای شتی گرینگتردا بگەڕێین.

بۆ نموونە: شوێنەوارناسان بەردێکیان دۆزیوەتەوە وێنەی خانمێکی لەسەر نەقش کراوە، کراس و سووتیانی لەبەرە و شەپقەی لەسەرە لەبەرە لە نێزیک ڤیەنناوە – تەمەنی ئەم بەردە بیست هەزار ساڵە!

بۆ نموونە: لە ڕۆژگاری شا لویسی پانزدەهەمدا کتێبەکان پێمان دەڵێن پیاوێک لەبەردەمی شادا ڕایگەیاند دەتوانێ شارێک بەتەواوی بتەقێنێتەوە و داوای لە شا کرد نموونەیەکی ئەم "بۆمبا ئەتۆمی"یەی پیشان بدا و... پێیشی گوت ئەوەی لەسەرماڵێک تاقی کردووەتەوە، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ بووە خۆڵەمێش. ئەم پیاوە شا تیرۆری کرد و لە ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە نهێنییەکەی لەگەڵدا مرد!

بۆ نموونە: لە سەدەی شانزەهەمدا سەرکردەیەکی دەریایی "قوپتان" کە ناوی "پیری ڕەییس" بووە نەخشەیەکی جێ هێشتووە وەک دەڵێ لە نەخشەگەلێکی پورتوگالییەکانی گواستووەتەوە کە لە نەخشەیەکی کریستۆف کۆلۆمبس گواستراوەتەوە. ئەم نەخشەیە لە مووزەخانەی "تۆپ قاپی"ی ئەستەمبووڵدایە.

نەخشەکە دەریای سوور و خۆراوای ئەفریقیا دەنوێنێ.. ئەوەی لەمە سەمەرەترە ئەوەیە تەوەری باشووری نەخشە کێشاوە.

زانایانی شوێنەوارناسی و زانایانی ئاسمانی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەم نەخشەیە بەڕادەیەک زۆر وردە کە هەرگیز ناشێ بە دەست کرابێ... بەڵکو لە ئاسمانەوە کێشراوە. چۆن؟!

بۆ نموونە شا سولەیمان ٢٤ بەربەست کەرەوەی هەورەتریشقە "مانعە الصواعق"ی لەسەر پەرستگە دادەنا –واتە ئەو تەلە کانزاییانەی لە بەرزایی تەلارەکان و فڕۆکەکاندا دادەنرێن بۆ هەڵمژینی هەورەتریشقە کارەباییەکان... ئەو ئەندازیارانە لە ٢٩ سەدەوە ئەوەیان چۆن زانی؟ لەکاتێکدا بنیامین فرانکلن–ی زانای ئەمەریکایی ئەم هەورەتریشقانەی تەنیا لە سەت ساڵێکەوە دۆزیوەتەوە!

بۆ نموونە: لە شاری مەدرای–ی هیندستاندا ستوونێکیان لە خاچ دۆزیوەتەوە... بە لێکۆڵینەوە لە ستوونەکە زانایان گەیشتنە ئەوەی ئەم تەنە کانزایە ئەگەر لە پلەی گەرمیی ٥٠٠ پلەی سەدیدا نەبێ هەرگیز دروست ناکرێ... تەمەنی ئەم تەنە کانزایە دەگەڕێتەوە بۆ بیست هەزار ساڵ لەمەوبەر!

هەروەها لەمانەش سەیروسەمەرەتر هەیە شایەنی بیر لێ کردنەوەن– وەک لەمەودوا دەبینین!

## نە یەکەم کەسین لەسەر زەویدا نە تەنیاشین لە گەردووندا

نوێترین کتێب دەرچووبێ لەبارەی ئەوانەوە کە لێرە بوون و گەڕاونەتەوە شوێنێک لە شوێنەکانی ئاسمان، ئەوەیانە کە د. فارووق ئەلباز–ی ئاسماناس ناردوویەتی... کتێبەکە عەنتیکەیەکی ئەدەبی و زانستییە پێکەوە. ناونیشانی کتێبەکە بەم جۆرەیە: "ئێمە نە تەنیاین و نە یەکەم کەسین" لەدانانی ئەلفرێد دریک–ە... ئەم کتێبەش لە شێوەی گفتوگۆدایە لە نێو ژمارەیەک لە زانایانی ئەتۆم و ئاسمان و جیۆلۆجیا و زانستە مرۆییەکان و شوێنەوار و ئەدەب–دا. بابەتەکەش ئەمەیە: لە دەیان هەزار ساڵەوە لەسەر زەویدا ڕێک چی ڕووی داوە؟ داخۆ ئەمەی ڕووی داوە دووبارە ڕوودەداتەوە؟ ئەدی چەند جار کارەسات ئەم زەوییەی گرتووەتەوە و هەموو شتێکی تێکوپێک داوە؟ پرسیارێکی گرینگیش: ئەم لێکۆڵینەوەیە ئێستاکە چ سوودێکی هەیە؟ دوایی ئەگەر بزانین ژمارەی دانیشتووانی سەرزەوی بەر لە بیست سەدە، ٢٥٠ ملیۆن بووە و ژمارەیان لە شەش هەزار ساڵەوە یەک ملیۆن بووە، ئایا ئەرکی سەر شانمان نییە بپرسین ژمارەی دانیشتووانی زەوی چۆن بوون بە یەک ملیۆن؟ داخۆ بۆ نموونە ڕۆژێک لە ڕۆژان ژمارەیان دوو کەس بووە؟ باشە ئەدی ئەم دووانە لەکوێوە هاتوون؟ ئەی داخۆ دانیشتووانی زەوی دەبنەوە تەنیا دوو کەس؟

لەم کتێبەدا بڕێکی ئێجگار زۆر لە زانیاریی مێژوویی و فەلەکی هەیە، ناکرێ بخرێنە ڕوو یان کورت بکرێنەوە، ئینجا زۆربەی قسەکەرەکان لە زانا پسپۆرەکانن، دانەر توانیویەتی خوانێکی گەورەیان لە چیرۆک و نەقش و دەستنووسیان بخاتە بەردەست کە لە ماوەی چل ساڵدا کۆی کردوونەتەوە... بۆیە کتێبەکەی بووەتە بانگهێشتێک بۆ یەک گەدە زەحمەتە بەرگەی بگرێ... بەڵام ئەوەی یارمەتیی بەرگەگرتنی کردووە، شێوەی گفتوگۆی وەرگرتووە، هەروەها توانستێکی زۆری هەیە بۆ سادە کردن و جارجار بۆ بەپێکەنین هێنانیش.

دانیشتنی یەکەم:

پرسیار: ئێمە شتێلێکی سەیرمان لە شوێنگەلێکی جوداجودای جیهاندا دۆزیوەتەوە... ئەوەی جێی سەرسوڕمانیش بێ ئەوەیە هەموویان لەیەک دەچن...

بۆ نموونە دۆزینەوەی دەرزییەکی زێڕین لە باکوری ئینگلتەرا چۆن لێک دەدەینەوە؟ هەروەها دەرزییەکی زێڕینی هەر وەک ئەو لە ناوەڕاستی ئەفریقیا بدۆزینەوە؟ ئەم دەرزییە زێڕینە ناکرێ ئەم شێوە هونەرییە وەربگرێ مەگەر لە پلەیەکی گەرمای دابنێن بگاتە هەزار پلەی سەدی... ئینجا پێویست چییە بۆ دروست کردنی ئەم دەرزییە؟

وەڵام: ئەم دەرزییە زێڕینە، هەروەها ستوونەکانی لەخاچدان و ئەو تۆڕە پلاتینانەی لە پیرۆ و مەکسیک دۆزیویانەتەوە، پێویستیان بە فڕنیی سەدی هەیە، پلەکانی بگاتە هەزاران... نێزیکترین ڕێتێچوونیش ئەوەیە ئەم تەنە کانزاییانە پاشماوەی ئامێری وردی کۆن بن و تێکشکاون یانیش لە

زگی زەویدا یان لە دەریادا بزر بوون... یانیش بەر زەوی کـــەوتن یان بە بەرگی گـــازیی زەوی کردبێتیانە وردیلە.

پرسیار: پارچە شووشەی کریستاڵی ڕەنگاوڕەنگ هەیە شوێنەوارناسان لە شوێنی جیاجیای جیهاندا دۆزیویاننەوە.. لە ڕووسیا و بیابانی جووبی و.. لە چیاکانی تبت. ئەم کریستاڵانە سروشتی نین، دەستکردن.. هەر دەبێ بەشێک بووبن لە تەنگەلێک یان کەشتیگەلی ئاسمانی... دەڵێم بێگومان کە لە پلەیەکی گەرمیی زۆر بەرزمان دانا کاری لێ ناکا... ناشبێ ئەم کریستاڵە ئاسایی بێ... بەڵکو سەرنجی ئەوەمان داوە کریستاڵەکە زۆر ئەستوورە... دەبێ چەندانی ئەوندەش بووبێ... هەندێک لە زانایانیش وای بۆ دەچن کە ئەم کریستاڵانە کەشتیی ژێردەریاییی کۆنیان لێ دروست کردووە.. هەروەها خانوویان لێ دروست کراوە... هەروەها خوێندوومەتەوە کە زانایەکی فەڕەنسایی دەڵێ ئەم کریستاڵانە کەشتیی ژێردەریاییی کۆنیان لێ دروست کراوە... کە چووەتە بنی ئۆقیانووسەکان جۆرە کریستاڵێکی پەرت و بڵاویان دیوە... بە دووریش نازانرێ ئەم کریستاڵانە پاشماوەی خانووی بن دەریا، یان کەشتی یان ژێدەریایی بوونەوە و ماونەتەوە... ئەم کریستاڵانە بۆ سی هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە.

وەڵام: لەوانەیە ئەمە شیاو بێ... بەڵام مەتەڵێکی دیکە لەبەردەمی زاناکاندا جێگیر بوو، کە لە بیابانی چیللی-دا... جامی کاتژمێرێکیان دیتەوە... ئەم جامەش ئەستوورییەکەی نیو میللیمەترە.. لەوپەڕی ڕوونیدایە (ئاوییە).. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لە شکان نایە... و ئەم جامەش دەگەڕێتەوە بۆ بیست هەزار ساڵ... بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە شووشە و جامە تەنک و زۆر ئەستوورە پێشکەوتووانە لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا و بە درێژایی دەیان هەزار ساڵ جەخت لەسەر یەک ڕاستی دەکا ئەویش: شارستانییەک یان پتر لە شارستانییەکی پێشکەوتوو گەشەیان کردووە و ئینجا لەناو چوون بەهۆگەلێکەوە کە لامان ڕوون نییە... لەهەموو ئەمانەش گرینگتر ئەوەیە، ئەم شارستانییە هەموو کیشوەرەکانی گرتووەتەوە و هۆیەکانی پێوەندی کردن لە نێوان کیشوەرەکاندا لەوەی ئێستا ئاسانتر بووە!

دانیشتنی دووەم:

پرسیار: دەبێ لە واتەی ئەم هەموو نەقشانە بپرسین کە لەسەر بەرد و ئەشکەوتەکاندان... کێ ڕووداوەکانی تۆمار کرد؟ داخۆ هەر میوانەکان بە خۆیانن، واتە ئەوانەن کە لە ئەستێرەکانی دیکەوە هاتوون؟ یان دانیشتووانی ئەم زەوییەن ڕووداوەکانیان تۆمار کردووە؟ مەتەڵێکی ئاڵۆزمان لەبەردەمدایە: ئەوانەی لە شەش هەزار ساڵەوە لەسەر ئەم زەوییە دانیشتوون چۆن توانییان وێنەی گیانلەبەرانێک بکێشن لە ملیۆنان ساڵەوە لەناوچوون؟ ئەمانەیان چۆن زانی؟ کێ ئەمانەی پیشان دان؟ ئینجا بۆچی؟

پرسیارێکی کە: مەتەڵێکی دیکەمان لەپێشە، زاناکان ساڵی ١٩٣٣ لە نێزیک پەکین-ەوە،

کاسەسەری سێ کەسیان دۆزیوەتەوە: کاسەسەری پیاوێکی ئەوروپاییی سپی... و کاسەسەری خانمێکی "هیندی" و کاسەسەری لاوێکی ئەسکیمۆ... تەمەنی ئەم کاسەسەرانەش دەگەڕێتەوە بۆ بیست هەزار ساڵ لەمەوبەر... چی ئەمانەی لەم شوێنەدا کۆکردەوە؟ و بۆچی؟ چۆن هاتن؟ چۆن گوازرانەوە؟ چی بەسەر ئەمانە و سەتان هەزاری دیکەدا هات؟

هەروەها زاناکان لە شاری ئەریحا لە فەلەستین کاسەسەری پیاوێکی فیرعەونییان دۆزیوەتەوە... کاسەسەرەکە مۆمیا کراوە.. پیاوەکەش پێچەوانەی ئاسایی بالابەرز بووە... بەڵام شێوەی بەمۆمیاکردنەکە بۆی سەلماندووین فیرعەونییە.. ئینجا ئەو نەقشانەی لەسەر داردەستەکەیاندا دۆزییەوە "هیرۆغلیفی"یە، داردەستەکەش لە دانی سپیی فیلە. ئەوەی سەیریشە لەم فیرعەونییە، یان لەم میسرییە کۆنەدا ئەوەیە کە شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیاوە... ئەی چی گەیاندیە ئێرە؟ هەروەها تاکە کاسەسەرێکی فیرعەونییشە لە نێو سەتان کاسەسەری دیکەدا دۆزراوەتەوە... لە هەموو ئەمانەش سەیرتر.. ئەوەیە لە کاسەسەری ئەم فیرعەونییەدا بزمارێکی پلاتینیان دۆزیوەتەوە.. پلاتینەکە چۆن دەرهێنراوە؟ دەرکردن و خاوێن کردنەوەکەی پێویستی بە هەزاران پلەی گەرمای سەتی هەیە.

دانیشتنی سێیەم:

پرسیار: زاناکان بایەخیان بەو نەقشانە داوە کە لە ئەشکەوتەکانی تسیللی-ی لیبیادا دۆزیویاننەوە و لە ئەشکەوتگەلێکی دیکەی نێزیکی ڤیەننا... و ئەشکەوتەیلێکی تەنزانیا... هەروەها لە ئەشکەوتێلێکی ئایسلاندەی بەستەڵەکدا کە ڕەنگەکانیان ڕێشکەوپێشکە بە چاو دەکەن... زاناکان ئەوەیان لەم نەقشانەوە هەڵێنجا کە ئەمانە هی چەند گەشتیارێکی ئاسمانین و دەمامکیان کردووە... ئەم دەمامکانە بۆ خۆ پاراستنە لە گازە ژەهراوییەکان.. و بۆ پاراستنیان لە کەشی زەوی یان بۆ پێویستییان بە ئۆکسجین ئەگەر لەسەر ئەستێرەکانی دی دابەزین... بەڵام ئەوەی زانایانی کیمیا زۆر درەنگ پێی گەیشتن ئەوەیە کە ئەو ماددانەی لەم ڕەنگانەدا بەکار هێنراون تایبەتمەندیی تیشکبەخشینی بەهێزیان هەیە... بە شیکردنەوەی ئەم ماددانەش بینییان تەمەنیان بۆ بیست یان سی هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە... زانایانی کیمیا دەگەنە ئەوەی هۆی هەڵبژاردنی ئەم ڕەنگانە ئەوەیە کە هەر کەسێک دەکوژێ بچێتە ناو ئەم ئەشکەوتانە... ئەمەش دەمانخاتە بەردەم چەند پرسیارێک: ئەم ماددە بکوژانەیان چۆن دروست کرد و لەهەمان کاتدا گەیشتنە هۆگەلێک بیانپارێزن لێیان؟ بەڵام بۆچی بکوژیان دروست کردن؟ پرسیارێکی گرینگی دیکەش: داخۆ ناکرێ "نەفرەتی فیرعەونەکان" لێک بدەینەوە، کە فیرعەونەکان لەم جۆرە ماددە تیشکدەرانەیان لە گۆڕی شاکانیاندا یان لەسەر تابووتەکانیاندا بەکارهێناوە.. بۆئەوەی ئەگەر دزێک یان شوێنەوارناسێک دەستی لێ دا بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕووبەڕووی مردن ببێتەوە؟

نووسەرێکی لاوی ئەڵمانی ناوی "ڤاندنبرگ"ە، کتێبێکی بە ناونیشانی "نەفرەتی فیرعەونەکان"ەوە

هەو ئاڵنامەی کتێب

داناوە. گەیشتە ئەم لێکدانەوەیەی... بەڵکو بۆ ئەوە چوو بە دووری نازانێ فیرعەونەکان ماددەی وایان دانابێ کە گەرمای کەشی بەرکەوت بتاوێنەوە و هەڵمی ژاراوییان لێ بەرزبێتەوە...

دانیشتنی چوارەم:

پرسیار: یۆنگ–ی زانای مەزنی دەروونزان، هەوڵی داوە جەختمان لەسەر ئەوە بۆ بکا ئەو کەشتییە ئاسمانی و دەورییە فڕندانەی بە زۆری ساڵی ١٩٤٧ و دواتر دەرکەوتن و ساڵی ١٩٥٢ گەیشتنە پتر لە هەزار دەوریی فڕندە، هەموو ئەوانە هەڵە و وڕێنە بوون... بەڵام ئێستا ئەوەی زانستانە جەختی لەسەر دەکرێ ئەوەیە ئەمانە دیاردەی زانستیی ڕاستەقینەن... بەڵام لە توانستماندا نییە دەورییەکی فڕندە بەربدەینەوە بەم تیژڕەوییە سەیرە تێدەپەڕێ کە نێزیکەی سەتان هەزار میلە لە سەعاتێکدا... بەڵام ئامێرە چاودێرییەکانی ڕادار جموجووڵ و دەرپەڕینیانی تۆمار کردووە...بەڵام کەسێک نازانێ شوێنی لێوە هاتن و ئامانج لە نێزیک بوونەوەیان لە زەوی چییە... هەموو ئەوەی لەدەستمان دێ دووبارە کردنەوەی ئەوەیە کە نیلسن بۆر–ی زانای گەورە گوتوویەتی: ئەم کەشتییە ئاسمانییانە دەبێ پێشتر بە سەتان جار هاتبن. دەبێ خاوەنەکانیشیان هۆگەلی پەسندیان هەبێ بۆ لەزەوی نێزیک بوونەوە یان لەسەریدا دابەزین یان لەدوورەوە چاودێری کردنی...

هەروەها بۆر دەڵێ: بە دووریشی نازانم دانیشتووانی ئەستێرەکانی دیکە لە تاقی کردنەوەیان دانابین یانیش هەندێک نەخۆشیمان پێ تاقی دەکەنەوە... یانیش هەندێک تۆو بەسەر زەویەوە بوەشێنن، یان ئێمە لەکێڵگەیەکی چاک کردنەوەی وەچەکانی هەندێک ئاژەڵ بەولاوە هیچ نەبین... ئێستا کەس نازانێ!

پرسیار: بەبۆنەی باس کردنی تۆوەوە... لە فەڕەنسا و سوید و مەکسیکدا هەندێ جۆری دار بینراوەتەوە زۆر دەگمەنن... ئەم دارانە لەیەک دەچن... بەڵام داری لەو جۆرە لە هیچ شوێنێکی دیکەی سەر زەویدا نییە... ئەی بۆچی تۆوی ئەم دارانە لە ئەستێرەی دیکەوە نەهێنرابن... لەبەر هەر هۆیەکیش بێ ئەم دارانە لەناوچوون، یان نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ کەشی سەر زەوی بگونجێنن...

پرسیار: بە درێژاییی هەموو مێژوومان چیرۆکی تەنە فڕۆکەکان نەبڕاوەتەوە... یان گۆیەکانی ئاگر لە ئاسماندا... هیرۆدۆت ئەوەی لە میسری فیرعەونیدا دیوە... ئەفلاتوونی فەیلەسووف ئەوەی لە میسردا دیتووە...لە کتێبە پیرۆزەکانیشدا... لە تەوراتدا... لە دەستنووسەکانی دەریای "مەییت"دا، لە کتێبی ئەخنووخ–ی پێغەمبەردا... و لە داستانی کۆنی گلگامش–دا... و لە کتێبە هیندییەکان و ئەفسانەکانی تبتدا... هەمووشیان جەخت لە یەک واتە دەکەن... وا بووە کەشتیگەل دابەزیون و هەندێک کەس سواری بوون و بە دەوری زەویدا خولاونەتەوە یان لە هەسارەی دیکە دابەزیون و ئینجا گەڕاونەتەوە زەوی و باسی بینراوەکانیان کردووە... بەڵکو ڕووداوگەلی زانراوی

مێژووییش بووە جەخت لەسەر بزربوونی هەندێک کەس دەکا... یان هەندێک کەس بە کەشتیی ئاسمانی ڕفێنراون... و لەناوچوونی پەلگەلێکی لەشکران بە چەکەکانیانەوە...لە تۆمارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا شتێک لەو بارەیەوە هەیە... ئینجا کۆمەڵەی "خاچی پەمبەیی"، کە ژمارەیەک لەو زانا گەورانەی پاداشتی نۆبڵیان بەدەست هێناوە لە ئەندامانین... بڕوایەکی تەواویان بەوە هەیە ئەوە بەسەر هەندێک لە ئەندامانیاندا هاتووە و ئەم کەسانەش گەڕانەوە و لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون بێدەنگ بن... تەورات باسی کەسانێکی ئەستێرەکانی دیکە دەکا لە ناو خەڵکیدا ژیاون، بەڵکو جەخت دەکا نووح دروودی لێ بێ بەخۆی لە ئەستێرەکانی دیکەوە دابەزیوە... ساڵی پاریش کۆمەڵەی "خاچی پەمبەیی" کۆنگرەی ساڵانەی خۆیان بەست. سەرۆکەکەیان کە پاداشتی نۆبڵی لە فیزیک هەیە ڕایگەیاند کە: ئەمساڵ ئاهەنگیان بەبۆنەی هاتنی کەسێکی لە بالاترین ئاستی زانستیدا ناسراو... کە خەڵکی ئەم ئەستێرەیەش نییە، بوونیشی لە نێویاندا شانازییەکی گەورەیە پێشتر کەس پێی نەگەیشتووە... ئەوەی بۆشیانی ڕوون کردووەتەوە لە نهێنییەکانی ئەتۆم و پێکهاتەی مادده و ترسی لەناوچوونی ئەم زەوییەوە هەمووانی سەرسام کرد... بۆیە ڕێز لە سەردانەکەی و پەیامە گەورەکەی دەگرن!! ئەمە چی دەگەیەنێ؟

دانیشتنی پێنجەم:

پرسیار: هەموو کتێبە کۆنەکان جەختمان بۆ لەسەر ئەوە دەکەن هاوسەرگیری لە نێوان مرۆڤ و ئاژەلاندا بووە، یانیش لە نێو مرۆڤ و بوونەوەرێلی دیکەی زۆر دلدا.. و لە ئەنجامی ئەم هاوسەرگیرییەشەوە بوونەوەرێلی سەیر یان بلیمەتگەلی دەگمەن پەیدا بوون... هەروەها هەر دەبێ لێکدانەوەی نوێ بۆ هەموو ئەفسانەکانی فیرعەونی و یۆنانی و بابلی و ئەفسانەکانی مایا بدۆزینەوە... کە گشتیان مرۆڤ و ئاژەڵ کۆدەکەنەوە.. یانیش گیانلەبەر بە پیرۆز دادەنێن.. یان جۆرێک لە گیانلەبەر... هەروەها لە ناو ئەم ئەفسانانەدا گیانلەبەر هەن دەفڕن... ئەم گیانلەبەرانەش ئەفسانەکان بە لە مرۆڤ ژیرتریان دادەنێن... ئایا بەڕاستی گیانلەبەر بوون؟ یان بوونەوەرانی لە جۆرێکی دیکە بوون توانستی شێوەگرتنیان هەبووە؟ ئەوەی وا لە مرۆ دەکا ئەوە ڕەت بکاتەوە گیانلەبەران لە خۆی باشتر و ژیرتر بن، ئەوەیە کە بەردەوام وای بەبیردا دێ خۆی ژیرترین و چاکترین و بەهێزترینی گیانلەبەران بێ... ئەمەش بۆچوونێکە پێویست بە گفتوگۆ دەکا.. کە مرۆ بەهێزترین و تواناترینیان نییە.. ئینجا نەقشە کۆنەکان وێنەی میوانەکانی ئەستێرەکانی دیکە وا دەکێشن کە سیمای ئەم مرۆڤەیان نییە... هەروەها مەرج نییە مرۆ تاکە شێوەی ژیران بێ لەم گەردوونەدا... هەر وەک پلەگەلێکی دوانەهاتووی ژیری و زیرەکی هەیە، کە شێوەگەل و ڕەنگی دوانەهاتووی گیانلەبەران، یان هەر گیانلەبەرێکی دیکەی ژیرتر هەیە... ڕێگر چییە مرۆ لە شێوەی ڕووەکدا بێ، یان لە شێوەی مێرووییەک، یان لە شێوەی گۆ یان بۆڕی یان باڵێکدا بێ؟

د. ئەلفرێد دریک–ی نووسەر دەڵێ: مرۆ لەسەردەمی نوێدا لە توانیدا نییە بەجارێ تاووتوێی هەموو ئەم دۆزانە بکا... چونکە فرەوان بوونی زانیاری وای لە هەر یەکێکمان کردووە لایەکی بەرتەسکی بگرێ و فێری ببێ، کە زانیاریی مرۆ ئەوەند بەرین و قووڵە بەجۆرێک زەحمەتە بۆ تاکە کەسێک بۆ هەموو لایەک و بە هەموو قووڵییەکدا دەست پێ بکا تا چارەسەر ببینێتەوە...

بەڵام ئەمە بانگەشەیەکی گشتییە بۆ ئەوەی ئاوەز و چێژ و خەیاڵ بکرێنەوە...کە ئێمە هەموومان داوامان لێ دەکرێ بزانین لە هەزاران ساڵەوە کێ لە دەرگەمانی داوە... ئەمڕۆش لێی دەدا... دووریش نییە هەرگیز لێی نەدا چونکە لە نێوماندایە– ئەم بۆچوونە نامۆ و ئەفسانەیی دیارە، بەڵام لایەنگەلێکی ئاینی و زانستی هەن تەواوێ باوەڕیان بەوە هەیە... بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی گیان لە کۆڕەکانیاندا بڕیاری ئەوە دەدەن... بەڵکو ژمارەیەک زاناش هەن لە ژماردن نایەن تیوورییە زانستییەکانیان لەسەر ڕاستیی ئەم بۆچوونە بنیات دەنێن...

هەروەها نووسەر دەڵێ: ئێستاکە جێی خۆیەتی –واتە لە کۆتاییی دانیشتنەکاندا– ڕووداوێک بەبیرمدا بهێنمەوە لە لینینگراد ڕووی داوە، کە ئاهەنگێکی شێوان بۆ ژمارەیەک زانا ڕێک خرا. "شێوانی کار"یش نەبێ چیی دیکە نەبوو... کە زانا ڕەسەکان دانیشتن تاوتوێی دۆزێکی گرینگیان دەکرد کە گیانلەبەری "مامووت"یان دۆزییەوە کە لە سیبریا دەژیا، واتە لە گەورەترین بەستەڵەکی سەر زەویدا. دوای خوانی شێوان یەک لە زاناکان ڕابوو دەیگوت: بەڕێزینە نۆشی گیانتان بێ، گۆشتی کۆنترین گیانلەبەرتان خوارد مرۆ دۆزیبێتیەوە! بێگومان گۆشتی ئەم گیانلەبەرەی خواردیان بێ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشێ، لە گەدەی هەریەکەیانەوە بازی دایە ناو دەمی!

هەموو ئەوانەی لێرە و لە ئەڵقەکانی پێشتردا پێشکێشم کردن تەنیا گۆشتی گیانلەبەرێکی کۆن.. یان زانیاریگەلێکی ناو تۆمارگەلێکی کۆنن... بەڵکو مەتەڵ و پرسیارەیلێکە کەسێکی دەوێ لێکی بداتەوە، لە شیکردنەوەشیدا، یارمەتیمان دەدا لەوە تێبگەین چی بووە و چی دەبێ یان ئەوەی بوونی لەسەر زەوی و لە ناو خەڵکدا هەیە... و پێوەندیمان بە ئەستێرەکانی دیکەوە... و داخۆ ئەو کارەساتانەی بەسەر دانیشتووانی زەویدا هاتوون پێوەندییان بە یەکەوە هەیە؟! دوور نییە جۆرە پێوەندییەک هەبێ...

داخۆ دیسان پێوەندیی گیانلەبەرانەیە– دواتر دەبینین ئەفسانە گریکییەکان و گیانلەبەرەکانی "هەزار و یەک شەو" چی دەگەیەنن!

پەراوێز:

١. إصحاح: لە بەش پتر و لە کتێب بچووکترە.

٢. سوورەتی (هود: ٨١ و ٨٢)

٣. سوورەتی (الحجر: ٧٣ و ٧٤ و ٧٥)

٤. سوورەتی (التوبە: ٧٠ و ٧١)

# "یاداشتگەڵێکی پڕ لە نهێنی"

## خوێندنەوەیەک بۆ بیرەوەرییەکانی ستریندبێری

دانا ڕەووف

نووسەری سوێدی ئاوگوست ستریندبێری (١٩٤٨–١٩١٢) هەموو فۆرم و شێوازەکانی نووسین: ڕۆمان، پرۆسە، شیعر، کورتە چیرۆک، شانۆنامە، ڕێپۆرتاژ، سەفەرنامە، وتار، ڕەخنەی هونەری و ئەدەبیی تاقی کردووەتەوە، ئێجگار فرەبەرهەم بووە و بە داهێنانەکانی توانیوویەتی زمانی سوێدی و دراما و شانۆی جیهانی نوێ بکاتەوە. تا ئێستا کۆی بەرهەمەکانی لە ٧٢ بەرگدا و نامەکانیشی لە ٢٢ بەرگدا چاپکراون. بەڵام یەکێک لە بەرهەمەکانی کە دوای سەد ساڵ بەسەر مردنی خۆیدا بڵاو دەکرێتەوە و دەبێتە جێگەی سەرنج و گفتوگۆی ناوەندە کولتوورییەکەی سوێد، یاداشتەکانیەتی، کە گرینگترین و شاراوەترین نهێنییە تایبەتمەندەکانی خۆی تیا تۆمار کردووە.

ئەم ساڵ ئەم بەرهەمە بە بۆنەی تێپەربوونی سەد ساڵ بەسەر کۆچی دواییی ستریندبێریدا، بۆ یەکەم جار لە سێ بەرگدا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە: بەرگی یەکەمیان خودی دەستنووسەکەیە، بەو شێوەیەی کە نووسیوویەتی، بەهەمان قەبارە، بەهەمان جۆری کاغەز و بە شێوەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ و بە دەست و خەتی ستریندبێری خۆی سکانەرکراوە. بەرگی دووەمیان هەمان دەستنووسە، بەڵام بە چاپکراوی و بەرگی سێیەمیش تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیەکی ورد و هەمەلایەنی یاداشتەکان.

ستریندبێری پێی وابووە، کە ئەم یاداشتگەلە گەورەیە، لەهەمان کاتدا خودگەرا و تایبەتمەندە، لەوانەیە کاردانەوەیەکی خراپی بەسەر باری دەروونیی خەڵکی و ئەو کەسانەی دەیخوێننەوە هەبێ، لە بەر ئەوە دەبێ بسووتێنرێت و لەناو ببرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ستریندبێری بە قەڵەمێکی ڕەش و بە خەتێکی گەورە لەسەر بەرگی دەرەوەی یاداشتەکانی نووسیویەتی (ڕۆژژمێرێکی نهێنیئامێز ١٨٩٦١٩٠٨، نابێت کەس بیبینێ، نابێت چاپ بکرێ، نابێت بدرێتە کتێبخانە فەرمییەکان کە دەست خەڵک بکەوێت). بێگومان ستریندبێری لەوە دڵنیا بووە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم یاداشتگەلەی هەر چاپ دەکرێت، ئەو هەرگیز حەزی بە دونیای نهێنیئامێز و شاردنەوەی

شتگەل نەکردووە و وەک نووسەریش کاری ئەوە بووە پەردە لە سەر نهێنییەکانی خۆی و کەسانی تر هەڵبماڵێت. ئەمڕۆ دوای سەد ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئەم نووسەرەدا، یاداشتەکانی بۆ یەکەم جار وەکوو خۆی بڵاو دەکرێنەوە.

ستریندبێری لە مانگی شوباتی ساڵی ١٨٩٦دا، کە لە هوتێلی ئۆرفیلە Orfila لە پاریس ژیاوە، باری دەروونیی باش نەبووە و بە قەیرانێکی دژواردا تێپەڕیووە، خەریکی دروست کردنی ئاڵتون بووە. خۆڵ، گۆگرد، ئاسن و زیو و ئامێرەکانی بەکارهێنانی توخمە کیمیاوییەکانی بە چەشنێک لە ژوورەکەیدا کەڵەکە کردووە، کە جێگەی خۆی نەبووەتەوە و بیری کردووەتەوە ژوورێکی تر بۆ شتەکانی بگرێت. هەر لەم کاتەدا بە شێوازی ڕۆژژمێر دەستی کردووە بە نووسینی ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەریدا ڕوویان داوە، هاوکات لەگەڵ هەست و سۆزی خۆی، شتە سەیر و سەمەرەکان، هەروەها نامۆبوونی. دواتر لە مانگی ئایار و حوزەیرانەوە ڕۆژژمێرەکەی، کارەکتەر و فۆرمی یاداشتنامە لەخۆ دەگرێت و نووسینەوەی شتەکان چڕتر و فرەوانتر دەبن. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٨یشدا، کە سەرلەنوێ بە تەنگژەیەکی تری دەروونیدا دەڕوات، وازی لە نووسینی یاداشتەکانیشی هێناوە. ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەوەیە، کە ئەم یاداشتگەلە هەر لە سەرەتاوە فۆرمێکی میتافیزیکی و فرەمانای لەخۆ گرتووە، هەروەها لەبری زمانی سوێدی، بە زمانی فەڕەنسی نووسیویەتی. بۆ ئەم مەبەستە، لە ژێر کاریگەرێتی و بیروبۆچوونەکانی نووسەری گەورەی سوێد "ئیمانۆئیل سوێدنبۆری" کە لە ساڵەکانی ١٧٠٠ەکاندا ژیاوە، دەست پێ دەکات. بەڵام لە ساڵی ١٩٠٨دا بە چەند وشە و ڕستەیەکی ڕۆژانەی وەک (گواستمەوە بۆ شەقامی شاژنی ژمارە ٨٥) کۆتایی بە نووسینی ئەم یاداشتگەلە دێنێت. ئەوەی ئاشکرایە ستریندبێری بیرۆکەی ئەم یاداشتگەلەی لە ئەنجامی تەنگژەیەکی ئێکسێنتیالیزم و ئاینی، لە ناوەڕاستی ١٨٩٠ەکانەوە لەلای سەری هەڵداوە، تەنگژەکەش خۆی لە ساڵی ١٨٩٢ەوە، دوای جیابوونەوەی لە ژنی یەکەمی "سیری فۆن ئێسن" دەرکەوتووە. دواتر ستریندبێری سوێد بەجێدەهێڵێت و لە بەرلین نیشتەجێ دەبێت. یەکێک لە نیشانەکانی ئەم ڕەوشە نالەبارەش ئەوە بووە، کە ستریندبێری نووسەرێکی فرە بەرهەم بووە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم بارودۆخەدا چیتر نەیتوانیوە بنووسێت. هۆکارەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم نووسەرە هەستی بە گوناه و ئازار کردووە، ئەم هەستەش هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیدا بووە، لە کاتی جیابوونەوەشی لە "سیری فۆن ئێسن" زیاتر و چڕ و قووڵتر دەبێتەوە. ستریندبێری، کە واز لە نووسینی یاداشتگەلەکەی دەهێنێت، بە تەواوەتی لە ژنی سێیەمیشی "هارییەت بوسێ" جیابووەتەوە و لە خانوو و بەرە دڵگیرەکەشیان دەگوێزێتەوە بۆ تاوەرە شینەکەی لە شەقامی شاژن.

ستریندبێری بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە ئەم یاداشتگەلەی تێدا تۆمار کردووە، ژیانی بە چەندین قۆناخدا تێپەڕیوە و کاریگەرییان بە سەر بەرهەمەکانیەوە هەبووە، بۆ نموونە هەر لەو ساڵانەدا، بە تایبەتی لە ساڵی ١٨٩٦دا، وەک لەمەوبەر ئاماژەم بۆ کردووە، بە تەنگژەیەکی

دەروونیی دژوار و بەهێزدا تێدەپەڕێت، ئەم تەنگژەیەش لە ژیانی ستریندبێریدا بە قۆناخی "دۆزەخ" ناوزەد دەکرێت.

ستریندبێری لە دەستپێکی نووسینی ئەم یاداشتگەلەدا دەڵێت: (ژیانم کەوتە بارودۆخێکی گرانی ئەوتۆ، کە خۆم بە دۆزەخ ئاماژەم بۆ کردووە. لە ساڵی ١٨٩٧یشدا، بۆ دووپاتکردنەوەیەکی ئەو دۆزەخەی ژیانم کتێبی (دۆزەخ)م نووسی، کە بووە خاڵێکی گرینگی وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە ژیانمدا.) ئەم قۆناخەی ژیانی ستریندبێری کە بە تەنگژەی دۆزەخ ئاماژەی بۆ دەکرێت، لە لایەن چەندین توێژەر و پسپۆڕی تایبەتمەندەوە کاری لە سەر کراوە.

ستریندبێری هەر لەم ساڵانەدا سەفەری زۆری بۆ دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی بۆ بەرلین و پاریس کردووە، کە لە ژنی دووەمیشی "فریدا ئول" جیادەبێتەوە، لە پاریس نیشتەجێ دەبێت. کە دەشگەڕێتەوە بۆ سوید، لەبری ستۆکهۆڵم لە شاری لوند جێگیر دەبێت. هەر لەو ساڵانەدا زەماوەند لەگەڵ "هارییەت بوسێ" دەکات، شانۆی ئینتیم دادەمەزرێنێت و بە شێک لە شاکارە گەورەکانی، بۆ نموونە بەرەو دیمەشق، خەونە نمایشێک، سەمای مەرگ، دۆزەخ، ئاڵا ڕەشەکان و هەرسێ بەرگی کتێبی شین... هتد دەنووسێت.

ئەم نووسەرە بەرەوام لەگەڵ خۆی، دەوروبەرەکەی و کۆمەڵگەشدا لە کێشە و دابڕاندا بووە، بە شێوازی تر بیری کردووەتەوە، نووسیویەتی و بە فۆرمی جۆراوجۆر بەرهەمی تری خوڵقاندووە. ستریندبێری کەسێکی هەمیشە گەڕۆک و نائارام بووە، لە هیچ شوێنێک هەستی بە ئاسوودەیی نەکردووە و بە بەردەوامی هەموو شتەکانی لە دوای خۆیەوە بەجێهێشتوە: ڕاستییەکان، بیروبۆچوونەکانی، هاوڕێکانی، ژنەکانی، منداڵەکانی، ناونیشانەکانی، شار و وڵاتەکان. یاداشتەکانیشی، هەر وەک ڕۆمانەکانی، شانۆنامەکانی، نامە و یادەوەرییەکانی وێنەیەکی چڕ و وردی ژیانی خۆی بەرجەستە دەکەن، سەرگوزشتەی هونەرمەندێکی ڕەچەشکێنمان بۆ دەگێڕێتەوە و زیاتر لەم نووسەرەمان نێزیک دەکاتەوە.

ئەم یاداشتگەلەی ستریندبێری لە هەموو ڕوویەکەوە بە دۆکیومێنتێکی بێ ڕتووش و بیۆگرافیایەکی چڕ و ڕاستەوخۆ و وردی ژیانی ستریندبێری دادەنرێت. هەر خۆشی بە ماوەیەکی کورت، بەر لە مردنی باسی ئەوەی کردووە، کە ئەم یاداشتە پڕ لە ڕاز و نهێنیانە، دوا بەشەکانی ژیان و بیۆگرافیای ئەو پێک دەهێنن. خوێنەر بە هۆی ئەم یاداشتگەلەوە زۆر لە ژیانی ڕۆژانە و بیرکردنەوەی نووسەرێکی گەورەوە نێزیک دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی دونیای هەست و سۆزی بە شێوەیەکی چڕ و ڕاستەقینە، بەبێ هیچ دەمامکێک دەبینێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە دووپاتی بکەمەوە ئەوەیە، کە ئەم یاداشتگەلە بەرهەمێکی ئەدەبیی خاوەن ستایل و فۆرمی تایبەتمەندی خۆی نییە و ستریندبێریش بەو مەبەستە نەینووسیوە. بەڵکو هەوڵێکی بێ شومار و گەوەرەی ئەم نووسەرەیە بۆ تێگەیشتن لە خۆی و دەوروبەرەکەی، ئەوەی لەو یاداشتگەلەدا تۆمارکراوە تەنیا بۆ خۆی نووسیوە و لە سەرەتاشەوە مەبەستی بڵاوکردنەوە نەبووە.

تاکو ئێستا تەنیا بۆ پسپۆر و لێکۆڵەرەوانی ئەدەب و ژیانی ستریندبێری، ئەوەش بە شێوەیەکی سنوردار هەبووە، کە ئەم یاداشتگەلە نهێنیئامێزە ببینن، بیخوێننەوە و لە کارە شیکارییەکانیاندا سوودی لێ وەربگرن.

هەڵبژاردەیەکی کورتی ئەم یاداشتگەلە، بە تایبەتی ئەو بەشەی کە باسی پێوەندییەکانی ستریندبێری و دوا ژنی "هارییەت بوسێ" دەکات، لەگەڵ بەشێک لە نامەکانیان لە ساڵی ١٩٦٢دا بڵاوکراونەتەوە. دەستنووسەکانی ئەم یاداشتگەلە لە بەشی ئەرکیڤی تایبەتمەند بە ستریندبێری لە کتێبخانەی پاشایەتی لە ستۆکهۆڵم پارێزراون[٢].

## "هارییەت بوسێ" لە یاداشتەکانی ستریندبێریدا

کە کیژە ئەکتەری قەشەنگ "هارییەت بوسێ" لە ساڵەکانی ١٩٠٠ەکاندا دێتە ژیانی ئەم نووسەرەوە و، ستریندبێری سەرلەنوێ دەکەوێتە داوی عەشقێکی ئەبەدی و پڕ لە ژان و ئازارەوە، ئەم یاداشتگەلەش کارەکتەرێکی تر لەخۆدەگرێت و ئەو پێوەندییە بەشێکی گەورەی بیرەوەری و خودی ئەو یاداشتانە داگیردەکات. بەوردی گیروگرفتەکانیان، نامەکانیان، ساتە خۆش و ناخۆشەکانیان و تەنانەت پێوەندییە سێکسیەکانیشیان تۆماردەکات. زمانەکەی تۆنێکی تر لەخۆدەگرێت، لەگەڵ دەسەڵاتە نادیار و غەیبییەکاندا پێک دێتەوە (ئاشت دەبێتەوە جوانترە)، حەزێکی گەورە باوەش بۆ پاشەڕۆژێکی ڕووناکتر دەکاتەوە.

"هارییەت بوسێ" وەڵامی ئەم عەشقە دەداتەوە، ئامێزی بۆ دەکاتەوە و لە ٦ی مانگی ئایاری هەمان ساڵدا زەماوەند دەکەن: ستریندبێری تەمەنی ٥١ ساڵ و هارییەت بوسێ ٢٢ ساڵ دەبێت. کە ئەو عەشقەش تەواو دەبێت و "هارییەت بوسێ" واز لە ستریندبێری دەهێنێت و دوای کەسێکی تری هاوتەمەنی خۆی دەکەوێت، یاداشتەکانیش کۆتاییان دێت و ستریندبێری چیتر یەک وشەی تری تیا نانووسێت، بەم شێوەیەش یاداشتەکان کۆتاییان پێ دێت. ستریندبێری لە ١١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٨دا دوا وشەکانی لەم یاداشتگەلەدا تۆمار کردووە، هەر لەم ڕۆژەشدا ئەو خانووەشی چۆڵ کردووە کە لەگەڵ زەماوەندکردنی "هارییەت بوسێ" چوونەتە ناوییەوە. ستریندبێری ٢٩ ساڵ لە "هارییەت بوسێ" گەورەتر بووە و ئەم جیاوازییەش لە تەمەندا کاریگەریی بەسەر ژیانی هەردووکیان و سەرنەکەوتنی ژن و مێردایەتییەکەشیانەوە هەبووە. ستریندبێری دوای ژیانی ١٤ ساڵ لە تاراوگە، دوو ژنی تر و خستنەوەی چەندین منداڵ، نەیدەتوانی "هارییەت بوسێ"یەکی گەنج و شۆخ ڕازی بکات و هەر زوو دەکەونە کێشەوە. دواتر "هارییەت بوسێ" لە ساڵی ١٩٣٢دا سەبارەت بەو سەردەمە و نامەکانی ستریندبێری وتوویەتی (ستریندبێری بە تەمەن لە من زۆر گەورەتر بوو، ئەو ژیانی خۆی ژیابوو، لەگەڵ شتگەلەکانی ژیاندا تەواو بووبوو، بەڵام من هێشتا هەر دەستم پێنەکردبوو.)

هەولێر ئامەدی

## نووسەرێک لە ناو خەون و یاداشتگەلێکدا

ستریندبێری لە ماوەی ئەو ١١ ساڵەی کە یاداشتەکانی تیا تۆمارکردووە، ئێجگار بەرهەمی زۆر بووە، چەندین شاکاری گەورەی نووسیوە، ئەو بەرهەمانەی لەو قۆناخەدا نووسیونی لە ٣٠ بەرگی کۆبەرهەمەکانیدا کۆکراونەتەوە و بڵاوکراونەتەوە[٣] بۆ نموونە ستریندبێری لە مانگی شوباتی ساڵی ١٨٩٨دا بە چەند ڕۆژێکی چڕ و کارێکی بەردەوام بەشی یەکەمی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)ی لە پاریس نووسیوە، لەم بارەیەوە لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی (ئەمڕۆ چەند جارێک دەستم کرد بە گریان، کۆتایی پەردەی سێیەمم نووسی) ئەو گریانەی ستریندبێری جۆرێک بووە لە گریانی خۆشی، دوای تەنگژەیەکی دەروونیی قووڵ، دابڕان و نەخۆشی، توانیوویەتی سەرلەنوێ دەست بکاتەوە بە نووسین. دیمەن و دیالۆگەکان لە (بەرەو دیمەشق)دا بە شێوەیەکی ناتوری و ساکار پێکەوە و لەناو یەکتریدا گەشەیان کردووە. هەروەها ستریندبێری لە زۆر بەشی ئەم یاداشتگەلەیدا، بە وردی ئەو خەونانەی کە بە شەو بینیوویەتی گێڕاویانیەتەوە و هەوڵی داوە لێکدانەوەیان بۆ بکات. هەموو ئاماژەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، کە ستریندبێری بەرهەمەکانی فرۆید، بەتایبەتی لێکۆڵینەوە دەروونییەکانی سەبارەت بە (خەون) و لێکدانەوەی (خەون)ی نەخوێندووەتەوە. بەڵام دونیای خەون جێگەی سەرنجی ئەو بووە، هەوڵی داوە ڕاڤەیان بکات و کۆدەکانیان شی بکاتەوە و بە ژیانی ڕۆژانەی خۆیەوە پەیوەستیان بکات. ستریندبێری لە ژیانی خۆیەوە، لە دەوروبەرەکەیەوە، لەو کەسانەوەی کە پێوەندیی پێیانەوە هەبووە، خەونەکانی لێکداوەتەوە. ستریندبێری لە ١٦ی نیسانی ١٩٠٨دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە خەویا لە هوتێلێکی گەورەدا بە دوای ژوورەکەی خۆیدا گەڕاوە، چووەتە ئەسانسێرێکەوە و دەست بەجێ لە ژێریدا پچڕاوە و بە گرمە گرمێکی گەورەوە کەوتووەتە خوارەوە، بەڵام ئەو قوتار بووە و لەم ڕووداوە کارەسات ئاسایەدا هیچی لێ نەهاتووە. ستریندبێری دەڵێت (خەبەرم بووەوە! بیرم کردەوە ڕەنگە ئەوە شانۆی ئینتیم بێت، من وەکوو ئەسانسێرێک پیا سەرکەوتووم و لە ژێرمدا داڕما. یان ئەم خەوە مانای سەرلەنوێ بەئاگاهاتنەوەی عەشقەکەی منە بۆ هارییەت، کە گەنج بووەتەوە، هەروەها منیشی پاکژ کردووەتەوە، لە بەر ئەوەی من ١٤ ڕۆژە هیچ مەیم نەخواردووەتەوە و بە وردی چاودێریی خۆمم کردووە، ئەم کاتە بە عەشقی خۆی تێپەڕیوە و ئێستاش ئەو عەشقە کەم بووەتەوە و بەرەو نەمان دەچێت.) ستریندبێری لە شاکارە گەورەکەیدا، شانۆنامەی (خەونە نمایشێک) زیاتر لە خەون نێزیک دەبێتەوە، تەکنیکی خەون لە ئاستێکی باڵادا لە ستراکتوری ئەو شانۆنامەیەدا بەکار دەهێنێت و دەرگەیەکی نوێش بە ڕووی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەوروپاییدا دەکاتەوە.

ئەم یاداشتگەلە جگە لە تۆمارکردنێکی ژیانی ڕۆژانە و لێکدانەوەی خەون و پێوەندییەکانی بە "هارییەت بوسێ" و قسەکردن لە سەر بەرهەمەکانی خۆی و نووسەرەکانی ئەو سەردەمە، نێزیکەی ١٠٠ پارچە ڕۆژنامەی تیادایە، کە ستریندبێری ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکانی کردووەتەوە و بە

لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژمێرەوەی نووساندووە. هەر بۆ نموونە، یەکێک لە هاوڕێکانی ڕەخنەگری دانیمارکی "جۆرج براندەس" وتارێکی ڕەخنەئامێزی بە تەنزی سەبارەت بە هەوڵە بێهودەکانی ستریندبێری و دروست کردنی ئاڵتون نووسیوە، ستریندبێریش ئەم وتارەی لە ڕۆژنامەکە کردووەتەوە و نووساندوویەتی بە یەکێک لە ڕووپەڕەکانی یاداشتگەلەکەی و لە ژێریدا نووسیویەتی، گەوج و گێل! هەروەها لێرە و لەوێ لە سەر ڕووپەڕی ئەم یاداشتگەلە ٨٠ وێنە، کە ستریندبێری خۆی دروستی کردوون هەیە و لەژێر هەر وێنەیەکیشدا بە چەند وشەیەک گوزارشتی لێکردووە، جگە لە ٢٨٢ پارچە کاغەزی تر، کە لەنێو لاپەڕەکانی ئەم یاداشتگەلەدان و ستریندبێری شتی لە سەر نووسیون. ئەمەش وەک پاشکۆیەک وایە کە ستریندبێری دۆکیومێنت، هەواڵ، بابەتی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەکانی کۆکردووەتەوە و دید و بۆچوونی خۆی لە سەر نووسیون و بەمەش وێنەیەکی کلتووری ژیانی ڕۆشنبیریی ئەو کاتەی سوێدمان بۆ دەپارێزێت.

ستریندبێری زۆر جار گەڕاوەتەوە سەر ئەم یاداشتگەلە، شتی لێ کوژاندووەتەوە، لە هەندێک شوێندا فۆرمەلەی نووسینەکانی کردووەتەوە، دێر و دەستەواژەی تری بۆ زیادکردوون، هەڵەی زمانەوانیی چاک کردووەتەوە و لە ستراکتورە گشتیەکەدا ڕێکی خستوونەتەوە.

ستریندبێری لە هەندێک شوێنی یاداشتەکانیدا، بەتایبەتی کە ویستوویەتی مەبەستی نووسینەکەی ئاشکرا نەکات، بە گریکی و لاتینی و فەرەنسی نووسیویەتی، بە تایبەتی گەر ناوی کەسێکی ناسراوی نووسیبێت، یان ئەو کەسانەی، کە پێوەندییەکی گرژی هەبووە لەگەڵیاندا. هەروەها کە بە شێوەیەکی نێزیک و کەسی باسی پێوەندییەکانی خۆی، بەتایبەتی پێوەندییە سێکسییەکانی بە "هارییەت بوسێ"یەوە دەکات، ئەوە کۆدی شاراوە و زمانی گریکیی کۆن بەکاردەهێنێت. ئەمە جگە لەوەی ستریندبێری لە هەندێک شوێندا سانسۆری دژی خۆی بەکارهێناوە و هەندێک لە تێکستەکانی لێرە و لەوێ کوژاندووەتەوە و بە قەڵەمێکی ڕەش خەتی بەسەردا هێناون[٤].

## یاداشتگەلی نهێنیئامێز

ستریندبێری لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٠٠ەکانەوە وشەی نهێنی، بەمانا دینییەکەی کە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە و چەمکە قووڵە ڕۆحی و دینییە تەمومژاوییەکان، دەنێت بە یاداشتەکانیەوە، بەم شێوەیەش دەبێتە یاداشتگەلێکی پڕ لە نهێنی. ستریندبێری هەر لە سەرەتای ئەم یاداشتگەلەدا وتەیەکی لە کتێبە دێرینەکانی دەستپێکی شارستانییەتی یەهودییەکان وەرگرتووە و وەکوو سەردێری ئەم یاداشتگەلە تۆماری کردووە. ئەو وتەیەش بەم شێوەیە دەست پێ دەکا: (ئەگەر تۆ دەتەوێ شتە نەبینراوەکان بناسی، ئەوە بە دوو چاوی کراوەوە، بە ڕەهەندەوە لە شتە بینراوەکان بڕوانە.) ئەم یادەوەرییانە بۆ ئەم نووسەرە جۆرە ئامرازێک بوونە بۆ جیاکردنەوەی ڕەهەندەکان، پاکژبوونەوە، ڕووناککردنەوە و کۆکردنەوەی دید و وەرگرتنی پەیامە ڕۆحییەکان.

ستریندبێری دەیەوێت لەم یاداشتگەلەدا هەموو شتە بینراوەکان هەر لە ڕووداوی ژیانی ئاساییی ڕۆژانەوە، تا دەگاتە پێوەندییە ئاڵۆزەکانی بە دەوروبەرەکەی، نێوەندە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکەی ئەو دەمەی سوێد، دەزگا چاپەمەنییەکان، وەرگێڕەکانی و تەنانەت ئافرەتانیشەوە، بە وردی تۆمار بکات. لە هەمان کاتدا شتە نەبینراوەکان، هەستکردن بە تارمایی، بیستنی دەنگی ناوەوەی خۆی، تێڕامانە هەنووکەیییەکان و هەموو ئەو شتە نهێنییانەی لە دەوروبەری خۆیدا بینیوویەتی و هەستی پێکردووە، لەم دەروازەیەشەوە هێز و وزەیەکی ڕۆحیی وەرگرتووە.

ستریندبێری بڕوای بە خوا هەبووە، لە نهێنییە دینییەکانی کۆڵیوەتەوە و تاقیکردنەوەی کیمیایی و دروستکردنی ئاڵتون، بەشێکی گرینگی ژیانی بووە، ئەمەش لە یاداشتەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، باسی کردوون، بە چاوی سەرنجەوە لە دیاردە و ساتە ڕۆحییەکانی خۆیی و هێزە ئەزەلییە ئاسمانییەکانی کۆڵیوەتەوە. ڕەهەندە ڕۆحییەکەی ئەم نووسەرە چەندین ئاراستە لەخۆدەگرێت، زۆر جار دیدێکی میتافیزیکی ئاوێزانی بۆچوونەکانی دەبێت و لە دونیایەکی تەمومژاویدا دەسووڕێتەوە، تەنانەت هەندێک لەو وێنانەشی کە دروستی کردوون هێماگەلی دینی لەخۆدەگرن. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٠٤ لە یەکێک لە نامەکانیدا نووسیویەتی (خاچێکی ڕەشی تەختە و مێژووەکەم! ئەمە تەنیا مۆنەمێنتێکە کە من داوای دەکەم)[٥] ستریندبێری هەندێک جار دووپاتی ئەوەشی کردووەتەوە، کە ترسی ئەوەی هەیە لایەنە ڕۆحی و چەمکە نهێنیئامێزەکانی یاداشتەکانی بە هەڵە لێک بدرێتەوە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە دەیەوێ سیما و مۆرکە دینییەکەی ڕەوتێکی ئاسایی لەخۆبگرێت.

ستریندبێری وەک بیۆگرافیایەک سەیری یاداشتەکانی کردووە، بەشێک بووە لەو بەرهەمانەی کە لە ژیانی تایبەتمەندی خۆیەوە نووسیونی، بۆ نموونە "ژوورە سوورەکە" و "کوڕی کارەکەرەکە" و "وتاری بەرگریی شێتێک" و "تەنیایی" و "نامەکانی" و "دۆزەخ"... هتد لە هەندێک لە کارەکانیدا گەڕاوەتەوە سەر یاداشتەکانی، سوودی لێوەرگرتوون و بەکاریهێناون. ستریندبێری بە تایبەتی، کە ڕۆمانی (دۆزەخ) دەنووسێ، گەڕاوەتەوە سەر ئەم یاداشتگەلە و بەشێکی دەقاودەق تێهەڵکێشی ستراکتور و ڕووداو و ڕۆنانی ڕۆمانەکە کردووە.

### شانۆی ئینتیم

ستریندبێری لە ساڵی ١٩٠٧دا شانۆ تایبەتمەندەکەی خۆی (شانۆی ئینتیم) لە ستۆکهۆڵم دادەمەزرێنێ، دامەزراندنی ئەم شانۆیەش پانتاییەکی گرینگ لە یاداشتەکانیدا لەخۆدەگرێت. هەر ئەم شانۆیەش گیروگرفتی ماددیی بۆ دروست دەکات، کرێی شانۆکە، مووچەی ئەکتەرەکانی و داراییی بەڕێوەبردنی شانۆکە دەبنە تەنگژە و سەرئێشە بۆ ستریندبێری، هەر بۆ نموونە دەستبەجێ پێویستی بە ٢٠٠٠ کرۆن بووە بۆ ئەوەی یەکەم کرێی شانۆکەی بدات. ئەم ڕەوشە ستریندبێری ناچار دەکات، بە نابەدڵی و بێزارییەوە بیر لە فرۆشتنی یاداشتگەلەکەی بکاتەوە[٦].

هەواڵنامەی کێن

ستریندبێری بۆ ئەو مەبەستە پێوەندیی کردووە بە دەزگای (بۆنیەش)ەوە، تاکە مەرجیشی بۆ فرۆشتنی ئەم یاداشتگەلەی ئەوە بووە کە لەلای خۆی بمێنێتەوە تا بتوانێت بەردەوام بێت لە نووسینی ڕۆژانەی خۆی. لەم ڕووەوە لە نامەیەکیدا بۆ دەزگای ناوبراو دەڵێ (ئێوە دەبێ ئەو بڕوایەتان بە من هەبێت، کە یاداشتگەلەکە لەلای خۆم بمێنێتەوە، تا بتوانم بەردەوام بم لە نووسینی یاداشتەکان و بەم شێوەیەش گەشە بکات و هەڵبکشێت/.../ من ئەم یاداشتگەلە بۆیە دەفرۆشم تا کرێی شانۆکەمی پێ دابین بکەم، گەرنا ئەمە بازرگانی نییە کە بەم یاداشتگەلەوە دەیکەم! ئەگەر ئێوە هیچ ڕێگەیەکی تر لەبری ئەمە شک دەبەن، ئەوا پێم بڵێن! بێگومان ئێوە دەتوانن یاداشتگەلەکە لەلای من ببینن.) ستریندبێری مەبەستی بووە یاداشتگەلەکەی بە بارمتە دابنێت، تا بەو شێوەیە شانۆکەی لە تەنگژەی دارایی و داخستن ڕزگار بکات٧. ستریندبێری لە نامەیەکی تریدا بۆ دەزگای بۆنیەش دەڵێ (کە بیر لە فرۆشتنی ئەم یاداشتگەلە، وەک شتێکی کەسێنیی خۆم دەکەمەوە، هەست دەکەم لاشەی خۆم کە شیکاری جەستەییی بۆ کراوە، فرۆشتبێت.) ستریندبێری دەتوانێ لە ٧ی ئاداری ساڵی ١٩٠٨دا یاداشتگەلەکەی لە دەزگای بۆنیەش بکڕێتەوە، دوای کڕینەوەشی لە پەراوێزی بەرگی ناوەوەی دەفتەری یاداشتەکانیدا دەنووسێت (ئەم یاداشتگەلە نابێت هەرگیز چاپ بکرێت! ئەمە دوا داوای منە! دەبێت جێبەجێ بکرێت.)[8] کە ستریندبێری بە تەواوەتی واز لە نووسینی یاداشنامەکەی دەهێنێت و هیچ هیوایەکی بە گەڕانەوەی "هارییەت بوسێ" نامێنێت خۆی تەرخان دەکات بۆ شانۆی ئینتیم، نووسینی شانۆنامە، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، گفتوگۆ و وتاری ڕەخنەیی.

هەولێرەی کتێب

### یاداشتگەلێک لە سەر شانۆ

شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم، بە بۆنەی ١٠٠ ساڵ بە سەر کۆچی دوایی ستریندبێری و بۆ یەکەم جار بڵاوکردنەوەی ئەم یاداشتگەلە نهێنییەی ئەم نووسەرە گەورەیەدا، یاداشتگەلەکەیان کردووە بە شانۆ. یاداشتگەلێکی نهێنی لە سەر شانۆکەی ستریندبێری، ئەو شانۆیەی ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر یاداشتەکانی بۆ فرۆشت، شانۆی ئینتیم نمایش دەکرێت.

ڕیژیسۆری شانۆنامەکە هەر خۆی لە دیدێکی هونەریی چڕەوە، لە تێڕوانینێکی شانۆیی و لە ڕووبەڕووبوونەوەی نهێنییەکانی ستریندبێریدا دەقەکەی ئامادەکردووە. ئەم ڕیژیسۆرە بۆ ئەوەی قۆناخەکانی ژیانی ستریندبێری، لە ماوەی نووسینی یاداشتگەلەکەیدا بەرجەستە بکات، پێنج کارەکتەری ستریندبێری لە پێنج قۆناخدا دروست دەکات. ئەم پێنج کەسایەتییە کە بەرجەستەی ژیان و کارەکتەری ستریندبێری لە پێنج قۆناخی تەمەنیدا دەکەن، ڕووبەڕووی "هارییەت بوسێ" دەبێتەوە. لەهەمان کاتدا بە ناوەوەی خۆیدا ڕۆدەچێت، شەڕ لەگەڵ خۆیدا دەکات، لە دیاردە نهێنییەکان دەکۆڵێتەوە، دەبێتە کەسێکی جادوگەر، کۆدی نهێنییەکان دەکاتەوە و شتە بینراوەکان، هەست پێکراوەکان ئاڵۆز دەکات. بەڵام ڕیژیسۆر لە ئامادەکاریی ئەم دەقەدا چەندە گرینگیی داوە

به ژیانی ستریندبێری لە نێو یاداشتگەلەکەیدا، هێندەش "هارییەت بوسێ" وەک ئافرەت، وەک ئەکتەر، وەک خێزان، هاوڕێ، هاودەم و دوژمن، لە چەقی ڕووداوەکاندایە.

ستریندبێری و هارییەت بوسێ لە نێو ئەم ڕووداوە پڕ لە ڕاز و نهێنییانەوە، لە ستراکتورێکی ئەسرارەنگێزەوە، دێنە دەرەوە، لە ڕۆژێکی ڕووناکدا، بە بەرچاوی بینەرەکانیانەوە، لە گەشتێکی پڕ لە ژان و ئازار و خۆشەویستیدا بەیەک دەگەن، لەیەک دادەبڕێن و دەروازەکانی ژیان لە دۆزەخەکەی ستریندبێرییەوە، بۆ نامە لێوانڕێژەکانی بە خۆشەویستی، ڕق و دەمەدەمەکانەوە دەکەنەوە.

نمایشی "یاداشتگەلێکی پڕ لە نهێنی" وێنەیەکی ڕاستەقینەی ستریندبێریمان، لە نووسینی ستریندبێری خۆی پێشکێش دەکات.

پەراوێز:

١. بۆ یەکەم جار و لە ساڵی ١٩٦٢دا، دوای ٥٠ ساڵ بەسەر مردنی ستریندبێریدا، ئەم یاداشتانە دەخرێنە بەر دەستی پسپۆڕ و لێکۆڵەرەوانی بواری ئەدەب و بەرهەمەکانی ستریندبێرییەوە.

٢. هەموو ئەرکیڤی ستریندبێری دوای مردنی لە مۆزەخانەی باکور هەڵدەگیرێ، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٢ەوە گوازراوەتەوە بۆ بەشێکی تایبەتمەند لە کتێبخانەی شاهانە لە ستۆکهۆڵم.

٣. ئەو بەرگەی کە تایبەتە بە ساخکردنەوەی ئەم یاداشتگەلە و ئەم ساڵ پێکەوە لەگەڵ یاداشتەکەدا دەرچووە، بە تایبەتی تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوەیان خستووەتە سەر ژیانی ستریندبێری لە نێوان ساڵانی ١٨٩٦–١٩٠٨دا، هەروەها ئەو بەرهەمانەیشی کە لەو ساڵانەدا نووسیونی.


٤. دەزگای چاپەمەنیی نورشتێد، بە ئامێری لێزەر و تەکنیکێکی باڵاوە هەموو ئەو شوێنانەی کە ستریندبێری کوژاندوویەتیەوە، پاک کردووەتەوە، بەتایبەتی ئەو تێکستانەی کە باسی وردەکارییەکانی شەوی زاوایەتیی خۆی لەگەڵ هارییەت بوسێ دەکات و ئێستا لە چاپەکەدا بە باشی دەخوێندرێنەوە.

٥. ئێستا خاچێکی ڕەشی لە تەختە دروست کراو بە ژوور سەری گۆڕەکەی ستریندبێری لە یەکێک لە گۆرستانەکانی ستۆکهۆڵم بەرز بووەتەوە.

٦. ستریندبێری کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧دا ویستوویەتی یاداشتەکانی بفرۆشێت، تا ئەو کاتەش بەردەوام بووە و ڕۆژانە یاداشتەکانی خۆی نووسیوە.


٧. ستریندبێری لە کاتی فرۆشتنی یاداشتگەلەکەیدا وشەی (یاداشتگەلێکی پڕ لە نهێنی) کە لەسەر بەرگی دەرەوەی دەفتەری یاداشتەکانی نووسی بووی، وەک نەزمێکی گاڵتەئامێز دەخاتە ناو دوو کەوانەوە.

٨. ستریندبێری لە نامەیەکدا بۆ (ئاکسل ستریندبێری)ی برای ناردووە، داوای ئەوەی لێکردووە کە لە دوای مردنی، دەبێت ئەو ئەم یاداشتگەلە لەلای خۆی هەڵبگرێت.



بەرگی یاداشتەکانی ستریندبێری

هەواڵنامەی کتێب




یاداشتگەلێکی پڕ لە نهێنی" لە سەر شانۆی ئینتیم لە ستۆکهۆڵم




چەند وێنەیەکی ستریندبێری لە چەند قۆناخێکی ژیانیدا

# کەریمی و دوورگەی تەنیایی

ئا: ڕۆستەم ئاغاله


عـەبدولکەریم ئەمین تـەمـەنی پەنجـا و نۆ سـاڵە، سی و پێنـج سـاڵە نیگار دەکێـشـێ و تا کـاتی نووسینی ئـەو ڕاپۆرتە خێزانی پێک نەهێناوە و بە نیازیش نییە خۆی گوتـەنی "ئازادی لە خۆی بکوژێ". ئەو نیگارکێشە بێ نازە نیزیکی چل و دوو سـاڵە لە یەک خـانووی کۆنکرێتی بەردەم ڕێگەی گردی سەیوان لە شـاری سولەیمانی ژیان بـەسـەر دەبات و تەنیـا و تەنیا و... تەنیـایە. وا بۆ پازدە ساڵ دەبێ دەیناسم و هەر بە یەک شێواز و یەک بەزم "ریتم" دەبزوێ و دەدوێ و نیگار دەکـێـشـێ. هەرگـیـز مـرۆڤێ یا زینـدەوەرێ یا ژنێ سـەرێ چ قاچێ چ مـەمکێ چ سـمـێـڵێ لە تابلۆکانی بوونیان نییە.


ئەو نە لە کـەسـێ دەچـێ، نە کـەسـێکیش لەو دەچێ. چەندان جار لـە گـفـتوگۆکانی لەگەڵمدا وتوویەتـی "ئەوەندە لە خـۆم فکریوم بـوومـەتە فـەیلەسـووف" ئەو گـوزارشـتـە بارێکی راسـتـیی دەروونی و ڕاسـتگۆیە، چونکە زۆربەمـان لە ئەندێشـەی خـەیاڵ و بیـرکـردنەوە خـۆمـان بە فـەیلەسـووفـێکی نەناسـراو یا سـەربازێکی نەناسـراوی تێکۆشـان یا قـۆز و سـەرمـایەدارێکی نەناسـراو دەچوێنین و کەسـایەتیی خـۆمـان دەکـەینە بەری کەسـایەتیی دووەمی خـۆمـان، ئەو چیرۆک و شـانۆنامـە و فۆتۆسـتـۆریانە دەشـارینەوە تا ئەبەد، دەیبـەینـە ژێر گڵ. بە کـەس ناڵێن ئێمە خەیاڵمان وا پلاو و پڕ فەنتازیایە.

کەڤاڵەکانی کـەریم وەک خـەیاڵ و لێکدانەوەی ترس و گریمانەکانی هات و نەهات و ئەگەر و نەگەرەکانی ئاڵۆز و تەمـومژاوی نین؛ ڕووبەری تابلۆکـانی زۆر سادەن و پێک هاتوون لـە شـاخ و دەشت و ڕووبارێ یا گۆمی ئاوی وەستاو یا گرد و گردۆکەی ناو دەشت یا ناو دەریا، گردی ناو دەریاکانی لە دوورگەی بچـووک بچـووک دەچن. کە زۆر کـەم لە سروشـتـی کوردسـتـان وێنەی وا بەرچاو دەکەوێ. ئەوەش خەیاڵ و دنیابینینی نیگارکێشە.


کاک کەریم خوی بە رەنگی پاستیلەوە گرتووە وا بۆ بیست ساڵ دەبێت هەر دەیبینین کاری پێ دەکات و لای من بووەتە گرێی تێنگەیشتنم لەو حەز و بەرهەمهێنانەی! زۆر بە پەلە نیگار دەکێشێ و لەوە ناچێ سەعاتێک بەرامبەر بە تابلۆیەکی بمێنێتەوە ئەگەر تابلۆکە بە سەلامەتی لە بەردەستی رزگار بێ. چونکە هونەرمەند تابلۆکان دروست دەکات و هەر خۆشی فرمان لە هەڵچوونەکانی ناوەوەی وەردەگرێت و بە مێشک و چاوەکانی گۆڕانکاری دەکات. ئەگەر نەیکات دەبێ یان کارەکە لەت و پەت بکات یان کارەکەی گیانی بشێوێنێ و خەو و خواردنی لە بیر بباتەوە. ئەوە شەڕێکە من خۆم تێیدا دەژیم و هەمان شەڕ و دژواری لەناو کەریم دەبینمەوە. ئەگەر لە ئێمەمانان بپرسن بۆ نیگار دەکێشن؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە لە پسپۆڕی خوێندنمان هونەر بووە بڕوانامەکەشمان هونەرە. بەڵام کاک کەریم ئامادەیی پیشەسازیی خوێندووە. ئەی بۆ نیگار دەکێشێ؟ بۆ کێ نیگار دەکێشێ؟ لەسەر خواستی کام گەلەری و تابلۆ دروست دەکات؟ بۆ نانی ژیانی خێزانەکەی؟ ئەگەر هەموومان بۆ یەکێ لەو هۆکارانە نیگار بکێشین ئەوا کاک کەریم بۆ هیچ هۆکارێکیان نیگاری شاخ و دۆڵ و گردی سەوزی نەکێشاوە. ئەو بۆ "کوشتنی تەنیایی" نیگار دەکێشێ. نموونەی نیگارکێشی وەک کەریم دەناسم لە شارەکانی کوردستان وەک مامۆستا عەبدوڵلا رەسووڵ لە هەولێر و و مامۆستا کامل ئەحمەد لە سولەیمانی.

ماڵەکەی کەریم ئەوەندە سادەیە ئەوەندە سادەیە کە شتێکی زیاتری لێ نابینیت لە پێداویستیی رۆژانەی زیاتر. هەروەک سادەیی تابلۆکانی. نەخشەی ماڵ و پێکهاتەی لە کەلوپەل و دیزاینی رەنگ و وردەکاریی شتەکانی تر رەنگدانەوەی کەسایەتیی راستەقینەی ناو مرۆڤەکانە بۆیە مرۆڤەکان هەستی ناسک و بێکەسی و هەژاریی دەروونی تەنیایان لە ماڵەکەیانەوە دەناسیت. هەموو شیعر و رۆمان و گۆرانییەکانی بۆ تەنیایی تۆمار کراون بۆ کاکە کەریم دەگونجێن. ئەو گۆرانییانەی باسی تەنیایی و بێکەسی دەکەن با لە ماڵەکەی ئەو وێنەی کەلێنەکانیان بگیرێت.







































هەواڵنامەی کتێب











# هەموو مرۆڤەکان بران

موهنداس گاندی

## پشکی یەکەم

### پێشەکی

زۆر بە دەگمەن مامۆستایەکی وەها مەزن دەر دەکەوێت. لەوانەیە چەند سەدەیەک تێپەڕێت بە بێ ئەوەی زاتێکی وەها دەربکەوێت. گاندی، ئەو مامۆستایە بوو کە لە ژیانی خۆیدا بەوە ناسراوەتەوە یەکەم جار بە خۆی و دواتر بە وانی تریش دەبێژێت کە چۆن بتوانن وەکو ئەو بژین... ئەم هەڵبژاردانە لە نووسین و وتارەکانی گاندی لەلایەن (سری کریشنا کریپالانی)یەوە، کە بە ئاگاییەکی زۆرەوە کۆ کراونەتەوە، هەندێ زانیاری دەداتە خوێنەر دەربارەی هزری گاندی و گەشەی فکری و ئەو شێوازە پراکتیکییانەی کە ئەو گرتنیە بەر.

ژیانی گاندی، ڕەگ داکوتاوی ناو نەریتی ئاینی هیند بوو، لەگەڵ خولیای گەڕانێکی بەسۆز بە شوێن ڕاستیدا و، پیرۆزکردنی ژیان و ئامادەیی بۆ قوربانیدان بە هەموو شتێک لە پێناو ناسینی خودادا. ئەو هەموو ژیانی لە گەڕانێکی بێوچان بە دوای ڕاستیدا بردە سەر: من لە پێناو ئەم ئامانجەدا دەژیم و دەجووڵێم و هەم. ژیان سادە و ڕووکەش دەبێت ئەگەر ڕەگ و پاشخانێکی قووڵی نەبێت. هەندێک لەو باوەڕەدان کاتێک شتێک دەبینین کە ڕاستە، دەیکەین، بەڵام بەو جۆرە نییە. تەنانەت کاتێکیش دەزانین کە چی ڕاستە، ئەوە ناگەیەنێ ئێمە هەڵبژاردن و کاری ڕاست دەکەین. بە گوێرەی مەزهەبی هیندۆسی، لەم بارودۆخەی ئێستەماندا، ئێمە تەنیا بەشێکمان مرۆڤە و بەشی خوارەوەمان هێشتا هەر ئاژەڵە، تەنیا بە زاڵبوون بەسەر ڕەمەکەکانی خوراەوەمان

.........................................................

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: ئاواز فاتح جاف

لە ڕێگەی خۆشەویستییەوەیە کە دەتوانێت ئاژەڵەکەمان تێدا سەر ببڕێت. مرۆڤ لە میانی پرۆسەیەکی ئەزموناوی و هەڵە، لە خۆگەڕان و ڕێبازێکی سادە و ساکاردا، هەنگاو دەهاوێت بۆ بەرەو پێش چوون.

ئاینی گاندی ئاینێکی عەقڵانی و ئەخلاقی (مۆڕاڵ) بوو. ئەو بە هیچ باوەڕ و ئامۆژگاری و فەرمانێک ڕازی نەدەبوو ئەگەر بەلایەوە ناعەقڵانی بێت یان ویژدانی قبووڵی نەکردبێت.

ئەگەر بە هەموو بوونمانەوە، نەک تەنیا بە هزرەکانمانەوە باوەڕمان بە خودا هەبێت، ئەوا بە بێ جیاوازیی ڕەگەز و چین، یا میللەت و ئاین، هەموو مرۆڤایەتیمان خۆش دەوێت و، کار بۆ یەکبوونی مرۆڤایەتی دەکەین. هەموو کارەکانم لە خۆشەویستییەکی بێهاوتا بۆ مرۆڤایەتی سەرچاوە دەگرن. هیچ جیاوازییەکم نەکردووە لەنێوان خزم و بێگانە و، هاونیشتمان و بیانیدا، سپی پێست و ڕەش پێست، هیندۆسی و هندییەکان و خاوەن باوەڕەکانی دی لە موسڵمان و ئاگرپەرست و گاور و جوو. ڕەنگە بڵێم لە دڵەوە نەمتوانیوە هیچ جیاوازییەکی لەو شێوەیە بکەم، بە هۆی پرۆسەیەکی دوور و درێژ و توندوتوڵی پڕ لە نزا و پاڕانەوە، ماوەی چل ساڵ زیاترە ڕقم لە هیچ کەسێک نەبووەتەوە. مرۆڤەکان هەموو برای یەکترن و هیچ کەسێک بێگانە نییە بەوی تر. دەبێت خۆشگوزەرانیی هەمووان ئامانجمان بێت. خواوەند وەکو بۆندێکی هاوبەش مرۆڤەکان یەک دەخات.

ئەم تێڕوانینە بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی پێڕەوکردنی ناتوندوتیژی وەکو باشترین هۆکار بۆ هەموو کێشەیەکی ناوەخۆیی و ناودەوڵەتی. گاندی جەختی دەکردەوە ئەو نموونەیەکی پراکتیکیە نەک خەیاڵی. ئەو یەکەم کەس بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە پرنسیپی ناتوندوتیژیی لە تاکەوە فرەوان کرد بۆ سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەو بە مەبەستی تاقیکردنەوە و سەلماندنی سەرکەوتوویی ئەو پرنسیپە، هاتە ناو دنیای سیاسەتەوە. ئەو لە خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هندستان سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت شێوازگەلی مەدەنیی ناتوندوتیژ بگرینە بەر. هەڵوێستی ئەو لەسەر ئازادیی هندستان لەسەر ڕق و کینەی دژ بە بەریتانیا بنیات نەنرا بوو، ئەو دەیگوت پێویستە ڕقمان لە تاوان بێت نەک لە تاوانکار. بۆ من نیشتمانپەروەری یەکسانە بە مرۆڤایەتی. من نیشتمانپەروەرم چونکە من مرۆڤ و مرۆڤدۆستم. من ئازاری ئینگلتەرا یان ئەڵمانیا نادەم لە پێناو خزمەتکردنی هند.

ئەگەر بمانەوێت دنیا لە بارودۆخی ئەتۆمیی ئێستەدا ڕزگار بکەین، پێویستە پرنسیپی ناتوندوتیژی بگرینە بەر. گاندی دەڵێت: کاتێک بیستم کە بۆمبێکی ئەتۆمی هیرۆشیمای خاپوور کرد، ماسوولکەیەکیشم نەجووڵاند بەڵکو بە پێچەوانەوە بە خومم گوت: ئەگەر دنیا ئێستە شێوازی ناتوندوتیژی نەگرێتە بەر، ئەوە جۆرێک لە خۆکوژی بۆ مرۆڤایەتی بڵاو دەکاتەوە.

کاتێک ناتوانین بسازێین لەگەڵ ئەم قەیرانەی ئێستەدا و ئەو هەلومەرجە نوێیانەی کەوا زانست

لەگەڵ خۆیدا هێناونی، گرتنە بەری پرنسیپەکانی ناتوندوتیژی و ڕاستگۆیی و لێکتێگەیشتن ئاسان نابێت، بەڵام نابێت بەو هۆیەوە کۆڵ بدەین. لە کاتێکدا نکۆڵی و زۆر بلێی سەرکردە سیاسییەکان ترس دەخەنە دڵمانەوە، ویژدان و دانایی گەلانی دنیا هیوامان پێ دەبەخشن.

لەگەڵ خێرایی و زیاد بوونی گۆڕانە نوێیەکاندا نازانین دنیا دوای سەد ساڵی دی چۆن دەبێت. ناتوانین پێشبینیی ئاراستەکانی فیکر و هەست بکەین لە داهاتوودا. ساڵان دەڕۆن بەڵام هێشتا پرنسیپە مەزنەکانی حەقیقەت و ناتوندوتیژی لەمەڕ ساتیا و ئاهیمسا لەوێن و ڕێ نیشاندەرمانن. دەبێت وەکو گاندی باوەڕمان نەگۆڕ بێت کەوا لە سەرووی هەورەوە دەدرەوشێتەوە.

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژیین کە ئاگەداری شکست و گۆڕانە مۆڕاڵییەکانی خۆیەتی، سەردەمێک کە تیێدا حەقیقەتە کۆنەکان دەڕۆخێن و فۆرمە باوەکانیش درز دەبەن و تەڵخ دەبن. کینە و یەکتر قبووڵنەکردن ڕوو لە زیاد لە ئارادایە.

مایەی شانازیمانە کەوا یەکێک لە مەزنترین کەسایەتییەکانی مێژوو لە سەردەمی ئێمەدا ژیا و قسەی بۆ کردین، لەگەڵماندا ڕێی کرد و فێری شێوە ژیانی مەدەنیی کردین. زوڵم لە کەس ناکا و لە کەسیش ناترسێت، چونکە هیچ شتێکی نییە بیشارێتەوە. سەیری ڕووخساری هەموو کەسێک دەکات و هەنگاوەکانیشی پتەو و جێگیرن و قسەیشی سوور و لە ڕووە. لە مێژەوە پلاتۆ وتوویەتی: لە دنیادا بەردەوام پیاوێلێکی ئیلهامبەخشی کەمی وا هەن کە ناسینیان لە نرخاندن نایەت.

نیودلهی – ١٥ی ئاب ١٩٥٨

RADHAKRISHNAN.S

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عباس صالح

٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٢

## بەشی یەکەم

## ئاین و حەقیقەت

مەبەستم لەئاین کۆمەڵێک ڕەفتار و داب و نەریت نییە بەڵکو ئەو بنەوایانەی کە لە هەموو ئاینەکاندا هەیە و وامان لێ دەکات ڕووبەڕووی دروستکەر (خالق) بوەستینەوە.

من دەزانم ئەگەر دژی خراپە نەجەنگم و، لە خۆبەختکردن دوا بکەوم هەتا ئەو ڕادەیەی ژیانم بە قوربانی بێت، ناتوانم پەی بە خودا بەرم، هەرچەندە ئەزموونیکی کەم و سنووردارێشم هەیە وەلێ باوەڕیکی وەهام تێدا جیگیر بووە کە هەتاکو زیاتر ڕاستگۆ و ڕوونتر بم زێدەتر هەست بە نێزیکیی پەروەردگار دەکەم و، ئەوەندەی تر نێزیک دەبمەوە کاتێک ئەو باوەڕەم تەنیا پاساوێک نەبێت، وەک

هەولێری کتێب

ئەمڕۆ، وەک شاخەکانی هێمالایا پتەو بێت، سپی وەک تاجە بەفرینەی سەر لووتکەکانی.

بۆ من، خودا حەقیقەت و خۆشەویستییە، ئەو خێر و سەرچاوەی ئەخلاقە. خواوەند هیچ ترسێکی تێدا نییە، ڕووناکی و ژیان لە یەزدانەوە سەرچاوە دەگرن، سەرباری ئەمەش ئەو لەسەرەوەیەوە و لە پشتی ئەم هەموو شتانەوەیە. پەروەردگار ویژدانی خەڵکە. ئیلحادی مولحیدە (بێ بڕوای گومڕایە)... خواوەند پەیڤ و عەقڵ بەرز ڕادەگرێ... ئەو خواوەندی ئەو کەسانەیە کە ئارەزووی ئامادەبوونی ئەویان هەیە. هەروەها خودا بۆ ئەو کەسانەی لە هەوڵی ئامادەبوونی بەرجەستەیدان تەنی دەبێتەوە.

کرۆکی بێگەردیی پەروەردگارە. بۆ ئەو کەسانەی بڕوادارن و ئەو هەر ئەوە و هیچی تر، بۆ هەمووان خودا هەموو شتێکە، یەزدان لە ناخ و دەرەوە و پشتەوەشمانە... خودا بە سەبر و بەخشندەیە، لەتەک ئەمەشدا سامناکیشە. نەفامیی بڕواداران بۆ ئەو نابێتە بیانوو. لەهەمان کاتدا بەردەوام بە بەزەییە، چونکە هەمیشە هەلی تۆبەکردن دەبەخشێت لە ئەنجامدا بە دیموکراسی دەیبینینەوە. هەر بۆیە کاتێک ئەو هیچ فشارێک بەسەر ئازادییەکانماندا ناسەپێنێ، ئێمە خۆمان شوێنکەوتووی چاکە و خراپە دەبین و هەڵی دەبژێرین.

لە بەرامبەردا لە خۆی فەرمانڕەوایەکی مەزنتر نابینینەوە، زۆر جار دەست تێوەردانی هەیە بۆ ئەوەی ئەو کاسەیەمان لێ دوور بخاتەوە کە دەمانەوێت بیخۆینەوە. هەروەک دەر دەکەوێت خودا ڕێز لە هەڵبژاردنەکانمان دەگرێت و، بەشی پەراوێزێکی نەبینراومان بۆ بەجێ دێڵێ، هەتاوەکو وەڵامەکانمان تەنیا پڕ بە شادی بێت... هەر بۆیە هندۆسی لەو نیگایەوە تەماشای گەردوون دەکات کە یارییەکی خوداییە.

بۆ ئەوەی لەڕۆژگارێکدا مرۆڤ بڕوانێتە ڕۆحی حەقیقەت کە تێ دەپەڕێت بە گەردووندا تێڕوانینێکی ڕووبەڕووانە، دەبێت نزمترین بوونەوەرکانی پەروەردگاری خۆش بوێت بەئەندازەی خۆشویستنی خۆی. بۆ ئەمەش گەرەکە خۆی لە هیچ ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ژیان نەدزێتەوە. بۆیە خۆشەویستیم بۆ حەقیقەت ڕێگەی بۆ هەموارکردم بچمە ناو بواری سیاسەتەوە. بێگومان و بە خاکیبوونێکی تەواوەوە دەتوانم دووپاتی بکەمەوە ئەو کەسەی هیچ پێوەندییەک لەنێوان ئاین و سیاسەت نەبینێت گەمژەترین کەسە لەهەمبەر ئایندا.

من تەنیا خەباتگێڕیکی هەژارم کە ڕۆحم بۆ چاکە و حەقیقەتێکی کامڵ و ناتوندوتیژی جێگیر هەناسە هەڵ دەکێشێت، نەک تەنیا لە کردەوە و وتەکانم، بەڵکو هەروەها لە هزرەکانیشمدا. لەگەڵ ئەوەشدا لەم نموونە ڕاستترم نەبینی کە هیچ گومانێکی تێدا نییە، لەبەرئەوەی سەرکەوتن دژوارە، بە خۆشحاڵییەوە ڕووبەڕووی دژوارییەکانی ڕێگەکە دەبمەوە، چونکە هەنگاوەکانی بەهێزم دەکەن و، بۆ هاوێشتنی هەنگاوی داهاتوو بەهێزترم دەکەن.

خوداوەند نیشتەجێی ئاسمان یان دۆزەخ نییە، بەڵکو لە ناخی هەریەک لە ئێمەدایە. گەر من

خۆم بۆ خزمەتكردنی مرۆڤایەتی تەرخان بكەم ئەو كاتە لە ڕۆژگارێكدا، توانی بینینی یەزدانیشم دەبێت.

لەڕاستیدا پێویستە ئاین لە كردەوەكانماندا ڕەنگدانەوەی هەبێت، كەس ئەمەیان بە دەمارگیری دانەنێت، بەڵكو ئەو بوچوونە دەستەبەر دەكات كە ئێژێت بنەوا ئەخلاقییەكان حوكمی گەردوون دەكەن، وەلێ ئەگەر چی مرۆڤ ناتوانێت یەزدان بە چاوی خۆی ببینێت، كەچی مرۆڤ ئەو بنەوایانە ڕەتناكاتەوە. ئەمە ئاینی هندۆسی و، ئیسلام و، مەسیحیەت و هتد... بەرز ڕادەگرێت و بۆی نابێتە بەدیل، بەڵكو كار لەسەر هاوئاهەنگی (هارمۆنییەت) دەكات و واقعیكی تایبەتیان پێ دەبەخشێت.

هەر كاتێك مرۆڤ گەیشتە ناخی ئاینەكەی خۆی، ئەو كات لە ناخی ئاینەكانی دیكەدا خۆی دەبینێتەوە.

تاوەكۆ ئێستە چەندان ئاین بوونیان هەیە، ئێمە دەبینین هەر یەكەیان دەیەوێت خاوەن كۆمەڵێك هێما بێت و لە ئاینێكی دیكە جودا بكاتەوە. بەڵام پێویستە مرۆڤ ئەو هێما تایبەتییانە وەلا بنێ كاتێك دەبنە بتێكی پەتی، هەروەها دەبنە ئامرازێك بۆ كەمكردنەوەی پلەوپایەی ئاینەكانی دیكە.

پاش خوێندنەوە و ئەزموونێكی قووڵ لە بارەی ئەم پرسەوە ئەنجامم دا، گەیشتمە ئاكامێك، كە گشت ئاینەكان ڕاستن، هیچ كامێكیان لە هەڵە بەدەر نین. هەر یەك لەو ئاینانە بەلامەوە خۆشەویستن هاوشانی خۆشەویستیم بۆ ئاینەكەی خۆم. ئەمەش یەكسانە بەو خۆشەویستییەم كە بۆ نێزیكترین خزمانم هەمە. هیچ ڕێگەیەك نییە ڕازیم بكات بە ئاینێكی تر، چونكە من ئەوەندەی ڕێز لە بڕوای كەسانی دی دەگرم هاوتەریبی ڕێزگرتنمە لەو باوەڕەی خۆم.

پەروەردگار ئاینی جیاوازی دروست كردووە، هەروەها شوێنكەوتووانیش (مورید)ی بۆ دروست كردوە، كەواتە من چۆن وا بیر بكەمەوە كە بڕوای دراوسێكەم لە بڕوای خۆم نزمترە، بۆ هاتنە سەر ئاینەكەی خۆمی بۆ بخوازم!؟ ئەگەر من بە ڕاستی هاوڕێ و ئەسپردەیی هاوڕێتییەكەی بم، تەنیا دەتوانم پاڕانەوەی بۆ بكەم بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بگونجێت لەتەك ئاینەكەی خۆیدا. لە مەملەكەتی خوداوەند پایەگەلێك هەن و هەمووشیان پیرۆزن.

كەس بۆ ساتێكیش نەترسێت لە لاوازبوونی ئیمانی ئەگەر ڕووی لە خوێندنەوەیەكی قووڵ و شایستەی ئاینێكی دیكە كرد، چونكە فەلسەفەی هندۆسی وا دادەنێت هەموو ئاینەكان بەشێكی ڕاستی لەخۆ دەگرن. بۆیە دەبینیت ناچار دەبین بەرانبەر هەموویان ڕێز پیشان بدەین. بێگومان بڕوادار هەمان هەڵوێستی دەبێت بەرامبەر بە ئاینەكەی خۆی، وەلێ ئێمە لە ئاینەكەمان كەم نابێتەوە گەر خوێندنەوەیەك یان سەرنجێكمان هەبێت بۆ ئاینێكی دی، بەڵكو ڕێزگرتنی ئێمە گشتگیر دەبێت.

با ژیانمان بە شێوەیەك لێ بكەین كە لە بەرژەوەندییەكانمان بدوێ. باشتر لەوەی كە وتەكانمان

ئاشکرای بکات. لە هەزار و نۆ سەد ساڵەوە بۆ جارێک خودا خاچەکەی هەڵنەگرت، بگرە تاوەکو ئەمڕۆش و، هەموو ڕۆژێکیش، دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە. ئەمە دڵنەواییەکی بێئومێدانەیە خەڵکانێک کاروباریان ڕادەستی خواوەندێکی مێژوویی مردوو لە دوو هەزار ساڵەوە دەکەن. کە واتە بانگخوازی بۆ خواوەندێک مەکەن کە ساڵانێکە نەماوە، بگرە بۆ خواوەندێک هەتاوەکو ئەمڕۆ لە ناوتاندا زیندووە.

بڕوام بەو کەسانە نییە ئیمانی خۆیان بۆ کەسانی دی ئاشکرا دەکەن، بەتایبەت ئەگەر مەبەستیان وەرگەڕاندنەوەیان بێت لە ئاینەکەی خۆیان. لەبەرئەوەی ئیمان بۆ ئەوە نییە باسی لێوە بکرێت بگرە لە پێناو ژیانە، پاشان خۆی بڵاو دەبێتەوە. شارەزابوون لە کاروبارەکانی پەروەردگار لە ناو کتێبەکاندا بە دەست نایەت، بەڵکو لە ئەزموونی ژییانی کەسایەتییەکەیە. لە باشترین هەلومەرجدا، کتێبەکان تەنیا یارمەتیدەرن، زۆر جاریش دەبنە ڕێگر.

گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە هەموو ئاینە مەزنەکانی دنیا دروستن و، هاوشانی بەخشینەکانی خواوەندن کە پێمانی بەخشیوە، هەروەها هەست دەکەم خوداوەند ئەو بەخششانەی لەڕێگەی ئەو کەسانەوە بۆ ناردووین کە سرووشی (وحی) بەسەریاندا دابەزاندوە، هەر بۆیە ئەگەر توانیمان کتێبگەلی ئاینە جیاوازەکان لە نیگای خواپەرستەکان بخوێنینەوە، درک دەکەین کە هەموویان لە بنەڕەتدا لەیەک دەچن و، بەشێوەیەکی زۆر باش لەنێوان خۆیاندا تەواوکەری یەکترن.

باوەڕهێنان بە تاکانەیی خودا بەردی بناخەی هەموو ئاینەکانە. وەلێ من پێشبینی ناکەم ڕۆژانێک دابێن کە هەموو ئاینەکان ببن بەیەک. لە ڕووی تیۆرییەوە، مادام یەک پەروەردگارە هیچ بەربەرستێک نییە لە یەکگرتنییان. بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە، نەگەیشتم بەوەی کە دوو کەس هەمان تێگەیشتنیان دەربارەی خودا هەبێت، هەر لەبەر ئەمە ڕەنگە کۆمەڵێک ئاین بە گوێرەی میزاج و ڕەوشی ئاو و هەوا بوونیان هەبێت.

بەڕای من هەموو ئاینە مەزنەکانی دنیا کەم تا زۆر ڕاستن. لەبەرئەوەی خەڵک کامڵ نین و، ئەو ناکامڵییەش دەگوازرێتەوە بۆ هەموو شتێک کە بەردەستیان دەکەوێت هەر بۆیە زۆری و کەمی لە ئارادایە. سەبارەت بە کامڵبوون ئەو سیفەتە تەنیا بۆ پەروەردگار دەگەڕێتەوە نەک بۆ کەسێکی دی. مرۆڤ ناتوانێت وەسفی بکات، چونکە ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت وەرگێڕان (تەرجومە) بۆ کامڵبوون بکات. بەڵام من ئەو بڕوایەم هەیە کە هەموو مرۆڤێک توانی هەیە کامڵ بێت، بە ئەندازەی کامڵیی یەزدان. پێویستە هەر هەموومان بڕوانینە ئەو کامڵبوونە، وەلێ کە گەیشتینە ئەو حاڵەتە پیرۆزە، مەحاڵە بتوانین وەسفی بکەین. کەواتە پێویستە بە بێ لەخۆبایی بوون دان بەوەدا بنێم کە ئامۆژگارییەکانی ڤیدا و، قورئان و، ئینجیل، بەبێ جیاوازی هەموویان پەیڤی خودان بەڵام بە شێوەی ناتەواو پێڕەو دەکرێن. و لەبەرئەوەی ئێمە کامڵ نین و، هەزار حەز بە لایەک ڕامان دەکێشێت، ئەستەمە بۆ ئێمە بە تەواوەتی تێ بگەین لە پەیڤی خوداوەند.

ناتوانم بڕیار بدەم کە دەقەکانی ڤیدا* تاکە دەقن کە پەروەردگار بۆ باوەڕداران سرووشی پێ کردبێت، بەڵکو لەو بڕوایەدام هەمان سرووش لە ئینجیل و تەورات و قورئان و زەند ئاڤیستا دەر دەکەوێتەوە. بە هیچ جۆرێک ناگەمە قەناعەت کە هەر وشەیەک و هەر ئایەتێک لە کتێبەکانی هندۆس لەلایەن خواوەندەوە سرووشی پێ کراوە... ڕازی نابم بە هەستێک پێوەستم بکات لەگەڵ هەر ڕاڤەیەک لە لایەن عەقڵ و ڕەوشت ڕەت بکرێتەوە ئەگەر چی فەقێیەکانیش پشتگیریی بکەن.

هەرچییەک بێت جێگەکانی پەرستن، مزگەوتەکان یان کڵێسەکان یان پەرستگەکان بێت من جیاوازییان ناکەم، بەو پێیەی هەمووی ماڵی خواوەندن و هەر هەموویان ئیمان بنیاتی ناون، وەڵامدانەوەیە بۆ گشت ئەو کەسانەی ئارەزووی گەیشتن بە نەبینراو دەکەن.

بالاترین مەبەستی مرۆڤ درککردنە بە پەروەردگار. لەبەر ئەمە پێویست دەکات هەموو چالاکییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و، ئاینی لەسەر ڕۆشنایی ئەم مەبەستە ڕێک بخرێت و لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجە بێت. بڕوادار دەبێت ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی تایبەت خۆی بۆ خزمەتکردنی کەسانی دی تەرخان بکات، چونکە تەنیا ڕێگە بۆ بینین و دۆزینەوەی پەروەردگار لە ناو بوونەوەرەکاندایە هەتاوەکو لەگەڵیدا دەبنە یەک. ئەم کارەش ئەستەمە بکرێت مەگەر بڕوادار بە خۆ تەرخانکردن بۆ هەمووان، بەڵام سەرەتا بە ڕۆڵەی وڵاتەکەی دەست پێ بکات، چونکە من پارچەیەکم لەو گشتە (الکل) مەزنە، من ناتوانم لە دەرەوەی مرۆڤایەتی خواوەند ببینمەوە. هاونیشتیمانم خزمانی ڕاستەوخۆی منن، ئەمانیش لەوپەڕی فەرامۆشی و نەداری و شەکەتیدان، ئەگەر پێویست بکات بۆ بە هاناوەچوونیان مەحاڵ ئەنجام دەدەم. گەر من دڵنیا بم کە یەزدان لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی چیاکانی هیمالایا دەدۆزمەوە، هەنووکە ڕێگە دەگرمە بەر. وەلێ من دەزانم خوداوەند لە شوێنیکی دی نییە جگە لە ناو دڵی مرۆڤایەتیدا نەبێت.

شتێکی تراجیدییە ئەمڕۆکە ببینین ئاین هیچ واتەیەک نابەخشی جگە لە هەندێ خواردن و خواردنەوەی دیاری کراو، یان هەستێکی قبوولکردن لە نێوەندی کۆمەڵگە سەر بە چینی سەروو یان خواروو بێت. لێمگەڕێن با پێتان بێژم گەمژەییەک نییە لەمە بێماناتر بێت. پایەبەرزیی مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونی یان بە پێڕەوکردنێکی ئەسپەردانەی ئەتەکێت بەدەست نایەت، بەڵکو تەنیا فاکتەرێک بۆ دیاریکردنی پایەبەرزی لە هەڵسوکەوت و ڕەوشتدایە.

خوداوەند لەسەرەتای دروستکردنی مرۆڤەکانەوە نیشانەکانی بەرزونزمیی لە نێویاندا دروست نەکردووە. ئەگەر دەقێک هەبێت فرمان بدات بە نزمی و زەلیلیی مرۆڤ بە هۆی لەدایکبوونی، پێویستە باوەڕپیکراو نەبێت، چونکە ئەمە ڕەتکردنەوە و بە درۆخستنەوەی بوونی خوداوەندە.

لەو بڕوایەم کە هەموو ئاینە مەزنەکانی دنیا ڕاستن، ویستی خوداوەندە بەم شێوازە بێت، تاوەکو وەڵامی مەبەستەکانی بدرێتەوە و لە بەرژەوەندیی ئەو کەسانە بێت کە لە سایەیدا پەروەردە کراون. بێگومان هەرگیز ڕۆژێک نایەت بتوانین بێژین کە یەک ئاین هەیە لە گەردووندا یان وای دەربخەین

یەک ئاینی بنچینەیی لە ئارادایە. تەنانەت ئێمە لە سروشتدا نموونەی هێڵێکی ڕاست نادۆزینەوە.

ئاین تەنیا درەختێکە و لقگەلێکی هەیە. ئەگەر سەیری لقەکانی بکەین ئێژین ئاینگەلێک هەیە، بەڵام گەر بە تەنیا سەیری درەختەکە بکەین ئەو دەم دەزانین یەک ئاین هەیە و هیچی دی.

خراپە بۆچی هەیە؟ خراپە چییە؟ ئەم دوو پرسیارە سنووری عەقڵ دەبەزێنن، ئەوەندە بەسە بزانین چاکە و خراپە هەن، مادام توانی دیاریکردنیانمان هەیە، ئێمە دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرین و خۆمان بە دوور بخەینەوە لەوەی تریان. لە پێناو یەزدان، پێویستمان بە حەج، داگیرساندنی مۆمەکان، سووتاندنی بخوور یان ڕەنگکردنی خوداوەند بە فیرمیلون نییە (ماددەیەکی کیمیایی سوورکراوەیە/ وەرگێڕ). لە ڕاستیدا پەروەردگار لە دڵی هەمووماندا دەژی، هەر کاتێک بتوانین لەهەر هەستێکی جەستەیی دەرباز بین، خودا دەبینین.

گەر ئێمە ڕوئیایەکی تەواومان لە بارەی حەقیقەت هەبووایە، چیدی لە دوای پەروەردگار نەدەگەڕاین، لەبەرئەوەی لەتەک خودادا یەکانگیر دەبین، چونکە حەقیقەت خودایە. چونکە ئێمە خاوەنی ئەو ڕوئیایە نیین، کەواتە ئێمە نا کامڵین، لە ئەنجامدا وەک ئەوەی لە ئاین تێگەیشتووین، ئاین بە ناکامڵی دەمێنێتەوە، کە ئاینەکان بەردەوام لە پەرەدان. نابێت لایەنی نەرێیانەی (نیگەتیفی) ئاینەکانی دی لامان شاراوە بێت، بە هۆی ڕێزگرتنمان. هەروەها دەبێت بە تەواوەتی درک بە کەم و کوڕییەکانی ئاینەکانمان بکەین، نەک بۆ ئەوەی بیکەین بە بیانوویەک بۆ ئەوەی وازی لێ بهێنین بەڵکو لە جوانترین شێوەدا ڕاستی بکەینەوە. ئێمە ئەگەر بە بێ لایەنگیری تەماشای هەموو ئاینەکان بکەین، مانای ئەوەیە ئێمە لە پێناو دەوڵەمەندکردنی بڕوای خۆمان کەمتەرخەم نیین لە وەرگرتنی هەموو ئەوانەی شیاون لە ئاینەکانی دی، ئەمەش بەئەرکێک دادەنرێت. هەر وەک دارێک یەک قەدی هەبێت لە کاتێکدا چەندان لق و گەڵای پێوەیە، هەروەها هەمان شت سەبارەت بە ئاینیش، تەنیا یەک ئاینی حەقیقی و کامڵ هەیە، بەڵام هێشتا و چەندان جۆر و لقی هەیە، ئەمەش بەهۆی دەست تێوەردانی مرۆڤەکانە. ئاینی یەکتایی لە هەموو گوتنێک تێ دەپەڕێ. سەرباری ئەمەش دەبێت پەنا بەرینە بەر قسەکردن بۆ دەربڕین لەسەر ئەم ئاینە، بۆ زانیاری، وشە لە لایەن مرۆڤگەلێکەوە دانراوان کە هێشتا کامڵ نەبوونە و، پێشنیاز و ڕاڤەی جیاوازیان بۆ دەکرێ، ئاخۆ کامیان ڕاستترە؟ هەر یەکێک بە بۆچوونی خۆی ڕاستە، هەروەها ئەستەمیشە کە خەڵک هەموو لە هەڵەدا بێت. لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستی دەزانم مرۆڤ دەبێ لێبوردە بێت، ئەمەش واتەی ئەوە نییە کەم تەرخەم بێت بەرامبەر ئاینەکەی خۆی، بەڵکو پێویستە باشتر لە ئاینەکەی تێ بگات و بێگەردانە خۆشی بوێت. سروشتی لێبوردەیی دوورە لە دەمارگیری بە ئەندازەی دووریی جەمسەری باکور لە جەمسەری باشوور. شارەزابوون لە ئاینەکان بەشێوەیەکی قووڵ، ڕێگە دەدات بۆ لەناوبردنی بەربەستگەلێک کە ئاینەکان لێک جیا دەکاتەوە و ڕێگری لە یەکگرتنیان دەکات.

سەبارەت بە سیاسەتێک لە ئاین خاڵی بێت، ئەو سیاسەتە دەبێتە چالاکییەکی تەواو ڕیسواکەر.

پێویستە بەردەوام مرۆڤ بەرپەرچی بداتەوە. ئەگەر سیاسەت بایەخ بە خۆشگوزەرانیی گەلان بدات ئەو دەم ئاسایی دەبێتەوە خاوەن ڕۆحێکی ئاینی خۆی بۆ تەرخان بکات.

پێویستە ئەمەش ئامانجی گەڕیدە بێت کە بە دوای خودا و حەقیقەتەوە بێت، ئێژم (خودا و حەقیقەت) چونکە ئەم دوو زاراوەیە قبوولی گۆڕانکارییان هەیە، ئەگەر هەر کەسێک بەڵگەی بۆ هێنامەوە کە خودا خودایەکی درۆینەیە، یان خۆشحاڵ دەبێت بە ئازاردانی بوونەوەرەکان، زووبەزوو واز لە پەرستنی دەهێنم. هەر بۆیە لە بواری سیاسەتیشدا پێویستە مەملەکەتێکی ئاسمانی دروست بکەین.

ناتوانم لە ژیانێکی ئاینیدا بژیم بەبێ ئاوێتەبوونم لە ناو هەموو مرۆڤایەتیدا، ئەمەش بە بێ تێکەڵبوون بە ژیانی سیاسەت ناکرێت. ئەمڕۆ باگێڕی چالاکییە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی، پێکهاتەیەکی تەواو جودانەکراوە لە یەکدی، هیچ ستوونێکی جیاکەرەوە لەنێوان چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و لە نێو ئەوانەش کە ڕەنگە ئاینی بێت نەماوە. من پەی بە ئاینێک نابەم کە نامۆ بێت لە چالاکییەکانی مرۆڤ، هەموو کردەوەکانمان بنەوا ئەخلاقییەکانی لە دەست دەدات ئەگەر ئاین بەشدار نەبێت لەو چالاکییانەدا. لە ئەنجامدا شپرەزەیی و ژاوەژاو و تۆڕەیییەکی زۆر ژیانمان دەگرێتەوە و هیچی تر.

فۆرمەکان فرەن، بەڵام ئەو ڕۆحەی شێوەیەک دەبەخشێ بە هەموو شتێک یەکێکە. لەم حاڵەتەدا کەڵکی چییە، سووربوون لەسەر جیاوازیکردن لەنێوان بوونەوەرە باڵاکان و نزمەکان، لە کاتێکدا یەکەیەکی بنەڕەتیی فرەیی لەخۆ دەگرێ، کە لە سایەی خۆیدا هەموویان کۆ دەکاتەوە؟ هەر حەقیقەتێک لەتەک گشت هەنگاوێک کە دەیهاوین خۆی دەسەپێنێت و، دوا ئامانجی هەموو ئاینەکان ئەوەیە ئەم یەکە بنەڕەتییە پێک بهێنن.

لەلای خۆمەوە حەز دەکەم لەگەڵ ئەو کەسانە بم کە ئێژن (خودا خۆشەویستییە)، بەڵام لە ناخی خۆمەوە ئێژم دەشێ خودا خۆشەویستی بێت، پەروەردگار لە پلەی یەکەمدا حەقیقەتە، گەر وشەیەکی مرۆڤانە بە کاربێنم بۆ وەسفی یەزدان، لە وشەی حەقیقەت گونجاوتر نابینمەوە. لە دوو ساڵی ڕابردوودا، زیاتر هەنگاوم هاوێشتووە بۆ ئەوەی بێژم خوداوەند حەقیقەتە، شایستەیە جیاکردنەوەیەکی ورد بکرێت لەنێوان ئەم دوو ڕستەیە ئەویش (خودا حەقیقەتە) و (حەقیقەت خودایە). دوای پەنجا ساڵ لە لێکۆڵینەوەی بەردەوام و بێ وەڕسبوون لە دەربارەی حەقیقەت، گەیشتمە ئەم پوختەیە، کە ئەویش خۆشەویستی نێزیکترین ڕێگەی ڕاستەوخۆیە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت. بەڵام بوم دەرکەوت وشەی (خۆشەویستی)، لە زمانی ئینگلیزیدا ئاماژە بۆ واتاگەلێک دەکات، لەوانە مانای ئەوینییەکی سیکسیانەیە و کارێکی ڕیسوای مرۆڤ دەستنیشان دەکات، بۆم ڕوون بوویەوە خۆشەویستی بە واتەی ئاهیمسا موریدگەلێکی بە لای خۆیدا ڕانەدەکێشا. بەڵام لە هەمان کاتدا هەرگیز تێبینیم نەدەکرد وشەی (حەقیقەت) بە چەند مانایەک بێت یان جێگەی گومان

بێت، هەتاوەکو خودی مولحیدەکانیش بێ گومانن لە هێزی حەقیقەت. وەلێ ئەوان بە پەرۆشن بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت، دوودڵ نەبوون لە ڕەتکردنەوەی خودی خودا، لەم بارەوە بە بۆچوونی خۆیان ئاسایی و گونجاو بووە. هەر بۆیە دەبێژم (حەقیقەت خودایە) نەک (خودا حەقیقەتە). ئینجا نابێ کەس لە یادی بکات کە بە ناوی پەروەردگارەوە هەزاران کاری ترسناک ئەنجام دراوە و، هیچ ناوێکی لێ نەنرا. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بنێم بەوەی چەندان دانا بە ناوی حەقیقەتەوە هاوشێوەیان ئەنجام دا. لە کۆتاییدا، بە گوێرەی فەلسەفەی هندۆسی، تەنیا پەروەردگار شایستەیە بە خاوەندارێتی (کەینوونە) درووست بوون واتە حەقیقەت و هیچی تر بوونی نییە، ئیسلامیش لە لای خۆیەوە جەخت لەسەر ئەم ئایدیایە دەکاتەوە لە ئاشکراکردنی باوەڕ. ئەم ئاینە دووپاتی دەکاتەوە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کە خودا تەنیایە و خودایەکی دی بوونی نییە بێجگە لە خۆی. لە ڕاستیدا وشەی حەقیقەت لە سنسکریتی (ساتە) بە واتەیەکی تەواوتر: ئەوەی کە بوونی هەیە. هەر بۆیە پێناسەی (حەقیقەت خودایە) بە گونجاوتر دەبینم. و بۆ ئەوەی دڵنیا بم، تەنیا هۆیەک بۆ ئەو دڵنیابوونە خۆشەویستییە، واتە ناتوندوتیژیە، لەبەرئەوەی هۆ و مەبەست لە کۆتاییدا حەقیقەتێکن لەبری یەکترن، بۆیە بێگومانم لەوەی کاتێک دەبێژم کە خودا خۆشەویستییە.

حەقیقەت چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کارێکی دژوارە، وەلێ من لە لای خۆمەوە ئەم کارەم شی کردووەتەوە و ئێژم ئەو دەنگەیە کە بەئەسپایی لەناخەوە باسی ڕاستیمان بو دەکات.

بەهەرحاڵ حەقیقەت لە دڵی هەموو مرۆڤێکدایە، دڵیش ئەو شوێنەیە کە دەبێت مرۆڤ پشکنینی حەقیقەتی تێدا بکات، بەلایەنی کەمەوە ببێتە ڕێنیشاندەری، بەڵام ئێمە دەبێ ئەو مافە نەدەین بە خۆمان کەسانی دی ناچار بکەین هەڵسوکەوتیان بە گوێرەی تێڕوانینەکانی ئێمە بێت بۆ حەقیقەت. سەبارەت بە درۆ، لە نووسینەکانی مندا جێگەم بۆ نەکردووەتەوە ئەگەر چی بە ڕادەیەکی کەمیش بێت. لە ڕاستیدا دوودڵ نابم لە ڕەتکردنی دەستکەوتێک لەسەر حیسابی حەقیقەت بێت. لە لایەکی دی، قەناعەتێکی پتەوم هەیە ئاینێکی تر نییە جگە لە حەقیقەت. ڕەنگە شیاو نەبێت نووسینەکانم ڕق و کینە لە خۆ نەگرن و، کەسیش تێبینیی نەکات. ئاخۆ ئەوە هەر خۆشەویستی و حەقیقەت نییە دنیا دەژیێنێت؟ ژیان بوونی نییە ئەگەر خۆشەویستی ئامادە نەبێت. ژیان بە بێ خۆشەویستی مەرگە. خۆشەویستی و حەقیقەت دوو ڕووی دراوێکن. لەو باوەڕەدام کە بتوانین بە خۆشەویستی و حەقیقەت دنیا بە ڕووماندا والا بێت.

من تەنیا ملکەچی حەقیقەتم، ئەمەش بابەتی خۆبەختکردنمە. پێویستە بە پلەی یەکەم بە دوای حەقیقەتدا بگەڕێین، لە پاڵ حەقیقەتدا جوانی و باشیتان پێ بەخشراوە. ئەمە پوختەی حەقیقەتی ڕێنوێنییەکانی مەسیحە لەسەر چیاکە، یەسوع هونەرمەندێکی بێهاوتا بوو، چونکە حەقیقەتی بینی و زانیی چۆن ڕاڤەی بۆ بکات، هەمان شت سەبارەت بە محەمەد کە قورئانی بۆ دابەزی. هەتا ئەو ڕادەیەی ئەم کتێبە وەک پسپۆڕەکانی ئەم بوارە ئێژن بەلایەنی کەمەوە بووەتە بەرهەمێکی تەواو لە

ئەدەبی عەرەبیدا. لەبەرئەوەی مەسیح و محەمەد پێش هەموو شتێک بۆ حەقیقەت تێکۆشاون، بەهرەی دەربڕین لە لایان ئەوپەڕی سروشتی بووە. هەرچەندە هەر دووکیان نووسینێکیان نەبووە پێوەندیی بە هونەرەوە هەبێت. حەقیقەت و جوانی ئەو دوو شتەن کە من بۆیان ئەڕوانم. یەکێک لە هۆیەکانی ژیانیشمیان تێدا دەدۆزمەوە، هەروەها ئامادەشم بمرم لە پێناو ئەو نموونەیەی کە وێنایان کردووە. قورسە مرۆڤ بە وردی بڕوانێتە خودا و دەستنیشانی بکات، بەڵام حەقیقەت دیاری کراوە لە دڵی هەر یەکەماندا و نەخشێنراوە. هەموو حەقیقەت ئەوەیە کە لە ساتێکی دیاریکراودا باوەڕ بکەیت کە ئەوە حەقیقەتە، ئەو خواوەندەکەتانە. ئەگەر کەسێک ئەم حەقیقەتە ڕێژەییە بپەرستێت بە دڵنیاییەوە دەگاتە حەقیقەتێکی ڕەها، واتە دوای ماوەیەکی کەم دەگاتە پەروەردگار. من پیاوی دەوڵەت نیم بە جلوبەرگی خواپەرستێک ڕوپۆشراو بم. بەڵام لەبەرئەوەی حەقیقەت بالاترین شێوەکانی داناییە، دەشێ جاروبار کردەوەکانم لەتەک ئەرکی پیاوانی دەوڵەت گونجاو بێت. بەڵام هیواخوازم سیاسەتێکم نەبێت جگەلە لە سیاسەتی حەقیقەت و ئاهیمسا. هەتاوەکو ڕزگاربوونی وڵات و ئاینەکەشم لەسەر حسابی حەقیقەت و ئاهیمسا بێت، چونکە ڕازی نابم ڕزگاربوونیان لەسەر حسابی ئەم دووانە بێت کە ڕزگاربوونێکی دروست نابێت.

سەرەڕای زەلیلی و هەڵچوون و ئەوەی ناوی شکستی لێ دەنێین، هێشتا دەتوانم هێمنیی خۆم بپارێزم. چونکە بڕوام بە خودا و حەقیقەت زۆر لەو وردکارییە سادانە قووڵترە. هەندێ کەس بە هەزاران ڕێگە توانیویانە وەسفی پەروەردگار بکەن، بەڵام من بۆ وەسفکردنی خودا تاکە شێوازێکم پێڕەو کرد ئەویش: حەقیقەت خودایە.

بە درێژاییی تەمەنم هەرگیز شتێکم نەگوتووە کە بیرم لێ نەکردبێتەوە، چونکە بە سروشتی خۆم بە شێوەیەکی ڕاست بەرەو ئامانج هەنگاو دەنێم و، زۆر جاریش سەرکەوتوو نەبوومە لە پێگەیشتنی، من دڵنیام کە حەقیقەت زوو یان درەنگ لە خۆیەوە دەر دەکەوێت، ئەمەش بۆ چەند جارێک تاقیم کردووەتەوە.

تایبەتمەندییەتیی سادەیی و خاکیبوونم لە بەدواداگەڕانم بۆ دەستکەوتنی حەقیقەت، لە هەمان کاتدا هاوڕێیانم ئاگەدار دەکەمەوە لە سادەترین هەنگاوەکانم هەتاوەکو بتوانم بە باشی درک بە هەڵەکانم بکەم بە مەبەستی ڕاستکردنەوەیان. ئەوەتا دان دەنێم کە زۆرینەی کات لە پێشبینی و حوکمەکانمدا هەڵە بوومە... لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جارێک زیانێک نەدەکەوتەوە کە نەتوانم چارەسەرێکی بۆ بدۆزمەوە لەبەرئەوەی قبووڵی پاشەگەزبوونەوەم لە هەڵەکان هەبوو. هەڵبەت ئەوەی ڕووی دا پێچەوانە بوو، چونکە ئەو حەقیقەتەی من دەمبینی پێوەستە بە(ئاهیمسا) ناتوندوتیژییە درەوشاوەتر لە ڕابردوو بە دەرکەوت و، وڵاتیش دووچاری زیانێکی بێ چارەسەر نەبوویەوە.

من جوانی لە ناو حەقیقەتدا و لە ڕیگەی حەقیقەتیشەوە دەبینم و پەی پێ دەبەم و هەموو حەقیقەتێک، نەک تەنیا ئایدیا دروستەکان، بەڵکو لە ڕووخسارە ڕاستگۆیەکانیشدا، وێنەی پڕ لە

حەقیقەت یان ئەو سروودانەی بە جوانترین شێواز دەچڕێن، ئەمانە بابەتگەلی جوانین و، جوانییەکی مەزنیش. کەسانێکی کەم دەتوانن لە ڕێگەی حەقیقەتەوە جوانی ببینن. مرۆڤی ئاسایی زۆر جار لە حەقیقەت لا دەدات تا ڕادەیەک دەستەوەستان دەوەستێت لە ناسینەوەیان هەر کاتێک مرۆڤ بۆ یەکەم جار چاوەکانی هەست بەم حەقیقەتە دەکەن، پاشان لە ناخیەوە هونەری ڕاستگۆیی بەرز دەبێتەوە.

بەلای هونەرمەندی تەواوەوە، تەنیا ئەو ڕووخسارانە جوانن کە لە ناخی ڕۆحیانەوە حەقیقەت دەدرەوشێتەوە و جوانیی پێ دەبەخشێت، نەک ئەو ڕووخسارانەی کە لە دەرەوە بۆیە کراون. جوانیەک نییە لە دەرەوەی حەقیقەت بێت. سەرەرای ئەمەش دەکرێت حەقیقەت بە ڕوونی خۆی پیشان بدات لەو شێوانەی کە دەرەوەیان خاڵییە لە گشت جوانییەک، ئێژن سوکرات ڕاستگۆترین پیاوانی سەردەمی خۆی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن ڕووخسارێکی ناشرینی بێ هاوتا بووە، بەلای منەوە، ئەو جوان بوو چونکە بە درێژاییی تەمەنی بێوچان بۆ حەقیقەت تێدەکۆشا . لە کاتێکدا فیدیاسی هونەرمەند ڕاهاتبوو لە وەرگرتنی جوانیی دەرەکیی شتەکان. بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لەوەی کە سەرسام بێت بە جوانیی ناخی سوکرات چونکە حەقیقەتی تێدا جێگیر بوو. من بانگەشەی هیچ سیفەتێکی خوایی تایبەت بۆ خۆم ناکەم و هیچ بوونەوەرێک ناتوانێت ئەم بانگەشەیە بکات. هەروەها خاوەن بەهرەیەکی پێغەمبەرایەتیش نیم. من ئەو مرۆڤە هەژارەم بەبێ حەوانەوە هەوڵ دەدەم بۆ دەرخستنی حەقیقەت، هەر بۆیە گشت قوربانییەک هەرچەندە گەورەش بێت بەلامەوە سانا دەبێت لە پێناو ئەوەی ڕووبەڕوو خواوەند ببینم. سەرجەم ئەو چالاکییانەی ئەنجامیان دەدەم، چ کۆمەڵایەتی، سیاسی، مرۆڤایەتی، یان ئەخلاقی بێت، هەر هەمووی بەم ئاراستەیەدا دەڕۆن.

ئەوەی من دەیزانم لە ناو زەلیلترین گیانلەبەرانی خواوەنددا، خودا دەبینین. بە ئەندازەی مەزن و باڵاترین بوونەوەرە ڕێزدارەکانی، هەوڵم دا چارەنووسم لەگەڵ چارەنووسی بوونەوەرە سەرەتاییەکاندا بەش بکەم، ئەمەش ناکرێت مەگەر خۆم بۆ خزمەتی تەرخان بکەم. پاشان من چۆن دەتوانم بێبەشترین چینەکان دەستنیشان بکەم، بەبێ ئەوەی تێکەڵ بە سیاسەت نەبم؟ کەواتە من تەنیا خزمەتکارێکی خاکیی هندم و ئینجا هەموو مرۆڤایەتی. لەبەرئەوەی ناتوانم ببمە مامۆستایەک، پێویست دەکات بێ وەستان تێ بکۆشم، بە بێ ئەوەی بتوانم ڕادەیەک بۆ هەڵەکانم دابنێم. هیچ ئاینێک باڵاتر نییە لە حەقیقەت و ڕاستی. بەو تێروانینەم ئاکاری درووست بەشێکی جیانەکراو دەبێت لە ئاینێکی ڕاست. ئاین بۆ ئەخلاق وەک ئاو وایە، پێویستە بۆ تۆوە چێنراوەکانی ناخی زەوی.

من گشت باوەڕێکی ئاینی ڕەت دەکەمەوە کە هاوئاهەنگ نەبێت لەگەڵ عەقڵدا و، دژی ئەخلاق بێت. لە هەمان کاتدا چاوپۆشی دەکەم لە هەر سۆزێکی ئاینیی ناعەقلانی بەڵام ڕێگری ئەخلاق

نەبێت. هەر کاتێک بناخەی ئەخلاقی لە دەست بدەین ئاینداریتیمان کۆتاییی پێ دێت. هیچ شتێک نییە وەک فەرامۆشکردنی ئاین بۆ ئەخلاق، بۆ نموونە ئەستەمە خودا لەکن کەسێکی درۆزن و دڕندە و پیس بمێنێتەوە.

دەتوانین ویست و پاڵنەرەکانمان بۆ سەر دوو پۆل دابەش بکەین: خۆپەرستی و ئیرەیی. لە کاتێکدا ویستە خۆپەرستییەکان دژە ئەخلاقن، بەڵام سووربوون لە گەشەپێدانی خود بەمەبەستی خزمەتکردنی کەسانی دی تەبا دەبێت لەتەک ئەخلاقدا... چونکە بالاترین بنەوای ئەخلاق ئەوەیە بێ وەڕسبوون تێ بکۆشین لە پێناو خێری مرۆڤایەتیدا.

ئەگەر بۆم دەرکەوت جێبەجێکردنی یەکێک لە کردەوە ڕۆحییەکانم زەحمەتە، بێ دوودڵی دەبێت دان بنێم کە شکستێک ڕووی داوە، من باوەڕم وایە هەر کارێکی ڕۆحانی پێویستە بە مانای وشە پراکتیکی بێت.

کتێبە پیرۆزەکان ناتوانن لۆجیک و حەقیقەت ببەزینن، چونکە بوونی ئەم کتێبانە بۆ ڕوونکردنەوەی لۆجیک و دەرخستنی حەقیقەتە. نابێت ئێمە لێبوردەییمان هەبێت لە بەرامبەر هەڵەکاندا، هەتا ئەگەر کتێبە پیرۆزەکانی جیهانیش پاڵپشتیی لێ بکەن. هەڵەکان نابنە حەقیقەتێک تەنیا لەبەرئەوەی خەڵکی باوەڕیان پێ هێناوە. هەرگیز حەقیقەتیش نابێتە هەڵە ئەگەر چی کەسانێکیش پێوە پێوەست نەبن.

کەس وا نەزانی من لێرەدا جەخت دەکەمەوە لەسەر چاکەی هەموو دێرینێک، تەنیا لەبەرئەوەی دێرینە... بانگەشەی وازهێنان لە هەستی ڕەخنەگرانە ناکەم. ئەم هەستەی کە خوداوەند پێمانی بەخشیوە بۆ ئەوەی دژی هەموو لاساییەکی کۆن بێبینەوە. هەر لاساییەکی بنیاتنەر لەسەر جیاوازیی بنەواکانی ئەخلاق بە بێ دوو دڵی پێویستە وەلا بخرێت، ئەگەر چی بۆ سەردەمانێکی کۆنیش بگەڕێتەوە. ئەمە حاڵی ئەو دابونەریتانەیە کە ڕاهاتووینە پێڕەویان بکەین بەرامبەر بە نەفرین کراو و، بێوەژن یان هاوسەرگیریی منالان. ئەگەر توانم هەبوایە ئەم ڕێورەسمە ترسناکە تێکەڵ بە ئەفسانەی پڕوپووچ بووەم پووچەڵ دەکردەوە. پێم قبووڵە هەموو مرۆڤێک ڕێز لە بتێک بگرێت، هەرچەند ئەم هەستە بەلامەوە نامۆیە. بەڵام دەزانم ئەمە وەڵامدانەوەیەکە بۆ هەندێک پێداویستیی سروشتی مرۆڤ. ناخی مرۆڤ تینوویەتیی بۆ هێماکان هەیە.

ئەمە مانای ئەوە نییە پەنابردن بۆ وێنەکان (بتەکان) لە پێناو نوێژێکی بالاتر قەدەخە ناکەم. بە پێچەوانەوە من خواپەرستییەکی بێ شێوە و وێنەم پێ باشترە، چونکە هەر یەکەیان لایەنی (پۆزەتیڤی) ئەرێیانەی خۆی هەیە، بە مەرجێک بە تەواوەتی گونجاو بێت، کەواتە بەراوردکردن سەر لێشێواندنە بۆ مرۆڤ.

ژیانم پڕە لە کارکردنێکی بێوچان و بێهێلاکی، من بە خۆشحاڵییەوە بەردەوام ڕای دەپەڕێنم. خۆم بە سبەینێوە سەرقاڵ ناکەم چاوەڕوانی سبەینێ نیم چی لەگەڵ خۆی دەهێنی وا هەست

دەکەم کە وەک باڵندەیەک ئازادم. پاشان دڵنەوایی دەبینمەوە لەو بیرۆکەیە کە من بەبێ وەستان لە کۆششێکی ڕاستگۆیانەدام دژ بە حەزە مادییەکانم. من ناتوانم لە کەسانێکی وەک خۆم نیگەران بم چونکە لە کەم و کووڕییەکانی مرۆڤ بەئاگام. بۆ خۆم ڕازی نابم گیرۆدەی هەڵە دووبارەبووەکان ببمەوە، هەروەها بەهەمان شێوە بۆ ئەو کەسەی خراپە دەکات ڕازی نیم بە هیچ جۆریک دووچاری ئازار ببێتەوە، بگرە هەڵدەستم بە ڕاوانانی خراپەکە خۆی لە هەر کوێیەک بێت.

بەردەوام گەشبینم، هەرچەندە من ناتوانم هیچ بەڵگەیەک بخەمە ڕوو کە (حەق) لە کۆتاییدا سەر دەکەوێت. وەلێ ئەم سەرکەوتنە بەدەست دێت بە هۆی باوەڕی پتەومەوە و... لەم باوەرەوە سرووشم بۆ دێت و ڕێنوێنیی کردەوەکانم دەکات. ئاینی من دان بە هیچ سنوورێکدا نانێت، چونکە کەمترین بوونەوەرەکانی خواوەند تێیدا جێگەیان دەبێتەوە و، لێبوردەیی نییە بەرامبەر هەر ڕق و کینەیەک یان جیاوازیی ڕەگەز، چ تایبەت بە ڕەگەز یان ئاین، یان ڕەنگ بێت. باوەڕ ناکەم ڕۆژگارێک بێت هەموو مرۆڤایەتی لەسەر زەوین تەنیا یەک ئاینی هەبێت. ئەمەش بۆ من هاندەرێکە هەموو شتێک بکەم بۆ دۆزینەوەی فاکتەرێکی هاوبەش لەنێوان ئاینە جیاوازەکان و کەشێکی لێبوردەیی لەنێوان هەموویاندا دابین بکەم.

هەوڵنامەی کتێب

وا دەزانم مرۆڤ بۆ ئەوەی لە ئاستی ڕۆحدا بگاتە کامڵبوون، پێویستە لە هزرەکان، وتەکان و، کردەوەکانی بگاتە بێگەردی. لە ئەنجامدا، هەر گەلێک پیاوێکی لەم جۆرەی تیدا هەڵ نەکەوێت شایەنی بەزەیی پێهاتنە.

لە چاوی خوداوەند خواپەرستێک و تاوانبارێک یەکسانن، چونکە هەردووکیان لەسەر هەمان پێوەر دادگەیی دەکرێن و، هەمان هەلی گەشەسەندن یان پاشگەزبوونەوەیان بۆ ڕەخساوە. لەبەرئەوەی هەردووکیان لە ڕۆڵە و بوونەوەرەکانی پەروەردگارن و هاوشێوەی یەکترن. خواپەرستێک خۆی بەرزتر لە تاوانبارێک بگرێت شایەنی پێدانی سیفەتی پیرۆزی نییە بە هۆی لووتبەرزییەکەیەوە، لە پایەی کەم دەبێتەوە پتر لەو تاوانبارەی کە درک بە کردەوەکانی خۆی ناکات. دەبێت مرۆڤ بۆ خێری گشت خەلیقەت هەموو توانەکانی خۆی بخاتە گەڕ و، بپاڕێتەوە لە یەزدان کە یارمەتیدەری بێت. سەرەڕای ئەمەش، گەر ئارەزووی لە خێری هەمووان هەبێت بێ گومان ئەم خێرە خۆشی دەگرێتەوە. وەلێ ئەو کەسەی تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی خۆی و تیمەکەی بکاتەوە، کارێکی خۆپەرستانە ئەنجام دەدات، دوای ماوەیەکی درێژخایەن پەشیمانی دەکێشێت. پێویستە مرۆڤ جیاوازی بکات لەنێوان شتێک کە وەک چاکە خۆی بنوێنێت و لەگەڵ ئەوەی کە بەڕاستی خێرە.

ئەگەر من دکتاتۆرێک بوومایە، سوور دەبووم لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت. هۆکاری پاڵپێوەنەرم بۆ ژیان لە ئاینەوە سەرچاوە دەگرێت. ئامادەشم لە پێناویدا بمرم. بەڵام ئەم کارە ئەوپەڕی تایبەتە بە خۆمەوە، هیچ پێوەندییەکی بە دەوڵەتەوە نییە. بەلای منەوە خۆشگوزەرانی،

تەندروستی، هاتوچۆ، کاروباری دەرەوە، سەرمایە و بابەتەکانی دی تەنیا کاتییە و گۆڕەپانی کاروبارەکانی دەوڵەتن. دەوڵەت بۆی نییە بایەخ بە ئاینی من و تۆ بدات، چونکە ئەمە کارێکی تایبەت بە مرۆڤە.

من دەزانم تاوانێکی گەورەتر نییە لەوەی بێتاوانێک بە ناوی خودا بچەوسێنرێتەوە. کاتێک تێ دەفکرم لە بچووکی و لاوزایی توانەکانم لە هەمبەر ئەو کارە مەزنانەی کە پێویستە ئەنجامی بدەم، تووشی سەراسیمە دەبم بەڵام من دەزانم ئەو ئاواتە گەورانەی کە هاووڵاتییانم بە منەوە بەستوویانە، ڕێزگرتنێک نییە لە کەسایەتیی دژیەکی من، بگرە بەرجەستەبوونێکە کە بێگومان ناتەواوە. بەڵام جێگەی شایستەبوونە، لەبەر دوو تایبەتمەندیی دەگمەن ئەویش: حەقیقەت و ناتوندوتیژییە، بەڵام هۆی کامڵنەبوونی ئەم بەرجەستەبییە دەگەڕێتەوە بۆ سنووردارییی سروشتی مرۆڤایەتیم.

ئامادەم هەموو شتێک بکەم بە قوربانی وڵاتەکەم، تەنیا دوو شت نەبێت، بێگومان ئەویش حەقیقەت و ناتوندوتیژییە. بە هیچ نرخێک نایکەمە قوربانی، هەرچییەک بێت نرخیان لە جیهاندا، چونکە بە لای منەوە حەقیقەت خودایە و، هیچ کەرەستەیەک نییە بۆ دۆزینەوەی بە پێڕەوکردنی ڕێوشوێنی ناتوندوتیژی نەبێت، ڕازی نابم بە خزمەتکردنی هند لەسەر حسابی حەقیقەت یان پەروەردگار. هەر کەسێک حەقیقەت بکاتە قوربانی، لە کۆتاییدا ناپاکی لە وڵاتەکەی دەکات و دەستبەرداری کەس و کارە نێزیکەکانی و خۆشەویسترین کەس لە دڵیدا دەبێت.

## بەشی دووەم
## مەبەست و ئامراز

بە گوێرەی فەلسەفەی خۆم لە ژیان مەبەست و هۆ دوو زاراوەن دەکرێ بگوڕدرێن و لە بری یەکتر دابنرێن. دەگوترێت (ئامرازەکان لە کۆتاییدا هەر ئامرازن). وەلێ من خێرا دەڵێم، هەموو شتێک لە کوتاییدا لە ئامرازەکاندا بوونیان هەیە. بەهای مەبەستەکان لە بەهای ئامرازەکاندایە و، هیچ دیوارێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئامراز و مەبەستدا نییە لەڕاستیدا پەروەردگار ئازادییەکی کەمی پێ بەخشیوین لە بەکارهێنانی ئامرازدا، هاوکات خۆی هەموو ئامانجەکانی دیاری کردووە، ئەمەش قبووڵی هیچ هەڵاوێردییەک ناکات.

ئاهیمسا و حەقیقەت تێکەڵبوونیکی پتەویان هەیە لەگەڵ یەکدیدا بە شێوەیەک کە مەحاڵە لە یەک جیا بکرێنەوە. بە شێوەیەکی پراکتیکی لە دوو ڕووی دراوێک دەچن، یان پارچە کانزایەکی تەنک کە نەخشی لەسەر نەبێت. کەواتە، چۆن بتوانین پشتی دراوەکە لە ڕووەکەی جیا بکەینەوە؟ هەر چییەک بێت، ئاهیمسا ئامراز دەنوێنێت، لە کاتێکدا حەقیقەت بەرجەستە لە مەبەستەکاندا دەبێت. بۆ ئەوەی کەرستەکان تەنیا بە کەرەستە بمێننەوە، دەبێت لە بەردەستماندا بێت. ئاخۆ ئاهیمسا

بالاترین ئەرکەکانی ئێمە نییە؟ بە هەر حاڵ ئێمە ئەگەر بایەخ بە ئامراز بدەین دەبینین دەگەینە مەبەست، زوو یان درەنگ. هەر کە لەم خاڵە بەئاگا هاتین، دڵنیا دەبینەوە لە سەرکەوتنی کۆتایی. هەرچەندە دژوارییەکانی غەڕابوون کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە و، هەر چییەک بێت شکستە ڕواڵەتییەکانمان، کۆڵمان پێ نادات لە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا. بڕوام بە ڕێگە کورتکراوەکانی توندوتیژی نییە کە دەیگرنە بەر بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن، هەرچەندە هەندێک لە مەسەلەکان شایەنی سۆز و جێگەی پەسەندی منن، بەڵام دەمبینی بەرپەرچی ئەو ئامرازە توندوتیژانە دەدەمەوە، کە داکۆکی لەسەر دەکەم...کەواتە ناکرێت هیچ زەوینەیەک بۆ ڕێککەوتنێک لەنێوان قوتابخانەی توندوتیژی و پرنسیپەکانی مندا هەبێت... لەگەڵ ئەوەشدا من بڕوام بە ناتوندوتیژی هەیە کە نەبێتە بەربەستێک لە هاوکاریکردنم لەگەڵ گێرەشێوێنی و هەموو باوەڕپێکراوانی توندوتیژی، نا بە پێچەوانەوە، هەندێ جار هاوکاریکردن بەسەرمدا سەپێنراوە. بەڵام هاوەڵبوونی من لە کاروانەکەدا بۆ ئەو کەسانە لەبەر ئەو ئامانجەیە دەست لە هەڵەکانیان هەڵبگرن وەک ئەوەی لە منەوە دیارە و، هیچی تر، چونکە ئەزموونەکان بۆمیان سەلماندووە چاکەیەکی جاویدانە هەرگیز لە درۆ یان توندوتیژی سەرچاوە ناگرێت. ئەگەر چی بەم قەناعەتەوەم، نغرۆ دەبم لە ناو خەیاڵدا نغرۆبوونێکی ساویلکانە، دەبێت دان بەوەدا بنێم کە خەیاڵێکی دڵڕفێنە.

وەلێ گەورەترین هەڵەتان ئەو بۆچوونەیە کە هیچ پێوەندییەک لەنێوان مەبەست و ئامرازدا نابینن. ئەو هەڵەیەی کە پاڵی بە ئەنجامدانی تاوانگەلێک داوە کە لە وەسفکردن نایەت، هەتا لەلایەن خەڵکانێکیش کە بە پیاوانی ئاینی دادەنرێن. وەک ئەوەی بانگەشە بکەن بۆ ئەوەی گوڵ لە توترک بڕوێت. تەنیا کەرستە و گونجاوترین ڕێگە بۆ پەڕینەوەی ئوقیانۆس سواری کەشتییە. بەڵام گەر ویستتان لە بری کەشتی ئوتۆمبیل بەکار بێنن، ئەوە ئێوە بە زوویی دەخنکێن، بە گوێرەی قسەی نەستەق (باوەڕدار ئەو خواوەندە دەکاتە نموونەی خۆی کە دەیپەرستێت) بە لای منەوە ئامرازەکان لە (تۆو)یەک دەچن، لە کاتێکدا مەبەست وەک درەختەکەیە. کەچی ئەو پێوەندییەی کە لەنێوان مەبەست و ئامرازدا هەیە هەتا ڕادەیەک چارەنووسیە (قەدەری) هاوشانی ئەو پێوەندییە کە لەنێوان درەختەکە و تۆوەکەدا هەیە. ئەگەر من ڕازی بم کڕنۆش بۆ ئەهریمەن ببەم، ناکرێت لە دواییدا چاوەڕوانی ئەو بەرە بم کە پەروەردگار دەیبەخشێتە ئەو کەسانەی کە دەیپەرستن. ئینجا، وەک دەگوترێت بۆ نموونە (من دەمەوێت خواوەند بپەرستم، ئیدی گرینگ نییە بۆ ئەم مەبەستە پەنا بەرم بۆ ئەهریمەن). ئەمەیان نەزانین و گەمژایەتییە ئەمە کارێکی مەترسیدارە، مرۆڤ ئەوە دەدووریتەوە کە چاندوویەتی.

وشەی سۆشیالیزم پڕە لە جوانی، گەر بە هەڵەدا نەچم بە بۆچوونی خۆم لە سۆشیالیزمدا هەموو تاکەکان لە ناو کۆمەڵگەدا یەکسانن، گەورە و بچووکی تیا نییە کە کەللەسەر لە جەستەی مرۆڤدا زیاتر نییە لە ئەندامەکانی دی تەنیا لەبەرئەوەی جێگەیەکی بەرزی لە جستە داگیر کردووە. یان پێیەکان کەمتر نین، چونکە بەر زەوی دەکەون، بە گوێرەی ئەم بۆچوونە هەمان شت پێرەو

دەکرێت لەسەر ئەندامانی یەک کۆمەڵگە.

لە ڕیژیمی سۆشیالیزمدا، میر و جووتیار و، دەوڵەمەند و هەژار، خاوەن کار و کرێکار یەکسانن. بە دەستەواژە ئاینییەکان دەتوانین بێژین سۆشیالیزم چینایەتی ڕەت دەکاتەوە و ئامانجی تەواوی یەکەتی و یەکگرتنە. لە بەرامبەردا گەر سەیری کۆمەڵگە جیاوازەکانی دنیا بکەین هیچی تیا بە دی ناکەین بێجگە لە دووانەیی یان هەمەجۆرییەک بەڵام یەکەتی لە ئامادەنەبوونی دووانەییدا دەدرەوشێتەوە، بە ڕای من دەکرێت یەکەتییەکی کامڵ دروست ببێت بە بێ ئەوەی ڕێگر بێت لە دروستبوونی نموونەی سۆشیالیزمی جیاواز.

بۆ ئەوەی بگەین بەم ئامانجە دەبێت شتەکان بە فەلسەفەوە وەرنەگرین، لە ناخی خۆمانەوە نەیەژین مادام تا ئێستە دنیا نەگەیشتووەتە سۆشیالیزم پێویستە ئێمەش نەجووڵێین و، بەردەوام بین لە وتار خوێندنەوە و پێکهێنانی پارتەکان و، وەک باز بنیشینە سەر نێچیرەکانمان، بێ ئەوەی گۆڕانکارییەک لە ژیانماندا بکەین. هەڵوێستێکە هیچ پێوەندییەکی بە سۆشیالیزمەوە نییە. لەم بوارەدا، هەرچەندە ڕێگەی مەلی ڕاوکەر بگرینە بەر، ئەوەندە نێچیرەکە لێمان دوور دەکەوێتە.

بە هەرحاڵ سۆشیالیزم لەو ساتەوە لەبەر چاو ڕوون دەبێتەوە کە یەکەم باوەڕ پێکراوی دەر دەکەوێت. ئەوەندە بەسە ژمارە (یەک) لەبەر دەستمان بێت بۆ ئەوەی ژمارە (سفر) و پاشان سفرێکی دیی بۆ زیاد بکەین و، هەر جارێ و ژمارەیەکی دەقاتمان بە دەست دێت. بە پێچەوانەوە هەرگیز هیچ شتێکمان دەست ناکەوێت ئەگەر ئێمە بە سفر زنجیرەیەک ژمارە دەست پێ بکەین، ئەمەش ئەو کاتەیە کە کەسێک یەکەم هەنگاو نانێت. ئەو دەمە کارێکی هەڵەشانە ڕوو دەدات ئەگەر سفرەکان لە دیوەکەی دیدا دابنێین، بێ ئەوەی حسابێک بۆ بەفیرۆدانی کات و کاغەز بکەین.

وەک ئەوەی من دەیبینم سۆشیالیزم وەک کریستاڵ ڕوونە. لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی بگات بە مەبەستەکانی ئامرازێکی پاک و خاوین دەسەپێنێت، کەواتە ئامرازە ناپاکژەکان لە کۆتاییدا دەگاتە مەبەستە ناپاکژەکان. ناکرێت لە ڕێگەی (مەقسەڵەوە) لە خاچدان یەکسانییەکی ڕەوا بهێنینە کایەوە لەنێوان جووتیار و میر، یان خاوەن کار و کرێکار. درۆکردنیش ڕابەری خەڵک بێت بۆ حەقیقەت. تەنیا ڕێبازی ڕاستگۆیی خاوەنەکەی بەرەو حەقیقەت دەبات. لەم چوارچێوەدا، ئایا دەتوانین بێژین ناتوندوتیژی و حەقیقەت وەک دوو برای جەمگ وان؟ بێگومان نا، چونکە ناتوندوتیژی بە توندی دەبەسترێتەوە بە حەقیقەت و بە پێچەوانەشەوە بۆیە جارجار دەشوبهێندرێن بە دوو ڕووی دراوێک مادام هەردووکیان یەکەیەک دروست دەکەن و ئەستەمە لەیەکدی جیا بکرێنەوە. کەواتە بەهای پارچە دراوەکە یەکە بە هەر ڕوویەکیدا سەیر بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین نەخشەکانی هەر لایەک جیاوازە. بەڵام بۆ گەیشتن بەم یەکبوونە تەواوە پێویستمان بەبێگەردییەکی گەورە و مەزنە. هەر کە ڕۆح یان جەستە پیسییەک دایگرێت بە زوویی درۆ و توندوتیژی نیشتەجێی دەبێت.

لە ئەنجامدا، تەنیا سۆشیالیزمی بێگەرد و ناتوندوتیژە ڕاستگۆیەکان، شایستەن بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی دروست لە هند و هەموو دنیا.

بێگەردیی خود، هەرچەندە دەستەوەستانە لە پێشکێشکردنی واقعیکی بەرجەستە، بەڵام ئامرازێکی بەتوانە لای مرۆڤ بۆ چاککردنی دەوروبەرەکەی و تێپەڕاندنی قورسترین کۆسپەکان. وەلێ ڕێبازی ئەم بێگەردییە بە شێوەیەکی ورد و نەبینراو کار دەکات هەر چەندە لەسەرخۆ و ماندووکەرە، بەڵام کورتترین ڕێگەیە بۆ دەربازبوون و خێراترین و زامنترین ئامرازە. بەڵام پێویستە خاوەن باوەڕێکی پتەو بێت وەک بەرد.

## بەشی سێیەم

## ئاهیمسا یان ڕێگەی ناتوندوتیژی

ناتوندوتیژی گەورەترین هێزە لە بەردەستی مرۆڤایەتیدا بێت. ناتوندوتیژی بەهێز و بەتوانترە لە چەکێکی وێرانکار کە دەشێ لە لایەن مرۆڤەوە بەکار بهێنرێت. وێرانکردن لەگەڵ یاسای مرۆڤایەتیدا گونجاو نییە. دەبێت مرۆڤ لە ئامادەباشیدا بێت بۆ مردن گەر بیەوێت بە ئازادی بژێت، ئەگەر چی پێویستیش بێت بە دەستی خزمانی نێزیکی بکوژرێت، نەک بە ئەنقەست بکوژرێت. هەر تاوانێک، هەر چییەک بێت هۆیەکەی، بە تاوان دادەنرێت دەرهەق بە مرۆڤایەتی.

مەرجی یەکەمی ئاهیمسا ئەوەیە کە مرۆڤ ڕێز لەو یەکسانییە بگرێت کە بوونی هەیە لە جیهاندا، ئایا ئەم داواکارییە لە سەرووی سروشتی مرۆڤەوەیە؟

هەر وەک چۆن کەسێک لە ڕاهێنانی هونەری توندوتیژیدا بێت پێویستە چۆنییەتیی کوشتنیش فێر بێت، بە هەمان شێوە کەسی ناتوندوتیژیش دەبێت ئامادەباشیی هەبێت بۆ مردن. توندوتیژی بە هیچ جۆرێک لە ترس دەربازبوونی نییە بەڵکو هەوڵ دەدات بجەنگێت دژ بە ترسەکە خۆی. بەپێچەوانەی ئەمە، دبینیت ناتوندوتیژی (ئاهیمسا) لە هەموو ترسێک پارێزراوە، بۆیە پێویستە ناتوندوتیژ (ئاهیمسا) ئامادەباشی بکات بۆ قوربانییەکان هەتاوەکو لە ترس ڕزگاری بێت، چونکە نابێت لە کاتی خەباتکردنی بۆ ناتوندوتیژی بیر لەوە بکاتەوە ئایە خانووەکەی، یان سەروەتەکەی، یان ژیانی لە کیس دەچێت. ئەگەر گشت ترسەکان تێ نەپەڕێنێت، دەستەوەسان دەبێت لە پێڕەوکردنی ئاهیمسا پێڕەوییەک کە بگاتە کامڵبوون. لە ناخی خۆیەوە ترسێکی نییە جگە لە خواوەند. هەر کەسێک پەناگەی خوداوەند بێت، بەزوویی "ئاتما" (ئاتمایش بە مانای ئەو ڕۆحە دێت کە نەمرە و تاهەتایە دەمینێتەوە، واتە ئینسان چەند جارێک لەدایک دەبێتەوە و بە چەند شێوازی جیاواز تاکو کاملاً دەبێت- وەرگێڕ) دەبینێت، سنوورەکانی جەستە تێ دەپەڕێنێت، لەو کاتەدا ئێمەی پەنابردوو بۆ خودا پێوەندیمان بە جەستەوە نامێنێت. هەر بۆیە دەبینیت ڕاهێنراوەکانی توندوتیژ یا ناتوندوتیژ پەنا دەبەنە بەر تەکتیکی تەواو پێچەوانەی یەکتر. ناتوندوتیژی ئەوە نییە بە

خۆشەویستی ئەو کەسانەی کە خۆشمانیان دەوێت قایل بین، بگرە ناتوندوتیژی لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کاتێک ئەو کەسانەمان خۆش بوێ کە ڕقیان لێمانە. باش دەزانم بەجێهێنانی ئەم ڕاسپاردە مەزنەی خۆشەویستی چەند دژوارە. مەگەر ئەمە حاڵی هەموو ڕاسپاردەیەکی باش و مەزن نییە؟خۆشویستنی دوژمنەکان دژوارترین ڕاسپاردەکانە. بەڵام ئەگەر ئێمە بە ڕاستی بمانەوێت جێبەجێی بکەین ئەوە بەخشینەکانی پەروەردگارمان پێ دەگات و بۆ تێپەڕاندنی کۆسپەکان یارمەتیدەرمان دەبێت.

تێبینیم کردووە ناشرینترین کەرەستەکانی کاولکردن نەیتوانیوە بەشێوەیەکی تەواو ژیان لە ناو ببات. بە دڵنیاییەوە یاسایەکی باڵاتر هەیە لە یاسای وێرانکردن. تەنیا یاسایەکی باڵا دەتوانێ مانایەک بە ژیانم ببەخشێ و هاوئاهەنگیەکی پێویست دروست بکات. لەتەک کارکردنی میکانزمێکی کومەڵایەتی، پاشان ئەگەر ئێمە پابەند بین بەم یاسایەوە پێویست دەکات بە گوێرەی ئەم یاسایە کار بکەین. بۆ ئەوەی ژیانی ڕوژانەمان ڕێک بخات و، هەر کاتێک بەرەنگاری هەر ململانێ و بەرهەڵستیەک بوونەوە، هەوڵ بدەن بە خۆشەویستی دوژمنەکانتان ببەزێنن. بە درێژاییی ژیانم پەنام بۆ چارەسەرکردنی چەندان مەسەلە بۆ ئەم وەسیلەیە بردووە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هەموو دژوارییەکان بەم شێوەیە چارەسەر کراون. بەڵام دەبینم یاسای خۆشەویستی کاریگەرترە لە دەنگی توندوتیژی. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ نموونە کە من ناتوانم تووڕە بم، بگرە زۆر جار سەرکەوتووانە توانیومە دان بە خۆدا بگرم، لەبەرئەوەی زۆر جار دەسپێشخەریم هەبووە لە کارەکان و بە شێوەی هۆشیارانە هەڵسوکەوتم کردووە، کە بەردەوام ئەسپەردە بم. سەبارەت بە پێداویستیی ململانە ناوەخۆییەکان بە بەردەوامی، هەرچەند خۆم بۆ بەرژەوەندی ئەم ڕێبازە تەرخان بکەم، ئەوەندە زیاتر دڵخۆشتر دەبم بە ژیان. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەو یاسایانەی باسمان لێوە کرد گونجاوترن بۆ پێکهاتەی گەردوون، ئینجا من ئاشتی و مانا نهێنییەکانی سروشتی تیا دەدۆزمەوە کە بەرهەڵستی (تەحدا)ی هەموو وەسف کردنێک دەکات.

کاتی ناسین و فێربوونم بۆ ساتیاگراها، بۆم ڕوون بووەوە مرۆڤ ئەگەر بیەوێت بگاتە حەقیقەت دەبێت هەڵەی دوژمنەکەی چاک بکاتەوە بە هۆگری و باشە لە بری پەنابردنە بەر هێز. ڕەنگە مرۆڤ شتێک بە ڕاست دابنێت، بەڵام لای کەسانی دی بە هەڵە بێتە بەرچاو، سەرەڕای ئەمەش دەبێت مرۆڤ کاری ئەم سەبرگرتنە قبووڵ بکات بە هەموو نارەحەتییەکانەوە. بۆیە پێویستە مرۆڤ حەقیقەت لەڕیگەی ئەو ئازارانەوە بناسێتەوە کە بەسەر خۆیدا سەپێنراون نەوەک لەڕیگەی ئەو ئازارانەوە کە بۆ ئەوانی تر دروستی دەکات.

لەم سەردەمە پڕ لە داهێنانی سەرسووڕێنەدا کەسێک ناتوانێ بێژێت ئەم شتە یان ئەم هزرە بێ سوودە، چونکە تەنیا لەبەرئەوەی نوێیە. یان بگوترێت بڕۆژەیەکی ئەستەمە چونکە جێبەجێکردنی

سەختە. ئەم وتەیە لەگەڵ گیانی سەردەمدا شیاو نییە. ئێمە ڕۆژانە بەردەوام کارگەلێک جێبەجێ دەکەین، هەتاوەکو دوێنێ ئەستەم بوو خەیاڵی پێوە بکەین. کەچی دەبینین شتە ئەستەمەکان گۆڕاون بۆ شتانێک کە دەتوانرێت ئەنجام بدرێن. بەڵام داهێنراوە نوێیەکان لە بواری توندوتیژیدا لە ئەوپەڕی سەرسووڕماندان. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە دەبێت لە میتۆدی ناتوندوتیژیدا داهێنانی مەزنترمان هەبێت.

پێویستە جیاوازی لەنێوان مرۆڤ و کردەوەکانی بکەین و، کارێک کە دەتوانین وێنای بکەین کە مرۆڤ بەرهەڵستیی ڕیژیمەکەی بکات و هێرشی بکاتە سەر. بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرهەڵستکار خۆی دووچاری ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕیژیمە بکات، ئەمە مانای ئەوەیە مرۆڤ بە ویستی خۆی ململانێیەک دژی خۆی هەڵدەگیرسێنێت. ئەدی یەزدان وەک یەک دروستمانی نەکردووە؟ هەموومان ڕۆڵەی یەک خوڵقێنەر نین؟ مادام ئێمە وا بین، بۆ چی زاتی ئەوەمان نییە دووپاتی بکەینەوە کە تواناکانی خواوەندمان تێدا هەیە؟ کەواتە، توندوتیژیی مرۆڤێک بەرانبەر بە بوونەوەرێکی مرۆڤانە مانای ڕێزنەگرتنە لە ئەم توانا خواوەندییانەی ناخمان و ئازار گەیاندنە نەک تەنیا بەم دوژمنە، بەڵکو بەم شێوازە بە هەموو مرۆڤایەتی.

ناتوندوتیژی پرنسیپێکی جیهانییە، تەنانەت لە حاڵەتی ململانێشدا دەبێت سەر بکەوێت. لەبەرئەوەی کاریگەرییەکەی بەوە پێوانە دەکرێت کە چەند لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەوروبەری ململانێکار خۆڕاگرە. بەهەر حاڵ ناتوندوتیژی بێ مانا دەبێت گەر سەرکەوتنەکەی لە ژێر کونترۆڵی دەسەڵاتە فەرمانڕەواکاندا بێت.

هەندێ لە هاوڕییانم پێیان وتم کە حەقیقەت و ناتوندوتیژی لە ناو سیاسەت و یان هەر کاروبارێکی دنیاییی تردا جێگەی نابێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە ڕای من نییە. من ئەم ئامرازانە بەکار ناهێنم بۆ زامنکردنی ڕزگار بوونی خۆم، بەڵکو هەوڵ دەدەم لە هەموو بۆنەکاندا کە دووچارم دەبێتەوە لە ژیانی ڕۆژانەمدا سوود بەخش بێت. ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی ناتوندوتیژ بێت، بە ستەمە کۆمەڵایەتییەکان ڕازی نابێت.

بەرگریکردنەکی ئاشتیخوازانە بوار بە خەباتگێڕی ئاهیمسای دەدات کە بەرگرییەکی ڕاستەوخۆ بکات لە هەموو مافێکی هەڕەشە لێکراوی، ئەمەش هەر هەموو ناڕەحەتییەکانی ئەم بەرگرییە لەئەستۆی خۆی دەگرێت. کەواتە ڕێگەیەکی تەواو پێچەوانەی بەرگریی چەکدارە، کاتێک ویژدانم ڕازی نەبێت بە کارێکی قێزەوەن ئەو کات هێزی ڕۆح لە ناخمدا بانگهێشت دەکەم. لە بەرامبەردا، ئەگەر پەنام بردە بەر هێز بۆ پووچەڵکردنی یاسایەک پێوەست بە بەرژەوەندییەکانم بێت دەبینی هێزی بازوو بەکار دێنم. و بە پێچەوانەی ئەوە، گەر ملکەچی یاسایەک نەبم، ئەو کات ڕازیم هەموو دەرەنجامەکانی لە ئەستۆ بگرم، ئەو دەمە هێزی ڕۆح دەخەمە گەڕ، ئەمەش خود دەکاتە قوربانی، هەموو خەڵکی دان بەوەدا دەنێن کە قوربانیکردنی مرۆڤ بە خۆی زۆر

جوامێرانەترە لە قوربانیکردن بە کەسانی دی. تایبەتمەندیی ناتوندوتیژی لە خەباتکردن دژ بە ئەستەمەکان لەوەدایە کەس دووچاری ئازار نابێت جگە لەو کەسەی بەکاری دەهێنێت. لەم ڕێگەیەدا خەباتگێڕانی ناتوندوتیژ هەندێک هەڵەیان ئەنجام داوە، بەڵام ئەو جۆرە هەڵانە ئازاری بە کەسانی دی نەگەیاند. لە پێش خەڵکانێکدا کاریان ئەنجام دەدا بەڵام بەزوویی بۆیان دەردەکەوت کە هەڵەیە، مرۆڤ ناتوانێت دڵنیا بێت و بانگەشە بکات ئەم کارە درووستە یان هەڵەیە، چونکە ئەمە ڕای ئەوە لە بەرامبەردا، دەبێت واز لەو کارانە بهێنیت کە بە ستەم دایدەنێت، هەر چییەک بێت ئاکامەکانی ئەو وازهێنانە، بێ گومان ئەمە هەنگاوی یەکەمە و ئەو کلیلەیە دەرگە دەکاتەوە لە بەردەم بەکارهێنانی هێزی ڕۆح.

بە دڵنیاییەوە، دەتوانین بڵێین، کە هیچ یاخیبوونێکی ناتوندوتیژی لە مێژوودا ڕووی نەداوە و نموونەیەکیش سەبارەت بەمە لە بەردەستدا نییە. بەڵێ بەپەرۆشم یەک نموونە لەم بارەوە بهێنمەوە و خەون ببینم وڵاتەکەم لە ڕێگەی ناتوندوتیژییەوە سەربەخۆیی خۆی بەدەست دەهێنێت. ئەوەتا من ئامادەم ئەمە سەدان جار دووبارە بکەمەوە هەتاوەکو دنیا هەمووی پەی پێ دەبات. و لە پێناو ئەم خاڵەدا دەبینم گرێدراوی پرسی ناتوندتیژی دەبم، کوشتنی خۆمم پێ باشترە لەوەی ناپاکیی لەتەکدا بکەم. بۆیە ئێژم، هەرگیز بۆچوونی حەقیقەت لە یاد ناکەم. لەڕاستیدا تەنیا ناتوندوتیژی ڕێگە دەدات بە حەقیقەت کە شرۆڤەی خۆی بکات. لە زنجیرە کۆکراوەکانی ئەزموونی ئەم سی ساڵەی دواییدا، ساڵانی هەشتەمی سەرەتام لە ئەفریقیای باشوور، بۆمیان سەلماند کە داهاتووی هند و دنیا بەندە لەسەر پێڕەوکردنی ناتوندوتیژی، چونکە ناتوندوتیژی ئەو ئامرازەیە کە کەمترین زیان و کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ داکۆکیکردن لە مافی هەموو چەوساوەکان و مامەڵەکارانی سیاسەت و ئابووری بۆ بەجێهێنانی. لەبەرئەوەی ئاهیمسا تەنیا ئەو ڕۆڵە نابینێت کە پاکژی و ئاشتی بو خودی تاکەکان لە ناو خۆیاندا دروست بکات، بەڵکو یاسایەکی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییە بۆ ژیانێکی شیاو کە ڕێز و هەیبەتی مرۆڤی تێدا دەستەبەر بکات. و پەرە بدات بە پێشکەوتنی مەسەلەی ئاشتی، بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی مرۆڤایەتیدا.

هەتاوەکو ساڵی ١٩٠٦ پشتم بە توانی عەقڵ بەستبوو. لەو کاتەدا چالاکی چاکسازی بووم و، لەوپەڕی چالاکیدا بووم. بەڵام پابەندبوونم وای لێ کردم تەنیا خودی حەقیقەتەکان بخوێنمەوە، لە هەر شیکردنەوەیەک بۆ هەر هەڵوێستێک. بەڵام لە دواییدا بەئاگا هاتمەوە، کە هێزی عەقڵ شکستی هێناوە و بێ کەڵکە. کاتێک لە ئەفریقیای باشوور ڕووبەڕووی بارودۆخێکی لەوپەری ناسکیدا بوو. هاووڵاتییانم خۆیان لە دۆخێکی نیگەرانی و هەڵچووندا بینییەوە، هەر وەک چۆن بەسەر کرمێکی زەویدا ڕوو دەدات کە ڕۆژگارێک قیت دەبێتەوە، چونکە کاتی تۆڵەسەندن هاتە پێشەوە. دەست دەکەن بە تێکدانی هەموو شتێک. لەو کاتەدا من دەبوایە یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوەی کە پێک بێم لەتەک توندوتیژی و، یان میتودێکی دی ببینمەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە و ئەگەری ڕوودانی قەسابخانەیەک دوور بخەمەوە لە خەڵک و کۆمەڵگە. ئەو کات هزرێک بە بیرمدا

هات ئەویش پێویستە ئێمە ملکەچی کارگێڕییەکی ڕیسواکەر نەبین و ڕێگەش بە دەسەڵات بدەین بمانخاتە زیندانەوە، گەر ئەمەی پێ خۆش بوو. ئەم کارە پێویستی بە ئامادەباشی هەبوو زیاتر لەوەی کە جەنگ پێویستی پێیە. ئەو دەمەی من هێشتان گرینگیم بە لایەنگیریی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا دەدا، چونکە بۆچوونم وا بوو لە کۆتاییدا ئەمە ڕزگاربوونی هند و دنیای تێدایە. بە ماوەیەکی دوور لە ڕەشبگیری گشتی گەیشتمە بەریتانیا، لە پڕێکدا خۆمم لە ناو گەرمەی شەڕدا بینییەوە. بەڵام بە هۆی ئەو نەخۆشییەی کە تووشم هات ناچار بووم بۆ هند بگەڕێمەوە. ئا لێرەدا بڕیارم دا هەڵمەتێکی فرەوان بەرپا بکەم بە ئامانجی ئەوەی هاوولاتییانم بێنە پاڵ ڕیزی سوپای بەریتانیا. بەمەش ژیانی خۆم خستە مەترسییەوە، ئەوەی دەمکرد و دەستم پێ کردبوو هەندێ لە هاوڕێیانمی تۆقاند. لە ساڵی ١٩١٩ دوای دەرچوونی یاسای (کاری ڕەشی ڕواڵت(١)) و ڕەتکردنەوەی حکوومەت کە کارێک بکات بۆ چارەسەرکردنی ستەمەکان کە بوونەتە هۆکاری قوربانی، تووشی شکست بووین. لەو کاتەوە واتە ساڵی ١٩٢٠ دەبوایە هەڵویستێکی ئۆپۆسیوزیانە وەربگرم و، زیاتر قەناعەتم کرد تەنیا عەقڵ بەس نییە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی گەل. بەڵکو دەتوانیت هەندێک سەرکەوتن بەدەست بهێنیت تەنیا بە چەشتنی ئازارەکان، چونکە ئازار یاسای مرۆڤە، لە کاتێکدا جەنگ یاسای جەنگەڵە. بەڵام ئازارەکان تا ڕادەیەک بە هێزترن لە یاسای جەنگەڵ بۆ ڕێنوێنیی دوژمن و کرانەوەی گوێچکەکانی. ڕەنگە گوێبیستی دەنگی عەقڵ نەبێت. هەرچەندە ژمارەی سکالانامە دۆڕاوەکانی من زۆرن، وەلێ کەسانی تر نەیانتوانی هاوشێوەی من سکالانامەیەک دابڕێژن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینیت گەیشتمە ئەم ئاکامە بنەڕەتییە ئەویش تەنیا عەقڵ بەس نییە بۆ ڕازیکردنی کەسانی دی، پێویستە دڵی خاوەن کەیسەکە و داواکار ببزوێنیت، پاشان پەنا بەرینە بەر هێزی ئازار. ئەمە تاکە ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە جۆرێکی نوێ کە لە ناخی مرۆڤ سەرچاوە بگرێت. ئەویش ئازارە مرۆڤ بڕازێنێتەوە و لە پایەی بەرز بکاتەوە، نەک شمشێر.

ناتوندوتیژی ئامرازێکە لە بەردەستی هەمووانە: چ منداڵ، یان هەرزەکار، یان پێگەیشتوو بێت، بە مەرجێک باوەڕێکی ڕاستەقینەیان بە خوای خۆشەویستی هەبێت، لەم باوەڕبوونە خۆشەویستییەکی یەکسان لەنێوان هەمووان وەربگرن... ئەگەر ناتوندوتیژی بە یاسای ژیان دابنێین. باشتر وایە کاریگەر بێت بەسەر بوونەوەر بەگشتی نەک تەنیا هەندێ کرداری گۆشەگیرانە.

ئەگەر بمانەوێت ناتوندوتیژ بین، پێویست دەکات زەوییەکی زیاترمان نەبێت لەوەی کە هەژارەکانی دنیا هەیانە.

هەر کە مرۆڤ پرنسیپی ناتوندوتیژیی پێڕەو کرد، پێویستە دوور بێت لە هەر شێوازێکی قۆرخکردن. بەرهەڵستیکردنی جەنگ بۆ ئەوە نییە ڕێگر بم و نەهێڵم ئارەزوومەندانی جەنگ بەشداریی تێدا بکەن، بەڵکو هەوڵ دەدەم بیر لەو کارە بکەنەوە. کارم ئەوەیە چەمکەکان بە باشی

بخەمە ڕوو، پاشان دەستبەردارییان بم خۆیان بڕیار بدەن. حەز دەکەم بە ڕەخنەگرانم بێژم، بریا بەشدارییان لەگەڵ دەکردم لە هەندێک لەو ئازارانەی کە دووچاری هند و دنیا دەبنەوە، چ لە دەرەنجامی شەڕەکان بێت یان نا. ناتوانم بە کەمتەرخەمییەوە سەیری ئەم قەسابخانە ترسناکە بکەم، کە لە فرەوانیدایە کارێکی ئابڕۆبەرە خەڵکی پەنا دەباتە بەر ئاوا قەسابخانەیەک کە پێی دەوترێت جەنگ، بە دڵنیاییەوە چارەسەرێکی دی هەیە بۆ کێشەکان. هەتاوەکو جەستەمان بوونی هەبێت. بە شێوەیەکی تەواو هەر دەستاوەسانین بۆ ئەوەی ناتوندوتیژ بین.

ڕەنگە خاپوورکردنی ژیانێک ئەرکێک بێت بۆ بەرداومبوونی مرۆڤایەتی. بۆ نموونە، پێویستە ژیانێک وێران بکەین بۆ بەردەوامبوونی ژیانی خۆمان، ئەگەر بمانەوێت خۆراک، سەوزەوات و هی دیکەش بەدەست بهێنین لەبەر هۆکاری تەندروستی دەبینین بە دەرمانەکانی قەڵاچۆکردن میکرۆبەکان دەکوژین... هتد. هیچ هەستێک بە گوناهباری ناکەین بەرامبەر بە ئاین...ڕەنگە گیانلەبەرێکی دڕەندەش بکوژین کە هێرش بکاتە سەر مرۆڤێک... جارجاریش ناچارین مرۆڤیک بکۆژین. با حاڵەتی (مۆتۆڕی دێوانە) بە نموونەیەک وەربگرین کە پیاوێکە بە شمشێرەکەیەوە شێتانە ڕا دەکات و هەر کەسێک بێتە سەر ڕێگەی دەیکوژێت... ئیدی کەس نەیدەوێرا بە زیندوویی دیلی بکات. هەر کەسێک گەمژەیەک (گەلحۆ)یەک چاک بکاتەوە سوپاسگوزاریی کۆمەڵگە بەدەست دێنێت و بە پیاوچاک دادەنرێت، چونکە ئەم خزمەتەی پێشکێش کردووە.

شایەنی ئاماژە پێکردنە خەڵکێک بە ڕەمەک زیاتر لە بۆنەیەک دەست بە کوشتنی بوونەوەرێکی زیندوو دەکات. بۆ نموونە کەسانێک پێشنیاز دەکەن سەگە هارەکان زیندانی بکرێن و لە جێگەیەک بە جێماوی بمێنن هەتاوەکو لەسەرخۆ دەمرن. بەڵام ئەم پێشنیازە دژی بۆچوونەکانی منە لە کارکردندا، چونکە ناتوانم ئاژەڵێک ببینم هێدی هێدی ئازاری مردن دەکێشێت ئەگەر بۆ یەک ساتیش بێت، بەبێ ئەوەی کەسێک فریادڕەسی بێت. من مرۆڤێک ناکوژم، چونکە ئومێدم بە هەندێ داو و دەرمان هەیە. لە بەرامبەردا، لە حاڵەتێکی وەهادا سەگەکە دەگوژم لەبەر نەبوونی چارەسەر، هەر بۆیە دەبێتە ئەرکێک لەسەر شانم کۆتایی بە ژیانیان بێنم. ئەگەر کوڕەکەشم تووشی هاری بوو بێت، ڕێگەچارەیەک نەبێ لە ئازاری کەم بکاتەوە ئەرکی من ئەوەیە سنوورێک بۆ ژیانی دابنێم. چارەنووسیش سنووردارە. نابێت مرۆڤ خۆی بداتە دەستی چارەنووس (قەدەر) مەگەر خۆی یارمەتیی خۆی بدات. ڕەنگە تاکە چارەسەرێک بۆ کەسێک لەسەرەمەرگدا بێت، لە لایەن کەسانی فریادڕەسەوە سنوورێک بۆ ژیانی دابنرێت.

لایەنێکی پۆزەتیڤی (ئەرێیانە) ئاهیمسا کە گەورەترین خۆشەویستی و مەزنترین چاکەی تەواوی هەیە. گەر من لە پێڕەوانی ناتوندوتیژی بم، وەک ئەرکێک دەبێت دوژمنەکەم خۆش بوێت. دەبێت هەمان ڕێبازم هەبێت بەرامبەر بە خراپەکار، ئەگەر خراپەکار دوژمنێکی نامۆ بێت یان لە خێزانەکەم ئەگەر خودی کوڕەکەشم بێت. بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی کاریگەر بێت، پێویستی بە

نەبەزی و ڕێزگرتنی حەقیقەت هەیە. لە ڕاستیدا کەسی ناتوندوتیژ ناتوانێت بترسێت لەوەی کە خۆشی ئەوێیت و بیترسێنیت. لەو خەڵاتانەی کە پێمان بەخشراوە خەڵاتی ژیانە، بێ گومان مەزنترین و بەبەهاترینیانە. و هەر کەسێکیش قوربانی بەم خەڵاتە بدات، هیچ بیانوویەکی دوژمنایەتی ناهێڵێت، ڕێگەی زامن ئەو تێگەیشتنەیە کە دەبێت لە پێش دوژمن والاّ بکرێت و ڕێگەیەک بۆ ڕێککەوتنێکی بەجێ بدۆزرێتەوە لەنێوان ململانێیەکان، کەس ناتوانێت ئەم گەنجینەیە کە (ژیانە) ببەخشێت، ئەگەر ملکەچی ترس بێت. ئەستەمە لەیەک کاتدا مرۆڤ ترسنۆک و ناتوندوتیژ بێت، چونکە ئاهیمسا هاوەڵی ئازایەتیەکی نموونەییە.

خۆشەویستی مەزنترین و خاکیبوونترین هێزە لە دنیادا.

پێویستە پێش هاتنی ڕۆژێک لە نارەحەتی و تورەیی و کینە، دڵڕەقی و نەفامی ون بێت.

ناتوندوتیژی حوکم ناکات بەوەی دەست هەڵبگریت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێیەکان دژی خراپە. بەڵکو پێچەوانەی ئەمە دەبینم، ناتوندوتیژی شێوەیەکی ئەکتیڤ و ڕاستگۆیانەیە لە شێوەکانی خەباتگێڕی، زیاتر لە یاسای تۆڵەسەندنەوە کە خراپەکاری زیاتر دەکات. لەڕکابەرییەکانمدا بۆ هەموو نامۆراڵییەک، پێویستە پەنا بۆ چەکە مۆراڵییەکان و ڕۆحییەکان بەرم. هەوڵ نادەم کە زاڵبم بەسەر چەکی تاغووتێک بە چەکێکی تیژتر و بەهێزتر، بەڵکو تێ دەکۆشم بۆ نەهێشتنی بڵێسەی ناکۆکی و دەرفەتێک نەبەخشم بە دوژمن بەرهەڵستیی جەستەیی بکات، لە ئەنجامدا پێویستە دوژمن هەست بە هەیبەت و ڕێز بکات بەرامبەر بە هێزی ڕۆح. لە سەرەتاوە تووشی دڵەڕاوکێی دەبێت، ئینجا ناچارە دان بەوەدا بنێت کە بەرهەڵستیی ڕۆح بەزێنەر نییە. ئەگەر دانی بەمەدا نا لەم جەنگەدا بەبێ زەلیلی دەردەچێت. ڕەنگە هەرچییەک لەم بارەوە بخرێتە ڕوو وەک چارەسەرێکی نموونەییە. ئەمەش بە تەواوەتی دروستە، چونکە ئێمەش هەوڵ دەدەین بۆ چارەسەرێک کە نموونەیی بێت، یاسای ژیانێکی هەمەلایەنەی لێبوردەیی پێوەستە بە ئاهیمساوە. ئێمەش بە بەردەوامی دووچاری دژیەکییەک دەبینەوە. پەندێکی باو هەیە کە دەبێژێت "ژیان هێشتا زیندووە لە ناو ژیاندا" ئەمە مانایەکی قووڵی هەیە. مرۆڤ بۆ یەک سات ناتوانێت بژی بێ ئەوەی توندوتیژییەکی جەستەیی ئەنجام نەدات. بەئاگا یان بەبێ ئاگا بێت. بەهەر حاڵ مرۆڤ تەنیا بۆ ئەوەی بژی و، بخوات و، بخواتەوە و، بجووڵێت، بە دڵنیایی هەندێک لە لایەنەکانی ژیان ڕووبەڕووی وێرانکاری دەبێتەوە، ئەگەر بەڕادەیەکی کەمیش بێت. ئەمەش نابێتە ڕێگر لە بەردەم ناتوندوتیژی بۆ ئەوەی پرنسیپەکانی بە ڕاستگۆیانە بمێننەوە، ئەگەر کردارەکان مۆرکی دڵدانەوە و میهرەبانی وەربگرن، بەردەوام تێ بکۆشین بۆ پاراستن و دوورخستنەوەی بچووکترین بوونەوەر لە ئازار و هەروەها ڕزگارکردنیان، بەم شێوازە بەردەوام دەبێت و پەرە دەسێنێت لە ناو گەردەلوولی توندوتیژانەدا.

لەبەرئەوەی ئاهیمسا لەسەر یەکگرتنی هەموو ژیان وەستاوە، هەر هەڵەیەک مرۆڤێک ئەنجامی

بدات کاریگەرییەکەی لەسەر هەمووان دەبێت، لەو ساتەوە کەس ناتوانێت لافی ئازادبوون لە تەواوی توندوتیژییەکان لێ بدات. بۆئەوەی مرۆڤ بەردەوام لەناو کۆمەڵگەکەیدا بژی ناتوانێت پشکدار نەبێت لەتەک هەندێک لە شێوەکانی توندوتیژی. لە کاتێک گەل جەنگێ بەرپا دەکات دژ بەگەلێکی تر. لێرەدا کاری ناتوندوتیژی ئەوەیە هەموو هەوڵێک بخاتە گەڕ بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەو ململانە بەرپاکراوە. بەڵام ئەو کەسەی هەست بکات ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، یان بەرامبەر بەم جەنگە هیچی پێ ناکرێت، ڕەنگە ناچاریش بێت بەشداری لەو جەنگەدا بکات، بەڵام لە گانگەی دڵیەوە دەپارێتەوە بۆ ئەوەی خۆی و گەلەکەی و سەرجەمی دنیا ڕزگاری بێت. بە بۆچوونی ئاهیمسا جیاوازی لەنێوان جەنگاوەر و ناجەنگاوەر ناکرێت. هەر کەسێک لە خزمەتی باندێکی دز و جەردەدا بێت، تاوانەکەی یەکسانە بە تاوانی هەموو تاکەکانی باندەکە ئەگەر بارهەڵگر، یان پاسەوان، یان برینپێچێک بێت، هەر بەم شێوازەش بڕوات ئەو کەسانە کە تەنیا تیماری برینداڕەکان دەکەن بە تەواوەتی بێ تاوان نین.

مەسەلەکە زۆر وردە، سەبارەت بەمە ڕای جیاواز هەیە، هەر بۆیە ویستم وتووێژەکان بخەمە ڕوو و، بە گوێرەی توانا ڕوونی بکەمەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی باوەڕ بە ئاهیمسا دەکەن و هەوڵی دەربازبوونی دەدەن لە هەموو بۆنەیەکدا، کە پیاوی حەقیقەت پێویست نییە بە بەردەوامی کار بکات بە پێی باو و نەریت، چونکە پێویستە ئامادەیی هەبێت وەک چاکسازێکەر هەڵسوکەوت بکات، ئەگەر بۆی دەرکەوت هەڵەیەکی ئەنجام داوە پێویستە لە پێش هەمووانداا دانی پێدا بنێت، هەرچییەک بێت دەرئەنجامەکانی، هەموو هەوڵێکی بخاتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئاکامەکان.

مرۆڤ ناتوانێت ناتوندوتیژ بێت ئەگەر هەڵخەڵەتێنەر بێت و لە بوارەکانی کارکردن و کاردا مایەپووچی بکات، ئەو باوەڕەی هەبێت کە دەسەڵاتی هەیە بۆ کوشتنی قەسابێک و یاخۆ گومان بکات پیاوێکی دەوڵەت لە کار بخات، بەمەش خزمەتێکی گەورەی وڵاتەکەی دەکات. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا دەبینیت مرۆڤ لەژێر کارتێکردنی کینە و نامەردی و ترسدایە. من بەرهەڵستیی توندوتیژی دەکەم چونکە ئەو دیاردانەی کە وەک چاکەیەک دەر دەکەون کاتییە، بەڵکو پاشماوەی خراپەکارییەکانی ئەم توندوتیژییە بەردەوامەن. هەتاوەکو ئەگەر دەستمان بە کوشتنی هەموو ئینگلیزەکان کرد، کەچی هیچ سوودێکی بۆ هند نابێت. کوشتنی دواکەسی ئینگلیز یارمەتیی ملیۆنان کەس نادات بەسەر نەهامەتییەکانی تردا زاڵ بن، چونکە بەرپرسیاریەتیی ئەم بارودۆخەی ئێستەمان لە ئەستۆی خۆماندایە نەک ئینگلیز. ئینگلیزەکان ناتوانن هیچ خراپەیەک لە بەرامبەر ئێمەدا ئەنجام بدەن ئەگەر ئێمە بۆ خومان چاک بین. ئا لەم ڕوانگەیەوە سوورم لەسەر ئەوەی کە پێویستە خومان چاک بکەین.

دەزوویەکی باریک هەیە لەنێوان توندوتیژییەک کە مەبەستی نەهێشتنی دەسەڵاتی بیانی بێت و ئەوەی دژی هاووڵاتییانمان پێڕەو دەکرێت، کە وا دەر دەکەوێت کۆسپن لەبەردەم پێشکەوتنی وڵاتدا. پێویست ناکات پەنا بەرینە بەر فەلسەفەیەکی ناتوندوتیژ یان لە دەرەنجامەکانی توندوتیژی

هەواڵی ئەمیر

بیر بکەینەوە. لە ڕێگەی خوێندنەوەی مێژووی وڵاتان، پێویست بە بلیمەتی ناکات بۆ ئەوەی مرۆڤ ببینێت کە ئێمە هێزێکی توند بەکار دەهێنین بۆ ئەوەی کۆمەڵگەمان لەو ستەمەی بەدەستیەوە دەناڵێت ڕزگاری بێت، وەکو ئەوە وایە ئێمە ئاستەنگێکی دی بۆ ئاستەنگەکانی خۆمان زیاد بکەین.

ناتوانم لەتەک توندوتیژییەکی ڕێکخراوی حکوومەتدا کار بکەم هەر بۆیە پێوەندیش ناکەم بە توندوتیژییەکی ناڕێکخراو کە لە گەلەوە سەرچاوە بگرێت. ئەگەر لەنێوان ئەم دووانەدا ئازاد بکرێم پێم باشترە بکەومە نێوان دوو تاشە بەردەکەیەوە. بە درێژاییی ئەم پەنجا ساڵە، لە هەوڵێکی بێوچاندا بووم، بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی پێڕەو بکەم بە هەموو ئامرازەکانیەوە، سەرقاڵی ئەم کارە بووم لە هەموو بوارەکانی ژیان: تایبەتی و گشتی، ئابووری و، سیاسی هتد و... لە یەک حاڵەتی ئەم خەباتەم شکستم نەهێنا. یان هەر جارێک گومانم لە خۆم بکردایە کە سەرنەکەوتوومە، هۆیەکەم دەگەڕاندەوە بۆ ناتەواوییەک، بانگەشەی کامڵبوون بۆ خۆم ناکەم، بەڵکو خۆم بەپەرۆش دەزانم لە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا. لەم گەڕانەدا ناتوندوتیژیم دەدۆزییەوە. ئاشکراکردنی پوزەتیڤەکان (ئەرێیەکان)ی ناتوندوتیژی بۆ دنیا بووەتە ئەرکێک لە ژیانم و، هیچ بەرژەوەندییەکم لە وجوود نەماوە تەنیا تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە بە باشترین شێواز. بۆ من گرینگە و بەردەوام بە خۆشحاڵییەوە خەڵکی ببینێت بەگشتی، کە من پارێزگاری لە سۆزی ئەو کەسانە دەکەم ڕکابەریی سیاسەت و هزر و باوەڕ بە خۆبوونیان هەیە. لە ئەفریقیای باشوور ڕکابەرانم متمانەی تایبەتی و هاوڕێیەتی خۆیان پێ دەبەخشیم. سەرەرای ئەو سەرکۆنەکردنەم بۆ شارستانییەتی مەتریاڵیزمی مودێرن کەچی ئەڵقەی هاوڕێیەتیم لە ئەوروپا و ئەمەریکا فرەوانتر دەبوو. ئاخۆ ئەمە بە سەرکەوتنی ناتوندوتیژی دانانرێت؟

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەزموونەکانم دەوڵەمەنتر دەبن و، پێم دەبێژن ئاشتیی تاکە کەس یان نەتەوەیەک ئەستەمە ئەگەر خەڵکی هەموو هەوڵێکیانی بۆ نەخەنە گەڕ لە پێناو پراکتیزەکردنی حەقیقەت و ناتوندوتیژی. لە بەرامبەردا یاسای تۆڵەسەندنەوە هەرگیز سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

وەلێ من بەو ئاواتە لاواز و شکستخواردووە، بەردەوام ئەو شکستانەش وایان لێ کردووم زیاتر لە جاران بە ئاگاتر بم و ئیمانێکی بە هێزتریشم هەبێت و، لە ڕێگەی ئەو ئیمانەوە ببینم ئەو دووانەیە کە حەقیقەت و ناتوندوتیژییە. چەند توانی باشیان هەیە.

من زۆر گەشبینم، چونکە توانستی پەرەسەندن بە هێزی توندوتیژی بێ سنوور دێتە بەر چاوم. هەر چەند ئەم هێزە لە ناخی خۆت بچێنیت، ئەوەندە کاریگەرتر دەبێت وەک ئاگرێک ناو پۆشەڵان بتەنێتەوە، تا ڕادەیەک هیچ بەربەستێک نییە بیوەستێنێت و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی بە هەموو دنیادا بگرێت.

بە ڕای من ناتوندوتیژی بە هیچ جۆر و شێوەیەک پێوەندیی بە خراپەوە نییە. بە پێچەوانەوە

چالاکترین هێز لە دنیادا... باڵاترین یاسایە...

ڕێککەوتی هیچ کەیسێکم نەکرد کە لە ڕێگەی ناتوندوتیژییەوە چارەسەرێکم بۆ نەدۆزیبێتەوە، چونکە بەردەوام ناتوندوتیژی چارەسەری گونجاوی بۆ پێشکێش دەکردم.

مرۆڤ دەتوانێت دڵنیا بێت کە ئەو ناکۆکییەی لەسەر بنەوای پرنسیپەکانی ناتوندوتیژی چارەسەر کراوە، بە هیچ جۆرێک پاشماوەی ڕق و کینەی لەنێوان دوژمنەکاندا نەهێشتووەتەوە و بوونەتە هاوڕیی ئەم ئەزموونەم لە ئەفریقیای باشوور لەگەڵ جەنەراڵ سماتس تاقیم کردووەتەوە. سەرەتا دوژمنێکی سەرسەختم بووە، بەڵام ئەمڕۆ هاوڕێییەکی دڵسۆزمە. مرۆڤ بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە هێزی کوشتن نییە. باشتر وایە ئەو هێزەی هەبێت بۆ قبووڵکردنی مردن. ئەگەر مرۆڤ بە ڕاستی ئامادەیی مردنی هەبووایە، ئارەزووی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی نەدەکرد. کەواتە پێوەندییەکی دژەیەک هەیە لەنێوان ئارەزووکردنی کوشتن و ئارەزووی مەرگ. مێژوو پڕە لە نموونەی ئەو پیاوانەی کە بە ئازایەتی مردوون و، خۆشبوونە لە دوژمنەکانیان و، لە ڕێنوێنیکردنی دوژمنی سەرسەختیان سەرکەوتوون.

نامەوێت لەسەر حسابی قوربانیکردن بە بوونەوەرێکی دی بژیم، ئەگەر ماریش بێت. ڕەنگە گەزتنێم پێ باشتر بێت لەوەی بیکوژم. بەڵام دەشێ ئازاییەتیی مردنم نەبێت، لە حاڵەتێکدا پەروەردگار بمخاتە ئەو تەنگەژەوە، بە پێچەوانەوە ڕەنگە لە ناخمدا دڕەندەیەک بە ئاگا بێتەوە و، هەوڵ بدەم ئەو مارە بکوژم بۆ ئەوەی جەستە لە ناوچووەکەم بپارێزم. ئەگەر باوەڕم پتەوتر بێت کەمترین ترس لە ناخمدا بەرامبەر بەمارەکان دروست نابێت. بە چاوێکی میهرەبانییەوە سەیری دەکەم، بەم شێوازەش ئارەزووەکانم دەبنە ڕاستییەک.

دژایەتیی پێشکەوتنەکانی زانست ناکەم، بە پێچەوانەوە، من بە زانستی ڕۆژئاوا سەرسامم، وەلێ ئەوەی من تۆڕە دەکات دانیشمەندەکانی ڕۆژئاوایە، کە لەگەڵ بوونەوەرەکانی دی مامەڵەیەکی ناشرین دەکەن، توێکاریی ئاژەڵی زیندوو کارێکی قێزەوەنە و، کاریگەرییەکی ترسێنەری لە سەرم هەیە کە وەسف ناکرێت.

قەسابخانەی ئاژەڵە بێگەردەکان کە بەناوی زانست و لە بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت، کارێکە لێخۆشبوونی نییە. من لە بەهای داهێنانە زانستییەکان کەم ناکەمەوە و نکۆڵی ناکەم کە تێوەگلاوە بە خوێنی بێتاوانەکان. دەکرا مرۆڤایەتی تیۆریی سووڕی خوێن بدۆزێتەوە بە بێ ئەوەی پەنا ببات بۆ کرداری توێکاری. بەڵام لەو باوەڕەدام کە بەم زووانە زانستێکی بەجێ ئەم جۆرە ئامرازە لە توێژینەوەکان قەدەخە دەکات. بەرگریی ئاشتییانە، شمشێرێکی خاوەن چاکەی جۆرەوجۆرە، چونکە دەتوانرێت بە شێوازی جیاواز بەکار بهێنرێت. خۆشبەختی دێنێت بۆ ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت یان دژی ئەو کەسەی بەکاردێت. چونکە ئەم جۆرە بەرگرییە دەرەنجامی باش بەدەست دێنێت بێ ئەوەی دڵۆپە خوێنێک بڕژێت. ئەم چەکە هەرگیز ژەنگ ناگرێت و کەسیش

ناتوانێت بیدزێت.

بەڵام بۆ ئەوەی یاخیبوونی مەدەنی بکرێت، پێویستە ڕاستگۆیانە بێت و، شایستەی ڕێزگرتن بێت، وردبێتەوە لە ئەنجامەکانی، دوور لە هەموو ترسێک، واتە پێویستە یاخیبوون پشت بە پرنسیپەکان ببەستێت و، لەژێر کاریگەریی هیچ ئارەزوویەک نەبێت و، ڕق و کینە نەیباتە ڕیوە.

مەسیح و دانیال وسوقرات لە نوێنەرەکانی ئەم بەرگرییە ئاشتیخوازانەن، کە تەنیا لە هێزی ڕۆحەوە سەرچاوە دەگرێت. بەهەر حاڵ، ئەم مامۆستایانە جەستە بەهیچ دادەنێن بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕۆحدا، لە مامۆستاکانی ئەم سەردەمە، تۆلستۆی بە باشترین درەوشاوەترینیان دادەنرێت، چونکە تەنیا بە خستنەڕووی پرنسیپەکانی ناتوندوتیژی قایل نەدەبوو، بەڵکو ڕۆژانە لە ژیانیدا پێڕەوی دەکرد.

بەڵام بیروباوەڕی ناتوندوتیژی، لە هند دامەزرا و پێڕەو کرا بە ماوەیەکی دوورتر لەوەی کە سەرکەوتن بەدەست بێنێت لە ئەوروپا. بۆ مرۆڤ سانایە درک بەوە بکات کە هێزی ڕۆح باڵاترە و، پێوانە ناکرێت لەگەڵ هێزی بازوو (جەستە). ئەگەر خەڵکی بیانەوێت پەنا بەرن بۆ هێزی ڕۆح لە پێناو چاککردنی ستەمکارییەکاندا بە ئاسانی دنیا بە دوور دەبوو لە خراپەکارییەکانی ئێستە. بودا ململانییێەکی چاونەترسی دژ بە دوژمنەکانی بەرپا کرد و، سەرکەوت لە ملکەچکردنی پیاوێکی ئاینیی لووت بەرز. لە کاتێکدا مەسیح پەنای بردە بەر دەرکردنی بازرگانەکانی ناو پەرستگە و نەفرەتی لە خەڵکانی بەدکار و فریسیەکان[٢] کرد. لە ڕاستیدا ئەم دوو مامۆستا مەزنە خاوەنی ڕێباز و کارکردنی ڕاستەوخۆ و ئەکتیڤانە بوون. لە هەمان کاتدا چاکە و خۆشەویستی بێگەردییان سەلماند لە هەموو ئەو کارانەی ئەنجامیان داوە. هەردووکیان پەنجەیەکی بچووکیان بەرز نەکردەوە لە ڕووی دوژمنەکانیاندا. لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا بە باشیان زانیوە هەزار جار خۆیان بەدەستی دوژمنەکانیانەوە بدەن لەوەی ناپاکی لەو حەقیقەتە بکەن کە هاتوونە پێمانی ڕاگەیەنن، چونکە بودا بە دڵنیاییەوە دووچاری مردن بووەتەوە کاتێک بەرهەڵستیی کاهینەکانی کرد، ئەگەر هەوڵەکانی بۆ چاککردنی ئەو پیاوە ئاینییە یەکسان نەبووایە بەو خۆشەوێستییە مەزنەی کە بنیاتی ناوە. سەبارەت بە مەسیح، ئەو لەسەر خاچەکەی مرد و، بەدرک سەریان تەوق کرد، بەرهەڵستیی هەموو دەسەڵاتی ئیمپراتۆری کرد، منیش ئەگەر لەلای خۆمەوە بەردەوام بم لە ڕکابەریی دەسەڵات بە بەرگریکردنێکی ناتوندوتیژانە، هیچ ناکەم تەنیا شوێن پێی ئەم دوو مامۆستا مەزنە بەخۆکەمزانین و سادەییەوە دەگرمە بەر. هەر شتێک لەم دنیایەدا دروست بووە دەگەڕێتەوە بۆ کار. من زاراوەی ئاشتیخوازانە ڕەت دەکەمەوە، چونکە گوزارشت لە ڕاستی ناکات ڕەنگە بە شێوەیەک دەربکەوێت وەک چەکێک بێت بە دەستی لاوازەکان.

ناتوندوتیژی بە پلەی یەکەم، دەبێت مرۆڤ توانی ململانێی هەبێت. بەڵام دەبێت بتوانێت زاڵ بێت بەسەر هەموو ویستێکی تۆڵەسەندنەوەدا، زاڵبوونێکی بەئاگا و خۆویستانە. بەهەرحاڵ

هەواڵنامەی کتێب

تۆڵەسەندنەوە بە پلەیەکی باشتر و بالآتر دادەنرێت لە ملکەچبوون، چونکە تۆڵەسەندنەوە لاوازییەکی تەواوە، یان لە ترسێکی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی گرتووە، یان وەهمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئازار.

ناتوندوتیژی و ترسنۆکی یەکدی دەسڕنەوە، چونکە بە ئاسانی دەتوانم وێنای پیاوێکی پڕچەک بکەم، بەڵام ئازا و بەجەرکیش نەبێت. ئەگەر مرۆڤ خاوەن چەک بێت واتە ترسێک دایدەگرێت، بۆ ئەوەی نەیەژین ترسنۆک. بەهەرحاڵ ناتوندوتیژییەک نییە شایەنی ڕێزگرتن نەبێت، کاتێک ئازاییەتییەکی ڕاست و ڕاستگۆیانە لە ئارادا نەبێت.

بڕوام وایە ناتوندوتیژی هێزگەلێکەم پێ دەبەخشێت بۆ بزواندنم. واتە دەبێت ترسنۆکی و لاوازی بە تەواوەتی وەلا بخرێت. ئومێدم بە ترسنۆکێک نییە پێڕەوی ناتوندوتیژی بکات، بەڵام کەسێکی توندوتیژ ئەگەری هەیە لە ڕۆژگارێکدا ببێتە کەسێکی ناتوندوتیژ. ئەگەر نەتوانین لە ڕێگەی ناتوندوتیژییەوە بەرگری لە هاوسەر و، پەرستگە بکەین، باشتر وایە وەک مرۆڤێک لە ڕێگەی شەڕکردن بەرگری لە خۆمان بکەین.

دانیشتووانی گوندێک نێزیک لە بتیا بۆیان گێڕامەوە، ئەوان هەڵهاتوون کاتێکماڵیان بە تالآن براوە و دەستدرێژی کراوەتە سەر ژنەکانیان. ئەوان وتیان ئێمە هەڵهاتووینە چونکە ئامۆژگارییەکانی تۆمان لەسەر ناتوندوتیژی جێبەجێ کردووە. خەجاڵەت بووم و سەرم لە شەرماندا داگرت. پێویست بوو ڕوونکردنەوەیەک بدەم کە مەبەستم لەو جۆرە ناتوندوتیژییە نییە، بەڵکو دەمویست وەک قەڵغانێک بوەستن لەنێوان مەزنترین و لاوازترین هێزدا. بە بێ ئەوەی گیانی تۆڵەسەندنەوە دایانبگرێت، باشتر وابوو ئازارەکانی بچێژن و پێشبینیی کوشتنیانیش بکردایە و، هەرگیز لە ڕووی گەردەلوول هەڵنەهاتایەن. لە ڕاستیدا ئەمە بەڵگەیە بۆ هەندێک ئازایەتی لە ناو خەڵکێک کە بە نووکی شمشێر بەرگری لە ماڵ و موڵکی خۆیان دەکەن و، پارێزگاری لە ناموس و ئاینیان دەکەن. بەڵام جوامێرانەترە ئەگەر هەوڵ بدەن بەرگری لە هەموو ئەم شتانە بکەن بە بێ ئەوەی خراپە بە خراپە وەڵام بدەنەوە. کەچی جێی شەرمەزارییە، مرۆڤ سەنتەری لە ژێر ڕەحمەتی خراپەکاران بەجێ بهێڵێت. تەنیا بۆ پاراستنی سەلامەتیی خۆی و هیچی تر. بەڵام بە ئاسانی دەتوانم ڕێگەی ئاهیمسا نیشان بدەمە ئەو کەسانەی ئامادەییان هەیە بۆ مردن. بەڵام ئەستەم دەبێت بۆ کەسانێک کە لە مردن دەترسن.

پێم باشترە سەرکێشی بکەم و پەنا ببەمە بەر توندوتیژی لەوەی کە ببینم ڕەگەزێک بە تەواوەتی دووچاری لەناوچوون دەبێتەوە.

ناتوندوتیژی ڕێگە نادات مرۆڤ لەبەردەم مەترسییەکان هەڵبێت و بەبێ بەرگری کەس و کاری بەجێ بهێڵێت. لەم بارۆدوخەدا توندوتیژییەکەم پێ باشترە لە ترسنۆکێک کە گورەپانی ململانێکە لە ترساندا بەجێ دێلێ. هەر وەک چۆن ئەستەمە مرۆڤێکی نابینا سەرسام بکەم بە دیمەنێکی

دڵڕفین، بە هەمان ئەندازە ئەستەمە مرۆڤێکی ترسنۆک ئامۆژگاریی ناتوندوتیژیی بۆ بکرێت یاخۆ پێڕەوی بکات. چونکە ناتوندوتیژی لووتکەی ئازایەتییە. هیچ دژوارییەک نییە بۆ من کە باڵاییی ناتوندوتیژی بسەلمینم بۆ ئەو کەسانەی مەشقیان لە قوتابخانەی توندوتیژی کردووە. توندوتیژی پێوەستە بە ترسنۆکی. ئەگەر هەموو ترسێکم وەلا خست و چەند ساڵێکم بەسەر برد بەم شێوازە، ئەو دەمە نرخی ناتوندوتیژیم بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ناتوانین ئەو کەسانەی لە مردن دەترسن و توانی بەرگرییان نییە فێری ناتوندوتیژی بکەین. مشکێک دوور لە فریادڕەسی ناتوندوتیژ نییە، لەبەرئەوەی وەک نێچیرێک بەئاسانی خۆی دەخاتە بەر دەستی پشیلەکە، ئەگەر هێزیکی هەبووایە بەبێ دڵەڕاوکە دوژمنەکەی قووت دەدا. بەڵام ئەمە بۆ ئەو مەحاڵە ناچارە لەبەردەم ڕاوکەرەکەیدا هەڵبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین بێژین مشک ترسنۆکە، چونکە سروشت ڕەفتاری بۆ دیاری دەکات. بەڵام بێ گومان سیفەتی ترسنۆکی دەخرێتە پاڵ ئەو مرۆڤەی وەک مشک ڕەفتار بکات. بەهەر حاڵ توندوتیژی و کینە پڕ دڵیەتی و، دوودڵیش نابێت لە کوشتنی دوژمنەکەی، ئەگەر بتوانێت و بێ ئەوەی خۆی بخاتە مەترسییەوە. ئەم جۆرە مرۆڤە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ناتوندوتیژدا نییە و، ڕێنوێنییکردنی بێ سوودە و ئازاییەتی شتێکی نامۆیە لە سروشتیدا. پێش ئەوەی بیەوەێت ناتوندوتیژی پێڕەو بکات و، فیری بێت پێویستە فێر بکرێت خۆڕاگر بێت ئەگەر بگاتە ڕادەی مردنیش هەوڵ بدات بەرگری لە خۆی بکات دژی دەستدرێژکار، ئەگەر بمانەوێت بە پێچەوانە ڕەفتار بکەین، بەم کارە هانی دەدەین بە ترسنۆکی بمێنێتەوە و، زیاتر و زیاتر لە ڕێگەی ناتوندوتیژی دوور بکەوێتەوە.

چونکە پێوەستم بەوەی یارمەتیی کەس نەدەم بۆ تۆڵسەندنەوە، هەر لەبەر ئەمە بە ئەرکێک دێتە بەر چاوم ڕێگە بە ترسنۆکێک نەدرێت لە ژێر ناوی ناتوندوتیژی خۆی بشارێتەوە. هەندێ کەس لە نیاز پاکی و تێنەگەیشتنیان لە ناتوندوتیژی وایان دەزانی کارێکی باشە ئەگەر مرۆڤ لەپێش مەترسییەکاندا هەڵبێت، بە تایبەتی ئەگەر ژیانی لە مەترسیدا بێت، هیچ بەرگرییەکی توند نەبێت دژی ئەوەی هەڕەشەی لێ دەکات. بەو ئەندازەی بانگەشە بۆ ناتوندوتیژی دەکەم، بە پێویستی دەزانم دژی ئەم هەڵە گەورە و ترسناکە تێبکۆشم، هەتاوەکو ئەگەر مرۆڤ هیچ هێزیکی جەستەیشی نەبێت هەڵهاتن شەرمەزارییە، چونکە پێویستە مرۆڤ لە جێگەی خۆی بەرگری بکات و بە خۆڕاگری بمرێت. ئەمە هەڵسوکەوتی ناتوندوتیژانە و ئازایانەیە لە بەرامبەردا، مرۆڤ هەندێک لە هێزی بازووی بەکار بێنێت بۆ نەهێشتنی بەربەرەکانێ و لەناوبردنی دوژمنەکەی و، ژیانی بخاتە مەترسییەوە ئەمە ئازایەتییە، بەڵام ناتوندوتیژی نییە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە کاتی مەترسیدا هەڵهات ئەمەیان ترسنۆکییە. لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ناتوندوتیژانەدا، خۆشەویستی یان چاکە لە ناخدایە. و لە حاڵەتەکانی دی، تەنیا کینە و ترس و بێ بڕوایی لە ناخدا بوونیان هەیە.

گریمان من ڕەشپێستێکم (زنجی) و لە لایەن پیاوێکی سپیپێستەوە دەست درێژی لە خوشکەکەم

کرا یان لە لایەن باندێکەوە لە سێدارە درا، دەبێ ئەرکی من چێ بێت؟ لە سەرەتاوە، ئاواتەخوازی خراپە ناکەم بۆ کەسانی دەستدرێژ، بە دڵنیاییەوە هاوکاریشیان نابم. ڕەنگە ڕوبدات من یەکێک لە شوێنکەوتووانی ئەم کۆمەڵە بەرپرسە لە سێدارەدانەکە بم، شوێنکەوتوویەکی مادی (بژیوی)انە کەواتە، دەبێت بۆ درێژترین ماوە هاوکار نەبم لەتەک ئەو کەسانە، تا ڕادەی ڕەتکردنەوەی خواردنێک کە ئەم گرووپە سەرچاوەکەیەتی. بە هەمان شێوەش ڕەتی هاوکاریی برایانی ڕەشپێست دەکەم کە چاوپۆشییان لە تەعدای باسکراو کردووە. نابێت مرۆڤ دوو دڵی بکات لە قوربانیدان بە خۆی، ئەگەر پێویستی کرد. بە زۆری لە ژیانمدا پەنام بردووەتە بەر ئەم پلانە. بە دڵنیاییەوە، پێویست بەوە ناکات مرۆڤ لە برساندا بمرێت، بەیەکجاری بێ ئەوەی کۆی بارودۆخەکە لەبەر چاو بگرێت. لەبەرئەوەی ژیان سات لە دوای سات لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە، دەبێت مرۆڤ بە باوەڕێکی پتەوەوە پێوەست بێت. بەڵام من پیاوێکی زۆر داماوی ناتوندوتیژم ڕەنگە کەس بە قسەکانم قایل نەبێت. سەرەڕای هەموو هەوڵەکانم، دەکرێت ڕووبدات، من لەم ژیانەدا نەتوانم باوەڕ بە خەڵک بهێنم، کەچی ئەم کارە نابێتە هۆی لاوازبوونی باوەڕم بە ناتوندوتیژی.

دوودڵ نابم کاتێک دەبێژم هەر کاتێک لەنێوان ترسنۆکی و توندوتیژی و شتێکی دیکەدا هەڵبژاردن هەبێ، دەبێت مرۆڤ وەک چارەسەرێک بڕیار بدات لەسەر توندوتیژی. لەم بارەوە جارێکیان کوڕە گەورەکەم پرسیاری لێ کردم دەبوو ئەو چی بکردایە ئەگەر ئامادەبوایە لەو جێگەیەی هەولێک درا بۆ تیرۆر کردنم، وەخت بوو ژیانم لە دەست بدەم لە ساڵی ١٩٠٨ پێی وتم: ئاخۆ کاتێک کە دەیبینی دەکوژرێم دەبوایە هەڵبهاتایەم؟! یان دەبوو توندوتیژییەکی جەستەیی بەکار بێنێت و بەرگریی لێ بکردمایە دژ بە نەیارانم؟ وەڵامم دایەوە لەو کاتەدا پێویست بوو بەرگریی لێ بکردایەم، ئەگەر چی پێویستی بە توندوتیژیش بکردایە. لە هەنگیەوە ئەم ڕاڤەکردنە پێوەندییەکی هەیە بە بەشداربوونم لە جەنگی بویر boer پاشان چوونە ناو ڕیزەکانی ڕاپەرینی زولو (zulu) و جەنگی جیهانیی یەکەمیش کە لە ڕیزی تیمەکانی هندی بووم لە پاڵ ئینگلیز. لەبەر ئەم هۆیە پشتگیریی مەشقە سەربازییەکان دەکەم بۆ ئەو کەسانەی تەنیا بڕوایان بە توندوتیژی هەیە. پێم باشترە هند بە هێزی چەک بەرگری لە کەرامەتی بکات لەوەی بە ترسنۆکی و زەلیلی و سووکایەتی پێکردن شکستەکانی، ببینم.

بەڵام بە ڕای من، بە هەموو پێوانەیەک ناتوندوتیژی باڵاترە لە توندوتیژی و، بەخشندەیی مەردانەترە لە سزادان. جەنگاوەر بە لێبوردەیی ڕازاوەتر دەبێت. بەڵام نەبوونی توندوتیژی واتەی میهرەبانی نییە مەگەر تەنیا لەو کاتەدا بێت کە دەسەڵاتی سزادانت هەبێت و جێبەجێی نەکەیت. کەچی کاتێک مرۆڤ یان کۆمەڵ، وەسیلەیەکی وەڵامدانەوەیان پێ نەمێنێت نەبوونی ئەم توندوتیژییە بێ مانا دەبێتەوە. هیچ کاتێک بیر نەکەینەوە ئەوە میهرەبانییە لە مشکدا هەیە کاتێک خۆی وەک نێچیریکی ئاسان بە دەستی پشیلەکەوە دەدات. هەر لەبەر ئەم هۆیە هەست بەو کەسانە دەکەم کە داوای سزایەکی باڵا دەکەن بۆ جەنەراڵ دایر و دارودەستەکەی. گەر توانستیان بووایە گوللە

بارانیان دەکرد. سەبارەت بە هند باوەر ناکەم کە دەسەڵاتی بەرگرییان نەبێت. تەنیا ئەوەم دەوێت هێزی هند و خۆمێش بە باشترین شێوە بخەمە گەڕ.

کەس بە هەڵە لە هزرەکانم تێ ناگات. هێزی ڕاستەقینە لە قودرەتێکی مادییەوە نایەت، بەڵکو لە ویستێکەوە دێت شکستی نەهێناوە. ئەگەر سەیری ئینگلیزێک بکەین لە ئاستی جەستەوە، دەبینین هێزی ئیگلیزەکە زیاتر نییە لە هێزی پیاوێک لە زولو، بەڵام پیاوی زولو لە حزوری هەرزەکارێکی ئنگلیزدا هەڵدێت، چونکە لە دەمانچەی دەستی هەرزەکارەکە دەترسێت. کەواتە پیاوی زولو لە مردن دەترسێت، سەرەڕای ڕووخسار و ئەو جەستە بەهێزەی کە هەیەتی. دەبێت لە ڕۆژگارێکدا هندییەکان بۆیان دەربکەوێت هیچ پاساوێک نییە کە ٣٠٠ ملیۆن پیاو لە سەد هەزار ئینگلیز بترسن. ئێمە لەلای خۆمانەوە میهرەبانی دەربخەین واتە خودی هێزەکانمان بەتەواوەتی بخەینە گەڕ، ئەمەش ڕێگە نادات بە سەرکردەیلێک وەک "دایر" یان "فرانک جونسۆن" ڕووبەڕووبوونەوەکان دژ بە هندییەکان تازە بکەنەوە. لە ئێستەدا گرینگ نییە قەناعەت بە هەموو هاووڵاتییانم بهێنم.

ئینگلیز ئێمەیان لە ملکەچبوون و زەلیلی تێر کرد، هەتاوەکو وای لێ هات ئاسایی بێت هەست بە ڕق و کینە بکەین و، بۆ تۆڵەکردنەوە هەڵبقۆزینەوە. دەبێت دووبارەی بکەمەوە ئەگەر هند دەست هەڵبگرێت لە مافی تۆڵەکردنەوە زۆر زیاتر بەدەست دێنێت. باشترە ئێمە ئەو کارە بکەین بۆ گەیاندنی پەیامی ڕزگاری بۆ دنیا. من خاوەن تێڕوانینێک نیم. خۆم بە نموونەیی دەزانم کە خاوەن هەستێکی پراکتیکی بم. ئاینی ناتوندوتیژی تەنیا بۆ پیاوانی ئاین و داناکان قۆرخ نەکراوە. بەڵکو بۆ هەموو خەڵکە. ناتوندوتیژی یاسای ڕەگەزی خۆمانە، بەو ئەندازەیە کە توندوتیژی یاسای ئاژەڵانە. لەلای مرۆڤی توندوتیژ، عەقڵ لە دۆخێکی بێ ئاگاییدایە: بۆیە دەبینیت جگە لە یاسای هێزی مادی شارەزای یاسایەکی تر نییە.

کەرامەتی مرۆڤ داخوازە بەملکەچبوون بە یاسایەکی باڵاتر و، کار بکات بۆ پراکتیکزەکردنی هێزی ڕۆح.

هەوڵم دا سەروەری بۆ نەریتی قوربانیدان بە خود بگەڕێنمەوە لە هند، چونکە ساتیاگراها و پێڕەوکەرانی، هاریکارینەکردنی بەرگریی ئاشتییانە و تەنیا چەند وشەیەکی نوێن بۆ ئایدیاکانی ئازار و نکۆڵی کردن لە خود: بە هەرحاڵ ئەو دانایانەی کە ناتوندوتیژییان دۆزییەوە لە ناوەندی توندوتیژیدا لە نیوتن بلیمەتتر بوون. بگرە مەزنتر بوون لە جەنگاوەرە مەزنەکان بە وێلنگتۆنیشەوە. کاتێک خۆیان فێری چۆنیەتیی بەکارهێنانی چەکەکان کرد، ئەو کات زانییان تا چ ڕادەیەک پەنابردن بۆ بە کارهێنانی چەک چەند بێ سوودە و ماندووکەرە و ڕزگاربوونی دنیا هەرگیز لە توندوتیژی بەدەست نایەت بەڵکو لە ڕێگەی ناتوندوتیژییەوە.

ناتوندوتیژی بۆ ئەوەی کاریگەر بێت پێویستی بە ئیرادەیەکی پتەو هەیە کە ئازارەکان قبووڵ بکات. ئەمە پێوەندیی بە ملکەچبوون بە ئیرادەی ستەمکارەوە نییە. بە پێچەوانەوە ناتوندوتیژی

داوا لە پێڕەوانی دەکات لە ڕووی هەموو خراپەکارییەکانی ئەم ستەمکارە بوەستن. تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی ئەگەر یەک کەس ڕێزی لەم بنەوایە گرت، دەتوانێت بە تەنیا بەرهەڵستیی هەموو دەسەڵاتی ئیمبراتۆرییەتێک بکات کە لەسەر ستەمکاری دروست بووە. بەمەش پارێزگاری لە کەرامەت و دین و ڕۆحی خۆی دەکات و، دەگاتە تێکدانی بنەواکانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە یان کار لەسەر ژیانەوەی دەکات بە بەرزترین شێواز.

من ناپارێمەوە بۆ هند لەکاتی لاوازیدا پەنا بۆ ئاهیمسا ببات. کاتێک دەمەوێت ئەمە بکات کە بە تەواوەتی درک بە هێز و توانی خۆی بکات. بە هەرحاڵ ئەمەش پێویست ناکات مرۆڤ دەست بە ڕاهێنانی سەربازی بکات بۆ باوەڕهێنان بەهیز و توانی خۆی لەبەرئەوەی تا ئێستە لە نرخی بەهاکانی خۆمان کەم دەکەینەوە، وا دەکات گومان بکەین کە ئەو ئامادە سەربازییە پێویستە. دەمەوێت وڵاتەکەم بزانێت کە خاوەن ڕۆحێکە لە ناوناچێت و، دەتوانێت سەربکەوێت بەسەر هەموو بەربەستێکدا، هەتاوەکو زاڵ بێت بە سەر هەموو شێوەکانی سەرکوتینەوە کە پشت بە هێزە مادییەکان دەبەستێت، بەڵام ئەگەر هند ڕێبازی شمشێری هەڵبژارد، ڕەنگە سەرکەوتنێکی کاتی بەدەست بێنێت. بەڵام شانازییەک بەم وڵاتە ناکەم، لەتەک ئەوەشدا من زەماوەندی بۆ دەگێڕم، چونکە لە هەموو شتێکدا قەرداری ئەوم، دەبینی هەموو جەستەم بە هندەوە پێوەستە، چونکە لە هەموو شتێکدا چاکەی بە سەرمدا هەیە. بە دڵنیاییەوە باوەڕم وایە کە پەیامێکی هەیە دەبێت جێبەجێ بکرێت. لاساییەکی کوێرانەی ئەوروپاش ناکاتەوە. ڕاستییەکەی دەبێژم هند ئەمرۆ بە ویستی خۆی ڕێبازی توندوتیژی قبووڵ دەکات. ئێستە کاتی دادوەری کردنم هاتووە. ئاینەکەم سنووری جوگرافی ناناسێتەوە و سنووری خۆشەویستیم بۆ هند دەبەزێنی. ژیانم تەرخان کردووە بۆ خزمەتی هند، لە ڕێگەی ئاینی ناتوندوتیژییەوە ئەمەش ڕەگی بنچینەییی هندۆسییە.

هاوڕێیەکانم لە ئەمەریکا ئەو بیرۆکەیان پێم گەیاند، کە مووشەکێکی ناوکەیی بەکار دەهێنرێت بۆ خزمەتکردنی مەسەلەی ئاهیمسا کە باشترە لە ئامرازێکی دی. دەشێ وابێت، بەو ئەندازەیەی کە مرۆڤ بە دوور دەخات لە توندوتیژی بەڵام هێشتان زاڵەترۆقە لەو هێزە مەزنەی کە ئەم چەکە هەیەتی لە وێرانکردن. ئەمەش بە تەواوەتی لەو پیاوە دەچێت کە زیادەخۆریی کرد لە خواردنی بە لەزەت هەتا ڕادەی ڕشانەوە، واز دەهێنێت بەڵام هەر کە نیشانەکانی ڕشانەوە دیار نەمێنێت بە پەرۆشی دەگەڕێتەوە سەر خواردن. هەر بەم شێوازەش، دنیا بە پەرۆشییەوە دەگەڕێتەوە سەر توندوتیژی کە کاریگەریی ترسەکە نەمێنێت.

هەندێ جار چاکە لەناو خراپەدا سەر هەڵدەدات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ حیکمەتی خواوەند نەک مرۆڤ. مرۆڤ دەبێت درک بکات کە خراپە تەنیا خراپە دێنێت. هەر وەکو چۆن چاکە، لەلای خۆیەوە، تەنیا چاکە دێنێت...ئەو پەندە لە تراجیدیای بۆمبای ناوکەیی دەبێت وەربگرین کە ئەوەیە ئێمە لە هەڕەشەی بۆمبای دیکەی، وێرانکارتر دەرباز نابین. هەرگیز توندوتیژی بە توندوتیژی

لەناو ناچێت. لە کۆتاییدا، مرۆڤایەتی بە ناتوندوتیژی نەبێت ناتوانێت دوور بێت لە توندوتیژی. تەنیا بە خۆشەویستی هەرەس بە ڕق و کینە دێنین. بەڵام مرۆڤ وەڵامی ڕق بە ڕق بداتەوە، ئەمە تەنیا کاریگەرییەکەی زیاتر و قووڵتر دەکات من بەتەواوەتی ئاگەداری ئەوەم کە لێرەدا دەیڵێم پێشتریش و زۆر جاریش ئاشکرام کردووە و، بە باشترین شێوە هەوڵی جێبەجێکردنیم داوە بە شێوەیەکی پراکتیکی. ئەوەشی کە گوتوومە بابەتێکی نوێ لە خۆ ناگرێت، بەڵکو لە دنیا کۆنترە.

ئەوەی من بانگەوازی بۆ دەکەم پشت بە کتێبێکی ئامادەکراو نابەستێت، بەڵکو لە ناخمەوە سەرچاوەی گرتووە. شەست ساڵ لە پراکتیکزەکردنی بوارە هەرە جیاوازەکانی ژیان، سەرەڕای ئەو پەندانەی کە لە ئەزموونی برادەرانمەوە وەرم گرتووە، لە ناخمدا ئەم باوەڕەی پتەوتر کرد. ئەم حەقیقەتە بنەوای هەموو شتێکە، ئەو چاکەیەی بۆ دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ بە تەنیا بتوانێت بەرهەڵستی بکات، بە بێ چاو ترۆکاندن. من هاوڕام لەگەڵ ماکس مۆلەر کە ئێژێت، مادام نەگەیشتین بە قایلکردنی هەموو خەڵک پێویستە حەقیقەتەکان دووبارە بینەوە.

ئەگەر دوا هەڵبژاردنی هند توندوتیژی بێت و، منیش هێشتان بەردەوام بم لە ژیان، بەلامەوە گرینگ نابێت لە وڵاتێکی دی جگە لە هند بژیم. ناشبێتە جێگەی شانازییم، چونکە هەستی نیشتمانپەروەرێتیم پێوەستە بە ئاینەکەمەوە. من بە هندەوە لکاوم وەک ساوایەک کە بە سنگی دایکیەوە دەنووسێت. چونکە هەست بەوە دەکەم کە خۆراکی پێویست بە ڕۆحم دەبەخشێ و، ئەو بارودۆخەی تیا دەدۆزمەوە کە وەڵامی بالاترین ئاواتەکانم دادەتەوە. ئەگەر بنەوای ئەم خۆشەویستییە لە ڕووخاندن نێزیک بوویەوە، هەستێک دام دەگرێت لە هەستی هەتیوێک دەچێت هەموو هیوایەکی لە دەست دابێت کە یەکێک بیگرێتە خۆیەوە.

عەولاسمی کتێب

پەراوێز:

* کۆنترین کتێبی ئاینی هندییە، سەبارەت بە مێژووی نووسین و کۆکردنەوەی "ڤیدا" شارەزاییان و ئەرکیۆلۆجستەکان ناکۆکن. (وەرگێڕ) بڕوانە: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل: هزر و فەلسەفە و وشیاری لە خۆرهەڵاتی کۆندا/ کۆواری ڕامان/ ژمارە (٨٠)، یەکی شوباتی ٢٠٠٣/ ل. ٢١٧

١. ئەم یاسایە ئازادیی مەدەنیی لە هندییەکان دەسەندەوە. (وەرگێڕ). مەهاتما گاندی ئەو شۆڕشگێڕەی کە چەکی دەستی چڵێک زەیتون بوو، عیسام عەبدوفەتەح، وەرگێڕانی شیروان شەریف، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، خانەی وەرگێران، ل١٣٢.

٢. وشەی فریسیەکان بە مانای گۆشەگیر دێت و ئەم بزاوە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠پ.ز دەرکەوت. نازناوی ئەم کۆمەڵەیە لەنێوان خۆیاندا بە (حسیدیم)ی عبری ناو دەبەن کە مانای (لە خوا ترس و لە گوناه پارێز) دێت. (وەرگێڕ). جوولەکە عەقیدە و شەرعییەت و مێژوویان، دانا عوسمان حسن، چاپی دووەم، بەهاری ٢٠١١، ل. ٦٩

## فەرهەنگ

ئادفیتا: بە هندی واتەی "نادووانەیی"یە ئەمە قوتابخانەیەکی فەلسەفیە، یەکێک لە گەورەترین نوێنەرەکانی فەیلەسووفی هندی "سانکاراشاریا" (٧٨٨-٨٢٠)، کە باوەڕی بە بوونی یەک حەقیقەت بووە. ئەوانەشی کە ماونەتەوە تەنیا ڕواڵەتێکی پەتین.

ئاهیمسا: واتەی ناتوندوتیژی. لە بۆچوونێکی ئەرێیانەوە (پوزەتیفانە)، هێزی خۆشەویستی.

ئاشرم: وشەکە بە هندی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسراما واتە ئاینپەرست. مەبەست لە مەش جێگەیەکی هێمن و دوورە دەستە لە ئاوەدانی، یەک نموونە پاڵیان پێوە دەنێت، ژیانێک بە کۆمەڵ و ملکەچی بنەمایەکی ناسراو لە نێوانیاندا. وشەی ئاشراما زۆر جار بۆ ئەم مەبەستەش بەکار دێت کە ئەو جێگەیەیە گاندی و شوێنکەوتووانی تیادا نیشتەجێ بووبوون.

ئاشراما: ئاسراما، وشەیەکە بە هندوسییە واتەی، ژیانێکی نموونەیی دێت کە چوار قۆناخی یەک لە دوای یەک دەگرێتە خۆی یان ئاشرامات: قۆناخی یەکەم تەرخان کراوە بۆ خوێندنەوە و ئاینگەرێتی و، قۆناخی دووەم تێکەڵبوونە بە جیهان، مورید لێرەدا دەکەوێتە ژێر دژوارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و، لە کاتی قۆناخی سێیەمدا، تێڕامان قووڵتر دەبێتەوە، لێرەدا مورید (شوێنکەوتوو) جیادەبێتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیبەستێتەوە بە جیهان، بەڵام قۆناخی چوارەم لە ئاینپەرستییەکی تەواودا خۆی دەبینێتەوە.

ئاتما: واتە ڕۆح، یان خۆ.

ئافاتار: بەرجەستەبوونی خودایە.

بانیا: واتەی ئەو ئەندامەیە کە سەر بە کۆمەڵەی هندۆسی سێیەمە. بازرگانیش چالاکییەکی ئاسایی ئەم کۆمەڵەیە کە ئەنجامی دەدەن.

بهاغافات: بهاغافاتا، یەکێکە لە کتێبە پیرۆزەکانی هندۆسیەت. تیایدا بە شێوەیەکی تایبەتی باس لە هەواڵەکانی ژیان و ڕێنوێنییەکانی کریشنا دەکات.

براهماشریا: براهما-کاریا، ئەمەش وازهێنانە لە ژنهێنان و شووکردن، ژیانێکی دەروێشانە و پاکبوونەوەیە تەرخان دەکرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵا.

براهمین: براهمانا، ئەندامێکی کۆمەڵی یەکەمی هندۆسی. بۆ زانیاری براهمانییەکان وەک لاساییکردنەوەیەک خۆیان بۆ کەهەنوت (قەشەیەتی) و خوێندنەوە تەرخان دەکەن.

شاباتی: نانی تیرییە کە بە بێ هەوێن دەکرێت.

شارخا: خەرەکی ڕستن و چنین.

دهارما: ئاین، بنەما یان پێڕەوێکی ئەخلاقی، ئەرک.

دیوان: سەرۆکی وەزیرانە لە یەکێک لە ویلایەتەکانی هند.

هیمسا: توندوتیژی.

کالما: ئاشکراکردنی باوەڕە کە موسڵمان گەواهی دەدات بەوەی کە خوایەکی تر نییە جگە لە خوای تاک و تەنیا.

خدار: کوتاڵیکە بە دەست دەچنرێت.

مهاتما: واتە ڕۆحی مەزن، بە شێوەیەکی گشتی نازناوێکە بۆ پیاوانی ئاینی بەکار دێت. ئەم وشەیە لە گاندی ناونرا لە ساڵەکانی دواییدا.

مانۆ: واتەی ڕێنیشاندەر و یاسادانەری هندی لە سەردەمە کۆنەکان. کتێبی یاسای مانۆی بۆ دەگەڕێتەوە.

موکشا: موسکا، واتەی جیابوونەوە لە هەموو پێوەندییەکانی سەر زەوین، یان ئازاد بوون لە لەدایکبوونی دووەم.

مونی: واتە بینەر، دانا، بە تایبەتی بەڕێز (جاینا) یان دجاینا. کە ئەمەش شوێنکەوتووی دجاینیە، سیستەمێکی ئاینی و فەلسەفییە لە هند.

نواب: فەرمانبەرێکی گەورەیە یان شایەکی موسڵمانە (نبان).

جوردە: پەچەیە کە لە هەندێ وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئافرەتان دەیپۆشن بۆ شاردنەوەی ڕووخساریان.

ریشی: ڕشی و واتە دانا.

سادافرتا: واتەی خێرە یان بەخشندەیی.

سامسکار: سامسکارا، ئەو کاریگەرییەیە کە ڕابردوو بەجێی دێڵێت و هەرگیز ناسڕێتەوە.

ساتیاگراها: زمانێکە واتەی ئەو کەسەیە کە پەیوەست بە حەقیقەت دەبێت. ئەو ناوەیە کە گاندی بەکاری هێنا بۆ تەکنیکی بەرگریی ناتوندوتیژ بە گوێرەی بۆچوون و پێڕەوکردنی خۆی.

سیفاسامیتی: ناوی ئەو کۆمەڵەیە کە بایەخ بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە خۆبەخشەکان دەدات.

شاترا: ساسترا، ئەمەش ڕێنووسی هندۆسییە.

سوادیشی: خۆشەویستیی مرۆڤە بۆ وڵاتەکەی یان بەرگریکردن لە هەموو شتێکی خۆماڵی و ناوەخۆیی وڵات.

سواراج: واتەی ئۆتونومی یان خۆبەڕێوەبردن.

فاکیل:دادوەر یان پارێزەر.

فیداس: دەقە دێرین و پیرۆزەکانی هندۆسیەت.

ئۆبانیشاد: ئۆبانیساد، بریتیە لە گفتوگۆکردنە فەلسەفیەکان بەگشتی بە سەرچاوەی نووسینەکان کە میتافیزیکای هندۆسی پشتی پێ بەستبوو. ژمارەی ئۆبانیشادەکان بە سەد دانە مەزندە دەکرێت. ئەمەش دەیان دەقی بایەخدار لە دیدی دابونەرێتی هندۆسی لە خۆ دەگرێت.

..................................................................

کۆکردنەوە و هەڵبژاردن: سری کریشنا کریپالانی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی: د. ئەنتوان ئەبو زەید


# مارتن لۆتەر کینگ
# بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

کۆمەڵێ نووسەر

## بەشی چوارەم

### لەپاش کینگ

هەواڵنامەی کتێب




١٩٦٨، گوللەکانی غەدر رێی لە کینگ گرت لە بەدواداچوونی شەڕی دووەمیدا، شەڕی دژی چەوسانەوە و بێبەش بوون. ئێستاکە ٢٥ ساڵ دوای کوژرانی کینگ داخۆ بارودۆخی زنجییەکانی ئەمەریکا لە چیدایە؟

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

# ساڵە کورتەکانی "دەسەڵاتی ڕەش"

**کرستیان دولۆرم**

١٩٦٧ ساڵی کارەسات بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، وڵاتەکە نە تەنیا بە پتر تووشبووندا ڕۆدەچوو لە جەنگی ڤێتنامدا و بەس، بەڵکو هەروەها لەسەر ڕۆخی جەنگێکی ناوخۆی ڕەگەزپەرستانەدا بوو.

خزانی بەرەو ڕاستی لە هاوینی ١٩٦٤ەوە، لەگەڵ جمانی لاوە ڕەشەکان لە هارلم، گەڕەکی گیتۆ لە نیویۆرک، کە لە سووکایەتی پێ کردنیان بێزار بوو بوون هەروەها لە کرێ نارەواکان و بێکاری و خانووە چڕ و دوور لە مەرجەکانی تەندروستی و نەبوونی هۆیەکانی حەسانەوە، لاوان هەڵچوون و کۆگە و ئۆتۆمبێلیان سووتاند و بە توندی بەرەنگاری پۆلیس بوونەوە کە بۆ کۆنترۆڵکردنی یاخیبوونەکەیان هاتبوون. ئەم ڕووداوە هەر لەو ماوانەی ساڵانی دواتریشدا دووبارە دەبنەوە: لە ١٩٦٥دا ئاژاوە لە شیکاگۆ و بە تایبەتی لە لۆس ئەنجیلس، لە ١٩٦٦دا ڕووداوەکانی ئاژاوە لە نێزیکەی شەست سەنتەردا بەرپا بوون و بە تایبەتی لە کلێڤلاند و شیکاگۆ و دایتن و ئەتلانتا و سان فرانسیسکۆ-دا توندوتیژ بوون. لە وەرزە گەرمە درێژەکانی هاوینی ١٩٦٧دا بۆستن و تمبا و سینسیناتی و بوفالو و نیووارک و دیترۆیت بوونە شانۆ بۆ ئاژاوەکان... واتە لەماوەی سێ ساڵدا پتر لە سەت ڕاپەڕین لە گەڕەکەکانی گیتۆ ڕەشەکاندا لە شارە گەورەکانی ئەمەریکا ژمێررا، چەندان گەڕەکی بە تەواوی داگرت و زیانی بە ملیۆنان دۆلار و سەتان کوژراو و برینداری جێهێشت... و ئەمانە بەشێوەیەکی سەرەکی لەو لاوە ڕەشانە بوون کە لە ئەنجامی سەرکوتی بێ بەزەییانەدا بەربوونەوە.

ئەم شۆڕشانە لە گەڕەکەکانی گیتۆ ڕەشەکاندا لە مێژووی ئەمەریکاییدا یەکەم نەبوون لەم جۆرە، لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩ لە شیکاگۆ بەتایبەتی و ساڵی ١٩٤٣ لە دیترۆیت، ئاژاوە بەرپابوو وەک وەڵامدانەوەی ئەو قانوونە دوژمنکارانە ڕەگەزپەرستانانەی سپییەکان دەریانکردبوون. بەڵام ئەوەی لە ڕووداوەکانی شەستەکاندا لە نوێ دەچوو ئەوە بوو کە کینەی دژی "ڕیژیم"ی ئەمەریکایی ئاڕاستەکراویی دەردەبڕی. ئەوەی بەهای ئەو ئاژاوانەشی دایەوە بەتەواوی پیاوی تاکی سپی نەبوو (جگە لە چەند کەسێکی هێزە نیزامییەکان) بەڵکو دەزگە بازرگانییەکان بوون، لەسەرووی لیستەکەشەوە شوێنەکانی ئامرازە کارەباییەکان و کۆگەکانی پێداویستییە لاوەکییەکانی سپییەکان کە لە ناوچەکانی گیتۆدا بوون. نائومێدیی لاوە ڕەشەکان دەستیانی گەیاندە هێماکانی پەرەسەندن و ئابوورییەکانی لای سپییەکان.

### "دەسەڵاتی ڕەشمان دەوێ!"

ئەم ڕووداوانە بە تەنیا بەس بوون بۆ وورووژاندنی نیگەرانی لە ئەمەریکا. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو دەنگی لەناودا بەرزبووەوە بۆ داواکاری وڵاتی هەژاند: "دەسەڵاتی ڕەشمان دەوێ!" "دەسەڵاتی ڕەشمان دەوێ!".

پێدەچێ دەستەواژەی "دەسەڵاتی ڕەش" بۆ یەکەم جار لە ناوونیشانی کتێبێکی ڕیچارد ڕایت–ی نووسەری گەورەی ڕەشی ئەمەریکادا هاتووە لەبارەی گاناوە، کە ساڵی ١٩٥٤ دەرچووە، ئینجا بیرۆکەی دەسەڵاتی ڕەش وەک ناوەڕۆک لە تێزەکانی ژمارەیەک لە پێشەوا ڕەشەکاندا تەرخان دەبێ. بەتایبەتی لەلای ماڵکۆڵم ئێکس–ی پێشەوای موسڵمانە ڕەشەکان کە ساڵی ١٩٦٥ تیرۆر کرا، یان لەلای ڕۆبەرت ولیامز کە ساڵی ١٩٦١ بۆ کووبا دوورخراوەتەوە و لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا دەستەواژەی "دەسەڵاتی ڕەش" بووە دروشمێکی تێکۆشان، ئەوەش لە کاتی ڕێپێوانێکدا کە بە درێژاییی مسیسیپی بەڕێوە چوو و خۆپیشاندەرانی تێدا ڕێککەوتن لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلیسدا هاوار نەکەن بڵێن: "ئازادی هەر ئێستا" بەڵکو بڵێن: "دەسەڵاتی ڕەش!", هەر لەوساکەوە دروشمەکە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و چەند ڕێکخراوێک لە ئەستۆیان گرت و وەک هاوارێکی جەنگی لێ هات یاخیبووانی لە ئاژاوە یەک لە دوای یەکەکاندای کۆدەکردەوە.

هەواڵنامەی کتێب

### ستۆکلی کارمایکل

ستۆکلی کارمایکل بۆ چەند ساڵێک بیرۆکەی دەسەڵاتی ڕەشی بەرجەستە کرد، بە ڕادەیەک کە هەندێک کەس لەو بڕوایەدا بوون کە بەخۆی دایهێناوە. بەسەرهاتی، وەک دەبینین، لە ژینامەی مارتن لۆتەر کینگ جودایە، کە لە کوڕانی بورجوا گچکەکانە لە باشوور. ئەمەش سەرکەوتنەکەی (کارڵ مایکل) لێک دەداتەوە لە گەڕەکەکانی گیتۆ لە شارە هەرە گەورەکانی باکوردا کە لە بەرامبەردا قەشەکەی ئەتلانتا زەحمەتیی لە گەیاندنی دەنگیدا بە خەڵکی بینی.

ستۆکلی کارمایکل ساڵی ١٩٤١ لە ترینیداد لە دایک بوو، کە یەکێکە لەو دوورگەیانەی ئەنتیل کە ئێستاش و پێشتریش هەر بەریتانی بوو. تەمەنی دە ساڵان بووە باوک و دایکی کۆچیان بۆ ئەمەریکا کردووە. لەوێ لە نێو زنجەکانی برۆنکس–دا پەروەردە بوو، کە گەڕەکێکی دیکەیە لە گەڕەکەکانی گیتۆ لە نیویۆرک. باوکی بە ڕۆژ کاری دارتاشیی دەکرد و بەشەو شوفێری تاکسی بوو، ئەمەش ماندووی کرد و بووە هۆی ئەوەی زوو بمرێ. دایکیشی پەنای بردووەتە بەر کارەکەری لە ماڵاندا بۆ ئەوەی منداڵەکانی بژێنێ و یارمەتیی "ئاوێتە"بوونیان بدا لە کۆمەڵگەیەکی

ئەمەریکاییە سپییەکاندا. ستۆکڵی کارمایکڵ تێکەڵی عیسابەکانی گەڕەکان بوو، لە هەمان کاتیشدا لە خوێندندا سەرکەوت و توانیی بچێتە زانکۆی هیواردی ڕەشەکان لە واشنتن.

ساڵی ١٩٦٠ تێکۆشانی لە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکانی مافە مەدەنییەکاندا هەڵبژارد. لەگەڵ ڕێکخراوی "کۆنگرە لە پێناوی یەکسانیی ڕەگەزی .C.O.R.E" کە جایمز فارمەر ساڵی ١٩٤٣ دایمەزراندووە، بەشداریی لە خۆپیشاندانەکانی ناتوندوتیژیدا لە باکور کردووە. بەم جۆرە ناسیاویی لەگەڵ بە چەکوچ لێدان و کینەی پۆلیسە سپییەکان و بەندیخانەدا پەیدا کردووە.

ڕێکخراوی C.O.R.Eی بەلاوە فشەڵ بوو، گواستیەوە .S.N.C.C، "لیژنەی هاوئاهەنگیی قوتابییانی ناتوندوتیژی"، کە بزووتنەوەیەک بوو ساڵی ١٩٦٠ بە پشتیوانیی مارتن لۆتەر کینگ دامەزرابوو، لەم کاتانەشدا شارەزاییی لە بیری شۆڕشگێڕانەدا پەیدا کرد، بەڵام بیرەکانی لە یەسووع "عیسا"یان لە قددیس پۆڵس یان لە گاندی وەرنەگرت وەک ئەوەی مارتن لۆتەر کینگ کردی، بەڵکو لە مارکس و داروین و سارتەر و کامۆ و مالکۆڵم ئێکس و فرانز فانوون–ی تێکۆشەری ناسراو لە مارتینیک و چی گیڤارا و دەستی بە جەختکردن لەسەر ئەوە کرد کە سپییەکان جەنگیان دژی ڕەشەکان ڕاگەیاندووە و دەبێ بەرپەرچیان بدرێ و جەنگیان لەگەڵدا بکرێ. خەڵکی گوێیان لە وتارەکانی گرت و لە ١٩٦٦دا بە سەرۆکی لیژنەی .S.C.L.C هەڵبژێررا. لەگەڵیدا لیژنە ناوەکەی وەک خۆی هێشتەوە بەڵام وازی لە توندوتیژی هاورد. یەکەم ڕێکخراو بوو دروشمی "دەسەڵاتی ڕەش"ی بەرزکردەوە و دوای ئەوانیش ڕێکخراوی C.O.R.E کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتییشی شڵەژا بوو. لە ١٥ و ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦دا کۆنگرەی دامەزراندنی دەسەڵاتی ڕەش بە دەستپێشخەریی ئەم دوو ڕێکخراوە لە واشنتن گیرا.

### "تەقە بکە تا مردن، برا!"

لە دوو ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٦٧دا ستۆکڵی کارمایکڵ لە شارە گەورەکانی باکوردا ئالای "جەنگی ڕەش" و یاخیبوونی چەکدارانە و تێکدان و وێرانکردن و خوێن و مەرگی بەرزکردەوە. ڕەشەکانی هان دا بەشداری کردن لە جەنگی ڤێتنامدا ڕەت بکەنەوە و موسڵمانە ڕەشەکان لایەنگیری ئەم ڕەت کردنەوەیە بوون کە محەمەد عەلی (کاسیۆس کلای)ی پاڵەوانی بۆکسێنی پەرستراوی جەماوەری ڕەش دەری بڕی. کارڵ مایکڵ پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە جەماوەرەوە پێ باشتر بوو کە دەیەوێ بە ئاگای بهێنێتەوە و بیوروژێنێ و ڕاپەڕێنێ، یەکەوڕاست لە ئایاری ١٩٦٧دا وازی لەسەرۆکایەتیی لیژنەی .S.N.C.C هێنا و پۆستەکەی بۆ لاوێک بەجێ هێشت ناوی ڕاپ براون بوو لە خۆی توندتر بوو. لە ئابی ١٩٦٧دا وتارێکی خوێندەوە لە کاتی گیرانی "کۆنگرەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان لە ئەمەریکای باشووردا" لە هاڤانا، تێیدا لەبارەی نەخشەدانان بۆ ستراتیجییەتی تێکدان و خوێن لەبەرڕۆیشتن ڕاگەیاند دروست کردنی پەنجا مەیدانی جەنگی ڤێتنام لەسەر خاکی

ئەمەریکاییدا بە ئەنجام گرتبوو، ئایا ڕەشەکان لە هەموو شارەکاندا نین، ئەوان ئیدی دەتوانن ئاژاوەیەکی تەواو لە ناوەندە زیندووە سەرمایەدارییە هەرە بەهێزەکانی هەموو جیهاندا بنێنەوە؟

"براکەم، هەوڵ مەدە سپییەکانت تا مردن خۆش بوێ، بەڵکو تا مردن فیشەکیان پێوە بنێ! ئەگەر ئەم شارە نایەوێ گوێمان لێ بگرێ دەبێ بیسووتێنین براکەم". ئەمە هەندێک لەو قسانەیە کە ڕاب براون سەرەتای هاوینی ١٩٦٧ لە کامبریج پێشکێشی کردووە. دەیان هەزار لە لاوە ڕەشەکان بەدەم ئەم جۆرە تێزەدا هاتن. سەرباری هاندان بۆ "جەنگی ڕەش" لە لایەن کووبا و هەموو ڕەوت و بزووتنەوە ئاراستە دژە ئیمپریالیی ئەمەریکاییەکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا.

## لە دایک بوونی "پڵنگە ڕەشەکان"

دروشمی "دەسەڵاتی ڕەش" دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ناو ڕیزەکانی جەماوەردا هێشتەوە، کارێکی ئەفسانەییی هەبوو، وا دەرکەوت کە هۆیە تازەکەیە بۆ جووڵاندنەوەی کۆمەڵگەی ڕەشەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەلی سپی بە فشاری توندی هێزێکی ڕەنگداری یەکگرتوو و ڕێکخراو.

سەرکردەکانی ڕێکخراوەکان لە سەرەتادا بۆ ئەوەیان بەرزکردبووەوە، بەڵام زەحمەتییان لەوەدا بینی کە واتایەکی دیاری کراوی بدەنێ. دواتر کاروبارەکان ڕوونتر بوونەوە، دەسەڵاتی ڕەش دەستی بە ناساندنی خۆی بەوە کرد کە پێچەوانەی بزووتنەوەگەلێکن لەسەر شێوەی هەڵمەتەکانی کینگی ناتوندوتیژی بوون، بۆ لەناو یەکدا توانەوە تێدەکۆشا، کەچی ئەم لە گشت بوارەکاندا داوای جودابوونەوەی دەکرد.

دەستپێک لە چالاکیی سیاسییەوە. لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٦دا ستۆکلی کارمایکڵ بەشداریی لە دامەزراندنی حزبێکی سەربەخۆ کرد کە بە "پڵنگە ڕەشەکان" ناسرا، لە ناوچەی ئەلاباما‌دا کە ٨٠٪ی ڕێژەی دانیشتووانی لە ڕەشەکان پێکهاتووە، دامەزراندنی حزب دووبەرەکییەکی، دەنگ گەورە بوو لە دیموکراتییە باکورییەکان، کارڵ مایکڵ لە پاساوی ئەوەدا گوتی ئێمە ئەگەر لە ڕەشی باشوورمان ویست "بچێتە پاڵ حزبی دیموکراتەوە، ئەمە لە بانگهێشتی جوو دەچێ بۆ چوونە پاڵ حزبی نازی". بەڵام حزبی پڵنگە ڕەشەکان چەند ساڵێکی ویست تا بووە حزبێکی سەربەخۆ لەسەر ئاستی نەتەوەیی کە هەرچۆنێک بێ ئەوەی ڕەت نەکرد کە پێکهاتوویەکی کەمینە بێ.

سەرەڕای ئەوە دەسەڵاتی ڕەش دەست بەسەر گیتۆدا گرتنی ڕاگەیاند، لە سەر هەموو ئاستە سیاسی و ئابوورییەکاندا کە بەڕێوەبردن و فێرکردن و ئەو خۆپاراستنەشی دەگرتەوە کە میلیشیا تایبەتەکان گرتبوویانە ئەستۆ و هەروەها ئاگرکوژاندنەوە و... تاد... بە واتەی: مافی تەواو لە دەستنیشان کردنی چارەنووس. حزبی پڵنگە ڕەشەکان لە ساڵانی دواتردا هەوڵی هێنانەدیی ئەوەیان دا، بەڵام دەسەڵاتی ناوەندیی سپی بێگومان ئەوەی بە شێوەیەکی تەواو ڕەت کردەوە.

له ئاراستەیەکی دیدا دەسەڵاتی ڕەش هەوڵی خستنەوەی دووبەرەکییەکی ئابووریی دا: بە داوای هەڵسەکەوت لەگەڵ ڕەشەکان و لێ کڕین و گۆڕینەوەی بەرهەمخۆری سپی یان ڕەش بە هاوکاری لەگەڵ ڕەشەکان و بەهێزکردنی متمانەیان پێی. بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە بنیاتنانی ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ ڕەشەکان لە سایەی ڕژێمی سەرمایەداریدا تەگەرەی دێتە بەر و ئەم ئاراستەیە وەک خەون دەمێنێتەوە و هەر وەهاش بوو، بەڵام دروشمی دابەش کردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ڕەشەکان لە باشوور کە پێ بەپێی ئەو خەونە دەڕۆیی هۆکارێکی کاریگەر بوو لە بزواندنی هەستی جەماوەر.


دروشمەکانی دەسەڵاتی ڕەش هەستێکی نوێی بە خۆدانازین و سەر بە ڕەگەز یان ڕابوردوویەکی شارستانیی لە ماوەیەکی دوورەوە متکراوی دایە کۆمەڵگەی ڕەش (بەتایبەتی لە شارە گەورەکاندا کە ٧٠٪ی لە کۆی گشتیی ٢٥ ملیۆن لە ڕەشە ئەمەریکاییەکانیان تێدا دەژین)، ئەمە سەرەڕای پەروەردە کردنی هەستی هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوە تێکۆشەرانەکان لە جیهانی سێیەمدا و شەڕە پارتیزانەکان لە ئەمەریکای باشوور و لەگەڵ ئەو تێکۆشانەی لە ئەفریقیای ڕەشدا ئەنجام دەدرێ (ستۆکلی کارمایکڵ-ی دوورخراو، مێریام ماکیبای گۆرانیبێژی ڕەشی بە ناوبانگ لە باشووری ئەفریقیای خواست). لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو چالاکییە بە کردەوانەی دەسەڵاتی ڕەش خۆیانی لێ دا، وەک ئەو ئاژاوانەی دەیوروژاندن، وەک بازدانی شـــۆڕشگێـــڕانە هەندەی پێ نەدەچوو بە بەرپەرچدانەوەی دڕندانە سەرکوت دەکرایەوە، بەڵام دەسەڵاتی ڕەش توانیویەتی لەلای بێئومێدانی لە گەڕەکەکانی گیتۆ بە ئومێدی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازانە. ئەمەش ناکرێ بە کارێکی نەرێنی دابنرێ.


هەواڵنامەی کتێب

## موسڵمانە ڕەشەکان

زۆربەی ئەمەریکاییە ڕەشەکان لەو مەسیحییانەن کە بەسەر ژمارەیەک لە کەنیسەکاندا بەش کراون. کەمینەیەکیان هەیە، نێزیکەی بیست و پێنج هەزار، لەسەر ئاینی ئیسلامن، لەنێو ئەمانەدا تایەفەیەک هەن "موسڵمانە ڕەشەکان" کە پایەیەکی بەبایەخیان هەیە لە "دەسەڵاتی ڕەش"دا، بە ڕووکارە توندەکەیەوە دەستی بەسەر ئەو بارودۆخە تووڕەییە تێکدەرەدا گرتووە کە ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٦٧ وڵاتی گرتبووەوە. ئەم تایەفەیە و. د. فارد دەوروبەری ساڵی ١٩٢٠ دایمەزراندووە. کە دەیگوت بە ڕەسەن خەڵکی مەککەیە و لە شەقامەکانی دیترویت دەستی بە موژدەدانی ڕزگارکردنی ڕەشەکان کرد لە چەوساندنەوەی "شەیتانە چاوشینەکان". لەم ماوەیەدا مزگەوتی موسڵمانانی بنیات نا. بڕوادارانی تێدا ناوێکی دیکەیان دەدرایێ. ناوی یەکەم و بە دوایەوە پیتی X و تەنیا خودا ناوی ڕاستەقینەی هەر یەکەیانی دەزانی. تیپێکی پارێزگاریی تایبەت پێکهێنرا مەشقیان لەسەر بۆکسێن و کاراتێ کردە پێشەی ڕەش.




ژمارەیەکی کۆواری بزووتنەوەی تێکۆشان لە پێناوی مافە مەدەنییەکان The Crusader، کە لە ٢٥ی ئابی ١٩٦٧ دەرچووە، ئەو دروشمە بەناوبانگەی لەسەرە کە جاروبارێک دەدرێتە پاڵ مارتن لۆتەر کینگ، "ڕەش جوانە، چەند جوانە کە ڕەش بین".

هەوالنامەی کتێب

ساڵی ١٩٣٥ ئیلیجا جێی محەمەد فاردی گرتەوە. ڕۆبەرت پۆڵ بەناوی ئیلیجا لە دایک بوو و کوڕی قەشەیەک بووە لە جۆرجیا، فارد لە بارێکی نائومێدییەوە کە تێیدا دەژیا ڕزگاری کرد، بە هۆی ئەوەی موسڵمانە ڕەشەکان ڕەتیان دەکردەوە کە بچنە ڕیزی جەنگاوەرانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، محەمەد بە سێ ساڵ زیندانی حوکم درا و بەوە پایەیەکی گەورەی لە ناخی زۆربەی ڕەشەکاندا بەدەست هێنا. بەڵام بەبایەخترین پێشەوایەکی موسڵمانە ڕەشەکان ناسیبێتیان مالکۆڵم ئێکس بووە. کە بە ناوی "مالکۆڵم لیتل"ەوە ناسراوە. باوکی مالکۆڵم لەسەر دەستی کەسانی عیسابەی "کۆکلوس کلان" تووشی کوشتن هات کە ماڵی خێزانەکەشیان سووتاند. ئەوەش بە هۆی بانگهێشتیەوە بووە بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی پیرۆز دژی جیهانی سپییەکان. ساڵی ١٩٦٥ مالکۆڵم تیرۆر کرا دوای ئەوەی دەسەڵاتی ڕەش پەیرەوی شۆڕشگێڕانەی گرتە ئەستۆ. لەوساوە لە نێو پازدە هەزار ئەندام لە موسڵمانە ڕەشەکان، محەمەد عەلی کلای-ی پاڵەوانی پێشووی جیهان لە بۆکسێنی کێشی قورسدا بەناوبانگ بووە، کە بەناوی کاسیۆس کلای ناسرابوو.

## مارتن لۆتەر کینگ و دەسەڵاتی ڕەش

کە یەکەم شۆڕش لە گەڕەکەکانی گیتۆ بەرپا بوو لە هارلم ساڵی ١٩٦٤، مارتن لۆتەر کینگ بەلای جیهانەوە گەییبووە ترۆپکی سەرکەوتنەکانی. ئەی پاداشتی نۆبڵی بۆ ئاشتیی ئەو ساڵە پێ نەدرا، وەک ڕزگارکەرەوەی ئاشتییانەی گەلێک و شاهێدێک لەسەر برایەتیی گشتیی پێویست و شیاو دانی پێ نەنرا؟

لەڕاستیدا، لەماوەی سێ ساڵی دواتردا کە بە مردنی کۆتایی هات، مارتن لۆتەر کینگ چەندان جار نوشوستیی هێنا و درکی بەوە کرد دوای بەدیهێنانی چەند سەرکەوتنێک لە باشوور و سەرکەوتنی لە نەهێشتنی هەموو قانوونەکانی جوداوازی کە ئەوسا هەبوون، لە توانیدا نەما بوو ئیدیعای ئەوە بکا کە بە تەواوەتی ڕزگارکەرەوەی گەلی ڕەشە.

مارتن لۆتەر کینگ بەگوێرەی چەمکی زانستی کۆمەڵناسی بە بورجوازی دادەنرێ. لە ڕاستیدا سەر بە بڕی بورجوازیی گچکە بوو لە کۆمەڵگەی ڕەش لە باشووردا، کە قەشە و مامۆستا فێرکارەکانی دەگرتە خۆ و لە بارودۆخیدا لە کۆمەڵی هەژارانی هارڵم نەدەچوو یان لە لۆس ئەنجلس، مارتن لۆتەر کینگ ڕاستیی بارودۆخی گەڕەکەکانی گیتۆی لە باکور نەدەزانی، دەبوو لە باشوور جەنگی لە دژی قانوونە ڕەگەزپەرستانەکان بەرپا بکردایە، بەڵام سەرباری ئەوەی قانوونەکان ڕەگەزپەرستانە نەبوون بەڵام ڕیژیم هەر هەمووی مۆرکی ڕەگەزپەرستیی پێوە بوو، کە ڕیژیمێکی مەکرباز بوو و وەک بەڵگەنەویست دیار بوو و کینگ پێشتر تووشی حاڵەتێکی وەک ئەوە نەهاتبوو لە باشوور.

دوای هەڵگیرسانی ئاژاوەی یەکەم و دوای بەدەست هێنانی ئەوەی دەبوو بە بنچینەیی دابنرێ لە باشوور، مارتن لۆتەر کینگ هەڵمەتگەلێکی دەست پێ کرد داوای یاخی بوونی مەدەنیی دەکرد لە باکوردا. بەڵام بە زمانی ئەوانە نەدەدوا کە دەیدوواندن، پەلەی لە باسی ئومێد و هێزی ژیانی لەگەڵ کەسانێکدا دەکرد هیچ ئومێدێکیان نەمابوو. لە باشوور قەشە بوو و جەماوەر ڕەعیەی بوون، بەڵام لە باکور وەک ڕێنیشاندەرێکی ڕەوشتبەرزی دەبینرا، وەک "مام تۆم" هەروەک هەندێک نەتەوەییانی "دەسەڵاتی ڕەش" گوتوویانە "پیاو"ی دەسەڵاتی سپی بووە و گوێڕایەڵی دەستی دەسەڵات بوو. بە حاڵ گوێیان لێی دەگرت و زۆر جار گاڵتەیان پێ کردووە. ساڵی ١٩٦٦ هەوڵی دەست پێ کردنی هەڵمەتێکی مانگرتنی کرێچییەکانی لە شیکاگۆ دا بەڵام تەواوێک شکستی هێنا.

لەم کاتانەدا بایەخدارە بزانین کینگ تا چەند توانیویەتی بگۆڕێ. لە سەرەتادا بێهوودە بەرامبەر توندوتیژیی یاخی بووان نارەزاییی دەربڕی و ئەوەشی دەربڕی کە لەگەڵ ڕەوتی پەنا بردنە بەر هێزدا نییە کە دەسەڵاتی ڕەش لە ئەستۆی گرتووە. ئینجا درکی بە گەورەییی گرفتەکە کرد، کە ئەو "ڕیژیم"ی ئەمەریکاییەی کە بڕوای پێی بوو خراپ بووە و سەرمایەداری لە قووڵاییەوە تا دواڕادە

گەندەڵی کردووە. بۆی دەرکەوت کە دەسەڵاتی ڕەش ڕەنگدانەوەی ئومێدەکانی برایانیەتی بۆ بەدی هێنانی سەربەرزییان و نەتەوەپەرستە ڕەشەکان نوێنەری لاوانی گەڕەکەکانی گیتۆن.

ئەم گۆڕانە لە ڕوانگەی کینگدا دەر دەکەوێ، لە ڕاگەیاندن و ڕێکخراوی "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور" (S.C.L.C.)، بە ڕەوتی دژ بە جەنگی ڤێتنام بوون و کاراکردنی ئەو هەڵمەتانەی بۆ بەدی هێنانی ئەوە ئەنجام دەدرێ.

بەم جۆرە لە ئابی ١٩٦٧دا کۆمەڵەی دەیەمی "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور" دیمانەکانی بە وەئەستۆ گرتنی کۆمەڵە دەقێک کۆتایی پێ هێنا چەمکەیلێکیان تێدا تەرخان کرابوو وەک: "زنجیێتی" (بار و دۆخی زنجییان و سروشتیان) و "یەکێتیی ئەفرۆ-ئەمەریکایی"، دوای ئەوەی مارتن لۆتەر کینگ بە گەرمی ڕایگەیاند: "تەنیا هێزی گیانیی ڕەشەکان دەتوانێ نەتەوەی ئەمەریکایی ڕزگار بکا".

ئەو کۆمەڵەیەی پۆستەرەکانیان دروشمی "ڕەش جوانە، چەند جوانە کە ڕەش بین"، بە تایبەتی بڕیاری لەسەر پلانێک دا "بۆ هەڵوەشاندنەوەی" ژیان لە شارە گەورەکانی باکور، ئەوەش بە ڕاگەیاندنی یاخیبوونی مەدەنی لە خۆپیشاندانی جەماوەریی ناتوندوتیژ و ئەمەش بۆ فشار خستنە سەر کۆنگرێس لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر داراییەکی زۆر بدا بۆ گۆڕینی بارودۆخی گوزەرانی ڕەشەکان، لەو قسانەی کینگ لەم بارەیەوە کردوویەتی دەڵێ: "دروست کردنی کەموکوڕی لە ڕێژیمی شارێکدا نەک رووخاندنی لەوانەیە کاریگەرتر بێ لە پەنابردنە بەر ئاژاوە نانەوە. ئەم جموجووڵە دەشێ بۆ ماوەیەکی درێژتر بێ و تێچووەکەی لەسەر کۆمەڵگە زۆرتر بێ".

لەپێناوی ئەم ئامانجەدا "کۆنگرە" ئامادەکاریی بۆ حەفتەیەک دابڕان لە قوتابخانەکان دەکرد و بۆ کۆبوونەوەی بێکارە ڕەشەکان لەبەردەرگەکانی کارگەکان و کۆمەڵە خۆپیشاندانێک لە ناو بینا کارگێڕییەکاندا بە ئامانجی ڕاگرتنی خزمەتگوزارییە فەرمییەکان.

مەبەستی لەمە ئەوە بوو جەخت لەسەر ئەوە بکا کە ناتوندوتیژی هێشتا دواقسەی نەکردووە، بەڵام ئەوەی لەم بەرنامەیەوە بەدی هات هەوڵە سەرەتاییەکانی ڕەت نەکرد، چونکە "کۆنگرە" نەیدەتوانی "هێزگەلێک"ی شیاو لە شارەکانی باکور بجووڵێنێتەوە و هەروەها لەبەر ئەوەی مارتن لۆتەر کینگ دوای چەند مانگێک تیرۆر کرا.

## ڕووخانی "دەسەڵاتی ڕەش"

لە بەرەنگاربوونەوەی "دەسەڵاتی ڕەش"دا مارتن لۆتەر کینگ پرسیارەیلێکی دەورووژاند و پابەند نەدەبوو بە بڕیارگەلێکی چەسپاو. لەو خاڵەوە بە سەیری نابینین ستۆکلی کارمایکل دوای تیرۆر کردنی سڵاوی ئاراستە بکا و بێژێ: "ئەم ڕووداوی تیرۆر کردنە تاکە دەنگی لە وەچە گەورەکانی

بێدەنگ کرد کە لاوە ڕەشەکان لە توانستیاندا بوو گوێی لێ بگرن".

دوای مردنی کینگ، هەموو ئەنجامەکان ئاماژەیان بۆ سەرکردنی تای تەرازووی توندوتیژی و "خەونەکە" بە کردەوە لە دەست چوو، خەونی بەبـــێ توندوتیژی گۆڕینی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی. لە نێو پێشەوایانی جموجووڵی ناتوندوتیژیدا کەســێک نەبوو پایەیەکی وای هەبێ شایەنی ئەوە بێ ڕێپێوانەکەی مارتن لۆتەر کینگ تەواو بکـا، تەنیـا سەرانی "دەسەڵاتی ڕەش"، ئەوانەی وەک کارمایکڵ و براون، دیارە دەســتی پێویســتیان هەبوو بۆ نەخشەکێشانی شۆڕشی ڕەشەکان. بەڵام هەر دوای بەرپابوونی ئاژاوە دوای تیرۆر کردنی کینگ، هەموو سەرسام بوون چونکە هاوینی ١٩٦٨ وەک چاوەڕوان دەکرا "گەرم" نەبوو... هەروەها مانگەکانی دواتریش. بەم جۆرە دەسەڵاتی ڕەش کە چەندانێک دڵی دەیان هەزار لاوی گڕ تێ بەردا، وردە وردە دەستی بە پاشەکشێ کرد...

بڕانەوەی ئاژاوە چاوەڕوان نەکــراو بوو، بەڵام ڕووخــانی وردە وردەی دەســەڵاتی ڕەش لە بەرامبەردا لە ئەنجامی هۆگەلێکی زۆردا بوو، بەبایەخترینیان بێگومان پەنابردنی دەسەڵاتی سپی بوو بۆ کاری سەرکوت کردنەوە، لە جەنگینی لەگەڵ سەرکردە و چالاکانی ئەو نەتەوەییانەی بە کردەوە دووشاری بەدواداچوونی بەردەوام بوو، تاوانی توندوتیژییان ئاراستە دەکرا بەرەو بەندیخانەی دەبردن بۆ بەسەردا سەپاندنی سزای سەخت، یان حوکمی دوورخستنەوەی تەوزیمییان بەسەردا دەسەپێنرا.

بەم جۆرە ستۆکلی کارمایکڵ و ڕاپ براون و ئێلریدج کلێڤەر (کە بەڕاستی "ڕێنیشاندەری حزبی پڵنگە ڕەشەکان بوو" لە ١٩٦٩ و ١٩٧٠ دا) و هی دیکە بــەدوای یەکــەوە حوکمی ناردنە تاراوگەیان درایێ. "دەسەڵاتی ڕەش" کە ساڵی ١٩٦٦ دامــەزراوە، لە ١٩٦٧ گەیشتە ترۆپک و ترسی لە ئەمەریکادا ورووژاند، بەڵام نەیتوانی تا کۆتایی حەفتاکان بەردەوام بێ. دوا کاری گەورەی سەرکەوتنی وەرزشوانانی ڕەش بوو لە یارییە ئۆڵۆمپییەکان لە مەکسیکۆ ساڵی ١٩٦٨.

لە هۆیەکانی دیکەی ڕووخانی دەبێ ئاماژە بە: توانستی زۆر گەورەی ڕیژیمی ئەمەریکایی لە کۆنترۆڵ کردنی هەموو ئەو ناسەقامگیرییانەی توانیی بیورووژێنێ و خەرج کردنی پارەیەکی زۆر کە بۆ "یارمەتیی" ڕەشە هەرە هەژارەان و دامرکاندنەوەیان خەرج دەکرا، دژواریی کارا کردنی ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا، بێتوانیی سەرکردەکانی دەسەڵاتی ڕەش لە دانانی ستراتیجییەتێکی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەن کە ماوەی کورت تێپەڕێنی لە ورووژاندنی ئاژاوەدا، پشتگیریی کووبا و هەموو حکوومەت و بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان لە ڕاستیدا بەردەوام نەبوو و چاودێریی "حزبی ڕەشەکان" لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بێگومان لە چوارچێوەی بیری پاراستنی هاوسەنگیی هێزەکاندا بەلای مۆسکۆوە هەنگاوێکی سوودبەخش نەبوو...

هەر لەوساکەوە، دەبوو بەداخەوە ئاماژە بۆ شەپۆلی ناتوندوتیژیی تێکدەری نێوان ساڵانی ١٩٥٤ و ١٩٦٤ و دینامیکییەتی دەسەڵاتی ڕەش نەیانتوانی بگەڕێنەوە شانۆی ڕووداوەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا سەرەڕای ئەوەی کە بارودۆخی ڕەشەکان بەرەو خراپتر دەچوو، لە چوارچێوەی پاشەکشەی ئابووریدا، وایان لەسەر بڕیار درا کە ناچنە ناو بنەماکانی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییەوە. بێگومان هەندێک شار هەن ڕێکخراوەکانیان تێیاندا چالاکیی "بنکە جەماوەرییانە"ی پەسند ئەنجام دەدرێن، بەڵام بزووتنەوەیەکی نەتەوەییی گەورە لە ئارادا نەمابوو.

ساڵی ١٩٧١، دۆزی ئەنجێلا دێڤیس ورووژێنرا کە کچەلاوێکی زانکۆ بوو و تاوانی بەشداری کردن لە هەوڵی دەرباز کردنی بەندیگەلێک کە بە "برایانی سولیداد" ناسرابوون، بەڵام دۆزەکە بەشێکی کەمی کۆمەڵگەی ڕەش نەبێ کەسی نەخستە جووڵە. بەڵام لە بارەی ئەو ئاژاوانەی ساڵی ١٩٧٦ لە دیترۆیت و ئەلاباما و ساڵی ١٩٨٠ش لە میامی-دا بەرپا بوون، بەسادەیی بیر خەڵکەکەی خستەوە کە "گرفتی ڕەشەکان" (ڕاستتر " گرفتی سپییەکان"؟ هێشتا لە کرۆکی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا لەبەرچاواندایە. کەی ئەو شۆڕشە بەرپا دەبێ کە مارتن لۆتەر کینگ و ستۆکلی کارمایکڵ داوایان کردووە؟

## ڕێکخراوە ئەفرۆ-ئەمەریکاییەکان

**فیلیپ تێربی***

ئەو ئاژاوانەی لە مانگی ئایاری ١٩٩٢دا بەشێکیان لە شاری لۆس ئەنجلس تێک دا، بە سەختییەکەی ئەمەریکاییەکانیان بە ئاگا هێنایەوە لەو بێبەشییە کۆمەڵایەتییەی پشت بە ڕەگەزپەرستییەکی مێژینە دەبەستێ، بێگومان بەرەو تەقینەوەی گشتیی دەبا.


هەروەها ئەم ئاژاوانە بێتوانیی سەرکردە ڕەشە ئاساییەکانی دەرخست لە خۆتێکەڵ کردنی کاریگەر لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئەفرۆ-ئەمەریکاییدا، کە وای دەهاتە بەرچاو تێگەیشتنی چەمک و ئاواتەکانی ڕوون نییە و مۆرکێکی دوژمنکارانەی پێوەیە. ئەمەریکای ڕەش ڕووکاری تاکلایەنە نییە و ئەو کەسایەتییانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆندا دەر دەکەون، کە بیڵ کۆسبی و ماجیک جۆنسن و لویس سۆلیڤان (وەزیری تەندروستی) و بنیامین هۆکس (سەرۆکی ڕابیتەی نیشتیمانیی پێشکەوتنی ڕەنگدارەکان .N.A.A.C.P) و جێسی جاکسن و دۆرۆتی هایت (سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی ژنە زنجییەکان) لەمانە بوون، لە پێناوی بانگەشە بۆ هێور کردنەوە لە ڕۆژانی یەکەمی بەرپابوونی ڕووداوەکان، کاریگەرییەکی وای نەبوو بەسەر ئەو لاوە هەژارانەی وا، بە زۆری هیچ لەبارەی ئەو تێکۆشانەوە نازانن کە لە خۆیان بەتەمەنترەکان خۆیان لێدا.

بەڵام ڕێکخراوە ئەفرۆ-ئەمەریکاییەکانی ئەمڕۆ ناکرێ بەوە دانرێن کە پاشماوەیەکی هێماییین،

قۆناخێکی پێشتری خەبات لە پێناوی مافە مەدەنییەکان بەبیر دێنێتەوە. لە بنیات و بەڕێوەبەرێتیدا دینامیکی و ڕێکوپێک بووە و لە زۆر لای ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاوبووبووەوە و جاروباریش لە دەرەوە و دەسەڵاتێکی کاریگەری ئۆپۆزسیۆن دەنوێنێ حکوومەت بە هەندی هەڵدەگرێ و بە ڕێکوپێکی ڕاوێژی پێ دەکا.

لە نێو کۆمەڵە گەورەکەی بزووتنەوە و ڕێکخراو و ڕابیتەکاندا خۆبەخش بن یان نا، لە دەرەتانێکی ناوەخۆیی بێ یان هەرێمی یان نیشتیمانی یان جیهانی، ئەوەی کاریگەریی پتری هەیە بێگومان ئەوەیانە کە مۆرکی داوای یەکسانیی بە ماوەیەکی شەستەکان و حەفتاکانەوە ناوە.

هەندێکیان باس دەکەین: "ڕابیتەی نیشتیمانی بۆ پێشکەوتنی ڕەنگدارەکان .N.A.A.C.P" و



ڕێکخراوە ئەفرۆ–ئەمەریکاییەکان ئەمڕۆ هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کارا پێک دەهێنن پێویستە حکوومەت بایەخیان بە هەند هەڵبگرێ و بەردەوام ڕاوێژیان پێ بکا.

ژمـــارەیان لـە ٧٠٠ هـەزار ئـەندام زیاترە)، ســـاڵی ١٩٠٩ و. إ. ب. دوبـوا–ی مـــێـــژوونـووس دایمەزراندووە، "كۆنگرەی سـەركردە مـەسـیحـییـەكان لە باشـوور .S.C.L.C" مـارتن لۆتەر كینگ و ڕالف ئـەمبرناتی مـاوەیەک سـەركردایەتییان كـردووە، "ئەنجوومـەنی نیشـتیمـانیی ژنە زنجییـەكان"، "كـۆنگرەی یەكسـانیی ڕەگـەزی" كە ڕۆی ئینیس پێشـەوایەتیی كـردووە، "ڕابیـتـەی شـارەكـییـە نەتـەوەییـیـەكـان"، كـە لە ڕاپۆرتـی سـاڵانەی "بـارودۆخـی ئەمــەریكای ڕەش"یدا ســەرژمـێـری و شیكردنەوەی گشتگیری لەبارەی پەرەسـەندنی كۆمەڵگەی ئەفرۆ–ئەمەریكاییەوە پێشكێش كرد، "یەكـەتیی پێكهاتەی نیشـتیـمـانی .N.R.C" كە جیسی جاكسن دایمەزراند، كە ڕێكخراوێكی فرە ڕەگەزە، دەوری ڕەشەكانی تێدا زاڵتر بوو.

ئەم ڕێكخـراوانە بە شێوەیەكی گشـتی خەمـەكانی چینی ناوەندی ڕەشی ڕەنگ دەدایەوە و خـۆی لە خـەباتـە بنچـینەییـیـەكان دەدا لە ئاسـتی قـانوونیـدا لە پێناوی ئامـادە كـردنەوەی سـیاسـەتێكی باشتر بۆ ئاوێتە بوونی كۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەفرۆ–ئەمەریكاییەكان. هەڵمەتگەلێكی ڕاگەیاندن و ئاڕاستـەكاری دژی جودا كردنەوە لە كـار و خانوو و داد و هـۆیەكانی ڕاگەیاندندا ڕێكخرا ... و لە بوارەكانی تەندروستی و فێركاریدا بەرنامە بۆ كار دانرا.

لەتەک ئـەم بزووتنەوانەدا كـە بە ئاوێتـەكاری پەسـن درا، پێـوەندیگـەل و كـۆمـەڵگـەلی ناحـكوومی NGOش لە ئارادا بوو، مۆركی هـاوبەشی ناوەخۆییی هـەبوو، گەڕەكەكانی ڕێک دەخست، چالاكیش بوو و جـارجـار توانیی ئـەنجـامگـەلی یەكلاكـەرەوە لە تێكـۆشـانی دژی لاڕێ بوون و هـۆشـبـەرەكـان و تاوان بەدی بـهـێنێ. شـایەنە ئـامـاژە بە گـرینگیی سـەندیكاكـان و یەكـەتـیـیـە پیـشـەیـیـیـەكـان و بزووتنـەوەكـانی قـوتـابیـیـە ئـەفـرۆ–ئـەمـەریـــكاییـیـەكـان بكـەین: پێـوەندگـەلی پیـاوانـی كـار و سـەندیكاكـانی ڕۆژنامـەوانی و پزیشـكان و پارێزەران، بـەبراوبوونەكـان و یەكـەتییـەكـانی قـوتابیـیـە ڕەشـەكان و.. تاد.

كـەنیسـەی ڕەشـیش كـە دامـەزرا و جـێی بزووتنەوەی مـافە "مـەدەنییـەكانی" گـرت، ئامـادەییی لە گۆڕەپانی كۆمەڵایەتی–سیاسیدا هەیە. بڕبڕەی پشتی كۆمەڵگەی ئەفرۆ–ئەمەریكاییە و كەسێكیش بیـری جیـددی ناكاتەوە بـێ پشتگیـری چالاكیـیـەكی بەربڵاو ئەنجام بدا. ئەبرەشییە جوداجوداكان سـەتان هـەزار لە ئیـمـانداران بـەخـۆوە دەگـرێ و ئـەمـانە سـەنگێكی گـرینگی هـەڵبـژاردن پێكدەهێنن. زۆربـەی سـەركـردە مـێـژووییـیـەكـان لە مـوژدەبەر "مـبشـر"ان بـوون (ئادەم كـلایتن پۆیل، مـارتن لۆتەر كـینگ–ی كـوڕ، جـێـمـز فـارمـەر، جـێـسـی جـاكـسن، ئـەندرۆ یۆنـگ، ج. لـووری، ب. هـۆكـس....تاد). هـەروەهـا لەلای ڕەشـەكان كەنیسە سـەرەكییەكان ئەمانەن: "كەنیسـەی ئەفرقیی میتۆدیی ئەنگلیكانی "African Methodist Episcopal Church، و "بـانگـهـێـشـتـی مـــەعـــمـــەدانیـی نەتەوەیی، ویلایـەتـە یەكگرتووە ئـەمـەریكاییـەكان "National Baptist Convention U.S.A، و "بانگـهێشتی مـەعمـەدانیی نـەتـەوەیی لـە ئـەمــەریكا "National Baptist Convention of American و "كــەنیــســەی – ئـەلڕەب ئەلمەسیح Church of God in Christ".

بەڵام لەلایە ڕادیکاڵییـەکـەی گـۆڕەپانی سـیـاسـیـی ئەفـرۆ–ئەمـەریکاییـدا، ئەوەی بەسـەر ئەو شـەپۆلەدا هات کـە ڕێکخـراوەیلێکی ئاڕاسـتـە مـارکـسـی–لینینیی بەخـۆوە دەگرت و بـزووتنەوەی دەسـەڵاتی ڕەش و بـزووتنەوە ئیـسـلامـیـیـەکـان–ی بەخـۆوە دەگـرت، زۆربەی ئەمـانە نەیانـتـوانی لەبەردەمی هێرشـەکانی FBI و Cointelpro (بەرنامەی هەواڵگریی دژەوانە)دا خـۆیان ڕابگرن کە بە سـەرپـەرشـتـیی سـەرۆک نیکسن بوو. تیـرۆر و ڕەشـبگیـر و لێدانـی ڕێکخـراوەکـان و هەڵمـەتگەلی چەواشـەکاریی ڕاگەیاندن و "هەڵگەڕانەوە"ی چالاکان، ئەم سـتـراتیـجیـیە سـەرباری دووبەرەکییـە ناوخـۆییـەکـان – بوونە هۆی لاواز کـردنی حـزبی پڵـنگە ڕەشـەکـان و ڕێکخـراوی یەکـەتیی ئەفـرۆ–ئەمـەریکایی (OAAU)، کـە مـاڵکۆڵم ئێکس دایمەزراندبوو کە سـاڵی ١٩٦٥ تیـرۆر کـرا و لیـژنەی ڕێکخسـتنی قـوتابییـانی ناتوندوتیـژی (SNCC) و کۆمـاری ئەفریقیـای نوێ–ی جیـابوونەوە خـواز (RNA) و لیــژنەی پاڵپـشــتـی کــردنی ڕزگــاریی ئەفــریقــیــیــان (ALSC) و ســەندیکاگــەلێکی پێشکەوتنخـوازی وەک پێوەندیی کرێکارە ڕەشە شـۆڕشگێڕەکان (LRBW) و ئەنجوومەنی کرێکارە ڕەشـەکان (BWC).

لەم کـاتی ئێـسـتـادا ڕێکخـراوە ڕادیکاڵەکان پەرتـەوازە بوون و چەند ژمـارەیەکی کـەم نەبێ کـەس بەخـۆوە ناگـرێ. بەپێی بارودۆخـی سـوێنی ئامـادەییـان هەندێکیـان گـەشـەسـەندنێکی بەرچاوی جـەمـاوەرییـانـەی بەخـۆوە دی. ئەوە بارودۆخـی "ئوممەتی ئیـسـلام NOI National of Islam" بوو کـە (پـتـر لە دە هـەزار ئەندامی ڕاگـەیەنراوی بەخـۆوە دەگـرت، سـەرباری سـەدان هـەزار لایەنگیـر)، کـە لویس فـەڕاکان، بەو کـەسایەتییـەیەوە کە جـەمـاوەری بەکێش کرد و مـشـتـومڕی ورووژاند کـە زانیی چۆن ئاراسـتـە دەکا و نـوشوسـتـییە زیاد بـووەکان لەلای بەشـێک لە لاوە ڕەشـەکـان بەکـار دەهێنێ. هـەروەهـا لەم بوارەشـدا ئامـاژە بۆ حـزبی شـۆڕشگێڕی هـەمـوو گـەلە ئەفـریقاییـیـەکـان (All-African Peoples Revolutionary Party A.A.P.R.P.) دەکـەین کـە بزووتنەوەیەکی ئـەفریقـاییـیـە، سـتـۆکـلـی کـارمـایکڵ–ی پێشـەوای پێشـووی پڵـنگە ڕەشـەکـان دایمەزراندبوو (کـە ئەمـڕۆ بەناوی کـوام تۆری–یەوە دەناسرێ) و حـزبی هـاوپەیمـانیی نوێ (New Alliance Party) ناوەندەکـەی نیـویۆرک بوو و فـرە ڕەگــەز بوو)، کــە دکــتــۆر لینـورا فــولانی–ی پاڵاوکـی ئەفــرۆ–ئەمــەریکایی بۆ هـەڵبــژاردنـەکــانی سـەرۆکایەتی لە تشرینی دووەمدا.

*

## کێ مارتن لۆتەر کینگ–ی کوشت؟!

لە چواری نیسـانی سـاڵی ١٩٦٨، لە مـەمفیس، تێنیسـی، مارتن لۆتەر کینگ لە باڵکۆنی ژوورەکەی، لە "مووتێلی لۆرین"دا وەستا بوو، کە لە سەریەوە بە گوللەیەکی کوشندە پێکرا، دەزگەی FBI بەپەلە بەرپرسـێـتـیی لێکۆڵینەوە لـە ڕووداوەکـەی گـرتـە دەست و گـەیشـتـە ئەو ئەنجـامـەی کـە تاوانبـار ڕەگـەزپەرسـتـێکی سـپـییـە و لەوانەیە شـێـتـیش بێ. لە هـەشـتـی حوزەیراندا و دوای دوو مـانگ لە

بڕیارەکە، جێمز ئێرل ڕای لە فڕۆکەخانەی لەندەن دەستگیر کرا، کە بە گریمانە بکوژی مارتن لۆتەر کینگ-ە. دوای ئەوەی درایە ویلایەتە یەککگرتووەکان حوکمی زیندانیی نەوەت و نۆ ساڵی بەسەردا سەپێنرا و لە بەندیخانەیەکی نێزیکی ناشڤیل دەست بە جێبەجێ کردنی سزاکە کرا. هەروەک قانوونی تاوانکاری لە ئەمەریکا بە دەق تۆماری کردووە، لەبارەی تاوانی ڕوونی ئاشکراوە، دادگەیی کردن نەبوو و دواتریش لێپێچینەوە لە دۆزەکە ڕاگیرا. ساڵی پێشتر ڕای لە "بەندیخانەی چاکسازی"ی لە میسۆری-یەوە هەڵات و دواتر بەشداریی لە کاری قاچاخی بێهۆشکەرەکان و چەک کرد.

ساڵی ١٩٧٨ لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کۆنگرێسی ئەمەریکاییدا بڕیاری دا کە ڕووداوی نوێی ئەوتۆ نییە کە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی دوو ڕووداوی تیرۆر کردنی جۆن فیتز جیراڵد کەنەدی و مارتن لۆتەر کینگ-ەوە بکرێتەوە. دوای ماوەیەکی کورت کۆنگرێس قانوونێکی دەرکرد بە یاساخ کردنی بڵاوکردنەوەی ئەرشیفی FBI و ئەم لیژنەی لێکۆڵینەوەیە تا ساڵی ٢٠٢٩. بێگومان ئێمە پێویستیمان بە چاوەڕوانییە تا ئەو مێژووە بۆ تیشکخستنە سەر ڕاستیی ئەوەی لەم دوو ڕووداوەدا ڕووی داوە.

ڕۆژی پێنجشەم ٩ی نیسانی ١٩٩٢، بەرنامەی "نێرراوی تایبەت" لە کەناڵی دووەمی تەلەڤزیۆنی فەڕەنسی لێکۆڵینەوەیەک پیشان درا، میشال بابرۆ و برنارد دوفۆرگ لەبارەی تیرۆر کردنی قەشە مارتن لۆتەر کینگ-ەوە ئامادە کرابوو، لە کۆتاییی ڕیپۆرتاجەکەدا هەست دەچەسپێ کە گریمانەی بکوژی تاک کەمتر ڕێی تێ دەچێ و دەبێ بەجیددی بیر لە ڕێتێچوونی بوونی پیلانێکی ڕێکخراو هەبێ.

ڕێکخراوەکانی ڕەشەکان لەو ماوەیەدا ئاماژەیان بۆ ژمارەیەک ڕووداو دا دوور نییە هاوکاتییان بە ڕێککەوت نەبێ، بنکەی ئاگرکوژاندنەوە لە مەمفیس بە تەک موتێلی لۆرین-ەوەیە و دەکرێ لە بنکەوە چاودێریی موتێلەکە بکرێ. فلۆید نیووسم-ی تاکە ئاگرکوژێنەوەی ڕەشپێست لە تیپی بنکە، کە هێشتا لە ژیاندا بەردەوامە، دوای بەشداریی لە دیدارێکدا کە لە ٣ی نیساندا بەسترا و گوێی لە وتاری مارتن لۆتەر کینگ گرت گەڕایەوە ماڵەکەی کە پێ ڕاگەیاندنێکی چاوەڕێ بوو بانگهێشتی دەکرد پێوەندی بە ئەفسەری بەرپرس بکا. کات درەنگ بوو، دەشیزانی بۆ سبەینێکە دەبێ نەچێتە بنکەی کارەکەی بەڵکو بۆ سەربازگەیەک کە لە دەرەوەی شاردا بوو.

ئەو پۆلیسانەی پاراستنی کینگ-یان لە ئەستۆ بوو بنکەی ئاگرکوژاندەوەیان بۆ چاودێری بەکار دەهێنا. ئێد ڕیدیت تاکە پۆلیسی ڕەش بوو لە کۆمەڵەی چاودێریدا. ڕۆژی ڕووداوەکە لە بنکەدا ئەرکی خۆی بەجێ دەهێنا. کە پێوەندییەکی تەلەفۆنیی بۆ هات لە نەناسێکەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ کرد. ڕیدیت کارەکەی بە بەرپرسانی خۆی ڕاگەیاند و گەڕایەوە بنکەی چاودێری. دوای کەمێک ئەفسەرێک گەیشت و بردییە هۆڵی کۆنگرە، کە ژمارەیەک لە گەورە ئەفسەرانی پۆلیس چاوەڕێیان

دەکرد. بەرپرسێک لە دەزگەی هەواڵــگری لە واشنتن لێی هاتە پێشــەوە و پێی ڕاگـەیاند کـە نیـازێکی ڕاسـتەقینـە هەیە بۆ کوشـتنی و ئامـادەکاری بۆ دوورخـسـتنەوەی کـراوە. ڕیدیت ئەمڕۆ هێشتا لە ژیاندایە و دەپرسێ داخۆ بۆچی پۆلیسـەکانی تیپی مەمفیس لەماوەی بیست و چوار سـەعـاتی بەر لە ڕووداوی تیـرۆر کـردنەکە لەبەر چاو نەمـان کـە ئەرکی پاراسـتنی کینگ-یان پێ سپێررابوو...

مـیـشـال بابـرۆو و برنارد دوفـۆگ لە چوارچێـوەی ڕیپـۆرتاجـەکـەدا دیمانەیەکـیـان لەگـەڵ ئارتر مۆرتاگ سـازدا، کە کرێگرتەیەکی پێشووە لە (FBI)دا لە دەزگەی تایبەتدا کاری دەکرد و ئەرکی چاودێریی کاروباری قـەشـەی ڕەشی پێ سـپـێررابوو. لە پێنـاوی "دەرکردنـی مـارتن لۆتەر کینگ لە گۆڕەپانی نەتەوەییـەوە"، هەر وەک لە دەقی یادداشـتێکدا هەبوو دەزگە لەو مـاوەیەدا دەری کـردبوو. "مـارتن لۆتەر کینگ لەژێر چاودێرییـەکی بەردەوامـدا بوو، شـەو و ڕۆژ. لە کتێـبـخـانەیەکدا ئـامێـری گوێدێریی لێ دانرابوو، بۆ تۆمـار کـردنی ئـەوەی لەوێ ڕوویان دەدا لەو نووسـیـگەیەدا کە کـارم لێ دەکرد. کاتێک بە لایەکـانی وڵاتدا بەمـلا و بەولادا دەڕۆی. ئامێـری گـوێدێریمان دەگـواسـتـەوە... بەرنامەیەکی تایبـەتمان دانابوو بۆ وروووژاندنی نیگەرانیی. نامەیەکی ئاراسـتـە کرا هانی دەدا خۆی بکوژێ بـە بیـانووی ئـەوەی (FBI) گـەلێک شـتی لەبارەوە دەزانێ و ڕاگـەیاندنی هـەندێک شت دوور نییە خێزانەکەی داڕمێنێ، بەڵکو لەوەش پتر داڕووخێنێ. ئەم ڕستـەی دواییـە بێگومان ئـاماژە بۆ پێـوەندیگـەلێکی سـێکسـیـی (جنسـیـی) قـەشـەی ڕەش دەکـا. بەڵام کـینگ هـیـچـێکی لـەو بارەیەوە نەدەزانی". "من سـەرپەرشتیی هەژدە بە کرێ گیراوم دەکرد لە چوارچێوەی ڕێکخراوە ڕەشـەکاندا کــاریـان دەکــرد و زانیــارییــان بە پۆســتــە دەنارد. (FBI) لە مــاوەی هەشت ســاڵدا بە هــەمــوو جموجووڵێکی کینگی دەزانی، تا کوژرانی... بەڵام نەیانویست بەو ڕووداوە بزانن کە لە مەمـفیس ڕووی دا، سـەربـاری ئەوەی بەرپرسـی ئەو تیپـە پۆلیسـەی لەو مـاوەیەدا کـاری لە مـەمـفـیس دەکرد، پێشـتر لە دەزگـەی (FBI) پشکنەر بوو. لە (FBI) خـانەنشین بوو... لە پلـەیەکدا بوو ڕێی دەدا هـەر شتێک لە مەمفیس ڕووبدا تەپس بکا".

ڕیپـۆرتاجـەکـە دیمانەی جـۆرەوجـۆری پیشـان دا، لە مـانە باسـی دیمانەی لـەگـەڵ ڕای بەخـۆیدا دەکەین کـە لەسـەر سـوور بوونی خۆی مـایەوە و نکووڵیی لە کـوشـتنی مـارتن لۆتەر کـینگ کرد و نمایشـێکی ڕووداوەکـانیـشی پێشـکێش کرد پەردەی لەسـەر بوونـی کەسـێکی دیکە هەڵمـاڵی ناوی ڕاوول بووە و دەشێ یەک لە کلیلـەکانـی مەتەڵەکە بێ. بۆ داواکاری گشـتیش لەوە دڵنیا بوو ئەگـەر ڕای بیگوتایە بێـتـاوانە دەیتـوانی حـوکـمی مـردنی بۆ بدا. ئینجـا ڕیپـۆرتاجـەکـە نمایشـێکی شاهێتییەکانی کەسانێکی کرد لە مـووتێلەکە بوون و لەوانەشـە بکوژە ڕاستـەقینەکەیان بینی بێ. چارلز سـتیـڤنز تاکە کـەس بوو لە شـاهێـتییـەکـەیدا گـوتبووی ڕای-یی لـە دالانەکـانی مـووتێلدا لە پشـتـەوە بینیـوە، کـەچی جێیـمـز مـاکگرۆ-ی تاکسـیـڕان کە پاشنیـوەڕۆی ئـەو ڕۆژە ئەرکی لەگـەڵ سـتیـڤنز بوونی پێ سـپـێرراوە. جـەخـتـی لەسـەر ئـەوە کـرد کـە لە بارێکی زۆر سـەرخـۆشـیـدا لە

ژوورەکەی خۆیدا بینیویەتی، توانستی لەپێخەفەوە هەڵسانی نەبووە. شاهێتیی گرایس واڵدین-ی شوفێر وەرنەگیرا، ژنەدۆستی ستیڤنز لە شاهێتییەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کرد بکوژەکە ڕای نەبووە، بەڵام شاهێتییەکەی تۆمار نەکرا. "ڕۆژێکیان هاتنە ماڵم، داوایان لێ کردم جلەکانم بگۆڕم و بردمیان بۆ نەخۆشخانەی نەخۆشییەکانی مێشک لە مەمفیس، کە دە ساڵی لێ مامەوە، خێزانم نەبوو یان کەسێک لێم بپرسێتەوە. بەڵێ، منیان لەبەر شاهێتییەکە لەبارەی کوژرانی کینگ-ەوە لەوێ هێشتەوە".

*

## لە ماڵکۆڵم ئێکس-ەوە بۆ جەنەڕاڵ بوویل

**نیکول بێرنهایم****

"ئەمەریکاییە ڕەشەکان لە ماوەی ٢٥ ساڵدا توانییان بەسەر یەکەمین پلەکانی پلیکانەی دەسەڵاتی سیاسیدا سەربکەون، بەڵام سێیەکی ئەو کۆمەڵگەیە هێشتا لە نەدارییەکی تەواودا دەژیان. دەشێ هیچ پەسنێکی هاوبەش لە نێو ماڵکۆڵم ئێکس-ی چالاکی ڕەشدا کە ساڵی ١٩٦٥ تیرۆر کرا و لە نێو جەنەڕاڵ کۆلین بوویل "پاول"دا نەبێ کە ساڵی ١٩٩١ دەورێکی گرینگی لە جەنگی کەنداودا بینی، جگە لەوەی هەردووکیان ئەمەریکایین و زنجین...".

دوای بەسەرچوونی ٢٥ ساڵ بەسەر مردنی مارتن لوتەر کینگ و چارەکە سەدەیەک بەسەر دەرچوونی دوایین بڕیارەکانی "مافی دەنگدان" کە لیندن جۆنسن ساڵی ١٩٦٥ واژۆی کرد، کە دانی بە مافی سی ملیۆن لە زنجییە ئەمەریکاییەکاندا نا لە یەکسانیی مەدەنیی تەواودا لەگەڵ سپییەکان، هێشتاکە بارودۆخی دیارترین و کۆنترین کۆمەڵگەیەکی ڕەنگداران لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ناجێگیریی پێوە دیارە.

تەنانەت ئەو گەشتیارانەی بۆ ماوەیەکی کورتیش سەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەدەن بەوە هەڵناخەڵەتێن کە هەندێک لە زنجییان لە سەنتەرە بازرگانییەکان و کارەکاندا دەبینن، ئەوانەی نیشانەی گوزەران خۆشییان بە ئاشکرا پێوە دیارە، نەهێشتنی جیاکردنەوەی ڕەگەزی بە شێوەیەکی فەرمی کە لە پاش دە ساڵ لە شەڕی تفت و تاڵ و جارجار خوێناوی لە پێناوی یەکسانی لە مافەکاندا کەمینەیەک لە زنجییان نەبێ سوودیان لی وەرنەگرتووە.

پزیشکان و پارێزەران و مامۆستایان و پیاوانی کار و ژنانی کار، بە زۆری دەوڵەمەند -بەڵام بەردەوام دەوڵەمەندییان کەمترە لەسپییەکانی وەک خۆیان- ئەمڕۆ بە ڕواڵەت هیچ نەماوە شێوەی ژیانی بورجوازییەکی ئەمەریکایی زنجی لە ژیانی کەسێکی چون ئەوی سپی جودا بکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا جودا کردنەوە درێژەی هەیە لە دوورخستنەوەیەوە لە گەڕەکە دەوڵەمەندترەکان، یانە

توندڕەوترەکان و پایە بەرزترەکانی لەسەر هەردوو ئاستی پیشەیی و سیاسیدا.

زەینییەتی ڕاستی بەدوو قانوونەکان نەکەوتووە، بەردەوام گەڕەکێلێکی ڕێکوپێکی سپییەکان هەیە و گەڕەکێلی ڕێکوپێکی ڕەشەکانیش هەیە و هێشتا هاوسەرگیریی تێکەڵاو کەمە، هەرچەند لەچاو دە ساڵ لەمەوبەر باشترە، ئەمڕۆ تێکەڵیی ڕەگەزی لە ژیانی پیشەییدا هەیە بەڵام نەک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا: دوای سەعات پێنجی ئێوارە هەریەکە و دەگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی.

## فرەوان بوونی چینی ناوەندی

بواری چینی ناوەندی بەشێوەیەکی دیار فرەوان بووەوە، کە جووڵەی داواکاریی لە هەردوو ئاستی سیاسی و ئابووریدا دەستی بە توندتر بوون کرد: ساڵی ١٩٦٠ لە دە ئەمەریکاییی ڕەش یەک کەس بەشداریی ناڕەزاییی دەکرد، ئەمڕۆ ڕێژەکە بووە یەک لە سێ کەس. بەڵام یەک لەسەر سێی دیکەی کۆمەڵگە لە بارێکی دەستکورتیدا دەژی وەک دانیشتووانی ئەو ناوچانەی دەستکورتترن لە جیهانی سێیەمدا، لەکاتێکدا هەژارانی سپی لە ڕێژەی یەک کەس لە دە کەس تێناپەڕێ...

لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا خێزانەکان بە "هەژار" دادەنرێن، ئەگەر لە چوار کەس پێکهاتبن و داهاتیان لە ساڵێکدا لە ١٣٠٠٠ دۆلار تێنەپەڕێ (واتە نێزیکەی ٥٥٠٠ فرەنکی فرەنسایی لە مانگێکدا). ئەم ژمارەیە لە ئەوروپا تا ڕادەیەک قبووڵ کراو دیارە، بەڵام لە ئەمەریکا لە توانستدا نەبوونی دابین کردنی خانوو و خۆراک و جلوبەرگ و خوێندنی شایستە بۆ منداڵان دەگەیەنێ. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هیچ ڕێژیمێکی پشتگیریی کۆمەڵایەتی نییە، وەک ئەوەی لە ئەوروپادا هەیە و هێشتا سەرکردەکانی وڵات بڕوایان بەوە هەیە کە "خەونی ئەمەریکایی" ڕێ بە هەموو مرۆڤێک دەدا کە شایەنی ئەوە بێ ئەم ناوەی لێ بنرێ، بەبێ یارمەتیی دەوڵەت کاروباری خۆی جێبەجێ بکا.

ئەو بارە نەدارییەی لە گەڕەکەکانی "گیتۆ"ی ڕەشدا دەر دەکەوێ و نێزیکەی زۆربەی شارە گەورە ئەمەریکاییەکانی پێوە دەناڵێنن، دەستیان بە سەرنج ڕاکێشانی سپییەکان کردووە، بەتایبەتی بەهۆی دەرهێنەرە بەراییە گەورەکان لە سینەما وەک سپایک لی "Jungle Do the right thing fe-ver" دڵتەزێنترە لەو ناوچە ئەفریقییانەی هەژارترن.

بۆ درک پێکردنیش ئەوەندە بەسە ڕوو لە مادیسن ئاڤنیۆ بکرێ لە نیویۆرک، شەقامی دەوڵەمەندی و تەڕپۆشی لە "سێوی گەورە"دا. لەنێو شەقامی شەست و نەوەت و پێنجدا، واتە بەدرێژاییی نێزیکەی دوو کیلۆمەتر ئەو کۆگەیانە بڵاوبوونەتەوە کە کڕیارە دەوڵەمەندەکان نەبن کەس هاتوچوویان ناکا. کە نەخشەسازە جیهانییەکان و خانە گەورەکانی شێوەی جلوبەرگ شوێنگەلی نایابیان تێیاندا گرتووە. زستانان پاڵتۆکانی کورک زبلین لەگەڵ پاڵتۆی خوریی فیکۆنە و هاوینان ئۆتۆمبێلەکانی مارسیدس ە ئەلفا ڕۆمیۆ لەتەک یەک بە شەقامەکاندا دەگەڕێن.



جیسی جاکسن یەکەم زنجی کە توانیی بێتە کاندیدی فەرمیی حزبی دیموکرات لە پێناوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ساڵی ١٩٨٤ و ١٩٨٨دا. لەم وێنەیەدا دەیبینین لەگەڵ مارتن لۆتەر کینگ و ڕالف ئەبرناتی لە باڵکۆنی "مۆتێل لۆرین"دا لە مەمفیس "تێننیسی" ئێوارەی کوژرانی م. ل. کینگ.

## بێکاری، هۆشبەرەکان، منداڵگەلێکی بێ باب

بەڵام دوای ڕەت بوون بە شەقامی سەتدا دەگەینە هارلم-ی ئیسپانی، کە کارەکەرێلێک بۆ هەموو کارێکی ناو ماڵ و پاسەوانانێکی بنیاتەکان لە گەڕەکە زۆر پێشکەوتەکاندا دەبینین. هارلمی کەلاوەتر لە شەقامی سەت و بیستدایە، کە زنجییەکانی لێ دادەنیشن، خانووگەلێکی نیوە ڕووخاو و خێزانەیلێکی بە ژمارە گەورەی بێ داهات یان ژێینەر کە بە فێڵکردن نەبێ ناتوانن بەردەوام بن، منداڵەیلێک بە دە ساڵی خوێندگە بەجێ دەهێڵن و کیژۆڵەگەلی بچووک لە تەمەنی چواردە ساڵیدا منداڵیلێک دەزێن تووشی ڤایرۆسی سیدا- هاتوون و لاوەیلێک کات بە، لەدەس پۆلیس هەڵاتن

بەسەر دەبەن کە هۆشبەر بە قاچاخ بردن تاکە پێشەیەکە لەدەستیان بێت و قازانجی تێدابێ.

هارلی بێکاریی درێژخایەن و شەڕەکانی ئەو گرووپانەی کە هەر ساڵە و چەند سەت هەرزەکارێک دروێنە دەکا.

لەم ناوچە نەدارەی باکوری مادیسن ئەڤنیۆ-وە ڕێکردنی بیست چرکە بەرەو باشوور بەسە بۆ بینینی خاوەن بژێوییە هەرە دەوڵەمەند لە جیهاندا، کە هاندانێک پێکدەهێنێ بۆ ئەو دەستدرێژییە چەکدارە خوێناوی و دووبارە بووەوەیەی شارەکە دەیبینێ. ژمارەیەکی زۆری ئەمەریکایی هەن ئەم لێکدانەوە ڕوونە ڕەت دەکەنەوە چونکە بەلای ئەوانەوە دوو جۆر هاونیشتیمانی هەن: ئەوانەی چاکەخوازن و ئەوانی دیکە...

ئەمەش بارودۆخی شیکاگۆ و دیترۆیت و واشنتنی پایەتەختی فیدراڵییە کە ساڵی ١٩٩٠ ژمارەیەکی پێوانەیی لە تاوانی کوشتندا تۆمار کردووە، لە ناو جەرگەی ئەم شارانەدا، کە سپییەکان لە ماوەیەکی درێژەوە جێیان هێشتبوو، هەر لاوێکی ڕەش لە نێو تەمەنی پازدە و بیست و پێنج ساڵیدا، پتر لە هەر سەربازێکی ئەمەریکایی لە ماوەی جەنگی ڤێتنامدا، بەرەوڕووی ڕێتێچوونی کوشتن دەبێ. ٥٦٪ی گیراوان لە ڕەشەکانن.

دوای جۆن کەنەدی، سەرۆک جۆنسن وای بۆ دەچێ لە توانستدایە "کۆمەڵگەیەکی گەورە" بەدی بهێنرێ یەکسانیی تێدا بێ و ئەو نموونەیە تەرخان بکا دامەزرێنەرانی وڵات لە ئەستۆیان گرتبوو و دەستی بە جێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتیی درێژخایەن کرد یاریدەدانی بێبەشانی بە ئامانج کردبوو لەڕێگەی: دابین کردنی خانووی میللی و نوێ کردنەوەی قوتابخانە حکوومییەکان و دابین کردنی پشتگیریی تەندروستی و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە نۆشدارییە خۆڕاییەکان... تاد... بەڵام لە ماوەی دەمی ڕیگن بەرنامەکە بەبیانووی ئەوەی تێچووی زۆرە و نابێتە هۆی نەهێشتنی هەژاری وردە وردە لەکار کەوت. ئەمڕۆش ئەو بنەمایە باڵادەستە کە دەڵێ "خۆت یارمەتیی خۆت بدە". ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە: ئەوانەی ئەوەیان پێ ناکرێ، بە سادەیی، لە ئاستی خەونی ئەمەریکاییدا نین...

بورجوازییە ڕەشەکان هەست بە گوناهیان لەلا هەیە بەرامبەر دانیشتووانی گەڕەکەکانی گیتۆ، کە هێشتا ژمارەیەک لە کەسوکار و برادەرانیان تێدایە. ئەم هەستە لەگەڵ بەردەوامیی دەمارگیریی ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی سپیدا توندتر دەبێ لە دژی ڕەشی "پیس و درۆزن و تەمبەڵ و توندوتیژ کە بەکەڵکی هیچ نایێ".

## لەپێناوی بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا

لەبەردەم ئەوەی دەسەڵاتەکان تەرخان کردنی یارمەتییەکانیان ڕەت کردووەتەوە -بەتایبەتی یارمەتیی دارایی- کە ڕێ دەدا بە کاریگەری بەرانبەر هەژاری ببنەوە، لە دوو ڕێ بەولاوە لە

بەردەمی نەوەکانی چینە ناوەندییە ڕەشەکاندا نەمابوو: یەکەمیان پشت بە کارە خێرخوازییەکان دەبەستێ کە لە نەریتی ئەمەریکاییدا شوێنی خۆی هەیە. بەڵام زەحمەتە بیروێنەی ئەوە بکرێ کە لەوانەیە یارمەتیی تاکەکەسی بۆ "یەکلایی" کردنی بارودۆخە بژێوییەکان لە گیتۆ بەس بێ. بەرپرسە ڕەشە وشیارترەکان (یان دڵسۆزترەکان) دانیان بەوەدا نا کە، بەر لە هەموو شتێک، لە هەوڵی بەدەست هێنانی دەسەڵاتێکی ئابووری بەولاوە هیچیان لەبەردەمدا نەماوە، ئینجا دواتر دەسەڵاتی سیاسی، لە پێناوی جێبەجێ کردنی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵگەکەیان کە ئاستی ناوەندیی گوزەرانی تێدا کەمترە لە نیوەی ڕێژەی ناوەندی لەلای سپییەکان.

لەماوەی بیست و پێنج ساڵدا زنجییە ئەمەریکاییەکان توانییان لە پەیژەی دەسەڵاتی سیاسیدا بە پلەکانی یەکەمیدا هەڵزنن: ئەو نوێنەرە ناوخۆییە ڕەشەکان کە لە حەفتاکاندا ١٥٠٠یان لێ هەڵبژێرران، ئەم ژمارەیە گەییە حەوت هەزار -زۆربەیان سەرۆک شارەوانییەکان بوون لە شارە هەرە گەورەکانی- وەک نیویۆرک و واشنتن و لۆس ئەنجلس و دیترۆیت لە ڕەشەکان بوون، بەڵام ئەمە بە پلەی یەکەم بۆ کۆچ کردنی دەنگدەرە سپییەکان لە شار و شارۆکەکان دەگەڕایەوە. ئەنجوومەنی نوێنەران لە واشنتن وای لێ هات بیست نوێنەری لە ڕەشەکانی بە خۆوە گرتبوو، بەڵام ئەمە بەسەر ئەنجوومەنی پیرانی بنکەی یەکردەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا ناسەپێ. لە تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا ڤرجینیای ویلایەتە "باشووری"یە کۆنەکە، دۆگلاس وایلدەر-ی یەکەم حاکمی ڕەشی بۆ خۆی هەڵبژارد، ئەویش بە پشتگیری لێ کردنی نێزیکەی ٤٠٪ی دەنگدەرە سپییەکان.

## لە ماڵکۆڵم ئێکس-ەوە تا جەنەراڵ بوویل

پێشەواکانی کۆمەڵگەی زنجی درکیان بەوە کرد کە، بۆ ئەوەی لە کۆششیاندا بۆ بەدەست خستنی دەسەڵاتی سیاسی، دەبێ بواری پشتگیری لێ کردنی دەنگدەرە سپییەکانیان فرەوانتر بکەن و وێنەی خۆیان لە ورووژێنەری ئاژاوە ئێسککگرانەکانەوە بگۆڕن بۆ هاونیشتیمانیگەلێک بەرپرسیارێتیی خۆیان دەزانن.

ساڵانی نێوانی پەنجاکان و حەفتاکان ماوەی دەرکەوتنی زیادەڕۆیی بوو: هەر لە ماڵکۆڵم ئێکس-ەوە تا لایەنگیرانی "دەسەڵاتی ڕەش"، تا تیرۆریستیی "پڵنگە ڕەشەکان". ئەم پیلانە زانیی چۆن ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی سپیدا بە ئاگا دەهێنێتەوە... بە ورووژاندنی تۆقاندن لە ناویدا.

گۆڕینی شێوە تاقی کردنەوەیەکی سەخت بوو بۆ ئەو پاڵاوکە ڕەشانەی لە خولەکانی لاهووتدا پێگەییون و هونەری وتاربێژی هێشتا بە زۆری بەشێکە لە بەرنامەیان. قەشە جیسی جاکسن بە نموونەیەکی ئەم چالاکانە لە بواری مافە مەدەنییەکان دادەنرێ، کە زانییان چۆن گەرمیی جەماوەر گڕ تێ بەردەدەن و کۆمەڵگەیەک بەرەو سندووقەکانی دەنگدان پاڵ پێوە دەنێن کە لەسەر پرۆسەی

هەڵبژاردن ڕانەهاتوون و سەرنجی هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕادەکێشن، بەلای کەمەوە لە ماوەی دەمی هەڵمەتی هەڵبژاردندا. بەڵام دیسان زۆربەی دەنگدەرە سپییەکانیان دوور دەخستەوە، بێ ئەوەی بتوانن دەنگەکانی ڕەشەکان کۆ بکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا جیسی جاکسن بە یەکەم ڕەش دەمێنێتەوە لە مێژووی ئەمەریکادا وێرای لە ١٩٨٤ و ١٩٨٨دا ببێتە پاڵاوکی فەرمی لەو هەڵبژاردنە بەراییانەدا کە حزبی دیموکرات بەڕێوەی دەبا بۆ خۆ لە شەڕی گەیشتنە کۆشکی سپی دان و سەرکردایەتیی هەڵمەتەکەی بە وردی کرد و ژمارەیەک دەنگی شانازیبەخشی بەدەست خست. بەڵام دواڕۆژ ئەمڕۆ بۆ بڕێکی نوێیە لە پیاو و ژنی زنجی کە کار دەکەن دەنگەکانی سپییەکان بەدەست بخەن چونکە بەبێ ئەوە ئومێدیان نییە هەڵبژێررێن و حوکم بکەن.

لەلای خۆیەوە دەسەڵاتی سپی ئامادەییی پتر بوو بۆ ئەوەی کەسانێک لە زنجییان پەسند بکا... بە مەرجێک پابەندی ڕەوشتەکانی بن، نموونەش بۆ ئەمە: جەنەڕاڵ کۆلن پاول بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کۆشکی سپی و ئەوەی دەورێکی دیاری لە جەنگی کەنداودا بینی، بە هەوڵی پەسن کردنی هەندێک گەرمە ئارەزووی "سەرۆک"ەکەی، کەسایەتییەکی میللی بوو لای سپییەکان و ڕەشەکانیش، کە بەلای ئەوانەوە وەک نموونەیەکی پەسند دەمێنێتەوە، جەنەڕاڵ پاول بێگومان وەک یەکەم جێگری سەرۆکێکی زنجی پشتگیری دەکرێ. بەڵام هەڵبژاردنی کلارنس تۆماس-ی پارێزگار لەلایەن جۆرج بوشەوە بۆ ئەوەی جێی تۆرگوت مارشال بگرێتەوە، کە تاکە زنجی بوو لە دادگەی باڵای فیدراڵدا، کە بە بەرگریی لە مافە مەدەنییەکان ناسراوە، بە سووکایەتی بەرامبەر کۆمەڵگەی زنجی دانرا کە وای بۆ چوو دامەزراندنی پیاوێک دەبێ پەسنەکانی "مام تۆم"ی هەبێ، واتە گوێڕایەڵیی دەسەڵاتی سپی دەکا.

گرفتی بەکردەوەی پێشەوا تازەکانی زنجییان دوای ئەوەی توانییان بگەنە دەسەڵاتی فیدرالی، لە زانینی چۆنێتیی هەڵسەکەوتدایە لەگەڵ گەڕەکەکانی گیتۆدا. بێگومان ماوەیەکی زۆر بەسەردەچێ بەرلەوەی بتوانن بەختکاریی ئابووری بەسەر کۆمەڵگەی سپییەکاندا بسەپێنن کە کردارەکانی لابردنی ئەو گەڕەکانە دەیەوێ. مەگەر نائومێدییەکانیان "پێشەوا تازەکانی زنجییان" هانیان بدا بگەڕێنەوە گەڕەکەکانی گیتۆ بۆ ئەوەی لە ڕێی هێزەوە هەوڵی بە دەسەڵات گەیشتن بدەن. ئەم مۆتەکەیە لە قۆناخەکانی بەدیل کردنە بەراییەکانەوە لە وروژاندنی مەترسییەکانی سپییەکان نەوەستاوە.

١٥ی کانوونی دووەم ڕۆژی پشوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بۆ ڕێزلێنانی مارتن لۆتەر کینگ

له ١٩٨٦ەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە ڕۆژێکی نیشتیمانیی دیاریکراودا بەناوی یادی مارتن لۆتەر کینگ- بۆ ڕێزلێنانی ئاهەنگ دەگێڕێ. ئەم ڕێزلێنانە تا ئەوسا تەنیا بۆ کریستۆفەر کۆلۆمبس و جۆرج واشنتن و ئەبراهام لینکۆڵن بوو.

ئەو لیژنەیەی ئامادەکرابوو ڕۆژی ١٥ی کانوونی دووەم ببێتە "ڕۆژی مارتن لۆتەر کینگ" ناچار بوو تەگەرەیەکی زۆر و زەحمەت لاببات بەر لەوەی سەرۆک ڕۆناڵد ریگن ئەو "مەرسوومە"ی لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣دا واژۆ بکا کە بڕیاری ئەوە دەدا. ئەمەش هەندێکە لەو قسانەی لەو بۆنەیەدا کردوویەتی:

" کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە ئەم پیاوە چیی پێشکێش کردووە کە ئەمڕۆ بۆ وڵاتمان ئاهەنگی بۆ دەگێڕین، وشەکانی گرینلیف هەیتایەر-ی شاعیری ئەمەریکاییم بەبیردا دێتەوە کە دەڵێ: (هەموو تەنگژەیەک بیرێک و کارێک دەتاوێنێتەوە). لە ماوەی پەنجاکان و شەستەکاندا ئەمەریکا ئەو جیاکردنەوەی ڕەگەزەی زانی کە یەک لە مەترسیدارترینی ئەو تەنگژانە بوو کە بەرەوڕووی بوونەوە. ئەو پیاوەی بە بیر و کردەوەکەی شوێنەوارێکی قووڵی لە وڵاتماندا هێشتەوە، ئەوە دوکتۆر مارتن لۆتەر کینگ بوو...

"د. کینگ هەستێکی بەهێز و ڕاستەقینەی بە ئاگا هێنایەوە، هەستێک بە دادێکی لە ڕەنگی پێست ئازاد، لەبارەی مرۆڤی سپی و ڕەشەوە گوتوویەتی: (چارەنووسی بە چارەنووسمانەوە بەستراوەتەوە، ئازادییشی ناکرێ لە ئازادیمان جودا بکرێتەوە، ئێمە ناتوانین بە تەنێ پێشبکەوین...)".

"قسەکانی بەر هوشیاریی نەتەوەی ئەمەریکایی کەوت. لە هەموو لایەکی وڵاتدا خەڵکەکەش وەک سپی یان ڕەش نەیاندەڕوانییە خۆیان، بەڵکو وەک مرۆ..".

***

* فیلیپ تێربی: ڕۆژنامەوان و مامۆستای یاریدەدەر لە لقی ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی ویلایەتی نیوویۆرک لە بێرگەموون لە ١٩٨٧ ەوە تا ١٩٨٩.

** نیکۆل بیرنهایم: ژنە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری پێشتری "لو مۆند" بووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

# فەرهەنگی ناتوندوتیژی

جان-ماری موللێر

## پشکی یەکەم

"ڕووەکەی تری ڕاستی ناڕاستی نییە، بگرە توندوتیژییە".

*ئیریک ڤایل*

ناتوندوتیژی چوار بەڵێ-یە

"لەکاتێکدا دەشێ هەریەک لە ناتوندوتیژی و توندوتیژی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ملهوڕیی ئەوانی تر بەکار بێن، بەڵام تەنیا ناتوندوتیژی لەتوانیدایە ڕووبەڕووی ملهوڕیی خود بکا"

*وەلید سلێبی**

هەوالنامەی کتێب

### ناتوندوتیژی دوو (نا)یە
### نا بۆ توندوتیژیی خود و نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر

(نا)ی یەکەم، واتە "نا بۆ توندوتیژیی خود" بەشێوەیەکی تۆباوی دێتە پێش چاو ئەگەر بەو شێوەیە تەماشای بکەین وەک ئەوەی هەوڵ بدا توندوتیژییەکی گریمانەکراو لە جەرگەی سروشتی مرۆڤدا، کە دەکاتە توندوتیژییەکی حەتمی، لغاو بکا. بەم شێوەیەش بێ دژایەتیکردنی سروشتی ئادەمیزاد بە شتێکی مەحاڵ دێتە پێش چاو، بەڵام بابەتەکە بەم شێوەیە نییە، بگرە ئەوە شتێکی ناواقیعی و تەنانەت لەگەڵ "غەریزەکان"یشدا ناسازە. ئەمەیش بەپێی دواین ئەو ئەنجامانەی ژمارەیەکی زۆر لە گرینگترین زانایانی دەروونشیکاری و زانایانی ڕەفتاری ئاژەڵ (ئیتۆلۆجییەکان) و زانایانی پەرەسەندن و زانایانی جینەکان و زانایانی دەمار پێی گەیشتوون.

..........................................................

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

ژمارەیەک لە زانایانی دەروونشیکاری کە بیردۆزەکەی فرۆیدیان لەبارەی غەریزەی مردنەوە پووچاندەوە، لەو بڕوایەدان هیچ شتێکی جێگیر نییە بەناوی غەریزەی مردن کە مرۆڤ بەرەو مەرگ یان خۆکوژی یان تێکشاکاندنی خود ببا. هەروەها دەڵێن ئەو غەریزەی مردنەی فرۆید باسی لێوە کردووە خۆی هیچ بوونێکی نییە، هەروەها مەیلی توندوتیژخوازی لای مرۆڤ هیچ نییە جگە لە شکستهێنانی غەریزەی ژیان لای مرۆڤ کاتێ بەهۆی لەمپەر و بێئومێدبوونە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی هەر تاکێکەوە، نەیتوانیوە دەردەدڵی خۆی بکا و زاتی خۆی بەرجەستە بکا. دیارە ئەریک فرۆم زانایەکی سەرەکییە لەوانە.

ژمارەیەک لە گرینگترین زانایانی ڕەفتاری ئاژەڵ بە هەمان ئەو ئەنجامگیرییەی زانایانی دەروونشیکاری گەیشتوون، چونکە گەیشتوونەتە ئەو بەرەنجامەی کە توندوتیژی لای ئاژەڵ (واتە وێرانکردن بۆ وێرانکردن و کوشتن بۆ کوشتن)یش هیچ نییە جگە لە شکستی شەڕخوازیی ئاژەڵ لە بەرجەستەکردنی ئەرکی سروشتیی خۆیدا، واتە پارێزگاریکردن لە ڕەگەزی ئاژەڵ و مانەوەی. بگرە زیاد لەوەیش، ئەو زانایانە لە ئەنجامی سالانێک لە توێژینەوە و چاودێریکردنی ڕاستەوخۆ، سەلماندویانە ئاژەڵ دەتوانێ شەڕەنگێزییەکەی بۆ پێوەندیی تایبەتی خۆشەویستی و دۆستایەتی بگۆڕێ، کە زۆر لە پێوەندیی خۆشەویستی و دۆستایەتیی مرۆڤ دەچێ. دیارە کونراد لۆرێنز لە کتێبی "لەبارەی شەڕخوازییەوە On Aggression" لە هەمووان باشتر لەو بابەتە دواوە.

هەروەها ئەمانە و ئەو زانایانە لەگەڵ ژمارەیەک لە گرینگترین توێژەرانی بواری پەرەسەندن، بەتایبەت ئەوانەی پاش داروین هاتن، یەک دەگرنەوە. لێرەدا وێستگەی سەرەکیی بیردۆزەکەی داروین یاد دەخەینەوە، کە پێی وا بوو ژیانی ئاژەڵی هیچ نییە جگە لە ململانە لەپێناو مانەوە و ڕکابەرییەکی بەردەوام، سەرەنجام ئەوانەی باشتر لەگەڵ هەلومەرجەکانی سروشتدا گونجاون The Fittest دەمێننەوە، بەڵام ئەم تیۆرییە دەستکاری کراوە و وای لێ کراوە گوایە ئەوەی دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێ "بەهێزترین"یانە. ئەمەیش لە بنچینەدا هەڵەیەکە لە تێگەیشتنی وشەی Fittest. کەواتە زانایانی (پەرەسەندن)ی پاش داروین جەختیان لەوە کردووە کە لەپاڵ ململانە لەپێناو ژیان و ڕکابەریدا، هاوکاری و ڕەفتاری ئەوخوازی (الغيرية)ش ڕۆڵێکی زۆر گەورە و سەرەکییان هەیە. زیاد لەوەیش، ئەو ڕەگەزە ئاژەڵییانەی هاوکاری و ڕەفتاری ئەوخوازییان تێدایە دەمێننەوە و بەردەوام دەبن. لەو زانایانە ئاماژە بەناوی هاملتۆن و تریفرز و ویڵسۆن و ئەکزلرود دەکەین.

لە هەمان چوارچێوەدا ژمارەیەک لە گەورە زانایانی جینەکان، لەوانە بۆک، گود، ترامبلاو.. هی تریش، گەیشتنە بەرەنجامێکی جەوهەری کە پێی وایە هیچ جینێک نییە بەشێوەیەکی تایبەت و دیاریکراو بەرپرس بی لە توندوتیژی لای مرۆڤ، بگرە توندوتیژی بەرەنجامی کارلێکی نێوان پێکهاتە جینییەکە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ژیانی تایبەتی هەر کەسێکە.

وەک تەواوکارییەک بۆ ئەم ئەنجامگیریە زانستییانە ژمارەیەک لە گەورە زانایانی دەماریش، لەوانە نیلسۆن و ترینۆر و فرۆم، جەختیان کردووە لەوەی لە مێشکی مرۆڤ یان کۆئەندامی

دەماردا هیچ شوێنێکی دیاریکراو نییە کە توندوتیژی بەرهەم بێنێ، بگرە مێشک یان کۆئەندامی دەمار تەنیا گوێزەرەوەی ورووژانەکانن نەک بەرهەمهێنەریان. هەروەها جەختیان لەوە کردووە ڕەفتاری توندوتیژ بەرەنجامی کارلێکی نێوان تۆڕی دەمارەکان و مێشک و ژینگەی دەوروبەرە.

مەبەستمان لەوەی پێشوو ئەوەیە کاتی دەڵێین "نا بۆ توندوتیژیی خود"، بەو کارە بەزۆر گژبەریی سروشتی حەتمیی مرۆڤ ناکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەگەڕێینەوە بۆ دەستگرتن بە سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە، هەروەها بە کردەوە کاتی دەڵێین "نا بۆ توندوتیژیی خود"، ئەوا بە زمانی حاڵ دەڵێین: بەڵی بۆ ژیان بەڵی بۆ خۆشەویستی.

(نا)ی دووەم، واتە "نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر"، نا-ی کۆمەڵگەییە. مەبەستیش ئەوەیە نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر بە واتە فرەوانەکەی، واتە بە هەموو شێوەکانیەوە: لە کوشتن و ستەمی کۆمەڵایەتی و هەژارکردن و داگیرکردن و سەرکوتین و بەلاڕێدابردنی ئەقڵەکان و گەندەڵی و ڕەگەزپەرستی و تایفەگەرایی و زۆرلێکردنی ئاینی...

لێرەدا ناتوندوتیژی ئەم دەستوەردانە ڕاستەوخۆیەیە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەو (نا) لەخۆبوردەیەیە کە هندستانی لە سەرسەختترین داگیرکەری ئەوکاتە ڕزگار کرد و بەسەر ملهوڕی و گاڵتەجاڕیی چەرچڵدا سەرکەوت کە دەیگوت "تا دوایین هندی دەجەنگین"... ئەو نا "هێزی خۆشەویستی" (بە دەربڕینی مارتن لوتەر کینگ Martin Luther King)ەیە کە لە خەباتێکی ناتوندوتیژانەی نموونەییدا سەرکەتنی بەدەست هێنا و پاش چەندان سەدە لە کۆیلایەتی و ڕەگەزپەرستی، توانیی هەموو یاسا و ماددە دەستوورییە ڕەگەزپەرستانەکانی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵبوەشێنێتەوە. ئەو (نا)یەیە کە بەڕووی داگیرکاریی نازیدا وەستا لە ئەورووپا و بەرەنگاریکردنی مەدەنی چەندان سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەوانە کاتێ سوپای ئەڵمانی "بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی دەستەبژێرە پێشڕەوەکان" (هیتلەر) هەموو قوتابخانەکانی پۆڵۆنیای داخست، مامۆستایان فێرکردنی نهێنییان ڕێک خست کە زیاتر لە سەد هەزار قوتابی شوێنی کەوتن و هەژدە هەزار قوتابی بڕوانامەی بەکالۆریایان تێدا وەرگرت. هەروەها چۆن حکوومەتی نەرویج، لە سایەی داگیرکردنی سەربازیدا، یاسادانانی ئەڵمانیای ڕەت کردەوە. هەر ئەو (نا)یەیە کە بێدەنگیی شکاند و کۆتایی بە ڕژێمی تاکڕەویی پۆڵۆنیا هێنا (سەندیکای هاوهەڵوێستی). ئەو (نا)یەی لەڕێیەوە گەل توانیی کۆتایی بە دەسەڵاتی (مارکۆس)ی دیکتاتۆری فیلیپین بێنێ. ئەوە ئەو (نا) داهێنەرانە فەلەستینییەیە کە توانیی سوپای ئیسرائیل لە بەزێنەری سوپا عەرەبەکانەوە بگۆڕێ بۆ ڕاوەنەری منداڵان و ژنان لە کۆڵان و گەڕەکەکان لە ڕاپەڕینی بەرددا.

هەروەها هەر ئەو (نا)یەیە کە ڕێساگەلێکی بۆ ستراتیجیەتێکی بەرگریکردنی ناتوندوتیژانە پێشکێش کردووە، ئەویش لەبری ستراتیجیەتە بەپێچ و پەناکان کە بوونە مایەی سەربازاندنی ڕوو لە زیاد و پێشبڕکێی گەرمی خۆ پڕچەککردن و هزری مرۆڤایەتیی لە یەک تاکانە شێوازی بەرەنگاری یان بەرگریکردندا قەتیس کردووە، ئەویش لەڕێی توندوتیژی و چەکەوە.

دیسان، ئەوە بریتییە لە (نا) بۆ یەکەم توندوتیژی لە ژیانی مرۆڤدا لەڕێی پەروەردەوە، چونکە بزاڤی ناتوندوتیژی چەندان چەمک و سیستم و تەنانەت دامەزراوەگەلی پەروەردەیی و فێرکاریی نادەسەڵاتگەرا و ناتوندوتیژی پەرە پێ داوە، کە ئامانجی سەرەکییان گەشەپێدانی کەسایەتیی منداڵ و کرانەوەی داهێنان و تواناکانیەتی بە ئاراستەی خۆشەویستی و داهێنان و هاوکاری. هەروەها خەرمانێکی پڕ لە بەرهەمی ڕۆشنبیریی داهێناوە لە کتێب و ئامراز و تەنانەت گەمەی نارکابەرانە، کە بەشداریی کردووە لە پتەوکردنی کولتووری ناتوندوتیژی و خۆڕاهێنان هەر لە منداڵییەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەی ناتوندوتیژانە.

بە واتەیەکی تر، "نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر"، واتە نا بۆ ستەم، بە کردەوە یەکسانە بە: بەڵێ بۆ دادپەروەری و ئاشتی. بەکورتی، (نا)ی یەکەم جەختکردنەوەیە لەسەر ئەخلاقیەتی تاکەکەس، (نا)ی دووەمیش جەختکردنەوەیە لەسەر کارایییەکی کۆمەڵایەتیی سیاسی. لەم ڕوانگەوە ناتوندوتیژی چوار (بەڵێ)یە:

بەڵێ بۆ خۆشەویستی،

بەڵێ بۆ دادپەروەری،

بەڵێ بۆ ئەخلاق،

بەڵێ بۆ کارایی.

هەوڵنامەی کتێب

بەڵام بۆچی پێ لەسەر وشەی (نا) دادەگرین لەکاتێکدا دەبێتە مایەی مشتومڕێک کە ناتوندوتیژی بە زاراوەیەکی نەرێنی دادەنێ؟ مەبەست لەو کارە ئەوەیە بەبێ هیچ پەردە و تەمومژێک، پێداگری لەسەر دابڕانی ڕەها لەگەڵ توندوتیژی بکەین، چونکە ئەو چەمکانەی بۆ دەربڕینی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەکار دێن وەک ئامرازە دیموکراسییەکان یان شەرعیەت یان ئاشتی، زۆربەیان ئەگەری ئەوەیان لێ دەکرێ توندوتیژییان تێدا بەکار بێ، بۆ نموونە زۆر جار دەبیستین دەگوترێ: "لەپێناو ئاشتیدا دەجەنگین"، یان "سوپامان ناردووە بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت"، یان کاتێ باس لە ئامرازە شەرعیەکان بۆ چارەسەری کێشەکان دەکرێ، کە توندوتیژیش یەکێکە لەوانە...

ئەوانە چوار بەڵێ-ن کە تێهەڵکێشن لەگەڵ دنیایەکی فرەوان لە ڕۆشنبیری لە بوارەکانی دەروونشیکاری و فەلسەفە و زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسی و زۆربەی زانستە مرۆییەکان. هەربۆیە لە بارێکی وادا ناتوندوتیژی زۆر پێویستی بە بوونی فەرهەنگێک هەیە کە بیگۆڕێ بۆ زاراوەگەلێکی ورد و کولتوورێک کە ڕیشەی خۆی لە خەباتی مرۆڤ و گەلان و هەزاران توێژینەوەی ئەو ژن و پیاوانەی تامەزرۆی ئاشتی و خۆشەویستی و دادپەروەرین، وەردەگرێ.

جا دەپرسین، ئاخۆ توندوتیژی پێویستی بە فەرهەنگ (قاموس) هەیە؟ بێگومان نەخێر، چونکە توندوتیژی ڕۆژانە بە چەمکەکانی خوێن و وێرانکاری و زەلیلکردن دەنووسرێتەوە... بگرە لە

چەندان یاسای جیهانی و دەقی یاسایی و مافناسانەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا (ius ad bellum: le droit de faire la guerre) (واتە مافی ئەنجامدانی جەنگ)، جێی کراوتەوە. هەروەها لەناو چەندان یاسای نیشتمانیی ناوخۆیی لە شێوەی سزاداندا –کە لەداردان لەسەروویانەوە– جێی کراوەتەوە. تا ئەو ڕادەیەی سیستمگەلی دادوەریی تێر و تەواو و دامەزراوەگەلی ئەمنی و سەربازیی زەبەلاح و توند بۆ جێبەجێکردنی دامەزراون، چەندان قوتابخانە دەیلێنەوە و چەند نموونەیەکی لە چوارچێوەی هەندێ دامەزراوەی فێرکاریی سەر بە دەسەڵاتدا پیادە دەکرێن و چەندان دەزگەی ڕاگەیاندنیش ڕەواجی پێ دەدەن و... هتد.

لەبەرامبەردا، مرۆڤ هەزاران خەباتی ناتوندوتیژی سەرکەوتوو و کاریگەری هەبووە، بەڵام بە نەزانراوی ماونەتەوە و بەکەمی ڕەواجیان پێ دراوە. هەروەها سەدان هەزار پرۆژەی هاوکاریی زۆر کاریگەر هەبوون بەڵام نەناسراون یان پەراوێز خراون. بە بڕوای ئێمە ئەمە و ئەوە پێویستیان بە کولتوورێکی ناتوندوتیژی هەیە پشتگیرییان بکا، کولتوورێک کە پایە و کۆڵەکەی مێژوویی و فیکری و زانستیی خۆی و هەروەها بەدڵنیاییەوە، فەرهەنگی خۆیشی هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە، (فەرهەنگی ناتوندوتیژی)ی هاوڕێمان بیرمەندی ناتوندوتیژخواز جان-ماری موللەر، کە پوختەی ژینامەیەکی فەلسەفی و خەباتگێڕانەی دەوڵەمەندە، بە قووڵی و بەخششێکی ڕۆشنکەرەوەوە جێی خۆی دەگرێ. ئەوە فەرهەنگێکی حەرفیی کۆمەڵێ دەستەواژەی زمانەوانی نییە –ئەگەرچی هیچ فەرهەنگێکی زمانەوانی نییە کە پێناسەکردنی هەندێ چەمکی فیکریی دیاریکراو نەبێ– بگرە لەڕێی ئەم فەرهەنگە و ڕاڤەکانیەوە بە فەلسەفەیەک و هەڵوێستێکی لایەنگرانە و ناوەرۆکێکی سیاسیی مرۆیی ئاشنا دەبین.

ئەم فەرهەنگە بەکردەوە کۆمەڵێ ئەرکی بنچینەیی لەئەستۆ دەگرێ، کە لە حەوت ناونیشاندا کورتیان دەکەینەوە: جارێکی تر ڕواڵەت و خاڵەکانی بەڵگەبەندی بۆ تێگەیشتن لە واتەکان دەستنیشان دەکا، بیرۆکە پێشوەختەکان ڕوون دەکاتەوە و پەردە لەسەر ڕووی کۆمەڵێ تێکەڵ و پێکەڵی گشتاندنی هەڵە هەڵدەماڵێ، وردبینی لەو زاراوە و زمانەی بەکاریان دێنین دەکا، کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە لەپێناو پرسە ڕەواکاندا ڕوون دەکاتەوە، ئەرێنیی ناتوندوتیژی ڕوون دەکاتەوە لەو ڕووەوە پشت بە چەمکی بەرنامەی بنیاتنەر دەبەستێ (وێڕای ئەو نەرێنییەی بەهۆی ئەوەی یەکەم شت پێ لەسەر (نا) دادەگرێ، یەخەی ئەو زاراوەیەی گرتووە)، هەڵوێستی ناتوندوتیژخوازەکان لە هەندێ پرسی سەرەکی دیاری دەکا وەک دادپەروەری و ڕەگەزپەرستی و ئوسوڵیەت (فەندەمێنتاڵیزم) و تۆتالیتاریزم و تیرۆر، بە تیرۆری دەوڵەتیشەوە. هەروەک "شەرعیەت" و "ڕاستگۆیی" لە زاراوەکانی توندوتیژی و لۆجیکی توندوتیژی دادەماڵێ.

ئەم فەرهەنگەی ناتوندوتیژی مادەیەکە، بۆ کولتووری ناتوندوتیژی لە پێویست پێویستترە و تاکە چەمکە لەناو چەمکە سیاسییەکاندا کە بە بڕوای ئێمە شایستەی ئەوەیە تا کۆتایی پێوەی پابەند بین و تاکە چەمکیشە لەگەڵ واتەیەکی ڕاستەقینە نەک پوچگەریی ژیاندا هاوئاهەنگە، یان بە

گوتەکەی گاندی کە دەڵێ "ڕەنگە پرسێک هەبێ کە ئامادە بم لەپێناویدا بمرم، بەڵام هیچ پرسێک نییە ئامادەم لەپێناویدا بکوژم".

دەشێ کولتووری ناتوندوتیژی لە کۆتاییدا بتوانێ ئەو تەوژمە چڕ و تاریکە ڕابماڵێ کە لە زیندانی دڵەڕاوکێ و توندوتیژی و بێهوودەییدا بەندی کردووین، تا بتوانین چاومان بەچاوی هەتاو بکەوێتەوە، کە نائومێد نابێ لەوەی هەموو بەرەبەیانێک بانگمان بکا.

دەستەی لبنانی بۆ مافە مەدەنیەکان

بەیروت کانوونی یەکەم/دێسەمبەری ٢٠٠٧

## پێشدەست

ئەو وشانەی "ناتوندوتیژی"یان پێ دەگوترێ

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨ کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا "ماوەی نێوان ٢٠٠١-٢٠١٠ی بکا بە دەیەی ناودەوڵەتی بۆ پەرەدان بە کولتووری ناتوندوتیژی و ئاشتی لە بەرژەوەندیی منداڵانی جیهان"، لە باسکردنی هۆکارەکانی ئەم بڕیارەیشدا ئاماژەی بەوە داوە "کولتووری ناتوندوتیژی و ئاشتی ڕێگە خۆش دەکا بۆ ڕێزگرتنی ژیان و کەرامەتی هەموو مرۆڤێک بەبێ بڕیاردانی پێشوەخت و بەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەک".

زیاد لەوەیش، کۆمەڵەی گشتی داوای لە ئەندامانی کرد "ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ فێرکردنی پێڕەوکردنی ناتوندوتیژی و ئاشتی لەسەر هەموو ئاستەکان لە کۆمەڵگەکانیاندا، بە دامەزراوە فێرکارییەکانیشیانەوە". بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە نوێنەرانی دەوڵەتان کە لە نیویۆرک کۆبووبوونەوە بڕیارێکی لەم جۆرەیان خستە دەنگدانەوە، ئەویش بەهۆی نامۆیی ناتوندوتیژی لەو کەلتوورەی ئێمە بۆمان ماوەتەوە. ئەو وێنایانەی هزرمان بەدەوریدا دەخولێتەوە و گەڵاڵەی دەکا، بوارێکی ئەوتۆ بۆ چەمکی ناتوندوتیژی ناهێڵێتەوە لەکاتێکدا توندوتیژی بەشێکی دانەبڕاو لە جیهانی وێناکردنمان پێک دێنێ. ناتوندوتیژی دێ بۆ ئاوەژووکردنەوەی ئەو ئادگارانەی ئێمە داماننناون، لێرەوە چەمکی ناتوندوتیژی خۆی لە زەینماندا ئاستەنگی ئەوتۆی دێنە پێش وامان لێ دەکەن جار لەدوای جار تانە لە دروستیی ئەو چەمکە بدەین.

خەڵک بەگشتی لەبارەی ناتوندوتیژییەوە تەنیا (ڕا)یان هەیە، واتە "بڕیارێکی پێشوەخت"، تایبەتمەندیی (ڕا)یش ئەوەیە کە هەرگیز زادەی کارکردنی ئەقڵ نییە، بگرە بیروباوەڕە. ڕا بیرۆکەیەکی کوێری لەقاڵبدراوی لە جەماوەرەوە وەرگیراوە، بیرۆکەیەکە خاوەنەکەی کاتی پێویستی بۆ لێوردبوونەوەی تەرخان نەکردووە، ڕا هیچ نییە جگە لە جوینەوەی "فلان لە فلانەوە وتی" و تەنیا چەنەچەن بەرەو پێ دەدا. جا لەو ڕووەوە کە نەڕسکاو و ڕووکەش و ڕووپۆشە، بۆیە فریودەریشە. ئەوە نییە لە "ڕای گشتی"یەوە دەبیستین کە ناتوندوتیژی هیچ نییە جگە لە خەیاڵبازییەک کە کەسی

نییە جێبەجێی بکا؟ ئاخۆ ناگوترێ ئەم خەیاڵبازییە ڕیشەی لە قەناعەتێکی ئەخلاقیدایە، بەڵام ناتوانێ بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی دروست بکا. کەواتە ئیتر چ کەڵکێکی هەیە؟!، بەم شێوەیە زۆر خەڵک ئامادەن ڕایەک لەبارەی ناتوندوتیژییەوە بڵێن، لەکاتێکدا هیچی لەبارەوە نازانن.

لەگەڵ ئەوەیشدا ناوی گاندی و مارتن لۆتەر کینگ دوو ناوی بەناوبانگن و ڕێزی زۆریان لێ دەگیرێ ئەگەرچی بەزۆری وەک دوو کەسی دوور باس دەکرێن. ئەزموونێک کە بە کولەمەرگی لە جۆرێکی نوێ لە ململانەدا بەدەست هاتووە، کاریگەریی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانەی بۆ دنیا ئاشکرا کرد لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خەڵک و گەلان بۆ سستکردنی توانی هێزە توندوتیژکان و بەرگریکردن لە ئازادیی خۆیان و گێڕانەوەی کەرامەتیان. بەڵام نابێ دیسان بەمە فریو بخۆین، دەبێ بزانین ئەم کاریگەرییەیش هەردەم ڕێژەییە و شکستهێنانیش بەردەوام لەسەر ڕێیە. هێندە هەیە کاری ناتوندوتیژانە بە بەخشینەوەی واتە بە ململانەکانی نێوان مرۆڤەکان، دەرفەت بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی بەرپرسانە لەبەرامبەر توندوتیژیی بەهێزەکان دەڕەخسێنێ.

لەوانەیە لە پەخشنامەی هەواڵەکانی ڕۆژدا لەناو ڕووداوەکاندا باسی ناتوندوتیژیش بکرێ، بەڵام ئەوە تەنیا تروسکاییەکە بە کوژانەوەی ئەو حەدەسەی هەندێ جار گوێمان دەزرنگێنێتەوە، ئەویش دەکوژێتەوە، کە دەپرسی: چی دەبێ ئەگەر ناتوندوتیژی بتوانێ ئاسۆیەکی نوێ بۆ بینین و کارکردن بکاتەوە؟ بەڵام زۆر نابا نەریتی دەقگرتووی بیرکردنەوەمان جڵەوەکە وەردەگرێتەوە و درێژە بە سەیرکردنی توندوتیژی وەک تاکە وەڵام بۆ توندوتیژی، دەدەینەوە. لە دەرەنجامیشدا، ناتوندوتیژی سادەتر دیارە لەوەی ڕاست بێ. بەڵام لە واقیعدا توندوتیژی سادەیە و ناتوندوتیژی ئاڵۆزە.

بەڵام ناتوندوتیژی بە کردنەوەی کەلەبەرێک لە بارستەی ساردی ڕێبازی باڵادەستی "گومان"دا، وا بەشێنەیی دەبێتە جێسەرنج و لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو گرووپە خەباتکارانەی بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو چەمکە لەناویاندا قەتیس بووبوو، حسابی بۆ دەکرێ و وای لێ دێ "قابیل بە تاوتوێکردن" و شایستەی تاوتوێکردن بێ. مەبەستم لە نووسینی ئەم فەرهەنگەیش ئاسان و بەهێزکردنی ئەو گفتوگۆیەیە. وشەی فەرهەنگ بە فڕەنسایی پێی دەگوترێ dictionnaire (کە لە وشەی dicere لاتینیەوە هاتووە بەواتەی: گوتی) بریتییە لە وشەکان lexique، لە lexisی یۆنانیەوە بەواتەی "وشە"، واتە "کۆمەڵێ وشە"ن بەهۆیانەوە دەتوانین ئەوەی دەمانەوێ دەریببڕین.

بۆ ڕزگارکردنی ناتوندوتیژی لە تەمومژ و بەدحاڵیبوون و لێ تێکەڵبوون پێویستمان بە زمانێکی تۆکمە هەیە کە بتوانێ هزرێکی ڕۆشن و پتەو دابڕێژێ، هەر بۆیە دەستم کرد بە گەڕان بەدوای ئەو وشانەی ئەو جۆرە زمانە پێک دێنن.

زمان تەنیا ئامرازی دەربڕین و گواستنەوەی هزر نییە، بگرە پێش هەموو شتێ تەنانەت کرۆک و بنچینەی هزرە، چونکە پێش لەوەی بیری خۆمان بە وشە دابڕێژین ئەو هزرە هیچ بوونێکی نییە. بیرکردنەوە واتە قسەکردن، واتە وتە. بیرکردنەوە، پێش هەموو شتێ، قسە و گفتوگۆیە لەگەڵ ناخ.

زۆر لە داهێنەرانی وشە –لە نووسەران و شاعیران و فەیلەسووفان– خەونیان بە زمانێکەوە بینیوە لە جەوهەردا لەگەڵ ئەو ڕۆحەی تێیدا نیشتەجێیە بەشدار بێ، بە زمانێکی نەمرەوە کە بتوانێ بەبێ تەپەدووکەڵ و بە شەفافی، حەقیقەتە ڕۆحییە دەرککراوەکە، دەرببڕێ. بەڵام خەون بینین بە زمانێکی ڕەسەنەوە کە ببێتە جەوهەری حەقیقەت، شتێکە قەت بەردەستی ئێمە نابێ.

لەڕاستیدا زمان تۆمارێکی ڕەق و تەق نییە کە ڕەگەزەکانی بەهایەکی سەرمەدییان هەبێ، بەڵکو بابەتێکی زۆر خۆشدەست و ملکەچی گۆڕانکاریی قووڵە و ساز و ئامادەیە بۆ هەمەجۆرییەکی بێکۆتا. زمان، بە یەک وشە، زیندووە بە هەموو واتەکانی زیندویەتی و ژیان لە ئەگەرەکانی کەوتن و چورتمدان و شکست. وشەکان مێژوویەکیان هەیە، ئەو مێژووە بەدرێژاییی ڕۆژگار سەرقاڵی داڕشتن و هەموارکردنی ناواخنەکەیەتی. هەر بۆیە وشەکان چەندان واتەیان هەیە، لێرەوەیە زمانناسان باس لە "فرەواتەیی" polysemie دەکەن، واتە هەر وشەیەک (دال) چەندان واتە (مدلول)ی هەیە.

لێک تێگەیشتن کارێکی ئاسان نییە: دەگمەن نییە گوێگر بە واتەیەکی جیاواز لەوەی قسەکەر مەبەستیەتی لە وشەکان تێ بگا. کاتێ هەڵە تێگەیشتنیش لە وشەکان ڕوو بدا لێک تێنەگەیشتن لەناو قسەکەراندا ڕیشە دادەکوتێ. تێگەیشتنمان لە وشەکان تا ڕادەیەکی زۆر تێگەیشتنێکی خۆیی (زاتی)ە، چونکە هەر وشەیەک هەستێکی وامان لەلا دەبزوێنێ کە بەشێوەیەکی دیاریکراو لێی تێ بگەین و بەپێی ئاوێزەی مێژوو و ئەزموون و هەستەوەریی خۆمان لێکی دەدەینەوە. ئەو سەنگە وێژدانییەی چواردەوری وشەکانی داوە، پەراوێزی نادیاری لە هەندێ وێنا و پیرۆزکردنی هەندێ چەمک، هەموو ئەمانە کۆسپن لەبەردەم لێک تێگەیشتندا. هەربۆیە لەو کاتەی وشەکانی ئەم فەرهەنگەم دەنووسی، ویستم هەندێ وشەی پەتکراو بهێنمە گۆ و هەندێ وشەی تریش سەرکۆنە بکەم کە لە هەمان کاتدا واتەیەک و دژەکەی دەگەیەنن.

زمان دەربڕی کولتووری هەر کۆمەڵگەیەکە. جا لەبەرئەوەی زمانەکەمان تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆجیای باڵادەستی توندوتیژییەوە ڕەنگڕێژ و دیاری دەکرێ، لەبەرئەوە فێر نەبووین بە زمانی ناتوندوتیژی بدوێین. وشەمان نییە بۆ بیرکردنەوە و قسەکردن بە ناتوندوتیژی، چونکە تێگەیشتنمان لە وشەکان لەڕێی ئاوێزەی شێواوی ئایدیۆلۆجیای ناتوندوتیژییەوە دەبێ. بەڵام کاتێ سەرلەنوێ لەبەردەم ئاوێنەی فەلسەفەی ناتوندوتیژیدا ڕایان دەگرین دەبینین واتەیەکی تر وەردەگرن. دەبێ ئەو وشە ساختانە ڕاوەدو بنێین کە بەبێ ئاگەداریی ئێمە خزاونەتە ناو زمانەکەمان و لە حەشارگەکانیان وەدەریان بنێین، چونکە ئەوانەن وایان کردووە گوتارمان هاوساز نەبێ. دەبێ هەوڵ بدەین بۆ ڕیسواکردنی ئەو بەڵگەنەویستە فەلسەفییە شاراوانەی ناو ئەو وشانەی بەکاریان دێنین، کە بەبێ ویستی خۆمان هزرمان دادەڕێژن. پێویستە لەسەرمان ڕەوایی لەو وشانە بسەنینەوە و لەبەریەکیان هەڵوەشێنین کە پاساو دەدەنە توندوتیژی، هاوکات داهێنانی ئەو وشانەی ڕێز و شکۆ بە ناتوندوتیژی دەبەخشن.

دۆزینەوەی وشەی دروست و شیاو بۆ ناونانی توندوتیژی، پێشوەخت واتەی خۆ دەربازكردنە لە چنگی. بەهەمان شێوە دۆزینەوەی وشەی شیاو بۆ ناونانی ناتوندوتیژی، پێشوەخت واتەی كردنەوەی بوارێكە كە تێیدا بتوانێ ببێ. لەم كارە دووسەرەی ناوناندا دەستم دایە ئامادەكردنی ئەم فەرهەنگە، بەئومێدی دۆزینەوەی ئەو وشە كلیلانەی كە دەروازە بۆ تێگەیشتنێكی قووڵ لە ناتوندوتیژی دەكەنەوە.

وشەكان كۆمەڵێ نیشانەی جێگیر نین كە تێدا نەچن، هەروەك كۆمەڵێ ئاماژەی هەڕەمەكی نین كە هیچ نەبن جگە لە بەهایەكی كەرەستەیی بۆ ئاماژەدان بە شتەكان. پێوەندییەكی بەهێز لەنێوان هێما (دال) و ناوەرۆك (مدلول)دا هەیە، هەربۆیە زۆر جاران ئاوڕ لە بنەچەی وشەكان دەدەینەوە، چونكە داتاشین زانستی واتە یەكەمەكانی وشەكانە و لە ڕیشەی ڕەسەنی وشەكان دەكۆڵێتەوە، كە دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ وردبینیكردن لەو ڕەگەزانەی هەر وشەیەك پێك دێنن. وشەكان تەنیا ئاماژە بۆ شتەكان ناكەن بگرە واتەكانیشیان ئاشكرا دەكەن، چونكە شتەكان بەبێ ئەو خودەی دەیانزانێ و وێنایان دەكا و ناویان دەنێ، بوونیان نییە. ناونانی شتەكان بەدیهێنانی ئەو شتانەیە، چونكە وشەكان شتەكان بەدی دێنن.

بۆ نووسینی ناتوندوتیژی تەنیا دانانی وشە و زاراوە بۆی بەس نییە، بەڵكو پێویستە كۆمەڵێ ڕێسای زمانەوانیی تایبەت بە ناتوندوتیژی دیاری بكرێن (وشەی grammaire (ڕێزمان) لە فەرمانی یۆنانی graphein واتە "نووسی"ەوە هاتووە، ئەم ڕێسایانە فێرمان دەكەن چۆن وشەكان بەیەكەوە ببەستینەوە و پێكەوەیان بگونجێنین و ڕێكیان بخەین تا بتوانین واتەی ناتوندوتیژی نمایان بكەین.

كولتووری توندوتیژی لەسەر دوو پایە وەستاوە: یەكەمیان ئایدیۆلۆجیا و دووەمیان ستراتیجی. ئایدیۆلۆجیا بە زمانی لووس پێمان دەڵێ توندوتیژی لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا هاوڕێكە. ستراتیجیش فێرمان دەكا توندوتیژی بۆ كاری بەكار "پێویستە". بە هەمان شێوە دەبێ كولتووری ناتوندوتیژیش لەسەر فەلسەفە و ستراتیجیەتێك دابمەزرێ، دەبێ ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی لەبەریەك هەڵوەشێنرێ و ڕاستگۆیی لە ستراتیجیەتی كاری توندوتیژانە دابڕنرێ و لە هەمان كاتدا فەلسەفەیەكی ناتوندوتیژی بنیات بنرێ و ستراتیجیەتێك بۆ كاری ناتوندوتیژی بێتە داهێنان. ئەگەر پێویست بێ ئەم دوو بوارە –فەلسەفە و ستراتیج– بەڕوونی لێك جیاواز بن، ئەوا نابێ لێك جوێ بكرێنەوە، چونكە وابەستەیی لەنێوان هەردووكیاندا هەیە.

فەلسەفە داواكردنی داناییەكی پراكتیكیە كە مرۆڤ بۆ كاركردن ئامادە و بانگهێشت دەكا. بیركردنەوە واتە ئیرادە، ئیرادەیش واتە كاركردن، بە وردییەكی زیاتر: بیركردنەوە لە دادپەروەری واتەی ویستنی دادپەروەرییە. ویستنی دادپەروەریش واتەی كاركردنە لەپێناو دادپەروەریدا. فەیلەسووف لە ناخەوە خوازیارە ژیانێكی ئارامی هەبێ، كە سەرتاپای تەرخان بێ بۆ بیركردنەوە و ڕامان و تێڕوانینی ئەقڵی، بەڵام دەبێ دەستبەرداری ئەم خەونە ببێ، چونكە لەوەدا مافی هەڵبژاردنی نییە: دەبێ كار بكا. پۆڵ ڕیكور پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ –لەوەیشدا لەسەر هەقە– كە

کارکردن پێوەری ڕاستگۆییی ئیرادەیە و دەنووسێ "ئیرادەیەک نەبێتە مایەی بزواندنی جەستە و بەوەیش گۆڕینی شتێک لە دنیا، زۆر نێزیکە لە هیواخواستنی نەزۆک و خەونەکاندا لەناو بچێ، ئەوەی ماف بەدی نەهێنێ هێشتا مافی نەویستووە، نیەتێکی دابڕاو لە کارکردن هەر لە بنچینەوە جێی گومانە"[١].

بۆ فەیلەسووف ڕەوا نییە ئەقڵکاریی خۆی تەنیا بۆ دانانی وێناگەلی ئەقڵی تەرخان بکا، چونکە لە داواکردنی ڕاستیدا، ویژدانی لێی دەخوازێ جەخت لە هەندێ بەهای ئەخلاقی بکا، ئەوەیش پێویستە لە بۆتەی جیهاندا ئەزموون بکرێ. ڕیکور سەرنج دەدا "هەر ئەوەندەی ویژدان لە ناوەکیبوونێکی دوورەپەرێزدا پەنای گرت، ئیدی بەها تووشی نەزۆکییەک دەبێ، کە بەقووڵی تێکی دەدا".

پێوەندییەکی جەوهەری لەناو وشەی دروست و بیرۆکەی دروست لەلایەک و کارکردنی دروست لەلایەکی ترەوە هەیە. کارکردن دوا مەنزڵی فەلسەفە و بەرجەستەبوونیەتی، هەڵوێستێکە لەڕێیەوە مرۆڤی –فەیلەسووف– حزوری خۆی بۆ ئەوانی تر دووپات دەکاتەوە. بە کارنەکردنیشی، ڕەنگە بابای بیرمەند هیچ شتێک پێشکێش بەوانی تر نەکا جگە لە بۆشاییی غایببوونەکەی. لە قوتابخانەی فەلسەفەدا ناکرێ پابەندبوون بە خەباتکردن لەپێناو مافەکانی مرۆڤدا وەک وانەیەکی بژارەیی سەیر بکرێ، بگرە ئەوە وانەیەکی زۆرەملێیە کە ڕیشەی لەناو حیکمەتی کرداریدایە و دەرنەچوون لەو بابەتەدا کەوتنی تەواوەتییە. ئاخۆ هۆنینەوەی جوانترین گوتاری فەلسەفی بە باڵای کەرامەتی باڵای مرۆڤدا چ نرخێکی هەیە ئەگەر بێت و تەنیا مژدەدان نەبێ بە کەرامەت، بگرە هەڵگری کەرامەتیش بێ بۆ هەموو مرۆڤێک و بۆ مرۆڤایەتی؟

مرۆڤی فەیلەسووف، وەک ئەوەی بە ناویستی خۆیشی بێ بەڵام نەک بەزۆر، داواکراوە بۆ بوون بە سەرباز: ئەو تێوەگلاوە... ئەگەر خۆی بشارێتەوە وەک هەڵاتنی لێ دێ. لەسەر فەیلەسووف پێویستە پاش مەشقکردنی لە ژوورەکەیدا لەسەر لاپەڕەی سپی (یان لەسەر شاشەی خۆڵەمێشی) بچێ واتەی وشەکانی لە گۆڕەپانی گشتیدا تاقی بکاتەوە و بە جەستەی بەرامبەر خەڵک بوەستێ و بچێتە ناو جەرگەی ڕووداوەکان. هیچ چاری نییە دەبێ وشەکانی بخاتە کارەوە وەک چۆن شاعیری مۆسیقار ئاواز بۆ شیعرەکەی دادەنێ تا گۆرانییەکەی بنووسێ. دەبێ وشەکانی ڕستەکەی ڕووبەڕووی مەترسییەکانی ململانە بکاتەوە، دەبێ وشەکانی ناو کتێبەکانی لە ناوەندی مەترسییەکانی کارکردندا بڵێ.

بەم شێوەیە تانوپۆی فەلسەفەی ناتوندوتیژی لەڕێی بزاوتێکی مەکوکیی بەردەوامدا لەناو تێڕوانین و کرداردا دێتە چنین و هەریەکەیان بەبەردەوام خۆراک بەوی تر دەدا. هەربۆیە مەبەستم بوو ڕەگەزەکانی وتارێکی فەلسەفی و کورتەیەکی کرداری لە کۆمەڵەیەکدا جێ بکەمەوە. ویستم هەمان بایەخ بە دانانی ئەو چەمکانەی دەرفەت بۆ تیۆریزەکردن لە ناتوندوتیژی و دیاریکردنی دەرەخسێنن و هەروەها بە دانانی ئەو میتۆدانەیش دەرفەت بۆ ڕێکخستنی کارێکی ناتوندوتیژانە و

ڕوونکردنەوەی ساز دەکەن، بدەم. بەم شێوەیەش ویستم لە زاراوەکانی ئەم فەرهەنگەدا –ئەگەرچی واتەکانیشیان لە دوو چوارچێوەی جیاوازدان– لەپێناو گەڵاڵەکردنی گشتێکی هاوئاهەنگ و تۆکمەدا زاراوە فەلسەفی و تەکنیکیەکان ئامێتە بکەم.

لە توێکانی ئەم لاپەڕانەدا هەوڵ دەدەم پوختەیەکی ئەزموونی خۆم لە ماوەی سی و پێنج ساڵ و شتێک لە بیرکردنەوە لە هەلومەرج و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ناتوندوتیژی بخەمە ڕوو. ئەز نە "ناتوندوتیژ" و نە "ناتوندوتیژگەرا"م، نە لە "شوێنکەوتە"کانی ناتوندوتیژی نە لە "بانگخواز"انیم. تەنیا خوازیارم بڵێم من لە "دۆستانی ناتوندوتیژی"م وەک چۆن فەیلەسووفەکان پێیان خۆشە بە خۆیان بڵێن "دۆستانی دانایی/ حیکمەت". لە دەرەنجامیشدا من ناتوندوتیژی بە دەروازەی دانایی دادەنێم. هەروەها بەدرێژاییی بیرکردنەوەم لەو چەند ساڵەدا، هاوکات هەوڵم داوە بەپێی ئەو توانایەی پێم دراوە کاریش بکەم، کەواتە من "خەباتکار"م لەپێناو ناتوندوتیژیدا. مرۆڤی خەباتکار هەندێ جار ناوبانگێکی خراپی هەیە وەک کەسێکی چالاک کە ناتوانێ دوورییەک بخاتە نێوان خۆی و کارەکەی، چونکە گومان دەکرێ هێندە زێدەڕۆیی لە پەسندکردنی هزرەکانیدا بکا کە وای لێ بکا نەتوانێ بەبێ قەناعەتێکی پێشوەخت فیکری بخاتە کار، لێرەوە بانگەشە بۆ ئەو بیرۆکە دژیەکە دەکرێ کە پێی وایە خەباتکاری ناتوندوتیژی لە دۆخێکدا نییە بتوانێ لەبارەی ناتوندوتیژییەوە تیۆریزە بکا.

بەپێچەوانەی ئەمە، من بڕوام وایە پێویستە تیۆریزەکار ناتوندوتیژی تاقی بکاتەوە، واتە ئەزموونکردنی بە کردەوەی کاری ناتوندوتیژانە، تا بتوانێ لە بیرکردنەوەیدا لە چەمکی ناتوندوتیژی بە باشترین ئاکام بگا، چونکە ئەو کەسەی لە دەرەوەی بازنەی کاری ناتوندوتیژانەوە بێ تەنیا سنوورەکانی دەبینێ و لە توانیدا نابێ لە دینامییەتە ناوەکییەکەی کە سەرچاوەی هێزیەتی تێ بگا. لێرەوە لافی ئەوە لێ دەدەم کە تیۆریزەکردنم لە ناتوندوتیژیدا زادەی ئەزموونی خۆمە وەک خەباتکارێکی ناتوندوتیژخواز.

لەم بابەتەدا ئاماژە بە هیچ سەرچاوە و کتێبێک نادەم، بەڵام هەرگیز لە هەموو ئەوانەی نووسین و پابەندییەکانیان ڕۆڵیان لەم تیۆریزەکارییەدا هەبووە، لە نووسەران و بیرمەندان و فەیلەسووفان و گەورە چالاکان لە تێکۆشانی ناتوندوتیژی یان خەباتکاری سادە و ئاسایی، بێدەنگ نابم، چونکە بەتەواوی دەرک بەوە دەکەم من میراتگری ئەوانم، هەر لەو کەلەپوورەی ئەوانەوە باشترین ئەو شتانەم وەرگرتووە کە ئەمڕۆ دەتوانم لەبارەی واتەی سەرکێشییە ئینسانییە هاوبەشەکانمانەوە بیاننووسم. لە کتێبەکانی ڕابردوومدا ڕاشکاوانە درود و سڵاوی ڕێز و شکۆم پێشکێش کردوون و وتەکانیانم بەزۆر و زەبەندی گواستووەتەوە. بەڵام ئەم جارەیان –ئەگەرچی هیچم لێیانەوە وەرنەگرتووە– پەرۆشم بۆ ئەوەی بە دەنگی دلێر بڵێم "ئای چەندە قەرزاریانم" و پێزانینی قووڵی خۆمیان بۆ دەرببڕم. دەرەنجام، زۆر لە تێڕوانینەکانم بەڕوونی ئەم یان ئەو کاریگەرییان پێوە دیارە کە بەئاسانی دەتوانرێ سەرچاوەکەیان دیاری بکرێ.

هەروەها وام بە چاک زانیوە خۆم لابدەم لە "نموونە هێنانەوە" بۆ ڕوونکردنەوەی وەسفکردنی تایبەتی ڕێگەکانی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە. ڕەنگە ئاماژەنەکردن بۆ نموونەی بەرهەست هەندێ جار تا ڕادەیەک خوێندنەوەکە وشک بکا، بەڵام پێشکێشکردنی ئەزموونەکانی کاری ناتوندوتیژانە کە دەتوانم بەبەردەوامی بۆیان بگەڕێمەوە و شییان بکەمەوە، لەباریدا هەبووە دەقی هەر مادەیەک زیاد لە پێویست فرەوان بکا، بە پابەندبوونیشم بە نەهێنانەوەی نموونە توانیومە بابەتەکە هێندە کورت بێ کە لەگەڵ سنوورداریی فەرهەنگەکاندا بگونجێ. زیاد لەوەش، ئەم ڕێگەیە ناچار بە سەختگیریی زیاتری کردم لە بیرکردنەوەدا، چونکە نموونەهێنانەوە ئاسانکارییەکە توێژەر لە وردبینیکردنی زیاتری چەمکەکان و شۆڕبوونەوە بە قووڵاییەکانیاندا ڕزگار دەکا. گومان لەوەدا نییە هچ تیۆروانینێکی ئەقڵی نییە کە بکرێ لەسەر چاودێریکردنی ئەزموونە مێژووییەکان و شرۆڤەکردنیان دانەمەزرێ، هەر بۆیە هەمیشە گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکان، بەزۆریش گەڕانەوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەدرێژاییی ئەم لاپەڕانە ئامادەیە.

تێکڕای مادەکانی ئەم فەرهەنگی زاراوانەم بەشێوەیەک ئامادە کردووە کە هەموو مادەیەکی وەک بابەتێکی سەربەخۆ بێ، بەوەیش هەریەکەیان دەتوانرێ بەجیا لەوانی تر بخوێنرێتەوە. ئەمەیش بەرەو ئەوەی بردم هەندێ جار –ئەگەر بە ڕستەیەکیش بێ– ئەوەی پێشتر لە هەندێ کتێبی تردا وتراوە یاد بخەمەوە، ئامانج لەم یادخستنەوانەیش دروستکردنی پردگەلێکە لەناو چەمکە جیاوازەکاندا بەمەبەستی ئاسانکردنی ڕێچکەبەستنی دینامییانەی هزرەکان.

ئومێدەوارم ڕوونکردنەوەی واتەی وشەکانی ناو ئەم فەرهەنگە، دوور لەو تێکەڵکارییەی ئایدیۆلۆجیای توندوتیژیی باڵادەست بەسەر کولتوورەکەماندا، ڕەواجی پێ دەدا، دەرفەت بۆ وردبوونەوە لە ناتوندوتیژی و گوتنی برەخسێ، بەوەیش لە کەشوهەوایەکی پڕ لە ڕێزگرتنی دووسەرە لە قەناعەتەکانی هەر کەسێک، دیالۆگێک دەست پێ بکا، تا بە هەمووومان بتوانین بەشداری لە داهێنانی کولتوور و ڕۆشنبیریی ناتوندوتیژیدا بکەین.

### خۆ بەڕێوەبەری

دەبێ هەر هەڵمەتێکی کارکردنی ناتوندوتیژانە ئامانجێکی ڕوون و ورد و سنووردار و لەتواندابوو، دەستنیشان بکا، بەشێوەیەک بکرێ لە ماوەدای کورتدا بێتە دی، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ستەمە ڕیسوا و بەرەنگاریکراوەکە لە جێبەند (سیاق)ە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی نەیەتە دابڕین، بەڵکو –بەپێچەوانەوە– بخرێتە چوارچێوەی شیکردنەوەیەکی هەمەگیری کۆمەڵگەوە، بەشێوەیەک ئەو ئامانجەیش دیاری کراوە لای خۆیەوە بخرێتە ناو پرۆژەیەکی سیاسیی هەمەگیرەوە. لەو کاتەدا کاری ناتوندوتیژانە شوێنی خۆی لە چوارچێوەی ستراتیجیەتێکدا دەگرێ کە ئامانجی، لە ماوەدای دووردا، جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی سیاسییە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەتر و ئازادتر.

نابێ سیاسەتێک کە ئیلهام لە فەلسەفەی ناتوندوتیژی وەربگرێ لە دەربڕینی چەپکێک بەرهەڵستی و نارەزایی دژ بە ستەمکارییەکانی ئەو پشێوییەی لەئارادایە کورت بکرێتەوە، بگرە پێویستە لەسەر بناخەی پرۆژەیەک دابمەزرێ کە پێوەندیی هەبێ بەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی دەویسترێ بەدی بهێنرێ و بڕیار وایە -ئەو سیاسەتە- بەڕێوەی ببا. خەباتە ناتوندوتیژانەکان لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا، لە ڕوانگەی دینامییەتی بەرەنگاریکردنەوە پەرەیان سەندووە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بەرەنگارییە ئامانجەکانی خۆی بپێکێ، پێویستە وابەستە بێ بە بوونی پرۆگرامێکی بنیاتنەرانەوە، کە پێشنیازی بکا و پلەبەپلە کار بۆ جێبەجێکردنی بکا.

فەلسەفەی ناتوندوتیژی بەحوکمی دینامییەتە تایبەتەکەی، هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسییە بۆ دامەزراندنی دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە، کە لە هەمان کاتدا ئابووری و سیاسی و کولتووریش بێ. پرۆژەیەکی لەم جۆرە پێویستە یەکسانیی دەرفەت بۆ هەمووان لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا بخاتە کارنامەی خۆی و بەوە پاشەکشەی پلەبەپلەی پێوەندییەکانی توندوتیژی لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا ئاسان بکا. بەمەش پرۆژەی ناتوندوتیژی لەگەڵ پرۆژەی "ئیشتراکیەتی خۆ بەڕێوەبەری" یەک دەگرێتەوە کە ئامانجی ئەوەیە ڕێگە بە هەموو ئافرەت و هەموو پیاوێک بدا بۆ بەدەستهێنانی توانایەک کە دەسەڵاتی ئەوە بۆ هەریەکەیان دەستەبەر بکا، تا ببێتە سەرداری چارەنووسی خۆی لە گرتنەئەستۆی بەرپرسیاریەتی لە "کاروباری گشتی" (واتە کۆماری)دا بەهاوبەشی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگەدا.

خۆبەڕێوەبەریی سیاسی بریتییە لەوەی هاووڵاتییان خۆیان کۆمارەکە بەڕێوە ببەن. ئەمەیش دەخوازێ بەشداریی -چەندە بکرێ- ڕاستەوخۆیان لە دەسەڵاتەکانی بڕیارداندا هەبێ کە بەسەر ئاستە جیاوازەکانی سیستمی کۆمەڵایەتیدا دابەش بووە. وردتر بڵێین، ئامانجی خۆبەڕێوەبەری ئەوەیە توانا ببەخشێتە تاکەکان بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە وەرگرتنی بڕیاری پێوەندار بەو بوارانەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەوانەوە هەیە. کەواتە خۆبەڕێوەبەری بریتییە لەوەی جەماوەری هاووڵاتییان بەڕاستەوخۆ مومارەسەی دەسەڵات بکەن، لێرەشەوە دەبێتە گوزارشتکردنێکی کردەیی لە دیموکراسی (دەوڵەتی گەل). دیموکراسیەتی ڕاستەقینە لەسەر بنچینەی ڕاسپاردن و نوێنەرانەیەتیکردن دانامەزرێ، بەڵکو لەسەر بەشداریکردن دادەمەزرێ. لەبەرئەوە خۆبەڕێوەبەری بەدەر لە وشە باوەکان، بە وەسفکردنی ئەم بەڕێوەبردنە بەوەی گەڕانە بەدوای دیموکراسێتییەکی بەشداریکارانەی کرداری و ئەزموونکردنیدا، بەبەردەوامی لە کارنامەی مشتومڕی سیاسیدا ئامادە دەبێ.

لەسەر هەر پرۆژەیەکی خۆبەڕێوەبەری پێویستە ئەو بنیات و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانە دەستنیشان بکا کە یارمەتیی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدا کە بەحەتمی لە هەر گردبوونەوەیەکی بەشەریدا سەر هەڵدەدەن، بەبێ ئەوەی ئەویش سەرلەنوێ بکەوێتەوە ناو دژیەکیەکانی باڵادەستبوونی بیرۆکراسی کە بووەتە تایبەتمەندیی بەڕێوەبەرایەتییەکانی زۆر لە

دەوڵەتە نوێیەکان، واتە بەبێ ئەوەی جارێکی تر ببێتەوە دیلی گێژاوی توندوتیژی. خۆبەڕێوەبەری دەیەوێ بەپێی توانا لە بەڕێوەبردنێکی ناتوندوتیژانەی کۆمەڵگەی سیاسی نێزیک ببێتەوە.

خۆبەڕێوەبەری چاری ناچارە خۆی لە بەردەم مومارەسەکردنی دەسەلاتی سیاسیدا دەبینێتەوە. هەروەک چۆن خەباتی ناتوندوتیژانە بەزەرورەت دەخوازێ پەنا بۆ هەندێ ئامرازی زۆرلێکردن ببرێ، بەهەمان شێوە بەڕێوەبردنی ناتوندوتیژانەی کۆمەڵگە بەبێ بەکارهێنانی هەندێ جۆری زۆرلێکردن بەمەبەستی چەسپاندنی سیستمی کۆمەلایەتی، مەحاڵە. خۆبەڕێوەبەری لەتوانیدا نییە ئەو پێکەوەژیانە هاوئاهەنگەی هەموو هاوولاتییان کە ڕێزگرتن و متمانەی دووسەرە کۆیان بکاتەوە، بێنێتە کایە. لافلێدانی هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە ناچارکردنێک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا لەوانەیە سەر بکێشێ بۆ سەرگەردانبوون لەناو یۆتۆپیا و خۆ دەستەپاچەکردندا، بەلام ئەمە بەواتەی ئەوە نییە جارێکی تر بکەوێتەوە ناو لۆجیکی توندوتیژی، بگرە بەواتەی خۆناچارکردنە بە گەڕان بەدوای ئامرازگەلێکی ناتوندوتیژانەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەم جۆرە زۆرلێکردنە.

* دەوڵەت
* دیموکراسی
* دەسەلات
* سیاسەت

هەواڵنامەی کتێب

## ڕێزگرتن

ئاخۆ لە سەرەتای دیدارێکی گوماناوی لەگەڵ مرۆڤێکی تردا، هەستکردنمان بە ترس لەوەی بەخراپی لەگەڵمان بجووڵێتەوە زیاتر نییە لە هەستکردنمان بە ئومێد بەوەی لەگەڵمان باش دەبێ؟ هەموو مرۆڤێک سەرەتا لە توندوتیژیی بەرامبەرەکەی دەترسێ زیاتر لەوەی چاوەڕوانی چاکیی لێ بکا. یەکەم شت لە مرۆڤەکەی تری چاوەڕوان دەکەین ئەوەیە بەڕێزەوە سەیرمان بکا. ڕێزگیرانی مرۆڤ ئەوەیە تەماشا بکرێ (ڕەگی فەرمانی respecterی فەرەنسایی بەواتەی (ڕێز بگرە) بریتییە لە فەرمانی لاتینی spectare بەواتەی (سەیری کرد). بە وردییەکی زیاتریش لە فەرمانی erspicereەوە داتاشراوە کە واتە حەرفییەکەی بریتییە لە "سەیری دواوەی کرد" و لەویشەوە "وەستا تا سەیر بکا" و "بەسۆزەوە تەماشای کرد". "تەماشانەکردن"ی کەسێک واتەی ڕێزنەگرتن و حسێب بۆ نەکردنیەتی، واتە پێشوەخت نیشاندانی بێڕێزییە بەرامبەری.

ڕێزگرتن، هەروەک ناتوندوتیژی، بەپلەی یەکەم هەڵوێستێکی نەرێنییە و بریتییە لە گتکردن (امتناع) لە شکاندنی کەرامەتی کەسانی تر. ڕێزگرتنی مرۆڤەکەی تر بەر لە هەموو شتێک گتکردنە لە توندوتیژی-نواندن بەرامبەری. ئەوە خۆشەویستی نییە بناخەی ژیانێکی هاوبەش بۆ خەڵک دادەمەزرێنێ، بەڵکو دادپەروەرییە، واتە تەنیا ڕێزگرتنی مافەکانی هەموو تاکێک. ڕێزگرتن

بە سرووشتی خۆی بوونی دووری (مسافە)یەک دەخوازێ. "پارێزگاریکردنی ئادەمیزاد لە دوورییەکەی خۆی" واتەی پەرۆشییە بۆ دەستدرێژینەکردنە سەر زەویی ئەوی تر و نەشێلانی باخچەکەی و نەبەزاندنی ئاسمانەکەی. لەوانەیە ئەوی تر پاش کەمێک بانگهێشتمان بکا بۆ نێزیکبوونەوە و چوونە ماڵەکەی و میوانداریمان بکا. بەڵام پێویستە، لە چاوەڕوانی ئەم بانگهێشتەدا، ڕێز لە "خاوەنداریەتیی تایبەت"ی ئەو بگرین کە ژیانی تایبەتی ئەو لەخۆ دەگرێ. ڕێزگرتنی مرۆڤ بۆ خۆی واتەی دۆزینەوەی ئەو دوورییەیە کە ئەو بوارەی هەر کەسێک پێویستیەتی بۆ ئەوەی کەسێکی سەربەست و سەربەخۆ بێ، بۆی دەڕەخسێنێ.

ڕێزگرتنی ئەوانی تر واتەی پەرۆشییە بۆ دۆزینەوەی دووریی دروست لەگەڵیاندا، دوورییەک کە دەرفەتیان بداتێ یەکتر ببینن و بناسن بەبێ توانەوە fusion و شپرزکردن confusion، دوورییەک بە باشترین شێوە ڕەچاوی خواست و خەونەکانی هەر تاکێک بکا.

یەکەمین مافی مرۆڤ کە بە تێپەڕبوونی کات لەبەین ناچێ، بریتییە لە مافی ڕێزگرتن، چونکە مرۆڤایەتیی مرۆڤ –هەموو مرۆڤێک– شایانی ڕێزگرتنە. لێرەشەوە یەکەمین ئەرکی مرۆڤ ڕێزگرتنیەتی لە مرۆڤایەتیی مرۆڤەکەی تر. چەمکی ڕێزگرتن پێکهێنەری ناتوندوتیژییە و لەو ڕوانگەیەشەوە دەتوانین ئەم پێناسەیە بۆ ناتوندوتیژی پێشنیاز بکەین: ڕێزگرتنی مرۆڤایەتیی مرۆڤە لە کەسی خۆیدا و هەروەها لە کەسی مرۆڤەکەی تریشدا.

ئەو ڕێزەی پێویستە لە مرۆڤەکەی تری بنێین، دەخوازێ سووکایەتیی پێ نەکەین تەنانەت ئەگەر ئەو بێڕێزیشی بەرامبەر کەسانی تر کرد. بەدڵنیاییەوە ڕاست نییە کە هەموو بیرەکان و هەموو هەڵوێستەکان و هەموو کردەوەکان بەڕێز بن و "شایستەی ڕێزگرتن" بن. بەڵام تەنانەت ئەو کەسەیش خراپە دەکا لە ناخیدا بەشێک لە مرۆڤایەتیی تێدایە کە شایستەی ئەوەیە ڕێزی بگیرێ، چونکە تاوان مرۆڤایەتیی کەسی تاوانبار بەتەواوی تێک ناشکێنێ. دەبێ بێڕەحمانە بەگژ خراپەدا بچینەوە بەڵام –بەپێی توانا– بەبێ ئەزیەتدانی ئەو کەسەی خراپە ئەنجام دەدا. ئەوەی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە بە وردی جوێ دەکاتەوە هەوڵدانیەتی بۆ جێبەجێکردنی هەندێ ڕێگەی کارکردنی ئەوتۆ کە دەرفەت بۆ ڕێزگرتنی دژبەر (الخصم) بڕەخسێنن. ئەو کەسەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ دەیەوێ گرەو لەسەر ئەوە بکا کە مرۆڤی توندوتیژ سەرەنجام دەتوانێ لە سروشتی توندوتیژییەکەی تێ بگا و دەستی لێ هەڵبگرێ. باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی مرۆڤ مرۆڤایەتیی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەیە ڕێزی ئەو مرۆڤایەتییە بگرێ. بۆیە پێویستە ئەو ئامرازانەی زۆرلێکردن کە بۆ ڕاگرتنی خراپەکانی بەکار دێن، دەرفەتێکی بدەنێ.

بەم شێوەیە ڕێزگرتن مافی هەر مرۆڤێکە وەک بوونەوەرێکی ئینسانی، بەڵام هەندێ کەس هەن هەست بە ڕێزێکی تایبەت دەکەین بەرامبەریان و ڕێزێکی زۆریان بۆ نیشان دەدەین، نەک تەنیا لەبەرئەوەی مرۆڤن، بگرە لەبەر خەسڵەتە مرۆییە تایبەتیەکانیشیان. لێرەدا ڕێزگرتن نابێتە ئەرکێک، بگرە دەبێتە هەستێک کە بنچینەکەی هاوسۆزی و پێزانینە. لێرەدا جیاوازیی جەوهەریی

نێوان ڕێزگرتن و لێبوردەیی ڕوون دەبێتەوە: ڕێزگرتن هەستی پێ دەکەین، بەڵام لێبوردەیی بەئارامی ناڕەحەتیەکانی دەچێژین و کۆششکردنی لێمان دەوێ. لێبوردەیی هەستی پێ ناکرێ.

لەسەر ئاستێکی تر، قسە لەبارەی ئەو ڕێزگرتنەوە دەکرێ کە دەبێ بۆ دەسەڵاتی نیشان بدەین authorite. سروشتی دەسەڵات یاخۆ سوڵتان وایە دەبێ ڕێزی بگیرێ، بەڵام سەرەتا دەبێ خۆی بەڕێز بێ. بۆیە دەبێ ڕێزگرتنی دەسەڵات لەسەر بناخەی لێوەشاوەییەکەی، نەک دەسەڵاتەکەی pouvoir دامەزرابێ، چونکە ڕێزگرتنی ڕاستەقینە بەتۆپزی بەدەست نایە. ئەگەر دەسەڵات ناچار بوو "ڕێزی خۆی بسەپێنێ"، ئەوە بەوردی لەبەرئەوەیە بەخراپی ڕێزی دەگیرێ. زۆرلێکردن دەتوانێ گوێڕایەڵی و ملکەچی بسەپێنێ، بەڵام "ڕێزگرتن ناسەپێنێ".

* لێبوردەیی

* دەسەڵات Authorite

*پێوەندی

**ئەخلاق**

مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا، دەرک بەوە دەکا کە توندوتیژی –نەک تەنیا ئەو توندوتیژییەی بەدەستییەوە گیرۆدەیە و ئازار دەچێژێ، بگرە ئەو توندوتیژییەیش کە خۆی ئەنجامی دەدا و خەڵکی پێ ئەشکەنجە دەدا– لەوانەیە لە هەر ساتێکدا لەپڕ سەر هەڵبدا. لەو کاتەدا ئەو تاقیکردنەوە مەرگەساتە ئەزموون دەکا کە مرۆڤایەتییەکەی لەلایەن توندوتیژییەوە –کە سیفەتێکی نامرۆڤانەیە– لەبەردەم هەڕەشەدایە. لەو کاتەدا فەریزەی "ئەخلاقی قەناعەت"[٢] خۆی بەسەریدا دەسەپێنێ کە بریتییە لەوەی: ناتوانێ واتەیەک بە بوونی خۆی بدا بە ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە سازشێک نەبێ لەگەڵ نائینسانیەتی توندوتیژیدا.

لە هەموو دەقە حیکمەتەکاندا، یاسای ئەخلاقی کە پێویستە هەر مرۆڤێکی ژیر پێڕەوی بکا، لەسەر "ڕێسا زێڕین"ەکە دادەمەزرێ، کە ئەو ڕێسایە لە هەمان کاتدا بە هەردوو ڕووی ئەرێنی و نەرێنی دێتە دەربڕین. لە شێوە نەرێنییەکەیدا دەگوترێ "ئەو شتەی حەز ناکەی کەسانی تر بە تۆی بکەن، تۆیش بە کەسی مەکە". چییە ئەوەی حەز ناکەم کەسی تر پێم بکا؟ دیارە نامەوێ پێمدا هەڵشاخێ. بە ڕێگە ئەرێنیەکەیش دەگوترێ "ئەوەی حەز دەکەی کەسانی تر بۆت بکەن، تۆیش بۆ ئەوانی بکە". من دەمەوێ کەسانی تر چیم بۆ بکەن؟ ئەوەیە یەکەم جار چاکە بکەن و ڕێزم بگرن. بەم شێوەیە ڕێسا زێڕینەکە داوای ناتوندوتیژیمان لێ دەکا، ئەویش بە دوورخستنەوەمان لە نیازخراپی و ئامۆژگاریکردنمان بە کاری چاکە.

مرۆڤی بەڕەوشت هەر جۆرە شەرعیەتدانێک بە توندوتیژی ڕەت دەکاتەوە، چونکە دەرک دەکا بەوەی بە ڕەتنەکردنەوەی ئەوە، دەستبەرداری ئینسانیەتی خۆی دەبێ. حوکمدانی ئەخلاقی لەکاتێکدا مافی داخوازیی بنچینەیی ڕۆح بەرز ڕادەگرێ، تانە لەو هەموو پینەوپەرۆ عەقڵانییانە

دەدا کە دەیانەوێ توندوتیژی لە کایەی ئینسانیدا جێ بکەنەوە. بەم شێوەیە قەناعەتی ئەخلاقی، لە دەقە فەلسەفی و ڕۆحییە ڕەسەنترینەکاندا، لە مرۆڤ دەخوازن لەو توندوتیژییەوە نەگلێ.

بەڵام ئایدیۆلۆجیستەکان پێچیان بە دەوری ئەم فەریزە بنچینەیییەی فەلسەفە و ڕۆحانیەتدا لێ دا، بە جیاکردنەوە لە مەحاڵیی هاوڕێکی کردن لەناو "ئەخلاقی قەناعەت" و "ئەخلاقی بەرپرسیاریەتی"دا. لەو ڕوانگەوە –بە بۆچوونی ئەوانە– ئەو کەسەی بیەوێ بە قەناعەتی ئەخلاقیی خۆیەوە پابەند بێ، دەبێ دەست لە کارکردن لە دنیادا بشوا، چونکە ئەوە ناچاری دەکا پەنا بۆ ئامرازی توندوتیژیی سیاسی ببا. لە بەرامبەردا ئەو کەسەی بیەوێ بە باشترین شێوە شان بداتە ژێر بەرپرسیاریەتییەکانی لە مێژوودا، لەوانەیە ناچار بێ سەرپێچی لە ئەرکە ئەخلاقیەکەی بکا تا بتوانێ لە توندوتیژییەوە بگلێ.

بەڵام لەڕاستیدا چەسپاندنی ناکۆکیەکی لەم جۆرە لەناو قەناعەتی ئەخلاقی –کە داوا لە مرۆڤ دەکا ناتوندوتیژ بێ– و بەرپرسیاریەتیی سیاسی –کە ناچاری دەکا توندوتیژ بێ– لەوانەیە هەردوو ئەخلاق و سیاسەت خراپ بکا. پشتکردنە ئەرکی ئەخلاقی لەکاتی ئەنجامدانی کاری سیاسیدا، تەنیا نکوڵی لێکردنی نییە، بگرە زۆر بەسادەیی ڕەتکردنەوەیەتی، چونکە بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقیی مرۆڤ ڕێک و ڕاست بەوەفابوونیەتی بۆ قەناعەتەکانی لەکاتی کارکردنیدا لە دنیا. هەروەها نابێ پابەندیی سیاسیی خۆی لە ئەرکە ئەخلاقیەکەی بدزێتەوە چونکە ئەرکی ئەمەی دوایی، بەوردی ئەوەیە واتەی کاری مرۆڤ لەناو کەسانی تردا دیاری بکا.

ئەرکی ئەخلاقی یەکێکە لەو پێوەرانەی پێویستە لە ڕوانگەیەوە شێوەی کارکردنی سیاسی دیاری بکرێ. ڕەتکردنەوەی ئەرکی ئەخلاقی لەلایەن کارێکەوە بەزیان بەسەر کاراییی ئەو کارەدا دەشکێتەوە. هەروەها ئەوەی دەگوترێ مرۆڤ لە کاری سیاسیدا چاری ناچارە دەبێ یەکێک لەم دوو ڕێگەیە هەڵبژێرێ، کە بریتین لە: بەکارهێنانی ئامرازگەلێکی ئەخلاقی بەڵام بەگشتی بێکەڵک، لەگەڵ ئامرازگەلێکی بێکەڵک بەڵام بەگشتی نائەخلاقی، واتەی ڕەتکردنەوەی هەر واتەیەکە بۆ مێژوو بەهۆی مل پێکەچکردنی بۆ حەتمیەتی توندوتیژی. ئامانجی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە ئەوەیە هاوڕێکی بکا لەناو "ئەخلاقی قەناعەت" و "ئەخلاقی بەرپرسیاریەتی"دا، ئەویش بە گەڕان بە دوای کاراییی سیاسی بەبەکارهێنانی ئامرازی تری جیاواز لە ئامرازەکانی توندوتیژیی کوشندە. ئەوکاتە دەکرێ مرۆڤ ئومێدی هەبێ بتوانێ مێژوو ملکەچی خواستەکانی ئەقڵی خۆی بکا.

ئەرکی ئەخلاقی دوو ڕووی هەیە: یەکەمیان داوا دەکا پشتیوانیی خراپە نەکرێ، دووەمیان داوا دەکا کار لەپێناو چاکەدا بکرێ. ناشبێ نەگلان لە خراپەوە بریتی بێ لە دەست شۆردن لە کارکردن. ڕاستە داواکردنی ئەرکی ئەخلاقیی پێوەندار بە قەناعەت و بەرپرسیاریەتی لەیەک کاتدا، یەکەم شت دەستبەرداربوونە لە ئامرازە نائەخلاقیەکانی توندوتیژی، بەڵام دیسان و بەتایبەت گەڕانیشە بەدوای ئامرازە کاریگەرەکانی ناتوندوتیژیدا. هەروەها نابێ مرۆڤی ئەخلاقخواز

خۆیشی دڵنیا بێ لەوەی لە هەموو هەلومەرجێکدا ئەو ئامرازانە دەدۆزێتەوە، کارێکی بێمانایە لەخۆتەوە بەڵگەنەویستێکی ڕووت بخەیتە ڕوو و بڵێیت بەردەوام و لە هەموو جێیەک ئامرازگەلی ناتوندوتیژیی کرداری هەن یارمەتیی مرۆڤ دەدەن بەرپرسیاریەتیەکانی بەرامبەر ڕووداوەکە بگرێتە ئەستۆ، چونکە دەگونجێ مرۆڤ مشتومڕشێک لەناو ئەخلاقی بیروباوەڕ و ئەخلاقی بەرپرسیاریەتیدا ئەزموون بکا، لەوکاتەیشدا دوور نییە شکست بێنێ لە پێکەوە گونجاندنیان بەبێ ئەوەی، بەو هۆیەوە، تانە لە ڕاستیی هیچکامیان بدا. پێویستیی توندوتیژی کە ڕەنگە مرۆڤیی ئەخلاقی خۆی لە بەرامبەریدا ببینێتەوە، فەریزەتی ناتوندوتیژی ناسڕێتەوە، بگرە دەیکاتە شتێکی زۆر پێویست.

لە دەرەنجامدا مرۆڤی ئەخلاقی ئەو کەسە نییە پێداگری لەوە دەکا پێویستە مرۆڤ بەردەوام ناتوندوتیژ بێ، بگرە ئەو کەسەیە لە هەموو هەڵوێستێکدا هەوڵی نەپساوە دەدا بۆ دۆزینەوەی ئامرازە کردارییە ناتوندوتیژە گونجاوترەکانی کار. ئەو نائەخلاقیەتەی لکاوە بە ئایدیۆلۆجیاکانی توندوتیژیی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگەکاماندا، زیاتر لەوەدایە –بە شەرعیەتدانی بە ئامرازە توندوتیژەکان– خۆ دوور دەگرێ لە هەر گەڕانێک بەدوای ئامرازگەلی ناتوندوتیژدا و کارێکی لەو جۆرە بەژێر پێوە دەکا. بەهۆی دەستبەرداربوونی زۆرمان لە گەڕان بەدوای ئەو ئامرازانەی ناتوندوتیژی پێشکێشیان دەکا، ئەنجامەکەی ئەوە دەبێ قەت ئەو ئامرازانە نەدۆزینەوە.

ئەگەر قەبارەی ئەو وەبەرهێنانانەی کۆمەڵگەکانمان بۆ ئامادەکاریکردن بۆ وەگەڕخستنی ئامرازەکانی توندوتیژی ڕەزامەندییان لەسەر دەدا لەلایەک، هەروەها قەبارەی ئەو وەبەرهێنانەی بەمەبەستی ئامادەکاریکردن بۆ وەگەڕخستنی ئامرازەکانی ناتوندوتیژی ڕەزامەندییان لەسەر نەدراوەن لەلایەکی تر مەزەندە و بەراورد بکەین، ئەوکاتە دەتوانین قەبارەی ئەو نائەخلاقییەتە دەستەجەمییە بزانین، کە سەرکێشی بە داخران لەناویدا دەکەین.

ڕەهەندێ ئەخلاقی شتێکی تاکەکەسی نییە، بگرە دەستەجەمیشە. ئەخلاقێکی سیاسی هەیە پێوەری پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی شەرعیەتی ئەو بژارە و بڕیار و پابەندییانە پێشکێش دەکا کە کۆمەڵگە ئەنجامیان دەدا. ناتوندوتیژی وەک فەریزەیەکی فەلسەفیی بنچینەیی دێتە پێش چاو کە دەبێ ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە ببووژێنێتەوە و ئاراستەی بکا.

* سیاسەت
* کارایی
* فەلسەفە
* ئامرازەکان

## تیرۆر

تیرۆر یاخود تۆقاندن Terrorism (الارهاب) بەپێی واتە داتاشراوەکەی، ئاماژەیە بۆ ڕێبازێکی حوکمڕانی یان شێوەیەکی کارکردنی ڕاستەوخۆ کە ئامانجی دروستکردنی ترس و تۆقینە. واتە هێنانەکایەی کەشوهەوایەکی ترس و لەرز و بیم لەناو دانیشتووان‌دا. هەروەها تیرۆر، بەشێوەیەکی گشتی و باو، ئاماژەیە بۆ تەکنیکێکی کاری توندوتیژانە کە تاقمێکی نهێنی دژ بە مەدەنیەکان بەکاری دێنێ بەمەبەستی تیشک خستنە سەر هەندێ داخوازیی سیاسیی دیاریکراو.

خەسڵەتی ستراتیجیەتی تیرۆریستی لەوەدایە لەڕێی سادەترین ئامرازی تەکنیکیەوە دەرفەت دەڕەخسێنێ، تا ئامرازەکانی بەرپەرچدانەوەی سەربازیی خاوەن توانی تەکنیکیی زۆر پێشکەوتووتر، لەخشتە ببا و شکست پێ بێنێ، چونکە لەبارێکدا هێزە پیشەسازییە زەبەلاحەکان لافی ئەوە لێ دەدەن چەکی ئەوتۆیان هەیە دەتوانن ببنە شوورەی هاووڵاتییانیان، دەبینی چەکی تیرۆریستان ترس و توندوتیژی و مەرگ لە دڵدا دەچێنێ، تەنانەت لەناو خودی شارەکانیانەوە. کەواتە تیرۆر سیستمی بەرگریی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان قلّپ دەکاتەوە، بەشێوەیەک بەهێزترین چەک لە دەستی بڕیاربەدەستانی سیاسی و سەربازیدا کەڵکێکی ئەوتۆی نییە.

تیرۆر شایستەی هیچ خاترگرتنێک نییە، چونکە میتۆدەکانی تاوانکارانەن. گوتاری باو بۆ ئەوەی توندوتیژیی تیرۆریستانە بەتوندی سەرکۆنە بکا، دەیەوێ لە شێوەکانی تری توندوتیژی دایببڕێ، بەو شێوەیە کاری تیرۆریستی وەک تاوانی توندوتیژیی پەتی کە هیچ مشتومڕێک لەسەر ناشەرعیبوونی نییە، سەرکۆنە دەکرێ، لەکاتێکدا هاوکات هەندێ جۆری تر لە توندوتیژی، تا ڕادەیەک بە خاترجەمیش، ڕەزامەندی پێ دەدرێ و وا گومان دەبرێ کە ئەوانە "شەرعی"ن. لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیدا، دەوڵەتان و ڕای گشتی وەک یەک توورەیییەکی ناوبگیر (انتقائی) پیشان دەدەن، کە بە بێبایەخی سەیری شێوەکانی تری توندوتیژی دەکەن. ڕاستە تیرۆر بێڕەحمانە بێگوناهان دەکوژێ، بەڵام ئاخۆ جەنگیش تەنیا گوناهباران دەکوژێ؟ ڕاستە تیرۆر "دەرچوونە لە یاسا"، بەڵام ئاخۆ وەهەم و بگرە ئەوپەڕی وەهەم نییە کە توندوتیژی بخرێتە ژێر باری خواستەکانی هەق و ڕاستییەوە؟

سەرەنجام، لە ڕوانگەی ناتوندوتیژییەوە دەبێ ئەو حوکمە ئەخلاقیەی لەسەر تیرۆر دەدرێ، لە ڕوانگەی هەمان پێوەرگەلی بنچینەیییەوە بێ کە لە بڕیاردان لەسەر شێوە بکوژەکانی تری توندوتیژی پەنایان بۆ دەبرێ. جێی خۆیەتی ڕەوایی لەو ڕێبازە ئایدیۆلۆجییانە –نەخاسمە فەندەمێنتالیستە ئاینیەکان– بکێشرێتەوە کە پاساو بۆ تیرۆر دەهێننەوە و ئەو پاساوانە پووچ بکرێنەوە. بەڵام ئەو گوتارەی سەرکۆنەی تیرۆر دەکا، بێهێزتر و لە ڕووی مەنتیقەوە ناتۆکمەتر دەبێ ئەگەر شانبەشانی ئەوە پاساوی بۆ هەندێ شێوەی تری کاری توندوتیژی داتاشی کە لە تیرۆر کەمکوژتر نین و ڕەنگە هەروەک ئەو تاوانکارانە بن، چونکە "ئیرهابی دەوڵەت"یش هەیە کە

ئەویش شایستەی هیچ خاترانەیەک نییە.

زمانی گوتاری نەیاری تیرۆر بەئاشکرا جەخت لەوە دەکا تیرۆر پشت دەکاتە بەها بەرزەکانی شارستانێتی کە پێویست دەکەن ڕێز لە ژیانی مرۆڤ بگیرێ. با وابێ، بەڵام بەرگریکردن لەم بەهایانە بەتایبەت، واتەی ئەوەیە یەکەم شت لەکاتی هەڵبژاردنی ئەو ئامرازانەی بۆ بەرگری لێکردنیان دێنە هەڵبژاردن، ڕێزیان بگیرێ. سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا واتەی ئەوەیە بە ئەوپەڕی وریاییەوە کار بکرێ، بەوەی ئەو مەرجە پێویستانە پێشێل نەکرێن کە بناخە بۆ ڕێزگرتنی ژیان دادەمەزرێنن. سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا یەکەم شت بریتییە لە ملنەدان بۆ لۆجیکی تایبەتی توندوتیژییە بکوژەکەی. بەیداخ هەڵگری سەرەکیی تیرۆر ئایدیۆلۆجیای توندوتیژییە کە کوشتن پاساو دەدا، هەربۆیە بەرگریکردن لە شارستانێتی، یەکەم شت واتەی خۆ تووشنەکردنە بە پەتای ئەو ئایدیۆلۆجیایە، ئەوەیش دەخوازێ دەست لە کارە سەربازیەکان هەڵبگیرێ کە بەبێ شک خەڵکی بێتاوانیان تێدا دەکوژرێ، چونکە بەبێ ئەوە دیموکراسییەکانیش سەرکێشی دەکەن بە ئەنجامدانی هەمان خراپە کە لۆمەی تیرۆریستانیان لەسەر دەکرد، ئەمە جگە لەوەی بەو کارە بەبەردەوامی ئەو زەوینەیە بەپیت دەکا کە تیرۆر لەسەری دەژی و گەشە دەکا. بۆیە کاتێ تیرۆر گژبەریی دەوڵەتە دیموکراسیەکان دەکا بەمەبەستی لەفکردنیان، دەبێ ئەمانەی دوایی بەپێی ستراتیجیەتێک بەگژیدا بچنەوە کە لەگەڵ مەرجە تایبەت و پێوەرەکانی خۆیاندا بگونجێ، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە درۆ و دەلەسەکانی تیرۆریستەکان بخوازن. پێویستە لەسەریان بۆ بەرگری لەخۆکردن بە لێبڕانەوە دابەزنە ئەو گۆڕەپانەی کە هی خۆیانە -گۆڕەپانی یاسا- و ڕازی نەبن بچنە گۆڕەپانی هەڕەمەکی، کە یاسا ڕەت دەکاتەوە.

تیرۆر بریتی نییە لە جەنگ. بەپێچەوانەوە ستراتیجی تیرۆر ڕەتکردنەوەی جەنگ لای خۆی وەک بەڵگەنەویستێک دادەنێ. ئەوەی جەنگ جیا دەکاتەوە بریتییە لە ئاڵوگۆڕی ئەو کارانەی هەردوو لایەنی دژبەر بڕیار و ئەنجامی دەدەن. لێرەشەوە، هیچ کارێکی بەرامبەر نییە کە بڕیارکارانی دژبەر لە بەرامبەر کاری تیرۆریستاندا بیکەن. ئەو بڕیارکارانە هەر بەڕاستی خۆیان دەستەپاچە دەبین لە وەڵامدانەوەی مست بە مستی دژبەرێک ڕەنگ و ڕوویەکی دیاری نییە، کەواتە ئەوەی لافی سەرکەوتن بەسەر تیرۆر لەڕێی جەنگەوە لێ دەدا، خۆی فریو دەدا. بەڵێ، کۆمەڵگە دیموکراسیەکان نەک تەنیا مافی بەرگریکردنێکی سەرسەختانەیان لە خۆیان هەیە دژ بە تیرۆر، بگرە ئەرکی سەرشانیانە ئەو بەرگرییە بکەن، بەڵام ئەم ماف و ئەرکە کاتێ لە جێبەندی مافی بەرگری لەخۆکردنی ڕەوادا دانی پێدا دەنرێ، پرسیاری ڕاستەقینە زانینی ئەو ئامرازە ڕەوا و کاریگەرانەن کە لەو بەرگریکردنەدا بەکار دێن.

سروشتی تیرۆر خۆی دەخوازێ قەڵاچۆ بکرێ، ئەویش نەک بە جەنگ بەڵکو بە ڕێوشوێنی ئەمنی و پێویستە ئەو ڕێوشوێنانە بەوردی بگیرێنە بەر تا هیچ سەرەڕۆییەکی ئەمنی ڕوو نەدا، بۆ ئەوەیش پێویستە زۆر شێلگیرانە ڕێزی پێوەرەکانی یاسا بگیرێ. هەر لە چوارچێوە توندە

یاسـاییـیـەکـەدا نابێ هـیچ کـەمـتـەرخـەمـیـیـەک بکرێ بۆ دۆزینەوەی تۆڕە تیـرۆریسـتـەکـان و هەڵوەشـاندنەوەیان، بۆ ئەو مـەبەسـتـەیش ئەوەی پێویسـتـە سـاز و تەیار بـکرێ سـوپا نییـە، بەڵکو دەزگـە هەواڵگریەکـانن. دەبێ ئەندامـانی ئەو تۆڕانە هـەر کات بـەڕۆشنی ناسـرانەوە دەسـتگیـر و دادگەیی بکرێن.

بەڵام بۆ سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا جێی خۆیەتی لە هۆ و ئامانجەکانی تێ بگەین. نابێ تووڕەیی لە شێوازی کارەکە ببێتە مایەی فەرامۆشکردنی شیکردنەوەی هـۆکانی ئەو کارە بە پاساوێکی خـەڵەتێنەر گـوایە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە تیـرۆر، پێشـوەخت واتەی هەوڵدانە بۆ پاساوپێدانی. ڕووداوەکـان دەری دەخـەن تووڕەیی هـیچ داد نادا، چونکە ڕێگە نادا لە نهـێنیی بڕیاردانـی هەندێ خـەڵک، تەنانەت خـۆ بەکـوشـتـدانیـشـیـان، کـە تا ئەوپـەڕی سنوورەکـانی توندوتیـژیی وێرانکەر و کوشندە بچن، تێ بگەین. کەواتە بۆ ڕیشەکێش و بنبڕکردنی تیرۆر دەبێ هەوڵ بدرێ لە سـروشتی ڕەگوڕیشە مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و ئایدیۆلۆجی و سیاسییەکان کە وزەی پێ دەبەخشن، تێ بگەن.

ئەرێ، لەوانەیە تیرۆر کارێکی ناعەقڵانی بێ، بەوەیش بڕیار لەسەر خۆی دەدا کە هیچ نەبێ جگە لە کارێکی هیـچگەرایانە nihiliste کە ئیرادەی وێرانکاری و حەزی کوشتن دەیبزوێنێ، لێرەشـەوە تیـرۆر سڵ ناکاتەوە لەوەی لە بنچینەدا پێشێلکارییەک بێ کە نیشانەی نەزانییەکی نوتەک بێ بە خێـر و شـەڕ. لەگـەڵ ئەوەیشـدا کـارێکی هەڵەیە هیچگەرایی بکرێتە خـەسڵـەتی هەمـوو کـارێکی تیرۆریستی.

لە واقیـعدا، تیرۆر بەزۆری وەک هەر ستراتیـجیـەتێکی کاری توندوتیژی لە پاڵنەری عەقڵانییەوە ئیلهـام وەردەگرێ. ئەگـەر تیـرۆر جـەنگ نەبێ، بەڵام دەیەوێ ئەویش ئامـرازێک بێ بۆ بەردەوامـیی سیاسـەت، چونکە ئەویش خاوەن تۆکمەییی ئایدیۆلۆجیی تایبەت و لۆجیکی ستراتیجیی تایبەت و عـەقـڵانیـەتی سیاسیی تایبـەتی خـۆیەتی. لەبـەرئەوە ڕەتکردنەوەی لەڕێی تۆمـەتبـارکردنی بەوەی لە جـەوهـەردا کارێکی نائەخـلاقییە شـتێکی بێکەڵکە، چونکە هـەرکـات دان بە ڕەهـەندە سیاسییەکـەی تیرۆردا نرا، ئەوکات دەکرێ بەشوێن ئەو چارەسەرە سیاسییەدا بگەڕێین کە داوای دەکا.

کـاریگەرترین ڕێگە بۆ بەگژاچوونەوەی تیـرۆر بێـبـەشکردنی ئەنجـامـدەرانیـەتی لەو هـۆیانەی دەیانکـەنە پاسـاو بۆ کارەکـەیان. بەو شـێـوەیەش دەکـرێ ئەو بنکە جـەمـاوەرییـەی کـە تیـرۆر زۆر پێویستی پێیەتی بەشێوەیەکی درێژمـەودا لاواز بکرێ، چونکە زۆر جار تیرۆر لە خـاکێکدا ڕیشـە دادەکوتێ کە پـەینەکەی ستەم و زۆرداری و زەلیلکردن و نائومێدی و نەهامەتییە. ئەرێ، تاکە ڕێگە بۆ ڕاگرتنی کارە تیرۆریستەکان بێبەشکردنی ئەنجامدەرانیـەتی لەو هۆ سیاسییانەی دەیانکەنە پاساو بۆ کارەکەیان. لێرەشەوە، بۆ سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا ئەوە جەنگ نییە کە پێویستە بەرپا بکرێ، بگرە ئەوە دادپەروەرییە کە پێویستە بەرقەرار بکرێ.

کاتێ تیرۆر دەچێتە ناو ململانەیەکی سیاسی، دەتوانرێ ڕەهەندەکانی بەڕوونی دیاری بکرێن و دەشێ پێویست بێ دانوستاندن لەگەڵ تیرۆریستەکاندا بکرێ. لێرەشدا لۆجیکی گوتاربێژانەی باو جەخت لەوە دەکا کە "دانوستاندن لەگەڵ تیرۆریستان نییە"! بەڵام لە دەرەوەی گوتارەکان ڕاستیی ڕووداوەکان هەیە، زۆرن ئەو حکوومەتانەی ناچار بوون دژ بە گوتارەکانی خۆیان بجووڵێنەوە تا دان بە ڕاستیەکانی واقیعدا بنێن، واتە بێدەنگکردنی تووڕەییەکەی تا بە ئەنجامدانی دانوستاندن قایل بن!

* جەنگ

## ستراتیج

وشەی ستراتیج strategie لەڕووی داتاشینەوە بە واتەی سەرکردایەتیکردنی سوپا دێ (لە هەردوو وشەی یۆنانی: starto بەواتەی (سوپا) + agein بەواتەی: سەرکردایەتی کردن) لە سەرجەم ئەو پێکدادانانەی تێیاندا دەکەوێتە ڕووبەڕووی دوژمن. بەم واتەیە ستراتیج بریتییە لە هونەری جەنگ کە نەخشەکێشان بۆ چەند کردەیەکی دیاریکراوی هێزە چەکدارەکان و سەرکردایەتیکردن و هاوئاهەنگیکردن لەناو ئەو کردانەدا لە خۆ دەگرێ بە مەبەستی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، کە دەرفەت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراو دەرەخسێنێ. ستراتیج ئاماژەیە بۆ پلاندانان بۆ جەنگ لە کۆی گشتیدا و سەرکردایەتیکردنی، لە کاتێکدا تاکتیک پێوەندیی بە پلاندانان بۆ هەر کردەیەک لە کردە جیاوازەکان بەجیا و ڕێکخستنیانەوە هەیە.

لە بارێکدا ئامانج لە تێکۆشانی ناتوندوتیژی گەڕانە بەدوای ڕێگەی تری هاوتا و بەدیلی جەنگ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی، ئەوا بۆمان هەیە بە ئاڵوگۆڕێکی پێوانەیی واتەکە لابدەین و قسە لەسەر "ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانە" بکەین. ئەو کارەیش بە واتەی سەربازاندنی ناتوندوتیژی نایە، بگرە ڕزگارکردنی ستراتیجە لە مۆرکە سەربازییەکەی.

لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینەدا ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانە، پاش شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی خاڵی هێز و لاوازی پاڵەوانە جیاوازەکانی کێشەکە، کار و پلانە جیاوازەکانی خۆی دەستنیشان دەکا و بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ جێبەجێیان دەکا، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراو. ئامانجی ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانە زۆرلێکردنی دژبەرە تا بکەوێتە دۆخێک هەست بکا ناچارە ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەکە قبووڵ بکا کە وەڵامگۆی پێداویستییەکانی دادپەروەرییە. پلاندانانی ستراتیجی هەر هەڵمەتێک پێویستی بە تێڕوانینێکی گشتگیر هەیە بۆ ڕێڕەوی کارە جیاوازەکان لە ڕێی هەڵایسانێکەوە کە سەر بکێشی بۆ سەرکەوتن.

زەحمەتی گەورە کە ئێمە لە تێگەیشتنی چەمکی ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانەدا ڕووبەڕووی دەبینەوە، لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە وا ڕاهاتووین ڕووبەڕووبوونەوە لەناو دوو کەس یان دوو گرووپدا بە شەڕکردن "بە چەکی وەک یەک و هاوتا" وێنا بکەین کە تێیدا هەردوو لایەنی دژبەر

هەمان ئامرازیان هەیە، یان لانی کەم ئامرازەکانیان هاوتان. هەر هێندەی یەکێک لەو دوو لایەنە ناکۆکە دەست لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازە توندوتیژانە هەڵبگری کە بەرامبەرەکەی بەکاریان دێنێ، ململانەکە دەگۆڕێ بۆ ململانەیەکی نابەرامبەر بە شێوەیەک ئەو تێکچوونی پارسەنگی هێزە ڕواڵەتییەی لێی دەکەوێتەوە، بوار دەدا پێشبینیی سەرکەوتنی ڕاستەخۆ و کۆتایی لایەنە چەکدارەکە بەسەر لایەنە بێچەکەکەدا بکەین. بە دەربڕینێکی تر ناتوانین شەڕێک بێنینە بەرچاو تێیدا هەردوو لایەنی دژبەر ئامرازگەلی هاوشێوەیان نەبێ. هەر لێک نەچوونێک، هەر ناتەواوییەک لە هاوتابوونی چەکەکاندا، زوو بەزوو وا لێک دەدرێتەوە کە ئەوە کەمایەسییەکی کەمەرشکێن و نزمییەکی ڕەهایە بۆ کەمچەکەکە، بەبەراورد بە پڕچەکەکە.

بەڵام چەمکی کاری ناتوندوتیژانە خۆی لەخۆیدا بوونی جیاوازی و کەموکوڕی لە هاوتابوونی ئامرازەکانی دەستدرێژیکار و دەستدرێژی لێکراو دەکاتە شتێکی حەتمی. تەنیا ئەم خاڵە سیماندان تێک دەدا و سەرگەردانمان دەکا، چونکە ئەو کەسەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ وەک کەسێکی تەواو ڕووت و ڕەجاڵ لەبەردەم کەسێکدا کە سڵ لە بەکارهێنانی توندوتیژی ناکاتەوە دێتە پێش چاومان و لێرەشەوە وا دەبینین ئەوەی یەکەم چانسی تەواوی هەیە لە دۆڕان و سەرەنجام مردنی حەتمی چاوەڕوانی دەکا، ڕێک وەک ئەو وشترەی ڕووبەڕووی گورگ دەبێتەوە! ئەگەر تەنیا ئەو کەرەستە تەکنیکییانە لەبەرچاو بگرین کە لای مرۆڤی چەکدارن و هاوتایان لای مرۆڤی ناتوندوتیژ نییە، ڕاستە کە ئەمەیان توانی بەرەنگاریکردنی ئەوەیانی نابێ.

لە ڕوانگەیەکی تیۆرییی ڕووتەوە، مرۆڤی چەکدار دەتوانێ تا ئەوپەڕی سنوور توندوتیژی دژ بە مرۆڤی ناتوندوتیژ بەکار بێنێ، کە ئەوە ئەگەرێکە ناتوانین ڕوودانی بەدوور بزانین، هیچ نەبێ لەبەرئەوەی لەڕووی تەکنیکەوە دەکرێ. بەڵام ئەوە هەر وەک ئەگەرێکی ڕووت دەمێنێتەوە و مەرج نییە ڕوو بدا، چونکە ئەزموون پێمان دەڵێ ڕەنگە ئەگەری ڕوودانیشی زۆر نەبێ. بۆ مەزەندەکردنی ئەگەرەکانی دەستبردنی مرۆڤی چەکدار بۆ دەستکردنەوە، نابێ تەنیا فاکتەرە تەکنیکییەکان لەبەرچاو بگیرێن، بگرە دەبێ هۆکارە ئینسانی و دەروونی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش ڕەچاو بکرێن، چونکە لەڕاستیدا دەشێ ئەم هۆکارانەی دوایی سنوورگەلێک بەسەر مرۆڤی چەکداردا بسەپێنن کە نەتوانێ بەبێ هەستکردن بە شەرمەزارییەکی گەورە بازیان بەسەردا بدا. توندوتیژی بەبێ سنوورگەلێک شتێکی کوێرە بەتەواوی واتەی دەستەواژەکە، لەوانەیە هەڵاتنێک بێ بۆ پێشەوە کە پێوەندیی بە هیچ ئامانجێکی عەقڵانییەوە نەبێ. لەبەرئەوە ئەم شیمانەیە ئەگەرچی لەڕووی تەکنیکەوە مومکینە، بەڵام مەرج نییە زۆرترین جار ڕوو بدا.

بژارەی ناتوندوتیژی بژارەیەکی ستراتیجییە کە پێویست دەکا هەموو کارەکانی ناتوندوتیژانە بن، چونکە ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە کاراییی تایبەتی خۆی هەیە و بەدڵنیاییەوە هەر کارێکی توندوتیژ پەکی دەخا و شکستی پێ دێنێ، کاتێ توندوتیژی و ناتوندوتیژی پێکەوە لە شوێنێکی ململانەدا بن، ئەوا توندوتیژی لۆجیکی خۆی دەسەپێنێ. خەباتێک کە ٩٠٪ی کاری

ناتوندوتیژ و ١٠٪ کاری توندوتیژ بێ، تێکۆشانێکی ناتوندوتیژانە نییە کە ١٠٪ کاری توندوتیژی تێدا بێ، بەڵکو ململانەیەکی توندوتیژییە کە ٩٠٪ کاری ناتوندوتیژانەی تێدایە. ئەگەر بۆ نموونە ٣٠٠ کەس پەناگیرییەکیان ئەنجام دا بە دانیشتن لەسەر زەوی بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی پۆلیس و بەتەواوی بە هەڵوێستی ناتوندوتیژییەوە پابەند بن، هێندە بەسە سێ کەس پۆلیس بەردباران بکەن تا سەرلەبەری کارەکە بخرێتە خانەی توندوتیژی، چونکە یەکەم وێنە کە سەردێڕی هەواڵی تەلەڤزیۆنەکان و لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان داگیر دەکا، هەواڵی خۆپیشاندانە ناتوندوتیژەکە نابێ، بگرە ئەگەری زاڵ ئەوەیە هەواڵی بەردهاوێژەکان بێ. دەسەڵاتدارانیش، هەروەک ڕای گشتی، سڵ ناکەنەوە لەوەی بڵێن ٣٠٣ خۆپیشاندەر پەنایان بۆ توندوتیژییەکی قبووڵنەکراو بردووە دژ بە پیاوانی پۆلیس.

بەهەمان شێوە ئەگەر چەند هەزار کەسێک ڕێپێوانێکی هێمنانەیان لە شەقامەکانی شارێکدا ئەنجام دا، ئەوەندە بەسە چەندە دەکەسێک دەرگە و پەنجەرەی دوکانەکان بشکێنن تا هەموو خۆپیشاندەرەکان بە "بشکێن" لەقەڵەم بدرێن.

بۆیە جێی خۆیەتی هەر لە سەرەتای کارەکەوە بژارەی ستراتیجیی ناتوندوتیژی بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنرێ، بەشێوەیەک لای هیچ کەس لە هاوبێژ (محاور)انی ئەوانەی کارەکە دەکەن، چ لەناو هاوبەشەکان یان نەیارەکانیان یان ڕای گشتیدا نەبێ کە ئەوە نەزانن. دەبێ ئەم ڕاگەیاندنە زەوینە بۆ هێنانەکایەی کەشوهەوا و ژینگەیەکی گونجاو ساز بکا بۆ پەرەپێدانێکی نموونەیی توانا شاراوەکانی کاری ناتوندوتیژانە کە بتوانێ هەموو کارایی خۆی بەرجەستە بکا.

بەم شێوەیە، لە بابەتی ئەگەرەکانی پێکەوە گونجاندنی توندوتیژی و ناتوندوتیژیدا، بەهیچ شێوەیەک ئاڵوگۆڕ لەئارادا نییە، چونکە کارە ناتوندوتیژەکان کاریگەریی خەباتی توندوتیژ بەهێز دەکەن، لەکاتێکدا کارە توندوتیژەکان کاریگەریی تێکۆشانی ناتوندوتیژ پەک دەخەن.

لە ململانە توندوتیژەکاندا لایەنە چەکدارەکان زۆربەی جار دانیشتووان بە بارمتە دەگرن، کاری توندوتیژ دەرفەت ناداتە کۆی هاوولاتییان بۆ چوونە ناو پرۆسەی خەبات، چونکە دەبینن وا وەک هاوولاتی لە بەرپرسیاریەتییان داڕنراون. ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە، بەپێچەوانەوە، دەرفەت بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەڕەخسێنێ تا ڕۆڵێکی گەورەتر لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بگێڕێ. زیاد لەوەیش -ئەمەیش وردەکاری نییە- خۆچەکدارکردنی ژن و پیاو لە بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانەدا یەکسانن.

* تاکتیک

### چەکی ناوکەیی

بەدرێژایی تەواوی ماوەی جەنگی سارد، ئایدیۆلۆجیستانی بیرۆکەی سڵەمێنی ناوکەیی (الردع النووي) جەختیان لەوە دەکرد "هاوسەنگیی تۆقین" باشترین گەرەنتییە بۆ ئاسایشی گەلان و

ئاشتیی دنیا. کاتێکیش گومان دەخرایە سەر لۆجیکی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی ناوکەیی، بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە شتێکی مەنتیقی نییە سەرکێشی بە خۆلەناوبردنەوە بکرێ لەپێناو بەرگری لێکردنیدا، هەر زوو تۆمەتبار دەکران بە بێوەییخوازی (مسالمە)، واتە ترسنۆکی و ناپاکی. کاتێ جەخت لەوە دەکرا کاری ناتوندوتیژ باشترین ڕێگەیە کە دەرفەت دەداتە هاوولاتییانی ولاتانی ڕۆهەلات بۆ بەرەنگاریکردنی دەسەلاتە تۆتالیتاریەکان، دەبوو ڕووبەڕووی خانەگومانیەکانی "ڕیالیستەکان" بوەستین. لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٩ دیواری بەرلینی ڕووخاند، چەکە ناوکەییەکانی ڕۆئاوا نەبوو، بگرە لەڕاستیدا ئەوە بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانەی هاوولاتییانی ناو کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەوروپای ڕۆهەلات بوو کە بووە مایەی هەرەسی ڕێژیمە تۆتالیتارییەکانیان.

بێگومان زۆر لە ستراتیجکار و پیاوانی سیاسەت خۆ نابوێرن لەوەی لافی ئەوە لێ بدەن کە "سڵەمێنی ناوکەیی" بوو بەدرێژایی ماوەی جەنگی سارد پارێزگاریی لە ئاشتی لە ئەوروپا و جیهاندا کرد. ڕاستە جەنگ ڕووی نەدا. بەلام ئەوە جێی گومانە کە هۆکارەکەی بدرێتە پاڵ چەکە کۆکوژەکان کە هەردوو جەمسەرەکە هەیانبوو. بەپێچەوانەوە بوونی چەکی ناوکەیی لای هەردوو سەربازگەکە هەڕەشەی دژبەرەکەی پەرە پێ دەدا، لەبری ئەوەی لەبۆتەی بدا.

بە ڕووخاندنی دیواری بەرلین سەردەمی یاڵتا[3] بەسەر چوو. بەدرێژاییی زیاتر لە چل ساڵ دنیا دابەش بووبوو بەسەر دوو بارستەی دژبەیەک لە سەرەقۆچانێکی ئایدیۆلۆجی و سیاسیدا و هەرلایەک لافی ئەوەی لێ دەدا کە گرەو لەسەر دەستگرتن بەسەر زەویدا دەکا. ئەمڕۆ ئەو سەردەمە بەکردەوە بەسەر چوو و هەموو شتێک وامان لێ دەکا بڕوامان وابێ کە بۆ هەتاهەتایە ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە، هەربۆیە کەوتنی دیواری بەرلین گۆڕانێکی ڕیشەییی لە شانۆی ستراتیجیی ناودەوڵەتیدا ورووژاند. ئەوەیش حکوومەتەکان ناچار دەکا چاو بە پێناسەکردنی گرەوە سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازی و کۆمەلایەتی و ئابوورییەکانیاندا بۆ بژارەکانیان لە بواری بەرگریدا بگێڕنەوە. گومان لەوەدا نییە ئەو مەترسییە جۆرەوجۆرانەی بەرۆکی کەرامەت و ئازادیی مرۆڤیان گرتووە، چ لە ئەوروپا و چ لە ناوچە جیاجیاکانی دنیا مەترسیی گەورەن، بەلام بەدڵنیاییەوە ئەوە چەکی ناوکەیی نییە کە دەتوانێ ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببێتەوە.

بەلام هێشتا ئەو پێداگرییە سەرسەختانەیەی دەوڵەتانی خاوەن چەکی ناوکەیی، کە وەک باوەڕێک ڕای دەگەیەنن و بەرگریی لێ دەکەن، هەر وەک خۆیەتی، کە "سڵەمێنی ناوکەیی" دواین دەستەبەرە دژ بە هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندییە زیندووەکانی هەریەک لەو دەوڵەتانە و هەردەم فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بووە لە پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا. لێرەشەوە، بەرپرسانی سەربازی و سیاسی جەخت لەوە دەکەن "سڵەمێنی ناوکەیی" هێشتا زۆر پێویستە. هەربۆیە پێمان ناڵێن کامەن ئەو سیناریۆ ستراتیجیانەی دەکرێ لە چوارچێوەیاندا چەکی ناوکەیی بەکار بێ، چونکە هەڕەشەی ڕاستەقینە خۆی لە مەترسیی ئەو بەکارهێنانەدایە. لەگەڵ ئەوەشدا قڕوقەپکردن لەو سیناریۆیانە

واتەی خۆ بەندکردنە لەناو ڕەوانبێژییەکی ڕووتدا، کە لە بنەڕەتدا لەسەر بیرۆکەیەکی سواو لەبارەی مەزنیی نەتەوەیی دامەزراوە.

لە چوارچێوەی ئەو دیمەنە ستراتیجییە نوێیەدا کە پاش ڕووخانی دیواری بەرلین لە ئەورووپا و جیهاندا شەقڵی گرتووە، ئاخۆ گرینگیی چەکی ناوکەیی پووچ نەبووەتەوە؟ لەکاتێکدا ناتوانرێ سیناریۆیەکی جێمتمانە دابنرێ کە ڕێگە بەوە بدا لەڕێی بوونی چەکی ناوکەییەوە ڕووبەڕووی مەترسییەکانی دنیا و ئەو هەڕەشانەی ئاشتی شەکەت دەکەن، ببێتەوە، چونکە هیچ سیناریۆیەک نییە بتوانێ پاساو بداتە ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناوکەیی. جا ئەگەر بەکارهێنانی چەکەکە ڕێی تێ نەچێ، کەواتە هەڕەشەکەیش دەبێتە شتێکی بێمانا، ئەوکاتەیش چەکی ناوکەیی پاساوی بوونی لەدەست دەدا. لێرەدا "هزری ستراتیجی" خۆی لەبەردەم بۆشاییەکی چەمکبەندیی گەورەدا دەبینێتەوە. هەر ئەم بۆشاییە بۆ خۆی بەسە بۆ سەندنەوەی ڕەوایی لە چەکی ناوکەیی.

سڵەمێنی ناوکەیی لەبەردەم فۆڕمە نوێکانی جەنگ و ئەو هەڕەشە واقیعیانەی ئەمڕۆ سەر هەڵدەدەن، تەواو دەستەپاچەیە. هیچ چار نییە دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە لەکاتی جەنگی ساردەوە –نا، بگرە ڕاستتر ئەوەیە دۆخەکە لە کاتی جەنگی ساردیشدا هەر وا بووە– چەکە ناوکەییەکان نەبوونەتە مایەی دوورکەوتنەوە لە ململانەی خوێناوی کە لە زۆر ناوچەی دنیا هەڵگیرساون، هەروەک بەشداریی لە چارەسەرکردنی هیچیشیاندا نەکردووە. جگە لەوەیش، لەوکاتەی چەندان دەستدرێژیی خوێناوی لە سالآنی دوایی لە چەندان وڵات ئەنجام دراون، ئەو ڕاستییە بۆ هەموو کەسێکی هۆشمەند نمایان بووە کە ئەو جۆرە کارانەی بە ئامرازی سەرەتایی لەلایەن هەندێ دەستە و تاقمی تیرۆریست یان گرووپی دەمارتوندەوە ئەنجام دراون، چەکی ناوکەیی هیچ ڕۆڵێکی سڵەمێنی نەبووە.

جێبەندی جیۆستراتیجیی نوێی ئەورووپایی و جیهانی هەلی بۆ داماڵینی چەکی ناوکەیی بەگشتی و تەواوی لەژێر چاودێرییەکی توندی ناودەوڵەتیدا ڕەخساندووە. مادام سڵەمێنی ناوکەیی هیچ پەرچەکردارێکی شایستەی نییە بۆ ئەو کێشە جۆراوجۆرانەی دەوڵەتان لە گۆڕەپانی ناودەوڵەتیدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە، هیچ هۆیەکی قایلکەر نییە پاڵ بە دەوڵەتانەوە بنێ بۆ پارێزگاریکردن لە شوێنی خۆیان لە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی ناوکەییدا، یاخۆ گرتنی شوێنێک تێیدا، چونکە ئەو کارە هەڕەشەی سەر "ئاسایشی هاوبەش"ی گەل و نەتەوەکان پتر دەکا. هەربۆیە دەبێ هەرچی زووە پێنج دەوڵەتە زلهێزە ناوکەییە ڕەسمییەکە یەکلایەنە جبەخانەکانیان سووک بکەن و پێکەوە دەستپێشخەرییەک بکەن بۆ ئەنجامدانی دانوستاندێکی ناودەوڵەتی بەمەبەستی ڕێککەوتن لەسەر لەناوبردنی چەکی ناوکەییان. لێرە بەدواوە دەکرێ ئەم لەناوبردنە ئەنجام بدرێ. قەت مەبەستیشمان لەوە "نەهێشتنی داهێنان"ی چەکی ناوکەیی نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە لە بەرامبەر مەترسییەکانی بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنیدا، کۆنترۆڵی ئەو مەترسییانە بکرێ کە بەسەر مرۆڤایەتییدا هێناون. هەربۆیە داڕشتنی پەیماننامەیەک لەبارەی قەدەخەکردنی چەکی ناوکەیی،

هاوشێوەی قەدەخەکردنی چەکی کیمیاوی، دەکرێ بەشدارییەکی بەهێز بێ لە قایمکردنی ئاشتی لە جیهاندا.

* جەنگ
* سڵەمێنی مەدەنی
* بێوەییخوازی

## دەست بەسەرداگرتنی مەدەنی

لەوانەیە بۆ شکست پێهێنانی دەسەڵاتێکی ناشەرعی، جا نیشتمانی بێ یان بیانی، لەباتی وازهێنان لە هەر چالاکییەک یان مانگرتن یاخۆ دەستکێشانەوە لە کار، باشتر وابێ ئەو دەسەڵاتە لە ناوەوە بنکۆڵ بکرێ، ئەویش لەڕێی مانەوەی بەردەستەکان لەسەر کارەکانیان بەمەبەستی تێکدان و خراپکردنی ئەو ڕێنوێنییانەی لە سەردەستەکانەوە بۆیان دێن. لە چوارچێوەی بزاڤێکی بەرەنگاریکردنی ڕێکخراودا دەست بەسەرداگرتنی مەدەنی بەردەوامبوونی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بەکارهێنەرانی دامەزراوە تایبەتەکان و کۆی هاووڵاتییان بەشێوەیەکی فرەوانتر، لە مانەوە لە شوێنەکانی کارکردنیان دەگرێتەوە، لە چوارچێوەی دامەزراوە و کۆمپانیاکاندا، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ وەگەڕخستنیان دژ بە دەسەڵاتی ئارا و لە بەرژەوەندیی بەرەنگاری. ئەرکی هەموو تاکێک لە شوێنی کارەکەیدا بەرەنگاری بکا و کەڵک لە هەموو ئەو ئامرازانە وەربگرێ کە وەزیفەکەی خستونیەتیە بەردەستی، تا دژ بە دەسەڵاتە ناشەرعیەکە بەکاریان بێنێ.

لە قۆناخی یەکەمدا دەکرێ دەست بەسەرداگرتنی مەدەنی شێوەیەک بێ لە هاوکارینەکردن و یاخیبوونی ناڕاستەوخۆ. لەبری ئەوەی ڕاشکاوانە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەسەڵات ڕەت بکەینەوە، لەبەردەمیدا بەڕواڵەت ملکەچی نیشان دەدەین، بەڵام لە پاشملە کار بۆ جێبەجێنەکردن و پەکخستنیان دەکەین. لای خواری ئەوەیە جێبەجێیان بکەین بەڵام بەئەنقەست هەڵەی زۆریان تێدا بکەین، واتە ڕێک بەپێچەوانەوە جێبەجێیان بکەین، بەشێوەیەک ئامانجی خۆیان نەپێکن. بەم شێوەیە دەکرێ هاوکارینەکردنێکی کرداری بە قبوولکردنێکی ڕواڵەتیی هاوکاریکردن پەردەپۆش بکرێ. ئەم یاخیبوونە ناڕاستەوخۆیە دوو تایبەتمەندیی هەیە، کە بریتین لەوەی: دەکرێ بە نەرمی جێبەجێ بکرێ، هەروەها خۆی دەبوێرێ لەوەی ببێتە مایەی وروژاندنی سەرکوتکردن بەئاشکرا، یان ئەو سەرکوتکردنە بۆ درێژترین ماوە دوا دەخا، ئەوەیش کاری بەرەنگاریکردن و لە هەمان کاتدا فرەوانکرنی مەوداکەیشی ئاسان دەکا.

لەکاتێکدا پێویستە پرۆژەکانی ئەو دەسەڵاتە ناشەرعیەی ڕووبەڕووی دەبینەوە شکست پێ بێنین، دەبێ پرۆژکانی ئەو بزاڤی بەرەنگارییەی پشتیوانیی دەکەین سەربخەین. بەوەیش دەست بەسەرداگرتنی مەدەنی، بە هەمان هەنگاو، بەرنامەی هاوکارینەکردن کە لەڕێیەوە خزمەتکردنی

ڕیژیمێکی زۆردار ڕەت دەکەینەوە، هەروەها ئەو بەرنامە بنیاتنەرەی کە لەڕێیەوە هەوڵ دەدەین ئەو ڕێگەچارە بەرهەستانە جێبەجێ بکەین کە بزاڤی بەرەنگاری لەسەر ئەرزی واقیع پێشنیازیان دەکا، بەدی دێنێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەنگە خەیاڵپڵاوی بێ کە پێمان وابێ هەمیشە کارێکی ئاسانە فرت و فێڵ و چاوبەست لە نوێنەرانی دەسەڵات بکەین و "گەمە"کەیان لێ بشارینەوە. ڕاستیەکەی مەترسیی ئەوە هەیە ئەوان، زوو یان درەنگ، "گەمە دووسەرە"کەی فەرمانبەر یاخۆ بەردەستە نەیارەکان ئاشکرا بکەن و ئەنجا پەنا بۆ ئامرازەکانی سەرکوتکردنی بەردەستیان ببەن. زیاد لەوەیش، لە بەرامبەر هەندێ فەرماندا، ناتوانرێ سەرپێچییان لێ بکرێ مەگەر بەوەی دەستبەجێ بە ڕەتکردنەوەیەکی ڕوون و ڕاشکاو بەرهەڵستییان بکرێ. یاخیبوونێکی مەدەنیی ڕاشکاوی لەم جۆرە، گژبەریی دەستەویەخەی دەسەڵات دەکا و لە سزا دەربازی نابێ کە لەوانەیە سزایەکی سەخت بێ. هەربۆیە پێویستە بەرەنگاریکردنی ڕاشکاو بە ناوبگیرانە کار بکا و تەنیا بەرهەڵستیی ئەو فەرمانانە بکا کە گرینگییەکەیان لەگەڵ مەترسیی ئەو سزایەی لێی دەکەوێتەوە هاوتا بێ.

کەواتە پێویستە ئەو ئامرازانەی وەڵامدانەوەمان لەبەرچاو بن کە لەبەردەستی دژبەردان و بەهۆیانەوە هەوڵ دەدا سنوورێک بۆ ئەو دەست بەسەرداگرتنە دابنێ و ئەو خزمەتگوزارییە ئیداری و کۆمەڵایەتییانە لەدەستی دەرچوون جڵەو بکاتەوە. بەهێزیی کاردانەوەی دژبەرەکە هاورێک دەگونجێ لەگەڵ ئەو پارسەنگی هێزەی لە بەرەوەتدا هەیە: چەندە ژمارەی ئەو هاوولاتییانەی لە دەست بەسەرداگرتنە مەدەنییەکەدا بەشدار بوون زیاتر بێ، جڵەوکردنەوەی دۆخەکە بۆ دەسەڵاتداران زەحمەتتر دەبێ.

ئەگەر تەرازووی هێز لە بەرژەوەندیی بەرگری پەرەی سەند، ئەوکاتە دەست بەسەرداگرتنە مەدەنییەکە بەئاشکراتر دەتوانێ گژبەریی دەسەڵاتی ئارا بکا. لەوکاتەدا دەست بەسەرداگرتنەکە دەبێتە هاوکارینەکردنێکی ڕاستەوخۆ: چیی تر فەرمانبەران ناچار نابن خۆیان بە پابەند نیشان بدەن و دەتوانن ڕاشکاوانە یاخیبوونی خۆیان لە دەسەڵات ڕابگەیەنن. چاوەڕوان دەکرێ فرەوانبوونی ئەم دەست بەسەرداگرتنە ڕیژیمێک بهەژێنێ و بەشدارییەکی کاریگەر لە ڕووخاندنیدا بکا.

* یاخیبوونی مەدەنی
* هاوکاری نەکردن

### ئوسولیەت (فەندەمێنتالیزم)

ئاینە مێژووییە گەورەکان تا ئەمڕۆیش ڕۆڵێکی سەرەکییان لە سەرهەڵدانی کولتوور و شارستانێتیەکاندا بینیوە و جێپەنجەی خۆیان لە دروستکردنی شارەکان لەڕووی سیاسییەوە

بەقوولّی بەجێ هێشتووە. بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ئەو ئاینانە بەزۆری ئەرکی "ناتوندوتیژبوون"یان فەرامۆش کردووە و چوونەتە ڕیزی ئایدیۆلۆجیا باوەکانی توندوتیژیی پێویست و شەرعی و شەریف. زۆربەی جاریش ئاینەکان لەڕێی فێرکردنی وشکی گوتارێکی عەقائیدیی داخراوەوە، لەبری ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ سۆزنواندن بەرامبەر ئەوانی تر، بۆ ڕقئەستوری بەرامبەریان ئامادەیان کردووە. بەوەیش ئاینەکان وزەیان داوەتە ئەو نەتەوە تایفییانەی بەئاشکرا جیاکاری و وەلانان و توندوتیژی بەکار دێنن. ئەوان لەڕێی هاوپەیمانیکردنیان لەگەڵ تاغوتی توندوتیژیدا، ڕەهەندە ئەخلاقی و ڕۆحی و میتافیزیکییەکانیان فەرامۆش کردووە، هەروەها دەبێ باسی ڕەهەندە لاهوتی-سیاسییەکانی توندوتیژیش بکەین، چونکە تەنیا بەوەوە نەوەستاوە دانی ناوە بەوەی توندوتیژی مافێکی سروشتیی مرۆڤە لە چوارچێوەی بەرگریکردنی ڕەوا لە بەرژەوەندیەکانیدا، بگرە لە چەندان هەلومەرجدا پیرۆزیشی بە توندوتیژی داوە بەوەی بەستوویەتیەوە بە کۆمەکییەکی خواییەوە. ئاین کاتێ پیرۆزیی بە توندوتیژی دا، بەوە توندوتیژی پیرۆز نەبوو بەڵکو ئاین پیس کرا، بەوە ئاین هەر زۆر پیس کرا، هەر ئەوە کە قایل بووە دەست لەگەڵ توندوتیژی تێکەڵ بکا بەڵگەی ئەوەیە پێشتر لێی قەماوە.

ئوسوڵیەتی ئاینی بەهێزترین هەڵگری توندوتیژییە: هەر هێندەی خەڵکێک یەقینیان پەیدا کرد تەنیا ئاینەکەی ئەوان ئاینی ڕاستەقینەیە، ڕێگە بە خۆیان دەدەن لافی ئەوە لێ بدەن ڕاستەقینە تەنیا لای ئەوانە و دەگەنە ئەو قەناعەتەی خوای گەورە ئەرکی بەرگریکردن لەو ڕاستەقینەیەی بەوان سپاردووە، بەوەیش نەک تەنیا ئەرکی کافرکردنی زەندیقکارییەکان، بگرە ئەرکی جەنگان لەدژی زەندیقەکانیش دەگرنە ئەستۆ. کەواتە فەندەمێنتاڵیزمی ئاینی -مێژوویش پێمان دەڵێ فەندەمێنتاڵیزم داوگەیەک بووە هەموو ئاینەکانی تێ کەوتووە- دەستودەم ئایدیۆلۆجیای (جیهاد) بەرهەم دێنێ کە ئەو قورساییە گەورەیەی لە مێژووی ئاینەکاندا هەبووە.

لە لۆجیکی بابای ئوسوڵیدا مادام هیچ پرسێک نییە لە پرسی خوا دادپەروەرانەتر بێ، کەواتە هیچ توندوتیژییەکیش شەرعیەتی لە توندوتیژیی جیهادکردن زیاتر نییە. بەم شێوەیە ئایدیۆلۆجیای ئوسوڵی توندوتیژی دەپیرۆزێنێ، بکوژە دیندارەکان لە هەموو بکوژەکان سەرسەختترن و لە هەمووانیش کەمتر هەست بە پەشیمانی لە کردەوەکانیان دەکەن.

مرۆڤی فەیلەسووف -جا چ بڕوادار بێ یان نەبێ- لە گەڕانی بەدوای داناییی گەردوونیدا ناتوانێ ئایدیۆلۆجیای ئوسوڵیەکان پووچ نەکاتەوە و سەرکۆنەی نەکا و بەگژیدا نەچێتەوە. لەوانەیە فەلسەفە نەتوانێ خوای ڕاستەقینە بناسێتەوە، بەڵام لانی کەم دەتوانێ خواوەندە پووچ و بەتاڵەکان بناسێتەوە، ئەویش لەڕێی هەوڵەکانیان بۆ قسەکردن بەناوی خواوە بەو شێوەیەی کە ڕاست نییە، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا یەکلاکەرەوەیە. فەیلەسووف بیرۆکەی خواوەندێک ڕەت دەکاتەوە کە فەرمان بە مرۆڤی ئیماندار بکا بۆ سەپاندنی ڕێزگرتنی ئیمان و عەقیدە و شەرع و سیستم پەنا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی ببا. بەلای فەیلەسووفەوە دژ و پێچەوانەی ئیمان بێئیمانی نییە، بەڵکو

توندوتیژییە. هەرچۆن بێ، کفرکردن بە خوا چاوپۆشین نییە لەوەی خوا هەیە، بەڵکو بانگەشەکرنی ئەوەیە کە ئەو بە توندوتیـژیی مـرۆڤ ڕازییـە و پاسـاوی دەداتێ و پەسندی دەکا. لەوەیش بەدتر ئەوەیە کە لەوانەیە فەرمانیشیان پێ بکا.

لە چوارچێوەی ئەم دیدگەیەدا، یەکەمین ڕاستی کە دەکرێ مرۆڤی هۆشمەند دەری ببڕێ کاتێ مێشکی خۆی لە بیرکردنەوە لە بوونی خـوادا دەگوشێ، ئەوەیە: حـاشا ئەو خواوەندە زاتێکی توندوتیژ بێ. توندوتیژی بەو نامۆیە و ئەو لە سەروو تووڕەیی و ئیرەیی و تۆڵەسەندنەوەوەیە. خوا، لە هەموو بارەکاندا، ناتوندوتیژییەکی پەتییە. کەواتە ئەقڵ فێرمان دەکا ئەو خواوەندانەی لەگەڵ توندوتیژیی مرۆڤدا هاوپەیمانی دەبەستن و ڕەوایی پێ دەدەن و هەندێ جار فەرمانی پێ دەکەن، بەدڵنیاییەوە لە کۆمەڵگەی پانتیون pantheonی تایبەت بە خواوەندە بەتاڵەکاندا نیشتەجێن. بەم شێوەیە "پەروەرێنی سەربازەکان" بەدڵنیاییەوە خواوەندێکی بەتاڵە. خوای ڕاستەقینە، هێندەی مرۆڤ بتوانێ بیناسێ، "خواوەندێکی بێلایەنە". کاتێ مرۆڤ لەسەر زمانی خواوەندێک دەڵێ کە ئەو توندوتیژیی مرۆڤەکان پەسند دەکا، ئەوە بەهیچ شێوەیەک قسەی خوا نییە کە باسی خۆی بکا، بگرە قسەی مرۆڤە لەبارەی خواوە، قسەی مرۆڤێکە بەهەڵە قسە دەداتە پاڵ خوا، چونکە مرۆڤ هەردەم پێویستی بەوەیە پاساو بۆ توندوتیژییەکەی بتاشێ، کاتێ باوەڕی بە خواوەندێکیش هەبێ، ئەوە دەبێ قەناعەت بەخۆی بێنێ کە خواوەندەکەی بەو توندوتیژییەی ڕازییە. دابڕینی خوا لە چەک فەریزەیەکی فەلسەفی و کولتووری و سیاسییە و تەنیا تایبەت نییە بە ئیمانداران، بگرە هەموو ئەو هاووڵاتییانەیش دەگرێتەوە کە پەرۆشی دروستکردنی جیهانێکی ئارام و دڵنیان.

ئەگەر بەڕاستی بنەمای ناتوندوتیژی بنچینەی فەلسەفە بێ، ئەوە جێی خۆیەتی جەخت لەوە بکرێ ئەم بنەمایە لەپێش هەموو ڕەچاوکردنە ئاینییەکانەوە دێ. ئەم جەختکردنەوەیەش بەحەتمی دەبێ سەربکێشێ بۆ دابڕانێکی ڕیشەیی لەگەڵ هەموو ڕێبازە ئاینییەکان، نەک تەنیا ئەوانەیان کە پێوەندییان بە جیهادەوە هەیە، بگرە بەوانەیشەوە پێوەندییان بە جەنگی دادپەروەرانە و توندوتیژیی ڕەواوە هەیە. پێویستە "دیندارەکان" خۆیان پێشڕەو بن لەوەی ئازایەتیی ئەنجامدانی ئەو جۆرە دابڕانەیان هەبێ ئەگەرچی "کەلەپوور"ەکەیشیان بخاتە بەر تۆمەتبارکردن. مرۆڤی ڕۆحانی –جا چ باوەڕی بە خوا هەبێ یان نا– پیاوی دابڕانە. ئەو زەویی هێندە خۆش دەوێ وای لێ دەکا خۆی نەبەستێتەوە بە پارچە زەوییەکی دیاریکراوەوە. بەلای ئەوەوە هیچ خاکێک پیرۆز نییە، بۆیە بەردەوام ساز و ئامادەیە تا خاکەکەی بەجێ بێڵێ تا گەشت بە کون و قوژبنەکانی دنیادا بکا. ئازاد لە ئامێزی خۆرەتاو و باران و بەفر و بادا.

ئێمە وا ڕاهاتووین ئەو کارە توندوتیژییانەی سەرکۆنەیان دەکەین بدەینە پاڵ جۆرە جیاوازەکانی پەڕگیری، بەڵام بەبێ ئەرتۆدۆکسیاتەکان (خۆ بە هەقی ڕەها زانین) ئوسوڵیەکان سەر هەڵنادەن، چونکە ئەمەی دوایی پێشوەخت سەرەڕۆییەکانی ئوسوڵیەکان پاساو دەدا، ئەویش لەڕێی دامەزراندنی هەردوو ڕێبازی توندوتیژیی ڕەوا و جەنگی دادپەروەرانە و لەڕێی پاساودانی

بەکارهێنانی ژیرانەی توندوتیژییەوە، لەکاتێکدا توندوتیژی ناژیرە و خۆی لەخۆیدا هەڵە و سەرەڕۆییە. بۆ بەگژاچوونەوەی توندوتیژی دەبێ تا حەشارگەکانی ڕاو بنرێ، کە خۆی لە پەنای ئۆرتۆدۆکسیەکاندا حەشار داوە و وەدەربنرێ.

بۆ ئاینەکان وا باشترە، لەبری ئەوەی هەموو لافی ئەوە لێ بدەن ئاینی ئاشتین، بوێریی ڕۆحی و بێگەردیی هزریی ئەوەیان هەبێ دان بەوەدا بنێن کە هەموویان هاوکات ئاینی جەنگیش بوون. ئەمەیش ناچاریان دەکا نەک تەنیا بۆ داننان بە هەڵەکانیاندا، بگرە بە بەهەڵەدا بردنەکەشیاندا بەشێوەیەکی تایبەت. دیارە داننانی ئاین بە لەخشتەبردنەکەی زۆر لە داننانی بە هەڵەکانیدا ئاستەمترە، چونکە هەڵەکان تەنیا مرۆڤ تۆمەتبار دەکەن، لەکاتێکدا لەخشتەبردن ڕاستەوخۆ ئاینەکە تۆمەتبار دەکا. گرینگە و بگرە وا باشە مرۆڤ تۆبە لە هەڵەکانی بکا، بەڵام لەوە گرینگتر ئەوەیە دان بەوەدا بنێ هۆ و پاساودەری هەڵەکانی بەهەڵەداچوون بووە –بەهەڵەداچوون لە ڕێباز و لە بیرکردنەوەدا– و تاکە ڕێگە بۆ گەڕانەوە لە بەهەڵەداچوونەکەی، ڕاستکردنەوەیەتی.

* ڕاستی
* ڕۆحانیەت

## مانگرتن

مانگرتن خۆی شێوەی کارکردنی ڕاستەوخۆیە کە لەسەر بنەمای هاوکارینەکردن دامەزراوە، چونکە هیچ دامەزراوە و کارگێڕییەک ناتوانێ بەبێ هاوکاریی خۆویستانەی کرێکاران و کارگوزاران کارەکانی ڕاپەڕێنێ. لەو ساتەی ئەوانە بڕیار دەدەن بەمەبەستی گەیاندنی داواکارییەکانیان دەست لە کارکردن هەڵبگرن، پاڵەپەستۆیەکی ڕاستەقینەی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەخەنە سەر خاوەن کار و بەڕێوەبەرەکانیان، کە ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر خۆ لە داوانامەکەیان نەبان بکەن. مانگرتن بۆ ئەوەی بەڕاستی کاریگەر بێ، دەبێ توانی خۆڕاگریی درێژخایەنی هەبێ: دەبێ مانگرتووان خۆڕاگر بن تا کارەکەیان دژبەر ناچار دەکا بە چارەسەکردنی کێشەکە لەڕێی دانوستاندنەوە. هەروەک دەکرێ بیر لە مانگرتنی ئاگەدارکردنەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بکرێتەوە.

لە کەرتی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و هەروەها لە کەرتی دابەشکردنی بازرگانیشدا کات لە بەرژەوەندیی خاوەنکارەکاندا نییە، چونکە ناتوانن زۆر لەگەڵ فەلەجبوونی دامەزراوەکانیاندا هەڵبکەن. هەر ڕۆژێکی زیاتری مانگرتن بارگرانیی زیانەکانی وەستانی کرێکاران لە کار زیاتر دەکا. بەڵام لە بەرامبەردا سووربوونی مانگرتووان لەسەر مانگرتنیش لە مەترسیی داچۆڕان بەدوور نییە کە لە درێژەکێشانی ماوەکە دەکەوێتەوە، چونکە بڕانی سەرچاوەی بژێوی بەهۆی مانگرتنەکەوە دوور نییە لە مەودای دووردا مانگرتووان ناچار بکا بەبێ گەیشتن بە ئامانجەکەیان دەست بە کار بکەنەوە. مەترسییەکە لەوەدایە مانگرتنەکە لەخۆوە "هەڵبوەشێتەوە"، چونکە زۆربەی



هەوالنامەی جێشۆر

کات هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لەڕێی دانوستاندنەوە مانگرتووان وا لێ دەکا بە ڕێگەچارەیەک قایل بن.

لەکاتی مانگرتنەکەدا پابەندبوونی بەکاربەران دەتوانێ کێشێکی زۆر گەورەی لە پەرەسەندنی پارسەنگی هێز لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکە و کارگوزارەکاندا هەبێ. هەربۆیە زۆر جار "شەڕی ڕای گشتی" لە دیاریکردنی ئەنجامی ململانەکەدا یەکلاکەرەوەیە، هەرلایەکیان بتوانێ پاڵپشتیی ڕای گشتی بەدەست بێنێ، ئەو لایەنە لە پێگەیەکدا دەبێ بتوانێ پێشنیازی دانوستاندن بکا. بۆیە دەبێ مانگرتووان هەڵمەتی بەرفرەوانی ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوە لای جەماوەر ئەنجام بدەن تا بەڕوونی لە ڕەهەندەکانی ململانە ئاراکە تێ بگا، چونکە ناکرێ بکڕ و بەکاربەران هاوهەڵوێستیی خۆیان دەربڕن تا بەباشی لە دروستیی پرسی مانگرتووەکان و ڕەواییی داواکانیان تێ نەگەن، بەپێچەوانەوە دوور نییە خراپییەکانی مانگرتن ئەو کەسانەی ڕۆژانە تالآوی دەچێژن زۆر ئەزیەت بدا، نەخاسمە کاتێ مانگرتنەکە لە کەرتێکی "هەستیار"دا ڕوو بدا، وەک لە کەرتی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا. ئەو بێزارییەی لەوکاتەدا لای دانیشتووان دروست دەبێ، ڕەنگە ببێتە کۆسپێکی نەگریس لەبەردەم درێژەدان بە مانگرتنەکە و لەوێشەوە لەبەردەم سەرکەوتنیدا، بەتایبەت کە بەڕێوەبەرانی دامەزراوە یان کارگێڕییەکە هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ قووڵکردنەوەی ئەو قەڵسییەی خەڵک تا زۆرترین سوود و قازانجی لێ بچننەوە.

لە دامەزراوە خزمەتگوزارییەکاندا، زۆر لە بەرژەوەندیی مانگرتوواندایە کە، جگە لەو "لای خوار"ی خزمەتەی ڕەنگە یاسا بیسەپێنێ، ئەگەر دەرفەت هەبوو خزمەتگوزارییەکانیان بەخۆڕاییش پێشکێش بە بکڕ و بەکاربەران بکەن، چونکە لەو کاتەدا ئەو خەڵکە زیاتر و باشتر لە ڕەهەندەکانی مانگرتنەکە دەگەن، هەروەها بۆ دڵنیابوون لە هاوهەڵوێستییان لەگەڵ مانگرتووان و بەوەیش بەشداریکردن لە ئاسانکردنی سەرکەوتنیان.

* مانگرتنی گشتی
* هاوکاری نەکردن

## مانگرتنی گشتی

بانگەشەکردن بۆ مانگرتنی گشتی کاتێ دەبێ ئاماژە بدرێتە هەموو هاووڵاتییان -بە فەرمانبەر و کارگوزار و کرێکارانەوە- چالاکییەکانیان ڕابگرن بەمەبەستی پەکخستنی ژیانی ئیداری و ئابووریی وڵاتێک یان ناوچەیەک یاخۆ شارێک.

دەکرێ مانگرتنی گشتی بۆ ماوەیەکی کورت ئەنجام بدرێ: ڕۆژێک، چەند سەعاتێک یاخۆ تەنیا چەند خولەکێک. (پرۆسەکانی "شارە مردووەکە" کە تێیدا داوا لە هەر هاووڵاتییەک دەکرێ هەموو چالاکییەکانی ڕابگرێ، ڕاستەوخۆ سەر بە مانگرتنی گشتیی کورت مەودایە). ئامانجیش لەو

کاتەدا کارێکی ڕەمزییە بۆ نیشاندانی مکوڕبوونی ڕوونی گەل لە کێشەیەکیدا لەگەڵ دەسەڵاتێکی سیاسی یان ئابووری. بۆ سەرکەوتنی کارێکی وا فرەوان، پێشوەخت گریمانە دەکرێ کە دانیشتووان لەبارەی ڕەهەندەکانی ململانە ئاراکەوە هۆشیار و ئاگەدار بن. بۆ ئەوەی کاریگەریی مانگرتنە گشتییەکە کورتمەودا و دوابڕاو نەبێ، دەبێ لەکاتی مانگرتنەکەدا پێشنیاز بۆ دانیشتووان بکرێ هەندێ کاری تر ئەنجام بدەن کە ببنە مایەی درێژەکێشانی ململانەکە. هەروەها دەبێ ئەو جۆشدانە سەرتاسەرییەی لە مانگرتنەکە دەکەوێتەوە، لەڕێی شێوەی تری دەستوەردان و هاوکارینەکردنەوە تەشەنە بکا.

لە دۆخێکی نائاساییدا نەبێ ناکرێ بڕیار لەسەر ئەنجامدانی مانگرتنی گشتیی بێ سنوور و ماوە نادیار بدرێ، چونکە ڕەهەندێ سیاسیی ململانەکە بۆ کۆمەڵگە یەکلاکەرەوەیە. کەواتە ئامانج دەستپێشخەریکردنە بۆ ئەزموونکردنی هێزێکی ڕاستەوخۆ و بەرەیی، یان لەگەڵ دەسەڵاتی ئارا یان لەگەڵ دەسەڵاتێکی خۆسەپێن کە هەوڵ دەدا لەڕێی کودەتا یان دەستدرێژییەکی دەرەکییەوە خۆی بسەپێنێ، ئەویش بۆ ناچارکردنی ئەو دەسەڵاتە تا خۆبەدەستەوە بدا یان ناچاری پاشەکشە ببێ. بەم شێوەیە بیرۆکەی مانگرتنی گشتیی تەواوی گەلێک، کە سوورە لەسەر پساندنی پەتی ستەمکاری و زۆرداری کە باری سەرشانی گران کردووە و چارەنووسی زەوت کردووە، گونجاوترین بەرجەستەکردنی بنەمای ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە خۆیەتی. بەڵام نابێ لە بایەخی ئەو زەحمەتییانە کەم بکەینەوە کە ڕووبەڕووی بەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەیە لە مێژوودا دەبنەوە.

مانگرتنی گشتی بۆ ئەوەی کردەنی و ڕاستەقینە بێ، دەبێ لە ماوەی تا ڕادەیەک کورتدا سەربکەوێ. ئەگەر وا ڕێک کەوت زیاد لە پێویست تووڵی کێشا، مەترسیی گەورە لەئارادا دەبێ کە ئەنجامەکەی بەسەر دانیشتووان خۆیاندا بشکێتەوە. بۆیە دەبێ مانگرتووان خۆیان یەکەم کەس بن ملکەچی بن و گومان لەوەدا نییە سەرەنجامی شکستهێنان زیانێکی درێژمەودای دەبێ. بۆیە دەبێ کات لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی دژبەر نەبێ کە لەوانەیە چاوەڕوان بکا تا مانگرتنەکە ئاشبەتاڵ دەکا، ئەنجا دەست بە هێرش بکا و پرسەکە بباتەوە. لەبەرئەوە پێویستە دەست بە ئامرازەکانی درێژکردنەوەی تاقیکردنەوەی هێزەوە بگرن، ئەویش بە پارێزگاریکردن لە چالاکییەکی ئابووریی کەمتر کە بەهۆیەوە پێداویستییە بنەڕەتیەکانی ژیانیان دابین بکەن. وا باشە سەرەتا خۆراکی پێویست ئەمبار بکرێ، چونکە ناکرێ مانگرتنی گشتی، مانگرتنێکی ماوە نادیار لە خواردن بەسەر دانیشتواندا بسەپێنێ! هەروەها پێویستە کار بکەن بەشێوەیەک ئەوانەی لە کەرتی تەندروستیدا کار دەکەن بتوانن لای خواری خزمەتگوزاریەکان دابین بکەن.

ئەگەر شانبەشانی هاوهەڵوێستییەکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە، پاڵنەرێکی دەروونیی دەستەجەمیی بەهێزیش هەبێ، ئەوا دانیشتووان دەتوانن ئەو ڕێوشوێنە یاسابەندی (تقنینی)یانە قبووڵ بکەن کە دۆخەکە دەیانسەپێنێ. بەڵام نابێ لەو بنمیچە دابەزن کە تێیدا بارگرانییەکانی ژیان دەگەنە ئاستێک لە دەرەوەی توانی بەرگەگرتن بن.

بۆ ئەوەی مانگرتنی گشتی سەرکەوتن بەدەست بێنێ، گرینگە سەرکردەکانی بەرەنگاری ئامانجە سیاسییەکانی ململانەکە بەوردی دەستنیشان بکەن و لەوە دڵنیا بن کە بە کردەوە دەکرێ بێنە دی. هەروەها ئەرکی ئەوانە ئامرازی ئەو ئامانجانە بەجوانی بۆ خەڵک و بۆ دەسەڵاتە دژبەرەکەیش ڕوون بکەنەوە، ئەگینا دوور نییە مانگرتنە گشتییەکە سەربکێشێ بۆ یاخیبوون کە سەرەنجامەکەی بەبێ هیچ گومانێک شکست دەبێ.

کۆتا ئەنجامی ململانەکە پێوەندیی بە پەرەسەندنی پارسەنگی هێز لەنێوان دوو لایەنە ناکۆکەکەدا هەیە. لێرەدا مەترسیی ئەوە هەیە هەڵوێستی هێزەکانی پۆلیس و سوپا لە کۆتاهێنان بە مانگرتنەکە یەکلاکەرەوە بێ، بۆیە پێویستە سەرکردەکانی بزاڤەکە هەوڵ بدەن پێشوەخت پێوەندی بە نوێنەرانی هێزە ئەمنیەکانەوە بکەن بەمەبەستی قایلکردنیان بەوەی ئەگەر پاڵپشتیی بەهێزیشیان ناکەن، هیچ نەبێ بێلایەن بن. ئەگەر سەرکەوتن دوا کەوت و مانگرتنە گشتییەکە نیشانەی شەکەتی و هەناسەبڕکێی پێوە دەرکەوت، پێویستە سەرکردەکانی بزاڤەکە بڕیاری هەڵپەساردنی مانگرتنەکە بدەن پێش لەوەی شکست بێنێ، ئەوەیش وەک ستراتیجیەتێکی پاشەکشە کە دەرفەتی ئەوەیان دەداتێ جڵەوی دەستپێشخەریی هێرشکردن لە چوارچێوەی ململانەیەکی درێژمەودادا، لای خۆیان بهێڵنەوە.

* هاوکارینەکردن

## مانگرتن لە خواردن

لە ڕێبازە ئاینی و ڕۆحییەکاندا ڕۆژوو بریتییە لە خۆگرتنەوەی خۆویستانە لە خواردن لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کە دەرفەت دەداتە ڕۆژووان تا خۆی بۆ نزا و نوێژ و بیرکردنەوە تەرخان بکا. لەم حاڵەتەدا ڕۆژووگرتن وەک ماوەیەکی خۆ خاوێنکردنەوەیە.

دەشێ لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا ئامانج لە ڕۆژووگرتن هێنانەکایەی ئاشتەوایی بێ کاتێ ناکۆکی دەکەوێتە نێوان دوو کەس یان زیاتردا و دەکرێ تەنیا لایەنێک لە دوو لایەنە ناکۆکەکە، یان هەردوو لایەنەکە یان گرووپەکە بەگشتی ڕۆژووەکە بگرن. ئەو کارەیش بۆ گوشارخستنە سەر ئەوانی تر بڕیاری لەسەر نادرێ، بەڵکو بەنیازی هاتنەوە هۆشی دووسەرەیانە. لەو هەلومەرجەدا لەپێناو دۆستاندا ڕۆژوو دەگیرێ نەک دوژمنان.

هەروەک دەکرێ لەبەر هۆی پزیشکی و چارەسەرکردن ڕۆژوو بگیرێ. بەڵام کاتێ کەسێک یاخۆ چەند کەسێک بۆ دەرخستنی ستەمێک لەسەر گۆڕەپانە گشتییەکە و بۆ بزواندنی ڕای گشتی و دەسەڵات پێکەوە، ڕازی نابن نان بخۆن، لەم کاتەدا ڕەوا نییە باس لە "ڕۆژوو" بکرێ، بگرە باسەکە باسی "مانگرتنە لە خواردن".

## مانگرتنی سنووردار له‌ خواردن

مانگرتنی سنووردار له‌ خواردن شێوه‌ ده‌ستپێشخه‌رییه‌كه‌ كه‌ بریتییه‌ له‌ گتكردن له‌ خواردنی هه‌ر خۆراكێك له‌ ماوه‌ی چه‌ند ڕۆژێكدا (له‌نێوان سێ تا سی ڕۆژ) به‌مه‌به‌ستی سه‌ركۆنه‌كردنی هه‌ڵویستێكی سته‌مكارانه‌ی تایبه‌ت له‌سه‌ر گۆڕه‌پانی گشتی. مانگرتن له‌ خواردن گتكردنه‌ له‌ خواردن، به‌ڵام گتكردن نییه‌ له‌ خواردنه‌وه‌. ئه‌گه‌ر جه‌سته‌ی مرۆڤ به‌گشتی زۆر زیاد له‌وه‌ی خه‌ڵك گومان ده‌با، بۆ سێ تا چوار هه‌فته‌ به‌رگه‌ی نه‌خواردن بگرێ، به‌ڵام ناتوانێ هێنده‌ به‌رگه‌ی ئاو نه‌خواردنه‌وه‌ بگرێ. كه‌واته‌ ئامانج مانگرتن نییه‌ له‌ خواردنه‌وه‌، بگره‌ به‌پێچه‌وانه‌وه‌ پێویسته‌ ڕۆژانه‌ چه‌ند جارێك ئاو بخورێته‌وه‌. با ئه‌وه‌یش ڕوون بكه‌ینه‌وه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر مرۆڤ شیر یان شه‌ربه‌تی میوه‌ یان چا بخواته‌وه‌، نابێته‌ مانگرتن له‌ خواردن به‌ واته‌ ورده‌كه‌ی وشه‌كه‌، چونكه‌ ئه‌و خواردنه‌وانه‌ خۆراكیشن.

ده‌كرێ ئه‌و سته‌مه‌ی سه‌ركۆنه‌ ده‌كرێ ڕاسته‌وخۆ پێوه‌ندیی به‌ مانگره‌كانه‌وه‌ هه‌بێ، هه‌روه‌ك ده‌كرێ سته‌مه‌كه‌ له‌سه‌ر كه‌سانی تر بێ و ئه‌وان بیانه‌وێ به‌و كاره‌یان هاوهه‌ڵویستیی خۆیان له‌گه‌ڵیان ده‌رببڕن. مانگران ده‌یانه‌وێ له‌ڕێی ڕاگرتنی ڕه‌وتی ئاساییی ژه‌مه‌ن، كه‌ به‌وردی به‌ كاتی ژه‌مه‌كان دیاری كراوه‌، ئاماژه‌ به‌ سته‌مێك بكه‌ن كه‌ خۆی له‌ پشت "ڕێژیمی ئارا"وه‌ حه‌شار داوه‌ و ده‌بێ زوو به‌زوو ڕیسوا بكرێ. مه‌به‌ست له‌ مانگرتن له‌ خواردن بزواندنی به‌رپرسانی سته‌مه‌كه‌یه‌ تا گوشارێكی مه‌عنه‌وییان بخاته‌ سه‌ر. هه‌روه‌ك له‌ هه‌مان كاتدا گه‌رمكردنی ڕای گشتیشه‌ تا ئه‌ویش به‌نۆره‌ی خۆی پاڵه‌په‌ستۆیه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی بخاته‌ سه‌ر ئه‌و خاوه‌ن بڕیارانه‌.

هه‌ركات پێشوه‌خت به‌ڕوونی ڕابگه‌یه‌نرێ كه‌ ماوه‌ی مانگرتنه‌كه‌ له‌ خواردن سنووورداره‌، ئامانج له‌وه‌ كارتێكردن و وشیاركردنه‌وه‌ و به‌ده‌ستهێنانی جه‌ماوه‌رییه‌ به‌مه‌به‌ستی قایلكردنیان، نه‌ك زۆرلێكردنیان. بابه‌ته‌كه‌ لێره‌دا بریتییه‌ له‌ به‌رپاكردنی "ڕووداوێكی ڕۆژنامه‌وانی"، به‌وه‌یش ورووژاندنی گفتوگۆیه‌كی جه‌ماوه‌ری. وه‌ك هه‌موو ئه‌و كارانه‌ی ده‌ویسترێ ڕۆژنامه‌كان باسیان بكه‌ن، كه‌سایه‌تیی بكه‌ره‌كان ڕۆڵێكی گرینگ له‌و كاریگه‌رییه‌ی دروست ده‌بێ ده‌بینێ. جێی داخه‌ كه‌، بمانه‌وێ و نه‌مانه‌وێ، هه‌موو هاووڵاتییان له‌ به‌رچاوی هۆیه‌كانی ڕاگه‌یاندندا یه‌كسان نین. لێره‌وه‌ مانگرتنی سنووردار له‌ خواردن خۆی له‌خۆیدا هیچ كێشه‌یێكی بۆ ناچاركردنی بڕیار به‌ده‌ستان نییه‌. ئه‌وان ده‌زانن كاره‌كه‌ درێژه‌ ناكێشێ و به‌گشتیش كاتی ئه‌وه‌یان هه‌یه‌ چاوه‌ڕوانی كۆتاكه‌ی بكه‌ن. به‌ڵام ئه‌گه‌ر مانگران بتوانن به‌شێكی گرینگ له‌ ڕای گشتی جۆش بده‌ن به‌ قه‌ناعه‌ت پێكردنیان به‌ مه‌ترسیی كێشه‌كه‌ و گرینگیی زۆری دۆزینه‌وه‌ی چاره‌سه‌رێكی دادپه‌روه‌رانه‌ بۆی، ئه‌وه‌ ده‌توانن زه‌وینه‌ بۆ دروستكردنی پاڵه‌په‌ستۆیه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تیی ڕاسته‌قینه‌ له‌سه‌ر بڕیار به‌ده‌سته‌ دژبه‌ره‌كان ساز بكه‌ن.

بۆ ئه‌وه‌ی زۆرترین كاریگه‌ری به‌ده‌ست بێنن، گرینگه‌ شانبه‌شانی مانگرتن له‌ خواردن ژماره‌یه‌ك

چالاکی بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و هاوهەڵوێستی (وەک ڕێکلام، دابەشکردنی بڵاوکراوە، ئیمزاکردنی حاڵنامە،...) ئەنجام بدرێ. هەروەک دەکرێ بۆ هەمان مەبەست دەست بە هەندێ مانگرتنی تر لە خواردن لە شوێنانی تر بکرێ.

ماوەتەوە، بڵێین مانگرتووان بەهۆی سنووردارىی ماوەی کارکردنەکەیان، زۆربەی جار لەتوانایاندا نابێ هاوسەنگییەکی هێز بێننە کایە کە بۆ بردنەوەی پرسەکە پێویستە. ئەگەر کارەکەیان دەستپێشخەرییەکی دابڕاو بێ، مەترسی هەیە کاریگەرییەکەیشی ڕاگوزەر بێ. بۆیە پێویستە مانگرتنی سنووردار لە خواردن بەتایبەت، وەک ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی کارە جیاوازەکان لە زنجیرەی تێکۆشانی ناتوندوتیژانەدا دابنرێ.

## مانگرتنی کراوە لە خواردن

مانگرتنی کراوە یاخۆ بێسنوور لە خواردن کارێکە سروشتی تەواو جیاوازە لە مانگرتنی سنووردار لە خواردن. مانگرتنی بێسنوور لە خواردن وەک مانگرتنی سنووردار نییە کە کاری تەنیا دەربڕینی نارەزایی لە ستەمێک و بێدارکردنەوەی بڕیاربەدەستانی دژبەر و بزواندنی هەستی ڕای گشتی بێ، چونکە ئەو کەس یاخۆ کەسانەی پێی هەڵدەستن ڕای دەگەیەنن کە تا بەدیهاتنی داواکانیان، واتە نەمانی ئەو ستەمەی سەرکۆنەی دەکەن بەردەوام دەبن و کۆڵ نادەن. ئەو جۆرە مانگرتنە تەنیا هۆشیارکردنەوە و قایلکردن و پاڵەپەستۆ نییە، بگرە دەیەوێ زۆرلێکردن بێ. لێرەشدا لەبەردەم دوو حاڵەتی مومکیندا دەبین: مانگران یان دەیانەوێ ئەو ستەمەی خۆیان بەدەستیەوە گرفتارن لەناو بەرن، یاخۆ دەیانەوێ دۆخێک کۆتا پێ بێنن کە کەسانی تر قوربانین تێیدا و بەلای ئەوانەوە قابیلی قبووڵکردن نییە.

لە هەردوو حاڵەتەکەدا، مانگر یاخۆ مانگران دەیانەوێ بە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی هەڵوێستەکە گەورە بکەن. ئەوان دەیانەوێ بە سەرکێشیکردن بە ژیانی خۆیان گژبەریی زەمەن بکەن، ئەوان لەکاتێکدا ڕازی نابن کاتی زیاتر بە خۆیان ببەخشن، جەخت لەوە دەکەن کە کات بەئەندازەی پێویست درێژەی کێشاوە و ئیتر هیچ کاتیان نەماوە بۆ چاوەڕوانکردن و ئارامیان لەبەر بڕاوە، هەروەها هەموو ئەو بەڵگانە کە خەڵکی ئەقڵمەند پێشکێشیان دەکەن تا قایلیان بکەن دەستبەرداری ئەو سەرکێشیکردنە ببن، دەدەنە دواوە. ناتوانن چیدی چاوەڕوان بکەن و بڕیاریان داوە چی تر بەرگەی ئەو شتە نەگرن کە لە توانا بەدەرە. کەواتە ئەوان دەیانەوێ بە سەرکێشیکردن -کە سەرکێشیکردنێکی بکوژیشە!- ڕەوتی کات خێرا بکەن، ئەویش بە گۆڕین (تصریف)ی ویستی دادپەروەری لە شێوەی ڕانەبردوو (مچارع)، نەک لە شێوەی کات کوشتن و دەستی دەستی پێکردندا.

مانگرتن لە خواردن کارێکە کەسایەتیی بەشداران تێیدا زۆر گرینگە: ناو و سەر و سیما و کەسایەتیی مانگران توخمێکی جەوهەرییە لە پرۆسەی هەڵنانی ڕای گشتی و هۆشیارکردنەوەیدا.

ئەگەر ئێمە خەریکی کارێکی هەرەوەزی بووین، ئەوا مانگرەکان خۆیان دەکەنە زمانحاڵی ئەوانەی بەدەست ستەمەوە دەناڵێنن و هی ئەوانەیش کە بەرەنگاریی ئەو ستەمە دەکەن. هەربۆیە پێویستە دان بە ئەمان و ئەوانیشدا بنرێ، ئەگینا ئەگەری ئەوە لەئارادایە کارەکە هەر زوو بە شکست کۆتایی بێ.

بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی مانگرتنێکی بێ سنوور لە خواردن بڕیارێکی زۆر مەترسیدارە و بەبێ شیکردنەوەی قووڵی هەڵوێستەکە کە دەری بخا مەرجی پێویستی سەرکەوتنی لە ئارادایە، ناکرێ ئەو بڕیارە بە شێوەیەکی ژیرانە بدرێ. پێش هەموو شت زۆر پێویستە بە کردەوە ئەگەری گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو هەبێ لە چوارچێوەی ئەو ماوەیەی لەگەڵ چۆنیەتیی ئەنجامدانی کارەکەدا گونجاوە، کە دەکرێ بە ماوەی ٤٥ تا ٥٠ ڕۆژ مەزندە بکرێ ئەگەر هاتوو مانگران بە کردەوە هیچیان نەخوارد جگە لە خواردنەوەی ئاو. ئەگەر دەست بدرێتە مانگرتنێکی کراوە لە خواردن لەپێناو ئامانجێکی مەحاڵدا، مانگرتن لەو کاتەدا هیچ نابێ جگە لە ئاماژەیەکی نارەزاییی نائومێد و نائومێدکار. لەو کاتەشدا تەنیا دوو دەرچە هەیە: یان ئەوەتا مانگرەکان پێش لەوەی بەلایەک بقەومێ مانگرتنەکەیان کۆتا پێ بێنن و بە ناچاری دان بە شکستی خۆیاندا بنێن، یان ئەوەتا ببنە قوربانی کەللەڕەقیی خۆیان، کە ئەو هەڵوێستە ڕەنگە شایستەی سەرسامی بێ، بەڵام هەرگیز ژیرانە نییە. لەوانەیە ببنە "شەهید" کە ژیانی خۆیان کردووەتە قوربانی کێشەیەکی ڕەوا، بەم واتەیە دەکرێ بڵێین بە بێهوودە نەمردوون، بەڵام پێویستە داواکردنی سەرکەوتن بکرێتە بنەمای کاری ناتوندوتیژی نەوەک قوربانیدان: قبووڵکردنی مردن دروستە، بەڵام نابێ داوا بکرێ.

لە مانگرتنی گشتیدا دەردەکەوێ هەڵوێستی ڕای گشتی یەکلاکەرەوەیە. بگرە تەنانەت لەم چالاکیەدا لە هەموو کارە ناتوندوتیژانەکانی تریش یەکلاکەرەوەترە، چونکە هەر ئەوە دواجار سەرکەوتن یان شکستی مانگرتن لە خواردنەکە یەکلا دەکاتەوە. لێرەدا "سیانەکردنی ململانەکە" بایەخێکی زۆری هەیە. ناچارکردنی یەکلاکەرەوە کە زۆرترین چانسی سەرکەوتنی هەیە، ئەو گوشارە مەعنەوییە نییە کە مانگران لەسەر بڕیاربەدەستانی دژبەر دروستی دەکەن، بگرە ئەو گوشارە کۆمەڵایەتییەیە ڕای گشتی –کە مانگرتن لە خواردنەکە ورووژاندویەتی– لەسەر ئەوانەی دروست دەکا. هەربۆیە یەکەم ئامانج کە پێویستە پێی بگەن بردنەوەی "شەڕی ڕای گشتی"یە. ناشبێ مانگرتنی بێسنوور لە خواردن سەربکێشێ بۆ ترساندنی بەرپرسانی ستەمەکە بە مردنیان. دەبێ مانگرەکان خۆیان هەر جۆرە هەڕەشەیەک لە بڕیاربەدەستانی دژبەر ڕەت بکەنەوە، وەک ئەوەی وایان نیشان بدەن کە ئەگەر داواکانیان جێبەجێ نەکەن ئەوا ڕاستەوخۆ و بەشێوەی کەسی بەرپرسیار دەبن لە مردنیان. تاکە بەرپرسیاریەتی کە پێویستە بخرێتە گەردنی بڕیاربەدەستان ئەو بەرپرسیاریەتییەیە کە بەکردەوە لەسەر شانیانە لە بابەتی ئەو ستەمەی ئەنجامی دەدەن و لەلایەن مانگرانەوە سەرکۆنە و دژایەتی دەکرێ.

ئاراستەکردنی ئاگەدارکردنەوەیەکی کۆتایی بۆ بڕیاربەدەستانی دژبەر پێشوەخت سەرنجی ڕای

گشتی ڕادەکێشێ و لایەنگران جۆش دەدا. پێویستە دەستبەجێ خەباتکاران بە نۆبە بکەونە خۆ بۆ زیادکردنی کاریگەریی کاری ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوە و هۆشیارکردنەوە لای چین و توێژی جیاوازەکانی دانیشتووان کە دەشێ هەست بە کێشەکە بکەن. پێویستە مانگرەکان خۆیان و لێژنەی هاوئاهەنگیکردنی کار مادەکانی گشتاندن (وەک بڵاوکراوە و لافیتە و فایل و سکاڵاکان،...) ئامادە بکەن، هەروەک هاتنە سەر هێڵی هەندێ کەسایەتی و ڕێکخراو و دەربڕینی هاوهەڵوێستییان لەگەڵ مانگران کارێکی زۆر پێویستە، هەروەها پێویستە بۆ چڕکردنەوەی کاریگەریی مانگرتنەکە هەندێ کاری تری ناتوندوتیژانەی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێ، وەک خۆپیشاندانی گشتی، مانگرتنی سنووردار لە خواردن، چالاکیی هاوکارینەکردن، یاخیبوونی مەدەنی...

هەروەها پێویستە لەسەر دانوستاندنکاران (دوو سێ کەس) کە مانگرەکان لە سەرەتای کارەکەوە هەڵیاندەبژێرن، زمانحاڵی ئەوان بن لای بڕیاربەدەستانی دژبەر. هەرچی بڕیاری وەستاندن یان درێژەدان بە مانگرتنەکەیە بەدەست مانگرەکان خۆیانە چونکە ئەوانن بەرگەی مەترسییەکانی کارەکە دەگرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەزەندەکردنی ئەوەی ئاخۆ چەندە لە داواکانی مانگران جێبەجێ کراوە و پێشنیازکردنی ڕاگرتن یان هەڵپەساردنی مانگرتنەکە لەدەست لێژنەی دانوستاندنەکەدایە، چونکە هەموو ئەو توخمانەی بۆ ئەو کارانە پێویستن لەدەستی ئەواندایە.

زۆر جار ئەو بەندکراوانەی توانی ئەنجامدانی ڕێگەی تری دەربڕینی نارەزاییان نییە، بۆ سەرکۆنەکردنی هەلومەرجی گرتنیان پەنا بۆ مانگرتن دەبەن. تەنانەت ئەوانەیش بەهۆی چالاکییان لەناو ڕێکخراوێکی سیاسیدا کە بەئاشکرا پەنا بۆ توندوتیژی دەبا، بەند کراون، دەکرێ بڕیاری مانگرتن لە خواردن بدەن. بەڵام –وەک بەگشتی وایە– ئەگەر هاوهەڵوێست بمێننەوە لەگەڵ ئەو کارە توندوتیژییانەی هاوخەباتەکانیان لە دەرەوەی گرتووخانە ئەنجامیان دەدەن، ئەوا ئەو مانگرتن لە خواردنەیشیان دەچێتە چوارچێوەی ستراتیجی کاری توندوتیژییەوە، بەو هۆیەشەوە مانگرتنەکەیان کەڵک لە لایەنە ئەرێنییەکانی بژارەی ناتوندوتیژی بۆ کارێک، وەرناگرێ. بەندکراوە مانگرەکان لە خواردن بەتایبەت بەلای ڕای گشتییەوە بە هاندەری توندوتیژی دادەنرێن و گوێ بە دۆخیان نادرێ. بەو هۆیەشەوە بڕیاربەدەستانی سیاسی لەبارێکدا ناکەونە ژێر پاڵەپەستۆیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز لەوبارەوە، خۆیان بە ناچار نابینن بەدەم داواکانیانەوە بچن. لەو جۆرە هەلومەرجەدا مەترسیی ئەوەیش هەیە خۆ نەبوێرن لەوەی وازیان لێ بێنن لە گرتوخانەدا بمرن.

ماوەتەوە بڵێین، هەلومەرجەکە هەرچۆن بێ، مانگرتنی ماوە نادیار لە خواردن، مەترسیی مردنی تێدایە، ئەو کەسەی بەئەنقەست بڕیاری ئەو سەرکێشییە دەدا، خۆی لە دوا ئەنجامەکانی بەرپرسە، چونکە هەندێ پرس هەن پاساو دەدەنە ئەو جۆرە سەرکێشییە.

* ڕای گشتی

## بەرهەڵستیی ویژدان

مەبەست لە "بەرهەڵستیی ویژدان" –بە واتە بڵاو بەڵام بەرتەسکەکەی– ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی خزمەتی سەربازی یاخۆ بەدەمەوەچوونی "بانگی ئاڵا"یە. ئەم دەستەواژەیە خۆی لە خۆیدا ئاماژەی ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە ئەو ڕەتکرنەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر هەندێ قەناعەتی کەسی دامەزراوە کە پشت ئەستوورە بە ئەرکی ئەخلاقی و/یان ئاینی کە لەسەری پێویست دەکەن بەبێ هیچ مەرجێک ڕێز لە ژیانی مرۆڤ بگرێ و بەوەیش خوێنڕشتن و بەدوای ئەویشدا "هەڵگرتنی چەک" حەرام دەکا. تا ماوەیەکی دوور و درێژ هەڵوێستی ویژدانگران لەلایەن دەوڵەتانەوە بەتوندی وەک کەتنێکی نانیشتمانی سەرکۆنە دەکرا کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەرکی هاوهەڵوێستیی نیشتمانی کە خۆی بەسەر هەموو هاونیشتمانیەکدا دەسەپێنێ. ڕای گشتیش درێغی نەدەکرد لە پشتگیریکردنی ئەم سەرکۆنەکردنەدا، بەو هۆیەشەوە ئەو جۆرە کەسانە تۆمەتبار بوون بە ترسنۆکی، لەو ڕووەوە ئامادە نین وەک هاوولاتی بەرپرسیاریەتیی سەرشانیان بگرنە ئەستۆ.

بەم شێوەیە دانان بە مافی بەرهەڵستیی ویژدان و بەخشینی دۆخێکی یاسایی بەو جۆرە کەسانە سەرەتایەکی واتەدارە لە شارستانێتیدا. ئەم دانپێدانانە شتێکی نوێیە و پاش ململانەیەکی درێژخایەن بەدەست هات کە ئازایەتی و ئازاری زۆری لەوانە ویست کە شانیان دایە ژێری کاتێ وەک کەتنکار و نابەرپرس مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا و لەبەرچاوی خەڵک ناشیرین دەکران و لە کونجی زیندان توند دەکران، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا باقیی دەوڵەتانی تر کە پابەندن بە بنەمای خزمەتی زۆرەملێی سەربازییەوە، دانیان پێدا نەناوە.

پوختەی قسان ئەوەیە، تەنانەت لەو وڵاتانەیش کە بەسەربازکردنی زۆرەملێیان هەڵوەشاندووەتەوە، پێویستە هاوولاتییان داوا بکەن دۆخی یاسایی بە کەسانی ویژدانگر ببەخشرێ، تا بەوە پێشوەخت قایلنەبوونی خۆیان بۆ بوونە سەرباز لە سوپادا ڕابگەیەنن لە بارێکدا دەوڵەت بڕیاری دا بیانکاتە سەرباز.

مادەم بەرهەڵستیی ویژدان کورت نابێتەوە لە ڕەتکردنەوەی چوونە ڕیزی سوپا لە شێوەیەکی ناسەربازیی ئاشتییانەدا و بەس، بگرە لەسەر بژارەی ناتوندوتیژی دامەزراوە، بۆیە نابێ تەنیا بە ڕەتکردنەوەیەکی تاکەکەسی بۆ هەڵگرتنی چەک واز بێنێ. ئەو هاوولاتییەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ، لەکاتێکدا داوای سوودمەندبوون دەکا لە مافی بەرهەڵستیی ویژدان "سەپاندنی ویژدان"، پێویستە لەسەری لە ڕێگەی تری ناتوندوتیژەوە بەرپرسیاریەتیەکانی خۆی وەک هاوولاتی جێبەجێ بکا، واتە لەڕێی ئامرازەکانی ناتوندوتیژییەوە. لەو کاتەدا پێویستە دەوڵەت، هەر لە چوارچێوەی هەمان خزمەتی نیشتمانیدا، ڕێگەی پێ بدا خزمەتێکی مەدەنی ئەنجام بدا کە ماوەکەی هێندەی ماوەی خزمەتە سەربازییەکە بێ.

بەدرێژاییی ئەو ماوەی خزمەتەیش پێویستە لەسەری لە بنەما و ڕێبازەکانی ستراتیجیەتی کاری

ناتوندوتیژانە بکۆڵێتەوە، چ ئەوەی پێوەندیی بە بنەماکانی بەرگریی نیشتمانی و ڕێبازەکانیەوە هەبێ، یان بە بنەماکانی دەستوەردانی مەدەنی و ڕێگەکانی و خۆ ئامادەکردن بۆ بەکردەوە جێبەجێ کردنیان.

کاتێ بابای ویژدانگر بڕیارەکەی دەدا، دەزانێ لەوانەیە هەندێ بارودۆخ لەپڕ بێنە پێش و دەوڵەت ناچار بکەن دەست بکێشێتە ناو کێشەیەک بۆ بەرگریکردن لە پرسێکی ڕەوا، ئەو دەستوەردانەیش بە ئامرازەکانی بەردەستی ئەنجام دەدا کە بریتییە لە هێزی چەکدار. هەروەها پێی وایە لە دۆخێکی ئاوادا وا باشترە دەوڵەت پەنا بۆ چەک ببا لەوەی پەنا بۆ سیاسەتی دەستوەرنەدان ببا کە هیچ پاڵنەرێکی نییە جگە لە ترسنۆکی و ئاکامەکەیشی هیچ نابێ جگە لە بوارکردنەوە بۆ دەستدرێژیکاران بۆ ئەنجامدانی کارە خراپەکانیان. بەڵام کاتێ هاووڵاتییەک بڕیار دەدا ویژدانگر بێ، ئەوە پێشوەخت بڕیاری داوە خۆی بەشداریی دەستوەردانێکی چەکداری لەو شێوەیە نەکا و بڕوای وایە وا بۆ وڵاتەکەی باشترە بەشوێن هەندێ ڕێگەی تری دەستوەرداندا بگەڕێ کە لە چوارچێوەی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانەدا بێ.

هەروەک دەکرێ بەرهەڵستیی ویژدانی سیاسی ئامرازێک بێ بۆ ڕەتکردنەوەی بەشداریکردن لە کارێکی سەربازیدا کە بەلای ویژدانگرەوە ستەمکارانە و ناپەسندە، بەڵام بەبێ ئەوەی ناتوندوتیژی هەڵبژێرێ و بەهیچ شێوە و لە هیچ هەلومەرجێکدا بە پەنابردن بۆ توندوتیژی ڕازی نەبێ، چونکە کەسە سەربازییەکان خۆشیان دەتوانن ببنە ویژدانگر بەوەی ڕازی نەبن بەشداریی هەڵمەتی سەرکوتینی کەمینەیەکی سیاسی بکەن کە لەپێناو دانیان بە مافەکانیدا تێ دەکۆشێ. هەروەک دەکرێ ڕازی نەبن پەنا بۆ هەندێ ئامراز ببرێ کە بە ناڕەوایان دەزانن وەک ئەشکەنجەدان و کوشتنی دیلەکان بەبێ دادگەییکردن.

بەشێوەیەکی گشتیتر دەکرێ هەر ڕەتکردنەوەیەکی گوێڕایەڵیکردنی یاسا یان فەرمانێک لەلایەن هاووڵاتییەکەوە بە "بەرهەڵستیی ویژدان" ناو ببەین کە -بە پاڵنەری ویژدانیی ڕووت- قەناعەتی وایە ئەگەر ملکەچ بکا ئەوا لە ستەمێکی تایبەتدا دەگلێ کە کەرامەتی مرۆڤ پێشێل دەکا. ئەو یاخیبوونە بەگشتی یاسایەکی نەنووسراو لەسەری فەرز دەکا کە لەسەروو یاسا نووسراوەکانی شارەوەیە. لە بارێکی وادا، ئاخۆ پێویست ناکا بیر لە جێکردنەوەی مافی یاخیبوون بە هۆکاری ویژدانی لە دەستووردا بکرێتەوە؟ ئاخۆ ئەوە یەکێک لە خواستەکانی دیموکراسی نییە "خاڵێک بۆ ویژدانی هاووڵاتی" دیاری بکرێ کە تاک لە ملکەچی بۆ یاسایەک سەرفراز بکا کە داخوازیەکانی پێچەوانەی قەناعەتەکانی ئەون.

* دەستوەردانی مەدەنی

* بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە

* یاخیبوونی مەدەنی

## پەناگیری بە دانیشتن

پەناگیری بە دانیشتن sit-in (ئەم وشە ئینگلیزییە دەقاودەق واتای: دانیشتن لە ناوەوە، دەگەیەنێ)، شێوەیەکی دەستوەردانی ڕاستەوخۆیە و بریتییە لە داگیرکردنی شوێنێکی ڕەمزی بە دانیشتنی دەستەجەمی لەسەر زەوی. لەباتیی مانەوە بەپێوە، لەباتیی "پەناگیری بە بەپێوە وەستان" stand-in (بەپێوەوەستان لە ناوەوە)، دانیشتن تایبەتمەندیی ئەوەی هەیە جۆرە سەقامگیرییەکی زیاتر و تۆکمەیییەکی پتەوتر بە خۆپیشاندانەکە دەدا، بەوەی بەوردی "بناخەگەل"ێکی باشتری پێ دەبەخشێ بەشێوەیەک باشتر دەتوانێ بەرەنگاریی دەستوەردانی پۆلیس بکا. یەکێک لە شێوە هەمەجۆرەکانی پەناگیری بە دانیشتن بریتییە لە "خۆمراندن" die-in (بەواتای: مردن لە ناوەوە، دێ)، مەبەستیش "خۆ بە مردوو نیشاندانە" بەوەی لەسەر زەوی تەخت ڕابکشێ.

ئامانج لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانی دانیشتن بەگشتی بریتییە لە بێدارکردنەوەی ڕای گشتی و دەسەڵاتدارە گشتیەکان لە دۆخێکی ستەمکارانە. بەشداران دەتوانن خۆپیشاندانەکە بێننە گۆ، ئەویش بە لەبەرکردنی جلوبەرگێکی بێ باڵ و بەرزکردنەوەی لافیتە و بەیداخ بۆ ئاگەدارکردنی ڕێبواران، هەروەک دەکرێ هەندێ خۆپیشاندەری تر بڵاو کراوە بەناو خەڵکدا دابەش بکەن. پەناگیری دەکرێ ڕێگەیەکیش بێ بۆ دەستگرتنی پەناگیران بەسەر هەندێ شوێنی تایبەت بە دژبەرەکە تا خۆیانی وەک وتوێژکاری پێویست بەسەردا بسەپێن. هەروەک دەکرێ پەناگیری دروستکردنی بەربەست بێ لەبەردەم هاتوچۆ لە ڕێگە گشتیەکان یاخۆ لە دەروازەی باڵەخانەیەکی گشتی یان دامەزراوەیەکی تایبەتدا. کرێکارانی مانگر دەتوانن پەناگیری بە دانیشتن لە بەردەم یان ناو کارگەکەیان ئەنجام بدەن بەمەبەستی ڕێگرتن لە جموجوولی جەستەییی کەسانی تر، بەتایبەتماننەگران یان خاوەنانی فەرمانگەکە. هەروەک دەکرێ بەشدارانی کەژاوە یان ڕێپێوانێک ئەم ڕێگەیە بەکار بێنن کاتێ بەربەستێکی پۆلیس دێتە پێشیان، چونکە خۆپیشاندەران بەم دۆخە جەستەییییە بەکۆمەڵەیان، تەنیا ئەوە بەڕاشکاوی ڕاناگەیەنن کە ئەوان هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ پۆلیس ڕەت دەکەنەوە، بگرە سووربوونی خۆشیان لەسەر درێژەدان بە خۆپیشاندانەکەیان دووپات دەکەنەوە. بەو شێوەیە دەسەڵاتداران دەخرێنە بەردەم بەرپرسیارێتیەکانیان و ئیتر بڕیاری بەکارهێنان یان نەهێنانی توندوتیژی لەدەست ئەواندایە.

پەناگیری هەوڵ دەدا بۆ درێژترین ماوە شوێنەکان بگرێ و بەپێی توانا زۆرترین بەرەنگاری لەبەرامبەر دەستوەردانی هێزەکانی پۆلیس بۆ "پاککردنەوە"ی شوێنەکە بەخەرج بدەن. لە هەڵوێستێکی وادا دوور نییە هێزەکانی پۆلیس خۆ ببوێرن لە هێرشکردنە سەر خۆپیشاندەران بە کوتەک و ئاوپژێن و بۆمبی فرمێسکڕێژ. لەو کاتەدا لەوانەیە فەرمان بدرێ بە "پەرتکردن"ی خۆپیشاندانەکە بە لابردنی یەک لەدوای یەکی خۆپیشاندەران. ئەوانیش دەتوانن بە خۆخاوکردنەوە هەر جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ پیاوانی پۆلیس ڕەت بکەنەوە، واتە ڕازی نەبن هەستنە سەر پێ و

بەڕێگەدا بچن و بەهێمنی خۆیان بۆ ڕەفتاری پیاوانی پۆلیس شل بکەن کە هەڵیان دەگرن و دەیانبەنە ناو ئەو ئۆتۆمبێلانەی بۆ پێشوازیکردنیان ئامادە کراون. لەوانەیشە ئەو گواستنەوەیە بەبێ هەندێ توندوتیژی بەڕێوە نەچێ. بەڵام "پەرتکردن"ێکی لەم شێوەیە بەهیچ شێوەیەک سەرناگرێ ئەگەر ژمارەی خۆپیشاندەرەکان زۆر بێ.

لە بارێکی وادا لەوانەیە پیاوانی پۆلیس فەرمانیان پێ بدرێ بە هەڵکوتانە سەر پەناگیران و "پاککردنەوەی گۆڕەپانەکە"، هەربۆیە پێویستە ڕیزە یەکەمەکانی خۆپیشاندەران لە خەباتکارانی لێوەشاوە، چ لە ڕووی دەروونی یان تەکنیکەوە، پێک بێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستی مەترسیدار. لەم ڕووەوە دەشێ دابەشکردنی ڕۆڵ زۆر بەکەڵک بێ. زۆر پێویستە ئەو ڕێوشوێنە بەراییانە بزانن کە پێویستە لەم ساتەدا بۆ خۆپاراستن بگیرێنە بەر (نەخاسمە پاراستنی پشتی سەر بە هەردوو دەست). کەم ڕێک دەکەوێ بتوانرێ زۆر بەرگەی شالاوی پۆلیس بگیرێ، هەربۆیە لە دەستی بەرپرسانی خۆپیشاندانەکەدایە کە لە گونجاوترین ساتدا فەرمانی پاشەکشە بدەن، هەروەها پێویستە بەپێی توانا بڵاوەکردنەکە شێوەی بەزین وەرنەگرێ، چونکە گرینگە لەبەرچاوی ڕای گشتی، بەرپرسیایەتیی توندوتیژییەکە بکەوێتە گەردنی دەسەڵاتداران.

* کۆسپ خستنەبەر

پەراوێز:

* وەلید سلێبی، دکتۆر لە ئابووریی سیاسی، لە پێشڕەوانی ناتوندوتیژییە لە ناوچەی عەرەبیدا. نووسەر و خەباتکارێکی ناتوندوتیژە. ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ ئۆگاریت یۆنان لە لبنان پرۆژەی ناتوندوتیژی و مافەکانی خەڵکی دەست پێکرد، کە زیاتر لە کۆمەڵە و بزاڤی مەدەنی و هەڵمەت لە چوارچێوەیدا دروست بوون، لەوانە "بزاڤی مافەکانی خەڵک" و "دەستەی لبنانی بۆ مافە مەدەنیەکان" و "ماڵەکانی ناتوندوتیژیی ناتایفییانەی دیموکراسی".

خەڵاتی کۆماری فڕەنسا بۆ مافەکانی لە ساڵی ٢٠٠٥ پێ بەخشراوە لەبەر ڕۆڵی پێشڕەوانەی لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەداردان لە لبنان. پرۆژەی زنجیرەی وەرگێڕانەکانی ناتوندوتیژیی دەست پێکرد و سەرپەرشتیی دەرکردنی ١٤ کتێبی جیهانیی لەبارەی ناتوندوتیژی بە زمانی عەرەبی کردووە و بەشێکیشی لێ وەرگێڕاون (بڵاوکراوەی "بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک"). دواین کتێبی لەم بوارەدا کتێبی "بەڵێ بۆ بەرەنگاری، نا بۆ توندوتیژی"یە (٢٠٠٥)

١. بول كروكر، فلسفة الارادة، المجلد الاول، الارادي و اللاارادي، باريس، ١٩٨٨، ل, ١٨٧

٢. مەبەست لە "ئەخلاقی قەناعەت" لێرەدا بەرزکردنەوەی ئەو بنەوا ئەخلاقییانەیە کە لە بیروباوەڕی کەسیی قووڵەوە سەرچاوە دەگرن کە لەسەروو ئەخلاقی کۆدەنگیەوەن و مۆرکێکی کۆمەڵایەتیی گۆڕاویان هەیە.

٣. ئاماژەیە بۆ کۆنگرەی یاڵتا لە ٤ی شوباتی ١٩٤٥ کە چەرچڵ و ڕۆزفەڵت و ستالینی تێدا بوون و تێیدا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو پرسە هەڵواسراوانەیان دەدا کە لە کەوتنی چاوەڕوانکراوی ئەڵمانیا دەکەونەوە.

لە ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا ٢

# هاوکاری نەکردنی ئابووری

جین شارپ

بەشی دووەم

مانگرتن

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

ڕێگەی مانگرتن دووەم جۆری فەرعیی گشتییە لە ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی ئابووری. ڕێگەی مانگرتن بەشێوەیەکی گشتی ڕەتکردنەوەی درێژەدانە بە هاوکاریکردنی ئابووری لەڕێی کارکردنەوە. ڕێگەیەکی بە کۆمەڵ و ئامانجدار و کاتییە بەگشتی: ئامانج لێی دروستکردنی گوشارە لەسەر کەسانێکی تر کە لە هەمان یەکەی ئابووری یان سیاسی یان تەنانەت کۆمەڵایەتی یان کولتووریدا کار دەکەن. ئامانجیشی لە دروستکردنی گوشار هێنانەکایەی هەندێ گۆڕانە لە پێوەندییەکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکان. ئەو گۆڕانە زۆر جار شێوەی بەدەمەوەهاتنی هەندێ داواکاریی دیاریکراو وەردەگرێ کە مانگرتووەکان دیاری دەکەن وەک مەرجی دەست بەکار کردنەوە. سرووشتە دەستەجەمعیشەکەی مانگرتن تایبەتمەندی و هێز دەبەخشێتە ئەم جۆرە لە هاوکارینەکردن.

مانگرتن تا ڕادەیەکی زۆر شانبەشانی دروستبوونی دامەزراوە پیشەسازییە نوێیەکان سەری هەڵداوە، هەروەک لەوانەیە لە کێشە کشتوکاڵییەکان لەناو دامەزراوەی جۆرەوجۆردا ڕوو بدات. مانگرتنەکان لەبارێکدا دەکرێن کە هەندێ کەس بۆ هەندێکی تر کار بکەن.

مانگرتنەکان بەگشتی ئامانج دیاریکراون، بەو واتایەی پاڵپشتیکردن یان بەرهەڵستیکردنە لە

.............................................................

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

بابەتێکدا کە پێوەندیی بە مانگرتووەکانەوە هەیە. دەکرێ هەر ژمارەیەک کرێکار دەست بدەنە دەستی یەکتر و مان بگرن، بەڵام لەڕووی کردارییەوە پێویستە مانگرتووەکان ژمارەیان زۆر بێ بە ڕادەیەک بتوانن شڵەژانێکی مەترسیدار لەسەر بەردەوامیی کارکردن، لانی کەم لەو یەکە ئابوورییەدا، دروست بکەن، یان بتوانن کارەکە بەتەواوی بوەستێنن.

هەروەک شێوە توندوتیژەکان، لەوانەیە تەنیا هەڕەشەکردن بە ئەنجامدانی مانگرتن بەس بێ بۆ هاندانی دژبەرەکە بۆ سازشکردن. ئەم بەشە هەندێ نموونەی لەم بارەوە تێدایە. لەوانەیە مانگرتنەکان خۆبەخۆ و لەوانەشە بە پلان بکرێن، دەکرێ ڕەسمی بن و سەندیکاکان ڕەزایییان لەسەر دابێ، یان ئەو ڕەزامەندییەیان بەدەست نەهێنابێ.

پاڵنەرەکانی مانگرتن زۆر جیاوازن، بەڵام بەگشتی پاڵنەرەکان ئابوورین و پێوەندییان بە کرێ و هەلومەرجی کار و دانان بەسەندیکاکان و سەعاتەکانی کار و شتی لەو شێوەوە هەیە.

دەکرێ ئەم جۆرە مانگرتنانە دژ بە ئیدارەیەکی حکوومی بکرێن، کەچی ئامانجی ڕاستەقینە ڕیژیمە دەسەڵاتدارەکە بێ. لەوانەیە ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان شان بە شانی ئامانجە ئابوورییەکان بێن یان بە جیا بن. ئەم پرسە بەربڵاوانە شێوەی جۆرەوجۆر وەردەگرن.

## مانگرتنە ڕەمزییەکان

١- مانگرتنە نارەزاییەکان

لە مانگرتنی نارەزاییدا، کە بە مانگرتنی ڕەمزی یان خۆپیشاندان ئامێز دەناسرێ، کار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە پێشوەخت دیاری کراوە دەوەستێ، یەک خولەک، یەک سەعات، یەک ڕۆژ یاخۆ تەنانەت یەک هەفتە، ئەویش لەپێناو دەربڕینی ڕوونی هەستی کرێکاران لەبارەی پرسێکی دیاریکراوی ئابووری یان سیاسی یان هی تر. لەکاتی ئەم مانگرتنانەدا داواکارییەکی دیاریکراو پێشکێش ناکرێ. ئامانج لە مانگرتنی نارەزایی دەربڕینی هەستی قووڵی کرێکارانە بەرامبەر پرسێکی دیاریکراو، لەو ڕووەوە دەتوانن لەکاتی پێویستدا بەشێوەیەکی کاریگەرانەتر مان بگرن. بەوەیش وریایی دەدەنە بەرپرسان کە وا باشە بۆیان هەستی کرێکاران لەبەرچاو بگرن.

هەروەک دەکرێ ئەم ڕێگەیە لە قۆناخە بەرایییەکانی خەباتێکی تووڵانی بۆ ڕاهێنانی کرێکاران لەسەر بیرۆکەی مانگرتن لەبارەی کێشەیەکی دیاریکراو بەکار بهێنرێ. یان لەو حاڵەتانەی سەندیکاکان ئامادە نین مانگرتنێکی درێژمەوداتر ئەنجام بدەن، یان کاتێ ئەگەری ئەوە لەئارادا بێ مانگرتنە درێژەکان ببنە مایەی تۆڵەکردنەوەیەک کە توندوتیژانەتر بێ لەو تۆڵەکردنەوەیەی کرێکاران لەو قۆناخەدا خۆیانیان بۆ بەرگەگرتنی ئامادە کردووە، یاخۆ کاتێ مەترسیی ئەوە هەبێ زیانێکی گەورە بە ئابووریی نیشتمان بگەیەنرێ.

هەواڵنامەی کتێب

دەتوانرێ جەوهەری مانگرتنی ڕەمزی بگۆڕدرێ، ئەویش بەوەی لەگەڵیدا هەندێک ماوەی بێدەنگی یان مانەوە لە ماڵ یان هەندێ ڕێگەی تریشی لەگەڵ ئەنجام بدرێ. هەروەها لەوانەیە مانگرتنی نارەزایی گشتی، یان مانگرتنی پیشەسازیی نارەزایی، یان مانگرتنی هاوسۆزیی نارەزایی و چالاکیی لەو جۆرە ئەنجام بدرێ.

لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣دا، پاش چوار ڕۆژ لە پەلاماردانی ناوچەی ڕوهەر لەلایەن هێزە فەرەنسایی و بەلجیکاییەکانەوە، دانیشتووانی ئەو ناوچەیە و ناوچە داگیرکراوەکانی تر لە دۆڵی ڕاین مانگرتنێکی نارەزاییان بۆ ماوەی ٣٠ خولەک جێبەجێ کرد بۆ دەربڕینی مکوڕبوونیان لەسەر بەرگریکردن. هەروەها لە شاری ئەمستەردام لە ٢٥ و ٢٦ی شوباتی ١٩٤١دا مانگرتنێک بۆ ماوەی یەک ڕۆژ ئەنجام درا بۆ دەربڕینی نارەزایی لە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ جوولەکەکاندا.

نموونەکانی تر مانگرتنیان تێدایە بۆ ماوەی سەعاتێک، کە لە ١٠ی نیسانی ١٩٥٩ نێزیکەی ٥٠٠ کرێکاری بیناسازی لە یەکێک لە کارگەکانی هەرێمی ئینگلتەرا کە مووشەکی شەڕی دروست دەکرد، ئەوەیش بۆ پاڵپشتیکردنی سیاسەتی وازهێنانی یەکلایەنە لە چەکی ناوکەیی. هەروەها دەستهەڵگرتن لە کار بۆ ماوەی ١٠ تا ١٥ خولەک کە نۆ ملیۆن کەس لە بەلجیکا، واتە نیوەی کۆی ژمارەی دانیشتووان لە سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٨ی ئایاری ١٩٦٢ جێبەجێیان کرد بۆ دەربڕینی نەیارییان بۆ چەکی ناوکەیی. هەروەها مانگرتن بۆ ماوەی یەک ڕۆژ کە سەندیکاکانی گەشتی دەریاوانیی ئەمەریکایی، جگە لە کەشتییەکان و سەربازهەڵگرەکان و کەشتییەکانی ڕزگارکردن، جێبەجێیان کرد بۆ دەربڕینی نارەزایی لەدژی دێر گێڕانەوەی سەربازەکان بۆ نیشتمان پاش شەڕی جیهانیی دووەم.

مانگرتنەکانی نارەزایی لەکاتی شۆڕشی ڕووسیاش لەساڵی ١٩٠٥ دووبارە بوونەوە. لە مانگی شوبات کرێکارانی پاسە گشتییەکان لە شاری ئەستراخان مانگرتنێکیان بۆ ماوەی ڕۆژێک ئەنجام دا. هەروەها لە مانگی تشرینی یەکەم کرێکارانی چاپخانەکان لە شاری سان پترسبۆرگ مانگرتنێکی سێ ڕۆژییان جێبەجێ کرد بۆ دەربڕینی هاوسۆزییان لەگەڵ کرێکارە مانگرتووەکانی چاپخانەکانی مۆسکۆ.

بەرپرسێکی حکوومی لەبارەی مانگرتنەکەی مانگی تشرینی دووەم لە پایەتەختی ڕووسیا دەڵێ: ڕۆژێک سەرتاشەکان مان دەگرن، ئەنجا لە ڕۆژێکی تردا کرێکارانی هوتێل و چێشتخانەکان مان دەگرن، هەر کە ئەم دووانە مانگرتنەکەیان کۆتا پێهێنا، ڕۆژنامەفرۆشەکان مان دەگرن و دوای ئەوەیش نۆرەی فرۆشیارانی فرۆشگە بازرگانییەکان دێ.

لە ٢٣ی نیسانی ١٩١٨ مانگرتنێکی نارەزایی لە ئێرلەندا بۆ ماوەی ٢٤ سەعات ئەنجام درا و هاووڵاتیان لە سەرتاسەری وڵاتدا، جگە لە شاری بەلفاست، بەوردی پێیەوە پابەند بوون. ئێدگار هۆڵت دەنووسێ: کارکردن لە کارگەکان وەستا و شوێنە بازرگانی و دوکانەکان دەرگەکانیان

داخست و جموجوڵی گواستنەوە بەتەواوی وەستا. دیار بوو ئێرلەندای باشوور هیچ نیازێکی نییە بە ئارامی چاوەڕوانی ئەوە بکا ئۆتۆنۆمیی پێ ببەخشرێ.

پاش تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا لەلایەن یەکەتیی سۆڤیەتەوە لە مانگی ئابی ١٩٦٨دا، ژمارەیەک مانگرتنی نارەزایی کورت لەو وڵاتەدا ئەنجام دران. لە نیوەڕۆی ڕۆژی ٢١ی ئاب و چەند سەعاتێک پاش دەستپێکردنی هێرشەکە، لەسەر داوای نوێنەرانی سەندیکاکانی هونەرمەندانی داهێنەر و فەرمانبەرانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ بۆ ئەنجامدانی مانگرتنێکی نارەزایی بۆ ماوەی دوو خولەک، جموجوڵ لە شەقامەکانی پراگ بەتەواوی وەستا. هەروەها بانگەوازێک کە لە ناوچەی بوهیمیای باکورەوە بڵاو کرایەوە داوای کرد سبەی بۆ ماوەی سەعاتێک مانگرتنێکی گشتی ڕابگەیەنن. ئەو بەیاننامەیەی کە چواردەمین کۆنگرەی نائاسایی حزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکیا لە ٢٢ی ئابدا دەری کرد داوای کرد نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی مانگرتنێکی نارەزایی بۆ ماوەی سەعاتێک ئەنجام بدرێ. بڵاوکراوەکان کە بانگەوازیان بۆ مانگرتن دەکرد بە دیوارەکاندا هەڵواسران و تێیاندا داوا لە هەمووان کرا لەو سەعاتەدا بە شەقامەکانی پراگدا هاتوچۆ نەکەن. "پێویستە پراگ شارێکی بێ جووڵە بێ". ڕۆژنامەی ڕۆد بارڤۆی سەر بە حزبی شیوعی لە ڕاپۆرتێکدا بەم شێوە وێنەی مانگرتنەکە لە ناوەندی شاری پراگ دەگێڕێتەوە:

ڕیزێک لاو لە تەلاری مۆزەخانەی نیشتمانییەوە بەرەو گۆڕەپانی وینسلاس چوون. دەست لەناو دەست پێشڕەوییان دەکرد و هاواریان دەکرد: شەقامەکان چۆڵ بکەن. جگە لە گۆڕەپانە خاڵییە پان و بەرینەکە هیچی تریان لەپشتەوە نەبوو. زیقەی ئاگەدارکردنەوە دەستی بە ویقەویق کرد و بەدوایدا هۆڕێنی ئۆتۆمبێلەکان بۆیان دەسەندەوە. سەربازەکان لەبان تانکەکانیانەوە چاویان بەدەوروبەری خۆیاندا دەگێڕا بەبێ ئەوەی بزانن چی ڕوو دەدا و چاودێریی باڵەخانەکان و پەنجەرەکانیان دەکرد کە کەوتبوونە ئەمبەر و ئەوبەری گۆڕەپانەکە. هەندێک لە تانکەکان سەرقاپەکانیان داخست و تۆپ و ڕەشاشی تانکەکان بەدەوری خولگەکانیاندا دەسووڕانەوە و بەدوای ئامانجدا دەگەڕان. بەڵام کەسیان نەدییەوە تەقەی لێبکەن و کەسیش هەوڵی ئاڵۆسکاندنی نەدان. گەل دەستی بە جێبەجێکردنی ئەو مانگرتنە کردبوو کە حزبی شیوعی بانگەشەی بۆ کرد.

لەپڕ گۆڕەپانی وینسلاس زیرۆحی تێدا نەما، هیچی تێدا نەما جگە لە تەپوتۆز و پارچە کاغەز و پۆستەر کە با بە ئاسماندا لوولی دەدان، تەنیا تانکەکان و سەربازەکانی تێدا مانەوە.

٢- برووکە مانگرتن

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەو مانگرتنی نارەزاییە خۆبەخۆ و کورتانەی بەبێ پلانێکی پێشوەخت بۆ دروستکردنی گوشار یان نارەزایی دەربڕین لەبارەی هەندێ بابەتی

تاڕادەیەک لاوەکی ئەنجام دەدرێن، دەوترێ برووکە مانگرتن (الاضراب الخاطف) و لە ئینگلتەرایش پێی دەوترێ برووسکە مانگرتن.

دەگمەن بووە ئەم مانگرتنانە لە چەند سەعاتێک زیاتر بخایەنن یان زیاتر لە چەند کرێکارێکی کارگەیەک بەشدارییان تێدا بکەن. ئەم جۆرە مانگرتنانە لەکاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا لە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکادا باو بوون کاتێ کە مانگرتن قەدەخە بوو.

جاک بارباش ئاماژە بۆ نموونەیەک لە برووکە مانگرتن دەکا کە کرێکارانی فرۆشگەیەکی گەورە بەهۆی بێزارییان لە سیستەمێکی نوێی پلەبەندیی کرێ و هەروەها شێواندنی هەڵوێستی سەندیکاکەیان لە دامەزراندنی کرێکارێکی کەمئەندام لەلایەن کۆمپانیای خاوەنی فرۆشگەکەوە، ئەنجامیان دا.

لە بەهاری ١٩٦٣ برووکە مانگرتنێک لە میترۆی پاریس ڕووی دا، پاش ئەوە حکوومەت هەوڵی دا یاسایەک دەربکا کە لەسەر کرێکاران فەرز دەکا پێنج ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی مانگرتن ئاگەداری بدەن.

هەواڵنامەی کتێب

## مانگرتنە کشتوکاڵیەکان

١- مانگرتنی جووتیاران

جووتیاران بەکۆمەڵ ڕەتیان کردەوە لە کارکردن لە زەوییەکانی دەرەبەگەکاندا لە هەلومەرجی کارکردنی دەرەبەگی و نیوە دەرەبەگیدا کار بکەن، ئەم نموونانەی لەخوارەوە باس کراون لە ڕووسیا ڕوویان داوە.

ساڵی ١٨٦١ جووتیاران کەوتنە ژێر کاریگەریی وتارە دنەدەرەکانی ئەنتۆن بترۆڤی بانگخوازی سیاسیی جووتیار و زنجیرە کارێکیان ئەنجام دا، کە تیایاندا تەنیا پشتیان بەخۆیان بەست، ئەویش لەپێناو باشکردنی باری گوزەرانیان، مانگرتن یەکێک بوو لەو کارانە. گردبوونەوەکانی جووتیاران چەند کۆنگرەیەکیان بەست بۆ دەرکردنی بڕیارێکی بەکۆمەڵ بۆ کارنەکردن لە زەوییەکانی دەرەبەگەکاندا.

هەروەها لەکاتی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥دا، کۆنگرەی دووەمی یەکەتیی جووتیاران بڕیاری دا پابەند نەبێ بە خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ و وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانیان لە گۆڕانکاریکردن لە سیستەمی خاوەنداریەتیی زەوی و پێکهێنانی بەپەلەی کۆمەڵەیەکی دامەزرێنەر، مانگرتنی جووتیاران لە ناوچە بەرفرەوانەکاندا ئەنجام بدا.

لە پایزی ١٩٠٥ هەواڵی ئەو مانگرتنانە بڵاو بووەوە کە لە ناوچەکانی کیێف و فولهینیا و بۆدۆلیا و خارکۆف و پولتاڤا و شرینکۆف و ساتارۆف و سمارا و ئورلۆڤ و تامبۆف و مۆسکۆ و

نوفجوروورد و پنزا و هەروەها لە ناوچەی ڕووباری دون ڕوویان دا، لەو کاتەدا تەنیا ژمارەیەکی کەم لە تاڵانکردن و سووتاندنی موڵک و ماڵ تۆمار کرا.

سولون باراکلاو لە کتێبەکەیدا باس لەوە دەکا مانگرتنی جووتیاران یەکێک لە ئامرازەکانی ناڕەزایی و بەرگرییە، کە لە ئەمەریکای لاتیندا بەزۆری پەنای بۆ دەبرێ. بۆ نموونە لە هەردوو مانگی تەمووز و ئابی ١٩٥٢ کرێکارانی کشتیار لە پۆلیڤیا مانیان لە کارکردن گرت و ڕێگەی تری کاری ناتوندوتیژانەیان گرتەبەر: ڕێکخەرانی وەزارەتی کاروباری گوندەکان و حزبە سیاسییە جیاوازەکان لەنێو جووتیارەکاندا چالاک بوون.

یەکەتییەکانی جووتیاران لە باکوری ڕۆهەڵاتی بەرازیل، ساڵی ١٩٦٢، مانیان گرت کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار جووتیار بەشدارییان تێدا کرد، خاوەن زەوییەکان سازشی زۆریان کرد، حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتە ناوچەییەکان ژمارەیەک پێشنیازیان بۆ چاکسازیکردنی کشتوکاڵی خستە ڕوو. بانگەشەی ئەوە بڵاو بووەوە کە ئەم مانگرتنە یەکێک بووە لەو هۆکارانەی ئەو کودەتا سەربازییەی لێکەوتەوە کە دوو ساڵ دوای ئەوە ڕووی دا، هەروەها هەندێ ڕاپۆرت باسیان لەوە کرد ڕژێمی دەسەڵاتداری سەربازی پشتگیریی ڕێکخراوەکانی گەورە جووتیارەکانی کردووە و چالاکیی یەکەتییە جووتیارییەکانی سەرکوت کردووە، هەروەها سەرکردەکانی جووتیاران بەند کراون یاخۆ بۆ دەرەوەی وڵات دوور خراونەتەوە یان کوژراون.

لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦٣دا جووتیاران لە دۆڵی کۆنڤیسیول لە پیرۆ مانیان گرت. ئەو کرێکارە هەمیشەییانەی لە کێڵگە گەورەکاندا کاریان دەکرد، بەسەرکردایەتیی هوجو بلانکو نێزیکەی هەموو ئەو کارەیان ڕاگرت کە بەبێ کرێ بۆ خاوەن زەوییەکانیان دەکرد. هەندێکیان توانییان زەوییەکان سوود لێ ببینن و لێرەشەوە لەو کاتەی لەناو مانگرتندا بوون داهاتیان زیادی کرد.

سەرکردەکانی گیران و هێزی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی جموجوڵەکیان بەکار هێنرا. لەگەڵ ئەوەیشدا مەرسوومێکی تایبەت دەرچوو بۆ پارچەپارچەکردنی موڵکە گەورەکان لەو ناوچەیەدا و فرۆشتنیان بە جووتیاران، هەروەها ئەنجوومەنی یاسادانانیش ڕەزامەندیی لەسەر یەکەم یاسا بۆ چاکسازیی کشتوکاڵی لە سەرتاسەری پیرۆ دەربڕی.

٢- مانگرتنی کرێکارانی کشتوکاڵی

کرێکارانی گشتوکاڵیش کە بەرامبەر بە کرێیەک کار دەکەن، وەک هەر گرووپێکی تر مافی ئەوەیان هەیە لەڕێی مانگرتنەوە کۆششەکانیان ڕابگرن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەلێکی دیاریکراودا. لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٢٩ و ١٩٣٥ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا زنجیرەیەک مانگرتن ڕوویان دا، کە بزوێنەریان کەمکردنەوەی کرێ لە ماوەی سستبوونە ئابوورییەکەدا بوو، هەروەها ئەو پێشبینییانە

بوو کە لە سیاسەتەکانی ئیدارەی نوێی سەرۆک ڕۆزفەڵت دەخوێنرانەوە. کاری ماک ویلیامز دەنووسێ:

لە مێژووی کار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هیچ پێشینەیەک نییە بۆ ئەم جۆرە مانگرتنانە. لە ڕابردوودا قەت کرێکارانی کشتوکاڵی بەم شێوەیە ڕیزەکانیان ڕێک نەخستووە و لە ڕابردوودا مانگرتنی فرەوانی لەم شێوەیەیان ئەنجام نەداوە، کە ئەم کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە دوورمەودایەی هەبێ.

کرێکارە کشتوکاڵییە کۆچەرییەکان لەڕێی مانگرتنی خۆبەخۆ و مانگرتنی بەبەرنامەوە نیگەرانیی خۆیان دەربڕی.

ئەم مانگرتنانە بەزۆری شکست دێنن و سەرکوتکاریی توندیان لەلایەن حکوومەتە ناوەخۆیی و گرووپە ناحکوومییەکانەوە لێ دەکەوێتەوە، بۆ وێنە، لە مانگی کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٣٠ لە ناوچەی ئیمپریال ڤالی، دوو مانگرتنی خۆبەخۆ لەنێوان کرێکارانی کێڵگە مەکسیکی و فیلیپینیەکان و کرێکارانی ئەمەریکایی لە کارگەکانی لەقوتوونانی خۆراک ڕوویان دا: هەردوو مانگرتنەکە پێوەندییان بە کەمکردنەوەی کرێ یان داواکاریی زیادکردنی کرێ و باشکردنی هەلومەرجی کارکردنەوە هەبوو. ڕێکخەرانی یەکەتییە سەندیکاییەکان لە هەردوو مانگرتنەکەدا چالاک بوون و بەتۆمەتی هەڵنانی کرێکاران گیران. پاش ئەوەی هەردوو مانگرتنەکە شکستیان هێنا، یەکەتیی کرێکاران داوای بەستنی کۆنگرەیەکی بۆ کرێکارانی کشتیار لە ٢٠ی نیساندا کرد، بەڵام شەش ڕۆژ بەر لەو مێژووە هەڵمەتێکی هەڵکوتانە سەر ماڵی کرێکاران و شوێنەکانی کۆبوونەوەکانیان ئەنجام درا، زیاتر لە سەد کرێکار گیران و بڕی ٤٠ هەزار دۆلار وەک دەستەبەری بۆ ئازادکردنی هەریەکەیان دانرا، هەروەها بەپێی یاسای تاوانەکانی تایبەت بە سەندیکاکان هەشتیان حوکم دران و سەندیکا هەستی کرد جووڵەی لەبەر بڕاوە و هیچی پێناکرێ.

لە تشرینی دووەمی ١٩٣٢ ڕێکخەرانی حزبی شیوعی لە یەکەتیی پیشەسازیی کرێکارانی لەقوتوونان و کرێکارانی کشتوکاڵی و کرێکارانی ڕنین و ئامادەکردنی میوە لە ناوچەی ڤاکاڤیل مانیان گرت و مانگرتنەکە بە تۆقاندنێکی گەورە و دەستدرێژیی جەستەیی و ڕاوەدوونانی قەزایی وەڵام درایەوە. شەش لە ڕێکخەرانی مانگرتنەکە هاتنە ڕفاندن و بە قایشی سەرئاسنین شەلاقکاری کران و بە هەورێنگی مەڕ برینەوە سەریان تاشرا و بۆیەی سوور بەسەریاندا کرا. هەرچی ئەو شیوعییانە بوون کە هاتبوون بۆ ناوچەکە بینییان وا ١٨٠ پۆلیسی چەکدار و کۆمەڵێ لە تێکدەرانی مانگرتن کە بۆریی غاز و مەقەسی درەخت چاککردنیان بەدەستەوە بوو، چاوەڕوانییان دەکردن.

پاش شکاندنی ئەم مانگرتنە، ژمارەیەک مانگرتنی تر لە ساڵی ١٩٣٣ ڕوویان دا. سێ هەزار کرێکاری ڕنینی بەزالیا کە لە مانگی نیساندا مانیان گرتبوو، بەکۆمەڵ دەستگیر کران و

ڕووبەڕووی شەلاقکاری و تۆقاندنی توند بوونەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا توانییان نرخی پڕکردنی سەبەتەیەک بەزالیا کە کێشی نێزیکەی ٣٠ ڕەتڵە، لە ١٠ سەنتەوە بۆ ١٧ سەنت و پاشتریش بۆ ٢٠ سەنت بەرز بکەنەوە. لەکاتی مانگرتنەکەدا پیاوێک کوژرا و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

لە سەرکوتکردنی مانگرتنی هەندێ کرێکاری تری کشتوکاڵی، دارکاری و ئێسک شکاندن و تەقەکردن بەکار هات، کە کوژران و بریندارب‌وون و گرتنی لێکەوتەوە، هەروەها ئازادکردنی بکوژانی مانگرتووەکان و سەپاندنی کەفالەتی دارایی زۆر بۆ بەردانی مانگرتووە گیراوەکان، بەدبەکارهێنانی یاسا و سیستەمە جۆرەوجۆرەکان بۆ تەنگاوکردنی مانگرتووان و دادگەییکردنیان، هەروەها بەکارهێنانی غازی فرمێسکرێژ و ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕەشبگیری و بەندکردنی مانگرتووان لە گەوری ئاژەڵ و بەزۆر دەرکردنی مانگرتووان لە شوێنی مانگرتنەکە و سووتاندنی کوخەکانیان.

ئەو پۆلانەی کرێکاران کە لەو ماوەیەدا مانیان گرت بریتی بوون لە کرێکارانی ڕنینی بەروبوومی درەختە جۆرەوجۆرەکان، کرێکارانی ڕنینی ترێ و لۆکەچنین و سەوزەبڕین. لە مانگرتنەکانی ساڵی ١٩٣٠دا نێزیکەی ٥٠ هەزار کرێکار بەشدارییان کرد و لە ئەنجامی ئەو ٣٧ مانگرتنەی بە ڕەسمی تۆمار کراون، ٢٥ سکاڵا دژ بە مانگرتووەکان بۆ بەردەم دادگەکان بەرز کرایەوە. هەروەها لە ئەنجامی ئەو مانگرتنانەی سەندیکاکان سەرکردایەتییان کرد کرێی سەعاتی کار لە ١٥ سەنتەوە بۆ تێکڕای ناوەندیی ٢٥ سەنت بەرز بووەوە.

بەناوبانگترین مانگرتنی کشتوکاڵی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم ساڵانەی دواییدا بەخۆیەوەی دیبێ، ئەو مانگرتنە بوو کە کرێکارانی ترێ ڕنین لە هەرێمی دیلانۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بە سەرکردایەتیی سیزار شافیز ڕایانگەیاند. مانگرتنەکە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦٥ دەستی پێ کرد، زۆر لە خاوەن کێڵگەکانی ترێ تا هاوینی ١٩٧٠ ڕێکەوتنامەی کارکردن لەگەڵ سەندیکا کرێکارییەکانیان ئیمزا نەکرد. بە ناونیشانی سەرۆکی یەکەتیی نیشتمانیی کرێکارانی کشتوکاڵی و لەوێشەوە وەک سەرۆکی لێژنەی ڕێکخستنی کرێکارانی یەکگرتووی کشتوکاڵی، شافیز پێداگریی کرد لەسەر بەرزەفتکردنی ناتوندوتیژانە (الانضباط اللاعنفي).

ئەم مانگرتنە پشتگیریی لە بایکۆتکردنێک کرد کە بەکاربەرانی هەموو ویلایەتەکان سەرەتا دژ بە هەموو جۆرەکانی ترێی ویلایەتی کالیفۆرنیا و پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکانی کارکردن لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران، دژ بەو کێڵگانەی ڕێکەوتنیان لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران ئیمزا نەکردبوو، ئەنجام دا.

لە مانگی ئاداری ١٩٦٦ مانگرتووان ڕێپێوانێکی درێژیان ئەنجام دا کە تێیدا ٢٥٠ میلیان لە دیلانۆوە بۆ پایەتەختی ویلایەتی ساکرامنتو بڕی بۆ دەربڕینی نارەزایی لەدژی پژاندنی دەرمانی قەلاچۆکردنی جروجانەوەر و و پەینی کیمیایی بەسەر ڕێکخەرانی مانگرتنەکەدا، هەروەها بۆ

پروپاگەندەکردن بۆ بایکۆتکردنەکە. سەرلەئێوارەکان گردبوونەوەی گەورە بەدرێژایی ڕێگە ڕێک دەخرا و پلانی یەکەتییەکە بۆ حەشاماتەکە دەخوێنرایەوە:

ئێمە ئازار دەچێژین. ڕۆژێک دێ یەکدەگرین. ڕۆژێک دێ ماندەگرین، ڕۆژێک دێ سەردەکەوین. ڕێپێوانەکەمان ئەو دەنکە شقارتەیەیە کە کێشەکەمان ڕووناک دەکاتەوە تا هەموو کرێکارانی کشتوکاڵی ببینن لێرە چی ڕوو دەدا و جێپێی ئێمە هەڵگرن.

**ئەو مانگرتنانەی هەندێ دەستەی تایبەت ئەنجامیان دەدەن**

١- ڕەتکردنەوەی بێگاریکردن

هەندێ جار ئەو کەسانەی داوایان لێکراوە بەبێگاری (سوخرە) کارێک بۆ کەسانێکی تر بکەن، ئەو داوایەیان ڕەت کردووەتەوە. بێگارینەکردنەکە زیاتر بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی کارکردنی بێگار بووە، لەوەی مەبەست باشکردنی هەلومەرجی کارکردن بێ. ساڵی ١٩٢١ لە هەرێمی کوتجیری لە هند، هەڵمەتێکی ڕێکوپێک و ڕێکخراوی ناتوندوتیژانە دژ بە سیستمی کۆنی کارکردنی ناچاری ئەنجام درا. ئەو سیستمە ڕێگەی بە ئەوروپاییەکان دەدا داوا لە جووتیارە هەژارەکان بکەن هەندێ کاری قورس بکەن بەرامبەر بە کرێیەکی زۆر کەم، ئەمە جگە لەو زیانەی بەو کشتوکاڵە دەگەیشت کە هۆزە شاخنشینەکان دەیانکرد. داواکارییەکانی جووتیارەکان جێبەجێ کرا و کۆتوبەندی توند لەسەر جۆرەکانی ئەو خزمەتگوزارییانە دانرا کە ئەوروپاییەکان مافی داواکردنیان هەیە. هەروەها نرخی گونجاو بۆ هەر کارێک دانرا کە جووتیارەکان دەیکەن.

لەکاتی شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکادا، بەریتانیاییەکان هەوڵیان دا سیستمە فرەنساییە کۆنەکەی ناسراو بە کارکردنی زۆرەملێی خۆڕایی لە هەرێمی کیبیک زیندوو بکەنەوە. جووتیار و گوندنشینەکان لە ساڵی ١٧٧٦ تا ساڵی ١٧٧٨ بەردەوام بوون لە کارنەکردن لەسەر ڕێگەکان یان هەر کارێکی گواستنەوەی سەربازی. بەریتانیاییەکان دوای ئەوە یاساکەیان کێشایەوە و سیستمی بێگاریان هەڵوەشاندەوە و کرێی ئەو کەسانە درا کە لە ڕابردوودا کاریان پێ کرابوو.

ساڵی ١٧٨١ لە شاری یانگ کوی چینی، سینگ وانی زانا هانی گوندنشینەکانی دا واز لە دەرهێنانی قوڕ لە بنی ڕووبارەکە بێنن. لەگەڵ ئەوەیشدا گوندنشینەکان ڕووی توورەییان ئاراستەی موڵکە حکوومییەکان کرد، هێرشیان کردە سەر گرتووخانەکە و نووسینگەی بەرپرسی کۆکردنەوەی باجیان تێکوپێکدا.

٢- مانگرتنی زیندانییان

زیندانییان هەندێ جار ئەو کارە جێبەجێ ناکەن کە بەڕێوەبەرانی گرتووخانەکە داوایان لێدەکەن. لەوانەیە پاڵنەری ئەو بەگوێنەکردنە جۆرەوجۆربێ، وەک ناڕەزایی لە بوونیان لە زیندانەکەدا وەک

هەوڵێک بۆ باشترکردنی بارودۆخی تایبەتی ناو ئەو جێیە، یان هەر پاڵنەرێکی تر.

لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا چەند مانگرتنێک لەلایەن بانگەشەکارانی بایکۆتکردنی شەڕ لە گرتووخانەکانی ئەمەریکادا ڕوویاندا. یەکێ لەوانە لە گرتووخانەی چاکسازیی فیدراڵی لە دانبوری –ویلایەتی کۆنکتیکوت لە ١١ی ئابی ١٩٤٣ وەک نارەزایی لەسەر سیاسەتی رەسمیی پێوەندار بە جیاکاریی ڕەگەزی لە ژەمەکانی خواردندا بوو. پاش بەسەربردنی ١٣٣ ڕۆژ لە زیندانی تاکەکەسی لە گرتووخانەکانیاندا، کە تەنیا ڕێگەی ئەنجامدانی چەند مەشقێکی دیاریکراویان پێدەدرا، لەگەڵ پێدانی خواردنێکی خراپ و سەپاندنی کۆت و بەند بەسەر سەردانیکارانیاندا، زیندانییەکان تێبینییان کرد وردەوردە سیستمی کافتریا دەهێنرێتە ناو گرتووخانەکە و پێشبینییان کرد ئەم سیستمە نوێیە سیاسەتی جیاکاریی رەگەزی لەناو گرتووخانەکان بە هەمیشەیی هەڵبوەشێنێتەوە.

لە هاوینی ١٩٥٣ زیندانییانی کانەکانی خەڵووزی بەردین لە کێڵگە فرەوانەکەی ڤۆکۆرتا لە یەکەتیی سۆڤیەت، بۆ بەدەستهێنانی هەلومەرجێکی باشتری گوزەران مانگرتنێکیان ئەنجام دا .

٣- مانگرتنی پیشەیی (حرفي)

مانگرتنی پیشەداران بریتییە لەوەی کرێکارانی پیشەیەکی دیاریکراو لە شوێنێکی بازرگانی یان زیاتر لەسەر ئاستی ناوخۆیی یان نیشتمانی یان هەرێمی یان ناودەوڵەتی دەست لە کار هەڵدەگرن. مانگرتنی خاوەن پیشەکان کاتێ ڕوو دەدا کە سەندیکاکە لەباتی ئەوەی پیشەسازی بێ، پیشەیی بێ و هەموو کرێکارانی کارگەیەک یان پیشەسازییەک بگرێتەوە.

ساڵی ١٧٤١ نانەواکانی شاری نیویۆرک وەک نارەزایی لە دژی دیاریکردنی نرخی نان لەلایەن شارەوانیی شارەوە مانیان گرت، ئەوەیش یەکەم مانگرتنی ئەمەریکایی بوو. ساڵی ١٨٢٥ دارتاشە میاوەکانی شاری بۆستن بۆ داواکردنی ڕۆژانە ١٠ سەعات کارکردن مانیان گرت. لە مانگی کانونی دووەمی ١٨٩٠ زیاتر لە ٣٠٠٠ کرێکار لە کارگەکانی دروستکردنی ڕۆب لە نیویۆرک دژی هەلومەرجی کارکردن لە دامەزراوە پیشەسازییە بچووکەکاندا، کە بەنرخێکی کەم و لە هەلومەرجێکی ناتەندروستدا کار بە کرێکاران دەکەن، مانیان گرت. هەروەها ١٥ هەزار کرێکار لە کارگەکانی دروستکردنی جلوبەرگ و کراس لە شاری نیویۆرک لە نێوان مانگی تشرینی دووەمی ١٩٠٩ تا مانگی شوباتی ١٩١٠ مانیان گرت بۆ داواکردنی باشکردنی کرێ و هەلومەرجی کارکردن.

٤- مانگرتنی پیشەوەری (مهني)

لەوانەیە چەند کۆمەڵێ لە فەرمانبەران یان لە خاوەن پیشە ئازادەکان لە پیشەیەکی دیاریکراودا،

لەبەر هۆی ئابووری یان سیاسی و هی تر، مان بگرن. ئەگەر هۆی مانگرتنەکە سیاسی بێ، مانگرتنی پیشەوەری بەردەوام لەچوارچێوەی چەمکی خەباتێکی فرەوانتردا ڕوو دەدا، کە کۆمەڵانی تر و ڕێگەی تری ناتوندوتیژانە لەخۆ دەگرێ، کە لەوانەیە پێش، یان هاوکات یان پاش مانگرتنە پیشەوەرییانەکە بکەون.

لە دەوروبەری ساڵی ٢٦٠ی پاش زاین لە میسری کۆن مانگرتنی پیشەوەری ئەنجام دراوە، کە ڕوتوڤتزیف بەم شێوە باسی دەکا:

دابەزینی توندی هێزی کڕینی دراو بووە هۆی ڕاگەیاندنی مانگرتنی ڕەسمیی بەڕێوەبەرانی بانکەکانی ئاڵوگۆڕی دراو. ئەوانە دەرگەی بانکەکانیان داخست و وەرگرتن و گۆڕینەوەی دراوی ئیمپراتۆریەتیان ڕەت کردەوە. حکوومەت پەنای بۆ هەڕەشە و گوڕەشە و زۆرلێکردن برد و بەڕێوەبەری داراییی ڕۆمانی فەرمانێکی بۆ هەموو بانک و بۆرسەکان دەرکرد کە دەرگەکانیان بکەنەوە و هەموو پارەیەکی کانزایی، بەو مەرجەی ساختە و قەڵب نەبێ، وەربگرن و بیگۆڕنەوە. لەوە دەچێ کێشەکە نوێ نەبێ، چونکە بەڕێوەبەری دارایی، لەو فەرمانەی دەریکردبوو، ئاماژەی بەو غەرامانە کردبوو کە جەنابی حاکم لەو بارانەوە دیاریی کردبوون.

دەوروبەری ساڵی ٢٠٠ی پاش زاین، کاپتنی ئەو کەشتییانەی دانەوێڵەیان لە ئاسیای بچووکەوە بۆ ڕۆما دەگواستەوە هەڕەشەی ڕاگەیاندنی مانگرتنێکی پێشەوەرییان کرد ئەگەر بێت و هەندێ داواکارییان جێبەجێ نەکرێن. وەزیری خۆراک نامەیەک بۆ یەکێک لە فەرمانبەرە هەرێمییەکانی دەنووسێ، تێیدا دەڵێ کاپتنی ئەو کەشتییانەی چوونە پاڵ پێنج یەکەتییەکە، ورياييیان داوە لەوەی ئەگەر ئەو ستەمکارییانەی لەسەریانە چارەسەر نەکرێن، پاش ماوەیەکی کەم خزمەتگوزارییەکانیان ڕادەگرن.

لە چەندان بۆنەدا پارێزەران وەک بەشێک لە خەباتی سیاسی دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرتووە، بۆ نموونە کاتێ داوا لە دادگەکانی کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان کرا بە گوێرەی یاسای پوولەکان، پوولەکانی باج بەکار بێنن، دادگەکان جێبەجێکردنی فەرمانەکەیان ڕەت کردەوە، پارێزەرەکانیش لە هەوڵێکدا بۆ داخستنی دادگەکان بە ڕاگرتنی مومارەسەکردنی پیشەکەیان وەڵامیان دایەوە.

کاردانەوەی پارێزەرەکان لە سان پترسبۆرگ-ڕووسیا بەرامبەر یەکشەمی خوێناوی لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٠٥، ئەوە بوو ئامادەی دادگەکان نەدەبوون و نارەزاييینامەیەکیان دەرکرد و تێیدا سەرکۆنەی حکوومەتیان دەکرد کە بەزەیی نییە. لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا فەرمانبەرانی فەرمانگە جیاوازەکانی حکوومەت لە شارەکەدا مانیان گرت: کرێکارانی چاپی سەر بە وەزارەتی دەریا و ئەکتەران و فەرمانبەرانی بەندەر و گومرگەکان و فەرمانبەرە ناوەخۆییەکانی بانکی ناوەندی.

گـرووپی تریش پـەنایان بۆ مـانگرتـنی پیـشـەیی بردووە، لەوانە مـامـۆسـتـایان و پزیشـکان و فـەرمـانبـەرانی دەوڵەت. مامـۆسـتـایان لە هەرێمی مـایفیلد-ویلایەتی پەنسلڤانیـا لە هەردوو مـانگی کـانوونی دووەم و نیـسـانی ١٩٣٤دا مـانیـان گـرت، ئەویش پاش ئەوەی شـەش مـانگ و نیـو بەبێ مووچە کاریان کرد. هەروەها لە مـانگی کـانوونی یەکەمی ١٩٥٦، مـانگرتنی گشـتی و داخسـتنی تەواوەتیی ئابووری، دژ بە هەوڵەکەی سـەرۆکی بەهێزی کۆماری هایتی جەنەراڵ پۆڵ ماگلیـور بۆ مـانەوە لە دەسـەڵاتدا، وێڕای کـۆتـە دەسـتـوورییـەکـان، مـانـگرتنی فـەرمـانبـەرانی حکوومی و فـەرمـانبـەرانی بـانکەکـان و مـامـۆسـتـایان و ڕازینەبوونی پارێزەران بە پارێزبەندیکردن لەبەردەم دادگەکانی گرتەوە.

٥- ئەو مانگرتنەی دامەزراوەیەک دەگرێتەوە

ئەم ڕێگەیە ئەو مـانگرتنەیە کـە هەمـوو پیـشـەکـانی نـاو کـارگـەیەک یـان زیاتر، کـە یـەک ئیـدارە سەرپەرشتییان دەکا دەگرێتەوە، بە چاوپۆشین لە دابەشبوونی جوگرافیی ئەو کارگانە. لە نموونەی ئەو مـانگرتنەی دامـەزراوەیەک دەگرێتـەوە، ئەو مـانگرتنەیە کە لە هـەردوو مـانگی شـوبات و ئاداری ١٩٣٦دا کرێکارانی کۆمپـانیـای گـودییری تایە لە شـاری ئەکرۆن-ویلایەتـی ئۆهایۆ بۆ داواکردنی ئەوەی کۆمـپـانیـاکە دان بە سـەندیکاکەیاندا بنێ، ئەنجامیـان دا. هەروەها ئەو مـانگرتنەی ٥٠٠ فەرمـانبەری سـەر بە هێڵی ئاسـمانیی ئەسکەندەنافی لە نەرویج لـە هـەردوو مانگی ئادار و نیـسانی ١٩٥٤ بەهۆی زیادکردنی کرێکانەوە ئەنجامیان دا.

٦- ئەو مانگرتنەی پیشەسازییەک دەگرێتەوە

مـەبـەست لەم جـۆرە مـانگرتنە کـارنەکـردنە لە هەمـوو ئەو دامـەزراوانـەی لە پیـشـەسـازییـەکی دیاریکراودا کـار دەکەن، وەک کانزاکاری یان چاپکردن چ لە ناوەخـۆ یان ناوچەیەکی تر. چەندان جار مانگرتن پیشەسازییە ناوەخۆیی یان هەرێمییەکانی گرتووەتەوە، لەوانـە ئەو مانگرتنەی ساڵی ١٩٠٢ یەکەتیـی کرێکارانی کانەکان دژ بە کۆمپـانیـاکانی قۆرخکردنی ئەنتراسیت کـە لە ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی پەنسلڤـانیـا کـاریان دەکـرد، ئەنجـامـیـان دا، هـەروەها ئـەو مـانـگرتنەی سـاڵی ١٩١٢ کـرێکارانی کـارگـەکـانی چنین لـە لۆرانس-ویلایەتـی مـاسـاچوسـتس بـەسـەرکـردایەتیی کـرێکارە پیشـەسازییەکانی جیهان ئەنجامیان دا، ئەو مـانگرتنـەیش کرێکارانـی حەوزەکانی چاکردنەوەی کەشتی لە حوزەیران و تەمووزی ١٩٥٩ بەسەرکردایەتیی چەندان سەندیکا لە کۆڵۆمبۆ-سیلان پێی هەستان.

ئەو مـانگرتنەی یەکەتیی کـرێکارانی لەقوتوونـان ئەنجامیـان دا و بووە مـایەی داخسـتنی ٦٨ کارگەی لەقوتوونانی ئەندامی کۆمپانیاکانی لەقوتوونان لە باکوری کالیفۆرنیا.

نموونەی تریش هەن، لەوانە: ئەو مانگرتنانەی بە هەڵنانی حزبە سیاسییەکان لە کانەکانی خەڵووز لەکاتی شەڕی ڕوهەردا ئەنجام دران، مانگرتنی کرێکارانی حەوزەکانی چاککردنەوەی کەشتی لە هۆڵەندا لە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی شوباتی ١٩٤١ کە دەسەڵاتدارانی داگیرکەری ئەڵمانی ناچار کرد واز لە پلانی بەزۆر ڕاگواستنی کرێکاران بۆ ئەڵمانیا بێنن. ئەو مانگرتنەی کرێکارانی هێڵەکانی ئاسن لە هۆڵەندا ئەنجامیان دا کە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٤٤ دەستی پێ کرد و تا کۆتای ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بوو، کە حکوومەتی هۆڵەندایی لە تاراوگە بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی سوپاکانی هاوپەیمانان بانگەشەی بۆ کردبوو. هەروەها ئەو مانگرتنەی بزووتنەوەی کرێکارانی ئیسپانیایی لە کانەکانی ئەستوریان لە هەردوو مانگی نیسان و ئایاری ١٩٦٢ جێبەجێیان کرد.

٧- مانگرتنی هاوسۆزی

لە مانگرتنی هاوسۆزیدا کرێکاران دەست لەکار هەڵدەگرن، نەک بۆ یارمەتیدانی خۆیان بگرە بۆ پاڵپشتیی داواکانی هاوڕێکانیان لەڕێی دروستکردنی گوشارێکی زیادەوە لەسەر خاوەنکارەکە. لەوانەیە ئەندامانی هەردوو گرووپەکە لای هەمان خاوەنکار ئیش نەکەن، هەروەها لەوانەیە مانگرە هاوسۆزەکان بەسادەیی بڕوایان وابێ کە بەشداریکردنیان لە مانگرتنەکەدا لەوانەیە خاوەنکارەکانی تر، گەل یان حکوومەت ناچار بکەن گوشاری پێویست و ڕاستەوخۆ بخەنە سەر خاوەنکاری پێوەندار، تا داواکارییەکان جێبەجێ بکا.

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە بەکارهێنانی مانگرتنی هاوسۆزی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٥دا دەستی پێ کردووە، ئەگەرچی تا ساڵی ١٨٨٦ ئەم ناوەی ئێستە بەکار نەهات. لە بەریتانیا مانگرتنەکانی دەربڕینی هاوسۆزی لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٤٦ بە نایاسایی دانراون.

فەرید هال لە باسکردنی پاڵنەرەکانی مانگرتنی هاوسۆزیدا دەڵێ: مانگرتنی هاوسۆزی ناوەکەی تەنیا لەوەوە وەرنەگرتووە کە پاڵنەرەکەی دەربڕینی هاوسۆزییە، بەڵکو بەتایبەت لەبەرئەوەیە پاڵنەرەکەی دوورە لە خۆپەرستی. مانگری ئاسایی نارەزایی لەدژی ستەمێک دەردەبڕێ کە کار لە هاوڕێکانی دەکا یان هەڕەشەی کارتێکردنیان دەکا و لەو بڕوایەدایە بە حەتمی لە داهاتوودا کار لەویش دەکا. مانگرانی هاوسۆز نارەزایی دژی هەڵوێستی خاوەنکار لە خۆیان دەرنابڕن، بگرە دژی هەڵوێستی بەرامبەر هەندێ لایەنی تر، کە هەڵوێستێکە دژایەتیی بزووتنەوەی کرێکاری دەکا.

وەک نموونە لەسەر ئەم جۆرە مانگرتنە دەتوانین ئاماژە بە مانگرتنی کرێکارانی هێڵی ئاسن بکەین لە ساڵی ١٨٨٦دا، کە بەشێوەیەکی هاوسۆزانە پەلی هاویشت و هەموو هێڵەکانی ئاسنی گرتەوە. ئەو مانگرتنەی ساڵی ١٩٢٤ کرێکارانی کارگەکانی کاغەز لە نەرویج ئەنجامیان دا وەک هاوسۆزییەک لەگەڵ کرێکارانی گواستنەوە، کە ڕێگەی چوونە سەر کاریان لێ گیرابوو. لە

تەمووزی ١٩٠٣ لە ڕووسیای قەیسەری مانگرتنی هاوسۆزی لەگەڵ ئۆدیسا و کیێف و نیقۆلایف و ئیکاترینوسلاف ئەنجام درا وەک پاڵپشتی لەو مانگرتنانەی لەپێناو زیادکردنی کرێ و کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کارکردن لە هەریەک لە باکۆ و تفلیس و باتوم ڕاگەیەنرابوون.

لە حاڵەتێکی نائاساییشدا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٤٤ کرێکارانی هێڵی ئاسن لە گواتیمالا مانگرتنی هاوسۆزییان ئەنجام دا بۆ پاڵپشتیکردنی مانگرتنی قوتابییان لە زانکۆی نیشتمانی. ئامانجی ڕاگەیەنراو لەم مانگرتنە لابردنی سەرۆکی زانکۆ بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی بنچینەیی لابردنی جۆرج یۆبیکۆی سەرکۆمار بوو، پاش ئەوەی کارکردنی بە پێنج مادەی دەستوور ڕاگرت کە پێوەندییان بە ئازادییە سیاسییەکانەوە هەبوو لەگەڵ ئەو بەرەنجامانەی لێی کەوتنەوە.

## مانگرتنە سنووردارەکان

١- مانگرتنی جیاجیا

بەپێی ڕێگەی مانگرتنی جیاجیا، وەک لە ناوەکەی دەخوێنرێتەوە، کرێکاران یەک لە دوای یەک دەست لە کارکردن هەڵدەگرن، یان خۆیان بۆ جێیەکی تر دەگوازنەوە تا خاوەنکارەکە ناچار دەبێ لە سکاڵا و داواکانیان بکۆڵێتەوە. سەندیکاکانی پیشەداران لە بەریتانیا لە ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەیەمدا ئەم جۆرە مانگرتنەیان ئەنجام دا: مانگرتنی کرێکارانی کارگەکانی شووشە لە ساڵانی پاش ساڵی ١٨٥٤, ئەو کۆوارەی بەناویانەوە دەردەچوو بەم جۆرە باس لە کاریگەریی مانگرتنەکان دەکا: لەگەڵ دەستهەڵگرتنی یەک لەدوای یەکی کرێکارەکان لە کار، گیانی لووتبەرزی و خۆبەزلزانین لای ستەمکار لاواز دەبێ و هەست بەو هێزە دەکا کە حەز لە بینینی ناکا.

بەگوتەی هیللەر، وا دانراوە دەستەواژەی مانگرتنی جیاجیا هەر وازهێنانی پلەبەپلە لە کارکردن دەگرێتەوە، کە لەلایەن کەسانێکەوە جێبەجێ دەکرێ لە کێشەیەکەوە گلاون. لەوانەیە مانگرتنەکە چەند کارگەیەک بگرێتەوە کە لە هەمان پیشەسازی یان چەند پیشەسازییەکدا کار دەکەن و دەکرێ بەو شێوەیە ڕێک بخرێ کرێکارانی کارگەیەک لە ماوەی چەند ڕۆژ یان چەند هەفتەیەکی لەدوای یەکدا، یەک لەدوای یەک واز لە کارکردن بێنن، ئەوەیش ئەگەری ئەوەی لێدەکرێ بەشێنەیی بەرەو ئەوە بچێ مانگرتنەکە ببێتە سەرتاسەری. هەروەها دەرفەتی ئەوەیش دەڕەخسێنێ پێش لەوەی هەموو کرێکارەکان واز بێنن چارەسەرێک بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە.

ئەم ڕێگەیە بە شێوەیەکی تریش ئەنجام دەدرێ، ئەویش بەوەی ڕۆژانە لەباتیی کرێکارێک، ژمارەیەک کرێکاری کارگەیەک مان لە کارکردن بگرن، بەشێوەیەک زیادبوونی پلەبەپلەی ژمارەکەیان هەموو کرێکارانی ئەو کارگەیە بگرێتەوە.

ئەم ڕێگەیە توانا دەداتە سەندیکا کرێکارییەکان تا هێزی خۆیان دابگرنە سەر چەند خاڵێک،

هەندێ کـارگـە یان دامــەزراوەی دیاریکراو، لەکـاتێکدا کـرێکارانی تر لە کـارگـە یـان دامـەزراوە بازرگانییەکەدا لە کارکردن بەردەوامن، یان خۆیان بە بێکاری دەبیننەوە بەهۆی مانگرتنێکەوە کە لەڕووی تەکنیکەوە بەشدارییان تێدا نەکردووە، لێرەشـەوە ئەمـانە لە هەندێ وڵات مـافی وەرگرتنی هاوکاریی بێکارییان هەیە.

لەو مـانگرتنە جیاجیایانە: مـانگرتنی یەکەتیی کرێکارانی کارگەکانی ئۆتۆمبـێل لە کارگەی جەنەراڵ مۆتۆرز لە فلینت-میچیگان لە هاوینی ١٩٣٨، تێیدا تەنیا کرێکارانی تۆڕنە مـانیان گرت. بەپێی سیستـمەکانی ئێستـە کرێکارانی ماننەگرتووی بەرهـەمـهێنان کە بێکار دەبن، دەتوانن مووچەی دڵنیاییی بێکاری وەربگرن. مانگرتنی جیاجیای یەکەتیی کرێکارانی کارگەکانی جگەرەی ئەمـەریکا لە سـاڵی ١٨٨٦. هەروەها مـانگرتنی کرێکارانی کـارگـەکـانی جلوبەرگ لە نیـویۆرک لە ساڵی ١٩١٤، کە تێیدا بۆ دەرخستنی هێزی کرێکاران و بەدیهێنانی باشترین کاریگەری، ڕۆژێک کرێکارانی دروستکردنی پانتۆڵ مـانیان دەگرت، ڕۆژی دوای ئەوە کرێکارانی دروستـکردنی کراس و ڕۆژی دواتریش کرێکارانی دروستکردنی پاڵتۆ مانیان دەگرت.

٢- مـانگرتنی شۆک

جۆرێکە لە جۆرەکـانی مـانگرتن تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بە مـانگرتنی جیـاجیـاوە هەیە، تێیدا سـەندیکای کرێکاران مـانگرتن لە دامـەزراوەیەکدا ڕادەگەیەنێ کە کار لە پیشـەسـازییـەکدا دەکا لەیەک کـاتدا. جـا لەڕێی مـامـەڵەکـردن لەگـەڵ دامـەزراوەکـاندا بەجیـا، سـەندیکای کـرێکاران ئەو دامـەزراوەیەی مـانگرتنەکـەی تێدا ڕاگـەیاندووە لە مـاوەی مـانگرتنەکـەدا تووشی سـەرقـاڵکردنی ڕکابەرەکانی دەکا.

ڕێگەی مانگرتنی شۆک ساڵی ١٩٤٦ لە دروستکردنی ئامێری ڕادیۆدا لە بەریتانیا بەکار هات.

٣- مـانگرتنی خاوکردنەوە

یان کارکردن بەخـاوی: لەباتیی وازهێنـان و ڕاگرتنی کـارەکە، کـرێکارەکـان بەخـاووخلیـچکی ئەو کارانە دەکەن کە پێیـان دەسپێردرێ، بەشێـوەیەک توانی کارگەکە بە ڕادەیەکی زۆر دادەبەزێ. ئەم مانگرتنە لە دامەزراوەی پیشـەسازیدا کار لە قازانج دەکا و لە فەرمانگەکانی حکوومەتیشدا توانی ڕیژیم لە دەسـەڵاتداریکردن کەم دەکاتەوە.

لە لێدوانەکانی کۆیلەکانی پێشوو و هی تریشدا نمـوونە هـەن لەبارەی مانگرتنی خاوکردنەوە کە کۆیلە ئەفریقیـاییـەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا ئەنجامـیان دەدا. ڕیمون و ئەلیس باوەر نموونەکانیان بەم شێوەیە کورت کردووەتەوە:

بێگومـان خاوەخـاوکردنی کۆیلەکان لە کـارکردندا بـەگشـتی زیانێکی داراییی گەورەی بە خـاوەن

کێڵگەکان گەیاندووە. تاکە ڕێگەی بەردەست بۆ خەملاندنی بڕی ئەو زیانانە بەراوردکردنی ئەو کارەیە لە کێڵگە جیاوازەکان و سیستمە جیاوازەکانی کاردا ئەنجام دراوە. بەیاننامەکە بەزۆری باس لەوە دەکا لە یەکێک لە کێڵگەکاندا بەرهەمهێنان هەندێ جار گەیشتووەتە ١٠٠٪.

بەراوردکردنی بەرهەمی کۆیلەکان لە ناوچە جیاجیاکانی باشوور دەریخستووە گۆڕانەکان لە ١٠٠٪ تێپەڕیان کردووە.

کۆیلەکانی زەوی لە ڕووسیا لە ساڵی ١٨٥٩ نەیاریی خۆیان بۆ سیستمی کۆیلایەتیی زەوی دەربڕی، ئەویش لەڕێی کارکردنی کەمترەوە. هەروەها لە هەفتە یەکەمەکانی ساڵی ١٨٦١، واتە دوو ساڵ پاشتر و لە ئەنجامی پێدانی گفتێکی ڕاشکاوانە بە ئازادکردنیان، کاری بێگاریان بەئەنقەست بە خاووخلیچکی دەکرد.

ئەو کارانەی بڕوایان وابوو بەو نێزیکانە لە کۆڵیان دەبێتەوە بە سستییەکی زیاد و مینجەمینجێکی زیاترەوە دەکرد. مانگرتنێکی خۆبەخۆییش بەدوای ئەوەدا هات بەمەبەستی سووککردنی کۆتەکانی کۆیلایەتییەکەیان و ملکەچکردنی بۆ دەسەڵاتدارانی ناوەخۆیی ناڕوونتر کرد و لەگەڵیشیدا ملکەچنەکردنی ڕوون بۆ ئێدارەی خاوەن زەوییەکان، کە پاشتر جێی ئەوەی پێشووی گرتەوە.

فرانز نیومان مانگرتنی خاوکردنەوەی بە ڕێگەیەکی یەکلاکەرەوە لە شەڕی سەندیکاییەکان لەقەڵەم داوە و ئاماژەی بەوە داوە یەکەمین بەکارهێنانی فرەوانی ئەم مانگرتنە لە کێشە پیشەسازییەکاندا، کرێکارانی هێڵی ئاسن لەئیتاڵیا ساڵی ١٨٥٩ ئەنجامیان دا. بەڵام ئێمە دەزانین ئەم جۆرە مانگرتنە ساڵی ١٨٨٩ لەلایەن کرێکارانی حەوزەکانی دروستکردن و چاککردنەوەی کەشتی لە شاری گلاسکۆ بەکار هاتووە، پاش ئەوەی مانگرتنێکی شکستخواردوویان ئەنجام د.

لەکاتی داگیرکردنی نازیدا، کرێکارانی کارگەکان لە هۆڵەندا خاووخلیچکییان لە کارکردندا دەنواند، نەخاسمە کاتێ ناچار دەکران لە ئەڵمانیا کار بکەن. ساڵی ١٩٤٢ سێر ستافۆرد کریبس بانگەوازێکی ئاراستەی کرێکاران لە ئەورووپای داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی نازییەکان کرد، کە بە خاوی کار بکەن. گۆبڵز پێی وابوو بێدەنگی باشترین ڕێگەیە بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو بانگەوازە، ئەوکات لە یاداشتەکانیدا نووسیی دروشمی کارکردن بەخاوی کاریگەرترە لە دروشمی کارکردن بەخێرایی.

وادیارە کرێکارە ئەڵمانەکان خۆیشیان ساڵانی ١٩٣٨ و ١٩٣٩ پەنایان بۆ مانگرتنی خاوکردنەوە بەشێوەیەکی بەهێز بردووە. ئەو مانگرتنانە کە کرێکارانی کانەکانی خەڵووز لەو ماوەیەدا ئەنجامیان دا، بووە مایەی دابەزێکی بەرچاوی بەرهەم، ئەوەیش وای لە حکوومەت کرد دەست بداتە چەند هەڵمەتێک بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەم و خەرجکردنی زیادەکرێیەکی بەرچاو.

هەروەها سڕکردنی کرێ لە ئەیلوولی ١٩٣٩ و هەلومەرجی زۆر نالەباری کار و نیازی ئاشکرای ڕژێم، لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕ، بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو دەسکەوتە کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی دەیان ساڵ خەباتی کۆمەڵایەتیدا بەدی هاتبوون، مانگرتنێکی هاوشێوە و بەرفرەوانتری لەلایەن کرێکارانی ئەڵمانەوە لێکەوتەوە. نیومان دەنووسێ:

لەم خاڵەدا، وادیارە بەرگریکردنی نێگەتیڤ بە فرەوانی دەستی پێ کردووە، دەبوو ئەو ڕژێمە سیاسییە لە هەموو بەرەکانەوە پاشەکشە بکا و خۆ بەدەستەوە بدا. لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩، سیستمی پێدانی زیادەکرێ بەرامبەر کارکردن لە ڕۆژانی پشووی ڕەسمی یان ڕۆژی یەکشەم و کاری شەوانە و زیادەکارکردنی ڕۆژانە گەڕایەوە، تەنانەت قەرەبووکردنەوەی ئەو کرێکارانەی پێشتر زیانیان پێ گەیشتووە.

لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٩، دەبوو ڕیژیمی سیاسی یاسای نوێ بۆ کار و سەعاتەکانی کارکردن دابنێ و پارێزگاریی زیاتر لە ئافرەت و نەوجەوان و کرێکاران بەگشتی بکا.

لە چیکۆسلۆڤاکیای داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی نازیەکان، هەڵمەتێکی سستیکردن لە کار ئەنجام درا، تێیدا کرێکارەکان خۆیان لە کار دەدزییەوە، یان هێواشتر کارەکانیان دەکرد.

٤- ئەو مانگرتنەی بە ڕواڵەت پابەندە بە ڕێساکانی دەزگەکەوە

ئەو مانگرتنەی بە ڕواڵەت پابەند دەبێ بە ڕێساکانی دەزگەکەوە، جێبەجێکردنی دەقاودەقی فەرمانەکانە، بەشێوەیەک ئامانج تێیدا پەکخستنی بەرهەمهێنان و دابەزاندنی قازانجی خاوەنکارەکەیە. کرێکاران لە شوێنەکانی خۆیان دەمێننەوە و بە وردی پابەند دەبن بە ڕێسا و سیستمەکانی تایبەت بە سەندیکا و خاوەنکارەکە و مەرجەکانی گرێبەستی کارکردنی پێوەست بە چۆنیەتیی کارکردن و سیستمی سەلامەتی و هەر سیستمێکی تریش، لە ئەنجامی ئەم پابەندبوونەشیان بەشێکی کەم لە بەرهەمی ئاسایی بەرهەم دێنن. بەم شێوەیەش ئەم ڕێگەیە دەبێتە شێوەیەکی تر لە مانگرتنی خاوکردنەوە کە لەژێر پەردەی ئەنجامدانی کار بە باشترین شێوەدا ئەنجام دەدرێ.

نیومان کە ئەم جۆرە مانگرتنە لەگەڵ مانگرتنی فرە مەوداتری خاوکردنەوە ئاوێتە دەکا، دەڵێ ئەم جۆرە مانگرتنە بە سەرکەوتوویی لەلایەن کرێکارانی هێڵی ئاسن لە نەمسا لە ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩٠٦ و ١٩٠٧ جێبەجێ کرا لەڕێی پابەندبوونی ورد بە هەموو سیستمەکانی هاتوچۆ و سەلامەتی(٢٤٦). هەروەها ئەم جۆرە مانگرتنە لە زنجیرەیەک کێشەی جیهانی لە هێڵە ئاسنینەکانی بەریتانیادا بەکار هاتووە پێش لەو مانگرتنە گشتییەی ساڵی ١٩٢٦ ڕاگەیەنرا، هەروەها لەکاتی کێشە لەسەر کرێ لە هێڵی ئاسنی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٤٩,

٥-مانگرتنی خۆ نەخۆش خستن

کاتێ مانگرتن بەپێی یاسا یان مەرسوم یان گرێبەستی کار قەدەخە دەبێ، یان لەبەر هەر هۆیەکی تر نەکرێ ئەنجام بدرێ، کرێکاران دەتوانن بنەماکانی مانگرتنی خاوکردنەوە تا دەگاتە نیوە مانگرتنی تەواو بەدی بێنن، ئەویش لەڕێی خۆنەخۆش خستنەوە. ئەم ڕێگەیە بە ڕێگەیەکی بەکەڵک دادەنرێ بەتایبەت کاتێ بەپێی گرێبەستی کار یاخۆ یاسا کرێکار مۆڵەتی نەخۆشیی هەیە لەلایەک و لەلایەکی تریش کاتێ مانگرتن قەدەخە بێ.

ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە کردووە زۆر زۆر حاڵەتی خۆنەخۆش خستن لە ڕیزی کۆیلە ئەفریقیاییەکان لە ویلایەتەکانی باشووری ئەمەریکا ڕوویان داوە و کاریگەریی ئابووریی گەورەیان هەبووە. هەندێ جار ڕێژەی خۆنەخۆشخەران یەک نەخۆش بووە بەرامبەر حەوت ساغ. کۆیلەکان بەزۆری ڕۆژی شەممە نەخۆش دەکەوتن، بەڵام بەدەگمەن ڕۆژانی یەکشەم، کە ڕۆژی کارکردنی ئاسایی نەبوو نەخۆش نەدەکەوتن. وێڕای بوونی چەندان حاڵەتی نەخۆشیی ڕاستەقینە، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆر حاڵەتیان درۆ بوون و بۆ خۆڕزگارکردن لە کار، نەگواستنەوە بۆ گەورەیەکی نوێی نەویستراو، یان تۆڵە کردنەوە بوون لە گەورەکەی لەڕێی بانگەشەکردنی توشبوونی کۆیلەکە بە نەخۆشییەک لەکاتی فرۆشتنی لە مەزادخانەدا، بەوەیش بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا. ئەو ئافرەتانەی دەیانگوت دوو گیانن داوایان لێدەکرا کاری قورس نەکەن و خواردنی زیاتریان دەدرایە.

لەو بارەوە ڕیمۆن و ئەلیس باوەر دەڵێن: هەندێ لە حاڵەتەکانی خۆنەخۆش خستن ئاشکرا بوون، مرۆڤ سەری سوور دەما کە بۆچی بوار بەم جۆرە فرتوفێڵە ئاشکرایانە دەدرێ. بەڵام کۆیلە وەبەرهێنانێکی ئابووریی گرینگ بوو، بۆیە زۆربەی خاوەن کۆیلەکان هەستیان دەکرد لەبەر نەبوونی بەڵگە لەسەر درۆکردنی، وا باشترە باوەڕ بە ڕاستیی بانگەشەکردنی نەخۆشبوونی کۆیلەکەی بێنێ، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بمرێ ئەگەر بێت و بەڕاستی نەخۆش بێ و بەزۆر ببرێ بۆ سەر کار.

حاڵەتێکی تری لەم شێوەیە لە چین لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٥٢دا ڕووی دا. لەم حاڵەتەدا کرێکاران وێڕای بوونی سەندیکایەکی سەربەخۆ بەرگرییان لێبکا، توانییان تواناکانیان بەهۆی هێزی ژمارەکانیانەوە بپارێزن. کرێکاران وردەوردە فێری بەرگریکردنی نێگەتیڤ بوون، کە ئەگەر چی هەرگیز لەسەر بنەمای پلان و ڕێکخستن نەبووە بەڵام بوو بە کێشەیەکی مەترسیدار بۆ ڕژێمی دەسەڵاتدار. سەرەتا بەرگریکردنی نێگەتیڤ لەشێوەی مانگرتنی خاوکردنەوەدا بوو. کرێکاران وا دیار بوون کە بەتەواوی چالاکی و دڵگەرمییەوە کار دەکەن بەو شێوەیەی دەسەڵاتداران دەیانەوێ، بەڵام بڕ و جۆری بەرهەم بەشێوەیەکی بەرچاو دادەبەزی.

لە بواری بەرگریکردنی نێگەتیڤدا، ئامادە نەبوونی ڕوو لە زیاد لەسەر کار بوو بە دیاردەیەکی جێسەرنج. کرێکاران سوودیان لە مادەیەکی یاسای دڵنیاییی کرێکاران بینی کە دەڵێ بەشێکی

کەم لە کرێی کرێکار دەبڕێ ئەگەر مۆڵەتی نەخۆشیی پێدرابێ، هەر بۆیە ڕیزی درێژیان لە دەرەوەی عیادە پزیشکییەکان بۆ وەرگرتنی مۆڵەت دەبەست. زۆربەی نەخۆشەکان هەندێ نیشانەی نەخۆشییان هەبوو کە دەستنیشان ناکرێن، بۆیە پزیشکەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک مۆڵەتی پزیشکیان دەدانێ.

پزیشکەکان لە نێوان پاڵەپەستۆی ڕەسمی و بەرپرسیارییەتیی یاسایی لە بارێکدا ڕووداوێک لە نەخۆشێکی ڕاستەقینە ڕوویدا لەپاش ڕەتکردنەوەی پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی، سەریان لێشێوابوو و زیاتر مەیلیان لە پێدانی مۆڵەتەکان بوو. ڕێژەی غایببوون لەکار لە ژمارەیەکی زۆر لە کارگەکان گەیشتە ٢٠٪.

پاش ئەوەی لێژنەی تەندروستیی یەکەتییە کرێکارییەکان چەند نێردەیەکیان بۆ سەردانی هەر کرێکارێکی نەخۆش ڕێک خست تا بزانێ ئاخۆ بەڕاستی نەخۆشە یا نا، ڕێژەی غایببوون لە ژمارەیەک لە ئاشەکان لە ١٦٪وە بۆ ٥٪ دابەزی، بەڵام زۆری نەبرد بۆ ڕێژەکەی پێشوو بەرز بوویەوە پاش ئەوەی خێزانەکان فێربوون چۆن چاودێریی سەردانی نێردەکە بکەن. ئەندامێکی ئەو لێژنەیە گوتی کاتێ دەگەیشتینە ماڵی نەخۆشەکە، بەردەوام دەمانبینی لەبەر ئازاری توند دەناڵێنی.

٦- مانگرتن لەڕێی دەست لەکارکێشانەوە

مانگرتن لەڕێی دەست لەکارکێشانەوە ڕێگەیەکی ترە بۆ بازدان بەسەر قەدەخەکردنی یاسایی یان گرێبەستیی مانگرتن و دەکرێ لە هەندێ بۆنەی دیاریکراودا پەنای بۆ ببرێ.

بەپێی ئەم ڕێگەیە، ڕێژەیەکی گرینگ لە فەرمانبەران بەتاکەکەسی و بەڕەسمی دەست لەکار دەکێشنەوە. دەکرێ ئەم جموجووڵە کاتبەند بکرێ بەشێوەیەک مێژووی جێبەجێکرانی دەست لەکارکێشانەوەکان بە چەند قۆناخێک بێ، بەشێوەیەک ژمارەی فەرمانبەرە دەست لەکار کێشاوەکان ڕوو لە زیادکردن بێ. هەروەک دەکرێ هەموو فەرمانبەران لە یەک کاتدا دەست لەکار بکێشنەوە.

لە کۆتای مانگی ئابی ١٩٦٧ لە شاری هافرهیل-ویلایەتی ماساچوسیتس ٨٥ پەرستاری کوڕ و کچ لە کۆی ١٧٥ کەس کە لە نەخۆشخانەی شارەکەدا کاریان دەکرد دەست لەکارکێشانەوەیان پێشکێش کرد، ئەویش پاش شکستهێنانی دانوستاندنەکان لەبارەی مووچە و بارودۆخی کار. ٥٨ دەستکێشانەوەیان دەستبەجێ جێبەجێ کرا، بەڵام جێبەجێکردنی ئەوانی تر بۆ چەند هەفتەیەک دوا خرا. ئەوە یەکەم حاڵەتی دەست لەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵی پەرستاران بوو لەکاتی دانوستاندنەکان لەبارەی مووچە لەگەڵ حکوومەتی ویلایەتەکەدا. سەرۆکی شارەوانیی شارەکە ڕایگەیاند ئەو ڕەفتارەی پەرستارەکان لەگەڵ مانگرتن یەکسانە.

٧- مانگرتنی سنووردار

لە مانگرتنی سنووردارردا کرێکاران زۆربەی کارە ئاساییەکانیان بە باشی ئەنجام دەدەن، بەڵام هەندێ کاری پەراوێزیی دیاریکراو لە چوارچێوەی سەعاتە بڕیاردراوەکانی کارکردن یان لە دەرەوەیاندا، واز لێدێنن. یان ئامادە نین لە هەندێ ڕۆژی دیاریکراودا کار بکەن. شێمانە هەیە ئەم مانگرتنە نەکردنی سەعاتە کاری زیادە بگرێتەوە. هەندێ جار کرێکارانی گواستنەوە ڕەتیان کردووەتەوە دوایین ئۆتۆمبێل لە خشتەی ئۆتۆمبێلە گشتییەکان دابگیرسێنن، ئەوەیش بۆ ماوەیەک کە پێشوەخت دیاری کراوە، یان تا چارەسەرێک دەدۆزرێتەوە.

ساڵی ١٨٧٠ کرێکارانی کانەکان لە شاری فایفشایر-سکوتلەندا ڕەتیان کردەوە ڕۆژانە لە هەشت سەعات زیاتر کار بکەن.

کرێکاران لە شاری سان پترسبۆرگ لە هەردوو مانگی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٥دا توانییان سیستمی هەشت سەعات کار لە ڕۆژێکدا بسەپێنن، ئەویش بەوەی پاش هەشت سەعات لە گەیشتنە سەر کار بە سانایی دەستیان لەکار هەڵدەگرت.

لە مانگرتنە سنووردارەکاندا کارکردن لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراو ڕەت کراوەتەوە، وەک مانگرتنەکانی ڕۆژانی یەکشەم لەلایەن کرێکارانی هێڵی ئاسن لە بەریتانیا لە ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٤٩، هەروەها وەک مانگرتنی ڕۆژە بەدیلەکان لەلایەن کرێکارانی هێڵی ئاسن لە ئەرجەنیتن لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٧.

ساڵی ١٩٤٢ کرێکارانی کانەکانی هۆڵەندا لە هەرێمی لیمبۆرگی زۆرینە کاتۆلیک ڕەتیان کردەوە ڕۆژانی یەکشەم کار بکەن، ئەوەیش نەک لەبەر هۆکاری ئاینی، بەڵکو بۆ دەربڕینی نارەزایی لەدژی داگیرکردنی نازی بۆ وڵاتەکەیان.

پاش ئەوەی بەرپرسانی ئەڵمانیایی لە دانیمارک لەکاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا بە هەڵمەتی لەسێدارەدان و قەدەخەکردنی کۆبوونەوە و گردبوونەوە و هاتوچۆ لە سەعات هەشتی ئێوارەوە تا پێنجی بەیانی وەڵامی نارەزاییی ڕوولەزیادی گەل و کاری تێکدەرانەیان دەدایەوە، کرێکارانی حەوزەکانی دروستکردنی کەشتی لە کۆپنهاگن بە جۆرێک لە مانگرتنی سنووردار وەڵامی ئەم سیاسەتەیان دایەوە: لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٤ شوێنی کارکردنەکانیان بەجێ هێشت و نامەیەکیان بۆ سەنتەری فەرماندەیی ئەڵمانیا نارد و ڕایانگەیاند، لەبەرئەوەی ئەڵمانەکان نەیانتوانیوە خواردنی پێویستیان بۆ ئامادە بکەن، ناچار بوون باخچەکانی چواردەوری ماڵەکانیان بکێڵن، بۆیە پێویستە زوو شوێنی کارەکانیان بەجێ بێڵن. لە نامەکەیاندا نەیانگوت مانیان گرتووە، بەڵگو گوتیان ئەو پەتاتە و سەوزەیەی لە باخچەکانیان دەیچننەوە بەلایانەوە گرینگترە لە پیشەسازیی شەڕیی ئەڵمانیا. ئەم مانگرتنانە بە مانگرتنی زوو گەڕانەوە بۆ ماڵ ناسرا.

٨- مانگرتنی هەڵبژاردەیی (انتقائي)

کرێکاران لە حاڵەتی مانگرتنی هەڵبژاردەییدا مان لە ئەنجامدانی هەندێ کاری دیاریکراو دەگرن، ئەوەیش بەزۆری لەبەر هۆی سیاسییە، نارەزاییەکە ئاراستەی کارەکە خۆی دەکرێ نەک سەعاتەکانی کار و هەلومەرجەکانی و شتی لەو شێوەیە. کەواتە ئامانج لە مانگرتنی هەڵبژاردەیی لە هەمان کاتدا ڕێگرتنە لە جێبەجێکردنی کارەکە و هاندانی خاوەنکارەکەیە تا لە داهاتوودا داوای ئەنجامدانی ئەو کارە نەکا.

یەکەم نموونەی مانگرتنی هەڵبژاردەیی لە کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان لە ماوەی نێوان دیاریکردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی یەکەمی کۆڵۆنییەکان و دواخستنی کۆنگرەکە لە ٢٦ی تشرینی یەکەمدا ڕووی دا.

ئارتەر شلیسنجەر لەبارەی ئەوەی لە هەرێمە بازرگانییەکان ڕووی دا دەنووسێ: پەرەسەندنە هەرە سەرسوڕهێنەرەکە بریتی بوو لەو بڕیارە یەکگرتووەی کرێکاران لە دوو شاری سەرەکیدا دایان، بە کارنەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانیایی لە بۆستن.

لە سەرەتاکانی مانگی ئەیلوولی ١٧٧٤ حاکم کینگ هەوڵی دا کۆمەڵێ کرێکاری بۆستن لە سەنگەرلێداندا بەکار بێنێ، بەڵام ڕووی لە هەر کوێ دەکرد دەست بە ڕوویەوە دەنرا. کرێکاران لە شاری نیویۆرک قایل کران نەچن بۆ بۆستن بۆ کارکردن لەو سەنگەرلێدانانەدا. هەروەک سەرکەوتنەکانی جەنەراڵ کینگ زۆر درێژەیان نەکێشا لە قایلکردنی ژمارەیەک دارتاش و بیناسازی بۆستن بۆ چەند ڕۆژێک کارکردن لە سەربازگەکانی سوپای بەریتانیا، چونکە ئەوانە کارەکەیان بەجێ هێشت و کۆبوونەوەیەک کە لێژنەی ١٣ شاری لەخۆ گرتبوو بڕیاری بایکۆتکردنی کرێکارانەی بەریتانیای دا.

نوێنەرانی ئەو شارانە بڕیاریان دا هەر کەسێک لە ویلایەتی ماساچوسیتس یان هەر ویلایەتێکی تر کرێکار یان کەرەستە بداتە سوپای بەریتانیا، تا بتوانێ هاووڵاتییان بێزار بکا یان ئازاریان پێ بگەیەنێ، ئەو کەسە بە سەرسەختترین دوژمن دادەنرێ و پێویستە بەزۆر وەستاندنی یارمەتیدانەکەی بەسەردا بسەپێنرێ. شارە سەرەکییە بەشدارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چەند لێژنەیەکی چاودێری و قەدەخەکردنیان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی بایکۆتکردنە کرێکارانەکە دامەزراند و بڕیارەکان بۆ گشت شارەکانی ویلایەتەکە نێردران، بەو هۆیەوە بایکۆتکردنە کرێکارییەکە کارا کرا.

دروستکردنی سەربازگەکە تا مانگی تشرینی دووەم تەواو نەبوو، ئەویش تەنیا ئەوکاتەی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا کرێکاریان لە هەرێمی نیوسکوتیاوە هێنا لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە هەرێمی نیوهامبشایر.

لە چەند حاڵەتێکی تردا، کرێکارانی هێڵی ئاسن لە ئەڵمانیا گت (امتناع)یان کرد لە بەڕێکردنی شەمەندەفەرەکانی خەڵووز لەکاتی شەڕی ڕووهەردا، فەرمانبەرانی کۆمپانیاکانی دەریاوانیش چوونە پاڵیان لە نەگواستنەوەی خەڵووزدا. کاتێ دەسەڵاتی داگیرکەر لە ئاداری ١٩٢٣ ئیدارەیەکی فرەنسایی–بەلجیکاییی بۆ هێڵی ئاسنین لە ناوچەکەدا دامەزراند، لە کۆی ١٧ هەزار کەس، تەنیا ٤٠٠ فەرمانبەر کە پێش لە داگیرکردن لەوانەی لە هێڵی ئاسنیندا کاریان دەکرد ڕازی بوون کار لەگەڵ ئەو ئیدارە نوێیەدا بکەن.

لە ئابی ١٩٤٣دا، کرێکارانی حەوزەکانی چاکردنەوەی کەشتییە دانیمارکییەکان لە بەندەری ئۆدانس گتیان کرد لە چاکردنەوەی کەشتییە ئەڵمانییەکان. لە هاوینی ١٩٦٣ لە شاری گۆتبرگ لە سوید، کرێکارانی بەندەرەکان گتیان کرد لە بەتاڵکردنی ١٨٠ تۆن میوەی لەقوتوونراوی ئەفریقیای باشوور، پاش ئەوەی کرێکارانی بەندەرەکان لە هەردوو شاری کۆپنهاگن و ئارهوسیش لە دانیمارک ڕازی نەبوون هەمان بڕ بەتاڵ بکەن.

## مانگرتنەکان لە چەند کەرتێکی پیشەسازیدا

١– مانگرتنی گشتێنراو

کاتێ مانگرتن لە یەک کاتدا چەند کەرتێکی پیشەسازی دەگرێتەوە وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی گشتی و مانگرەکان ڕێژەیان کەمترە لە زۆرینەی کرێکاران لەو کەرتە پیشەسازییانەی ناوچەکە، دەتوانرێ ئەم مانگرتنە بە مانگرتنی گشتێنراو (معمم) ناو ببرێ. بۆ نموونە بەهۆی تێوەگلانی هاوبەش لە سیستم و ڕێوشوێنە حکوومەتییەکانی پێوەندار بە کرێ، لەوانەیە چەند کەرتێکی پیشەسازی ڕووبەڕووی مانگرتنی هاوکات ببنەوە، وەک لە کەرتەکانی پیشەسازییەکانی کانزاکان و چنین و پێڵاو و کانزاکاری و بیناسازی لە نەرویج لە ساڵی ١٩٢٦ ڕووی دا، جارێکی تریش ساڵی ١٩٢٧ وەک ناڕەزایی لەدژی دابەزاندنی کرێ.

ساڵی ١٩٣١ لە نەرویج مانگرتن چەندان کەرتی پیشەسازیی گرتەوە، لەنێویاندا کەرتی ڕۆژنامەکان و بیرە و تووتن.

٢– مانگرتنی گشتی

مانگرتنی گشتی بریتییە لە وەستانی بەرفرەوان لەکارکردن لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی ژیانی ئابووری لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەتەواوی ڕابوەستێ، ئەوەیش لەپێناو بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراودا. ئەم ڕێگەیە دەکرێ لەسەر ئاستی ناوخۆیی، یان هەرێمی یان نیشتمانی یان ناودەوڵەتی بەکار بێ.

ویلفرید هاریس کروک مانگرتنی گشتی پێناسە دەکا بەوەی بریتییە لە مانگرتنی زۆربەی کرێکاران لە کەرتە پیشەسازییە هەرە گرینگەکاندا لە هەر هەرێم یاخۆ ناوچەیەک. دەکرێ ئەم مانگرتنە ناوبنرێ "مانگرتنی گشتێنراوی ناوەخۆیی" کاتێ ئەنجامدانی لە تەنیا شارێکدا قەتیس دەبێ، وەک ئەوەی لە شاری سیاتل لە ویلایەتی واشنتۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، یان لە شاری وینیبج لە کەنەدا ساڵی ١٩١٩، یان لە شاری ڤیەنا-نەمسا لە ساڵی ١٩٢٧ ڕووی دا، لەکاتێکدا وا باوە ئامانج لە مانگرتنی گشتی ئەوەیە سەرتاسەری بێ و ڕێگە بە بەردەوامیی هەندێ خزمەتگوزاریی زیندووی دیاریکراو دەدرێ، بەتایبەت خزمەتگوزارییە پێویستەکانی تەندروستیی گشتی، وەک دابەشکردنی شیر و ئاو و خواردن و خزمەتگوزاریی ئاوەڕۆ و چارەسەرکردن.

کرۆک سێ جۆری سەرەکیی مانگرتنی جیا کردووەتەوە: سیاسی و ئابووری و شۆڕشگێڕانە:

ئامانجی مانگرتنی گشتیی سیاسی پچڕینی هەندێ دەسکەوتی دیاریکراوە لە حکوومەتی بەرکار، وەک داواکردنی دانانی سیستمی دەنگدانی گشتی کە ئامانجی مانگرتنە گشتییەکان بوو لە بەلجیکا، یان بۆ پاڵپشتیکردنی حکوومەتە دژی هێزێک کە دەیەوێ بەزۆر دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ، وەک مانگرتنی گشتی لە ئەڵمانیا دژی کودەتاکەی کاب لە ساڵی ١٩٢٠دا.

ڕەنگە مانگرتنی ئابووری بەربڵاوترین جۆری مانگرتنی گشتی بێ لانی کەم لە سەرەتای مانگرتندا و مانگرتنە گشتییەکەی سوید لە ساڵی ١٩٠٩ کراوەتە نموونە لەسەری.

لەوانەیە سرووشتی مانگرتنی گشتیی شۆڕشگێڕانە کە ئامانجی ئەوەیە دوا جار ڕێژیمی دەسەڵاتدار یان سیستمە ئابوورییەکە هەرەس پێبێنێ، هەر لە سەرەتاوە ئامانجی شۆڕشگێڕانە بێ، یان لەکاتی پێشرەویکردنیدا ئامانجە شۆڕشگێڕانەکەی گەڵاڵە بکا.

لەوانەیە ئەم جۆرە مانگرتنە گشتییە شۆڕشگێڕانەیە لەو دەوڵەتانەدا بکرێ کە لە ماوەیەکی زۆرەوە یان بەشێوەیەکی سەرتاسەری هێزی کاریان تێدا ڕێک نەخراوە، یان سەرکردە دەستڕۆیشتووەکانی کرێکاران سەندیکایی یان ئاژاوەچی بن، وەک لە ساڵی ١٩٠٥ لە ڕووسیا ڕووی دا، هەروەها لە ئیسپانیا و ئیتاڵیا.

مانگرتنی گشتی بەشێوەیەکی بەرفرەوان لە بیری سۆشیالیستیی ڕادیکاڵ و بیری سەندیکایی و ئاژاوەچێتیدا پشتیگریی لێکراوە و کاری پێکراوە و جێبەجێ کراوە، نەخاسمە لەلایەن سۆشیالیستە ئینگلیز و ڕووس و ئەسکەندەنافییەکانەوە، هەروەها لەلایەن ئاژاوەچی و سەندیکاییەکان لە هەریەک لە فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و هەموو دەوڵەتانی ئەمەریکای باشوور.

نموونەی زۆر هەن لەبارەی مانگرتنی گشتی لەگەڵ جیاوازیی زۆر لەڕووی سیاسی و جوگرافییەوە. مانگرتنە گشتییەکان لە بەلجیکا لە ساڵانی ١٨٩٣ و ١٩٠٢ و ١٩١٣ پشتگیرییان لە

داواکارییەکانی چاکسازییە سیاسییەکان کرد، لەنێویاندا مافی دەنگدانی گشتی بۆ پیاوان.

ساڵی ١٩٠٢ مانگرتنی گشتی لە شاری ڕوستۆف لە ڕووسیا ئەنجام درا، ساڵی ١٩٠٣یش لە ئۆدیسیا. هەروەها لەکاتی شۆڕشی ڕووسیادا لەساڵی ١٩٠٥ مانگرتنی گشتی بەفرەوانی بەکار هات. ڕەنگە گەورەترین و گرینگترینیان ئەوەیان بێ کە بە مانگرتنی مەزنی ئۆکتۆبەر ناسرا لە ساڵی ١٩٠٥ کە زۆربەی شارەکانی ڕووسیای قەیسەریی گرتەوە. ئەو دۆخەی لەو کاتەدا باڵی بەسەر مۆسکۆدا کێشا وێنەیەکی ڕوون لەبارەی ڕادەی فرەوانیی مانگرتنەکە پیشان دەدا:

لە ماوەی هەفتەیەکدا مۆسکۆ بەنیوە تەواوی دابڕێنرا، زۆربەی چالاکییە گرینگەکان تێیدا وەستان. هەموو هێڵەکانی شەمەندەفەر پچڕان، هەموو هێڵەکانی پێوەندییە تەلەگرافییەکانی شار نووزەیان لێبڕا، جگە لە نووسینگەی خزمەتگوزاریی تەلەگرافی گشتیی ناوەندیی شار کە بۆ دەستەبەرکردنی پێوەندیکردن لەگەڵ دەرەوە لەکاردا مابوو، کەس لەسەر کار نەما، هەروەها فەرمانبەرانی هێڵە ئاسنینەکان پلانیان بۆ داخستنی هێڵەکە دادەنا).

وەک پێشتر باسمان کرد، مانگرتنی گشتی دژ بە کودەتای کاب لە وایمار بەکار هات:

لە درەنگانێکی پاش نیوەڕۆی ١٤ی ئاداری ١٩٢٠، گەورەترین مانگرتنی دنیا کەوتە بەرچاوان. ژیانی ئابووریی وڵات بەتەواوی وەستا. سەرکردەی کودەتاکە هەوڵی دا تەوقی مانگرتنەکە بشکێنێ و سزای لەسێدارەدانی بۆ هەر کەس دانا چاوێریی جێبەجێکردنی بکا، بەڵام هەوڵەکانی بەتەواوی شکستیان هێنا.

ساڵی ١٩٢١ مانگرتنی گشتی لە نەرویجیش دژ بە کەمکردنەوەی کرێ دەستی پێ کرد، هەروەها ساڵی ١٩٢٥ مانگرتنی گشتی لە چین لەدژی ستەمکارییە ئابووری و نەتەوەیییەکان ڕووی دا.

ئەو مانگرتنە گشتیەیش کە لە ٣ و ١٢ی ئایاری ١٩٢٦ لە بەریتانیا بەهۆی بەدەمەوەنەچوونی داواکانی کرێکارانی کانەکان ئەنجام درا، سەری کێشا بۆ تاقیکردنەوەی هێز لەلایەن کرێکاران و حکوومەتەوە و بارودۆخەکەی پاش خۆبەدەستەوەدانی سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەندیکایی ئاڵۆز بوو.

ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ی شوباتی ١٩٤١ مانگرتنێکی گشتی لە شاری ئەمستەردام دژی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ جوولەکەکانی شارەکە ئەنجام درا.

ساڵی ١٩٤٣ لە هۆڵەندا مانگرتنی گشتی یان وردتر بڵێین شەپۆلی مانگرتنەکان کە لە ٢٩ی نیسان تا ٨ی ئایار لە هەندێ شار ڕوویان دا، زۆربەی ئەو کرێکارە پیشەسازییانەی گرتەوە کە سەرکۆنەی گرتنی شەڕاوەرە دێرینە هۆڵەندایییەکانیان کرد لە ئەڵمانیا.

هەروەها لە کۆپنهاگن، مانگرتنی گشتی دژ بە داگیرکردنی دانیمارک لەلایەن نازییەکانەوە

ئەنجام درا و لە ٣٠ی حوزەیران تا ٤ی تەمووزی ١٩٤٤ بەردەوام بوو بەمەبەستی ناچارکردنی دەسەڵاتدارانی داگیرکەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی باری نائاسایی و بردنەدەرەوەی فیرقە سەربازییە فاشییە دانیمارکییەکە لە وڵات. لە ئەنجامی دانوستاندنەکاندا لایەنی ئەڵمانیایی هەندێ لە داواکارییەکانی جێبەجێ کرد.

مانگرتنە گشتییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لە چەندان شار و گوندا هەبوو لەکاتی شۆڕشی حوزەیرانی ١٩٥٣ لە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات. هەروەها لە ئەنجامی مانگرتنێکی گشتی لە هایتی لە شوباتی ١٩٥٧، بیار لویسی سەرۆکی کاتیی وڵات لە پۆستەکەی دوور خرایەوە.

## یەکخستنی مانگرتن و داخستنە ئابوورییەکان

١- ڕاگرتنی خۆویستانەی ژیانی ئابووری "هارتاڵ"

مانگرتنی "هارتاڵ" شێوەیەکە لە شێوەکانی کاری ناتوندوتیژانە، لەڕێیەوە خۆویستانە ژیانی ئابووری لە ناوچەیەکدا ڕادەوەستێ، لەپێناو دەرخستنی تووڕەییی زۆر لە ڕووداو یان سیاسەت یان بارودۆخێک.

ئەم ڕێگەیە بۆ بەکارهێنانی هەژموونی ئابووری بەکار نایەت، بگرە بۆ دەربڕینی دڵتەنگی یان لێبڕان یان بێزاری یان هەستە ئەخلاقی یاخۆ ئاینییەکانە بەرامبەر پرسێکی دیاریکراو. ئەگەرچی سرووشتی ئەم ڕێگەیە تا ڕادەیەکی زۆر ئابووریی نەیە، بەڵام کاریگەرییەکەی شێوەی نارەزاییی ڕەمزی وەردەگرێ. ماوەی مانگرتنی هارتاڵ تا ڕادەیەک کورتە و زیاتر لە ٢٤ سەعات ناخایەنێ و لەوانەیە دەگمەن بۆ ٤٨ سەعات درێژ بکرێتەوە، یان لە هەندێ دۆخی مەترسیداردا بۆ ماوەی زیاتر لەوەیش.

ئەم مانگرتنە بەزۆری تەواوی شار یان گوندێک دەگرێتەوە. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەیەکی زیاتر دابپۆشێ و لەوانەشە سەرتاسەری وڵات بگرێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لەم مانگرتنەدا پێداگری لەسەر سرووشتە خۆویستانەکەی دەکرێ زیاتر لەوەی لە مانگرتنی گشتیدا پێداگریی لەسەر دەکرێ، تەنانەت کارنەکردنی کرێکارەکانیش پاش ئەوە دەبێ کە مۆڵەت لە خاوەنکارەکە وەردەگرن. زیاد لەوە، خاوەن کۆگە بازرگانییەکان و پیاوانی کاریش بە داخستنی دامەزراوە و کارگەکانیان بەشداریی ئەم مانگرتنە دەکەن.

ئەم جۆر مانگرتنە یەکێکە لە شێوەکانی کاری ناتوندوتیژانە کە لە هندستانی کۆندا باو بووە و دژ بە میر یاخۆ شایەک بەکار هاتووە بۆ ئاگەدارکردنی لەوەی خەڵک لەگەڵ مەرسوومێک نییە کە دەری کردووە یان لە هەر ڕێوشوێنێکی تری حکوومەتی.

هەروەها لەکاتی پرسەی نیشتمانیدا بەکار هاتووە. گاندیش لەو بزووتنەوە بەرگرییانەی

ســـەرکـــردایـەتیی کـــردن ئـەم ڕێگە کـــۆنەی بـەکـــار هێناوە. بـەزۆری لەســـەرەتای بـزووتنـەوە خـەباتگێـڕییـەکـەدا ئەم ڕێگەیەی بـەکـار دەهێنا لـەپێناو پاککردنەوەی دڵ و دەروونی بـەشـدارانی بزووتنەوەکە و تاقیکردنەوەی هەستیان دەربارەی بابەتە بەردەستەکە و بزواندنی خـەیاڵی گـەل و دەســەڵات. بۆ نموونە ئـەم ڕێگەیە لە سـەرەتای ئـەو هـەڵمـەتی بەرگـریکردنـەی سـەرانسـەری هندی گرتەوە دژ بە یاساکانی ڕولات ساڵی ١٩١٩، هەروەها لە سەرەتا و لەکاتی هەڵمەتی بەرگرییەکەدا لە سـاڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣١ بەمـەبەسـتی بەدەسـتـهـێنانی سـەربەخـۆیی، بەتـایبـەت بۆ دەربـڕینی ناڕەزایی دژ بە گرتنی چەند سەرکردەیەکی دیار.

٢- ڕاگرتنی چالاکیی ئابووری

کاتێ کرێکاران مـان دەگرن چالاکیی ئابووری دەوەسـتێ و پەککەوتنی ئابووریـی لێ دەکـەوێتـەوە، هەروەها ئیدارییەکان و پیاوانی کار و دامەزراوە بازرگانییەکان و خاوەن شوێنە بازرگانییەکانیش لە هەمان کاتدا چالاکییە ئابوورییەکانیان ڕادەگرن. ئەم ڕێگەیە تایبەتمەندییەکانی مانگرتنەکان و بایکۆتکردنە ئابـوورییـەکـانی هەیە. لەوانەیە لەکـاتی مـانگرتنە گـشـتـییـەکـاندا مـەیل بەلای ئەم ئاراسـتـەیەدا بچێ لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامـانجە سیاسـییـانەی گەل پشـتـیوانییـان لێدەکا. ڕێگەکـانی وەسـتـاندنی چالاکیی ئابووری لەسـەر بنچینەی ڕادەی بەدەمـەوەهاتنی لەلایەن کـەرتە ئابوورییە جیاوازەکان و ڕادەی بەشداریی پیاوانی کار و ئیدارییەکان و هی تر تێیدا، هەروەها ڕادەی بەشداریکردن لە مانگرتنە گشتییەکەدا، جیاواز دەبێ.

لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٠٥، وەستاندنی چالاکیی ئابووری هۆکارێکی بنەڕەتی بوو لەوەی فینلەندا توانیی سەربەخۆیی خۆی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیادا بەدەست بێنێتەوە. خاوەنکارە فـینلەندایـیـەکـان پاڵپـشـتـیی خـۆیان دەربڕی بـەوەی بەدرێژاییی مـاوەی مـانگرتنـەکـە کـرێی کرێکارەکانیان خەرج دەکرد.

جـاکسـۆن لەبارەی ئەم بابەتەوە دەنووسێ و دەڵێ: شـەمەندەفـەرەکان لـەکار وەسـتان، هێڵەکانی پێـوەندیی تەلەگـراف بێـدەنگ بوون و کـارگـەکـان خـاڵی بـوون لە کرێکار. هـەمـوو ئـەنـدامـانی گـەل خـۆبەخـۆ شـوێن ئـەم دەسـتـپـێـشـخـەرییـە کـەوتن: کـۆگـە بـازرگـانـیـیـەکـان و قـوتابخـانـەکـان و چێشتـخـانـەکان دەرگـەکـانیـان داخـست. پیـاوانـی پۆلیس مـانیـان گـرت، قـوتابییـانی زانکۆ چەند لێژنەیەکیان بۆ پاراستنی سیستم پێک هێنا. هیچ خوێنێک نەڕژا، بەرگرییەکی نێگەتیڤ بوو کە هەموو نەتەوە پشتگیریی دەکرد.

پاش شـەش ڕۆژ، حکومـەتی قەیسـەری ڕێگەی دا بە پێکهێنانی حکومەتێکی دەسـتووری لەڕێی هەڵبژاردنێکی گشتییەوە، ئەگەرچی حکوومەتەکەی قەیسەر دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک هەوڵی دا فینلەندا وەک دەوڵەتێکی سەر بە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا بخاتە سەر ڕووسیا.

لە شـاری ئەسـبـرگ–دانیـمـارک لـە ١١ی تەمـووزی ١٩٤٣ دەست بـە جـێبـەجـێکردنـی ڕێگەی وەستاندنی چالاکیی ئابووری کرا و کرێکاران و بەرپرسانیان لە ماڵەکانیان مانەوە و بازرگانەکان دوکانەکانیان داخست. لە شاری برنت یان برنس لە هایتی، لـە کانوونی یەکەمی ١٩٥٦ جـەنەراڵ پۆڵ مـاگلیـۆری سـەرکـۆمـار لە سـاڵی ١٩٤٦ەوە ڕووبـەڕووی وەسـتـاندنی چالاکیی ئابووری لەدژی هەمـوارکـردنی یاسـای باری نائـاسـایی بووەوە. هەڵـمـەتەکـە مـانگرتنێکی گـشـتـیی کـرێکاران و داخـسـتـنـی دامـەزراوە بازرگـانـیـیـەکان لەلایـەن خـاوەنەکـانیـانی لەخـۆ گـرت. بەنێـزیکەیی هەمـو کۆمپـانیـاکان وەسـتـان، جگە لە وێستگەکانی فرۆشتنی بـەنزین و کارگـەکانی زەیت و حەوزەکانی دروستکردن و چاککردنەوەی کەشتی. فەمانبەرانی حکوومەت مانیـان گرت، پارێزەران گتیـان کرد لە پارێزبەندیکردن لەبەردەم دادگەکاندا، هـەروەها لـە چەند نەخـۆشـخـانەیەکیش مـانگرتن ئەنجام درا.

بەرگریکردنـەکە بەتەواوی نێگەتیڤ بوو. زۆر بەسـادەیی، هاووڵاتییان کـارەکانیان بـەجـێ هێشت. پاش دەست لەکارکێشانەوەی ماگلیۆر لە سەرۆکایەتیی کۆمار لە ١٢ی کانوونی یەکەم، وەستاندنی چالاکیی ئابووری درێژەی کێشا بەمەبەستی ناچارکردنی بۆ دەستکێشانەوە لە پۆسـتـەکەی لە سوپایشدا. پاش ئەوەی سوپا و باڵیۆزی پایەوی پشتگیرییان کرد ئەو داوایەش هاتە دی.

لە ١٤ی کـانوونی یەکـەم، ڕاپۆرتە ڕۆژنامـەوانییـەکان بـاسـیـان لەوە کـرد مـاگلیـۆر وڵاتی بەرەو تاراوگە لە جامایکا بەجێ هێشت.

لـەکـاتـی خـەبـاتـی بووزیـیـەکـان دژ بـە ڕیژیمـی دیام لـە سـاڵی ١٩٦٣دا، زۆربـەی دوکـانـە بازرگـانیـیـەکـانی شـاری هوی لانی کەم لـە دوو بۆنەدا بۆ پشـتگیـری لە بزووتنەوەی ئۆپۆزسـیـۆن دەرگەکانیان داخست، لەگەڵ ئەوەی هێشتا ڕوون نەبوو ئاخۆ هەندێ کەرتی تری ئابووریی شارەکە چالاکیی خۆیان ڕاگرتووە یان نا.

هەندێ نموونەی مانگرتنەکان دەریدەخا بۆ ئامانجی سیاسی بەکار هاتوون. لە هەندێ حاڵەتدا، وەک ئەوکاتەی فەرمانبەرانی حکوومی مان دەگرن، ڕووداوەکان لەگەڵ ڕواڵەتەکانی بایکۆتکردنی سیـاسـی تێکەڵ دەبن. لەبارێکدا هەندێ ڕێگەی مـانگرتن نایاسـایین، یان وێڕای فـەرمـانـەکـانی حکوومەت بەردەوام دەبن، وەک ئـەو کـاتەی بەمـەبەسـتی ڕووخـاندنی ڕیژیمی دەسـەڵاتدار چالاکیی ئابووری ڕادەگیرێ، بە ڕوونی ڕواڵەتەکانی بایکۆتکردنی ئابووری و سیاسی دەبینین.

له ئەزموونەکانی گەلان له ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا ٣

# هاوکاری نەکردنی ئابووری و سیاسی

جین شارپ

بەشی دووەم

## ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی

### هاوکارینەکردنی سیاسی

### پێشەکی

ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی، ڕاگرتنی درێژەدان بە شێوە ئاساییەکانی هاوکاریکردنی سیاسی له بارودۆخی ئارادا لەخۆ دەگرێ و، هەندێ جار پێی دەگوترێ بایکۆتکردنی سیاسی. تاکەکەس و گرووپەکان دەتوانن ڕێگەکانی ئەم شێوەیە بگرنە بەر. بەڵام له هاوکارینەکردنی سیاسیدا وا باوە ژمارەیەکی زۆر خەڵک کۆ دەبنەوە و هاوئاهەنگی دەکەن له هەڵپەساردنی کاتیی هاوکاری و ملکەچکردنی سیاسیی ئاساییان. دەزگەیەکی حکوومەت یاخۆ حکوومەتەکان خۆیشیان دەتوانن پەنا بۆ هاوکارینەکردنی سیاسی ببەن.

بەهانەی هەڵپەساردنی هاوکارینەکردنی سیاسیش، بەسادەیی لەوانەیە نارەزایی بێ له کارێکی نادروستی سیاسی یان ئەخلاقی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامەکانی ئەو کارە. ئامانجی هاوکارینەکردنی سیاسی بەزۆری دروستکردنی پاڵەپەستۆیە لەسەر حکوومەت یان دەستەیەکی ناشەرعی کە هەوڵ دەدا دەست بەسەر دەزگەیەکی ڕەسمی یاخۆ حکوومەتدا بگرێ، یان هەندێ

..........................................................

وەرگێڕان له عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

جار ئامانجی گوشارخستنە سەر حکوومەتێکی ترە. هاوکارینەکردنی سیاسی دەکۆشێ ئامانجێکی دیاریکراو و تایبەت بەدی بێنێ، یان گۆڕان لە ڕێڕەوەکانی سیاسەتی دەوڵەتدا دروست بکا، یان وەک گۆڕینی سرووشت یاخۆ پێکهاتەی ئەو حکوومەتە، یان دواجار لەبەریەک هەڵوەشاندنی.

کاتێ هاوکارینەکردنی سیاسی بەرامبەر کودەتاچییان پێڕەو دەکرێ، ئەوە ئامانجی بەرگریکردنە لە حکوومەتە شەرعییەکە و گێڕانەوەیەتی بۆ دەسەڵات.

مەغزای سیاسیی ئەو ڕێگەیانە بەپێی زیادبوونی ژمارەی بەشدارانی و ڕادەی گرینگیی هاوکارییەکانیان لە میکانیزمی سیستمە سیاسییەکەدا، گەورە دەبێ. زۆر جاریش ئەو جۆرە ڕێگەیانە شانبەشان دەبن لەگەڵ شێوەی تری کاری ناتوندوتیژانەدا.

هاوکارینەکردنی سیاسی دەتوانێ لە دەربڕینەکانیدا بێسنوور دەستەواژە بەکار بێنێ، کە هەموویان پێوەستن بە دۆخە تایبەتەکەوە. ئەو ٣٨ ڕێگەیەی لێرەدا باسیان دەکەین، لە شەش خانەی سەرەکیدا پۆلبەند کراون:

- ڕەتکردنەوەی دەسەڵات.
- هاوکارینەکردنی هاووڵاتیان لەگەڵ حکوومەت.
- جێگرەوەکانی ملکەچ نەکردن لای هاووڵاتیان.
- چالاکییەکانی دەزگەکانی حکوومەت.
- چالاکیی ناوخۆییی حکوومەت.
- چالاکیی حکوومەت لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی.

زۆر شێوەی تر هەن لێرەدا باس نەکراون، هەروەک لە بواری کاری ناتوندوتیژانەدا بەگشتی، مەودایەکی فرەوان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و زیادکردنی جۆری نوێ.

## ڕەتکردنەوەی دەسەڵات

١- پاشەکشە و گتکردن لە گوێڕایەڵی

ئەم جۆرە لە هاوکارینەکرتنی سیاسی، داننەنان بە شایستەییی ڕیژیمێک بۆ گوێڕایەڵیکردنی شەرعی و ئەخلاقی دەگرێتەوە، نموونەیەکی دیاری ئەمەیش لە بەرەنگاریکردنی مەجەرییەکان بۆ حوکمڕانیی نەمسا لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەبینین. ئەوە بوو ئیمپراتۆر فرانز جۆزێف وەک شای مەجەر دانی پێدا نەنرا و نەکرایە پاشا تا پابەندبوونی خۆی بە دەستووری مەجەری ڕانەگەیەنێ، ئەندامانی ئەوکاتی پەرلەمانی مەجەر دانیان نەنا بە شەرعیەتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانەکە لەلایەن فرانز جۆزێفەوە. ئەنجوومەنی ناوچەی بیشت، کە ئەویش هەڵوەشێنرابووەوە، نارەزاییی

لەدژی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەربڕی، هەروەها ڕەتی کردەوە دان بە هەڵوەشاندنەوەی خۆیدا بنێ و لە بەستنی کۆبوونەوەکانی بەردەوام بوو. کاتێ ئەنجوومەنەکانی ناوچەکان ڕەتیان دەکردەوە فەرمانەکانی نەمسابییەکان جێبەجێ بکەن و بە هەڵوەشاندنەوەیان وەڵامیان دەدرایەوە، ئەندامەکانی ڕازی نەدەبوون خزمەتەکانیان بۆ نەمساییەکان بگوازنەوە.

لەکاتی خەباتی گەلی هۆڵەندا دژ بە حوکمڕانیی ئیسپانیاییەکان، شێوەی تری گتکردنی هۆشیارانە هەبوون کە گەلێک دژ بە گوێڕایەڵیکردنی دەسەڵاتدارانی بیانی ئەنجامی داون. ساڵی ١٥٦٥ داشۆرینی ئابڕووبەر دژ بە فیلیپی شای ئیسپانیا بڵاو بووەوە کە بەڵێنەکانی شکاند و سەرمافەکان (امتیازات)ەکانی بەزاند و چی تر بەپێی یاسا کۆنەکەی تایبەت بە هاتنەژوورەوەی ئاشتییانە، مافی گوێڕایەڵیکرانی نەمابوو. لە هاوینی ١٥٨١ کۆنگرەی فیدراڵیی گشتی لە لاهاگ بڕیارێکی پەسند کرد، تێیدا هاتووە:

شا فیلیپ لە هەموو دەسەڵاتەکانی بەسەر ناوچەکانی هۆڵەندا دادەماڵرێ، ئەویش بەهۆی حوکمڕانیی ملهوڕانە و پێشێلکردنی سەرمافەکانی وڵات. بەپێی ئەم بڕیارە، لەسەر هەموو دەسەڵاتداران و ڕەسمییەکان و فەرماندە سەربازییەکان و ئەوانی تر پێویستە ڕێڕەوێکی تر بگرنە بەر لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی بەرپرسی ناوچە یەکگرتووەکان. بەیاننامەی لێسەندنەوەی متمانە، ئەگەرچی درەنگیش هات، نموونەیەکی پرشنگدار بوو لەسەر بەهرەمەندبوون لە ئازادی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

ڕەتکردنەوەی ئەمەریکاییەکان بۆ حکوومەتە بەریتانیاییەکە و دەسەڵاتەکانی خاڵێکی دیار بوو لە چەسپانی سەربەخۆیی ئەمەریکادا. تۆماس جیفرسۆن ساڵی ١٧٧٤ نووسیی: ئەو زەوینە ڕاستەقینەیەی پشتمان پێ بەست بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی بڕیارەکانی پەرلەمانەکەیان هیچ کاریگەرییەکی نییە، ئەوەیە پەرلەمانی بەریتانیا مافی نییە دەسەڵاتداری بەسەر ئێمەوە بکا.

دواین بەیاننامەکەی جۆن ئادامز پشتی بە چەند هۆکارێکی گرینگ بەستبوو لەوانە سەندنەوەی دەسەڵاتەکان لە حکوومەتی بەریتانیا و بەردەوامبوون لەسەر ئەوە و، ڕایگەیاند "پێش لە سەرەتای شەڕ و هەندێ وردە پێکدادان لە کۆنکۆرد و ولیکسنگتۆن لە ١٩ی نیسانی ١٧٧٥، شۆڕش و یەکەتیی کۆڵۆنییەکان لە ویژدانی گەلدا زیندوو بوون".

هەندێ جار لەوانەیە دەرچوون لە بازنەی گوێڕایەڵی بە ئەنجامدانی کارێکی ڕەمزی، وەک لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٠٥ ڕووی دا، کاتێ کەشتییە شەڕییەکەی ڕووسیا ئۆشاکۆف ئاڵای سووری هەڵکرد، ئەویش وەک گوزارشتێکی درامی بۆ داننەنان بە حکوومەتدا. لە هەمان مانگدا دوو هەزار نوێنەر لە فیلنا کە بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی لیتوانیا نێردرابوون ڕایانگەیاند دان بە شەرعیەتی حکوومەتی ڕووسیادا نانێن.

لە کاتی شەڕی ڕوهەردا، ئەڵمانەکان ڕایان گەیاند ملکەچی سیستمەکانی هەردوو داگیرکەری

فرەنسایی و بەلجیکایی نابن و بە ناشەرعییان دانان، واتە دەسەڵات و فەرمانەکانی داگیرکەریش.
لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ حکوومەتی ئەڵمانیا ڕایگەیاند قەدەخەی کردووە هیچ ویلایەت و هەرێم یان دەسەڵاتێکی ناوەخۆیی گوێڕایەڵیی هیچ فەرمانێکی دەسەڵاتدارانی داگیرکەر بکەن و پێویستە هەمووان پابەند بن بە ڕێنوێنییەکانی دەسەڵاتدارە تایبەتەکانی ئەڵمانیا. وەک بەشێک لەو ملکەچنەکردنە، پیاوانی پۆلیسی ئەڵمان سڵاوی سەربازییان لە ئەفسەرانی بیانی نەدەکرد.

هندییە ئەمەریکاییەکان زۆر جار بەشێوەی جۆرەوجۆر دەسەڵاتی هەردوو حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدایان ڕەت کردووەتەوە، مارگریت دومارکۆ ژمارەیەک لەو حاڵەتانەی تۆمار کردووە. دەڵێ لە ساڵی ١٩٢١ کەنەداییەکانی ئیرۆکوا، کە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر شەش نەتەوەی هندی کە بەشێوەیەکی کۆنفیدراڵ یەکیان گرتووە، ڕەتیان کردەوە ببنە هاووڵاتیی کەنەدایی و بۆ چەسپاندنی سەروەریشیان سکاڵایەکیان دژی حکوومەتی دۆمینیۆن بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز کردەوە.

جارێکی تر لە ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٥٠ ژمارەیەک ئەندامی ئەمەریکایی و کەنەدایی لە هاوپەیمانییەکەدا هەوڵەکانیان خستەوە گەڕ و داوای بەئەندامبوونیان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کرد. ساڵی ١٩٤٦ گرووپێک لە شیبوا، بە پشتبەستن بە مافە تۆمارکراوەکانی لە پەیماننامەیەکدا، داوای بەئەندامبوونیان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کرد. ساڵی ١٩٦٠یش دیسان دەستەیەکی تری سەر بە هەمان هۆز داوای کورسییەکیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

لە ڕۆژە سەرەتاکانی پاش داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا لەلایەن یەکەتیی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٦٨، کەسانی ڕەسمی و هاووڵاتییانی ئاسایی ڕەتیان کردەوە دان بە هەر جۆرە دەسەڵاتێکی ڕووس بەسەر چالاکییە سیاسییەکانی وڵاتدا بنێن. بۆ نموونە لە ٢٤ی ئاب، پارێزگاری پراگ ئامادە نەبوو لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەر کۆ ببێتەوە کە بۆ دانوستاندن لەگەڵی هاتبوون. پاش دوو ڕۆژ ژمارەیەک لەو شیوعییانەی لە دەزگەی ئاسایشی دەوڵەتدا کاریان دەکرد ڕایانگەیاند ئەوان تەنیا دان بە بەرپرسە ڕەسمییەکانیاندا دەنێن نەک بە ڕووسەکاندا. هەروەها گوتیان لێژنەی حزبی شیوعی لە دەزگەی ئاسایشی دەوڵەت لە شەقامی سادۆفا لە پراگ بە کۆی دەنگ ڕایدەگەینێ کە لە پشت دەسەڵاتە دەستوورییە شەرعییەکانی چیکۆسلۆڤاکیا و دەزگەکانی حزبەوەیە و پابەندە بە فەرمانەکانی جۆزێف پاڤێلی وەزیری ناوەخۆوە.

٢- ڕەتکردنەوەی پاڵپشتیی میللی

وا دیارە دەرنەبڕین لە هەندێ هەلومەجی سیاسیدا جۆرێکە لە هاوکارینەکردنی سیاسی. بێدەنگی ئاماژەیەکی زۆر ترسناکە لە سایەی هەلومەرجێکی سیاسیدا کە سیفەتی زۆرەملێ و ناچاری بەسەریدا زاڵە. هەندێ جار ئەگەر ڕژیمەکە بەتەواوی دیکتاتۆریش نەبێ، داوا لە هەندێ کەس یان بە فەرمان دەکرێ پاڵپشتیکردنی ئاشکرایان بۆ ڕژیم ڕابگەیەنن، لەو کاتەدا ڕەتکردنەوەی داواکە

بە جۆرێک لە چالاکیی بەرهەڵستکارانە سەیر دەکرێ.

لە ساڵی ١٩٦٣ لەکاتی ململانەی بووزیەکان دژی ڕیژیمی دیام لە باشووری ڤێتنام، هەوڵەکانی حکوومەت بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانێک بۆ پاڵپشتیی ڕیژیم شکستیان هێنا، جارێکیان جەنەراڵێک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەرنەکەوت، کە لەسەری بوو تێیدا پاڵپشتی بۆ شاڵاوەکانی حکوومەت دژ بە پەرستگەکانی بووزیەکان ڕابگەیەنێ. دیار بوو کە زۆر دڵگەرم نەبوو لە پاڵپشتیکردنی کارەکە.

پاش شکستەکەی شۆڕشی ١٩٥٦ لە مەجەر، نووسەرانی وڵات لەڕێی "پارێزگاریکردن لە بێدەنگی" نەیاریی خۆیان بۆ ڕیژیمە سەپاوەکە دەربڕی و هیچ مادەیەکیان بۆ بڵاوکردنەوە پێشکێش نەکرد.

لەو بارودۆخەدا بڵاوکردنەوەی وتار و چیرۆک و کتێب بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە یان قبووڵکردنێکی نەرێنی یاخۆ پاڵپشتیکرنێکی ئەرێنی بوو بۆ ڕیژیم. هەر بۆیە بەپێچەوانەوە، بێدەنگییان دەری دەخست ئەوان چارەی ڕیژیمیان ناوێ.

فرانسوا فیجۆ لە کانوونی دووەمی ١٩٥٧دا نووسیی: ئێمە بەبێ هوودە لە هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ڕەسمییەکاندا بەدوای ئیمزای نووسەرێکی ناسراودا دەگەڕاین. ژمارەی زەبەلاحی سەری ساڵی ڕۆژنامەی تیبسا برشاغ دەرچوو بەبێ ئەوەی وتار یاخۆ چیرۆکی نووسەرێکی ناسراوی تێدا بێ کە هێشتا زیندوو بێ.

لە بەهاری ١٩٦٨دا، کاتێ سۆڤیەت ئێزگە تایبەتەکەیان بە ئاراستەی چیکۆسلۆڤاکیا خستە کار، باس لەوە کرا ئەو فەرمانبەرە چیکۆسلۆڤاکییانەی لە مۆسکۆ لە یەکەتیی سۆڤیەت کاریان دەکرد، ڕەتیان دەکردەوە هەر مادەیەک پەخش بکەن کە ڕەخنە لە ڕێڕەوە لیبرالەکانی وڵاتەکەیان بگرێ. بەڵام گۆتیارەکانی سۆڤیەت پاشتر ئەوەیان بەدرۆ خستەوە.

سەرچاوە ڕۆژنامەوانیەکان باس لەوە دەکەن ڕادیۆی چیکۆسلۆڤاکیا چاودێرێکی ڕەوانە کرد بۆ مۆسکۆ بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو فەرمانبەرانە لە بابەتی شەرعیبوونی دۆخیان لە ڕادیۆی مۆسکۆدا.

٣- ئەدەب و وتاردان بەمەبەستی پروپاگەندە بۆ بەرگریکردن

لە زۆر دۆخدا نووسینی وتار و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی بابەتی ئەدەبی کە داوا لە جەماوەر بکەن هەندێ شێوەی هاوکارینەکردنی ناتوندوتیژانە یان دەستوەردانی ناتوندوتیژانە ئەنجام بدەن، خۆی لە خۆیدا چالاکیی بەرهەڵستکارانە و بەرگریکردنە. ئەم شێوازە لەو وڵاتانەدا دەگیرێتە بەر کە هەر بانگەوازێک بۆ بەرگریکردن بە ناشەرعی و تێکدان دادەنرێ. لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٥٩دا، سزای بەندکردن بەسەر شەش کەس لە ئەندامانی لێژنەی کارکردنی ڕاستەوخۆ دژ بە ئەزموونە ناوکەییەکان لە بەریتانیا سەپێنرا، بەتۆمەتی دابەشکردنی بڵاوکراوە کە داوا لە

دانیشتووان دەکا دەست بەسەر بنکەیەکی مووشەکی لە شاری هارنگتۆن-دا بگرن.

هەروەها لە مەدرید ١٤ کەس لە هەرێمی مورسی گیران بەتۆمەتی هەڵنان بۆ ئەنجامدانی یاخیبوونی سەربازی بەهۆی دابەشکردنی بڵاوکراوە کە داوای مانگرتنی نیشتمانیی گشتیی دەکرد لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٥٩، لەنێوان شەش مانگ تا شەش ساڵ حوکم دران.

## هاوکارینەکردنی هاووڵاتیان لەگەڵ حکوومەت

١- بایکۆتکردنی دەزگە یاسادانەرەکان

دەزگەکانی یاسادانان لە وڵاتانی نادیموکراسیدا بەکار دێن بۆ پاڵپشتیکردنی هەیبەت و هەژموونی ڕیژیم و پێدانی ڕواڵەتێکی دیموکراسی. لەو کاتەدا بزووتنەوەی بەرگری دەتوانێ بڕیاری بایکۆتکردنی ئەو دەزگەیانە بە شێوەیەکی تاهەتایی یاخۆ کاتی بدا، ئامانجی بەشداری کردنەکەیش بریتییە لە:

- ڕیسواکردنی ڕواڵەتە نادیموکراسییەکەی ڕیژیمە.
- قووڵکردنەوەی ڕادەی هاوکارینەکردن لەگەڵ ڕیژیمە دژبەرەکە.
- قایلکردنی ئەو سیاسەتوانانەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن کە هیچ گۆڕانێکیان لێ ناکەوێتەوە، بەچوونە ڕیزی بزووتنەوەی بەرگری.
- دەربڕینی ناڕەزاییی ڕەمزی یان پروپاگەندەیی لە کاتی دڵنیابوون لە دۆڕانی کەمینەی بەرهەڵستکار لە هەڵبژاردنەکاندا. زۆر جار بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان دەیسەلمێنێ ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ بە ئامرازی تری جگە لە بورای هەڵبژاردن چالاک بێ.

کەمینەیەکی نەتەوەیی دەتوانێ بەشداری لە پەرلەمانێکی فرەڕەگەزدا نەکا کە دەوڵەتێکی چەوسێنەر دەیسەپێنێ. ئەم جۆرە بایکۆتکردنە لەسەر بنەوای ڕەتکردنەوەی داننان بە ئاوێتەبوونی وڵاتەکەیان لەگەڵ وڵاتە چەوسێنەرەکاندا دادەمەزرێ. هەروەها لەوانەیە بایکۆتکردنەکە لەسەر بنەواگەلێکی ستراتیجی دابمەزرێ کە ئامانجی دەربڕینی ناڕەزایی یان بەدیهێنانی خاڵێکی دیاریکراو بێ لە بەرنامەیەکی هاوکارینەکردندا کە ئامانجی چۆکشکاندنی دەسەڵاتی بێگانە بێ. بۆ نموونە ساڵی ١٨٦١، نوێنەرە هەڵبژێردراوە مەجەریەکان ڕەتیان کردەوە پێوەندی بکەن بەئەنجوومەنی نوێنەرانی ئیمپراتۆری لە ڤیەنا و سوور بوون لەسەر ئەوەی لە پەرلەمانی مەجەردا کۆ ببنەوە. ڕادیکالەکان لە ساڵی ١٨٨٢ لە سربیا تەنگژەیەکی پەرلەمانییان تەقاندەوە کاتێ پەرلەمانیان بەجێ هێشت، پاش ئەوەی داواکەیانی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئابڕووچوونەکەی هێڵی ئاسن ڕەت کردەوە.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩١٤دا، پەرلەمانتارە سۆشیال دیموکراتەکان پێش لە دەستپێکردنی

دەنگدان لەبارەی ڕەسیدە شەڕییەکانی ڕیژیمی قەیسەر، دۆمای ڕووسیایان بەجێ هێشت.

لە هندستان لەکاتی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا، هەوڵی زۆر درا بۆ هاندانی نوێنەرانی ناوچەکان لە ئەنجوومەنەکانی یاسادانانی ناوخۆیی و هەروەها ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی نیشتمانی، بۆ ئەوەی ئامادەی خولەکانی ئەنجوومەنەکان نەبن و کورسییەکانیان پڕ نەکەنەوە. هەروەها کاتێ سەرۆک کریشنان لە ٨ی ئاداری ١٩٦٧دا ئەنجوومەنی نوێنەرانی نوێی لە نیودەلهی کردەوە، ١٠٠ ئەندامی پەرلەمان بایکۆتی خولەکەیان کرد وەک نارەزایی لەدژی ئەو شێوازەی حکوومەتەکەی خاتوو ئەندیرا غاندی، سەرۆک وەزیران، گرتیە بەر بۆ ڕێگرتن لە پێکهێنانی حکوومەتێک کە سەر بە حزبی کۆنگرە نەبێ لە ویلایەتی ڕاجستان. ئەوە یەکەم بایکۆتکردنی پەرلەمانی بوو لەو کاتەوە کە دەستووری هندی بەر لە ١٧ ساڵ پەسند کرابوو.

ئەنتۆنی دوکەر سبینی، باس لە دوو حاڵەتی تری بایکۆتکردنی هەندێ خولی پەرلەمانی دەکا لە ئەوروپا. لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا زیاتر لە ١٠٠ نوێنەری بەرهەڵستکاری نوێ، بایکۆتی دانیشتنی کردنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان لەلایەن شا (پۆڵ)ەوە کرد، ئەویش بۆ ئاماژەدان بە نارەزاییەکانیان لەبارەی شەرعیەتی هەڵبژاردنەکانەوە.

لە مانگی ئایاری ١٩٦٢دا، ژمارەیەک نوێنەری سەر بە لایەنی جۆرەوجۆر لە خولی ئاشکرای ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەڵمانیا کشانەوە، ئەویش بۆ نەهێشتنی ژمارەی یاسایی و سڕکردنی پەسندکردنی بڕیارەکەی حکوومەت بۆ کەمکردنەوەی باج لەسەر ئۆتۆمبێلە بیانیەکان.

٢- بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان

هێزێکی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ کاندید بۆ هەڵبژاردنەکان پێشکێش نەکات و خەڵک هان بدا بەشداری لە دەنگداندا نەکەن، ئەویش کاتێ ئەو باوەڕەی لا زاڵ ببێ کە هەڵبژاردنەکان بێگەرد نابن، یان دەسەڵات قایل نەبێ چاودێری بکرێن.

بەگشتی مەبەست لەم بایکۆتکردنە دەربڕینی نارەزاییە لەدژی بەکارهێنانی هەڵبژاردنەکان بۆ چەواشەکردنی گەل بە ڕواڵەتەکانی دیموکراسییەتە ئاراکە، یان، وەک هێزەکانی بەرگری پێیان وایە، بۆ شێواندنی ئەنجامە ڕاستەقینەکان بە ئەنجامێکی کەم بایەختر. گرووپەکانی کەمینە هەندێ جار بایکۆتکردنی هەڵبژاردن بەکار دێنێ بۆ بێبەشکردنی حکوومەتە هەڵبژێردراوەکە لە شەرعیەت و بەوەیش لاوازکردنی لەبەردەم هێرشە جیاوازەکانی داهاتوودا، بە شەڕی شۆڕشگێڕەکانیشەوە.

ساڵی ١٧٩٣ کاتێ بەمەبەستی هێورکردنەوەی ئەو بێزارییە سیاسییەی هەبوو، یەعقوبییەکان داوای ئەنجامدانی ڕاپرسییان کرد لەسەر دەستوورێک کە باس لەوە دەکا پاش دۆخە نائاساییەکە، فرەنساییەکان دەتوانن شێوەی ئەو حکوومەتە هەڵبژێرن کە لەگەڵیان گونجاوە،

سێ لەسەر چواری هاوولاتیان بایکۆتی دەنگدانەکانیان کرد. دەنگدەرانیش پاشتر بە هەمان ڕێگە ڕەفتاریان کرد: لە ئەنجامی ئەو سەرپێچییانەی حکوومەتەکەی "ئەلفرۆ کتیدۆر" ئەنجامی دان، هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٧٩٨ بوون بە گاڵتەجاڕی، چونکە بە کردەوە زۆربەی میانڕەوەکان دەنگیان نەدا. جا دەنگدان چ سوودێکی هەیە ئەگەر حکوومەت ئەنجامەکەی ڕەت بکاتەوە؟

پاش بەیاننامەکەی قەیسەری ڕووسیا لە ساڵی ١٩٠٥دا، کە چەند هەنگاوێکی سنوورداری بەرامبەر سەربەخۆیی ناوخۆیی گەورەی فینلەندا دیاری کردبوو، سۆشیال دیموکراتە فینلەندایییەکان گەڕانەوە بۆ ئەو لای خواری داواکارییەی پێشتر داوایان کردبوو، ئەویش بە هەڵبژاردنی کۆمەڵەیەکی یاسادانان بۆیان و بایکۆتی هەڵبژاردنە نوێیەکەی دۆمایان کرد. هەروەها لە کانوونی دووەمی ١٩٠٦دا ئەو فیستیڤاڵە جەماوەرییەی سۆشیال دیموکراتە شۆڕشگێڕە ڕووسیایییەکان سازیان کرد داوای لە سەربازان کرد بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی دۆما بکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرینە بەشدارییان لە دەنگدانەکەدا کرد.

هەروەها ناسیونالیستەکانی بۆرتۆریکۆ بۆ چەند ساڵێک بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد، بەوەیش ڕەتیان دەکردەوە دان بە مافی حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بنێن لە سەرپەرشتیکردنی دوورگەکە و جووڵاندنی میکانیزمی هەڵبژاردن تێیدا.

کریسبینی باسی سێ حاڵەت دەکا کە لە ساڵانی ١٩٦١ و ١٩٦٢دا ڕوویان داوە. لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦١ ئۆپۆزسیۆن لە پورتوگال بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد و هانی هاوولاتیانیشی دا بەشداری نەکەن، ئەویش بۆ دەرخستنی ڕووی ساختەی هەڵبژاردنەکان.

حاکمەکانی هەرێمەکانی ئەنکول و بۆنیۆرد و تۆرۆ و بوزوگا لە ئۆگەندا، لە نیسانی ١٩٦١دا داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانیان کرد بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی بەخشینی فیدراڵیەتێکی تەواو بە ناوچەکانیان.، هەمان مانگ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سەرەکیەکان هەڵبژاردنە فیدراڵییەکانی یەکەتیی ناوەندی ئەفریقیایان بایکۆت کرد کە "یەکەتیی ڕۆدیسیا و نیازیلاند"یشیان پێ دەگوترێ، ئەویش لە چوارچێوەی هەڵمەتە سەرکەوتووەکەیاندا بۆ شکست پێهێنانی یەکەتییەکە. لە نیسانی ١٩٦٢دا حزبی ئۆپۆزسیۆن لە سلڤادۆر ڕەتی کردەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماردا بکا و ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٦١ ساختە بووە، کە هەموو کاندیدەکانی حکوومەت کورسییەکانیان بەدەست هێنا.

لە نموونەیەکی تردا، سەرکردە خەباتکارە بووزیەکان لە ڤێتنام لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٦٦دا داوایان لە شوێنکەوتووانیان کرد بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی دەستووری بکەن و حکوومەتەکەی (کای)یان تۆمەتبار کرد بەوەی دەیەوێ هەڵبژاردنەکە بقۆزێتەوە بۆ "دامەزراندنی ڕیژیمێکی دیکتاتۆری کە لەبری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، خزمەتی بەرژەوەندییەکانی بێگانە بکا".

نموونەیەکی تری ئەم ڕێگەیە، هەڵمەتی ڤیتۆی دەنگدەرانی بەریتانیایی بوو لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥، کە هیچ بەرهەڵستیەک بۆ کاندیدکردن و بەشداریی هەڵبژاردنەکان نەبوو، بگرە ڕەتکردنەوەی پشتگیریکردنی هەر کاندیدێک هەبوو لە هەر حزبێک بێ کە بە ڕاشکاوانە ڕاینەگەیەنێ دەیەوێ لە پەرلەمان دەنگ لەسەر داماڵینی بێ مەرج و یەکلایەنەی چەکی ناوکەیی بدا، ئەوەیش مانای بایکۆتکردنی هەموو کاندیدەکان بوو لە زۆرینەی بازنەکانی هەڵبژاردندا.

٣- بایکۆتکردنی کار و پایەکانی دەوڵەت

ئەم جۆرە لە هاوکارینەکردنی سیاسی لەوەدا دەر دەکەوێ کە گەل ئامادە نابێ یارمەتیی دەوڵەت بدا لەڕێی خزمەتکردن لە هەندێ ناوەند و وەزیفەدا. لێرەدا دەکرێ وەرگرتنی پۆستە ئاساییەکان یان نوێیەکانیان، یاخۆ تەنانەت هەموو وەزیفەکان لەسایەی حوکمێکی دیکتاتۆری یان داگیرکردنی بیانیدا ڕەت بکرێنەوە. یان هەندێ وەزیفەی تایبەت ڕەت بکرێنەوە کە پێوەندییان بە هەڵوێستێکی سیاسیی بەرهەڵستکارانەوە هەبێ. وەرنەگرتنی پۆستەکان لە پۆستە حکوومیەکانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە وەزیفە سادەکان.

هەندێ جار لەوانەیە مانگرتن یان ڕاگرتنی یارمەتیدان ببێتە مایەی زیادبوونێکی زۆری بەشداران، یاخۆ لەوانەیە بەرەنجامی ستراتیجێکی بەرهەڵستکارانەی بەکۆمەڵ بێ، بەڵام ئەوە نابێتە جۆرە مانگرتنێک کە ئامانجی بایکۆتکردنێکی کورتی کار بێ، بە ئامانجی بەدیهێنانی چەند داوایەک، بگرە لەوانەیە وازهێنانێکی خۆویستانە بێ لە وەزیفەکانی دژبەرەکە. بایکۆتکردنی وەرگرتنی وەزیفە و پۆستە حکوومییەکان ڕاگرتنێکی مەرجدار یان کاتیی چالاکییەکانی حکوومەت نییە، بگرە دوورکەوتنەوە یاخۆ ڕەتکردنەوەی دامەزراندنە لە دەزگەکانی حکوومەتدا. ئەم هاوکارینەکردنەیش دوورمەودایە: لەوانەیە تاهەتایی بێ و لەوانەیشە پێوەست بێ بەردەوامیی ڕێژیم یاخۆ سیاسەتەکەوە. لە هەندێ حاڵەتیشدا لەوانەیە چەند مانگێک بخایەنێ لەکاتی ماوەی بەرگرییەکی دیاریکراودا.

تاکەکان دەتوانن ئەم ڕێگەیە جێبەجێ بکەن بەبێ ئەوەی سەیری بەرەنجامە سیاسییەکانی بکەن، بگرە تەنیا بۆ گوزارشتکردن لە بەشدارینەکردنیان لە کارێکدا بیکەن کە بە نائەخلاقیی دەبینن. کاتێکیش وەک ڕێگەیەکی بەرگریکردنی بەکۆمەڵ، قەبارەکەی هەرچەندە بێ، ئەنجام دەدرێ، ئامانج لەو بایکۆتکردنە سیاسییە دەبێتە کەمکردنەوەی ژمارەی بەرپرسە ڕەسمییەکان و ئەو فەرمانبەرانەی بەنیازن سیاسەتی ڕێژیمێک جێبەجێ بکەن، یاخۆ یارمەتیی بدەن کە بە زۆرداری دادەنێن. کاریگەریی بەشدارانی جموجووڵەکە تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە ژمارە و توانە کەسییەکانیان و پلە و پێگە یاخۆ کاریگەریی ئەو کەسانەی چوونەتە ناو جموجووڵەکە.

نموونە لەسەر ئەم ڕێگەیە زۆر و زەبەندەیە. کاتێ نەمساییەکان لە ساڵی ١٩٦١ دەستیان بەسەر کاڵاکاندا گرت لە بەرامبەر نەدانی باج لەلایەن مەجەریەکانەوە، بینیان فەرمانبەرانی

زیادکردنی ئاشکرای مەجەری ڕازی نەبوون بۆ فرۆشتنی کاڵا دەست بەسەردا گیراوەکان کار بۆ حکوومەتی نەمسایی بکەن.

لە ٩ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠دا، ئەو ئەندامە کۆمۆنیستانەی لە یەکەتیی گواستنەوەی ئاوی لە یەکەتیی سۆڤیەت جیا بووبوونەوە، ڕەتیان کردەوە مل بۆ چاودێریکردنی حکوومەتی ناوەندی کەچ بکەن، ئەویش بە کشانەوەیان لە لێژنەی گواستنەوەی ناوەندی.

ئەڵمانیای نازی زنجیرەیەک نموونەمان دەداتێ لە وازهێنانی تاکەکەسی، لە هەڕەشەکردن بە ورياييدان، لە حاڵەتەکانی وریاییدان کە شکستیان هێناوە و گەورە بەرپرسانی ڕەسمی پێی هەستاون، یان فەرمانبەرانی ئاسایی کە خۆیان لەبەردەم یەکێک لەسیاسەت یاخۆ کارەکانی هیتلەردا بینیوەتەوە، یان بە سادەیی هەستیان کردووە ناتوانن هەندێ ئەرک ئەنجام بدەن کە حەز بە چارەیان ناکەن.

هەروەها لە دۆخی ئەفریقیای سەردەمی ئیمپریالیزمیدا پرۆژەیەک دەبینین بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە بەشێوەیەکی فرەوان. لە ٣١ی ئابی ١٩٦٢دا، کینی کاوندا سەرۆکی حزبی سەربەخۆییی نیشتمانیی یەکگرتوو، کە پاشتر بوو بە سەرکۆماری زامبیا ڕای گەیاند بەنیازە وەک بەشێک لە بەرنامەیەکی سەرتاپاگیر، بەمەبەستی لەبەریەک هەڵوەشاندنی یەکەتیی ناوەڕاستی ئەفریقیا و لکاندنی باکور و باشووری ڕۆدیسیا و نیازلاند، داوا لە یازدە هەزار فەرمانبەری مەدەنی کە حکوومەتی فیدراڵی بەکاریان دێنێ بکا، دەست لەکار بکێشنەوە. بەڵام دواتر جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی بە پێویست نەزانی.

دەست لەکارکێشانەوەکان لەبەر هۆگەلی سیاسی، ئەو داوودەزگە حکوومییانەیشی گرتەوە کە سەرپەرشتیی زانکۆ دەکەن، بەتایبەت بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی دەستوەردانی حکوومەت لە کاروبارەکانی زانکۆ. بۆ نموونە ساڵی ١٩١١، نێزیکەی سەد ئەندامی دەزگەی زانکۆی مۆسکۆ دەستیان لە کار کێشایەوە لەدژی ئەو سەرکوتە سیاسییەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەیکرد و هەروەها لەدژی ناچارکردنی ڕاگری زانکۆ و جێگرەکەی بۆ دەست لەکار کێشانەوە. هەروەها لەکاتی خەباتی بووزیەکان لە ڤێتنام دژی ڕێژیمی دیام لە ساڵی ١٩٦٣، چل و حەوت ئەندامی زانکۆی هۆی لەدژی لابردنی باب کاوفان لوان ڕاگری کاتۆلیکیی زانکۆکە کە پاڵپشتیی خەباتی بووزیەکانی دەکرد، دەستیان لە کار کێشایەوە.

هەندێ جار ئەندامانی ئاژانسێکی حکوومی یان دامەزراوەیەک بۆ دەربڕینی نەیارییان بۆ سیاسەتی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، پەنا بۆ دەست لەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵ دەبەن. کاتێ لویسی پازدەیەمی پاشای فرەنسا بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر چالاکیی دەزگە حکوومیەکانی تر، لەڕێی ڕەوانەکردنیانەوە بۆ دادگە، ڕێی لە سیازدە پەرلەمانتارەکە گرت خۆیان بە نوێنەری نەتەوە دابنێن، ئەندامانی پەرلەمانی پاریس لە ساڵی ١٧٧٠ بە گەل دەستیان لەکار کێشایەوە. کاتێکیش لەگەڵ

ئەندامانی پەرلەمانی شارەکانی تردا لە هاوکارینەکردنەکەیان بەردەوام بوون، ئەو دامەزراوانە هەڵوەشێنرانەوە.

لەکاتی داگیرکردنی نازی بۆ نەرویج، ئوسقوف و کاهینەکانی کاتیدرائیەکان و قەشەکان وەک فەرمانبەری کەنیسەی حکوومەت دەستیان لەکار کێشایەوە، ئەویش لەدژی پێشێلکردنەکانی دەستووری نەرویجی و دەستوەردانی حکوومەت لە کاروبارەکانی کەنیسە. بەڵام لە پڕکردنەوەی شوێنە ڕۆحیەکانیان بەردەوام بوون و ئەرکە ئاینییەکانیان جێبەجێ دەکرد و کاریان بۆ ئەوە دەکرد کەنیسە بە شێوەیەکی کاتی بکەنە دەزگەیەکی سەربەخۆ.

هەروەها دەگونجێ بۆ دەربڕینی نارەزایی لە سیاسەتی حکوومەت گەورە فەرمانبەران و وەزیرەکان دەست لە کارەکانیان بکێشنەوە، یاخۆ کاندیدە نوێیەکان وەرگرتنی ئەو پۆستانە ڕەت بکەنەوە.

نموونە نوێیەکان لەم بارەوە پێشینەیان هەیە لە مێژووی ململانەی هۆڵەندا دژ بە حوکمی ئیسپانیا لە ساڵی ,١٥٦٠ لە دوو بۆنەی جیاوازدا هەریەک لە شازادە ئۆراگ و کۆنت ئیگمۆنت و کۆنت هۆرن لە ئەنجوومەنی دەوڵەت کشانەوە بەمەبەستی گوشار خستنە سەر شای ئیسپانیایی فیلیپی دووەم بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێ ستەمکاریی فرەجۆر.

لە ٩ی ئابی ١٩٤٣ سەرۆک وەزیرانی دانیمارک، سکافینیوس، هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەی کرد ئەگەر بێت و ئەڵمانیا داوا لە دادگە دانیمارکییەکان بکا، دادگەییی ئەو دانیمارکییانە بکەن کە بەهۆی شەپۆلێکی مانگرتن و ئاژاوەگێڕی دژ بە ئەڵمانیا گیرابوون. لە ٢٨ی ئابدا خۆی و حکوومەتەکەی لە کەشوهەوای قەیرانێکی سیاسیی ئاڵۆسکاو و سەرکوتکردن و بەرگریدا دەستیان لەکار کێشایەوە.

ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئەفریقیایی پاش ڕاگەیاندنی سەربەخۆییی کینیا ڕەتیان کردەوە پۆستە وەزاریەکان وەربگرن، بەتایبەت لە ئاداری ١٩٦٠دا، ئەویش بەهۆی نەیارییان بۆ دەستوورەکەی لینۆکس-بویدی بەریتانیایی کە بەسەریاندا سەپێنرابوو.، هەروەها لە هاوینی ١٩٦٣دا، وەزیری دەرەوەی ڤێتنام و باڵوێزی ئەو وڵاتە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک پاڵپشتیەک بۆ خەباتی بووزیەکان دژ بە ڕێژیمی دیام وازنامەیان پێشکێش کرد.

چەندان نموونە لەبەردەستن لەسەر هەوڵی لێدانی ڕیژیم لە ڕێگەی بە گەل وازهێنان یان ئەنجامنەدانی کارەکان لەلایەن فەرمانبەرانی ئاسایی یان گەورە کەسایەتیی ڕەسمییەوە. ئەوە بوو لە کاتی خەباتی ناتوندوتیژانە لە هند، هەوڵی زۆر دەدرا وا لە فەرمانبەرانی حکوومەت بکرێ دەست لە کارەکانیان بکێشنەوە جا چ لە بەرپرسانی گوندەکان بن یان لە گەورە بەرپرسانی ناوچەکان لە نیودەلهی. ئەو هەوڵانە زۆر چڕ بوون، بەتایبەت لەکاتی هەڵمەتەکەی ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا.

حاڵەتێکی تر هەیە لە شەپۆلی دەست لەکارکێشانەوە بەمەبەستی ڕووخاندنی ڕیژیمی دەسەڵاتدار کە لەبار برا و ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە دەبوو بە ئەگەر و شێوەیەکی بەدیل بۆ کودەتا یان کوشتن و، شایستەی ئەوەیە لە تاوتوێکردنی ئەم ڕێگەیەدا ئاماژەی پێ بدرێ، لەبەرئەوەی وەک پێویست تیشکی نەخراوەتە سەر.

لە ساڵی ١٩٣٨دا، جەنەراڵ کۆلۆنێل لۆدنیگ سەرۆکی ئەرکانی گشتیی ئەڵمانیا بیک نەیاریی خۆی بۆ شاڵاوی دەستدرێژی کردنە سەر چیکۆسلۆڤاکیا دەربڕی، ئەویش لەترسی بەرپابوونی شەڕێکی سەرتاسەریی نەویستراو لە ئەوروپا. بیک تەنیا بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەی نەدا، بگرە هەوڵی دا والتەر فۆن برۆشیچی فەرماندەی گشتیش قایل بکا دەست لەکار بکێشێتەوە و لەوەدا پشتیوانیی بکا. بیک دەیویست لەڕێی بەدەستهێنانی پاڵپشتیی تەواوەوە شەپۆلێکی دەست لەکارکێشانەوە لەنێو جەنەراڵە ئەڵمانەکان و وەزیرە پارێزگارەکانی ناو هاوپەیمانییە حکوومییەکەدا، کە بریتی بوون لە شاخت وەزیری ئابووری، نورات وەزیری دەرەوە، کروسینگ وەزیری دارایی و گۆرتزی وەزیری داد، دروست بکا.

بیک دەستی لە کار کێشایەوە، بەڵام بروشیتچ ئامادە نەبوو ئەو ڕۆڵە گەمە بکا بیک بۆی کێشابوو کە هەوڵدان بوو بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی کۆنگرەی فەرماندەییی گشتی باڵای سوپا بۆ پلانەکە و پاشتریش سەرکردایەتیی ئەفسەرەکان بکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کەسی لەگەڵ هیتلەر، بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێنا.

٤- بایکۆتکردنی داوودەزگە و ئاژانس و کارگێڕییەکانی تری حکوومەت

دەکرێ بەرگریکاران لەکاتی ڕەتکردنەوەی دانان بە دەسەڵاتی دەوڵەت یان پاڵپشتیکردنی یەکێک لە سیاسەتەکانی، هەر جۆر هاوکاریکردنێک لەگەڵ هەموو داوودەزگەکانی دەوڵەت یاخۆ تەنیا ئەو ئیدارانەی پێوەستن بەو سیاسەتەی ڕەخنەیان لێی هەیە ڕەت بکەنەوە، دەکرێ ئەم هاوکاری نەکردنە لەسەر خەرجیی داراییی هاوکاری نەکاران خۆیان بێ، ئەم جۆرە لە بایکۆتکردن ڕووبەڕووبوونەوەی شێوە نوێکانی هاوکاری یان ئەو شێوانەی هەن، دەگرێتەوە.

دەکرێ بایکۆتی چەندان لق و ئاژانس و نووسینگە بکرێ. هەروەها ئەم ڕێگەیە ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی قەرز و دیاری و شتی لەو بابەتەیە لە حکوومەت.

وەک نموونەکان لە میسر و هندستان و ناوەڕاستی ئەفریقیا دەری دەخەن، ئەم ڕێگەیە لە کێشە داگیرکارییەکاندا بەکار دێ. لۆرد میلنەر لە ساڵی ١٩١٩ بە ئەرکێک چووە میسر بەمەبەستی ئامادەکردنی دەستوورێک بۆ سەپاندنی پارێزگاریی بەریتانیا، بەڵام ڕووبەڕووی بایکۆتکردنێکی سەرتاپاگیر بووەوە کە پاش سێ مانگ هیچی پێ نەکرا جگە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەریتانیا بەبێ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ یەک کەسایەتیی میسری کۆ ببێتەوە.

لە حاڵەتێکی هاوشێوەدا نیشتمانپەروەرە هندییەکان لە ساڵی ١٩٢٨ بایکۆتی سەرتاپاگیری نێردەی سیمۆنیان کرد کە دەیویست هەندێ ڕاسپاردە لەبارەی داهاتووی هندستان دابنێ، نێردەکە هیچ ئەندامێکی هندی تێدا نەبوو، ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک ئاشکرا بکا، دروشمی "سیمۆن بگەڕێوە بۆ وڵاتەکەت" بڵاو بووەوە. لەکاتی ئەم هەڵمەتی هاوکارینەکردنەدا، هندییە نیشتمانپەروەرەکان پەنایان بۆ بایکۆتکردنی دادگە بەریتانیاییەکانیان لەلایەن دادوەر و خاوەن سکاڵاکانەوە برد و هانی هێنانەکایەی جێگرەوەیان دەدا، ئەویش بە چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە لەلایەن دانانی ناوبژیوانەوە، لەوانە بەناوبژیوانکردنی ئەنجوومەنە پێنج ئەندامییەکانی گوندەکان.

پێشتر لەم بەشەدا ئاماژەمان بە یەکەتیی ناوەندی ئەفریقیا یان یەکەتیی ڕۆدیسیا و نیازیلاند کرد، لەو کاتەی پێشنیازی ئەو یەکگرتنە کرا کە ئەوروپاییەکان لە سەرەتای پەنجاکاندا بانگەشەیان بۆ دەکرد، نیشتمانپەروەرە ئەفریقیاییەکان لەو ناوچەیەدا پەنایان بۆ سیاسەتی هاوکارینەکردن برد. ئەگەرچی ئەمە نەبووە ڕێگر لەبەردەم دامەزراندنیدا، بەڵام ڕازی نەبوونیان پێی و هاوکارینەکردنیان لەگەڵ حکوومەتە فیدراڵییە نوێیەکە، بووە مایەی ئەوەی پاشتر هەڵبوەشێتەوە. ئەم هاوکارینەکردنە ئەفریقیاییە سێ نموونە پیشان دەدا کە سوودی ئەم ڕێگەیە دەردەخەن.

ئەوە بوو ئەفریقیاییەکان لە باکوری ڕۆدیسیا و نیازیلاند ڕازی نەبوون لە نیسان و ئایاردا بەشداریی کۆبوونەوەکەی لەندەن بکەن بۆ دانانی گەڵاڵە فیدراڵییەکە. هەمان کاریان کرد کاتێ ڕازی نەبوون ئامادەی کۆبوونەوەکەی لەندەن بن لە کانوونی دووەمی ١٩٥٣ کە گەڵاڵەی کۆتایی فیدراڵییەکەی دانا. کاتێکیش لیژنەی مۆنتکۆن ساڵی ١٩٦٠ سەردانی یەکەتییەکەی کرد بەمەبەستی بەدواداچوونی زانیارییە پێویستەکان بۆ داڕشتنی ڕاسپاردەکان بەمەبەستی چاوخشاندنەوە بە دەستووری فیدراڵیدا، ڕێکخراوە سیاسییە ئەفریقیاییەکان لە باکوری ڕۆدیسیا و نیازیلاند بایکۆتێکی کاریگەری لیژنەکەیان کرد و ڕەتیان کردەوە لەگەڵی کۆ ببنەوە و زانیاریی بدەنێ.

ئەم ڕێگەیە لە هەندێ حاڵەتی تری نموونەییدا بەکار هاتووە، لەوانە شۆڕشی سیاسی، یان بەرگریی داگیرکردنی بیانی، یاخۆ شەڕی "ڤۆریا" یان بەرەنگاریکردنی دەستگرتنی حکوومەت بەسەر کارەکاندا. لەکاتی شۆڕشی ١٩٠٥ی ڕووسیادا، بەلشەفیەکان لە جۆرجیا بایکۆتکردنێکی سەرکەوتوویان بۆ ئیدارە و دادگەکان و قوتابخانە ڕووسیاییەکان ئەنجام دا و دەسەڵاتدارانی ڕووسیا تا هاوینی ١٩٠٦ نەیانتوانی دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن.

لەکاتی شەڕی ڕوهەردا و وێڕای قاتوقڕیی ئازووخە، ئەڵمانەکان ئامادە نەبوون پەنا بۆ شۆربا ببەن، هەروەها ئەو کۆگەیانەیان ڕەت کردەوە کە هێزەکانی داگیرکەر دایان مەزراندبوون. لە هەردوو مانگی ئەیلول و تشرینی دووەمی ١٩٦٤ بووزیەکانی هەرێمی کوانگ نانگ چەند جارێک

ڕەتیان کردەوە هاوکاری لەگەڵ ئیدارەی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیدا بکەن، کە لە کۆتایدا بەجێی هێشتن.

نموونەیەکی ترمان لە ئەڵمانیای نازییەوەیە: ساڵی ١٩٣٥ بەرەی کاری سەر بە حزبی نازی هەوڵی دا چاودێریکردنێکی هاوبەش بەسەر ڕێکخستنە بچووک و گەورەکانی کاردا بسەپێنێ. بۆ ئەو مەبەستە لە ١٣ی حوزەیران بڕیارێک لە دکتۆر "ڕۆبەر لای" سەرۆکی بەرەی کارەوە دەرچوو، بەپێی بڕیارەکە ژووری کاری نیشتمانی و هەژدە لێژنەی لاوەکی لە ناوچەکان پێک دێن. ئامانج ئەوە بوو بەرەی کار کە بەرەیەکی حزبی بوو بکاتە ڕکابەری ژووری پیشەسازی. لای داوای لە فەرمانبەران کرد ببنە ئەندامی جیا و داوای لە وەزیری شەڕ کرد، بەهۆی بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەکانی لێژنە لاوەکیەکاندا، ژمارەیەک لە ئەفسەرەکان دەربکا. ئامانج سەپاندنی چاودێری بوو لەسەر کارە تایبەتەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا گردبوونەوەکانی پیاوانی کار بایکۆتی ژووری کارەکەیان کرد و وەزیری شەڕ جگە لە کەسە ڕەسمییە مەدەنییەکان ڕێگەی بە ئامادەبوونی کەسی تر نەدا. بەوەیش بایکۆتکردنەکە کاریگەریی خۆی سەلماند و هەوڵی سەپاندنی چاودێریەکی کردەیی بەسەر کارەکانەوە شکستی هێنا.

کاتێ لێژنەی ئاسایشی نیشتمانی لە کۆنگریسی ئەمەریکایی لە مانگی تەمووزی ١٩٧٠ داوای لە ١٧٧ پەیمانگە و زانکۆ کرد ناو و لایەنی پشتیوان و کرێ و سەرچاوەی داهاتی وانەبێژە ڕادیکاڵەکانی بۆ بنێرن، ئەو داوایە بە هاوکارینەکردنێکی توند لەلایەن زانکۆکانی تافت و میدفۆرد و ماساشوستس وەڵام درایەوە، بە یارمەتیی زانکۆی هارفارد. جۆنز شیتز جێگری سەرۆکی زانکۆی تافت گوتی: دەستبەجێ هەستمان کرد داواکارییەکە جێکەوتی ترسناکی دەبێ بۆ سەر ئەو مافانەی دەستوور دەستەبەری کردوون، وەک ئازادیی دەربڕین و ئازادییەکانی تر کە زانکۆ لێیان بەهرەمەندە و دەیانپارێزێ... بۆ شکستپێهێنانی هەر دەستوەردانێک لەو ئازادییانە کە بەلامانەوە زۆر گرینگن، زانکۆی تافت بڕیاری دا وەڵامی داواکەی لێژنەی ناوبراو نەداتەوە.

چارلز واتیلۆک بەناوی زانکۆی هارفارد وەڵامی دایەوە کە زانکۆکە هیچ زانیاریەکی لەبارەی ئەو وانەبێژانەوە نییە کە بە بانگهێشتی ڕێکخراوەکانی قوتابییان دێنە ناو حەرەمی زانکۆکە. ڕۆژنامەی بۆستن گلۆپ ئەم چالاکیی هاوکارینەکردنەی بە هەڵتەکاندنێکی نوێی ئازادیی سیاسی و ئازادیی ئەکادیمی پێکەوە، لەقەڵەم دا.

ئەم جۆرە بایکۆتکردنە چەندان جار لەلایەن ڕێکخراوە ناودەوڵەتییە ناحکوومییەکانەوە ئەنجام دراوە. لە٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە ڕێکخراوی کاری ناودەوڵەتی لە جنێف، نوێنەرە ئەفریقیاییەکان بۆ ماوەیەکی کورت بایکۆتیان کرد و نوێنەرانی چەند ویلایەتێکی تریش لەوەدا شوێنیان کەوتن و لە دەرەوە خۆپیشاندانیان کرد لەو کاتەی ڕاپۆرتی لیژنەیەک تاوتوێ دەکرا کە باسی لە ڕێگەکانی پابەندبوونی حکوومەتە ئەندامەکان بە پێویستییەکانی ڕێکخراوی کاری ناودەوڵەتی دەکرد.

نوێنەرە ئەفریقیاییەکان لەوە ناڕازی بوون پورتوگال ڕازی نەبوو سەربەخۆیی بداتە کۆڵۆنییە ئەفریقاییەکان، کە بە سەپاندنی کاری زۆرەملێوە پێشێلکاریی زۆر ڕوویان دەدا. ئەو ڕۆژە شاندی یەکەتیی کاری ئەمەریکایی و ئەنجوومەنی ڕێکخراوە پیشەسازییەکان بۆ ڕێکخراوی کاری ناودەوڵەتی، کۆتاهێنان بە بایکۆتکردنەکەی ڕاگەیاند و بڕیاری دا ئامادەی کۆبوونەوەکەی لێژنەی جێبەجێکردنی ئاژانسەکە بێ لە ٢٣ی حوزەیراندا.

سێر فوبل نوێنەری هەردوو ڕێکخراوە ئەمەریکاییەکە بۆ ماوەی سێ هەفتە بایکۆتی کۆنگرەکەی کرد و وەک نارەزایی لە دژی هەڵبژاردنی نوێنەری پۆلەندا بۆ سەرۆکایەتیی خولی ساڵانەی ڕێکخراوی کاری ناودەوڵەتی. ئەوە یەکەم نوێنەری وڵاتێکی شیوعی بوو بۆ ئەو پۆستە بێتە هەڵبژاردن.

٥- کشانەوە لە دەزگە فێرکارییەکانی حکوومەت

کشانەوەی یەکجاری یان کاتیی قوتابییان و خوێندکاران لە قوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت لە کاتی هەڵمەتی بەرەنگاریکردنی ئەو حکوومەتەدا، بە شێوەیەک لە شێوەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی دادەنرێ. ئەو حاڵەتە بۆ نموونە لە کاتی خەبات لە پێناو سەربەخۆیی هندستاندا ڕووی داوە. ئەم جۆرە بایکۆتکردنە چوار ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە:

– بەشداریکردن لە دروستبوون و گەشەکردنی قوتابخانە نیشتمانییەکان و پەیمانگە سەربەخۆکان لە دەسەڵاتی ئارا.

– چاودێریکردنی کاریگەریی دەسەڵات و ناوەندە فێرکارییەکانی سەر بە ڕیژیمی کۆن و بەکارهێنانی پێگەکانی بۆ داڕنینی لابەندی بۆ ئەو ڕیژیمە لە ڕیزەکانی قوتابییاندا.

– ناردنی سەربازانی لاو بۆ ناو بزووتنەوەی بەرگری لەوانەی دەیانەوێ لە ناوەندی تری جگە لە خوێندندا چالاک بن.

– بەشداریکردن لە تێکدانێکی گشتیی ئەو هاوسەنگییەی هەیە و ڕیشەدارکردنی هاوکارینەکردنی سەرتاپاگیر لەگەڵ حکوومەتدا. کۆنگرەی گشتیی حزبی کۆنگرەی نیشتمانی لە باشووری ئەفریقیا ساڵی ١٩٥٤ داوای بایکۆتکردنی دامەزراوە فێرکارییەکانی کرد، تا ئەو کاتەی سیاسەتی فێرکردنی بانتۆ لە قوتابخانەکاندا بە زۆر بسەپێنرێ، واتە بایکۆتکردنی یەکجارەکی.

٦- بایکۆتکردنی ئەو ڕێکخراوانەی حکوومەت پاڵپشتییان دەکا

ئەم جۆرە لە هاوکارینەکردنی سیاسی بریتییە لە ڕەتکردنەوەی چوونە پاڵ یاخۆ دانان بە ملکەچی بۆ هەندێ ڕێکخراو کە ئامرازی دەستی حکوومەت یان بزووتنەوەیەکی سیاسین کە پێویستە بەرەنگاری بکرێ. وەک ئەوەی مامۆستایانی نەرویجی لە ساڵی ١٩٤٤ ئامادە نەبوون بچنە ناو

ڕێکخراوی کیسلنگی مامۆستایانی سەر بە حکوومەتە نوێیەکە، کە وەک بەردی بناخەی دەوڵەتی هاوکاری و بنچینەیەک بوو بۆ بەسەربازکردن و سازکردنی منداڵان.

لە بەرامبەر حکوومەتەکەی کیسلنگ کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەرنامەی "دەوڵەتی هاوکاری" جێبەجێ بکا بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەرجەم ڕێکخراوە نەرویجییەکان، دەست لەکارکێشانەوە مەزنەکەی ئەندامان ڕووی دا کە لە هاوینی ١٩٤١دا لەنێوان ٧٠-٨٠٪ی سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوە جیاوازەکانی گرتەوە.

پاش هەرەسهێنانی ڕاپەڕینەکەی حوزەیرانی ١٩٥٣ لە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات، کرێکاران پەنایان بۆ بەرگریکردنێکی سەرەمەڕی بە گەل برد و بڕیاریان دا ئەو ئابوونەیە نەدەن کە پێویستە سەندیکاکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت بیدەن.

٧- یارمەتینەدانی بەکرێگیراوانی داوودەزگە ئەمنییەکان

وا باوە ئەو دانیشتووانەی هاوسۆزن لەگەڵ هەندێ دەستەی تاوانکار، یاخۆ لێیان دەترسن، ئامادە نین زانیاری بدەنە پۆلیس یان هیچ شتێک لەبارەی کەسە داواکراوەکانەوە ئاشکرا بکەن. دەگونجێ خەڵکی گشتی لەو کۆمەڵگەیانەی لە سایەی داگیرکردن یاخۆ دیکتاتۆریەتدا دەژین، ئامادە نەبن زانیاری لەبارەی نەیارانی سیاسی یان بەرگریکارانی نیشتمانی بدەنە پۆلیس، ئەوەیش جۆرێکە لە هاوکارینەکردنی سیاسی.

کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان زۆر جار ڕەتیان کردووەتەوە زانیاری لەبارەی ئەو کەسە داواکراوانە بدەن کە کاری تێکدەرانەی جۆرەوجۆریان دژ بە موڵکەکانی بەریتانیا ئەنجام دابوو، یاخۆ بەرەنگاریی سانسۆری سیاسییان دەکرد. ئەوەیش لە دوو بۆنەی بەناوبانگدا دەرکەوت:

ساڵی ١٧٧١ گرووپێکی دەمامکدار پاپۆڕێکیان دەستبەسەر کرد و بەپێی یاسای دیلاوەر شمەکەکانی سەریان خستە ڕوو بۆ فرۆشتن. ئەو دوو سەد ئیستەرلینیەی ڕیچارد پین حاکمی پەنسلڤانیا تەرخانکردنی ڕاگەیاند بۆ هەر کەسێ زانیاری لەبارەی ڕفێنەرەکانەوە بدا، کەڵکی نەبوو و نەیتوانی هیچ دووزمانێک فریو بدا.

لە ڕودئایلاند واتەرز کە پاپۆڕی گاسییە لە ٨ی حوزەیرانی ١٧٧٢ تێیدا لەنگەری گرت، ژمارەیەک لە هاووڵاتییانی بێ دەمامک و ناسراو لە شاری برۆفیدانس هەڵیان کوتایە سەر پاپۆڕەکە، جوێنیان بە کاپتنەکەی دا و دەستدرێژییان کردە سەر ستافەکەی و پاپۆڕەکەیشیان سووتاند. ئەگەرچی خەڵاتێکی گەورەی شاهانە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرا و لێژنەیەکی شاهانە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە پێک هات، ئەنجامدەرانی کارەکە لەلایەن هاووڵاتییان و حکوومەتی کۆڵۆنییەکەوە پارێزران و هیچ بەڵگەیەک لەدژیان چنگ نەکەوت.

ئەم ڕێگەیە پێشکێشکردنی شێوەی تری یارمەتیش دەگرێتەوە. لە هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٢٨ دژ

بە یاسای بارودلی لە هندستان، چۆن باندۆران ئاماژە بەوە دەکا جووتیارەکان بە داخستنی دەرگەکانیان و خوێندنەوەی چەند بەشێک لە وتارەکانی باتیل ڕووبەڕووی باجگرەکان دەبوونەوە و هەوڵیان دەدا بە بەڵگە قایلیان بکەن کە ناکرێ باجی داهات کۆ بکرێتەوە. کاتێ هێزەکانی پۆلیس دەرگەکانیان دەشکاند و کەرەستەکانیان دەهێنایە دەرەوە، جووتیارەکان دەستیان دەکرد بە لەبەریەک هەڵوەشاندنی عەرەبانە و کەرەستەکان و فڕێدانی پارچەکانیان لە شوێنی جیا جیادا.

لە هاوینی ١٨٨١ کرێگرتە ئێرلەندابیەکان هەندێ کاری جۆرەوجۆریان دەکرد بۆ بەرگرتن لە دەست بەسەرداگرتنی موڵکەکانیان بەهۆی نەدانی کرێکانیان کە پێی ڕازی نەبوون. شایەتحاڵێک دەگێڕێتەوە: پاش ئەوەی پیاوەکان نانی ئێوارەیان خوارد، شەریفی ناوچەکە بە پاسەوانیی هێزیکی گەورە هەڵمەتێکی بۆ سەر کێڵگەی مورنان دەست پێ کرد بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی، لەبری نەدانی کرێکەی. کاتێ گەیشتینە کێڵگەکە کە پێ دەچێ بەهایەکی مەعنەویی هەبێ، دەرکەوت کەوا یەک سەر ماڵاتی تێدا نییە، ئەوەی بتوانێ ببزوێ دوور خرابوویەوە. دەبوو شەریف و یاوەرەکانی بەبێ جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان شوێنەکە بەجێ بێڵن، بەڵام کاتێ پاش چەند ڕۆژێک لەپڕ دەگەڕانەوە، دەیانتوانی دەست بەسەر ئەو ماڵاتەدا بگرن کە پاش سەردانەکەی پێشوو هێنابوونیانەوە.

لە هەردوو مانگی کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٦٤ قەرەچە ئێرلەندابیەکان کە بە ئەسپ و عەرەبانەکانیانەوە لە دەوروبەری شاری دبلن خێوەتیان هەڵدابوو، ڕووبەڕووی هەوڵی وەدەرنانیان لە چەند ناوچەیەک بوونەوە، ئەویش بە نەبەستنەوەی عەرەبانەکان بە ئەسپەکانەوە، بەو هۆیەوە دەبوو هەموو عەرەبانەکان بە ڕاکێشان لە شوێنەکە بگوازرێنەوە.

هەندێ جار یارمەتینەدانی داوودەزگە ئەمنیەکان بەوە دەکرێ کە کەسانێک بەبێ بەرەنگاری و ئەملاوئەولا خۆویستانە خۆیان بەدەستەوە دەدەن. مارتن ئۆبنهایمەر و جۆرج لاکی بەم شێوەیە پێناسەی ئەم جۆرە چالاکییە دەکەن: بەبێ بەرگری ئەوەیە کە ئەو وشانە مەبەستیانە. بریتییە لە تەواو خاوکردنەوەی جەستە، کە لە هاوکاری نەکردنی جەستەییانەدا لەگەڵ دۆخەکە بەرجەستە دەبێ بەشێوەیەک پێویستە کەسی هاوکارینەکەر بە پاڵ بێ یان بە پەلکێشان بۆ ئەو جێیەی پێویستە بگوازرێتەوە. هەروەها دەکرێ گۆڕانکاری لە دۆخەکەدا بکرێ بەوەی هەردوو دەست بخرێنە گیرفانەکان، یان لە حاڵەتەکانی توندوتیژیدا وەک ئەوەی لە تۆپی پێدا دەکرێ باز بدرێ، هەروەها سەر و شوێنە هەستیارەکانی لەش بە هەردوو باڵەکان بێنە داپۆشین.

٨- گۆڕینی هێما و ناوی شوێن و گۆڕەپانەکان

دەتوانرێ ژمارەی خانووەکان، هێماکانی شەقامەکان، ویستگەکانی هێڵی ئاسن، ئاراستەکانی ڕێگە ناودەوڵەتییەکان و نیشانەکانی دوورییەکان بگۆڕێن یان لابدرێن، یان بگوازرێنەوە، کە ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی پەکخستن یان ئاراستەکردن بەئاراستەی هەڵە یان لەمپەر دروستکردن

لەبەردەم جـوولّەی سـوپـا و پۆلیـسـی بیـانـی. ئەم جـۆرە هـەلاّنە کـە بە ڕواڵـەت فـریودەرن لـەوانەیە کارگەرییەکی گەورەیان هەبێ کاتێ هێزە چەکدارەکان بە تەواوی لە ناوچەکە ناشـارەزا بن، یان کاتێ ناوچەکە یاخۆ نەخشەی شەقامەکان ئاڵۆز و سەرلێتێکدەر بن و دانیشتووانەکە نەیانەوێ ئاراسـتـە دروسـتـەکە پیـشـان بدەن. ڕەنگە یەکـێـک لە گـرینگـترین بەکـارهێنانەکانی ئەم ڕێگەیە دروستکردنی لەمپەر بێ لەبەردەم پۆلیسی سیاسی و ڕەخساندنی کات بێ بۆ هەلاّتنی کەسـەکان، یاخۆ ڕەخساندنی دەرفەت بێ بۆ گواستنەوەی بارەگەی سەرکردایەتیی بەرگری یان کەرەستەکانی بۆ شـوێنێکی تر. لەوانەیە لە هەندێ لە حـاڵەتەکاتدا کاتی بەردەست زۆر کەم بێ، بەلاّم کاریگەریی دەروونی لەسـەر هەردوو لا، واتە هێزەکانی داگیـرکەر و دانیشـتووانە بەرگریکارەکان مەغزایەکی تایبەتی هەیە.

ڕەنگە ڕوونـتـرین نموونە لـەسـەر بەکـارهێنانـی ئەم ڕێگەیـە لە هەفـتـەی یەکـەمـی داگـیـرکـردنی ڕووسیـادا بێ بۆ شاری پراگ لە ساڵی ١٩٦٨، هێزەکانی ڕووسیـا لە ٢٠ی ئاب چوونە ناو شار و، لە ڕۆژی هەینی ٢٣ی هەمـان مانگ، سـەعات پێنج و ٢٥ دەقیقـە ڕادیۆی چیکۆسلۆڤاکیا ڕایگەیاند لەوانەیە شەو هەڵمەتێکی دەستگیرکردن ئەنجام بدرێ.

هەروەها بانگەوازێکی بلاّو کردەوە داوای کرد تابلۆی شەقام و ژمارەی ماڵەکان بۆیە بکرێن یان بگۆڕێن و کارێک بکرێ ژمارەی خانووەکان نەخوێنرێنەوە، هەروەها تابلۆکانی ئاراستەکانی ڕێگە ناودەوڵەتییـەکان بۆیە بکرێن، شـەوی پێنجشـەمـ زۆربەی تابلۆکانی زۆربەی شـەقامـەکان هەروەها هێماکانی ئاراسـتـەکانیش لە ڕێگە ناودەوڵەتییە سەرەکییەکان بۆیە کرابوون. پاش نیوەڕۆی هـەینی لە پـراگ بلاّوکـراوەی زۆر بلاّوبوونەوە کـە داوایان دەکـرد هێـمـاکـانی شـەقـامـەکـان و زۆربەی نەخـشـەکـان بگۆڕێن یان بۆیـە بکرێن، ڕۆژنامـەی براسـە نووسـیی: بەدەمـەوە هاتنی نـایاب بۆ ئەم بانگەوازە هەبوو. شەقامەکانی پراگ ناوەکانیان بزر کرد.

ڕۆژنامەی لیدوفا دیموکراسی ڕایگەیاند کە سەدان هەزار کەس بەشدارییان لە هەڵمەتەکەدا کردووە:

ناو و ژمـارەی شـەقـامـەکـانی پراگ بزر بوون، شـارەکـە بـوو بە شـاری مـردوو بۆ مـیـوانە چارە نەویستراوەکان، کەسێک لێرە لە دایک نەبووبێ یان لێرە نەژیابێ شارێکی نامۆ دەبینێ کە یەک ملیۆن دانیشـتـووی تێدایە... دەبا درێژە بە دروشمی "پۆسـتـەچی دەتاندۆزێتەوە بەلاّم خراپەکاران نا!" بدەین، ئافەرین بۆ پراگ و ئەو شارانەی تر کە شوێن پێیان هەڵگرت.

ڕۆژنامـەی ڕودی براڤـۆی حـزبی شـیـوعی نووسـیی: ژمـارەیەکی زۆر لە لاوان بەشـدارییـان لە هەڵمەتی گۆڕینی تابلۆکاندا کرد، "ئەو خەڵکەی ڕێگەی خۆیان لە شارەکەدا دەزانن، تەنیا ئەوانەن کە پێویستە بیزانن، نەک کەسی تر."

فیـلمی چیکی "شەمەندەفەرەکانی لە دوورەوە چاودێریکردن" کە بەر لە داگیرکردنە ڕووسییەکە بەرهەم هێنراوە، کاریگەریی گەورەی گۆڕینی ناوی ویستگەکانی هێڵی ئاسنین لە کاتی داگیرکرنی

نازیدا پیشـان دەدا، کـاتێ ئەوەی بەسـتەوە بەو چالاکییـە تێکدەرانەی کرێکارانی هێڵی ئاسن ئەنجامیان دا کە سوور بوون لەسەر ئەوەی بۆ چەند سەعات یان ڕۆژێک گەیشتنی شەمەندەفەرێک بۆ شوێنی مەبەست لە وادەی دیاری کراو دوا بخەن.

٩- قبووڵنەکردنی فەرمانبەرە ڕەسمییە دامەزرێنراوەکان

دەگونجێ یەکەیەکی سیاسی فەرمانبەرێکی ڕەسمی قبووڵ نەکا کە بۆ خزمەتکردنی دامەزراوە. لەو نموونەیەی دەیهێنینـەوە ئەو فەرمانبەرە دامـەزراوە دەزانـێ دەبێ زوو لەو جێیـە بڕوا. ئەگەر ئەوەیش ڕووی نەدا، ئەوە بەپێی ئەم ڕێگەیە دەکرێ بە ڕەسـمی نەناسرێ و ئەگەر ویستی کارەکەی ئەنجام بدا هاوکاریی لەگەڵدا نەکرێ. پەیامنێرێکی ڕۆئاوایی باس لە حاڵەتێک دەکا کە لە هەرێمی بینگ فـانگ هوبیـە لـە چین ڕووی داوە لە سـاڵی ١٨٤٠: بەرهـەڵسـتـیی دامـەزراندنی دادوەرێکی نوێ بۆ هەرێمـەکـە کرا لەبەرئەوەی پێشـتـر لە هەرێمـێکی تر ئیـشـی کـردبوو و بە گـەندەڵی و زۆرداری و دڵڕەقی بەناوبانگ بوو.

کۆبوونەوەیەکی کەسـایەتییە سـەرەکییـەکان لە ئەنجـوومـەنێکی فرەواندا ئەنجام درا و بڕیار درا کە پێویستە دادوەرەکە بەشێوەیەکی مەدەنی لەلایەن ڕۆڵەکانی شارەکەوە بێتە هەڵبژاردن.

دادوەرە نوێیـەکە تـازە خـەریک بوو لە دامـەزراندنی ئـەندامـانی دادگە ببێتـەوە، ئاگەدار کـرا کـە شاندێکی هاووڵاتییان دەیانەوێ مواجەی بکەن... شاندەکە دەستی بە ناساندنی خۆی کرد، ئەنجا یەکێک لە ئـەندامـانی شاندەکە هەسـتایە سەر پێ و بە ئەدەب و سـەلیقەیەکی بەرزەوە ڕایگەیاند کە ئەوان بـەناوی شــارەکــەوە هاتوون و داوای لـێ دەکــەن لەکـوێوە هاتووە بگەڕێتــەوە ئـەوێ و ئەوان بەهیچ شـێوەیەک حـەز بە چارەی ناکـەن. حـاکمـەکە سـەرەتا هـەوڵی دا حـەشـامـاتە تووڕەکە هێـور بکاتەوە، ئەنجا ویستی هەڕەشەی لێ بکا، بەڵام بێهودە بوو.

ئەو کەسـەی بەناویانەوە قسـەی دەکرد بە هێـمنی پێی گوت کە ئەوان نەهـاتوون بابەتەکـەی لەگەڵ تاوتوێ بکەن، چونکە بابەتەکە یەکلا کراوەتەوە و ئەوان ڕێک کـەوتوون لەسـەر ئەوەی نابێ ئەمشـەو لە شـارەکەدا داوەری بکـا و ئامـادەشن خـەرجیی گواسـتنەوەی دابین بکەن و شـاندێکی تایبـەت و دیاریشی لەگەڵدا بنێرن تا بە سلامەتی دەکاتە پایەتەختی هەرێمەکە.

لەبەردەم هـاتوهـاواری جـەمـاوەر کـە لە دەرەوە خڕ بوویـوونەوە، حـاکـمـەکە ملـی دا و بە یاوەریی سـەرۆکی شـارەکە شوێنەکەی بەجێ هێشت. هـەردووک ڕاستەوخۆ چوونە لای جێگری دادوەرەکە و حـاڵنامـەیەکی درایە دەست کە دیارترین کـەسـایەتییـەکـانی شـاری بینگ فـانگ ئیـمـزایان کـردبوو، خوێندیەوە و ڕایگەیاند قەبارەیان ماقووڵە و دەبێ پێوەی پابەند بن.

١٠- ڕەتکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی دەزگە ئاراکان

کاتێ حکوومەتێک هەوڵ دەدا ئازادیی دامەزراوەکان لەناو ببا بەمەبەستی باشتر چاودێریکردنی خەڵک، یان لەناوبردنی بزاوێکی بەرهەڵستکاریی دیاریکراو، یاخۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە بەپێی بنەوایەکی ئایدیۆلۆجیی دیاریکراو، زۆر لە ڕێکخراوە سیاسی و پەروەردەیی و کرێکاری و ڕۆشنبیرییەکان ڕەتی دەکەنەوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیان قبوول بکەن. ئەو کاتە ڕێکخراوەکە دەتوانێ بە ئاشکرا یان بە نهێنی درێژە بە چالاکییەکانی بدا و پارێزگاری لە ڕادەیەکی دیاریکراو لە چالاکییەکانی بکا و بەرەنگاریی هەوڵەکانی حکوومەت بۆ لەناوبردنی ببێتەوە.

بەرفرەوانبوونی شەپۆلی پارێزگاریکردن لە دەزگە ئەهلییەکان کلیلی بەرەنگاریکردنی داگیرکردنی بیانییە کە هەوڵ دەدا کۆمەڵگە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی, لەوانەیە ڕەتکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دامەزراوانە هاوکات بێ لەگەڵ بایکۆتکردنی دامەزراوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت وەک پێشتر باسمان کرد. هەروەها دەکرێ هەردوو ڕێگەکە کۆ بکرێنەوە کاتێ ئامانجی کاری ناتوندوتیژانە بەرگریکردن بێ لە حکوومەتێکی شەرعی یاخۆ لە دامەزراوەگەلێکی کۆمەڵایەتی دژ بە هێرشێکی ناشەرعی.

ڕاوێژکاری ئەڵمانی بیسمارک تۆمەتی هەردوو هەوڵەکەی کوشتنی ئیمپراتۆر ویلهلیمی دایە پاڵ سۆشیال دیموکراتەکان، ئەوەیشی کردە بەهانە بۆ گوشارخستنە سەر پەرلەمانی نوێ بۆ پەسندکردنی یاسایەک دژ بە سۆشیالیستەکان لە ساڵی ١٨٧٨. بەپێی ئەو یاسایە، حکوومەت بۆ ماوەی هەشت مانگ دەسەڵاتی درایە بۆ هەڵوەشاندنەوەی زۆر لە یەکەتییە کرێکارییەکان و کۆمەڵەکان و ڕێگرتن لە دەرچوونی چەندان بڵاوکراوە.

هەرەوەزییەکانی بونافاید هاتنە هەڵوەشاندنەوە و فیستیڤاڵە جەماوەرییەکانی سۆشیال دیموکراتەکان قەدەخە کران. سۆشالیستەکان بەند کران و دوور خرانەوە، تەواوی ڕێکخستنی حزبی سۆشیال دیموکرات تێک شکێنران و پۆلیس چەندان هەڵمەتی دژ بە هەوادارانی حزبی سۆشیالیست ئەنجام دا. پاش سێ ساڵ، ئەو سۆشیالیستانەی هەڵوەشاندنەوەی حزبەکەیان ڕەت کردبووەوە دەستیان بە کۆبوونەوە کرد، سەرەتا بە نهێنی و ئەدەبیاتەکانیان بە نهێنی لەڕێی سویسراوە دەگواستەوە و نوێنەرەکانیان بۆ هەڵبژاردنەکان کاندید دەکرد.

ج. ئەلیس بارکەر کە یەکێکە لە مێژوونووسانی ئەو قۆناخە دەڵێ: پاش هەر هەڵبژاردنێک شەپۆلی پشتگیریکردن لە سۆشیال دیموکراتەکان و ناڕەزایی لەو ڕێوشوێنانەی حکوومەت لەدژیان گرتیە بەر زیادی دەکرد.

ساڵی ١٨٩٠ پاش ئەوەی ئیمپراتۆر بسمارکی ڕاوێژکاری لەکار لادا و پاش هەڵوەشاندنەوەی یاسای ئیشتراکی، ژمارەی دەنگدەرانی سۆشیال دیموکراتەکان لە ٤٣٧١٥٨ دەنگدەر لە ساڵی

١٨٧٨ بۆ ملیۆنێک و چوارسەد و بیست و حەوت هەزار دەنگدەر بەرز بووەوە.

بارکەر هەروەها دەڵێ: بەم شێوەیە، کاریگەری و جێبەجێکردنی یاسای ئیشتراکی بەپێچەوانەی ئەوە بوو بسمارک خوازیاری بوو و حزبی سۆشیالیستی کردە حزبێکی مەزن.

## جێگرەوەکانی گوێڕایەڵیکردن لای هاووڵاتیان

١- ملکەچکردنی نابەدڵ و سارد و سڕ

بەرهەڵستکارانی ڕیژیم لە هەندێ حاڵەتدا کە هەست دەکەن ناتوانن بە ئاشکرا بەرەنگاری ڕیژیمەکە ببنەوە، دەتوانن لە ملکەچکردنەکەیاندا بەپێی توانا پەنا بۆ خاوەخاوەکردن ببەن بەشێوەیەک وا دیار بن کە توانا و چالاکییان نییە. کاتێ بۆ نموونە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەو بەرنامەیەی ناوی نابوو بەرنامەی خۆبەخشانە بۆ بڵاوکردنەوەی هەرەوەزییە کشتوکاڵییەکان کە والتەر ئۆلبرخت لە تەمووزی ١٩٥٢ ڕایگەیاند، بەرهەڵستیکردنی وەرزێرەکان بۆ ئەو بەرنامەیە تەنیا بەوە نەبوو کە هەزارانیان کۆچیان کرد بۆ ڕۆژئاوا، بگرە بەشێوەیەکی بەرفرەوانیش ڕەتیان کردەوە بچنە ڕیزی هەرەوەزییەکان. حزبی دەسەڵاتدار لە هەموو گوندێک کۆبوونەوەیەکی دامەزراندنی بەست، بەڵام ئەو بۆنانە بە فەرامۆشکردن و بەشداریکردنی لاواز وەڵام درانەوە. زۆربەی جاریش ڕێکخەرانی ئەو کۆبوونەوانە ڕووبەڕووی هۆیهای دوژمنکارانە دەبوونەوە و هەندێ جار ناچار دەبوون بەپەلە بکشێنەوە.

لە زیاتر لە حاڵەتێکدا ئەندامانی حزب و بەرپرسانی ناوخۆیی بانگهێشتکردنەکانیان بۆ ئامادەبوون پشتگوێ دەخست. لە کۆتای مانگی چوارەمی هەڵمەتەکەدا، تەنیا چوار هەزار کێڵگەی هەرەوەزی دامەزران، پاش شەش مانگ دامەزراندنی پێنج هەزار کێڵگە ڕاگەیەنرا، بەم شێوەیە بەرنامەکەی حکوومەت دووچاری هەرەس هات.

ئەم ڕەفتارە بەرامبەر کۆکردنەوەی باجیش کراوە. لە هەردوو سەدەی حەڤدەیەم و نۆزدەیەم دەربەگەکان لە چین بەئەنقەست دانی باج و سەرانەی زەوی و دانەوێڵەیان بە حکوومەت دوا دەخست، ئەویش بەمەبەستی خۆدزینەوە لە باجدان. لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە نابەدڵی و ناڕێکی و پێکی باجی برنج درا. تەنیا بە دواخستنی باجدانەکە وازیان نەهێنا، بگرە برنجی وشک و پاکوتەمیزیان دەگۆڕی بە برنجی پیس و پۆخڵ و تەڕ و زۆر جاریش کەمتر لە بڕی پێویست دەدرا و لە هەندێ حاڵەتدا فڕێ دەدرانە دەرەوەی سایلۆکان. هەندێ جار هاتنەوەی فەرمانبەرەکانی سایلۆکان بە ڕادەستنەکردنی برنجەکە یاخۆ بە بەرزکردنەوەی سکاڵا و تۆمەت لەدژیان بۆ بەرپرسانی باڵا وەڵام دەدرانەوە.

٢- ملکەچنەکردن لەکاتی نەبوونی چاودێریی ڕاستەوخۆدا

نموونەیەکی تری هاوکارینەکردنی سیاسی هەیە کە بریتییە لەوەی دانیشتووان لە حاڵەتەکانی نەبوونی چاودێریی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ یاخۆ زۆرەملێیانەدا، یاسا و مەرسووم و سیستمەکان فەرامۆش و ڕەت دەکەنەوە. بۆ نموونە کاتێ سەربازەکان بۆ چاودێریی جێبەجێکردنی فەرمانێکی تایبەت بڵاو دەبنەوە، خەڵک مل کەچ دەکەن، بەڵام هەر کە سەربازەکان پشتیان هەڵکرد خەڵکیش دەکەونە بەرهەڵستی. ئەم ڕێگەیە لە چین دژ بە ڕیژیمە ستەمکارەکان و داگیرکەرە بیانییەکان بەزۆری بەکار هاتووە. بەڵام ئەم جۆرە ڕەفتارە بە زەحمەت تۆمار دەکرێ.

٣- یاخیبوونی میللی

زۆر نموونە هەن تێیاندا دانیشتووان بەگشتی یان بەشێکیان، بە تەواوی لێبڕانەوە دەست دەدەنە پشتگوێخستنی سیستم و ڕێساکان یاخۆ بەزاندنیان، بە هەندێ ڕێگە کە ناگاتە ئاستی یاخبوونی مەدەنی. ئەم حاڵەتانە خەسڵەتێک یان زیاتری یاخیبوونی مەدەنییان تێدا بزرە، وەک ئەوەی یاساشکێنی بەکارێکی ناشەرعی نازانرێ. لە بنەڕەتدا ئەم ڕێگەیە زیاتر خۆنەبانکردن لە یاسا و سووکایەتی پێکردنیەتی تا ئەوەی گژبەرییەکی زەق بێ. چالاکەکان هەوڵ نادەن پۆز بە بەرهەڵستیەکەیانەوە لێ بدەن.

لەوانەیە چالاکیەکان سەرتاپاگیر و نانهێنی بەڵام ڕانەگەیەنراو بن، چونکە بەرگریکارەکان وای بە باش دەزانن بەپێی توانا نەناسرێن و خۆ دوور بگرن لە سزادان، تا بتوانن وەک بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنێکی فرەوان بمێننەوە.

هەوڵەکانی شا کریستیانی پێنجەمی پاشای نەرویج و دانیمارک لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ کردنی شاری کریستیانسان بە شارێکی مەزن تووشی نیوە شکست بوو، ئەویش لە ئەنجامی ڕازینەبوونی دانیشتووانی ڕایزور و ماندالّ و فلیکفۆرد بۆ فەرمانێکی ڕاشکاوانەی پڕ لە هەڕەشە بە سزادانی توند، بۆ ناچارکردنیان تا لە ماوەی شەش مانگدا بار بکەن بۆ کریستیانسان. "ئەوە هیچ دادی نەدا، خەڵک بە ئارامی لە ژیانی خۆیان بەردەوام بوون و شارەکانی کەناریش بە پێشکەوتوویی و گەشاوەیی مانەوە".

لەکاتی شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ بڕیارێک دەرچوو، کە جارێکی تر کاروباری ئازادیی بازرگانیی دانەوێڵەی ڕێک دەخست، بەڵام "کەس ملی بۆ کەچ نەکرد"

لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٧٩٢ جەماوەر گژبەریی بڕیاری قەدەخەکردنی خۆپیشاندانی کرد و خۆی گەیاندە گۆڕەپانی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ ئاهەنگ گێڕان بە ساڵیادی سوێنخواردنی دادگەی تنس، ئەنجا دایان بەسەر باخچەکانی تولۆریدا و پاشایان دەرکرد، جوێنیان پێ دا و هەڕەشەیان لێ کرد.

کاتێ حکوومەتی فەرەنسا لە حوزەیرانی ١٩٤٨ کارە پیشەییە نیشتمانیەکانی هەڵوەشاندەوە، بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی ئاژاوە و شۆڕش هەوڵی دا ژمارەیەک لە خاوەن پیشە بنێرێ بۆ ناوچە جیاوازەکان، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە بڕۆن. لە ٢٢ی حوزەیران ڕێپێوانێکیان لە پاریس ڕێک خست کە بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد: نامانەوێ بڕۆین، نامانەوێ بڕۆین، کە پاش چەند ڕۆژێک پێکدادانی خوێناویی لێ کەوتەوە.

لە کاتی شۆڕشی ١٩٠٥ لە ڕووسیای قەیسەری، خەڵک بەشێوەیەکی کاتی وەک دیفاکتۆ (ئەمری واقیع) و بە هۆی پاڵپشتیی ڕاستەوخۆ و هەڵوێستی میللیەوە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی سەپاند، بە سادەیی هەموو مەرسوومەکانی سانسۆر پشت گوێ خران و ڕۆژنامەکان چییان بویستایە بڵاویان دەکردەوە، هەروەها ژمارەیەک ڕۆژنامەی نوێ بەبێ مۆڵەتی پێشوەخت سەریان هەڵدا کە هەڵگری بیروبۆچوونی سیاسیی توندوتیژ بوون. سەندیکاکانیش یاساکانیان پشتگوێ خست و بە شێوەیەکی ئاشکرا چالاک بوون.

چالاکیگەلی میلیی نارەزا لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەم لە هۆڵەندا سەریان هەڵ دا. چاوپۆشی لە گۆڕینی میدالیا ئەڵمانیاییەکان بۆ پارچەی کانزایی کرا، هەروەها گوێگرتنی تاکەکەسیی ڕێ پێنەدراو لەو بەرنامە ئێزگەییانەی لە بەریتانیاوە پەخش دەکران، گۆڕا بۆ چالاکییەکی بەرهەڵستکارانە بۆ داگیرکەری ئەڵمانی.

دانیشتووانی هەندێ لە گەڕەکەکانی کۆپنهاگن لەکاتی مانگرتنەکەی مانگی حوزەیرانی ١٩٤٤، خۆیان نەبان کرد لە یاسای قەدەخەکردنی هاتوچۆ کە ڕێوشوێنە ئەڵمانیاییە نائاساییەکان سەپاندبوویان.

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٢ هەندێ لەو جوولەکانەی لە بەلجیکا ڕاگوازرابوون پەنایان بۆ لێکردنەوەی ئەستێرە زەردەکان برد لە جلەکانیان. هەروەها لە حوزەیرانی ١٩٤٢ چەندان شێوەی ڕەتکردنەوەی بڕیاری هەڵگرتنی ئەستێرە زەردەکە لە فەرەنسای داگیرکراو سەریان هەڵ دا:

هەندێ لە جوولەکەکان بڕیاریان دا ئەستێرەکە هەڵنەگرن، هەندێکی تریان بە شێوەیەکی هەڵە لە جلەکانیان دەدا، هەندێکی تریشیان لەباتی ئەستێرەیەک چەند ئەستێرەکیان لە خۆیان دا. بەشێکی تریان لەگەڵ نیشانەی تردا هەڵیان دەگرت. لە کۆتاشدا ژمارەیەک لە گیراوە غەیرە جوولەکەکان بە لەخۆدانی ئەو ئەستێرەیە یان شتی هاوشێوەی بەشدارییان کرد. ئەڵمانەکان بۆ دەربڕینی ڕقیان لە بەرگریکارە جوولەکەکان و پشتیوانە فەرەنساییەکانیان، لە یەکێک لە سەربازگەکان زیندانییان کردن.

ڕەنگە یەکێک لە هۆکانی کاریگەرنەبوونی ئەو ڕێورەسمانەی بۆ ڕێگرتن لە کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شار لە چین لەنێوان سالآنی ١٩٥٠ و ١٩٥٨ بریتی بووبێ لە "فەرامۆشکردنی بەردەوامی ڕێورەسمەکان لەلایەن ئەوانەی بەنیازی کۆچکردن بوون".

٤- یاخیبوونی دەمامکدار

لەوانەیە یاخیبوون لە یاسا و مەرسووم و فەرمانەکان لە شێوەی ملکەچکردنێکی سستدا خۆی بنوێنێ. لەکاتی ئەو هەڵمەتی هاوکارینەکردنەی کە سەری یاسای پوولەکانی خوارد کاتێ لە یەکی تشرینی دووەمی ١٧٦٥ خرایە واری جێبەجێکردن، گتکردنی دەمامکداری بازرگان و کڕیارانی بارەکان لە بەکارهێنانی پوولەکان لەسەر بەڵگەنامەکانی بار، بووە مایەی پەکخستنی تەواوەتیی چالاکیی بەندەرە بازرگانییەکان. بەڵام جۆرێکی تایبەت لە یاخیبوونی دەمامکدار لە فیلادلفیا پێڕەو کرا، کە تێیدا بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ڕێگە بە جموجوڵی پاپۆڕەکان درا بەبێ ئەوەی ڕەسمی پوول بدەن:

چالاکیی بازرگانی بەدرێژاییی مانگی تشرینی دووەم بەشێوەیەکی داهێنەرانە کە لە شوێنی تر نەبووە، بەردەوام بوو. بازرگانەکان لە هەموو بەندەرکانی کۆڵۆنییەکەدا هەر کەشتیەکیان ئاشکرا دەکرد کە پێش لە تشرینی دووەم لە بارکردندا بووبێ. بەڵام لە فیلادلفیا تەنیا ئەو کەشتییانەیان ڕاگەیاند کە نیوە بارکراو بوون، پێویست نەبوو هەموو زانیارییەکان ڕادەست بکرێن پێش لەوەی تەواوی بارەکەی پاپۆڕەکە ئاشکرا بکرێ. بەم شێوەیە ئەو کەشتییانەی نیوە بارکراو بوون لە فیلادلفیا لە ڕۆژە کۆتاکانی مانگی تشرینی یەکەمدا زانیارییەکانیان وەرگرت. کاتێ بارەکانیان تەواو بار دەکران، خاوەنەکانیان دەچوون بۆ فەرمانگەی گومرگ پسوولەی باجی گومرگ و سوودی مێژوو دیارینەکراویان پێشکێش دەکرد... لەبەرئەوەی شتێکی سروشتییە بارکردنی پاپۆڕێک سێ تا چوار هەفتە بخایەنێ، هەر بۆیە بەندەرەکانی فیلادلفیا تا کۆتای مانگی تشرینی دووەم جۆرە پاڵەپەستۆیەکیان هەر لەسەر مابوو.

ڕۆژنامە هەڵوەشاوەکانیش دەتوانن یاخیبوونی دەمامکدار بکەن، ئەویش بەوەی هەر زوو بەناوی نوێوە ڕۆژنامەکە دەربکەنەوە. ئەو حاڵەتە لەکاتی هەڵمەتی شەڕی ڕوهەردا ڕووی دا، کاتێ ڕۆژنامە هەڵوەشاوەکان ناوی ڕۆژنامەی تری هەڵنەوەشاوەیان بۆ سەرلەنوێ دەرچوونەوە بەکار هێنا. شتی لەو شێوەیە لە ڕووسیایش لە ساڵی ١٩٠٥ ڕووی دا.

لە بەهاری ١٩٢٩ کاتێ دەسەڵاتدارانی بەریتانی ڕۆژنامەی "فۆرۆرد"یان داخست کە لە کالکۆتا دەردەچوو، لە وەڵامی ئەوەدا ڕۆژنامەی "نیو فۆرۆرد" دەرچوو، دواتر ئەوەیش هەڵوەشێنرایەوە و لەجێی ئەو ڕۆژنامەی لیبەرتی دەرکرا.

مۆسیقای جاز لەکاتی شەڕی جیهانیی یەکەمدا لەلایەن نازییەکانەوە قەدەخە کرا و پۆلیسی گستابۆ کون بە کون بەشوێن ژەنیارانی جازدا دەگەڕا. بەڵام ئەوانەی زۆر شەیدای ئەو جۆرە مۆسیقایە بوون بۆ خۆلادان لەوە پەنایان برد بۆ گۆڕینی ناوی پارچە مۆسیقاکانی جازی ئەمەریکایی بۆ هەندێ ناوی تر کە ئاوازێکی ئەڵمانییان هەبێ. لەم بارەوە ڕیشارلاف فۆگ دەڵێ پارچە مۆسیقای "ئۆرگان گراندر سوینگ" بوو بە "هۆفکنزرت ئیم هنترهاوس"، پارچەی

"تایگرراگ" بوو بە "شفارتز بانتر"، "بلاک باتوم" بوو بە "شوارتر ڕودی" و "لایدی بی گود"یش بوو بە "فروسی گۆن".

یەکێک لە کچە ئەڵمانییە ئارەزوومەندەکانی جاز بەناوی گونا هیب دەگێڕێتەوە "ئێمە ئاوازە ئەمەریکاییەکانمان دەژەنی، بەڵام دەبوو پارچەکان بە لیستێک بدەینە نازیەکان، بۆیە ناونیشانەکانمان وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی... بە گەمژانەترین شێوەیش وەرمان دەگێڕان، چونکە باوەڕمان وا بوو بیرۆکەی پێشکێشکردنی لیستەکە و قەدەخەکردنی مۆسیقای ئەمەریکایی خۆی ئەوپەڕی گەمژەییە. کەس بەوەی نەدەزانی، نازیەکان گوێیان بۆ دەگرتین و چەپڵەیان لێ دەدا، ئێمەیش بەنهێنی پێ دەکەنین. کار گەیشتە ئەوەی فیرقەی ڕەسمیی سوپای نازی یەکێک لە پارچەکانی ژەنی.

لە ئەڵمانیای نازی، ئەو لاوانەی نەیاندەویست بچنە سوپا و نەشیاندەویست ڕاستەوخۆ بچنە ناو هێزی بەرگری، وەک تەکنیکێکی نموونەیی پەنایان برد بۆ داواکردنی بواردنیان لەبەر هۆکاری تەندروستی، ئەویش بەوەی ڕاپۆرتێکی نەخۆشی لە پزیشکی "گۆتن تاگ" بەدەست بێنن، واتە هەر پزیشکێک لەبری "هایل هیتلەر" بە دەستەواژەی "ڕۆژتان باش" پێشوازی لە نەخۆشەکانی دەکا. لاوێک بەناوی هۆرست لیبمان کە لە ئارەزوومەندانی جاز بوو، توانیی ئەو تەکنیکە سەرکەوتووانە بۆ ماوەی ساڵێک بەکار بێنێ. دەبوو هەر کاتێ پشکنەرەکە پێوەندیی بە ماڵەکەیەوە دەکرد خۆی بە نەخۆش پیشان بدا. هەروەها دەبوو لە ماڵەوە بێ و نەچێتە شەقامەکان، چونکە ئەو لاوانەی بەکەڵکی شەڕ نەدەهاتن مۆڵەتی ئەوەیان نەدەدرایە پیاسە بکەن. کاتێکیش لە کۆتاییدا بەهۆی چالاکییە مۆسیقیەکانیەوە گیرا، باوکی توانیی پزیشکەکان قایل بکا بەوەی لەبەردەم گستابۆدا شایەتی بدەن کە تەندروستیی کوڕەکەی هێندە لاوازە ناتوانێ بەرگەی بەندکردن بگرێ. بەو شێوەیە هۆرست ئازاد کرا.

چینیش چەندان نموونەی تێدایە. بەڵگەی ناڕاستەوخۆ تاکە سەلمێنەری ئەو جۆرە ڕەفتارە بوو. بەشێکی بچووکی ئەم بەڵگەیە لە بڵاوکراوەکانی ئیمپراتۆریای چینیدا دەبینین کە لە ساڵی ١٨١٤ دەرچووە، کە لەڕێی کارەکانی بەرپرسانی ناوەخۆیی و هەرێمی، بەتایبەت ئەوانەیان دانیشتووان تۆمار دەکەن، جەخت لەوە دەکا ئەوانە لەکاتی پێویستدا بە دیمەنێکی جوانەوە دەر دەکەوتن، لەکاتێکدا جێبەجێکردنی ئەرکە ڕەسمیەکانیان پشتگوێ دەخست. ئیمپراتۆر ئاماژە دەکا بەو "ڕەسمییانەی بە ڕواڵەت گوێڕایەڵی دەکەن و بە کردەوەش ئومێدەکانمان پشتگوێ دەخەن".

نموونەیەکی تر لەسەر یاخیبوونی دەمامکدار لە ساڵی ١٩٣٠دا بەدی دەکەین. پاش ئەوەی ژاپۆنیەکان ئەنجومەنی سیاسیی موبای-شاهاریان لە باکوری چین دامەزراند، کە بەنیاز بوون ببێتە ئامرازێکی سیاسی بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدانی ئابووریی ژاپۆنی. بەڵام حکوومەتی چین ئەنجومەنەکەی وەک بەربەستی بەردەم بەیەکدادانی لەگەڵ حکوومەتی ژاپۆن دەزانی. لە بەرامبەر پێداویستییە ئابوورییەکانی ژاپۆندا حکوومەتی چین، لەبری ڕەتکردنەوەی بە سانایی، پەنای بۆ

دەستی دەستی پێکردن لە دانوستاندنەکان و کات کوشتن دەبرد:

لەژێر گوشاری داواکارییەکاندا، جەنەراڵی چینی سونگ شیە ڕیان سەرۆکی ئەنجوومەنی سیاسی بەمەبەستی دۆزینەوەی دەرچەیەک، کشایەوە بۆ زێدی خۆی و نزای بۆ گۆڕی باوباپیرانی دەکرد. ئەم تەکنیکە ژاپۆنیەکانی شێتگیر کرد و دەستیان کرد بە باسکردن لە ناجدیبوونی چینیەکان، هەر زوو گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەنجوومەنە سیاسییەکە، وەک ئامرازێکی سیاسی خزمەتی ئەو ئامانجانە ناکا کە لەپێناویاندا دامەزراوە.

ساڵی ١٩٤٢ حکوومەت لە شونکین قاوەخانەکانی ساردی و قاوەی داخست و فرۆشتنی قاوە و ئاوی غازی قەدەخە کرد، ئەم جارەشیان بە شێوەیەک لە شێوەکانی یاخیبوونی دەمامکدار بەرپەرچ درایەوە:

قاوەخانەی سنگ سنگی بەناوبانگ لەژێر ناوی چێشتخانەی سنگ سنگدا کردیەوە و پاش ژەمەکانی خواردن و کەرە، ساردیی پێشکێش دەکرد و کردبوویە نەریتێکی سەپاو کە پەرداخ و چەقۆ و کەوچک و چەتاڵ لەسەر مێزەکان بن تا وا نیشان بدرێ پاش ژەمە تەواوەکە شیرینی پێشکێش دەکا. هەروەها خواردنەوەی غازی لە قاپی شۆربادا پێشکێش دەکرا و میوانەکان بە کەوچک دەیانخواردەوە.

سەربازە چینییەکانیش فێری وەڵامدانەوەی هاوشێوەی فەرمانەکان بووبوون وەک گراهام بیک لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٠ لە شۆنکین تێبینیی کردبوو: پاش کەمێک، ڕیزێک سەرباز بە جلوبەرگە لۆکەکانیان و (صنادل القش = نەعلی کا) گەیشتن و لەڕێی گردەکەوە هاواریان دەکرد، بە هەنگاوی خێرا و فریودەر پێشڕەوییان دەکرد و بەرز و نزم هەروەلەیان دەکرد و زۆر بەخاوی دەجوڵان. وەک هەموو سەربازە چینیەکان بۆ پاراستنی ڕێکوپێکییەکە ژمارەکانیان دەوتەوە: یەک دوو سێ چوار. کاتێ ئەفسەرەکەیان تێی دەخوڕین تا خێرا بکەن، بە خێراییی زیاتر و زیاتر، لە دەرەوەی کات، دەیانوتەوە لەو کاتەی قاچەکانیان لەسەر زەوی تا دەهات خاو دەبوونەوە و زەردەخەنەیەکی فێڵبازانە لەڕووی هەموویان دەنیشت.

٥- ڕەتکردنەوە بە بڵاوەکردن لە کۆبوونەوە یاخۆ دیدارێکدا

هەندێ جار کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی یان گردبوونەوەیەکی ناڕەسمی جۆرێک لە بەرهەڵستی نیشان دەدا کاتێ داوایەکی ڕەسمی یاخۆ ناڕەسمی بۆ بڵاوەکردن ڕەت دەکاتەوە. ئەم ڕێگەیە هەندێ جار دەتوانین بیگێڕینەوە بۆ ملکەچنەکردنی میللی یان یاخیبوونی مەدەنی لە یاسا ناشەرعییەکان، لەگەڵ ئەوەی هەموو جار بەو شێوەیە نییە.

لە چەندان بۆنەی ململانەی داگیرکاریی ئەمەریکاییدا حاکم یان هەر بەرپرسێکی تر فەرمانێکی ڕەسمیی تایبەت بۆ بڵاوەپێکردنی کۆبوونەوە جەماوەرییەکان لە شارەکان، یاخۆ کۆڕ و کۆنگرە

گشتییەکان دەردەکا. ڕۆژێکیان لە کانوونی دووەمی ١٧٧٠ ملازم حاکم هاچنسۆن شەریفی نارد بۆ هۆڵی فانوی کە بازرگانەکانی شاری بۆستن کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییان تێدا دەبەست و چالاکیی لە ناوەندی شاردا پەک خستبوو. نامەیەکی پێدا نارد سەرکۆنەی گردبوونەوەکەی کرد و بە کارێکی بێ پاساوی دانا لەلایەن هەر دەسەڵات یاخۆ یاسایەکەوە. هەروەها سەرکۆنەی ڕێپێوانەکەی لە شەقامدا کرد و بە مەترسیدار و مایەی سەرهەڵدانی تۆقاندنی دانابوو. هاچنسۆن وەک نوێنەری تاجی شاهانە فەرمانی پێ کردن بڵاوەی لێ بکەن و جارێکی تریش لە داهاتوودا خۆیان لە قەرەی ئەو جۆرە گردبوونەوانە نەدەن.

بازرگانەکان بۆ ماوەیەکی کورت کۆبوونەوەکەیان ڕاگرت تێیدا بە کۆی دەنگ ڕایان گەیاند کۆبوونەوەکەیان بە شەرعی دادەنێن، ئەنجا درێژەیان بە کارەکانیان دایەوە.

لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٧٨٩ لەو کاتەی تووڕەیی گەل لەدژی دەسەڵاتەکانی پاشای فڕەنسا و خانەدانەکان کوڵی دەدا، لویسی شازدەیەم وتارێکی لەبەردەم هەر سێ توێژەکەی گەلدا دا و ڕۆڵیانی دیاری کرد و پاش ئەوە فەرمانی بە نوێنەران کرد کۆبوونەوەکە بۆ ڕۆژی داهاتوو دوا بخەن، بەو مەرجەی بەپێی توێژەکانیان لە هۆڵی جیاوازدا کۆ ببنەوە. کاتێ شا چووە دەرەوە خانەدانەکان و زۆربەی ئەندامانی ئەکلیریۆس شوێنی کەوتن، بەڵام نوێنەرانی خەڵکە ڕەشۆکیەکە لەسەر کورسییەکانیان چەقین و بە بێدەنگی مانەوە. ئەو کەسەی بەناویانەوە قسەی دەکرد بە نوێنەری پاشای ڕاگەیاند ئەوان بڕیاریان داوە کۆبوونەوەکە دوا ناخرێ و هیچ مشتومڕیشی ناوێ... "چونکە کەس بۆی نییە فەرمان بۆ نوێنەرانی گەل دەربکا".

لە دۆخێکی تەواو جیاوازدا، لە ١٥ی ئایاری ١٨٤٨ کۆمەڵێ خەڵک دایان بەسەر کۆمەڵەی نیشتمانیدا و پێیان وا بوو دەتوانن ناچاری بکەن دەستبەجێ بەیاننامەیەک لە بەرژەوەندیی پۆڵەندا دەربکا. چەند سەعاتێک هێزی پێویست بۆ گواستنەوەی خەڵکەکە نەگەیشت، لە هەمان کاتدا کۆمەڵەی نیشتمانی ملی نەدەدا بە داواکاریی حەشاماتەکە یان دواخستنی دانیشتنەکەی یاخۆ دەرکردنی یاخیبووان. بەدرێژاییی ماوەی ئەو گەڕەولاژەیە ئەندامانی ئەنجوومەن بە نەرێنی کش و مات لەسەر کورسییەکانیان دانیشتبوون، بەبێ ئەوەی هیچ نارەزایییەک دەرببڕن یان پاشەکشە بکەن، توند بێدەنگ بوون، ئەلکەسیس دوتوکفیل ئەمە دەگێڕێتەوە. دەنگدان لەسەر پرۆژەکە کۆمەڵەی نیشتمانیی ڕسوا کرد و دەستەپاچەیی دەرخست و کەس سەرکێشیی نەکرد پەتی ئەو بێدەنگییەی ئەندامەکان بپسێنێ. ئەو بەرگرییە نەرێنییە کە جەماوەرەکەی تووڕە و شێتگیر کردبوو، وەک شەپۆلێکی کڕێوە بوو کە تووڕەییی خۆی بەسەر حەشاماتەکەدا دادەباراند بەبێ ئەوەی هەوڵ بدا دوور بکەوێتەوە. لە کۆتاییدا یەکێکیان هاواری کرد: ناتوانین لەسەر دەنگدان ناچاریان بکەین. پاش ماوەیەک لە پشێوی و چاوەڕوانیی گەیشتنی هێزەکاندا، کەسێکی تر قیڕاندی و دواخستنی کۆمەڵەی نیشتمانیی ڕاگەیاند، بەبێ ئەوەی جەماوەرەکە ئامانجی خۆی بەدی بێنێ.

هەروەها لە ماوەی ئەو ململانەیەی پرۆتستانتەکان لە هەنگاریا دژ بە یاسا ئاینییەکانی نەمسا و ئەو هەولانەی دەدران بۆ ملکەچکردنیان بۆ چاودێریی ئیمپراتۆریەت، ئەنجامیان دا، کۆمەڵەی گالڤن لە ناوچەی ترانس–تیشا رۆڵێکی دیاری بینی لە گژبەریکردنی فەرمانەکانی حکوومەت، ئەنجوومەنەکەیان وەک بڕیار درابوو، لە شاری دوبرتسین لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٨٦٠ بە ئامادەبوونی پێنجسەد کەسی ڕەسمیی کەنیسە و هەزاران عەلمانی، کۆ بووەوە. ویلیام ڕۆبەرت میللەر باسی بۆنەکە دەکا کە یەکێک لە مێژوونووسانی کەنیسەی ئیمری ڕفیز تۆماری کردووە:

ڕاستەوخۆ پاش نوێژی کردنەوە، نوێنەری حکوومەتی ئیمپراتۆریەتی نەمسا وەستا و داوای لە ئامادەبووان کرد بڵاوەی لێ بکەن. کاتێ پیتەر بالوگی جێگری ئوسقوف داوای لە ئامادەبووان کرد ئاخۆ حەز دەکەن بڵاوە بکەن یاخۆ نا، جەماوەرە توورەکە وەڵامی دایەوە: کۆ دەبینەوە و بڵاوە ناکەین. کۆبوونەوەکە چەندە پێش بکەوتایە، ترس بە دەموچاوی نوێنەرە ئیمپراتۆرییەکەوە زیاتر دەر دەکەوت، چونکە هەزاران چاوی توورە مرخیان لێ دەکرد. لە کۆتاییدا نەیتوانی زیاتر دان بە خۆیدا بگرێ و بەبێ ئەوەی ئازاری پێ بگا شوێنەکەی بەجێ هێشت.

گردبوونەوە پێویستی بە کۆمەڵەیەکی گشتیی ڕەسمی نییە تا بڵاوەکردن ڕەت بکاتەوە، دەکرێ کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی ئاسایی یاخۆ گردبوونەوەیەکی نارەزایانەی خۆبەخۆ بێ. لە ١٧ی شوباتی ١٩٥٩ نێزیکەی ١٥٠ تا ٢٠٠ کەسی ئەفریقیایی لە هەرێمی کوتاکوتا لە نیازیلاند ڕوویان کردە فەرمانگەی پۆلیس بۆ نارەزایی دەربڕین دژی گرتنی چەند کەسێکیان بەتۆمەتی ئەنجامدانی کاری ئاژاوەگێڕی لە ڕۆژی ڕابردوودا و داوایان کرد ئەوانیش لەگەڵیاندا بگرن، پاساوەکانی کۆمسیاری هەرێمەکەیان لەبارەی گرتنەکان و پێشنیازکردنی بینینی شاندێکیان هەروەها فەرمانی بڵاوەکردنیان ڕەت کردەوە. "لەو کاتەدا پۆلیس بۆمبی فرمێسکڕێژ و کوتەکیان بەکار هێنا".

شێوەیەکی تری بڵاوەنەکردن هەیە ساڵی ١٩٦٨ شاندی دانوستانکاری چیکۆسلۆڤاکیا کە پاش داگیرکردنی ئەو وڵاتە لە مۆسکۆ دانوستاندنی دەکرد، جێبەجێی کرد، شاندەکە لە فڕۆکەخانەی مۆۆسکۆ زانیی کە یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە بەناوی فرانچیسک کریفل دیار نییە، کە ئەندامێکی لیبرال بوو لە دەستەی سەرۆکایەتیی حزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکیا و جوولەکەیەک بوو کە بەرپرسانی سۆڤیەت ڕقیان لێی بوو. ئەندامانی شاندەکە ڕازی نەبوون بەبێ کریفل سەفەر بکەن و گەشتەکەیان دوا خست تا بەرپرسانی ڕەسمیی سۆڤیەت ناوبراویان بەردا و شاندەکە گەڕایەوە پراگ.

٦– خۆپیشاندانی دانیشتن

خۆپیشاندانی دانیشتن یەکێکە لە شێوەکانی هاوکارینەکردن، تێیدا بەشداران بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان دیارینەکراو لەسەر زەوی، لە شەقام و ڕێگەکان، دادەنیشن و ڕەتی دەکەنەوە خۆیستانە شوێنەکە چۆڵ بکەن. لەوانەیە خۆپیشاندانی دانیشتن کارێکی خۆبەخۆ بێ، یان کاردانەوەیەکی پێشوەخت تەگبیر بۆکراو بێ وەک کاردانەوە دژی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانێک و

شتی لەو شێوە. یاخۆ لەوانەیە کارێک بێ شان بەشانی یاخیبوونێکی مەدەنی لەدژی یاسایەکی ڕەسمی، ئەم جۆرە خۆپیشاندانە نموونەیەکی ڕژدە لە بەرگریکردنی ڕەمزی. هەروەها لەوانەیە بەمەبەستی وەستاندنی هاتوچۆیەکی ئاسایی، یان ڕاگرتنی تانکەکان، یاخۆ بۆ بەرگرتن لە چوونە دەرەوەی فەرمانبەران یان کەسانی ڕەسمی لە کارەکانیان بۆ شوێنی تر، پەنا بۆ خۆپیشاندانی دانیشتن ببرێ. لەم کاتەدا کارەکە دەگۆڕێ بۆ ڕێگەی "دەستوەردانی ناتوندوتیژانە"، جا چ نارەزاییی ناتوندوتیژانە بێ یان بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە وەک پاشتر دەیبینین. لەم ساڵانەی دواییدا دەرکەوت خۆپیشاندانی دانیشتن بەشێوەیەکی زۆر فرەوان کاری پێ دەکرێ.

نێزیکەی پێنجسەد کەس لە کۆتاکانی نیسانی ١٩٦٠ لەکاتی شەڕی جەزائیردا خۆپیشاندانیان کرد لەدژی گرتنی شەش هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی باکوری ئەفریقیا لە فەرەنسا بەبێ دادگەییکردن یان لێکۆڵینەوە، خۆپیشاندەران ڕوویان کردە ناوەندی کۆکردنەوەکە لە دەوروبەری فنسین کە یەکێک بوو لە ناوەندە فەرەنساییەکان بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی عەرەب و لەبەردەم دەروازەکەیدا دانیشتن.

پاش ئەوەی پۆلیس ژمارەیەک لە بەشدارانی بەرەتای خۆپیشاندانەکەی دەستگیر کرد و بردنی بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکانی، شەپۆلی تری خۆپیشاندەران بەدوایاندا هاتن.

هەروەها ژمارەیەک خۆپیشاندەری تر لە مانگی ئایاردا بۆ دەربڕینی نارەزایی لەدژی هەمان سیاسەت لە نێزیک شەقامی شانزیلیزیە خۆپیشاندانی دانیشتنیان ئەنجام دا، پاش ئەوەی پۆلیس ڕێگەی پێ نەدان بگەنە وەزارەتی ناوەخۆ.

هەروەها لە بەهاری ١٩٦١ سێسەد هاوولاتیی نەرویجی نەیار بە تاقیکردنەوە ناوکەییەکان، پەنایان بۆ خۆپیشاندانی دانیشتن برد لەبەردەم باڵیۆزخانەی سۆڤیەتی لە ئۆسلۆ، ئەویش پاش ئەوەی سۆڤیەت ئاشکرایان کرد بەنیازن بۆمبێکی ناوکەیی بتەقێننەوە کە وزەکەی پەنجا میگاتۆنە.

لە ئایاری ١٩٦٢ نێزیکەی هەزار قوتابیی زانکۆی لشبۆنە خۆپیشاندانی دانیشتنیان ئەنجام دا لەدژی بڕیارێکی وەزیری پەروەردەی پورتوگال بە ڕێگرتن لە ئاهەنگەکانی ڕۆژی قوتابی.

لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٤ نێزیکەی پێنجسەد لاوی ڕووسیایی ئامادەی کردنەوەی پێشانگەی هونەرمەندی بەرهەڵست ئیلیا گلازنۆف لە گەلەریی مانیج لە مۆسکۆ بوون. کاتێ وەزیری ڕۆشنبیری دواخستنی گفتوگۆی لەبارەی کارە نمایشکراوەکان ڕاگەیاند، لاوەکان ڕازی نەبوون هۆڵەکە بەجێ بێڵن و ڕایان گەیاند خۆیان گفتوگۆکە دەکەن. کاتێ بەرپرسانی ڕەسمی ڕوناکییەکانیان کوژاندەوە، ئامادەبووان لەسەر زەوی دانیشتن، سەرەتا بە ڕێکوپێکی چەپڵەیان لێ دەدا و پاشتر دەستیان بە هۆیهاکێشانی جۆرەوجۆر کرد. هێزی میلیشیا پاش سێ سەعات لە کردنەوەی پێشانگەکە ناچاری کردن هۆڵەکە چۆڵ بکەن.

قوتابییانی زانکۆی مەدرید لەکاتی هەڵمەتەکەیان بۆ دامەزراندنی یەکەتییەکی سەربەخۆی

قوتابییان، لە ٢٤ی شوباتی ١٩٦٥ ڕێپێوانێکی بێدەنگیان ئەنجام دا کە لەکاتی گەیشتنیان بە بەربەستی پۆلیس و ڕێ لێگرتنیان، گۆڕا بۆ خۆپیشاندانی دانیشتن.

خەباتی هندی لە هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١ نموونەی فرەجۆریان پێشکێش کردووە لانی کەم لە دوو بۆنەدا، کاتێ پۆلیس بۆ ڕێگرتن لە تێپەڕبوونی خۆپیشاندانێکی خەباتکارە ناتوندوتیژەکان، خۆپیشاندانێکی دانیشتنیان لە شەقامەکەدا ئەنجام دا. لە ئایاری ١٩٣٠ و لەکاتی هەڵمەتی "خوێ"کەدا کۆمەڵێ لە لایەنگرانی مەهاتما گاندیی ناتوندوتیژ بە سەرۆکایەتیی ساروجینی نایدۆی شاعیر ڕوویان کردە کۆگەی خوێیەکە و پۆلیس بەرەو ڕوویان بوونەوە، ئەفسەری پۆلیسەکە ڕووی کردە خۆپیشاندەرەکان و گوتی: لێرە دەمێنینەوە و خۆمان ناتوندوتیژی جێبەجێ دەکەین تا ئەو کاتەی ئێوە ناتوندوتیژ بن. بەڵام پاش بیست و هەشت سەعات لە بەرەنگاریکردن بە دانیشتن، پۆلیس ئارامی نەما و ڕێگەی توندوتیژانەتری بەکار هێنا.

پاش چەند هەفتەیەک پۆلیسی چەکدار لە شاری بۆمبای ڕووبەڕووی ڕێپێوانی نێزیکەی سی هەزار پیاو و ژن و منداڵ بووەوە. خەڵکەکە خۆپیشاندانی دانیشتنیان لە شەقامەکاندا ئەنجام دا و پۆلیسیش هەر بەو شێوازە بەرەنگاریان بوونەوە. چەند سەعاتێک بەو شێوەیە درێژەی کێشا. کاتێ لایەنگرانی خۆپیشاندانەکە لەو شێوە باراناویەدا خواردن و ئاو و پەتوویان بۆ هێنان، خۆپیشاندەرەکان وەک هێمای نیازپاکی، ئەو شتانەیان دایە پۆلیسەکان. لە کۆتاییدا پۆلیس کشایەوە و خۆپیشاندانەکە بە ڕێپێوانێکی سەرکەوتوو لە نیوەی شەودا کۆتای هات.

٧- هاوکارینەکردن لە بواری بەسەربازکردنی زۆرەملێ و دوورخستنەوەدا

بۆ بەرهەڵستیکردنی شێوە جۆرەوجۆرەکانی بەسەربازکردنی زۆرەملێی حکوومی و دوورخستنەوە، پەنا دەبرێ بۆ ڕەتکردنەوەی فەرمانەکانی تۆمارکردنی کەسەکان، یان ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی "ئەرک" یاخۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی دوورخستنەوەدا. پاڵنەرەکانی دەسەڵات بۆ دوورخستنەوە جۆرەوجۆرن: لەوانەیە دەسەڵات بیەوێ دانیشتووان لە ناوچەیەک بگوازێتەوە، یان هەڵگەڕاوانی سیاسی دوور بخاتەوە، یان کارێکی زۆرەملێیانە ئەنجام بدا، یاخۆ ئامانجی لەناوبردنی کۆمەڵێکی چارەنەویستراو بێ. ئەم جۆرە هاوکارینەکردنە دەکرێ ببێتە شێوەیەک لە شێوەکانی یاخیبوونی مەدەنی یاخۆ یاخیبوونی میللی. لێرەدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ پۆلبەندی کراوە لەبەرئەوە بابەتی گرینگ یاخیبوونەکە خۆی نییە، بگرە ڕەتکردنەوەی هاوکارییە لەگەڵ بەرنامەی بەسەربازکردن یان دوورخستنەوەکە.

ئەم جۆرە هاوکارینەکردنە جگە لە یاخیبوون، ژمارەیەک چالاکیی تایبەتیش لەخۆ دەگرێ. لە زۆر بۆنەدا هاوکارینەکردن لە بواری بەسەربازکردنی زۆرەملێدا بینراوە.

بۆ نموونە لە مەجەر، لەنێوان سالانی ١٨٢٠ و ١٨٢٥ جەماوەر ڕووبەڕووی ئەو بەسەربازکردنە

زۆرەملێیە بووەوە کە نەمسا بەسەر ولاتیدا سەپاند، هەروەها لە ساڵی ١٨٦١یشدا سەری هەڵدایەوە.

فینلەندییەکان لە خەباتیاندا لەپێناو سەربەخۆیی دژ بە ڕووسیای قەیسەری، بەسەربازکردنی زۆرەملێیان ڕەت کردەوە. کاتێکیش سیستمی بەسەربازکردن لە ساڵی ١٩٠١ بە مەرسوومێکی ئیمپراتۆری بەسەر فینلەندادا سەپێنرا، "کاهینەکان بڵاوکردنەوەی یاساکە لە گوندەکان و دادوەر و پارێزەرەکان کارپێکردنی و سەربازەکان جێبەجێکردنیان ڕەت کردەوە".

بۆ ئەوەی بەسەربازکردن زیاتر مایەی قبوولکردن بێ، قەیسەر مەرسوومێکی دەرکرد و ئاشکرای کرد یەک لەسەدی ئەوانەی لە هەر کاروانێکدا دەکرێنە سەرباز، بە تیروپشک هەڵدەبژێردرێن و لە سوپادا خزمەت دەکەن.

ئینوا جوتیکلا لەم بارەوە دەنووسێ: لەکاتی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٠٢دا لانی کەم سێ لەسەر پێنجی ئەو لاوانەی گەیشتبوونە تەمەنی بەسەربازکردن، هەروەها ٨٠٪ی قوتابییانی زانکۆیش خزمەتکردنی ئالایان ڕەت کردەوە. وێڕای ئەوەی بەرگریکردن لە دوو هەڵمەتەکەی داهاتوودا کەمتر سەرکەوتوو بوو، بەڵام هێندە بەهێز بوو ڕووسیای ناچار کرد دەست لە هەڵمەتەکە هەڵگرن و فینلەندییەکان لە خزمەتی سەربازی بێبەری بکرێن و لەبری ئەوە فینلەندا ناچار کرا باجێکی ساڵانەی کەم بداتە ئیمپراتۆریەت. سەربازانی فینلەندی بەشێوەیەکی بەردەوام لە شەڕی ڕووس و ژاپۆنیدا خۆیان بزر دەکرد، هەروەها لە خزمەتکردنی قەیسەر لەکاتی شۆڕشی ١٩٠٥.

هەروەها نیوزیلەندا ساڵی ١٩١٣ شەپۆلێکی فرەوانی ڕەتکردنەوەی بەسەربازکردن و مەشقی سەربازیی بەخۆوە بینی. زۆر کەس سزای بەندکردنیان لە سەربازگەکانی گرتندا بەسەردا سەپێنرا. ساڵی ١٩٣٠ نێزیکەی پەنجا هەزار لاو کە تەمەنیان لەنێوان چواردە ساڵ و هەژدە ساڵدا بوو مەشقی سەربازییان ڕەت کردەوە.

ئەم ڕێگەی هاوکارینەکردنە، دژ بە هەڵمەتەکانی بەسەربازکردن و دوورخستنەوە و کاری بەزۆر و جینۆساید بەکار هاتووە. ژمارەیەک جوولەکە، کە پێدەچێ ژمارەیان کەم بووبێ، ڕەتیان کردەوە لەژێر سایەی حوکمی نازیەکاندا خزمەتی ئالا بکەن. ساڵی ١٩٣٩ لە کۆی ٢٠٠ هەزار جوولەکە لە بەلجیکا، تەنیا نێزیکەی ٤٢ هەزاریان لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٠دا لای پۆلیس ناوی خۆیان تۆمار کردبوو. هەروەها لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ تەنیا ١٢٠٠ جوولەکە لە تۆماری ئەنجوومەنی جوولەکە لە ئەتینا تۆمار کران، جوولەکەکانی گیتۆی شاری لۆدج لە پۆڵۆنیا، بۆ دەبڕینی هاوکارینەکردنیان لەگەڵ فەرمانەکانی ئەڵمانیا بۆ چۆڵکردن، ڕازی نەبوون بەشە خۆراکی خۆیان لە وێستگەی ناوەخۆیی هێڵی ئاسن یان لە گرتووخانەی ناوەندی وەربگرن.

کاتێ لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٤ فەرمان بۆ هەموو ئەو جوولەکانەی لە براتیسلاڤا لە چیکۆسلۆڤاکیا لە ژیاندا مابوون دەرچوو، کە لە هۆڵی شار ئامادە بن تا بگوازرێنەوە بۆ

سەربازگەی سیریر، تەنیا پەنجایان فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد و لانی کەم شەش هەزار کەس لە حەشارگەکانیاندا خۆیانیان پەنا دا.

ئەم ڕێگەیە لەلایەن خەڵکانی ناجوولەکەیشەوە دژ بە نازیەکان بەکار هاتووە. لە هۆڵەندا تەنیا چەند هەزار لە سەربازانی پێشوو ملکەچی فەرمانەکانی دوورخستنەوە و گرتن لە ئەڵمانیا بوون، هەروەها نێزیکەی سەدی حەفتای قوتابییان بە کارکردن لە ئەڵمانیا قایل نەبوون. وا دیارە ئەڵمانەکانیش هەوڵێکی ئەوتۆیان بۆ دەستگیرکردنی ئەو قوتابییانە نەداوە.

٨- خۆحەشاردان و هەڵاتن و ساختەکردنی ناسنامە

خۆحەشاردان و هەڵاتن و ساختەکردنی ناسنامە بەشێک نییە لە چالاکیی ناتوندوتیژانەی ئاسایی، ئەوانە کۆمەڵە ئامرازێکن لە خۆیاندا نارەزایی یاخۆ بەرگری نین و بەگشتی ڕەنگدانەوەی ترسێکن، پرۆسە کردەییەکەی تەکنیکە کارپێکراوەکە پەک دەخا. بەهەر حاڵ، هەندێ بارودۆخ هەیە دەکرێ تێیدا ببنە ڕێگەیەک بۆ چالاکیی ناتوندوتیژانە، کە بە تێکڕا بارودۆخێکی سیاسییە تێیدا ڕیژیمی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدا لەبەر هۆکاری ئایدیۆلۆجی، یاخۆ وەک بەشێک لە هەڵمەتێکی سەرکوتینی بەرفرەوان، کۆمەڵە خەڵکێک بگرێ، یان بەند بکا و لەوانەیشە لەناو ببا. هەروەها دەکرێ لەسەر کۆمەڵە کەسێک جێبەجێ بکرێ کە کراونەتە ئامانج، وەک بارمتە، ئەویش لەپێناو کاری سەرکوتکەرانە، یان کارێکی زۆرەملێیانە یان خزمەتێکی سەربازی.

بێگومان بڕیاری هەڵاتنی کۆیلەکان بەرەنگاریکردنی سیستمی کۆیلایەتی بوو. پێویستە لە هەندێ حاڵەتدا ئەندامانی بزووتنەوە بەرگریکارەکە هەوڵ بدەن خۆیان بشارنەوە.

هەڵاتن و یارمەتیدانی کۆیلە هەڵاتووەکان لە باشوور لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەکاتی شەڕی ناوەخۆدا بە کردەوە ڕێگەی بەرەنگاریکردنی سیستمی کۆیلایەتی بوو.

کارلتۆن موبی لەم بوارەدا دەڵێ لە دەیەی پێش لە شەڕی ناوەخۆ، زیاتر لە ١٠٠ هەزار کۆیلە توانییان سەرکەوتووانە هەڵبێن. وێڕای یاسای فیدراڵی لەبارەی هەڵاتنی کۆیلەکان کە بەپێی یاساکە دەبێ ئەو هەڵاتووانە بگەڕێنرێنەوە، کەچی ساڵی ١٨٥٠ ژمارەیەکی بێ وێنە کۆیلە توانییان هەڵبێن.

ئەم ڕێگەیە لەکاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا بۆ دەربڕینی هاوکارینەکردنی سیاسی بەشێوەیەکی بەرفرەوان بەکار هات. بە گوتەی دکتۆر ل.دوجونگ لە هۆڵەندا ئەم ڕێگەیە تەنیا لەلایەن گرووپە بەرهەڵستکارەکانەوە بەکار نەدەهات کە پێویستیان بە ساختەکردنی بەڵگەنامەکانیان هەبوو، بگرە لەلایەن چەندان توێژی فرەوانی دانیشتووانیشەوە بەکار دەهات کە ئەڵمانەکان لەبەر هەر هۆیەک بێ ڕاوەدوویان دەنان. نێزیکەی ٢٥ هەزار جوولەکەی هۆڵەندایی خۆیان لە پەناگە نهێنیەکاندا شاردەوە. ئەو نهێنیبوونە پاشتر توێژێکی فرەوانی دانیشتووانی

گرتەوە، وەک ئەوانەی ئەگەری ئەوە هەبوو بۆ ئەڵمانیا دوور بخرێنەوە، هەروەها ئەندامانی پێشووی هێزە چەکدارە هۆڵەندایییەکان و ئەو قوتابییانەی ڕازی نەبووبوون لابەندیی خۆیان بۆ ڕێژیمی نوێ ڕابگەیەنن، هەروەها ئەو کرێکارانەی ناچار کرابوون پاڵپشتیی بەرهەمی ئەڵمانی بکەن. ژمارەی کەسە قاچاخ یاخۆ "نهێنییەکان" لە هاوینی ١٩٤٤دا گەیشە زیاتر لە سێسەد هەزار کەس کە پێویستیان بە دابینکردنی حەشارگە و بەڵگەنامەی ساختە و کۆبۆنی خۆراک هەبوو.

هەندێ لە هۆڵەندابیەکان بۆ خۆلادان لە پلانەکانی نازیەکان پەنایان بۆ هەڵاتن دەبرد، نەخاسمە ئەو قوتابییانەی، جیاواز لەو گرووپانەی لە بەشی پێشوو باس کران، ناویان بۆ کارکردن لە ئەڵمانیا تۆمار کرابوو و هەلومەرجی ژیانیان لە سەربازگەکانی بەندکردندا زۆر خراپ بوو، تەنانەت بەو هۆیەوە هەندێکیان گیانیان لەدەست دەدا. ڕێگەیەکی هەڵاتنیان بۆ گەڕانەوەیان لە ئەڵمانیاوە بۆ وڵاتەکەیان بۆ مسۆگەر کرا. پێش لە کۆتایی شەڕ، زۆربەیان هەڵاتبوون و گەڕابوونەوە بۆ هۆڵەندا.

ئەم ڕێگەیە مۆرکێکی هاوبەشی هەبوو کە جوولەکەکانی وڵاتانی تری ئەوروپا بەکاریان هێنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێوشوێنەکانی نازییەت. کاتێ هێزەکانی ئەڵمانیا لە ئایاری ١٩٤٠دا پەلاماری بەلجیکایان دا سێیەکی جوولەکەکانی بەلجیکا کۆچیان کرد بۆ فرەنسا. لە کۆی ٥٢ هەزار جوولەکە لە کۆتاکانی ١٩٤٠، ئەڵمانەکان تەنیا توانییان ٢٥ هەزاریان دوور بخەنەوە. ڕەنگە لە گرینگترین کۆسپەکانی بەردەم ئەڵمانەکان، وەکا بارجنی نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ئەیلوولی ١٩٤٢ باسی کردووە، بریتی بووبێ لە فرەوانیی ڕادەی هەڵاتن، لەنێویاندا هەڵاتنی جوولەکەکان کە خۆیان لەناو ماڵباتە بەلجیکیەکاندا حەشار دەدا، بەکارهێنانی ناسنامەی بەلجیکی و هەروەها گەشتە ئاسمانییەکان بۆ ناوچە ئازادکراو و داگیرکراوەکانی فرەنسا.

لە کۆی هەشت هەزار جوولەکە کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ لە ئەتینا بوون، لەکاتی دەرچوونی بڕیاری تۆمارکردنیان لە ١٨ی کانوونی یەکەم، ٦٨٠٠ کەسیان خۆیان شاردبووەوە و پاشتر تەنیا چەند سەد کەسێکیان ئاشکرا بوون.

ئەرکی سەرەکیی لاوانی باوم گروبی بەرگریکاری جوولەکە بۆ چەند مانگێکی هەردوو ساڵی ١٩٤١ و ١٩٤٢ بریتی بوو لە پارە کۆکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی ئاری و پاسپۆرت کە زۆربەیان ساختە بوون، کە دەرفەتی بۆ جوولەکەکان ڕەخساند هەڵبێن، یاخۆ لە دەورەبەری بەرلین بژین.

ژمارەی ئەو جوولەکانەی تەنیا لە وارسۆ هەڵگری ناسنامەی ساختەی ئاری بوون بە بیست و پێنج هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. یوری سیل باس لەوە دەکا کە چۆن چۆنی سەمحا بولیکافیچ کە لە سەربازگەی قەلاچۆکردنی تریبلنکا هەڵاتبوو، بە ناسنامەی ساختە بەناوی ستانسیلاف فرۆیل ڕزگار کرا، کە پیاوێکی پۆڵەندیی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی بوو و چەند هاوڕێیەکی پۆڵەندی بۆیان

پەیدا کرد. هەروەها ژمارەی ئەو جوولەکانەی لەو ساڵانەدا لە سلۆڤاکیا خۆیان حەشار دابوو یان ناسنامەی ساختەیان پێ بوو بە چەند سەد کەسێک مەزەندە دەکرێ.

لە کەنەدا، فرەنسایییەکانی وڵات لەکاتی شەڕی جیهانیی یەکەمدا بەرەنگاریی خزمەتکردنی سەربازییان کرد، ئەویش بە ناردنی کوڕەکانیان بۆ حەشارگەکان و ڕەتیان دەکردەوە ئەو حەشارگانە ئاشکرا بکەن. ئێستەشی لەگەڵدا بێ چارەنووسی چل لەسەدی ئەوانەی ناویان لە لیستەکاندا تۆمار کرابوو دەرنەکەوت، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکیان هەر تۆمار نەکرابوون.

٩- یاخیبوونی مەدەنی لە یاسا ناشەرعییەکان

یاخیبوونی مەدەنی بە پێشێلکردنێکی بەئەنقەست و کراوە و ئاشتییانەی یاسا تایبەتەکان و ڕێوڕەسمەکان و ڕێنوێنییەکان و یاداشتەکان و فەرمانە سەربازی و پۆلیسییەکان و هاوشێوەکانیان دادەنرێ، کە بەهۆیەک لە هۆکان بە ناشەرعی دانراوە. یەکێک لە پەرگیرانەترین شێوەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی و یاخیبوونی مەدەنی بریتییە لە گوزارشتکردن لەو بنەوایەی کە خەڵک پێی وایە بەرپرسیاریەتیی مەعنەوییان لەسەر شانە بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو یاسایانەی مرۆڤ دایناون و پێشیان وایە بەو کارەیان یاساکانی خواوەندەکان جێبەجێ دەکەن.

ئەندامانی گردبوونەوە ئاینی و سیاسییەکان، لانی کەم لە سەردەمی سوقراتەوە، ئەزموونی کێشەی لابەندییان بەخۆوە بینیوە و دەبوو لەنێوان ملکەچکردن بۆ ئەو یاسایانەی حکوومەتەکان دایاننناوە کە بە بەزاندنی باوەڕەکانیان دادەنرا و بەرهەڵستیکردنی ئەو یاسایانە و مانەوە بە دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕەکانیان، یەکێکیان هەڵبژێرن.

هەروەها یاخیبوونی مەدەنی بە پێشێلکردنێکی بەئەنقەست و کراوە و ئاشتییانەی ئەو یاسایانە دادەنرێ لەو کاتەی بڕوا وا بێ یەکێک لە یاساکان ناشەرعییە لەبەرئەوەی ئەو دەستەی یاخۆ کەسەی دایناوە دەسەڵاتی دانانی ئەو جۆرە یاسایەی نییە. لەشوباتی ١٧٧٦ ئیدمۆن بندلتۆن، کە لە بەناوبانگترین مافناسەکانی ویلایەتی ڤێرجینیایە و هەروەها دادوەر و ئەندامی ئەنجوومەنی گشتییە، لە نامەیەکدا بۆ جایمس مادیسۆنی کوڕی بۆچوونی خۆی لەبارەی ئەو مشتومڕەی ئاخۆ بە یاخیبوون یان یاخینەبوون مامەڵە لەگەڵ یاسای پوولەکان بکرێ لەئارادا بوو نووسیی: دادگەکان دەتوانن چالاکییەکانیان ڕابگرن و بەوەیش وەرگرتنی ڕەسمیی پوول لەسەر هەندێ بەڵگەنامە ڕابگرن، یان دەتوانن بەشێوەیەکی سروشتی کار بکەن بەڵام یاساکە پێشێل بکەن و ڕەسمی ناوبراو وەرنەگرن.

بۆچوونەکەی بندلتۆن لەسەر ئەوە دامەزراوە کە ئەو "سوێندی خواردووە حاڵەتە یاسایییەکان دیاری بکا، لەو ڕووەیشەوە پێی وایە پەرلەمان دەسەڵاتی سەپاندنی یاسای پوولەکانی نییە، بۆیە ناکرێ وەک یاسا سەیری ئەو شتە بکرێ. لێرەشەوە ئەگەر بەو شێوەیە ڕەفتار نەکا هەست دەکا سوێندەکەی شکاندووە".

تیۆریی یاخیبوونی مەدەنی لە سەردەمە نوێکاندا نوێ کراوەتەوە بەشێوەیەک جەماوەری زیاتر ببێ، ئەویش لەڕێی کارەکانی هنری داڤید پورو لە توێژینەوە بەناوبانگەکەیدا لەو بارەوە. بەڵام گاندی گەورەترین بەشداریی کرد لە پەرەپێدانی یاخیبوونی مەدەنی و کردنی بە ئامرازێک بۆ دەربڕینی چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر ئاستی جەماوەری. گاندی دەنووسێ: بۆ ئەوەی یاخیبوون مەدەنی بێ پێویستە کراوە و ناتوندوتیژانە بێ.

گاندی وەک سازانێک لەنێوان شارستانێتی و یاخیبوون سەیری یاخیبوونی مەدەنیی دەکرد و پێویستە لە ڕەفتارێکی مەدەنیی ناتوندوتیژانەدا دەربکەوێ. پەنابردن بۆ یاخیبوونی مەدەنی پاش شکستهێنانی هەوڵەکانی تر بۆ گۆڕینی حاڵەتێکی نەویستراو دێ، یان کاتێ وا دیار بێ کە هیچ بەدیلێکی نییە، یاخۆ لەو حاڵەتانەی مرۆڤ یان گرووپەکە ڕووبەڕووی دۆخێکی چارەنوسساز ببێتەوە و تێیدا سەرکردایەتی درۆ بکا.

پاساودانی نوێ بۆ ئەم یاخیبوونە مەدەنییە، بەزۆری پشت بەو قەناعەتە دەبەستێ کە گوێڕایەڵیکردن دەبێتە هاوواتای کارێکی نادروست یان نائەخلاقی، یاخۆ هەر گوێڕایەڵییەکە خۆی وەک کارێکی ناشەرعی دێتە بەرچاو.

ئەم تێڕوانینە وێنەیەکی زەقی لە حاڵەتەکەی پاڤیڵ هۆستدا بەرجەستە بووە لە هۆڵەندا لە ساڵی ١٩٥٤, کاتێ ناوبراو لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی هونەر و ڕۆشنبیریدا لە ئەرکەکەی دوور خرایەوە، کە هاوکات سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنەکە جیرزی بورقانیش لە پۆستەکەی دەرکرا، لەبەرئەوەی بەناوی حزبی شیوعییەوە کاری بۆ سەپاندنی چاودێرییەکی توند بەسەر ئەنجوومەنەکەدا کردبوو، گوتی "ئەگەر بورقان داوام لێ بکا لە پەنجەرەوە خۆم فڕێ بدەم و منیش وام کرد، ئەوە هەردووکمان گوناهبار دەبین، ئەو لەبەرئەوەی فەرمانەکەی دەرکردووە و منیش لەبەرئەوەی جێبەجێم کردووە". ئەم ڕستەیە پاشتر بە بەرفروانی لە پۆڵەندادا دەگوترایەوە.

دەکرێ یاخیبوونی مەدەنی لەلایەن تاک و گرووپەکان و جەماوەر و داوودەزگە ڕێکخەرەکان و تەنانەت حکوومییەکانیش وەک جۆرێک لە هاوکارینەکردنی سیاسی دژ بە ڕێژیمە "ناشەرعیەکان" ئەنجام بدرێ. تاکەکان هەندێ جار بە ڕاڕایی پەنا بۆ یاخیبوون دەبەن، لەبەرئەوەی بەجدی نایانەوێ ئەو هاوسەنگییەی هەیە بیشکێنن و هەروەها بۆ ئەوەی بەئەمەک بمێننەوە بۆ قووڵترین بیروباوەڕەکانیان کە ئەویش "یاخیبوونی مەدەنیی پوختە"یە.

لەوانەیە ئامانجی یاخیبوونی مەدەنی گۆڕینی یەکێک لە ڕواڵەتەکانی سیاسەتی ڕێژیمێک، یان یاسایەکی دیاریکراو یان ڕێکخستنێکی تایبەت بێ کە بە ناشەرعی و نادادپەروەر دادەنرێ: ئەمە یاخیبوونی مەدەنیی چاکسازییانەیە. هەروەها دەکرێ لە حاڵەتەکانی پشێویی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مەزندا پەنای بۆ ببرێ، لەو بارەدا یاخیبوونی مەدەنی دەبێتە یەکێک لەو هۆکارانەی ڕێژیمێکی ستەمکار و سەرکوتکەر لە بن دێنن یان فەلەجی دەکەن بەمەبەستی گۆڕینی بە

ڕیژیمێکی نوێ: ئەمە یاخیبوونی مەدەنیی شۆڕشگێڕانەیە. هەروەها دەشکرێ پەنا بۆ یاخیبوونی مەدەنی ببرێ بۆ بەرەنگاریکردنی ڕیژیمێکی نوێی ناشەرعی، ناوەخۆیی بێ یاخۆ بیانی، ئەوەیش وەک بەرگریکردن لە ڕیژیم یان یاسا شەرعییەکە (یاخیبوونی مەدەنیی بەرگریکارانە). لەوانەشە ئەم شێوانەی یاخیبوونی مەدەنیی تێهەڵکێش بن.

گاندی وەک ئامرازێکی کاریگەر کە یارمەتیی تێکوپێکدانی یاسا زۆردارانەکان دەکا سەیری یاخیبوونی مەدەنیی دەکرد، وەک ئەوەی هەستی کردبێ کە دەتوانرێ بۆ ئامانجی دوورتر لەوەیش بەکار بێ. گاندی دەڵێ: یاخیبوونی مەدەنیی تەواو شۆڕشێکی خاڵیە لە ڕەگەزی توندوتیژی.

بۆچوونی وا بوو یاخیبوونی مەدەنی لەوانەیە:

– چاکسازیکردنی هەڵەیەکی ناوەخۆیی بێ.

– دەروشانەوەی قوربانیدانێکی خودی بێ کە ئامانجی بزواندنی هۆشیاریی میللی و ویژدانەکانە لەبارەی هەڵەیەکی دیاریکراو.

– پێداگری بێ لەسەر دەرچەیەکی تایبەت کە بە بەشدارییەک دادەنرێ لە خەباتێکی سیاسیی فرەوانتردا.

گاندی پێی وا بوو یاخیبوونی مەدەنی مەترسییە لەسەر دەوڵەتە ئۆتۆکراتەکان، بەڵام زیانی نییە بۆ دیموکراسیەتێک کە سوور بێ لەسەر ڕێزگرتنی ڕای گشتی و بە مافێکی سروشتیی هاووڵاتیی دادەنا و جەختی لەوە دەکرد هەر دەستدرێژییەک بەمەبەستی لەناوبردنی، دەستدرێژییە بەمەبەستی بەندکردنی ویژدان.

نموونە لەسەر یاخیبوونی مەدەنی زۆر و زەوەندن. لەوانە بۆ نموونە نەریتی بڵاوکردنەوەی کۆنووسی گفتوگۆکانی پەرلەمانی بەریتانی کە پاش زنجیرەیەک یاخیبوونی مەدەنی پەسند کرا. ئەوە بوو ئەنجوومەنی لۆردان ساڵی ١٦٦٠ و ئەنجوومەنی گشتی (عموم)یش ساڵی ١٦٦١ بە بڕیارێک بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بە گفتوگۆکانی ناو ئەنجوومەنیان قەدەخە کرد. ئەنجوومەنی گشتی ساڵی ١٧٢٣ و جارێکی تریش لە ساڵی ١٧٦٠ جەختی لەو قەدەخەیە کردەوە:

بەڵام ئەمە، وەک جیبسۆن باسی دەکا، ڕێی لە جۆن ئالمون نەگرت کە ساڵی ١٧٦٨ دەست بکا بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تێر و تەسەل لەبارەی وردەکاریی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان. دوای ئەو چەند ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و هەفتانەیش هەمان کاریان کرد. هەشت ڕۆژنامە بەهۆی ئەوەوە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٧٧١ لەلایەن ئەنجوومەنی گشتییەوە دووچاری ڕاوەدونان بوون. کێشەکە گەیشتە لوتکەی توندیی خۆی کاتی هەردوو بڵاوکەرەوە جۆن ویبی لە ڕۆژنامەی میدیلسکس و ڕۆجەر تۆمبسۆن لە ڕۆژنامەی گازیاتر، بە ئاشکرا گژبەریی فەرمانەکانی پەرلەمانیان کرد و بەو هۆیەوە دەستگیر کران.

کاتێ ئەو دوو پیاوە لەبەردەم دوو دادوەری نەرمدا، کە یەکێکیان جۆن ویلکس بوو ڕاگیران،

دادگە چاوپۆشیی لەو دوو کێشـەیە کرد، بەڵام ئەنجـوومـەنی گـشـتی سـزای دوو دادوەری دا کە ئەندامی ئەنجوومەن بوون، بە بەندکردنیان لە تاوەری لەندەن:

ئەم کارە جەمـاوەری تووڕە کرد بەشـێوەیەک خۆپـیشـاندانە جەمـاوەرییـەکان دژ بە لۆرد تورپ گۆڕان بۆ خۆپیشـاندان دژی پاشایش. بەرەنجـامی کێشـەکەیش دەرچوونی دوو بڵاوکەرەوەکە بوو بەبێ سزا و ڕۆژنامـەکان لە بڵاوکردنەوەی وتووێژەکانی پـەرلەمـان بەردەوام بوون، بە ڕەسـمی ئەو مەرسوومـانە هەڵنەوەشێنرانەوە کە بڵاوکردنەوەی گەنگەشەکانیان قەدەخـە کردبوو، بەڵام پەرلەمان لە سـاڵی ١٧٧١ هەمـوارکـردنێکی دەسـتووری پەسـند کـرد، تێـیدا بڕیـار دراوە سـزاکـان بەتوندی لەسەر بڵاوکەرەوەکان پیادە نەکرێن، ئەویش وەک ڕێزگرتنێک لە هەستی ڕای گشتی.

ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی ڕەسـمی پوول لەلایەن بازرگانانی کۆڵۆنییـە ئەمـەریکییـەکانەوە بە یاخیبوونی مەدەنی دانەدەنرا، ئەگەر تەنیا لەڕێی ڕاگرتنی ئەو چالاکییە جیاوازنەی پێویستیان بەو پوولە هەیە، هـاوکارینەکردنیـان جێبـەجێ بکردایە، بەڵام کـاتێ درێژەیان بە کـارەکـانیـان دا بەبێ بەکارهێنانی پوول لەسەر پەڕە و بەڵگەنامەکانیان، ئەو گژبەریکردنەیان بوو بە یاخیبوونی مەدەنی.

داوودەزگـە حکوومیـەکانیش دەتوانن پەنا بۆ یـاخیـبـوونی مـەدەنی ببـەن، ئـەوە بوو لە ٢٠ی ئابی ١٧٧٤ وەک گژبەرییەک بۆ فـەرمانەکانی حاکمی ویلایەتەکە، کۆبوونەوەیەکی ڕەسمـیی شاری سالم لە ویلایەتی کەنداوی ماسـاشـوسیـتس بەسترا، ئەنجـوومەنی نوێنەرانی کەنداوی مـاسـاشـوسیـتس وەک یەکەم کۆنگرەی کیشـوەری گرێ درا، حاکمی ویلایەتەکە ڕازگرەکەی خـۆی ڕەوانە کرد تا هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنەکە ڕابگەیەنێ. بەڵام ئەندامانی کۆبوونەوەکە دەرگەکانیان نەکردەوە تا کـۆبوونـەوەکـەیان تەواو کـرد، ئـەوەیش نێـردراوەکـەی حاکـمی ناچار کـرد ڕاگـەیـاندنێک لـەپشت دەرگەکانەوە بخوێنێتەوە.

هـەروەها ڕاگـەیاندنی قـەدەخـەکردنی کۆبوونـەوە "ناشـەرعی"یەکـان لە شـار و نـاوچەکان لەلایەن حاکمی ویلایەتی کارۆلینا مارتنز، بەتایبەت ئەو کۆبوونەوەیەی بڕیار بوو بۆ تەواوی هـەرێمەکە ساز بکرێ، هـەمـان کـاریگـەریی فـەرمانەکانی قـەدەخـەکردنی گـەلی هـەبوو لە مـافی ڕێکخسـتن و چالاکی وەک لە هـەرێمەکانی تر هـەبوو. ئەوە بوو لە ٢٥ی ئاب ئەنجـوومـەنی هـەرێمەکە لە شـاری نیـوبێرن بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ٣٢ هـەرێم لە کۆی ٣٨ هـەرێم و نوێنەرانی دوو شـار لە کۆی شـەش شـار کۆ بووەوە و حاکم و ئەنجوومەنەکەی ڕووبەڕووی بێئومێدییەکی گەورە بوونەوە.

سـاڵی ١٨٧٥ جووتیـارە هەژارەکان لە گوندەکانی هـەرێمی شیـفرین لەنێزیک کـیێڤ، لە ڕۆژانی ڕووسـیـای قـەیسـەری، پاش هـەڵوەشـاندنـەوەی سـیـسـتـمی کۆیلایەتی (قنانـە) جـۆرە یاخـیـبـوونێکی مـەدەنییـان ئەنجـام دا و داوای سـەرلەنوێ دابەشـکردنەوی زەوییـەکانیـان دەرکـرد بە دادپەروەرانە لەبەرامـبەر هـەڵمـەتی جووتیـارە دەوڵەمەندەکان بۆ بەیاسایـیکردنی موڵکدارێتییان بۆ پارچە زەویی فـرەوانتـر کـە بەدەر لە واتـەکانی ڕێککەوتن دەسـتـیـان کـەوتبوو. جـووتیـارەکـان ڕازی نەبوون بە تونـدوتیـژی دەست بەسـەر زەوییـەکـاندا بگرن و دڵنیـا بوون لـەوەی بەپێی ویسـتی قـەیسـەر

هەڵسوکەوت دەکەن، تەنانەت گتیان کرد لە ئیمزاکردنی کارتەکانی تاپۆکردن و هەندێکیان، وێڕای سەرکوتکردنی توند و دارکاری و بەندکردن، ئامادە نەبوون ڕەسمەکان بدەن. لە کۆتاییدا تەنانەت پارچە زەوییەکانی خۆیشیان لەدەست دا.

لە زستانی ١٩١٤–١٩١٥ هەشتا و سێ ئەندامی یەکەتیی ناودەوڵەتیی کرێکارانی پیشەسازی لە شاری سیو لە ویلایەتی ئەبوا بەند کران بەتۆمەتی پێشێلکردنی یاساکانی شار لەبارەی بەستنی کۆبوونەوە گشتیەکان. چەندانیان بەتایبەت لە ناوچەی ترەوە هاتبوون بۆ شارەکە بەمەبەستی شکاندنی بڕیاری قەدەخەکردنەکە.

لەکاتی مانگرتنە بەناوبانگەکەی پیشەسازیی ئۆتۆمبێل لە تۆلیرۆ–ئۆهایۆ ساڵی ١٩٣٠، مانگرەکان خۆیان لە فەرمانەکان نەبان کرد و بەهێمنی و خۆویستانە خۆیان بەدەست گرتنەوە دا، بەشێوەیەک هەموو ئۆتۆمبێل و گرتووخانەکانی پۆلیسیان پڕ کرد.

یاخیبوونی مەدەنی لەکاتی هەڵمەتەکەی هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١ لە هندستان بە چەندان ڕێگە بەڕێوە چوو، لەوانە بەرهەمهێنان و فرۆتنی خوێ بە ئاشکرا کە ئەوە شکاندنی یاسا بوو، لەوانە فرۆشتن و خوێندنەوەی ئەدەبیاتە قەدەخەکان بەئاشکرا، لەوانە گژبەریکردنی قەدەخەکان لە خۆپیشاندان و ئاهەنگە جەماوەریەکاندا، لەوانە بەرهەڵستیکردنی یاساکان و فەرمانەکانی پۆلیس، لەوانە دواجار پێشێلکردنی چەند یاسایەکی دیاریکراو.

هەروەها لەکاتی هەڵمەتی "گژبەری" لە ساڵی ١٩٥٢ لە باشووری ئەفریقیا، کە تێیدا زیاتر لە حەوت هەزار کەس بەتۆمەتی یاخیبوونی مەدەنی گیران، پرسە بەئامانج گیراوەکە یاسای هاتوچۆ و ڕێکخستنە ڕەگەزپەرستانەکان بوو نەخاسمە لە هێڵی ئاسن. حزبی کۆنگرەی گشتیی باشووری ئەفریقیا لە ئاداری ١٩٦٠ داوای لە هەموو ئەفریقیاییەکان کرد مۆڵەتی هاتوچۆکان لە ماڵەوە بەجێ بێڵن و خۆیان بەدەست نێزیکترین بنکەی پۆلیسەوە بدەن، بەتەواوی پارێزگاری لە ناتوندوتیژی بکەن و هەمان شتیش لەکاتی بەردانیان دووبارە بکەنەوە.

ساڵی ١٩٦٥ هندییە ئەمەریکاییەکان کە ژیانی زۆریان بەند بوو بە ڕاوەماسییەوە کە تاکە سەرچاوەی بژێوییان بوو، یاخیبوونێکی مەدەنییان ئەنجام دا دژی ئەو ڕێوشوێنە تەنگاوکەرانەی فەرمانگەی چاککردنەوە لە ویلایەتی واشنتۆن گرتنیە بەر. هەر بۆیە چەند هەڵمەتێکی ڕاوکردنیان بۆ بەرگریکردن لە مافی خۆیان لە ڕاوکردن لەو ناوچانەی بە میرات لە باوباپیرانیان بۆیان مابوویەوە ئەنجام دا. ئەو مافانە دیایکراو نەبوون و لە پەیماننامەی مدیسین کریک کە ساڵی ١٨٥٤ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان ئیمزا کرا و لە پەیماننامەکانی دواتریشدا، فەرامۆش کران.

ئامانج لەو چالاکییە ڕاستەوخۆیەی ژمارەیەک لاوی ڕۆشنبیری هندی ڕێکیان خستبوو بەرهەڵستیکردنی ئەو وێنەیە بوو کە لەبارەی هندییە ئەمەریکاییەکان لە زەینی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا چەسپیبوو و هندییەکان خۆیان دەقیان پێوە گرتووە، میل تۆم کە یەکێک لە

سەرکردەکانیانە دەڵێ "بڕیارمان دا کارێکی ڕاستەوخۆ بکەین، بڕیارمان دا بۆ ئەو وڵاتە و بۆ خۆیشمانی دەربخەین کە هندیەکان بوونەتە کەسانی ئازا". لە ڕۆژێکی سەرماوسۆڵەی مانگی ئاداری ١٩٦٥ هندیەکان بە بەلەم و تۆڕە قەدەغەکانیانەوە و بەبێ مۆڵەت، چوون بۆ ڕاوکردن لە ڕووباری کیایوت. سەدانیان لە قەراغی ڕووبارەکەدا پاسەوانییان کرد. پاسەوانانی ڕووبار و پیاوانی پۆلیسیش چەک و یاداشتی ڕاگرتنیان بەدەستەوە بوو. ستان ستاینەر دەڵێ:

هۆزەکە بچووک بوو و ئەم ڕاپەڕینەیش هیچی لێ بەرهەم نەدەهات، بەڵام ڕاوکردن لە دەرەوەی داگیرگەکە و بەبێ مۆڵەت، یاخیبوونێکی مەدەنی بوو لە یاساکانی پاسەوانی. پاسەوانەکانیش لە سپی پێستەکان بوون ئەو خۆپیشاندانانەی ڕاوکردن بە درێژایی ساڵی ١٩٦٦ بەردەوام بوون.

پێش ئەوەی ئەو خۆپیشاندانانە کۆتایان بێ، هندییە سوورەکان لە سەدانەوە بوون بە هەزاران و خۆپیشاندانەکانی ڕاوکردن لە شەش ڕووبار ئەنجام دران. دەیان کەس گیران و سەمای شەڕ لە پلیکانەکانی گومەزی کاپیتۆل ڕووی دا، هەروەها فیستیڤاڵێکی ناڕەزاییی هندی لە تەلاری حکوومیی کاپیتۆل ساز کرا کە هەزاران کەس بەشدارییان تێدا کرد. خۆپیشاندانی بەکۆمەڵ لە شەقامەکانی شارەکان و هەروەها خۆپیشاندانی بەلەمەکان بە درێژاییی شەست میل لەڕێی باجیت ساوندەوە ئەنجام درا، زیاتر لە هەزار هندی لە شەست و پێنج هۆز کە لە سەرتاسەری وڵاتەوە بۆ چوونە ڕیزی براکانیان هاتبوون، کۆ بوونەوە. ژمارەیەک کەسایەتیی ناهندیش چوونە ڕیزیان وەک مارلون براندۆی ئەکتەر و دیک گریگۆریی کۆمیدی و کاهین ج.یاریان چاودێری کاتیدرائیەی سیانەی پیرۆز لە سان فرەنسیسکۆ.

هەڵمەتی خۆپیشاندانەکانی ڕاوکردن، بەگشتی ناتوندوتیژانە بوون ئەگەرچی هەندێ کاری توندوتیژیی بچووک لێرە و لەوێ ڕوویان دا وەک ئەوەی ئافرەتان و منداڵان بەردیان هاویشت، یان هەرزەکارێک چەند فیشەکێکی بۆ پاراستنی ڕاوچییەکانی هۆزەکەی تەقاند. میل تۆم ئەو چالاکییەی بە یەکەم چالاکیی خێڵەکیی ڕاستەوخۆ لە مێژووی نوێدا دانا.

پاش دوو ساڵ و نیو لە خۆپیشاندانەکانی ڕاوکردنی ماسی، لەسەر سکاڵای هۆزێک کە لە مافی خۆی لە ڕاوکردن بێبەش کرابوو وەک لە پەیماننامەکەدا باس کراوە، وەزارەتی دادی ئەمەریکایی دادگەیی کرا و پرسەکە ساڵی ١٩٦٨ لەبەردەم دادگەی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دۆڕا.

پاتریک هاملتۆن دەڵێ ستان ستاینەر قوتابیی کۆمەڵناسیی هندی لە زانکۆی واشنتۆن کە تووڕەییی لاوانی هندی بەرجەستە دەکرد پاش شکستی هەڵمەتەکە دەڵێ: دە ساڵی ڕابردوو بۆی دەرخستین یاخیبوونی مەدەنی چ هێزێکی هەیە. هەستن! بڕوانن بزانن گەلەکەتان چیی بۆ کردوون، ئەو کاتە بڕیار بدەن کە ئاخۆ هەڵوەشاندنەوەی چەند یاسایەکی ڕاوکردنی ماسی پاساوی ئەوە دەدا کە ڕووی دا.

# پێڕست


ئاخۆ کوردان بە مرازی خۆیان دەگەن؟ ئۆفرا بێنگیۆ. لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی ........ 3

تورکیا.. پەکەکە و چارەسەری کورد – بەشی یەکەم لە ئینگلزییەوە: هێمن هادی ........ 14

زمانی کوردی لە باشوور. حەمەفەریق حەسەن ........ 25

شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران. لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا ........ 30

لە عەمانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک لە کوردستانی باشووردا. عەلی سیدۆ گەورانی ........ 41

وەڵامی عیلمانییان بۆ دۆزینەوەی ئەمەریکا و ڕێگەی نوێی بەرەو هیندستان. د. عەباس حەمدانی ........ 67

ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا – ئەڵقەی سێیەم. باقر یاسین ........ 77

مێژوویەکی ئافرەتان – بەشی سێیەم. ئەحمەد میراودەلی ........ 112

شۆڕش یان دەوڵەت. وسام ئەلرەبیعی. لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا ........ 141

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فەیلەسووف و سۆسیۆلۆگ ئێدگار مۆرگان. فریدریک لینوار و جینیفەر شفارتز........ 146

ترسی تەنگەبەر. زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی. لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی ........ 152

ڕۆسۆ ڕێبەری بنەماکانی پەیامی مافی مرۆڤ. هاشم سالح. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........ 157

ڕاگەیەنە نوێیە جیهانییەکان و سیاسەتی پێوەندییەکان. لۆرا ئێستین و نیکیل سینا ........ 163

هەژموونی وتووێژلەسەرکراو و سنوورە سەرلەنوێ دیاریکراوەکان...– بەشی دووەم و کۆتایی ........ 173

جوبران خەلیل جوبران و پێغەمبەرەکەی– بەشی دووەم. سامی ئەلفەقێ ........ 186

ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان – بەشی سێیەم. ئەنیس مەنسوور ........ 199

"یاداشتگەلێکی پڕ لە نهێنی" خوێندنەوەیەک بۆ بیرەوەرییەکانی ستریندبێری. دانا ڕەووف ........ 212

کەریمی و و دوورگەی تەنیایی. ئا: ڕۆستەم ئاغالە ........ 223

هەموو مرۆڤەکان بران – پشکی یەکەم. موهنداس گاندی. لە عەربییەوە: ئاواز فاتح جاف ........ 241

مارتن لۆتەر کینگ بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 277

فەرهەنگی ناتوندوتیژی– پشکی یەکەم. جان–ماری موللێر. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 300

هاوکاری نەکردنی ئابووری– بەشی دووەم. جین شارپ. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 342

هاوکاری نەکردنی ئابووری و سیاسی–بەشی دووەم. جین شارپ. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی ........ 369